# چیرۆکی شاری قەدەغە کراو

## توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت
## بە ناهاوسانان (هاوڕەگەز خوازان) لە وڵاتی ئێران


# کامیل ئەحمەدی
و
هاوکاران



ئاڤای بووف

2021زایینی / 2721 کوردی



© AVAYE BUF

AVAYeBUF .com avaye.buf@gmail.com

| | |
|---|---|
| **Forbidden Tale A** comprehensive study on lesbian, gay, bisexuals (LGB) in Iran<br>By: kameel Ahmady<br><br>**Publication Technician:** Ghasem Gharehdaghi<br>**Publisher:** Avaye Buf | **چیرۆکی شاری قەدەغە کراو**<br>توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە ناهاوسانان (هاورەگەز خوازان) لە وڵاتی ئێران<br>**سەرپەرشت و ڕێکخەر: کامیل ئەحمەدی**<br><br>**کاروباری تەکنیکی و بڵاوکردنەوە:** قاسم قەرەداغی |

ISBN: 978-87-93926-92-9
Avaye Buf
avaye.buf@gmail.com - www.avayebuf.com

| | |
|---|---|
| سەرپەرشت و ڕێکخەر | : کامیل ئەحمەدی |
| ناوی [کتێب] | : ئاسەواری چەوساندنەوە لە جیهانی منداڵی<br>توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە جۆر، هۆکار و لێکەوتەکانی کاری منداڵان<br>/ سەرپەرشت و ڕێکخەر: کامیل ئەحمەدی |
| زانیارییەکانی چاپخانە | : دانیمارک: چاپخانەی : ئاڤای بووف<br>2023 زایینی / 2723 کوردی |
| کاروباری تەکنیکی و بڵاوکردنەوە: | : قاسم قەرەداغی |
| زانیارییە ڕووالەتییەکان | :594 ل.؛ ۲۱×۵/۱۴ س.م. روقعی |
| پێرستنووسی: بە پێی زانیارییەکانی فیبا | :978-87-94295-24-6 |
| بابەت | : ئامار/ کۆمەڵناسی / زمانی کوردی |
| DK5 | :30.13 |
| ژمارەی کتێبناسیی نیشتمانی | : 978-87-94295-24-6 |

ر
پ
سەرشت و ڕێکخەر: کامیل ئەحمەدی

- چاپی یەکەم: 2021 زایینی / 2721 کوردی
- چاپی دووهە م: ۲۰۲۳
- تیراژ: ۵۰۰ دانە
- شوێنی چاپ: چاپخانەی دانیشفەڕ



هەموو مافەکانی ئەم بەرهەمە پارێزراوە. بڵاوکردنەوە بە هەر شێوەیەک بە مەرجێک کە ئاماژە بە سەرچاوە بکرێ کێشەی نییە.
بۆ هاواهەنگی کەڵکوەرگرتن لەم بەرهەمە بە هەر شێوەیەک (چاپ، بڵاوکردنەوە، و وەرگێران و هەر بەکارهێنانێکی دیکە) تکایە نامە بۆ ئەم ئیمەیلە بنێرن:
لینکی دەستپراگەیشتنی ئۆنلاینی بە بەرهەمەکان: WWW.AVAYEBUF.COM

**سەرپەرشت و ڕێکخەر:** کامیل ئەحمەدی
**تیمی مەیدانی و گرووپی شیکاری:** فەریبا ئەڵماسی، عایشە شیلان عەلییاروو حەکیمە پاشازادە، ژیلا سدیقی، سەبا وەتەنی، ڤیدا زەفەری، محەمەد (جەماڵ) حوسەینی، فەتانە سادقی، گۆلیتا حوسەینپوور
**وە رگیر:** نە سیم غوڵا می
**هەڵەچنی دەقی کوردی:** چنوور مرادی
**دووبارەخوێندنەوەی دەق:** زەینەب پزیشکیان، سارا سەحرانەوەرد، کەتایوون ئێحسانیظ
**ڕاوێژکاران و چاودێرانی توێژینەوە:** حومەیرا ناز، لۆرێن کووجە
**ڕازێنەری بەرگ:** چیا سە رسپی
**خشتە و چارتەکان:** محەمەد (جەماڵ) حوسەینی
**پەڕبەندی:** ئومید موقەددەس

## پێڕست

وشەناسی ـ وشەنامە ........................................ 15

سپاس و پێزانین ........................................ 23

قسەیەک لەگەڵ خوێنەر ........................................ 29

پوختە ........................................ 32

شێوازناسی (بەرنامەڕێژی توێژینەوە، نموونەگیری، پێکهاتە و پێوەرەکان)35

**بەشی 1 : ئەدەبیاتی هۆگری سێکسی ـ پێناسـە، ڕوونکردنـەوە و کورتـە مێژوو........................................ 40**

ناهاوسانان: وشە گشتگیرەکان ........................................ 53

ئـ. پیاوانی هاوڕەگەزخواز (گەی) و ژنانی هاوڕەگەزخواز (لزباین): .... 54

بـ. دووڕەگەزخواز ........................................ 56

جـ. ترەنسێتی لە هەمبەر هاوئاراستەڕەگەزێتی ........................................ 57

دیترڕەگەزخواز یان هۆگربوون بە ڕەگەزی بەرامبەر؟........................................ 59

هیچڕەگەزخوازی ........................................ 62

سێ شێوەی دەربڕینی دەمارگرژی ڕەگەزیی یان هاوڕەگەزخواز تۆقێنی، دووڕەگەزخواز تۆقێنی و ترەنس تۆقێنی........................................ 63

گێڕانەوەی مێژوویی ناهاوسانان و خەباتەکانیان ........................................ 70

شۆڕشەکانی ستۆن واڵ........................................ 86

میراتی ستۆن واڵ........................................ 89
ناهاوسانان لە ئەدەبیات.................................. 90
ڕۆمانەکان ..................................................... 90
ڕۆمانگەلی سەبارەت بە ناهاوسانان کە کراون بە فیلم................... 94
دوورنومای مێژوویی ......................................... 96
توێژینەوە زانستییەکان...................................... 97
مافە شارۆمەندییەکان........................................ 98
ئەدەبیاتی پەیوەست بە ناهاوسانان لە ئێران.................... 100
تیۆرییەکانی پەیوەست بە ناهاوسانی .......................... 102

**بەشی 2: ناهاوسانی ـ ڕوانگەی جیهانی و سناریۆی یاساییەکان 111**

**ڕوانینێکی گشتی بۆ ناهاوسانان و سناریۆ یاساییەکانیان لە سەر ئاستی جیهان.......... 112**

ناهاوسانان: ڕوانگەی جیهانی ................................ 112
ئافریقا ......................................................... 114
ویلایەتە یەکگرتووەکان و شوێنەکانی دیکەی جیهان............. 117
خۆرهەڵاتی ناڤین............................................... 118
نەرمی‌نوێنی زیاتر لەگەڵ هاوڕەگەزخوازان...................... 124
چ شتێک بۆتە هۆی جیاوازی لە ڕوانگە و پەسند کردن؟......... 128
هۆگری سێکسی لە دارشتەی مافەکانی مرۆڤ....................... 130
دارشتەی یاسایی ناهاوسانان................................... 142
ناهاوسانی: سیستەمە یاساییەکان ............................. 142

وڵاتی ئامریکا و ئەورووپای ڕۆژاوایی........................ 144
ئافریقا ................................................ 145
بڕیارە یاساییەکانی ناهاوسانان ................................ 150

**بەشی 3 : دەلالەتە دەروونییەکانی هۆگری سێکسی ............165**

دەلالەتە دەروونییەکانی هۆگری سێکسی لـە ژیـانی کۆمەڵایـەتی مێرمنـداڵان ................................................ 166
ناهاوسانان و بنەماڵە ................................................ 170
ناهاوسانان و ئازاری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.......................... 178
شرۆڤەی ئایین و سەرچەشنەکانی تێکچوونی باری دەروونی.......... 181
ئایین................................................ 181
سەرچەشنەکانی کێشەی دەروونی و ناهاوسانان......................... 186
منداڵبازی................................................ 197

**بەشی 4 : هێما دەروونییەکانی هۆگری سێکسی ...............203**

ناهاوسانی لە وڵاتی ئێران؛ پاژە ونبووەکان .......................... 204
ئێران ئاوارتە نییە ................................................ 205
لزباینەکان لە دارشتەی ئیسلامیدا ................................ 209
پێشینەی مێژوویی لزباینەکان لە ئێران.............................. 212
ئەو ناهاوسانانەی کە شووناسی خۆیان ئاشکرا ناکەن؛ ژیان لە شاراوە 218
ڕوانگەی یاسایی ئێران بۆ ناهاوسانان.............................. 221
ئایین؛ ڕوانگەی ئیسلامی ........................................ 226

یاسای نێودەوڵەتی ........................................ 232
ئامار و ڕێژەی کارەساتبار........................................ 234
ناهاوسانانی ئێرانی و پەنابەریێتی ........................................ 240

**بەشی 5: خوێندنەوەی لێکۆڵینەوەیی........................ 243**
پێشینەی توێژینەوە........................................ 247
شێوازناسی توێژینەوەکانی ڕابردوو........................................ 250
شێوازناسی توێژینەوەی ئێستا ........................................ 254
ڕاهێنانی دیمانە لەگەڵکراوان ........................................ 254
حەشیمەت و شوێنی جوگرافیایی توێژینەوە........................................ 256
تاران ........................................ 258
مەشهەد........................................ 261
ئێسفەهان........................................ 263
شێوازەکانی لێکۆڵینەوە........................................ 265
شێوازی لێکۆڵینەوەی پێکهاتەیی ........................................ 265
شێوازی نموونەگیری تۆپەڵە بەفری ........................................ 266
توێژینەوەی چەندایەتی........................................ 267
توێژینەوەی چۆنایەتی ........................................ 268
تیۆریی داتا بنیات ........................................ 271
کۆکردنەوەی داتا و کاری مەیدانی ........................................ 272
تێبینی و سنووردارییە ئەخلاقییەکان ........................................ 273
سنووردارییەکان........................................ 273

تێبینییە ئەخلاقییەکان ..................................... 274
ململانێ شێوازناسییەکان لە ئەنجامدانی توێژینەوە لە مەڕ ناهاوسانان 277
ڕوونکردنەوەیەک لە بارەی گێڕانەوەی توێژینەوە ............... 279
شیکاریی داتاکان ............................................. 282
ئەنجامەکانی توێژینەوە.......................................... 285
ئەنجامی چۆنایەتییەکانی خوێندنەوەی توێژینەوەیی............... 287
1ـ1: ئاشکراکردنی شووناس و قبووڵکردنی هۆگری سێکسی .. 287
ئەنجامی چۆنایەتییەکانی ئەم توێژینەوە بە ووردەکارییەوە لە درێژەدا دێن295
1ـ2 ڕیشەکانی هۆگری سێکسی ................................. 295
1ـ3 ـ پەیوەندییە هاوڕەگەزخوازییەکان چۆن دەست پێ دەکەن؟ 300
بەردەوامبوونی پەیوەندییەکانی نێوان لزباینەکان.................. 302
1ـ4: کاریگەری هاوڕەگەزخوازی لە سەر بنەماڵە ............... 310
1ـ6 قۆناغی تاراندن و دەرکران..................................... 320
1ـ7ـ شووناس: ستراتیژی سازگاری................................ 323
1ـ8ـ کاریگەری ئایین و باوەڕە ئایینییەکان ......................... 326
پەیوەندی هاوڕەگەزخوازان لەگەڵ یاسا.............................. 334
1ـ9 لێخشبوونی سەربازی، چانس یان ڕێگەی بەرگری؟ ....... 341
1ـ10ـ خزمەتگوزارییە ڕاوێژکارییەکان و یارمەتییەکانی دیکە ... 346
1ـ11ـ توندوتیژی و تەندروستی دەروونی هاوڕەگەزخوازان..... 352
لزباینەکان ....................................................... 353
منداڵبازی......................................................... 361
1ـ12ـ هاوسەرگیری و منداڵی هەڵبژاردە ......................... 364

1 ـ 13ـ نەبوونی ڕاهێنانی پرسە تەندروستی و سێکسییەکان .... 365
1ـ14ـ کاردانەوە ستراتیژییەکان ................................ 371
1ـ15: هاوسەرگیری ساختەکارانە.............................. 372
دیمانە لەگەڵکراوان.................................................. 382
1ـ ئەنجامی چەندایەتی توێژینەوە............................. 382
2ـ1ـ هۆگری سێکسی ........................................ 385
2ـ2ـ دۆخی هاوسەرداریێتی ................................ 386
2ـ3ـ تەمەن.......................................................... 387
2ـ4ـ بارودۆخی هاوسەرداریێتی
2ـ5ـ ئاستی خوێندەواری ........................................ 388
2ـ6ـ پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابووری .......................... 390
2ـ7 ئاراستەی کۆمەڵگا ............................................ 391
2ـ8ـ ڕەهەندی ئەخلاقی هاوڕەگەزخوازی ....................... 393
2ـ9ـ شووناس و قبووڵکردن ...................................... 395
2ـ10ـ تۆڕسازی کۆمەڵایەتی ..................................... 398
2ـ11ـ پەیوەندییەکان ................................................ 399
2ـ12ـ توندوتیژی و هەڵاواردن ................................... 402
2ـ13ـ باوەڕە ئایینییەکان ........................................... 404
2ـ14ـ خەمۆکی و خۆکوژی ........................................ 405
2ـ15ـ تێبینییە تەندروستییەکان .................................. 406

**بەشی 6:پاڕادایمە لە حاڵی گۆڕانە جیهانییەکان و ڕێگەی داهاتوو ... 407**

پاڕادایمە لە حاڵی گۆڕانە جیهانییەکان و ڕێگەی داهاتوو................ 408

پاڕادایمە لە حاڵە گۆڕانەکانی ناهاوسانی ................................ 409

لە وڵاتانی ئیسلامی چ ڕوو دەدا؟....................................... 416

ڕوانینێک بۆ داهاتوو .................................................... 422

ئەنجام گرتن............................................................ 435

سەبارەت بە نووسەر ................................................ 441

سەرچاوە کان........................................................... 444

| وشه | سووکەڵە | وشه | سووکەڵە |
|---|---|---|---|
| پەیماننامەی نێودەڵەتی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان | ICESC | ئەنجومەنی دەروونناسانی ئەمریکا | APA |
| ڕۆژی جیهانی خەبات لە دژی هاوڕەگەزخوازدژی و ترەنس‌دژی | IDAHOT | کۆنوانسیۆنی نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی هەڵاواردن لە دژی ژنان | CEDAW |
| کۆڕی نێودەوڵەتی لزباین، گەی، بایسکشوال، ترەنس و دووڕەگەزەکان | ILGA | ناهاوئاهەنگی ڕەگەزێتی منداڵی | CGN |
| گرووپی پشتیوانی ناهاوسانانی موسڵمان | IMMAAN | ڕێنوێنی لێکدانەوە و ئاماری کێشە دەروونییەکان | DSM-II |
| لزباین، گەی، دووڕەگەزخواز | LGB | یاسای بەرگری لە هاوسەرگیری | DOMA |
| لزباین، گەی، دووڕەگەزخواز، ترەنسێتی و تیڤی | LGBT | کۆنوانسیۆنی ئەورووپایی مافەکانی مرۆڤ | ECHR |
| ئەو پیاوانەی وا لەگەڵ پیاوان تێکەڵ دەبن | MSM | دادگای ئەورووپایی مافەکانی مرۆڤ | ECtHR |
| ئەنجومەنی نیشتمانی و لێکدانەوە و چارەسەری هاوڕەگەزخوازی | NARTH | یەکێتی ئەورووپا | EU |
| ڕێکخراوی ئەهلی | NGO | توندوتیژی سێکسی | GBV |

| وشە | سووكەڵە | وشە | سووكەڵە |
|---|---|---|---|
| دەربڕینی عەشق لە ناو جەماوەردا | PDA | تۆڕی ڕاهێنانی گەی، لزباین و ڕاستەوخۆ | GLSEN |
| هۆگری سێكسی و شووناسی ڕەگەزێتی | SOGI | كردەوەی پشتڕاستكردنەوە ڕەگەزێتی | GSC |
| توندوتیژیخوازی سێكسی | SOV | كومیتەی مافەكانی مرۆڤ | HRC |
| گۆڕینی رەگەزێتی | SRS | چاودێری مافەكانی مرۆڤ | HRW |
| توێژینەوەی مەترسییە ڕەفتارییەكانی مێرمنداڵان | YRBS | پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەكان | ICCPR |
| ئەنجومەنی جیهانی تەندروستی سێكسی | WAS | ناهاوئاهەنگی ڕەگەزێتی و ترەنسێتی | TGNC |
| ڕێكخراوەی تەندروستی جیهانی | WHO | داهێنەری بۆ مافی یەكسان | TIGR |
| ڕێكخراوەی ژنانی ژێر ڕكێفی یاسا ئیسلامییەكان | WLUML | ڕێكخراوەی نەتەوە یەكگرتووەكان | UN |
| ئەو ژنانەی وا لەگەڵ ژنان تێكەڵ دەبن. | WSW | ئەنجومەنی گشتی ڕێكخراوەی نەتەوەكان | UNGA |
| سندووقی گەشەی ژنانی نەتەوە یەكگرتووەكان | UNIFEM | جارنامەی جیهانی مافەكانی مرۆڤ | UDHR |

## وشەناسی ـ وشەنامە

پێڕستی ژێرەوە بریتییە لە پێناسەی ئەو وشانەی کە چەندین جار لەم کتێبەدا ناویان دەهێنرێ و ئەو دامەزراوانەی کە ناو دەقەکەدا ئاماژەیان پێ دەکرێت.

### هیچڕەگەزخواز (asexual)

کەسێک کە هیچ هۆگرییەکی بۆ هاوڕەگەز یان ڕەگەزی بەرامبەری خۆی نییە.

### دووڕەگەزخواز

کەسێک کە لە ڕووی سۆزداری، فیزیایی و / یان سێکسییەوە هۆگری هەم بۆ پیاو و هەمیش بۆ ئافرەت هەیە. پێویست ناکا ئەم هۆگرییە یەکسان بێ یان پیشاندەری هۆگری یەکسان بۆ ئەو ڕەگەز یان ڕەگەزانە بێ کە کەسەکە هۆگری بۆیان هەیە.

### هاوئاراستەڕەگەزخواز

کەسێک کە لەگەڵ ڕەگەزی خۆی لە کاتی لەدایکبوونیدا هاوئاراستەیە.

### درکاندنی هۆگری سێکسی

ئەم دێڕە ئاماژە بە کەسێک دەکا کە ڕاشکاوانە پیشانی دەدا کە دووڕەگەزخواز، گەی، لزباین یان ترەنسە. درکاندنی هۆگری سێکسی پرۆسەیەکی هەمیشەییە لە قبووڵکردنی سێکسی یان شووناسی ڕەگەزیی.

### گەی

پیاوێک کە زۆر جار لە ڕووی سۆزداری، فیزیایی و / یا سێکسییەوە هۆگری کەسانی هاوڕەگەز و / یان ڕەگەزی هاوشێوەیە. ئەم وشە زیاتر

دەڕوانێتە ئەو پیاوانەی کە ڕاکێشی پیاوان دەبن؛ بەڵام دەتوانین ئەمە بۆ ئافرەتانیش بە کار ببەین. ئەم وشە گشتییە زۆر جار بۆ ئاماژەکردن بە جڤاکی ناهاوسانان بە گشتی یان وەک شووناسێکی یەکسان بۆ کەسێک بە کار دەبرێت کە خۆی بە دیترڕەگەزخواز نازانێت. شیاوی وتنە وشەی گەی یەکەمین جار لە فیلمێکدا بۆ ئاماژە بە هاوڕەگەزخوازی کەڵکی لێ وەرگیرا.

## ڕەگەزێتی

ئەم وشە ئاماژە بەو جیاوازییە کۆمەڵایەتی یان کەلتوورییانە دەکا کە لە سەبارەت بە ڕەگەزێک بیچم دەگرن. بە گشتی، ڕەگەزێتی چەمکێکی چێکراوی کۆمەڵایەتییە. ئەم کۆمەڵە ستانداردە چێکراوە کۆمەڵایەتییانە بۆ کۆمەڵگا، شووناس و ڕەفتاری دیار و نادیار بە پێی پێکهاتەی بایۆلۆژیکی ڕەواڵەتی کەسەکان دەخرێتە پاڵیان (گرووپی کاری ئەنجومەنی دەروونناسانی ئەمریکا لە بواری شووناسی ڕەگەزێتی و جیاوازییە ڕەگەزییەکان 2008؛ West & Ziemerman 1987). ڕەگەزێتی ئامرازێکی سەرەکی بینراوە کە بیچم بە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی دەسەڵات، خاڵی ئەرێنی و سەرکوت دەدا (Moradi & Yader, 2011). ڕەگەزی کەسێک ئەو جۆرەی کە بە بایۆلۆژی ئەو دیاری دەبێ، هەمیشە لەگەڵ ڕەگەزێتی ئەو یەک ناگرێت. کە واتە ناکرێ وشەکانی «ڕەگەز» و «ڕەگەزێتی» لە بری یەکتر بە کار بهێنرێت.

## شووناسی ڕەگەزێتی

هەستی دەروونی و تایبەتی هەر کەسێک لە مەڕ پیاوبوون، ئافرەتبوون یان ڕەگەزی سێیەم پێی دەوترێ شووناسی ڕەگەزێتی. بۆ ترەنسەکان و

کەسـانی هـەڵگری ڕەگـەزی سـێیەم، ڕەگـەزی لەپاڵـدراویان لـە کـاتی لـە دایکبوون لەگەڵ هەستی دەروونیان سەبارەت بە شووناسی ڕەگـەزییان یـەک ناگرێتەوە.

**دیترڕەگەزخوازنۆرمی**

کۆمەڵێ لە پەیوەندییەکانی دەسەڵاتە کە هۆگری سێکسی نۆرماڵ و ڕێک دەخا و هەر شتێک کە لە دەرەوەی بازنـەی ئایدیالـەکانی دیترڕەگـەزخوازی، یەک هاوسەری و یەکسانسازی ڕەگەزێتی بێ دەیخاتە پەراوێزەوە.

**دیترڕەگەزخواز**

ئەو کەسەیە کە بەردەوام لە ڕووی فیزیایی، سۆزداری و / یان سێکسییەوە هۆگری ڕەگەزی بەرامبەرە.

**هاوڕەگەزخوازتۆقێنی**

بێـزاری یـان نەفرەتێکـی گشـتی لـە هاوڕەگـەزخوازێتی کـە بریتییـە لـە دەمـــارگرژی کـــەلتووری و تاکەکەســـی لـــە دژی هاوڕەگـــەزخوازان. هاوڕەگەزخوازتۆقێنی دوو لایەنی هەیە: هاوڕەگـەزخوازتۆقێنی دەروونیکـراو واتە چەسپاندنی هەستی دژە هاوڕەگەزخوازی کۆمـەڵگا لـە دڵ و دەروونـی کەسانی گەی و لزباین و هاوڕەگەزخوازتۆقێنی دەرەکی (زیـاتر لـە نـاو دیتـر ڕەگەزخوازان). هاوڕەگەزخوازی دەتوانین لە لایەنێک لە دەمارگرژی هێورانـە هەتا خۆبوواردن لە پەیوەنـدی لەگـەڵ کەسـانی هاوڕەگـەز ئەنـدازە بگـرین (فایف، 1983).

**هاوڕەگەزخواز**

کەسێک کە لە ڕووی سۆزداری، فیزیـایی و / یـان سێکسـییەوە هـۆگری

هاوڕەگەز / ڕەگەزێتی خۆی دەبێت. لە قۆناغێکدا ئەم وشـە بـە هـۆی کورتـە مێژوویەکی کە لە ڕیزی نەخۆشییە دەروونییەکاندا دادەنرا، وەک لەقـەم لێـی دەڕوانرا (بەتایبەت بە شێوەی نـاو) و بـە شـێوەی گشـتی بـە کـار نـەدەهێنرا (وشەگەلی وەک گەی و لزباین بە دەکار دەهێنران). بـە گـوێرەی مەزەنـدەی ڕاپۆرتی ساڵانەی ساڵی 1993 جانووس، 9 لە سەدی پیاوان و 5 لە سەدی ژنان پەیوەندییگەلێکی زیـاتر لـە پەیوەنـدی هاوڕەگەزخوازانـەیان «هەنـدێ جار» هەبووە. لە ساڵی 2000ـی زایینی، ئیـدارەی ئامـاری ئامریکـا بـۆی دەرکەوت کە هاوژینە هاوڕەگـەزخوازەکان کـەمتر لـە 1 لـە سـەدی بنەماڵـە ئەمریکییـەکان پێـک دێـنن. لـە ئاگۆسـتی سـاڵی 2002، مامناوەنـدی مەزەندەیی گالۆپ لە پیاوانی گەیدا 21 لە سەد بوو.

**نێوانڕەگەز**

کەسێک پێناسە دەکا کە ڕەگەزی بایۆلۆژیکەکەی دیار نییە.

**لزباین**

مەبەسـت ئـەو ئافرەتانەیـە کـە هـۆگری ڕۆمانسـی، حەشـەری و / یـان سۆزدارییان بـۆ ژنـانی دیکـە هەیـە. گـالۆپ لـە ئاگۆسـتی سـاڵی 2002، مەزەندەی ئەوەی کرد کە بە شێوەی مامناوەند 21 لە سـەدی پیـاوان گـەی و 22 لە سەدی ئافرەتانیش لزباینن.

**ناهاوسان**

کەسـانێک کـە لـە نێـوان هـەر دوو سـەری لایەنـدان، زۆر جـار بـە دووڕەگـەزخواز دادەنـرێن و تـوێژەران وەک گرووپێکـی یەکدەسـت لێیـان

دەڕوانن.

### ڕەگەز

ئاماژە بە جیاوازی فیزیایی یان فیزیۆلۆجیکی نێوان پیاوان، ژنان و لەشی نێوان ڕەگەزەکان دەکا کە هەم تایبەتمەندیی سەرەتایی (سیستەمی زک و زا) و هەم تایبەتمەندی دووهەم (مەمک و مووی دەموچاو) لە خۆ دەگرێت. ڕەگەز واتە باروودۆخی فیزیایی و بایۆلۆجیکی شوێنی کۆئەندامی زاوزێی کەسەکە کە ئەو بۆ بوونە (پیاو یان ئافرەت یان ...) شیاو دەکات.

### هۆگری سێکسی

هۆگری سۆزداری، ڕۆمانسی، سێکسی و / یان خۆشەویستانەی بەردەوام بۆ کەسێکی دیکەیە. هۆگری سێکسی لەگەڵ دیکەی ڕەهەندە ڕەگەزییەکانی وەک ڕەگەزی بایۆلۆجی، شووناسی ڕەگەزێتی (هەستی دەروونی پیاو یان ئافرەت بوون) و ڕۆڵە ڕەگەزێتییە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەچاوکردنی بەها کەلتوورییەکانی ڕەفتاری ئافرەتانە و پیاوانە جیاوازی هەیە (هەڵاواردنی هۆگری سێکسی، یەکسانی و مافەکانی مرۆڤ[1]). هۆگری سێکسی تایبەتمەندی ئەو کەسەیە کە بەشێک لەو شتەی کە کەسەکە هەیە، پێک دێنێت. ئەم چەمکە لایەنێک لە هۆگرییە سێکسییە مرۆییەکانە کە لە لزباین و گەیەوە بگرە تا دەگاتە دووڕەگەزخواز و دیترڕەگەزخواز دەگرێتەوە.

### تامەزرۆیی سێکسی

ئەو هۆگرییانەی وا مرۆڤەکان بۆ یەکتریان هەیە، هۆگری و ڕاکێشانیان بۆ

---

1. www.equalityhumanrights.com/en/advice

دیتران و دەفرایەتی ئەزموونی حەشەری و وڵامدانەوەی خواستی زکوزا و بـە خستنە ڕووی هەستی دەروونـی دڵخـوازە. هـۆگری سێکسـی لـە ڕەگـەز و ڕەگەزێتییە جیاوازەکاندا وەک یـەک نییـە و دەتـوانێ بـە لای هاوڕەگـەز یـان ڕەگــەزی بەرامبــەردا بشــکێتەوە. هــاڵپرین (1990) بــە ئامــاژەکردن بــە سەرچەشنی پێکهاتە خوازی کۆمەڵایەتی دەڵێ هۆگری سێکسـی بابـەتێکی داهێنــراوە و بــەر لــەم داهێنانــە، بــە پێــی ئاکــاری سێکســی کەســەکە هەڵسەنگاندنی ڕەگەزی بۆ دەکرا و نە بە پێی هـۆگری سێکسـی ئـەو کەسـە. هۆگری سێکسی دەتوانێ بۆ هاوڕەگەز یان ڕەگەزی بەرامبەر بێـت. زۆربـەی لێکۆڵـەرانی بـواری هۆگرییـە سێکسـییەکان لـەو بـاوەڕەدان کـە پێباشـییە سێکسییەکان لە یەکەم ساڵەکانی ژیاندا دەرکەون.

## ترەنس تۆقێنی

تـرس یـان نفـرەت لـە کەسـانی ترەنسـە کـە هەنـدێ جـار خـۆی لـە چوارچێـوەی هـەڵاواردن، گۆشـەگیری، ئـازار یـان تونـدوتیژی دەنوێنێـت. (بڕوانە فووبیا (ترس) و هاوڕەگەزخوازتۆقێنی).

## ترەنسێتی

پێناسـەیەکی گشـتییە بـۆ وەسـفی ڕێژەیـەکی زۆری ئـەو کەسـانەی کـە شووناسی ڕەگەزی یان ڕۆڵی ڕەگـەزییان لەگـەڵ ڕەگـەزی لـەپاڵخراویان لـە کاتی لە دایکبووندا یەک نییـە. ڕەگـەز و ڕەگـەزێتی هەمیشـە لەگـەڵ یـەکتر هاوئاراستە / یەکسان نین. لە کاتێکدا کە وشەی «ترەنس» بە شێوەی گشـتی

پەسند کراوە، هەموو کەسانی ترِەنس / ناهاوئاهەنگیی رِەگەزێتی (TGNC) خۆیان بە ترِەنس نازانن. لەوانەیە ئەو کەسانەی وا لەم رِیزبەندییەدا جێگیر کراون، وا هەست بکەن لە رِەگەزێکی هەڵەدا دانراون؛ وەها تێگەیشتنێک لەوانەیە هۆگربوون بۆ نەشتەرگەری یان دەرمانی هۆرمۆنی لێ بکەوێتەوە یان نەکەوێتەوە (مییێر و لابۆسکی، 2013، پێناسەکانی هۆگری رِەگەزێتی و هەمەجۆری رِەگەزێتی لە بەڵگەکانی APA، وشەنامەی دەروونناسی 2115، APA).

## گوێرِایەڵی (تەمکین)

چەمکێکی یاساییە لە یاسای ئێراندا کە ئاماژە بە ملکەجبوونی ژن (هاوسەر) بۆ خواستی مێردەکەی دەکات.

سەرەرِای ئەوەی ئەم وشە پێرِستکراوانە هاوکاری لێکجیاکردنەوەی پلە جیاوازەکانی هۆگری سێکسی دەکەن، بەردەوام ئایدیای هۆگری سێکسی، هاوشێوەی ئەوەی لە لایەنێک لە هاورِەگەزخوازی هەتا دیترِەگەزخوازیدا پێناسە دەکرێ، بەهێز دەکەن. توێژینەوەکانی ئەم دواییانە دەیانویست خاڵەکانی نێوان ئەم دوو سەری لایەنی هۆگری سێکسییە لەوەش ئاڵۆزتر بکەن و بەو هۆیەش ناوگەلی وەک دیترِەگەزخواز - دووانە[1]،

1. وینریچ . جی . دی و کلاین . ئێف. (2002). گەی دووانە، دیترِەگەزخوازی دوانە و دوانە - دوانە؛ سێ ژێر گرووپی دوورِەگەزخواز کە بە کەڵک وەرگرتن لە شیکاری هێشوویی پێوەری ئاراستەی رِەگەزی کلاین دیاری کران. گۆڤاری دوورِەگەزخوازی، 2 (4)، 139 - 109.

دووڕەگەزخواز – دووانە[1]، لزباین – دووانـە[2]، کونجکـۆڵ – دووانـە[3] زیـاتر دیترڕەگەزخواز[4] و زیاتر هاوڕەگەزخوازیان بە کار هێناوە. هەروەها ئەم ناوانە دووڕەگەزخواز و ئەزموونـەکانی دیکـەی فرەڕەگـەزخواز بـە ئاوێتەیـەک لـە هۆگری هاوڕەگەزخوازانە و دیترڕەگەزخوازانە دەزانن و لە ڕوانگەی زمانناسی بـە لابردنـی نـاوە شووناسـییەکانی دیکـە، پۆلێنبەنـدی دیـاریکراوی دیترڕەگەزخواز، لزباین / گەی و دووڕەگەزخواز ڕاست دەکەنەوە.

1. مۆرگان، ئێی. ئێم. و تامپسۆن، ئێی. ئێم (2006). کۆمەڵە ئەزموونی ژنانی گەنج لە چوارچێوەی دۆستایەتی لەگەڵ هاوڕەگەز: دۆزینەوە و پێناسەی شووناسی دووڕەگەزخواز و کونجکۆڵ - دووانە. گۆڤاری هاوڕەگەزخوازیی، 2 (4)، 139 - 109.

2. مۆرگان، ئێی. ئێم. و تامپسۆن، ئێی. ئێم:

"Mostly Straight" Young Women: Variations in Sexual Behavior and Identity . (2008) .Development

گۆڤاری دەروونناسی گەشە. بەرگی 44، ژمارە 15، 1 - 21.

3. وۆرانگالوا، زێد. و ساڤین - ویلیامز، ئار. سی.

Mostly heterosexual and mostly gay/lesbian: Evidence for new sexual orientation identities. Archives of Sexual Behavior, 41, 85–101. http://dx.doi.org/10.1007/s10508-012-9921-y.

## سپاس و پێزانین

بابەتی ڕەگەز و بەتواناکردنی منـداڵان و ئافرەتـان لـە مـاوەی ئـەم سـاڵانەی دواییدا یەکێک بووە لە پەرۆشییە جیدییە توێژینەوەکانی بەندە. توێژینەوەم لە مەڕ هاوسەرگیری سپی لە وڵاتی ئێران لە لێکۆڵینەوەکانی ڕابردووم سـەبارەت بە هاوسەرگیری کاتی و بڕیـاری مـەحرەمێتی[1]، هاوسـەرگیری پێشـوەختەی منداڵان[2] و خەتەنەی ژنان[3] لە ئێران، کە بۆ سەر هـەر دوو زمـانی فارسـی و ئینگلیزی بڵاو کراونەتەوە، سەرچاوەی گرتووە.

لە کاتی ئیش‌کردن لە سەر هاوسـەرگیری سـپی و هاوسـەرگیری کـاتی / مەتعە لە ئێراندا تووشی کۆمەڵێک هاتم کە شووناسی ڕەگەزێتیان لـە ئێرانـدا قبووڵ کراو نەبوو. ئەم کەسانە بە وشەی کورتکراوەی ئێـڵ جـی بـی (LGB) ناوزەد دەکرێن کە بریتییە لە لزبانیەکان، گەیەکان و دووڕەگەزخوازەکان. ئێڵ جی بی گرووپێکی بەربڵاوە لەو کەسانەی کە بـە ئاوڕدانـەوە لـە ڕەگـەزێتی، هۆگری سێکسی، نەتەوە / ئێتنیک و بارودۆخی کۆمەڵایەتی ـ ئـابووری زۆر جۆراوجۆرن. بە گشتی ئەم بابەتە بەتایبەت بۆ ئەو گەنجانەی کە لەوانەیـە بـە

---

1. ئەحمەدی، کامیل (1396). ). ماڵێک لە سەر ئاو: لێکۆڵینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە سیغە و بڕیاری مەحرەمێتی.

http://kameelahmady.com/fa/temporary-marriage-in-iran

2. ئەحمەدی، کامیل (1396). زایەڵەی بێدەنگی؛ توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان لە ئێران، تاران: شیرازە.

Ahmady, Kameel (2017). An Echo of Silence: A Comprehensive Research Study On Early Child Marriagen (ECM) In Iran, New York: Nova Publishing

3. ئەحمەدی، کامیل (1396). بە ناوی نەریت؛ توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە خەتەنەی ژنان لە ئێران، تاران: شیرازە.

Ahmady, Kameel (2015). In The Name of Tradition: A Comprehensive Research Study On Female Genital Mutilation/Cutting (FGM/C) In Iran, Oxford: Oxford Press.

هۆی هـۆگری سێکسـی خۆیـان بیڕێزیـان پـێ بکـرێ یـان لـە نـاو ترسـی هەڵاواردن و ناو و نیتکە دەژین، دەتوانێ بابەتێکی هەستیار بێـت. لـە ئێـران ئەندامەتی لەم گرووپە مەترسی زۆری لێ دەکەوێتەوە. نە کۆمەڵگا و نە هیچ ڕێکخراوەیەکی یاسایی پشتیوانی لە ئێوە ناکا و ئێـوە هەمیشـە لـە ترسـی بـە دواداچوون و ڕاوەدوونانی یاسـاییدا دەژیـن. بڕیـارم دا لـەم بـوارەدا دەسـت بدەمـە لێکۆڵینـەوە؛ چوونکـە پـێم خـۆش بـوو توێژینەوەیـەکی نـوێی خەڵکناسی هاوکات لەگەڵ گێڕانەوەی بەسەرهاتی هـەوڵ، تـرس و هیـوای ئەم کەسانە ئەنجام بدەم کە ڕەنگە لە ژیانیاندا گۆڕانێکی باش و ئەرێنی بەدی بێنم. ئەم بەر یەککەوتنە، ساتەوەختییە لە ژیانی من گۆڕانی بەدی هێنا و مـن بووێری تـاوتوێکردنی ژیانـە شـاراوەکانم وەدەسـت هێنـا کـە بـۆ زۆرمـان نەناسراوە. کاتێک بڕیارم دا توێژینەوەیـەک لـە سـەر ژیـانی ناهاوسـانان لـە ئێرانــدا ئــەنجام بــدەم، دەســتبەجێ بــۆم ڕوون بــوەوە کــە بــە مەبەســتی ئاشکراکردنی کێشـە زۆرەکانیـان، دەبـێ خـۆم لـە وڵات بـم بـۆ ئـەوەی لـە هێمنایـەتی جیهـانی نـەزۆک، لـە هەمبـەر بچـووکترین هێمـای هەڕەشـە و خەسارهەڵگرییەکدا ببمە قەڵغان. ئەم توێژینەوە لە ناو سەرکوتی باڵادەسـتدا خۆی بە پابەندی ڕوونکردنەوە دەزانێ، گێڕانەوەی بەسەرهاتی ئەم کەسانە بۆ هەموو جیهان لە ڕێگـەی پیشـان دانـی ژیـانی ڕاسـتەقینە لـە وڵاتێکـدا بـە پێویستی زانـی کـە نکـۆڵی لـە بـوونی ناهاوسـانان و نەهامەتییـەکانیان لـە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ بنەماڵە، کـەس و کـار و کـۆی کۆمـەڵگادا دەکـات. قۆناغی چۆنایەتی توێژینەوە بریتی بوو لە گرووپە فوکووسـەکان و دیمانـەی نیوە قووڵ لەگەڵ ناهاوسانان و دیترڕەگـەزان کـە لـە لایـەن گرووپـی کـاری

مەیدانی ئەنجام درا. بۆ یەکەم جار ئەم توێژینەوە بڕیاری دا ڕا و هەستی ئـەو کەسانە تۆمار بکا کە لە ناوخۆی وڵاتدان و پاش بە کارهێنـانی تیـۆریی داتـا بنیات، ئەنجامەکان وەدەست بێنێت. تیۆریی داتا بنیات لە سێ گۆشـەکردنی سۆزی وڵامدەران هاوکاری کردین و چالاکانە گێڕانەوەکانی ئەوانی گۆڕی.

من ئاوا بوونێرانە ئیشم کرد؛ چوونکـە دەمویسـت ئـەوەی لـە ئێرانـدا بـۆ کۆمەڵـەی ناهاوسـانان ڕوو دەدا، ڕاسـتبوونەکەی تـاقی بکەمـەوە، هەسـتی کەســەکان بــزانم و ئــەوەی کۆمــەڵگا خوازیــاری ســەرکوتکردن یــان حەشاردانیەتی، بیخەمە ڕوو. هیوادارم بە بەشداریم لەوێ بۆ بـە دیکۆمێنـت سازی دەستە یەکی ئەم بابەتە حەقیقەت دەربکەوێ و ببێتە هـۆی گـۆڕانێکی ئەرێنی.

لە تـەواوکردنی شـرۆڤەکەی خـۆم، لـەم توێژینـەوەدا لەگـەڵ نوێنـەرانی گرووپە شاراوەکانی ناهاوسانان لە سەر ئاستی هەر سێ شاری گەورەی ئێران وتووێژ کرا. بۆ توێژەر و خەڵکناسێک، ئەمە ڕێگەیـەک بـوو بـۆ ناسـینی ڕا و بۆچوونی جڤاکی ناهاوسانان لە چەندین ڕەهەندی بەربڵاوتردا. ئەوانـەی وا بۆ وتووێژ سـەردانمان کـردن، زۆر گـەرم و گوڕبـوون و لـەوەی کـە ببوونـە بەشـێک لـە کـاری ئێمـە، خۆشـحاڵی خۆیـان دەربـڕی. ئـەم توێژینـەوە پوختەیـەک لـە ئەنجامـەکان دەخاتـە ڕوو و ئەنجامـەکان بـە هـەمان شـێوە دەخرێتە بەردەستی بەرپرسی پـلان و ئێـدیتۆرەکان و بـەردەوام پێشـکەوتنی توێژینەوە تاوتوێ دەکرێتەوە.

ڕاستییەکانی ژیانی ناهاوسانان پێویسـتی بـە شـایەتحاڵە. بـوونی ئـەوان بـە شێوەیەکی هەمەگیر و سیسـتەماتیک نکـۆڵی لـێ دەکرێـت. نووسـینی ئـەم

یادداشتی سوپاسگوزارییە بەشی کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیە. ئەم قۆناغە بۆ من قۆناغی فێرکاری، نە تەنیا بە شێوەی زانستی بەڵکوو لە سەر ئاستی تاکەکەسی بووە. ئەم توێژینەوە کاریگەرییەکی قووڵی لە سەر من دانا. پێم خۆشە سپاسی ئەو کەسانە بکەم وا پشتیوانیان لێ کردم و لەم ماوەدا هاوکارییان کردووم. لە کانگای دڵەوە سپاسی تیمی کاری مەیدانی و ئەو ڕۆحە بەجەرگ و بوێرانە دەکەم وا ڕێگەیان دا هەستیان تۆمار بکرێت. لە ڕاستیدا قسەکردنی ئازادانەی ئەوان ژیانی ئەوانی خستۆتە بەر مەترسی.

بەتایبەتی سپاسی ڕاوێژکارەکەم، حومەیرا ناز دەکەم کە بۆ کۆکردنەوە، شرۆڤە و ئامادەکردنی ئەم گێڕانەوە لە کارە ئینگلیزییەکەدا هاریکاری کردم. ناوبراو پێشنیاری باشی هەبوو و بە هاندانەکانی لە هاوئاهەنگی ئەم پلانە بەتایبەت نووسینی ئەم ڕاپۆرتە هاوکاری کردم. ئەگەرچی لەوانەیە لەگەڵ هەموو شیکارییەکانی ئەم توێژینەوە هاوڕا نەبێت.

پێم خۆشە بۆ هەڵەچنی و ڕاستکردنەوەی دەقی ئینگلیزی و خستنە ڕووی بۆچوونی کارناسانە سپاسی لۆرێن کۆنس و کەتایوون ئێحسانی بکەم. سپاسی حەشیمەتی ناهاوسانان، پزیشکان و ناوەندە لێکۆڵینەوەییەکان دەکەم کە بۆ ئەم توێژینەوە زانیاری بە نرخیان پێدام و بۆ ڕا و بۆچوون و ڕوانگەی بەسوودیان سەبارەت بە بەرگی یەکەمی ئەم دەقە سپاسی هاوکارە «بێ‌ناو»ـەکانم دەکەم. بەرپرسایەتی هەر هەڵەیەک لە سەر ئەستۆی خۆمە و بە هیچ شێوەیەک کەسایەتی ئەم بەڕێزە هێژایانە ناڕووشێنێت.

سپاسی هەر هەموو ئەو کەسانە دەکەم وا شانازی ئەوەم بووە کە لەم پلان و پلانە پەیوەندیدارەکاندا ئیشیان لەگەڵ کردووم. هەر کام لە ئەندامانی تیمی

کاری مەیدانی ڕێنومایی تاکەکەسی و پرۆفیشنالی بێژوماری خۆیان بۆ من خستە ڕوو و چ لە بواری توێژینەوە و چ لە ژیاندا بە گشتی زۆر شتیان فێر کردم. ئەم توێژینەوە تەنیا بە گەڕان بۆ وردەکارییەکان، ڕاهێنانی مەیدانی، پشتیوانی و هاوکاری هەمووان ئەنجام دەدرا. هەر بۆیە پێم خۆشە سپاسی یاریدەدەری یەکەمم فەریبا ئەڵماسی، بە هۆی کارە بێوێنەکەی لە شیکاری و ڕێنومایی چالاکی مەیدانی بکەم. سپاسی هاریکارییەکانی عایشە شیلان عەلی یار بۆ کۆ کردنەوەی داتاکان و شرۆڤەکانی تیۆریی داتا بنیات لەگەڵ حەکیمە پاشازادە، ژیلا سدیقی، سەبا وەتەنی، ڤیدا زەفەری، فەتانە سادقی و گۆلیتا حوسەین پوور دەکەم. دەستخۆشی لە خاتوو سەمانە مەداح دەکەم بۆ وەرگێڕانی ئەم توێژینەوە لە زمانی فارسییەوە بۆ سەر زمانی ئینگلیزی. بەڕێزیان بە هۆی زاڵبوون بە سەر هەر دوو زمانەکەدا هاوکاری کوالێتی و پێکهاتەبەندبوونی ڕستە و واتاکانی کرد. هەروەها سپاسی زەینەب پزیشکیان دەکەم کە هەندێ لە بەشەکانی دەقی فارسی ئەم بەرهەمەی ئیدیت و پێکهاتەبەندی کرد و دەستخۆشی لە خاتوو سارا سەحرانەوەرد دەکەم بە هۆی پێداهەڵچوونەوەی دووبارەی دەق و دووبارە خوێندنەوەی وردی ئەم بەرهەمە. دەستی ماندوو نەبوونی نازمی دەگووشم بە هۆی ڕێنومایی، ڕێنوێنی و ڕاوێژکارییەکانی بەتایبەت لە شیکاری و ڕاهێنانی گڕاند تیۆری بۆ گرووپی شیکاری ئەم توێژینەوە. پێم خۆشە سپاسی محەمەد حوسەینیش بکەم کە بۆ ئامادەکردنی خشتە و شیکاری داتاکان یارمەتی دام.

ئەو پەڕی سپاس و دەستخۆشیم هەیە بۆ هەموو دۆستان و ئەندامانی جڤاکی ناهاوسانان کە لە درێژەی کاری مەیدانی لە شاری تاران، مەشهەد و

ئیسفەهان پشتیوانیان کردم و میوانگرانە ڕا و پێشنیاری خۆیان خستە ڕوو.

بەڵام گرینگترین یارمەتی بۆ ڕاپەڕاندنی ئەم پلانە و نووسینی ئـەم کتێبـە ئەندامانی بنەماڵەکەم بوون. سپاسی یەک بە یەکیان دەکەم کە بە هۆی عەشق و ڕێنوێنی ئەوانە کە گەیشتوومەتە ئەم ئاستە.

کامیل ئەحمەدی

٢٨ـی ئۆکتۆبری ٢٠١٧

## قسەیەک لەگەڵ خوێنەر

کاتێک بڕیارم دا سەبارەت بە ژیانی ناهاوسانان لە وڵاتی ئێراندا توێژینەوەیەک ئەنجام بدەم، دەستبەجێ بۆم دەرکەوت کە بە مەبەستی ئاشکراکردنی ترس و سەرکوتی بەردەوام کە باڵی کێشاوە بە سەر ژیانی ناهاوساناندا، بۆ خۆم لە ئێران بم. بێشک ناهاوسانان لە ئێراندا ئەو مافەیان هەیە کە بەشێک بن لە حەشیمەتێکی گەورەتر و دەبێ بوونیان بە فەرمی بناسرێت.

لە «چیرۆکی قەدەغە کراو» ئەو پەڕی هەوڵی خۆمم دا بۆ ئەوەی شاراوەترین ئاستەنگە سۆزداری و کۆمەڵایەتییەکان کە لە وڵاتی ئێراندا لە بەر دەم ناهاوسانانە، لە ڕێگەی ئەنجامی کۆمەڵایەتی، گێڕانەوەی بێناوبژیوانانە، دیمانە و کاردانەوەی ناهاوسانان پیشان بدەم. ئەم لێکۆڵینەوە لێکدانەوەی ڕاستگۆیانەی بابەتێکی نەوتراوە. هەروەها گێڕانەوەیەکی سەرنجڕاکێشی لە خۆدا هەڵگرتووە کە خوێنەر بەرەو لای خۆی ڕادەکێشێت.

ئەم توێژینەوە کە سەرەڕای هەموو ئاستەنگە کۆمەڵایەتی و یاساییەکان، خۆی بە پابەندی ڕوونکردنەوە دەزانێ، گێڕانەوەی چیرۆکی کەسانی

ناهاوسانی بە پێویست زانی و ئەمەی بە پیشاندانی شتێک گونجاو کـرد کـە واتای ژیان لە وڵاتێکدایە کە نکۆڵی لە بوونی ئەوان دەکات. پێم خۆش بـوو ڕا و بیر و بۆچوونی کەسانی نـاو وڵات تۆمـار بکـەم و وەک خەڵکناسـێک بڕیارم دا بۆ ئەوەی ئەم بابەتە ڕوون بکەمەوە و بیخەمە ڕوو.

تیمی بچووکی کاری مەیدانی پێکهاتوو لە کەسانێکی گەنج و دەروەست بوو کە لە ئەنجامدانی دیمانەکاندا هاریکاریان کردم و لە مەترسییەکان نەک تەنیا بۆ سەر کەسی دیمانە لەگەڵکراو، بەڵکوو بۆ خۆشیان ئاگادار بـوون. بـە ئاگاداری لەم بابەتە ئەوان بە جەسارتەوە هاتنە ناو بوارەکەوە و لە ڕوانگەیەکی یەکگرتووەوە وەک مافێکی مرۆیی پاڵپشتییان لە شووناس و هـۆگری ڕەگـە-زیی دەکرد. لە وڵاتی ئێران ئاشکراکردنی شووناسـی ڕەگـەزیی ناهاوسـانان یان بە شێوەی گشتی و سیستماتیک لە لایـەن کۆمـەڵگا و حکومەتـەوە ڕەت دەکرێتەوە یان لەوانەیە ببێتە ئامارێکی نگریس.

ئەوەی هەر لە دەستپێکی ئـەم پلانـە توێژینەوەییـە دیـار بـوو ئـەو ترسـە هەمیشەییە بوو کە ناهاوسانان لەگەڵی دەژیان. ناڕەحەتی و دڵەڕاوکێی ئـەوان لە ئاشکرابوونی شووناسیان تەواو ڕاستەقینە بوو. هەروەها زۆریـان ژیـانێکی دووانەیان بوو: لـە درێژایـی ڕۆژدا دیترڕەگـەزخواز و ئـەو سـاتەوەختانەی وا بەختیار بوون، لە شەودا دەبوونە هاوڕەگەزخواز. ئەوان بە دەنگـی نـزم قسـە دەکەن؛ چوونکە بەردەوام ترسی ئەوەیان هەیـە کـە هـاوڕێ و بنەماڵـەکانیان لەوانەیە بە شووناسی ڕەگەزییان بزانن. دەربڕینی ڕا و بۆچوون بـۆ ئـەوان بـە هۆی دڵەڕاوکێی ئەمنی مەترسیدار بوو. ئەوان لە داوی پۆلیس بـە ئاگـابوون و هەر لەبەر ئەوەش لە چاوپێکەوتنەکاندا وردبـین بـوون. هـەر بۆیـە مـن بـۆ

پاراستنی سەرچاوەی وتەکان ناوەکانم گۆڕیون.

توێژەرانی تیمەکەش مەترسییەکانی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیان قبـووڵ کردبوو؛ چوونکە بە نیاز بووین ئەوەی لە حەشـیمەتی ناهاوسـانانی ئێرانـدا ڕوو دەدا پشتڕاستی بکەینەوە و ئاماژە بە هەستیان بکەین و ئـەوەی کۆمـەڵگا هەوڵدای سەرکوتکردن یان نکۆڵی لێ کردنیەتی ئاشکرا بکـەین. هیوامـان وایە بە دیکۆمێنت و بەڵگەکردنی دەستی یەکی ئـەم بابەتـە، حـەقیقت ڕوون ببێتەوە و بتوانین کۆمـەک بەخشـی گـۆڕانی ئـەرێنی هـەم لـە سـەر ئاسـتی کۆمەڵگا و هەمیش لە حکومەتدا بین.

خۆم بە پێزانی توێژەران و ئەو گیانە بوێرانە دەکەم وا ئیزنیان پێدام هەست و ئەزموونیان تۆمار بکەم.

**پوختە**

ڕەگەزێتی یەکێکە لە گرینگترین ڕەهەندەکانی ژیانی مرۆڤە کە شووناسەکان و ڕۆڵە ڕەگەزیی و ڕەگەزێتییەکان، هۆگری سێکسی، شاوەت، دۆستایەتی و زک و زا لە خۆ دەگرێت. ڕەگەزێتی لە بیر و بۆچوون، خەیاڵپەروەری، خواست، باوەڕ، ڕوانگە، بەها، هەڵسووکەوت، ڕەواڵەت و پەیوەندی کەسەکاندا خۆی دەردەخات. لە کاتێکدا کە ڕەگەزێتی دەتوانێ ئەم ڕەهەندانە لە خۆ بگرێ، هەر هەموویان هەمیشە ئەزموون ناکرێن یان دەرناخرێن. ڕەگەزێتی لە ژێر کاریگەری پەیوەندی بایۆلۆجی، دەروونی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، کەلتووری، ئەخلاقی، یاسایی، مێژوویی، ئایینی و فاکتەرە مەعنەوییەکانیشدایە.

هەتا ئەورۆ ڕاپۆرت و ڕووماڵی میدیایی سەبارەت بە حەشیمەتی ناهاوسانانی ئێرانی ئامادە کراوە؛ بەڵام زۆربەی ئەم هەواڵانە ئەرشیڤی کۆ کراوە و بە دیکۆمێنت کراوی ئەو کەسانەن وا ئێرانیان بە جێ هێشتووە و لە وڵاتێکی دیکە ژیان بە سەر دەبەن. لە مەڕ ناهاوسانانی هاوچەرخی ئێران و ئەوەی کە لە گۆشە نیگای خۆیانەوە چۆن لەم کۆمەڵگایە دەڕوانن، لێکۆڵینەوەی زۆر کەم ئەنجام دراوە. دەتوانین بڵێین هیچ زانیارییەک لە مەڕ ئەزموونی کەسانی ناهاوسانی دانیشتووی وڵاتی ئێران بوونی نییە. بە شێوەی تایبەت، هیچ توێژینەوەیەک سەبارەت بە ژیان و هەستی ئەوان لە ئێران و چۆنیەتی کارتێکراوی ئەزموونیان لە شووناسی ڕەگەزییان لە بەر دەستدا نییە یان ئەگەر هەیە زۆر کەمە. ئەم توێژینەوە بە نیازە ئەم بۆشاییە زانستییە بۆ بابەتێک کە تا ئەم ڕادە گرینگە پڕ بکاتەوە. بە پێی زانیارییەکانی من، ئەمە

یەکەمین توێژینەوەیە کە لە ناوخۆی وڵاتی ئێراندا لە مەڕ ناهاوسانان ئەنجام دراوە. ئەم توێژینەوە بە ئاوڕدانەوە لە جوگرافیای ئێران ڕەهەندێکی نوێ بە دەقەکانی پەیوەندیدار بە ناهاوسانان زیاد دەکات.

ئەم توێژینەوە خەڵکناسانە، بواری پشتگوێ خراوی ڕەگەزێتی لە ئێران بە ڕوانینی لایەنە بێژومار و ئاڵۆزەکانی شووناسی ڕەگەزێتی و وردەکارییەکانی لە حەشیمەتی ناهاوسانان، لە بەستێنی ناسینی ڕوو لە زیادبووی هۆگرییە سێکسییەکان لێک دەداتەوە. لە هەمان کاتدا، لە دژی خراپ تێگەیشتنە باوەکانی پەیوەندیدار بە ناهاوسانان و ڕەگەزێتی لە ئێران دەوەستێتەوە و ڕەخنە لەو ئەفسانە و گێڕانەوانە دەگرێ کە زۆر جار بوونەتە هۆی تێگەیشتننی هەڵە لە ڕەگەزێتی و ئامادەکردنی سیاسەت و تێڕامانی هەڵە بۆ ئەوەی ببێتە ڕێخۆشکەری ئاراستەیەکی گشتگیرتر.

ئەم توێژینەوە زۆر ئاڵۆزە، چوونکە ماوەڕای ڕوانگەی گشتی و سادە بۆ هۆگری سێکسی و بیر و ڕای پەیوەندیدار بە ڕەگەزێتی لە بواری ژیانی تایبەتی و گشتی تاکە. بۆ یەکەمین جار، ئەم توێژینەوە سەرنجی خستە سەر دیمانەی قووڵ لەگەڵ 300 کەس (60 لە سەد پیاو و 40 لە سەد ئافرەت) لە سەر ئاستی سێ گەورەشاری ئێران (تاران، مەشهەد و ئێسفەهان). لەم کارەدا کێشەکانی پەیوەست بە گۆڕانەکارییەکانی ئەم سەردەمە لە پەیوەندییە ڕەگەزێتییەکان و چۆنیەتی ئەم پەیوەندییانە لە وڵاتی ئێران تاوتوێ کرا و لە هەمان کاتدا، چوارچێوەیەکی تیۆریی و شێوازمەند بۆ خوێنەران، ناهاوسانان، زانکۆکان و ناوەندە توێژینەوەییەکان، چالاکڤانانی بواری گشتی و کۆمەڵایەتی و خوێندکارانی زانکۆ خرایە ڕوو بۆ ئەوەی بە گوێرەی

ئــەوان ناهاوســانان تــاوتویٚ و تویٚژینــەوەیان لــە ســەر بکریٚــت. ئامانجــە سەرەکییەکانی ئــەم پــرۆژە تویٚژینەوییــە، تیٚگەیشــتن لــە هەســت و بــاوەڕی سەبارەت بە ناهاوسانان لە وڵاتی ئیٚران لە ڕیٚگــەی شــرۆڤەی ڕەخنەییانــە لــە ڕوانگەی ئەم کەسانە خۆیان و هەروەها لیٚکدانەوەی ئەو کیٚشانەیە کە ئــەوان بە هۆی ژیان لە کۆمەڵگایەکی ئایینیی، چین‌تەوەر، نەریتخواز و باوک‌سالار، کــە ناهاوســانی وەک شووناســیٚک ڕەت دەکەنــەوە، بــە ئــەزموونی دەکــەن. پرسیاری ئەم تویٚژینەوە لیٚرەوە دەســت پیٚــدەکات. پیٚویســتیی ئاوڕدانــەوە لــە جڤاکی ناهاوسانان و خەسارهەڵگری ئەم کەسە سەرکوت کراو و ناچــار بــە بیٚدەنگی کراوانە بوو بە هاندەریٚک بۆ ڕوونکردنەوەی بارودۆخی ئەم کەسانە کە بە ئەنقەست پشتگویٚ دەخریٚن و لە لایەن کۆمەڵگاوە پەراویٚز خراون.

ئــەم تویٚژینــەوە کــەڵک لــە ئاویٚتەیــەک لــە ئاراســتەی دیاردەناســانە، هیٚرمۆنۆتیکی، پاشمۆدیٚرن و دەروونناسی وەردەگریٚ بــۆ ئــەوەی شــیٚوازیٚکی تیــۆریی دروســت بکــا کــە بــۆ هــەموو تویٚژینەوەیــەک لــە مــەڕ ئــەزموونی ناهاوسانی شیاو بیٚ و لە هەمان کاتدا، لــە بینــراو و هەســتی تــویٚژەریش لــە پیٚوەری پشت ڕاست کردنەوەی تویٚژینەوە بۆ پاراســتنی «ئــۆبژیٚتی» لــە خــۆ بگریٚــت. ئــەم شــیٚوازە تــاک وەک دوایــین دادوەری هــەر دۆزینەوەیــەکی دەروونناسانە دەزانیٚ و بۆ تیٚگەیشتنی دیاردە پیرۆزەکان ڕیٚگە چارەی تایبــەت دەخاتە ڕوو کە زۆر بە تۆخی ڕیشەیان لە ئەزموونە زەینییەکاندا هەیە.

## شێوازناسی (بەرنامەڕێژی توێژینەوە، نموونەگیری، پێکهاتە و پێوەرەکان)

ئەم توێژینەوە لە مەودای ساڵانی 2016 و 2017 ئەنجام درا. داتا مەیدانییەکانی ئەم توێژینەوە لە مانگی سێپتێمبێر هەتا مانگی دیسەمبەری ساڵی 2017 کۆ کرانەوە. زۆربەی ئەو پرۆژانەی وا ئەم ناوەرۆکەیان لە خۆ هەڵگرتووە، شێوازناسییەکی دروستیان نییە و زۆر جار تووشی کەمایەسی حاشاهەڵنەگری نموونەگیری دەبنەوە. ناهاوسانان لە وڵاتی ئێراندا کەمینەیەکی ناچار بە بێدەنگی کراون کە زۆر جار ناچار دەبن شووناس یان هۆگری سێکسی خۆیان لە بنەماڵە و هاوڕێکانیان بشارنەوە و ئەمە ترسی جێکەوتوو لە سەرکۆنە و تاراندنی کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوە. سەرەڕای ئەمە، ئەم توێژینەوە بەم ئاگادارییەوە دەستی پێکرد کە 300 کەس ناتوانن نوێنەری حەشیمەتی گشتی ناهاوسانان لە ئێران بن؛ بەڵام بێگومان ئەنجامدانی 500 دیمانە تەواوە بۆ گەیشتن بە ستانداردێکی قبووڵ کراو و شێوازی توێژینەوەی پڕبایەخ. بێگومان ئەم خوێندنەوە لێکۆڵینەوەییە دەلاقەیەکە بەرەو ڕووی ژیانی ناهاوسانانی ئێران کە ژیانی شاراوەیان هەڵبژاردووە. هیوامان وایە ئەنجام و ئاکام گرتنەکانی ئەم توێژینەوە ببێتە هۆی سیاسەت و دەستێوەردانی نوێ. توێژینەوەی نوێ دەبێ ئەم کارە لە حەشیمەتێکی بەربڵاوتر و ئەگەر کرا سەرتاسەری وڵات بگرێتەوە، دووپات بکەنەوە و ڕادەیەک دیاری بکەن کە ئەنجامەکان بتوانن بە پێی کەسێک کە بە ناهاوسان دەناسرێ، جیاواز بن.

ئەم توێژینەوە خوێندنەوەیەکی ڕابردووبینە؛ گەورەساڵان لە مەڕ کۆمەڵێ

ئەزموون هەندێ زانیارییان خستۆتە ڕوو کە لە ساڵانی مێرمنداڵیدا ڕوویان داوە. لەوانەیە ئەم مەسەلە بۆتە هۆی ئەوەی کە لە پێناسەکردنی هەندێ لە کاردانەوەکانی بنەماڵە بۆ شووناسی ناهاوسانی ئەوان خراپ تێگەیشتنێک ڕوو بدات. بۆ هەرچی کەمتر کردنەوەی دڵەڕاوکێیە، خوێندنەوەی پێوەرەکانمان ئامادە کرد کە هەتا ئەو جێ دەکرێ بە شێوەی ئۆبژەیی وڵامی ئەم پرسیارانە بدرێتەوە کە ئایا بە ڕاستی هەڵسووکەوت یان وڵامێکی تایبەت لە لایەن بنەماڵە سەبارەت بە شووناسی ناهاوسان ڕووی داوە یان نا. دڵەڕاوکێیەکیتر بە هۆی ئەوە بوو کە وڵامدەران یان وڵامی پرسیارە هەستیارەکانی پەیوەندیدار بە هۆگرییە سێکسییەکان نادەنەوە یان وڵامێکی دروست نادەنەوە. ئەم توێژینەوە بە شێوەی تایبەت، بۆ هەڵکشاندنی ئاستی نهێنیبوونی ژینگەی توێژینەوە زۆر وریا بوو بۆ ئەوەی وڵامدەران هان بدا کە بە بێ شەرم یان ناڕەحەتی وڵامی پرسیارە هەستیارەکان بدەنەوە.

یەکێک لە پرەنسیپە تایبەتەکانی پانتای ئەم توێژینەوە ئەوەیە کە تەنیا سەرنجی خستۆتە سەر ناهاوسانانی هۆگری سێکسی و ئاوڕی لە کەسانی ترەنس (کە هەر دوو لایەنی ژنانە و پیاوانەی سێکسی لە خۆ دەگرن و هەر دوو لایەنەکان بە شێوەی هاوکات چالاکن) نەداوەتەوە. ترەنسبوون بەشێکە لە ناوی کورتکراوەی LGBT (ناهاوسانان). کەسانی ترەنس بە ئەنقەست نەهێنراونەتە ناو ئەم توێژینەوە؛ چوونکە لە وڵاتی ئێراندا لە ڕووی یاساییەوە تا ڕادەیەک داکۆکی لە سەر پێگەیان کردووە. ئەگەرچی ئەوان لە ئێران بە فەرمی ناسراون و بە پاساودار دەناسرێن، بارودۆخی ئەوان بە فتوایەکی فیقهی بەستراوەتەوە کە ئیزنیان پێ بدا بۆ ئەوەی نەشتەرگەری گۆڕینی ڕەگەز

ئەنجام بدەن. لە ناوەڕاستەکانی دەیەی 80ـی زایینی، گـەورە زانـای ئـایینی ئێران، ئایەتوڵڵا خومەینی، فتوایەکی دەرکرد کە تێیدا ڕێگە بـە ترەنسـەکان درا کە نەشتەرگەری گۆڕینی ڕەگەز ئەنجام بدەن. لە ساڵی 2008ـی زایینی لـە وڵاتی ئێران پتر لە هەر وڵاتێکی تری جیهان (هەڵبەت جگە لە تایلەند) ئـەم کارە ئەنجام دراوە. زۆر جار دەوڵەت نیوەی تێچـوو (و لـە هەنـدێ حاڵەتـدا هەر هەموو تێچووی) نەشتەرگەری ئەو کەسانەی وا لە ڕووی ماڵییەوە نەدارن لە ئەستۆ دەگرێ و هەر بەم پێیە گـۆڕینی ڕەگـەز لـە ناسـنامەی کەسـەکە بـە فەرمی دەبێت.

ئەم مۆڵەتە یاساییە ئەگەرچی لەوانەیـە مزگێنـی بـەخش بێـت، بـەردەوام لەوانەیە گۆڕانی بە سەردا بێت. ئەم بابەتە گرینگە هۆکـاری ئـاوڕ نەدانـەوەی ئەم توێژینەوە لە ترەنسەکان بوو؛ جیا لەوەی کە ترەنسەکان لە وڵاتـی ئێرانـدا پێشـتر تـاوتوێ کـراون و بـە شـێوەی بـەربڵاو بابـەتیان لـەبارەوە نووسـراوە. سـەرەڕای ئـەوەی ئـەوانیش وەک گرووپێکـی شـیاوی ناسـین، کێشـەی هاوشێوەی کێشە و گرفتەکانی هاوڕەگەزخوازانیان هەیە، کێشـەگەلی وەکـوو ناونیتکـە، تونـدوتیژی و زۆرداری لـێ کـردن. بـەڵام جیـاوازی سـەرەکی ترەنسەکان و هاوڕەگەزخوازان لەوەدایە کە دەوڵەت نکۆڵی لە بوونیان ناکات. لە چاو ناهاوسانانی دیکە، لە ئێراندا کەسـانی تـرەنس کـەمتر دەکەونـە بـەر ناونیتکە و دەرکران (بۆ زانیاری پتر بڕوانـە بەشـی مافـەکانی ناهاوسـانان لـە ئێران). لە هەمان کاتدا توێژەران بـۆ هەسـتیارکردن و سـەرنج خسـتنە سـەر پێگەی تا ڕادەیەک هەستیاری ترەنسەکان لە کۆمەڵگای ئێراندا پەرۆشـییەکی جیدی و شیاویان هەیە. هەر بەم پێیـە، ئـەم دڵەڕاوکێـیە بـووە هۆکارێـک بـۆ

ئەوەی بە بێ ڕەچاوکردنی ترەنسەکان ئەم توێژینەوە ئاوڕ لە ناهاوسانان بداتەوە.

کە واتە بە لە بەرچاو گرتنی کەم و کۆڕی کات، وا بڕیار درا کە سەرنجی توێژینەوە لە سەر ئاراستە، هەست، باوەڕ، ئەزموون و کاردانەوەی بەرامبەر بە ناهاوسانان لە ئێران بێ بۆ ئەوەی زانیاری پتر لە مەودایەکی کورتی کاتیدا دەست بخرێت. زەروورەت و پێویستی سەرنج خستنە سەر جڤاکی ناهاوسانان و خەسارهەڵگری ئەم تاقمە زۆر ستەم لێکراو و کپ کراوە زۆر گرینگە. سەرەڕای ئەمە نابێ لە ئیش‌کردن لە سەر ناهاوسانانی کۆمەڵگای ئێرانی ئەو هەڕەشە زۆرانەی کە کۆمەڵگای ترەنس ڕووبەڕوویان دەبێتەوە (وەکوو ناو نیتکە، دەرکران و گۆشەگیری لە کۆمەڵگا یان کەسە نزیکەکان، نامۆیی و نەهامەتی ئابووری) پشتگوێ بخرێن.

# بەشی 1 :

# ئەدەبیاتی هۆگری سێکسی ـ پێناسە، ڕوونکردنەوە و کورتە مێژوو

## بابەتەکان:

پێناسە، شرۆڤە و کورتە مێژووی

هاوڕەگەزخوازی

ناهاوسان وشەیەکی بەربڵاو

سێ جۆری دەرخستنی دەمارگرژی ڕەگەزی

شرۆڤەی مێژوویی ناهاوسانان و

شۆڕشگێڕیەکانیان

ناهاوسانان لە وێژەدا

بیرۆکە پێوەندیدارەکان بە ناهاوسانییەوە

ڕەگەزێتی، ڕەگەز و هۆگری سێکسی چەمکگەلێکی مەلەوەر و بەردەوام لە گۆڕاندان کە بناغە و سرووشتی پەیوەندییە مرۆییەکان پێناسە دەکەن. لەم بەشەدا شێوازە جۆراوجۆرەکانی ئەم پەیوەندییانە، کە لە چوارچێوەی ئەم چەمکانەدا پێکەوە لە پەیوەندیدان، تاوتوێ دەکرێن. هەروەها ئەوەی کە لە کەلتوور یان کۆمەڵگایەکدا تابۆیە، گونجاوە کە لە کۆمەڵگایەکی دیکەدا زۆر بە ئاسانی وتوویژی لە سەر بکرێت و ئەوەی کۆمەڵگا و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان بە شیاو و پڕبایەخی دادەنن، لە بیچمدانی مانای ڕەگەزێتی دەورێکی تۆخ دەبینێت. وەک دیارە بە هۆی گۆڕانی ئاراستە کۆمەڵایەتییەکان، بایەخی ئەم چەمکانەش بە خێرایی گۆڕانیان بە سەردا دێت. سەرباری ئەمە، ئەگەرچی ئێمە لە وتوویژ لە سەر هەڵسووکەوتی سێکسی کراوەترین، لە زۆر دیوەوە، ئەم بابەتە هێشتا لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهاندا بابەتێکی تایبەتییە.

لە کاتێکدا کە ڕەگەزێتی زۆر جار بە شێوەی نەریتیی لە چوارچێوەی مێینە و نێرینەدا وەسف دەکرێ، لایەنێکی ناسراو لە پلە جیاوازەکان بوونی هەیە کە بە پێی ئەو، کەسێک نۆرمە کۆمەڵایەتییەکانی ئافرەت یان پیاوێکی ئایدیال و هەرەباش تێک دەشکێنێ یان سەرپێچی لێ بکات. بە درێژایی مێژوو و لە ناو کەلتوورە جیاوازەکاندا، پێناسەی ژنێتی و پیاوەتی زۆر جیاواز

بــووە و ئەمــە وای کــردووە تــوێژەران، ڕەگــەزێتی و ڕۆڵــە ڕەگەزییــەکان بــە چێکراوی کۆمەڵگا بزانن. لە ئێستادا هەڵسووکەوتی ڕەگەزێتی زۆر هــەن کــە بــە گــوێرەی ئــەوان، شــووناس و بیچمــە ڕەگەزییــەکانی هــەمان نۆرمــە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان ڕێککەوتنیان لە سەر کراوە.

«ڕەگــەز» وەک تایبەتمەندییــەکی زیندەوەرناســی (بــایۆلۆژی) زۆر جــار پرسیاری سەرەتایی لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ژنێکە کە چاوەڕێی منداڵــە. بە وتنێکی سادەتر، ڕەگەز دەڕوانێتە جیاوازیی فیزیایی یان فیزیۆلۆجی نێــوان لەشی پیاوان، ژنان و کەسانی نێوانڕەگەزی کە هەم تایبەتمەنــدی ســەرەتایی ڕەگــەزێک (سیســتەمی زک و زا) و هــەمیش تایبەتمەنــدی دووهــەم (وەک مەمک و مووی دەموچاو) لە خــۆ دەگــرن. ســەرباری ئەمــە، ڕەگــەزێتی بــە شێوەی کۆمەڵایەتی بە گوێرەی ئــەو تایبەتمەندییانــە دیــاری دەکــرێ کــە لــە پۆلێنبەندی ڕەگەزی سەرچاوە دەگرن و بەش بە حاڵی خۆیــان ڕەنگدانــەوەی ئەو جیاوازییە کۆمەڵایەتی یان کەلتوورییەن کە لەگــەڵ ڕەگــەزێکی تایبــەتن. کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی و زۆر کۆمەڵگای دیکە هەمیشە تەنیا دوو ڕەگــەزی ژن و پیاویان بە فەرمی ناسیوە. بــەو پێیــەی کۆمــەڵگای ئێمــە هــەتا ئــەو جێــی پەیوەستە بە ڕەگــەزەوە، لــە سیســتەمێکی دوو جەمســەریدا ئــیش دەکــا، دوو هەڵبژاردەی زیاتر بەدی ناکرێ: پیاو و ئافرەت. ڕەگەز (ئــافرەت یــان پیــاو) و ڕەگەزێتی (ژنانە و پیاوانــە) نازنــاوی ڕەپــاڵ خــراون کــە زیــاتر دەبنــە هــۆی سەرلێشێواوی کە بە هەڵە بــە کــار دەهێنــرێن. ڕەگــەز جۆرێــک پۆلێنبەنــدی بایۆلۆژییە. بیمین و ڕانکین دەڵێن ڕەگەزێتی لە ڕەگەز جیایە بەڵام پەیوەنــدی لە گەڵ هەیە: ئەوان ڕەگەزێتی وەک وەرگێڕانی ڕاستییە زیندەوەرناسییەکان لــە

چاوەڕوانی کۆمەڵایەتی لە «ئافرەتان[1]» و «پیاوان»[2] ڕەچاو دەکەن. بەڵام ئێستا بۆمان دەردەکەوێ کە ڕەگەزی کەسێک، ئەو جۆرەی کە بە پێی بایۆلۆژی ئەو دیاری دەکرێ، هەمیشە لەگەڵ ڕەگەزێتی ئەو هاوئاهەنگ نییە. کە واتە ناتوانین وشەکانی «ڕەگەز» و «ڕەگەزێتی» لە بری یەکتر بە کار بهێنین.

ئەم دیاردە کۆمەڵایەتی - کەلتوورییە کە تێیدا کەسەکان بە گوێرەی ڕەگەزی بایۆلۆژیکی خۆیان بەو ڕۆڵ و دەورانەی وا دەخرێتە ئەستۆی هەر کامیان، پۆشاک و چەندپاتەکان بۆ سەر یەکێک لەم دوو تاقمە دابەش دەبن، زۆر زوو دەست پێدەکات. ئەگەرچی کۆرپەلە هێشتا لە دایک نەبووە و لە ناو شلەی ئامینۆتیکی منداڵدانی دایک مەلەوەرە، لەگەڵ ئەوەی ڕەگەزی کۆرپەلە دیاری دەبێت، (نێوان 16 بۆ 20 حەوتەیی) خۆ بە خۆ لە ڕۆڵی کچ یان کوڕ، چاوەڕوانی و بەرپرسایەتییە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ کۆمەڵی ناو و ئەو ئەرکانەی کە شووناسی تاک دروست دەکەن، دەخرێتە پاڵ کۆرپەلەی ناو منداڵدان. لە کاتی گیرسانی یەکەم نووتفە، ڕەگەزێتییەک بە کۆرپەلەکان دەدرێ (بە پێی چەمکەکانی پیاو یان ئافرەت) و بە جۆرێک کۆمەڵایەتی دەردەکرێن کە بە پێی ئەم ڕەپاڵ خستنە، لەگەڵ دەورە ڕەگەزێتییە تایبەتەکان سازگار بن. بیچمگرتنی شووناس، کە خۆی وەک ئێتیکێتێک دەزانرێ، پیشاندەری هۆگری زۆری مرۆڤەکان بە پۆلێنبەندیکردن و

1. بیمین، جێینی و سۆزان ڕانکین. 2011. The Lives of Transgender People نیۆیۆرک: چاپخانەی زانکۆی کلۆمبیا

ئێتیکێـت نووسـاندن بـە خۆیانـە. منـداڵان هـەرچی زیـاتر لەگـەڵ ڕۆڵـە ڕەگەزێتییە پێشنیار دراوەکان لە تەمەنی زۆر کەمـدا سـازگار دەبـن؛ لەوانەیـە ئەمە بە بەتانی پەمەیی لە هەمبەر بەتانی شینی ساوا دەست پێ بکا کـە خێـرا دەبێتە هـۆی هـەڵبژاردنی کەرەسـەی یـاری و ئـەو یارییانـەی کـە لـە ڕووی کەلتوورییەوە بۆ کچان و کوڕان ڕەچاو دەکرێن. منداڵان لە تەمەنی نێوان دوو بۆ سێ ساڵان بە پێی جۆری کەرەسەی یاری و ئـەو یارییانـەی وا ئـەوان بـە باشی دەزانن دەست دەکەن بە کۆپی‌کردنی کلیشە ڕەگەزێتییەکان. ئەم بابەتە پێباشییەکانی ئەوان لە پۆشاک، کەرەسە و ئیشی ناوماڵیش دەگرێتەوە.[1] ئـەم ڕۆڵە ڕەگەزێتییانە دروست دەکرێن و دواتر لە ڕێگەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی پەسند و داکۆکیان لە سەر دەکرێ و دینامیکە سیاسی و ئابوورییەکان بـەهێز دەکەن.

کۆمەڵگا سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی پیاو و ئـافرەت پێناسـەی خـۆی هەیە کە لە ڕێگەی پرۆسەی قبووڵکردنی کۆمەڵایەتی تۆکمە دەبن. پرۆسەی قبووڵکردنی کۆمەڵایەتی بە لاسایی‌کردنەوە و نواندنەوەی بێ‌کەمایەسی ئـەم تایبەتمەندییانە بە وردی پێناسە کراوانە، تاکـەکان مەرجـدار دەکـات. بـەڵام تایبەتمەندییە ڕەگەزێتییەکان لە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکانـدا زۆر جیـاوازە. بـۆ وێنە، لە هەندێ لە کەلتوورە ڕۆژئاواییەکان، پۆشینی کـراس یـان داوێـن بـە ژنانە (یان هێمایەک لە ڕەگەزێتی ئافرەتانە) دەزانرێت. ئەوە لە حاڵێکدایە کـە

1. ئێسپێنسێر ئەی. ڕاتۆس. Childhood: Voyages in Development. Cengage Learning, 2013

وێنای داوێن لە پاکردنی پیاوێک لـە هەنـدێ لـە ناوچـەکانی جیهانـدا زۆر تابۆیە، لە هەلومەرجی تایبەتدا داوێـن لـە پـاکردنی پیـاوان پەسـند کـراوە. هەروەها لە هەندێ لە کەلتوورەکانی خۆرهـەڵاتی نـاڤین، ئاسـیا و ئـەفریقا، کراس یان داوێن کە زۆر جار پێی دەوترێ کەوا، خەرقە یان سارەنگ بە جل و بەرگی پیاوانە دەناسرێت. هەر بـەم شـێوە، ئـەو داوێنانـەی وا کـە پیـاوانی سکۆتلەندی لە پێی دەکەن نابێتە هۆی ئەوەی کە لـە کـەلتووری ئـەوان وەک جل و بەرگێکی ژنانە لە قەڵەم بدرێت.[1]

بە گشتی، ڕەگەزێتی، ئاماژە بە کۆمەڵێکی بەربڵاو لە چاوەڕوانی و نۆرمە هاوبەشەکان دەکات کە پەیوەستە بە هەڵسووکەوتی پیاوان و ژنـان، کچـان و کوڕانەوە. ڕوانینی دوو جەمسەری بۆ ڕەگەزێتی (ئەم ئایدیایە کە کەسێک ژنە یان پیاوە) تایبەتە بە هەندێ لـە کەلتوورەکانـە و گشـتی نییـە.[2] لـە ڕاسـتیدا، دووانەی دیترڕەگەزخواز ـ هاوڕەگەزخوازی کە سەرچەشنی ڕەگەزی ئێستا لە کەلتووری ئەمریکاییە، شتێکی تا ڕادەیەک نوێیە.[3]

لە هەنـدێ لـە کەلتوورەکانـدا، ڕەگـەزێتی بـە مەلـەوەر دەزانـن. خـاڵی سەرنجڕاکێش لێرەدایە کە هەندێ لە کۆمەڵگاکان ڕەهەندێکی سێیەم قبـووڵ دەکەن کە تێیدا کەسەکە بە هاوڕەگەزخواز نازانرێ، بەڵکوو تەنیا هاوبەشێکی

---

1. پێناسەی ڕەگەز، ڕەگەزێتی و هۆگریی سێکسی. www.boundless.com
2. پەیوەندیی نێوان هۆگریی سێکسی و ڕەگەزێتی چییە؟ Sexuality ...spl.ids.ac.u |/
3. چانسی، جەی Gay New York: The Making of the Gay Male World 1890-1940 (1995) لەندەن بریتانیا. فلامینگو

ژنانیلە و بێدەسەڵاتە.[1] لە ڕابردوودا، هەندێ لە خەڵکناسان دێـڕی بـەرداچ (**Bardache**)ـیان بۆ ئاماژەکردن بە کەسانێک بە کار دەهێنا کە جار جار یان هەمیشە وەکوو ڕەگەزی بەرامبەری خۆیان جل و بەرگیان لە بەر دەکـرد یـان دەژیان؛ ئەو شتەی کە لە نـاو گرووپـە خۆجێییـە ناوازەکانـدا بـەدی دەکـرا. بەرداچ (پیاوی سوورپێستی هاوڕەگەزخواز) بە ڕەگەزی سـێیەم دادەنـرا. بـۆ پیاوان بوونی پەیوەندی سێکسی لەگـەڵ بـەرداچ پەسـند کـراو بـوو؛ بـەڵام پەیوەندیی سێکسـی بەرداچـەکان لەگـەڵ یـەکتر تـابۆ بـوو.[2] دەتـوانین ئـەم پەسندکردنی ڕەگەزی سێیەمە لە کەلتووری سامۆرایی، لەوەی پێـی دەوتـرێ فافاین، بەدی بکەین. وەرگێڕانی دروستی فافاین (شێوازی ژنانە)ـیە. ئەم دێڕە کەسانێک پێناسە دەکا کە بە شێوەی بایۆلۆجیک پیاو لە دایـک دەبـن؛ بـەڵام هەر دوو تایبەتمەندی ژنانە و پیاوانەیان لە خۆدا هەڵگرتووە. فافاینەکان وەک لایەنێکی گرینگـی کـەلتووری سـامۆرایی دەزانـرێن. لـە ڕاسـتیدا لەوانەیـە کەسانێک لە کەلتوورەکانی دیکەدا ناونیتکەی هاوڕەگەزخواز بخەنە پاڵیـان؛ بەڵام فافاینەکان ژیانێکی ڕەگەزی جیاوازیان هەیە کە لەوانەیە ژنان و پیـاوان (هەر دوو) بگرێتەوە.[3]

---

1. جیکۆویز، سۆ ئەلەن - ڤێسلی تامس و سابین لانگ، Two Spirit People: Native American Gender Identity, Sexuality, and Spirituality. Champaign. چاپخانەی زانکۆی ئیلیۆنئیز.

2. جیل ئێم. چۆنۆدی، فیلیپ ئێس. کاوناوا، مایکڵ ئار. ڤوودفۆرد. 1997. Two Spirit People: Native American Gender Identity, Sexuality, and Spirituality. Champaign. گۆڤاری هاوڕەگەزخوازی 63:12

3. پۆئاسا، کریس، 1992.
The Samoan Fa’afafine: One Case Study and Discussion of Transsexualism
←

چاوەڕوانی لە هەر دوو ڕەگەزێتییەکە دەکرێ کـە ڕەچـاوی بـەها سـەختە چێکـراوە کۆمەڵایەتییـەکان بکـەن. لـە کـەلتووری ڕۆژئـاوا و وڵاتـانی پیشەسازی، ئەمە واتە «پیاوانە» لە هەمبەر «ژنانە». لە ئەنجامدا، کەسـەکان پێیان خۆشە بە شێوەیەکی دووانە سەیری ژنێتی و پیـاوەتی بکـەن و پیـاوان و ژنـان وەک دو ڕەگـەزی تـەواو دژ بـە یـەک ببیـنن. لـە ڕێگـەی پرۆسـەی قبووڵکردنی کۆمەڵایەتی، تاک لەگەڵ هەندێ لە نۆرمەکان ئاشنا دەبـێ کـە زۆر جار پەیوەستە بە ڕەگەزی (بایۆلۆژی) ئـەوەوە. ئـەم نۆرمانـە لـە جـۆرێ سیسـتەمی پاداشــت و سـزای چـاودێری کـراو، بـە دەروونـی دەبـێ و دەپارێزرێـت. ئەگـەرچی بـایۆلۆژی بـەردەوام دەورێکـی گرینگـی هەیـە، ڕێگەیەک کە تێیدا ڕەگەزێتی پیشان دەدرێ و بە پێی ئەو ئـیش دەکـرێ، زۆر لـە ژێـر کاریگـەری ئایـدیا کۆمەڵایەتییەکاندایـە لـەوەی دروسـتە و ئـەوەی هەڵەیە.

لە تەمەنی کەمدا، تاکەکان لە ڕێگەی بنەماڵەی خۆیان، سیستەمی ڕاهێنان، هاوتەمەنەکان، ڕاگەیاندنەکان و ئایینەوە بەم بەها و نۆرمانە بە کۆمەڵایەتی دەبن. ئەو کۆمەڵگایانەی وا ئێمە تێیدا دەژین، ڕێگەی دروست و هەڵەی هەڵسووکەوتمان وەک ژن و پیاو فێر دەکەن و ئەمانە دێنە ناو ئاکار، باوەڕ و هەڵسووکەوتی «دروست» و «هەڵە». دوو جەمسەر بوونی دەورەکان بە پێی ڕەگەزێتی پێویستی بەوەیە کە ئەندامانی کۆمەڵگا بۆ پاراستنی تایبەتمەندییە توندوتۆڵە پێناسە کراوەکان، کە سرووشتی سیستەم باوەڕیی →

---

گۆڤاری دەروونناسی و هۆگرییە ڕەگەزییەکانی مرۆڤ 5 (3): 51. 39

نەریتیشن، بەشداری بکەن و هەڵسووکەوتی هاوئاراستە لەگەڵ ئەم وانانە بۆ وێنە ڕەفتاری بە پێی دەور ـ مۆدێل سازیی بنوێنن. کە واتە هەر هەڵسووکەوتێک لە دەرەوەی بازنەی ئەم نۆرمە پەسند کراو و تایبەتمەندییە پێناسە کراوانە دژ بە هەر چەشنە سازانیکی کۆمەڵایەتییە کە واتە پەسند کراو نییە. ئەم میکانیزمی زۆر قووڵی ملکەجێتی بۆ باوەڕی پەسند کراوی کۆمەڵگا بەرگەی هیچ لادان یان گۆڕانێک ناگرێ؛ چوونکە بە نیازە تەنیا ئەو گێڕانەوانە بپارێزێ وا بۆ خۆی زۆر پڕبایەخن.

پەیوەندی زۆر قووڵی نێوان ژنێک و پیاوێک پیرۆزە. بە پێی ئەم سیستەمە، ئەم بابەتە پیرۆزە بە هاوکاری مێژوو، داب و نەریتەکان، نۆرمە لە باو کەوتووەکان و هێزی هەمیشە ئامادەی ئایین لە بابەتی کفراویی جیا دەبێتەوە. ئەوەی کفرایی دێتە بەر چاو، هەر چەشنە پەیوەندیی یان هۆگرییەکی سێکسییە کە لە دەرەوەی ئەم بەها پێناسە کراوە کۆمەڵایەتییانە (بوونی پیاوان و ژنان لەگەڵ یەکتر) بێت. ئێستا پۆلێنبەندی ناهاوسانان هەموو ئەم نۆرم و سیستەمە دوو جەمسەرییانە بە چالنج دەکێشێت.

ئەو هەڵسووکەوتانەی وا بە پیاوانە و ژنانە دەناسرێن، لە کەلتوور و سەردەمە جیاوازەکاندا جیاوازییان هەیە؛ بەڵام ستانداردە نوێکانی مافەکانی مرۆڤ و نەبوونی بەڵگەی ئەزموونی بۆ پشتیوانی لە خەسارناسی و پێدانی لایەنی پزیشکی بە جیاوازییەکان لە هۆگری سێکسی ئەم نۆرمە پێشنیار کراوە کۆمەڵایەتییانە دەخەنە ململانێوە.[1] بە درێژایی مێژوو، وشەگەلی

1.لە شێر جێی.

←

«ڕەگەز» و «ڕەگەزێتی» لە بری یەکتر بە کار هێنراون؛ بەڵام لـە کۆمـەڵگای مۆدێڕن، واتاکانیان پتر لە جاران بە شێوەی جیا پێناسە دەکرێن. ئـەو شـێوازە نوێیەی کە لە ڕوانینی هۆگری سێکسی دەردەکەوێ، پێویسـتی بـە ڕێکـاری گشتگیرترە کە پیاوان، ژنان و ترەنسەکان لە پاڵ یەکتریش ببینـێ؛ بـەڵام ئـەم بابەتە لە وڵاتی ئێرانی نەریتخواز، باوک سـالار و چینتـەوەر نابینرێـت. ئـەم پرسانە بە وردەکاری چڕ و پڕەوە لە بەشەکانی دواییدا تاوتوێ دەکرێت.

لـە مـاوەی دوو دەیـەی ڕابـردوو، سەرچەشـنی گوتـاری پەیوەسـت بـە ڕەگەزێتی و هۆگرییە سێکسییەکان زیاتر بە هۆی هاتنی دێڕگەلی نوێ بۆ نـاو پێناسەی هـۆگری سێکسـی و دەرکـەوتنی تیـۆریی ئەوپـەڕنۆرمی سێکسـی (Queer Theory) لە دەیەی 90ـی زایینی گۆڕانی زۆر بەسەردا هـات. ئـەم تیۆریی و پێناسانە لە چوارچێوەی توێژینەوەی ژنان و پیاوانی هاوڕەگەزخواز ئامادە کران.[1] تیۆریی ئەوپەڕنۆرمی سێکسـی دەڵـێ «شووناسـەکان نـەگۆڕ نین، بەڵکوو مەلەوەرن»[2]. توێژینەوەکان لە ماوەی ئەم چەند دەیەدا پیشانیان داوە کە هۆگری سێکسی لایەنێکە کە تێیدا سـەرێکی ڕاکێشـانی تایبـەت بـە ڕەگـەزی بەرامبـەر بـەدی دەکـرێ و سـەرەکەی تـری هـۆگری تایبـەت بـە هاوڕەگەزە. ئەم بارودۆخە بەشێکی سرووشتییە لەوەی کـە کەسـێک هەیـە و

→

Queer diagnoses: parallels and contrasts in the history of homosexuality, gender variance, and the diagnostic. and statistical manual. Arch Sex Behav. 2010; 39(2):427–60. http://dx.doi.org/10.1007/s10508-009-9531-5.

1. باتلێر، جۆدیت،
Gender Trouble: Feminism and the Subversion of Identity, 1990

2. ڤوود، تی. جۆلیا.
Gendered Lives: Communication, Gender and Culture .62 ل

هەڵبژاردنێک نییە. سەرەڕای ئەوەی هۆگری سێکسی کەسێک لە سەرەتاکانی ژیاندا بیچم دەگرێ، ئەم هۆگرییە دەتوانێ لە درێژایی ژیانیدا بگۆڕدرێت. ئەمە بابەتێکی نائاسایی نییە و پێی دەوترێ «مەلەوەریی»، چەمکێک کە تێیدا هۆگری تاک و شووناسە ڕەگەزییەکەی دەتوانێ لە درێژەی زەمەندا گۆڕانی بە سەردا بێ و لە ئەنجامدا لە حاڵەتی بێ بزاڤی و مەندی دەربازی بکات.[1]

ئەگەرچی ئەم سەرلێشێواییەش هەیە کە زۆر جار هۆگرییە سێکسییەکان تێکەڵی شووناسە ڕەگەزێتییەکان دەبن، ئەم دوو گێڕانەوە یەک نین و جیاوازی زۆر دیاریکراویان لەگەڵ یەکتر هەیە. هۆگری سێکسی هاوپەیوەستی کەسێکە کە ئێوە ڕاکێشی ئەو دەبن و کەسێک کە وا هەست دەکەن لە ڕووی سۆزداری و سێسکییەوە ڕاکێشی دەبن. ئەم مانایە لەگەڵ شووناسی ڕەگەزێتی جیاوازی هەیە. بابەتی شووناسی ڕەگەزێتی ناگەڕێتەوە سەر هۆگری بۆ کەسێکی دیکە، بەڵکوو ئەوەیە کە ئێوە کێن: ژن، پیاو یان ئەوپەڕ نۆرمی سێکسی و هتد. چەمکی شووناسی ڕەگەزێتی شووناسدۆزی دەروونی کەسەکە لەگەڵ ڕەگەزێتییەکی تایبەت لە خۆ دەگرێ و نە ڕاکێشانی ئەو بەرەو کەسانێکی تر. پێناسەی ئەنجومەنی دەروونناسی ئەمریکا بۆ شووناسی ڕەگەزێتی بەم شێوەیە: «هەستی بنەڕەتی تاک لە پیاو بوون، ژنبوون یان ڕەگەزێکی نادیار.»[2] ئەم مانایە یەکەم جار لە ناوەڕاستەکانی

---

1. کاتز - وابز، یابرا ئێڵ. دەروونناسی و هۆگرییە ڕەگەزییەکان 2-6 (2015).

**2**. ئەنجوومەنی دەروونناسیی ئەمریکا (2009). ڕاپۆرتی گرووپی کاریی سەبارەت بە شووناسی

←

دەیەی 60 دەرکەوت و پێناسەی هەستێکی دەروونی هەمیشەیی لە تاک لە وابەستەیی بە یەکێک لە دوو تاقمی ڕەگەزێتی پیاوانە و ژنانە بوو.[1] چەمکی شووناسی ڕەگەزێتی لە درێژایی مێژوو گوراوە و تەواو بووە و ئەوڕۆ کەسانێک لە خۆ دەگرێ کە خۆیان نە بە پیاو و نە بە ژن دەزانن: «خۆتێگەیشتنی تاک لە ڕەگەزێتی خۆی (بە دوور لە ڕەگەزی فیزیۆلۆجییەکەی) وەک شووناسێکی ڕەگەزێتی لێی دەڕوانرێت.[2] هۆگری سێکسی بریتییە لە پێباشی سێکسی، فیزیایی و هەستەکی تاک بۆ پەیوەندی لەگەڵ ئەندامانی هەمان ڕەگەزی بایۆلۆجی یان / و ئەندامانی ڕەگەزی بایۆلۆجی بەرامبەر.»

هۆگری سێکسی تایبەتمەندی تاک نییە؛ چوونکە دەتوانێ لە چوارچێوەی پەیوەندی لەگەڵ دیتران یان بە وتنێکی دیکە وەک پەیوەندییەکی تایبەتی نزیک کە کەسەکان تێیدا زۆر بە قووڵی پێویستیان بە وابەستەیی و دۆستایەتی دەبێ، پێناسەش بکرێت.[3] هۆگری سێکسی زۆر پەیوەست بە شووناسی ڕەگەزییە و زۆر بە ئاسانی دەتوانین لە هەڵسووکەوتەکانی تاک لەگەڵ دیتران بۆ وێنە لە کاری سادەی وەکوو دەستی یەکتر گرتن و ماچکردن

---

ڕەگەزێتی و جیاوازییە ڕەگەزییەکان.
http://www.apa.org/pi/lgbt/resources/policy/gender-identity-report.pdf

**1**. مانی. جێی.
The concept of gender identity disorder in childhood and adolescence after 39 years (1994)

**2**. لۆ ئەی. ئای (2004). Transgender Emergence: Therapeutic Guidelines for Working with Gender-Variant People and their Families. نیۆیۆرک.

**3**. ئەنجوومەنی دەروونناسی ئەمریکا (2008). ( 2008).
Answers to your questions: For a better understanding of sexual orientation and homosexuality. www.apa.org/topics/sorientation.pdf

ببینین. لە کەلتوورە جیاوازەکاندا، لەوانەیە بۆ وەسفی ئەو کەسانەی کە هۆگری خۆیان بە کەسانی دیکە دەردەبڕن ناو و ناتۆرەی جۆراوجۆر بە کار بهێنرێت.

لایەنی هۆگری سێکسی بە شێوەی بەربڵاو بۆ سەر سێ بەش دابەش دەبێ: هاوڕەگەزخوازی، دووڕەگەزخوازی و دیترڕەگەزخوازی. هیچڕەگەزخوازی جۆری چوارەمە کە زۆر ئاوڕی لێ نادرێتەوە. هۆکاری لە سەدا سەدی دەرکەوتنی جۆری تایبەتی هۆگری سێکسی شیاوی قسە لە سەر کردنە. ئەوەی کە چۆن هۆگرییەکی سێکسی تایبەت لە هەر تاکێکدا پەروەردە دەبێ زۆر جێی باسە؛ بەڵام بیرمەندان بە دروستی لێی تێنەگەیشتوون. تیۆرییە جیاوازەکان سەرچاوەی زۆر پێشنیار دەکەن. زۆرێک لە زانایان لەو باوەڕەدان کە هۆگری سێکسی کەسەکان لە تەمەنی کەمدا بیچم دەگرێت. هەندێ لە توێژەران پەیوەندی نێوان فاکتەری ژنێتیکی، هۆرمۆنی، گەشەیی، کۆمەڵایەتی و کەلتووری لە هۆگری سێکسی بە کاریگەر دەزانن؛ بەڵام هیچ هۆکار یان هۆکارگەلێکی دیار بوونی نییە کە سەد لە سەد دیاریکەرەوە بێت. لە نەبوونی پێناسەی ڕوونی پەسەندکراوی گشتی، تیۆریی و توێژینەوەی هۆگرییە سێکسییەکان لە ڕووی لایەنی گشتگیر و کاریگەر بۆ دێڕگەلی وەکوو دیترڕەگەزخواز، دووڕەگەزخواز و هاوڕەگەزخواز تەسک بوونەتەوە.[1] سەرەڕای ئەوەی دێڕە گشتیترەکان زیاتر

---

**1**. جەیمز ئێم. لاولاک. Using the Klein Sexual Orientation Grid in Sociological Studies (2014) گۆڤاری دووڕەگەزخوازیی 3: 4-14، ل 457 ـ 467.

ڕەهەندەکانی شووناسـی ڕەگـەزیی لـە خـۆ دەگـرن، ژنـانی هاوڕەگـەزخواز (لزباین)، پیاوانی هاوڕەگەزخواز (گەی)، دووڕەگـەزخواز (بایسکشـواڵ) و تـرەنس (تـرەنس جێنـدەر) (LGBT) لەوانەیـە بـە گـوێرەی پێکهاتـەی کۆمەڵایەتی واتای جیاواز بگرنـە خۆیـان. ئـەم بەشـە پێوەرەکـانی هۆگرییـە سێکسییەکان بە هاوکـاری وشـە باوەکـان لێـک دەداتـەوە کـە زۆر جـار بـۆ دەربڕینی ئەم هۆگرییانە بە کار دەهێنرێن. ئەم توێژینەوە لەوانەیـە بتـوانێ بـۆ ڕوونکردنەوەی واتای وشەکانی سەرەوە، کە لەم دەقە سەبارەت بە شووناسـی ڕەگەزی کەڵکیان لێ وەرگیراوە، یارمەتیبەخش بێت.

شیاوی وتنە لە کاتێکدا کە چەمکی LGBT زیاتر هەڵسووکەوتە سێکسی و ڕەگەزێتییەکان لە خۆ دەگرێ، هەر ئاواش نـاتوانێ لایـەنێکی تـەواوتر لـەو کەسانە بگرێتەوە کە لە ڕووی ڕەگەزی و ڕەگەزێتییەوە لەگەڵ شـێوازە پێناسـە کراوەکان سازگار نین؛ بەڵام لە ئاراستەی ئەم وشە باوانە، ئـەم توێژینـەوە بـۆ ئامـاژەکردن بـە هـەموو کەمینـە سێکسـی و ڕەگەزێتییـەکان بـەدەر لـە دیترڕەگـەزخواز و هیچڕەگـەزخواز سـوود لـە دێـڕی ناهاوسـانان (LGBT) دەبینێت.

## ناهاوسانان: وشە گشتگیرەکان

ناهاوسـان (LGBT) وشـەیەکە کـە بـۆ ئامـاژە بـە هاوڕەگـەزخوازانی ژن، هاوڕەگەزخوازانی پیـاو، دووڕەگـەزخواز و ترەنسـەکان بـە کـار دەهێنرێـت. جڤاکی ناهاوسانان لە بنەڕەتـەوە کۆمەڵگایـەکی هەمـە چەشـنە و ئـەم وشـە تێدەکۆشێ جۆرێک یەکدەستی لە کۆمەڵگای کەسانێکدا دروسـت بکـا کـە دیترڕەگەزخواز نین. سەرەڕای ئەم ڕاستییە کە ئەم گرووپانە هەر هەموویان لە

دێڕی کورتی LGBT کۆ بوونەتەوە، «هەر پیتێکی ئەم کـورتکراوە پانتایـەکی بەربڵاو لە نەتەوە، ئێتنیک، داب و نەریت، پێگەی کۆمەڵایەتی – ئـابووری و شووناسەکان لە خۆ دەگرێ.[1]» ئەو کۆمەڵگایەی کە ناهاوسانێک بتوانێ قسە بکا و ملی بەرز بگـرێ و هـەموو ڕەگـەزێتی و هۆگرییـە سێکسـییەکانی بـە فەرمی بناسێ و لە باوەشی بگرێ، پێویستی بە وشەیەکە کە بتـوانێ ئەندامـە هەمە جۆرەکانی لە خۆ بگرێت. گشتگیرترین وشەیەک کە لە ئێستادا بە کـار دەهێنـرێ، ناهاوســان (ژنــانی هاوڕەگــەزخواز، پیــاوانی هاوڕەگــەزخواز، دووڕەگەزخواز و ترەنسەکان)ـە کە هێشـتاش هـۆگری سێکسـییەکانی وەک دیترڕەگەزخوازان و هیچڕەگەزخوازان دەسڕنەوە. گرینگە کە لـە چوارچێـوەی ئەم توێژینەوەدا بزانین کە چۆن ئەندامانی ئەم کۆمەڵگەیـە شـووناسدۆزی و خۆیان پێناسـە دەکـەن. ئەگـەرچی ئـەم پێڕسـتە دوور و درێـژ نییـە، خـاڵی دەستپێکە. لە درێژەدا شرۆڤەیەک لە وشە سەرەکی و گرینگـەکانی هۆگرییـە سێکســـییەکان هێنـــراوە کـــە دەکەونـــە نـــاو ڕیزبەنـــدی ناهاوســـانان، دیترڕەگەزخوازان و هیچڕەگەزخوازان. لە بەشی پێناسەکاندا ڕوونکردنـەوەی زیاتر هاتووە.

## ئـ. پیاوانی هاوڕەگەزخواز (گەی) و ژنانی هاوڕەگەزخواز (لزباین):

هۆگری بۆ هاوڕەگەز چەمکێکی نوێ نییە؛ مێژووەکـەی نەناسـراو نییـە و لـە

---

**1**. کۆڤین ئێڵ ئاڕد، هارڤی جێی. ماکادۆن. IMPROVING THE HEALTH CARE OF LESBIAN, GAY, BISEXUAL AND TRANSGENDER (LGBT) PEOPLE: Understanding and Eliminating Health Disparities. ل 3

هەموو چاخ و سەردەمێکدا بوونی هەبووە. زۆرێک لە دەقە کۆنەکان لـە مـەڕ هاوڕەگـەزخوازی پیشـانیان داوە کـە زۆر کـەلتوور بەرامبـەر بـە پەیوەنـدی هاوڕەگەزان لەگەڵ یەکتر نەرمییان نواندووە؛ چوونکە لە کۆمەڵگاکانی یونان و ڕۆمای کۆن ئەمەیان بە ڕێوڕەسمی تێپەڕین بۆ پیـاوە گەنجـەکان لـە قەڵـەم دەدا.[1] بەڵام وشەی هاوڕەگەزخواز لـە کۆتاییـەکانی سـەدەی نۆزدەهـەم لـە لایەن دەروونناسێکی ئەڵمانی بە ناوی کارۆڵی ماریا بنکێرت هاتـە گـۆڕەوە. بەر لەو، هاوڕەگەزخوازی وەک ڕەهەندێک لە هۆگری سێکسی سەیر دەکـرا، بە بێ ئەوەی ناو یان نازناوێکی هـەبێت.[2] لـە ڕابـردوودا، پەیوەنـدی لەگـەڵ هاوڕەگەز تاوان بوو و زیاتر لە هەمووان باوەڕە ئایینییەکان ڕەتیان دەکردەوە. لە زۆرێک لە وڵاتان ئـەم هەڵسـوکەوتە هێشـتا قەدەغەیـە و هاوڕەگـەزخوازی هەمیشە وەک چەمکێکی ڕۆژئاوایی و بیانی لێی دەڕوانرێت.

هاوڕەگەزخوازی شووناسێکە کە تاک تێیدا خۆی بە لاوە گەی یان لزباینە (هاوڕەگەزخوازی پیاو یان ئافرەت). لەم شووناسەدا، تاکەکان زیاتر هـۆگری کەسـانی هاوڕەگـەزی خۆیـان دەبـن و پەیوەنـدی سێکسـییان لەگـەڵ سـاز دەکەن. هەڵسووکەوتی هاوڕەگەزخوازانە زۆر جار لەو پیاو و ژنانە دەوەشێتەوە کـە هـۆگری سێکسـییان بـۆ هاوڕەگـەزی خۆیـان هەیـە. بـەڵام وشـەی هاوڕەگەزخواز دەتوانێ بە پێی کەلتوور و مـەودای زەمـەنی تایبـەت، واتـای

---

1.بووتریکا. بوتریکا، "Some Myths and Anomalies in the Study of Roman Sexuality," in Same-Sex Desire and Love in Greco-Roman Antiquity

2. پیکێنت برێنت "Homosexuality"، ئینسکلۆپێدیای فەلسەفەی ئێستنفۆرد (پاییزی 2015) https://plato.stanford.edu/archives/fall2015/entries/homosexuality

دیکەش لە خۆ بگرێ کە لەم لێکۆڵینەوەدا تیشک دەخەینە سەریان. هەنـدێ لە هۆگرییە سێکسییە هاوڕەگەزخوازییەکان لە هەنـدێ کۆمـەڵگای مـۆدێڕن یـان ڕۆژئـاوایی، بـە هاوڕەگـەزخوازی دانانرێـت. ئـەم شووناسـی هـۆگری سێکسییە، ئێستا ڕیشەی لە کۆدەنگییەکی گشتیدا هەیـە کـە دەڵـێ هـۆگری سێکسی کەسێک بۆ کەسانی هاوڕەگەزی خـۆی ڕەهەنـدێکی سرووشـتی و نـەگۆڕی لـە کەسـایەتی ئەوانـدا هـەبووە. ئەگـەرچی داهێنـانی وشـەی هاوڕەگـەزخواز وەک چـەمکێک، سەرتاسـەری ئـەم گێڕانـەوەی گۆڕیـوە، هاوڕەگـەزخواز وشـەیەکە بـە پانتایـەکی سـنووردارەوە کـە دووڕەگـەزخواز، ترەنس، ئەوپەڕنۆرمی سێکسی یان زۆرێک لە جـۆرە جیاوازەکـانی هـۆگری سێکسی و شووناسە ڕەگەزێتییەکان لە خۆ ناگرێت.

## ب. دووڕەگەزخواز

وشەی دووڕەگەزخوازی بۆ پێناسەی بوونی هەر دوو ڕەهەندی ژنانە و پیاوانە لە هەموو تاکەکانی مرۆڤدا کەڵکی لێ وەردەگیرێت. هەتا ئەم کۆتاییانـەش، کەسانی دووڕەگەزخواز لە کۆمەڵگادا تاقمێکی زۆر نەبینراو و نەناسـراوبوون و زۆر جار هۆگری خۆیانیان دەشاردەوە. تێگەیشتن لە دوو ڕەگەزخوازی بـە شێوەیەکی گشتی بۆ هەندێ کەس دژوارە. بۆ زۆرینەی خـەڵک، شووناسـی ڕەگەزی دوو حاڵەتی هەیە: هاوڕەگەزخوازی و دیتر ڕەگەزخوازی. بـەڵام بـە ئاوڕدانەوە لە شووناسی مەلەوەرانەی هۆگرییە سێکسییەکان لە مرۆڤ و جۆر و بیچمـە جیاوازەکـانی، دوو دەسـتە لـەم هۆگرییانـە نـاتوانن پێناسـەیەکی کاریگەر بدەنە دەست. ژنان و پیاوانی هاوڕەگەزخواز کەسـانێکن کـە نـەک

تەنیا بۆ کەسانی هاوڕەگەزی خۆیان، بەڵکوو بە هەمان شێوە هۆگرییەکی زۆریان بۆ ڕەگەزی بەرامبەریان هەیە. ئەمە تەنیا جۆرێک لە ناوێکی شووناسی نییە، بەڵکوو تایبەتمەندییەکە لە کۆی هۆگرییە سێکسییە مرۆییەکان کە دەتوانێ کۆمەڵێ لە هەڵسووکەوتەکان پێناسە بکات. لە کاتێکدا کە پیاوان لەوانەیە زیاتر گەی بن تا دیترڕەگەزخواز (دووڕەگەزخوازیی نەبینراو: کاریگەری و پێشنیارەکان، بڵاوکراو لە لایەن کومیتەی ڕاوێژکاریی ناهاوسانانی کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤی سانفرانسیسکۆ)، دووڕەگەزخوازی لە ژناندا باوترە. سەرەڕای پشتیوانیی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاد لە کەسانی لزباین و گەی، ئەم نەرمیی نوێنییە بۆ کەسانی دووڕەگەزخواز بەدی ناکرێ. بە پێی ئەم ڕاپۆرتە، دووڕەگەزخوازان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان تەنانەت لە لایەن کەسانی نادیترڕەگەزخوازەوە ڕووبەڕووی هەڵاواردنی بەربڵاو دەبنەوە.

بە پێچەوانەی ئەو یەکێتییەی کە لە نێوان ژنانی لزباین و پیاوانی گەی بۆ سازدانی تۆڕێکی پشتیوانی و ڕێکخراوی سیاسی بوونی هەیە، دووڕەگەزخوازان هەمیشە بۆ دەربڕینی بوون و سازدانی یەکێتییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە مەبەستی بینرانی زیاتر و دەسەڵاتی سیاسی تووشی کێشە دەبن. بە هۆی بوونی دوو جەمسەری گەی و دیترڕەگەزخواز، دووڕەگەزخوازانیش بۆ قبووڵ کران لە کۆمەڵگای هاوڕەگەزخوازان تووشی کێشە دەبنەوە. ئەوان زۆر جار هەست بە بێکەڵکی و نامۆیی دەکەن.

## جـ. ترەنسێتی لە هەمبەر هاوئاراستەڕەگەزێتی

ئەگەرچی ترنس وشەیەکی گشتگیر بۆ ئاماژە بەو کەسانەیە کە شووناسی

ڕەگەزێتیان لەگەڵ تایبەتمەندی ڕەگەزی بایۆلۆژییان لە کاتی لـە دایکبوونـدا جیـاوازە،[1] وشـەی تـرەنس ئـاڵۆزە و بـەردەوام لـە تێپەڕیندایـە. هاوشـێوەی هاوڕەگەزخوازان، ترەنسەکان هەمیشە بوونیان بووە. لـە ئەفسـانە، چیـرۆک و مێژووی زارەکی و نووسراوەیی هەموو وڵاتەکاندا دەتوانین بوونی ئەوان بەدی بکەین. ئەوان پشتگوێ خراوترین گرووپن لە بزاڤی ناهاوسانانداا؛ چوونکە پیتی چوارەم LGBT پیشاندەری کەسانی ترەنسە کە هەندێ جـار لـە لایـەن کۆمەڵی گشتی لزبـاین و گەیەکانـەوە ڕووبـەڕووی بێڕێـزی و بەرهەڵسـتی دەبنەوە. دابەشکاری دیاریکراو و شـیاوی بینـین لـە ڕیـزە جیاوازەکـانی ئـەم بزووتنەوە بەهێزەدا بوونیان هەیە و هۆکارەکانی پشت ئـەم دابەشـکارییانە بـە دروست لە قەڵەم دەدرێن. گێڕانەوەی ترەنسەکان ململانێ لەگەڵ گێڕانـەوەی گشتی ڕەگەزێتی دەکا کە سەرکەوتووانە لە کەلتووردا پەرەی سەندووە.

هەندێ کەس وا هەست دەکەن ئەو ڕەگەزەی وا لە کـاتی لـە دایکبوونـدا پێیان دراوە لەگەڵ شووناسی ڕەگەزێتیان هاوئاراسـتە نییـە یـان لـە خۆیانـدا هەست بە ڕەگەزێتییەک دەکەن کە لە شوێنێک لە ناخیانـدا گیـری کـردووە. زۆر جار پێیان دەوترێ ترەنس. بە گوێرەی پێناسـەی دامـەزراوەی پزیشـکی «چەمکی ترەنس ئامـاژە بـە حەشـیمەتی جۆراوجـۆر دەکـا کـە بـە شـێوەی دیاریکراو خۆیان لە نۆرمە ڕەگەزێتییەکان جیا دەکەنەوە.»[2] ئـەم چەمکـە لـە

---

1 .ئێسپید دێی، 2008. دیکۆمێنتاری ڕەگەزێتی. بڵاڤۆکی مافەکانی هێستینگ 842-59:731
http://williamsinstitute.law.ucla.edu/wp-content/uploads/Spade-Documenting-Gender-Apr-2008.pdf

2. دامەزراوەی پزیشکی:
The Health of Lesbian, Gay, Bisexual, and Transgender People: .2011

هەمان کاتدا پێناسەی هەر کەسێکە کە شووناسە ڕەگەزێتییەکەی لەگەڵ ئـەو ڕەگەزەی وا لە کاتی لە دایکبووندا پێی بەخشراوە، هاوئاراستە نییـە. هەنـدێ گرووپی ترەنس بـە کارهێنـانی هۆرمـۆن یـان نەشـتەرگەری یەکسـانکردنی ڕەگەزێتی بە باشتر دەزانن. سەرەڕای ئەمە، هەموو کەسانی ترەنس ئەم ڕەواڵـە تێناپەڕێنن. لەوانەیـە کەسـێک جیـا لـەوەی کـە ئایـا بـۆ هاوئاهـەنگکردنی هەڵسـووکەوتی سێکسـیی خـۆی لەگـەڵ شووناسـی ڕەگـەزێتی دەروونـی هەنگاوێکی هاویشتبێ یان نا، تووشی دەروونپەرێشی ڕەگەزێتی ببێتەوە.

سەرەکەی دیکەی هۆگری ترەنسیی، هاوئاراستەڕەگەزێتییە کـە دەڕوانێتـە ئەو کەسـانەی کـە شووناسـی ڕەگـەزێتییان لەگـەڵ ڕەگـەزیان لـە کـاتی لـە دایکبوونـدا یەکسـانە. هاوئاراسـتەڕەگەزێتی کەسـانێک پێناسـە دەکـا کـە فیزیۆلۆجی ئـەوان لەگـەڵ شووناسـی ڕەگـەزێتییان هاوئاهەنگـە؛ کـە واتـە کەسێک کە ترەنس نییە، هاوئاراستەڕەگەزێتییە و بە پێچەوانەوە.

## دیترڕەگەزخواز یان هۆگربوون بە ڕەگەزی بەرامبەر؟

دیترڕەگەزخوازی تایبەتمەندی کەسێک پێناسە دەکا کە هۆگری سێکسی بـۆ ڕەگـــەزی بەرامبـــەر هەیـــە. دیترڕەگـــەزخوازیش لـــە هەمبـــەر قەیرانـــە شووناســـییەکاندا، مێـــژووی خـــۆی هەیـــە. گووتـــاری پەیوەســـت بـــە دیترڕەگەزخوازی لاواز بووە و ئـەم پێناسـە هـەتا دەیـەی 20ــی زایینـی لـە کەلتووری گشتی ئەمریکادا بە تەواوەتی بیچمـی نـەگرتبوو. لـە سـەرتاکانی سـەدەی 19، ئینسـکلۆپێدیای پزیشـکی دەورلەنـد دیترڕەگـەزخوازی بـە «هۆگری نائاسایی یان چەواشەیی بۆ ڕەگەزی بەرامبەر» پێناسە کرد. پتـر لـە

دە دەیەی دواتـر، لـە سـاڵی 1923، لـە ئینسـکلۆپیدیای میریـام وێبسـتێر پێناسەیەکی تر خرایە ڕوو کە دیترەگـەزخوازی بـە «تامـەزرۆیی سێکسـیی ناتەندروست بۆ ڕەگەزی بەرامبـەر» پێناسـە کـرد. لـە سـاڵی 1934 پـاش چەندین دەیە شک و گومان، وشەی دیترەگەزخوازی مانای خۆی دۆزییەوە کە لە ئەوڕۆدا دەرخەری بارودۆخی ئاسـایی لـە هۆگرییـە سێکسـیی کـانی مرۆڤە.[1]

دیترەگـەزخوازی تـەنیا هۆگرییـەکی سێکسـییە کـە تێیـدا پەیوەندییـە سێکسـییەکان زیـاتر لـە نـاو کەسـانی ڕەگـەز بەرامبـەر ڕوو دەدات. دیترەگەزخوازی نۆرمی باوەڕێکە کە پشتیوانی لە دیتر ڕەگەزخوازی دەکـا و زیاتر پەیوەستە بە دیترەگەزخوازسـالاری و هاوڕەگەزخوازتۆقییـەوە.[2] نێـوان سـاڵانی 1890 و 1960، وشـەگەلی دیترەگـەزخواز و هاوڕەگـەزخواز هاتوونەتە ناو کەلتووری گشتی ئەمریکاوە و وەک یەکەمین هێمـای هـۆگری سێکسیی بەهادار و سەقامگیر، پێگەی خۆیان دۆزیوەتـەوە. دەرکـەوتنی ئـەم وشانە لە لایەن فێمینیستەکانەوە پێشوازییەکی ئـەوتۆی لـێ نـەکرا؛ چوونکـە لای ئەوان ئەم وشـانە هێمـای سـەرتری پیـاوان بـە سـەر ژنـان بـوو.[3] لـەو

---

1. کاتز، جانتان نێد ( 1995). The Invention of Heterosexuality. نیۆیۆرک، چاپخانەی پەنگووەن.

2. لۆواس، کارێن و مێرسیل ئێم. جێنکینز:
Charting a Path through the 'Desert of Nothing.'" Sexualities and Communication in Everyday Life: A Reader. چاپخانەی سیج. 2006.

3. تانگۆ، ڕۆزماری. Feminist Thoughts: A more comprehensive Introduction. وەشاخانەی ئاوالۆن، 2013

گۆڵمەزتر، دێڕی «دیترڕەگەزخوازیی ناچاری» بوو کە ئادرین سێسیل ڕەیچ، شاعیر، نووسەر و فێمێنیستی ڕادیکاڵی ئەمریکی، بەدی هێنا.[1] نـاوبراو لـەو باوەڕەدا بوو کە مرۆڤ دیترڕەگـەزخواز لـە دایـک نابێـت. هـەروەها نـاوبراو ئامادە نـەبوو دیترڕەگـەزخوازی وەک جۆرێـک هـۆگری سێکسـیی بـەهادار قبووڵ بکات. بە گوێرەی پێناسەکەی ئەو دیترڕەگەزخوازی «لە خزمەتایـەتی و بەرهەمی کۆیلەتی ژنان لە لایەن پیاوان»ـە.

1. "Poet Adrienne Rich, 82, has died"2012 .لۆس ئانجلێس تایمز

## هیچڕەگەزخوازی

بە بۆچوونی توێژەرانی کەنەدی، کەسێک کە هیچکات هەست بە ڕاکێشیی سێکسی بۆ کەسێکی تر ناکا، دەتوانرێ بە شێوەی فەرمی لە ڕیزبەندی دیاریکراوی چوارەم لە هۆگرییە سێکسییەکان دابنرێت. ئەم کەسانە لەوانەیە لە ڕووی فیزیاییەوە کەسێک بە ڕاکێشەر بزانن یان ڕەنگە بیانهەوێت پەیوەندییەکی ڕۆمانسییان هەبێت؛ بەڵام هۆگری پەیوەندی سێکسی یان کردەوەی سێکسی لەگەڵ کەسانی دیکە نین.

هیچڕەگەزخوازی لەم ماوەی دواییدا بۆتە بابەتێکی جیدی بۆ وتوویژ. لەو کەلتوورانەی کە پەیوەندیی سێکسی تابۆیە یان پاکیزەیی پیرۆزە، زۆر جار کەسەکان بۆ ئەوەی هەست بە هیچڕەگەزخوازیی خۆیان بکەن، پێویستیان بە هەڵسەنگاندنی هەستی خۆیان نییە؛ چوونکە نەبوونی ڕاکێشەری سێسکی ئەوان لە پەراوێزدایە. بۆگارت (2004) لە خوێندنەوەی خۆیدا دەڵێ کە تایبەتمەندییە حەشیمەتناسییە زۆرەکان وای کردووە کە هیچڕەگەزخوازێک لە مرۆیەکی خاوەن هۆگری سێکسی، جیاواز بێت. ناوبراو بۆی دەرکەوت کە ژنان زیاتر لە پیاوان هیچڕەگەزخوازن. هەروەها بۆگارت تێگەیشت کە لە چاو کەسانی خاوەن هۆگری سێکسی، هیچڕەگەزخوازان بە شێوەی مامناوەند پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابوورییان لاوازترە و ئاستی خوێندەوارییان نزمترە.[1]

---

1. بۆگارت، ئێی. ئێف. Asexuality: Prevalence and Associated Factors in a National Probability Sample. (2004) بڵاڤۆکی توێژینەوەیی ڕەگەزێتی

لەم بڕگەی بەشی یەکەم ئەو هەڵسووکەوتە جۆراوجۆرانە تـاوتوێ دەکـەین کـە لـە کۆمـەڵگا جیاوازەکانـدا بـە کـار دەهێنـرێن و دەبنـە هـۆی ئـەوەی دیترڕەگەزخوازان لە دژی کەسانی ناهاوسان دەست بدەنـە تاوانێـک کـە لـە بێزارییەوە سەرچاوەی گرتووە.

## سـێ شـێوەی دەربڕینـی دەمـارگرژی ڕەگـەزیی یـان هاوڕەگـەزخواز تۆقێنی، دووڕەگەزخواز تۆقێنی و ترەنس تۆقێنی

وەک لەم ناوانەدا دەردەکەوێ، سێ شێوازی دەربڕینی دەمـارگرژی ڕەگـەزیی لـــە ئاراســـتە، هەڵســـووکەوت و کـــردەوەی کەســـەکاندا لـــە هەمبـــەر هاوڕەگەزخوازان، دووڕەگەزخوازان و ترەنسەکان بەرامبـەر بـە یـەکتر بـوونی هەیە. بناغەی ئەم هەڵسووکەوتانە، هەستی نەرێنی و دەمارگرژی کەلتووری / تایبەتی دژ بە ناهاوسانانە. توێژینەوەکانی پەیوەندیدار بە دەمارگرژی بە پێـی هۆگری سێکسی، چەندین هەڵسووکەوتیان دەست خسـتووە کـە دەرخـەری بێزاری دەروونی کۆمەڵگاکان لە ناهاوسانانە. لـەم ڕووەوە، هەنـدێ نـاو کـە بریتییە لە هاوڕەگەزخواز تۆقێنی، دووڕەگەزخواز تۆقێنی و ترەنس تۆقێنیی لـە دنیای زانستی و کردەیی ناوبانگیان دەرکردووە.

ترەنس‌تۆقێنی هەڵسووکەوتێکە کە لە دەرمارگرژی سێکسییەوە هەڵدەقوڵێ کە بە هۆی شووناسی ڕەگەزیی تایبەتی کەسەکەوە، ئاراستەیەکی نەرێنی پـێ نیشان دەدا. لە دنیایەکی مۆدێرن کە ناهاوسان وشەیەکە کە هـەرچی پتـر لـە ناو جەماوەری خەڵکـدا پـەرە بسـتێنێ، هێشـتا تـرس و دەمارگرژییـەک لـە هەمبەر ناهاوساناندا بەدی دەکرێت. ئەم چەشنە ترسانە ترسی جۆراوجۆری

دیکە و هەروەها هەڵکشانی دەمارگرژی ڕەگەزیشی لێ دەکەوێتەوە. ڕۆڵی ڕەگەزێتی پێناسە کراو هاوڕەگەزخوازتۆقێنی پشت ڕاست دەکاتەوە؛ چوونکە زۆر دیترڕەگەزخواز پێیان وایە کە هاوڕەگەزخوازی تێکچوونی ڕەگەزێتییە. هەروەها پێدەچێت جۆرێک جیاوازی ڕەگەزێتی هەبێ کە پەیوەندی هەیە بە هاوڕەگەزخوازتۆقێنی دەرەکییەوە؛ چوونکە پیاوانی دیترڕەگەزخواز هاوڕەگەزخوازتۆقێنتر لە ژنانن. بەم حاڵەوە، ڕەگەزێتی هەرگیز هۆکاری پێشبینیکەر نەبووە بۆ زانینی ئەوەی کە تا چەندە هاوڕەگەزخوازتۆقێنی لە کەسێکدا دەروونی کراوە.

هۆکارێکی ئەگەریی دیکەی هاوڕەگەزخوازتۆقێنی، ژنەدژییە، شوێنێک کە وەڕەزی و بێزاری کۆمەڵگا لە هۆگری سێکسیی پیاوانی گەی، ئەو گەیانە دەپێکێ کە «هاوشێوەی ئافرەتان هەڵسوکەوت دەکەن» کە واتە ئەو قازانج و سوودە پیاوانەییەی کە وەک مافی ئەوان دادەبرێ، لە دەست دەدەن. ئەمە لە حاڵێکدایە کە هۆگری سێکسیی لزبیانەکان وەک داگیرکردنی دەسەڵات و قازانجە پیاوانەییەکان لە قەڵەم دەدرێت. لێرەدا جیاوازی ڕەگەزێتی دەردەکەوێت. لزبیانەکان لەوانەیە بە هۆی هەڵسوکەوت و هەڵبژاردەکانیان سەرکۆنە بکرێن؛ بەڵام ئەگەری ئەوە لە ئارادایە کە زیاتریش فام بکرێن. توێژینەوەکان ئەوە دەردەخەن کە ڕاپۆرتی پەیوەندیدار بەو پیاوانەی کە بە هۆی هۆگری سێکسی بوونەتە قوربانی، زیاتر لە ڕاپۆرتەکانی پەیوەست بە ژنانە. لێکۆڵینەوەی کالێن، ڕایت و ئەلساندری دەرخەری ئەوەیە کە پیاوی

دیترڕەگەزخواز لە ئافرەتی دیترڕەگەزخواز، هاوڕەگەزخوازتۆقاوترە.[1] ئەوان لە بەرکەوتن لەگەڵ گوتاری هاوڕەگەزخوازی، دەمارگرژتر و هەستیارترن.

زۆربەی لێکۆڵەرانی ڕەگەزێتی لەو باوەڕەدان کە بۆ هاوڕەگەزخوازی گەڕانەوەی کەمتر بۆ ئینجیل (پێگەی ئەخلاقی سەرەکی لەم بابەتە) کراوە، دەمارگرژییە مۆدێرنەکان هاوڕەگەزخوازتۆقێنییان بنیات نا.[2] سۆلیوان و ڤودارسکی (2002) دەڵێن «گەڕانەوەکانی ئینجیل بۆ هاوڕەگەزخوازی بووەتە بناغەی دەمارگرژیی مۆدێرن بۆ هاوڕەگەزخوازتۆقێنی؛ چوونکە زۆربەی بەرهەڵستکارانی هاوڕەگەزخوازی و ڕەفتاری هاوڕەگەزخوازدژانە پشت بەم بەڵگە دەبەستن کە ئینجیل هاوڕەگەزخوازی بە ناپیرۆز یان قەدەغە دەزانێ.»[3] هەندێ جار ئەمە تەنیا بوارێکە کە ڕێبەرانی هەموو ئایینە گەورەکان تێیدا یەکیان گرتووە و ئەم ڕەفتارە بە بەڕەڵایی و نالەباری سێکسی لە قەڵەم دەدەن. بۆ زۆرێک لەم ئایینانە، هاوڕەگەزخوازی بنیاتی هاوسەرگیری و لە ئەنجامدا بنەماڵە و کۆمەڵگا دەخاتە ژێر کاریگەرییەوە.[4] کلاسۆن، ویلیام و لۆڤیت (1989) دەنووسن کە ئایین تێگەیشتنی خۆی

1. سالیوان و ڤودارسکی. (2002 Social alienation in gay youth بلاڤۆکی ڕفتاری مرۆیی لە ژینگەی کۆمەڵایەتی. 5 (1).. 17-1، ل 4
2. سالیوان و ڤودارسکی. (2002 Social alienation in gay youth بلاڤۆکی ڕفتاری مرۆیی لە ژینگەی کۆمەڵایەتی. 5 (1).. 17-1، ل 4
3. سالیوان و ڤودارسکی. (2002 Social alienation in gay youth بلاڤۆکی ڕفتاری مرۆیی لە ژینگەی کۆمەڵایەتی. 5 (1).. 17-1، ل 4
4. سەیڤد والڵدمەن (2003) . -A Common Missed Conception
http://www.slate.com/articles/life/faithbased/2003/11/a_common_missed_conception.html

هەیە کە جۆرەکانی ترس لە هاوڕەگەزخوازی یان هەر چەشنە هۆگرییەکی سێکسی لێ دەبێتەوە کە بە پێی باوەڕە ئایینییەکان بە ناسرووشتیی دادەنرێت.

بە گوێرەی ئەم باوەڕە، بینراوە کە ئەو بنەماڵانەی کە ئایینپەروەرن بۆ منداڵانی دیترڕەگەزخواز سەختگیرترن؛ تاراندن، بێبەشکردن لە میرات و ناچارکردن بە چارەسەری پزیشکی بۆ ئەوەی کەسی ناهاوسان لەگەڵ بەهاکانی هۆگری سێکسی هاوئاهەنگ بێ، تەنیا چەند نموونەی باوی ناو وڵامدەران بوو.

هاوڕەگەزخوازتۆقێنی وێڕای هەموو تایبەتمەندییەکانی دەتوانێ ببێتە هۆی دەرکران لە لایەن هاوڕێ و بنەماڵەوە و هەندێ جار ئاکاری هەڵواردنانە و توندوتیژی لە دژی هاوڕەگەزخوازان، دووڕەگەزخوازان و ترەنسەکانی لێ دەکەوێتەوە. بە شێوەی تایبەت، هەڵواردن دەتوانێ بێبەشبوون لە پیشەی پڕداهات، بیمەی تەندروستی و خزمەتگوزاریی تەندروستیی پڕکوالێتی لێ بکەوێتەوە. باری سۆزداری ئەم بابەتە دەتوانێ بۆ کەسەکان قورس بێ و هەندێ کێشە لە تەندروستیی دەروونیاندا بنێتەوە و یان ببێتە هۆی دەرکەوتنی حاڵەتی خۆکوژی یان بیر و خەیاڵی پەیوەندیدار بە خۆکوژی. هەموو ئەم هۆکارانە دەبنە هۆی ئەوەی کەسی هاوڕەگەزخواز، دووڕەگەزخواز یان ترەنس نەتوانێ بە ئاسانی هۆگری سێکسیی خۆی دەربڕێ و ئەمە هەڵکشانی ئاستی دڵەڕاوکێ، سنووردار بوونەوەی پشتیوانیی کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوە و کاریگەریی نەرێنی لە سەر تەندروستی ئەو دادەنێت.

هاوڕەگەزخوازدژی دەبێتە هۆی ئەوەی گەنجان بۆ هۆگرییە سێسکییەکانی خۆیان تووشی هەستی نەرێنی ببنەوە و ئاستی متمانە بە

خۆبوونیان نزم ببێتەوە یان تەنانەت لە خۆیان بێزار بن. ئەم سۆزانە هۆکاری پرۆسە خۆڕووخێنەرەکانن کە بریتییە لە خواردنەوەی کحوڵ، بە کار هێنانی مادەی هۆشبەر و ڕەفتاری سێکسیی مەترسیدار و زیان گەیاندن بە خۆیان.[1]

لە ڕاپۆرتێکدا بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی هاوڕەگەزخوازی لە ساڵی 2016، بانکی جیهانی کاریگەری نەرێنی هاوڕەگەزخواز تۆقێنی و ترەنس تۆقێنی لە سەر کارکردی ئابووریی وڵاتان و هەڵکشانی ڕێژەی هەژاری تاوتوێ کرد. بە گوێرەی ڕاپۆرتی بانکی جیهانی بە هۆی ناونیتکەنانی بەردەوام و هەڵاواردن، ناهاوسانان حەشیمەتێکن کە زیاتر هەژاری بە ئەزموون دەکەن. لەو ڕووەوەی کە ئەم کەسانە لە بواری ڕاهێنان و ئیش‌کردن وەدوا دەکەون، کۆمەڵگا بە شێوەی گشتی لێهاتوویی و توانای بەرهەمهێنانی ئەوان ڕەچاو ناکات. کە واتە بەرەنگاربوونەوەی ترس لە ناهاوسانان لە کۆمەڵگادا دەتوانێ باشتربوونی باری خۆشگوزەرانی و وەدەستهێنانی سامانی زیاتر بۆ هەمووانی لێ بکەوێتەوە.

دووڕەگەزخوازتۆقێنی چەمکێکە کە لە کۆمەڵگای پیاوانی هاوڕەگەزخوازدا زۆر بە تۆخی خۆی دەنوێنێ و ئاراستەیەکی لە خۆ گرتووە کە زۆر پشتگوێ خراوە. ئەو کەسانەی کە خۆیان پێ دووڕەگەزخوازە زۆر جار لە لایەن دیترەگەزخوازانەوە ئازار دەدرێن کە شووناسیان بە "قۆناغێکی تیژتێپەڕ" یان بە وتنێکی سادە ناڕەوا دەزانن. دووڕەگەزخوازتۆقێنی

1. ڤاڵنتاین. سکلتۆن، تی. و باتلێر ئار (2002). The vulnerability and marginalisation of lesbian and gay youth: ways forward گەنجان و سیاسەتەکان، 75. 4. 29

کاریگەرییەکی ڕووخێنەری لە سەر ژیانی کەسانی دووڕەگەزخواز هەیە و دەبێتە هۆی ئەوەی کە زۆریان بشاردرێنەوە و بۆ خۆ دوور خستنەوە لە گاڵتەجاڕی و دەرکران «لە سندووق»دا بمێننەوە. ئەم مەسەلە دەتوانێ کاریگەری لە سەر چاکژیانەوە و هەستی شووناسی ئەوان دابنێ و زۆر سادە پێگەیاندنی متمانە بە خۆبوون و لێبڕاوەیی بۆ دووڕەگەزخوازان ئەستەم دەکات.

یەکێک لە خراپترین لێکەوتەکانی دووڕەگەزخوازتۆقێنی ئەو هەڵاواردنەیە کە کەسی دووڕەگەزخواز نە تەنیا لە لایەن کۆی کۆمەڵگا بەڵکوو لە لایەن کۆمەڵگای هاوڕەگەزخوازانەوە تووشی دەبێتەوە. وەک لە سەرەوە هاتووە، دووڕەگەزخوازان تەنانەت لە لایەن نادیترڕەگەزخوازانیش ڕووبەڕووی هەڵاواردن دەبنەوە. دووڕەگەزخوازتۆقێنی هەم لە لایەن هاوڕەگەزخوازان و هەمیش لە لایەن دیترڕەگەزخوازانەوە دەسەپێنرێت. ئەم ڕەواڵە باڵادەستەی پەراوێز خستنی دووڕەگەزخوازان لە حەشیمەتی ناهاوسانانداجێی مەترسیە.

ڕابین ئێچس، بیرمەند، چالاکیی مەدەنی و دووڕەگەزخواز، لە دەقێکدا تێدەکۆشێ ئەم بابەتە ڕوون بکاتەوە: «کەسانێک کە خۆیان بە هاوڕەگەزخوازی پیاو یان هاوڕەگەزخوازی ژن دەزانن زۆر جار وەک کەسێکی شەمزاو لێمان دەڕوانن یان بە چاوی موزاحیمانێک کە بەشێک لە ئیمتیازەکانی دیترڕەگەزخوازانیان هەیە (و هاوڕەگەزخوازان خۆیان لەوانە بە بێبەش دەزانن) و زۆرێک لە دیترڕەگەزخوازان ئێمە بە نائەخلاقی، دابەشێنەرانی هەوەسبازی نەخۆش و تێکدەرانی بنەماڵە دەزانن.» ناوبراو ڕوونی دەکاتەوە کە لزباین و گەیەکان لەگەڵ دیترڕەگەزخوازان، چۆن لە

کەسانی دووڕەگەزخواز دەڕوانن. مۆنرۆ (2015)ـیش ڕوونی دەکاتەوە کـە گەی و لزباینەکان ئەم کەسانە کـە پێشـتر پـەراوێز خـراون، ئـازار دەدەن بـۆ ئەوەی سەرتری خۆیان تۆکمە بکەن.[1]

بـۆ دووڕەگـەزخوازێک، سـاتە وەختـی دەربڕینـی شـووناس زۆر جـار قۆناغێکی زۆر سەخت و خەمگینی ژیانیەتی. لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکانـدا، لە حاڵێکدا کە هاوڕەگـەزخوازی ڕۆژ لەگـەڵ ڕۆژ زیـاتر پەسـندکراو دەبـێ، دووڕەگەزخوازی بەردەوام پەراوێز دەخرێ و تابۆیە. کە واتە شـاردنەوە تـەنیا بژاردەیەکی گونجاو و کردەییە. گێڕانەوەکانی پەیوەندیدار بە دووڕەگەزخوازان لە سەر سیمای مێژوو سڕدراونەتەوە بۆ ئەوەی ئەوان سەرچەشـنێکیان بـۆ بـە مۆدێلبوون نەبێت. ئەستێرە و کەسایەتی نـاودار هـەن کـە دووڕەگـەزخوازی شاراوەن؛ بەڵام بە هۆی بوونی پەیوەندیی سێکسی لەگەڵ هاوڕەگـەز، نـاو و نیتکەی لزباین یان گەیان لێ دراوە. مارلین دیتریچ، جۆن جۆڕدەن، فرێـدی مێرکۆری، ئێلنۆر ڕۆزڤێڵت و واڵت ویتمەن نموونەگلێک لەم کەسانەن.[2] ئەم بارودۆخە لە هەموو شوێنێکی جیهاندا بۆ دووڕەگەزخوازان وەک یەک نییـە. لە وڵاتی ئێران لـە مـاوەی سـاڵانی ڕابـردوودا، دووڕەگـەزخوازی لـە لایـەن ڕاگەیانـدن و چاپەمەنییـە فارسـییەکانەوە کـەمترین ئاوڕیـان لـێ دراوەتـەوە. دەنگی دووڕەگەزخوازانی ئێرانی نایەتە بەر گوێ و ئەوان بە گـوێرەی کلیشـە هاوڕەگەزخوازییەکان هەڵدەسەنگێرێن.

1. مۆنرۆ، سوریبا، Bisexuality: Identities, politics, and theories. 2011
2. تێلفسۆن، کیا.
Straight Privilege: Unpacking the (Still) Invisible Knapsack. 2010

ترەنس‌تۆقێنی دەتوانین بە بەرهەمی ترس و بێزاری لە / یـان بێ‌متمانـەیی ئەو کەسانە بزانین کە ترەنسن یان کەسانێکن کە ڕەفتاری ڕەگەزێتییان لەگـەڵ ڕۆڵ و دەورە ڕەگەزییـە نەریتییـەکان هاوئاهـەنگ و هاوئاراسـتە نییـە. ڕایـن جۆیل (2009) ترەنس‌تۆقێنی بە ترس و بێزارییەکی نالۆژیکی لە کەسانێک پێناسـە کـردووە کـە لـە دوو جەمسـەریی ژنانـە / پیاوانـە تێپـەڕیون، ڕووشاندوویانە یان بەزاندوویانە. ترەنس‌تۆقێنی هاوشێوەی هێزێکی هەمیشە ئامادە دەبینرێت. ترەنسێتی شووناسێکە کە بـە فـەرمی ناسـاندنی لـە لایـەن زۆربەی خەڵکی جیهان ئەستەمە. ئەم بێزارییە دەبێتە هۆی ترەنس‌تۆقێنی کـە بـە هـۆی ئـەوەوە ئـەو کەسـانەی کـە لەگـەڵ کلیشـە ڕەگەزێتییـە باوەکـان هاوئاهەنگ نـین، لـە لایـەن کەسـانێک کـە لـەم شووناسـانە دەترسـن یـان لەگەڵیان ئاسوودە نین، تووشی ئازار دان و هـەڵاواردن دەبنـەوە. ڕوانینـی بـە پێی ترەنس‌تۆقێنی، هەڵاواردنی ڕێکخراوەیی وەکـوو هـەڵاواردن لـە پیشـە و خانوبەرە، توندوتیژی پـۆلیس و تونـدوتیژی بـە هـۆی بێـزاری و ڕقـی لـێ دەکەوێتەوە.[1] ترەسن‌تۆقێنی دەتوانێ ببێتە ئاستەنگی بەر دەم ژیانێکی بێبەری لە خەسارەت و زیان.

## گێڕانەوەی مێژوویی ناهاوسانان و خەباتەکانیان

هاوڕەگەزخوازی لـە درێژایـی مێـژوودا و لـە سەرتاسـەری جیهانـدا بـوونی هەبووە. ئەم دیاردە لە هەموو کەلتوورەکان هەمیشە بەشێک لە کۆمەڵگا بووە.

1. ڕایان، ڕۆبی، ژووێل. REEL GENDER: EXAMINING THE POLITICS. 2001. OF TRANS IMAGES IN FILM AND MEDIA ل 8

لە درێژایی زەمەن و لە شوێنە جۆراوجۆرەکاندا، ئاراستەی کۆمەڵایەتی جیاواز سەبارەت بە پەیوەندییە هاوڕەگەزخوازییەکان بوونی هەبووە. لەم ڕووانگە جیاوازانەدا، هەندێ بە قبووڵکردنی ئەم ڕەفتارە لە پیاوان، چاوەڕوانی پەیوەندی سێکسی لەگەڵ هاوڕەگەز و پەیوەندییەکی کەم خایەنیان لەوان هەیە و هەندێکی تر بە سەرکوتکردن لە ڕێگەی میکانیزمی پۆلیسی و یاسایی، هاوڕەگەزخوازی بە تاوانێکی گەورە دەزانن. لە حاڵەتەکانی دیکەدا، کەسانی هاوڕەگەزخواز سزای مەرگیان بۆ دەبڕدرێتەوە. جیاوازی بەرچاوی نێوان کەلتوورەکان گرێدراو بە ڕادەی کراوەبوونی ئەو کەلتوورانە بۆ قسەکردن لە مەڕ ئەم گوتارە و شێوازی کارکردەکەیەتی.

ڕوانینێکی خێرا بۆ گێڕانەوە مێژووییەکان ئەوە پیشان دەدەن کە ئەوەی ئەمڕۆ وەک پەیوەندی سیکسی یان پەیوەندی عاشقانە لەگەڵ هاوڕەگەز لە قەڵەمی دەدەین، هەمیشە لە لایەن کەسانێک ئەنجام دراوە. ئەم پەیوەندییانە هەمیشە بەشێک بوون لە کەلتوورەکان، ئەگەرچی قبووڵکردن و تێگەیشتن لەم چەشنە پەیوەندییانە لە درێژەی سەدە و سەردەمەکاندا گۆڕانیان بە خۆوە بینیوە؛ بەڵام چەمکی هاوچەرخی ڕۆژئاوایی ناهاوسانی یان هاوڕەگەزخوازی وشەیەکی نوێیە کە ئاماژە بە کۆمەڵگەی لزباین، گەی، دووڕەگەزخواز و ترەنسەکان دەکات. ئەگەرچی مێژوو یان ڕیشەی ئەم کۆمەڵگەیانە ناڕوونە، ئەوان لە سەردەمانی کۆنەوە هەر هەبوون. لە ڕاستیدا، هەر دوو چەمکی هاوڕەگەزخوازی، دووڕەگەزخوازی دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی هاوچەرخ؛ چوونکە بەر لەو خەڵک پێیان وا بوو کە دەبێ «ئەوەی هەن» لە ڕوانگەی هۆگری و ڕاکێشەری سێکسیی خۆیانەوە پێناسەی بکەن.

کە واتە، شێوازی بیر کردنەوەی ئێستایی ئێمە لە مەڕ شووناسی ڕەگەزی یان تەنانەت کردەوەی سێکسی لە درێژەی زەمەندا زۆر گۆڕانی بە سەردا هاتووە. حەشیمەتی هاوڕەگەزخوازیش هەنگاوی گەورەی ناوە و لە شوێنی گێچەڵ و ئازاردان بەرەو جۆرێک قبووڵکردنی گشتی لە لایەن کەلتووری گشتی پێش کەوتووە.[1]

ناهاوسانان لە هەموو جۆرەکانی خۆیان و لە هەموو سەردەم و سەدەکاندا بەشێک لە کۆمەڵگا بوون. کاتز (1995) دەڵێ «پێکهاتەخوازانی کۆمەڵایەتی دەتوانن زۆر دارشتەی مێژوویی بدۆزنەوە کە تێیاندا کەسەکان پەیوەندییان لەگەڵ هاوڕەگەزی خۆیان هەبووە؛ بەڵام تەنیا لە ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەهەم بوو کە وشە تایبەتەکان، ناویان لە سەر پۆلێنبە هەڵسووکەوتیە سێکسییەکان (بە شێوەی دیاریکراو یان هاوڕەگەزخواز یان دیترڕەگەزخواز) نا.» هەروەها ئەو پێی وایە کە «ئەم وشانە یارمەتیدەری دروستبوونی ڕەگەزێتی لە سەردەمی ڕۆژئاوای مۆدێرن بوون.»[2]

فوکووسی زۆربەی گێڕانەوە مێژووییەکانی ناهاوسانان لە سەر هاوڕەگەزخوازی پیاوان لە کەلتووری ڕۆژئاواییە و دەڵێن ئاراستەی کۆمەڵگا بۆ هاوڕەگەزخوازی لە هەموو قۆناغەکاندا، وەک لە درێژەدا ڕوون دەکرێتەوە، هەوراز و نشێوی لەگەڵ بووە.

---

1. دەیڤید هاڵپرین. How to Do the History of Homosexuality (2002)
2. کاتز، جانتان نێد ( 1995). The Invention of Heterosexuality. نیۆیۆرک، چاپخانەی پەنگووەن، ل 45

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، زۆرێک لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان وابەستەیی زۆری نزیکی سۆزداری نێوان کەسانی هاوڕەگەزیان قبووڵ کرد کە ئەوڕۆکە وەک پەیوەنـدیی عاشـقانە دەناسـرێت. بەڵام ئەو کات، ئەم چەشـنە پەیوەندییـە دۆسـتایەتییە بـە دەروەسـتی زۆرەوە دەزانرا (شتێک کە ئێستا زۆرێک لـە مێژووناسـان پێـی دەڵـێن «دۆسـتایەتی عاشـقانە»). زۆر کۆمـەڵگا و کـەلتوور لـە هەمبـەر پەیوەنـدی سێکسـیی هاوڕەگەزان بەتایبەت لە نێو پیاوان هەڵوێسـتێکی تـەواو ڕوونیـان هەیـە. لـە وڵاتـانی ڕۆژئـاوایی و لـەو وڵاتانـەی وا کـە خەڵکەکـەی شـوێنکەوتەی دەمـارگرژی مەسـیحییەت و ئیسـلامن، پەیوەنـدیی هاوڕەگـەزان ڕەت دەکرێتەوە.[1]

وشەی هاوڕەگـەزخواز لـە سـاڵی 1869 دەرکـەوت. هـەتا ئـەو کـات، هاوڕەگەزخوازی بە هۆگرییەکی جیا نەدەزانرا. ئەم هۆگرییە سێکسییە کە تازە قبووڵ کـرا بـوو، وردە وردە دەرکـەوت و لـە سـەر ئـەوە بـوو کـە ڕاکێشـانی سێکسیی تاک بۆ تاکی هاوڕەگەزی خـۆی دیـوێکی سرووشـتی و نـەگۆڕی کەسایەتی ئەوە.

وەک پێشـتریش وتـرا، ئینجیـل ئاماژەگـەلێکی سـنووورداری بـۆ هاوڕەگەزخوازی هەیە. یەکەمین گەڕانەوە بۆ هاوڕەگەزخوازی لە ئینجیـل لـە

1. جەکڵ. ئێس، ڤێنزلبێرگێر، جێی (2015). Religion, religiosity, and the attitudes toward homosexuality—A multilevel analysis of 79 countries.. گۆڤاری هاوڕەگەزخوازی، 207. 241

دەرکەوتنی 9: 2- 24ـە و زۆرێک لە بیرمەندانی مەسیحی لەو باوەڕەدان کە هام، چکۆلەترین کوڕی نووح، بە هۆی کاریگەری شەرابەوە لەگەڵ باوکی خۆی کە خەوتبوو، کردەوەی هاوڕەگەزخوازی لێ وەشاوە، ئینجیل بە چیرۆکەکانی بەڵێنی کۆن ئێمە لەگەڵ هەندێ لە یەکەمین تابۆکان لەم بوارە ئاشنا دەکات. نموونەی ئەم چیرۆک هۆشدارییانە لە سەفەری لاڤیان هاتووە: «ئەگەر پیاوێک لەگەڵ پیاوێکی دیکە، بەو چەشنەی کە لەگەڵ ئافرەتێک هاوجێیەتی دەکا، هاوجێیەتی بکا، هەر دووکیان تاوانێکی دزێویان لێ وەشاوەتەوە: بێگومان ئەوان دەبێ بە مەرگ سزا بدرێن؛ ئۆباڵی خوێنیان دەبێ لە گەردنی خۆیان بێت.» و «هەر بەم شێوە، پیاوانیش پەیوەندیی سرووشتی لەگەڵ ژنانیان وەلا نا و بە هەوسەوە بۆ ئەوی تر حەشەری بوون. پیاوان لەگەڵ پیاوان تووشی کردەوەی تاوانبارانە دەبوون و بۆ هەڵەکانیان سزای تایبەت دەدران.» لە کتێبی دوویەتی (تثنیە) 22:5، هاوشێوەی ڕەگەزی بەرامبەر جل و بەرگ لە بەرکردن وەک کردەوەیەکی «بێزراو» ئیدانە دەکرێت.

بە پێچەوانەو، کردەوەی هاوڕەگەزخوازانە لە هەندێ لە وڵاتان و سەردەمە زەمەنییەکان، بۆ وێنە لە ڕۆما و یونانی کۆن، قبووڵکراو بوو. وەک لە دێڕەکانی سەرەوە هاتووە، زۆرێک لە گێڕانەوە سەرەتاییەکانی هاوڕەگەزخوازی پیشانیان داوە کە لە زۆرێک لە کەلتوورەکاندا پەیوەندی لەگەڵ هاوڕەگەز ڕێگە پێدراو بوو و لانیکەم لە کۆمەڵگای یونان و ڕۆمای کۆن وەک نەریتێک بۆ تێپەڕینی پیاوانی کەم تەمەن سەیری ئەم ڕفتارە کراوە. لە ڕاستیدا، دوو بواری سەرەکیی لێکدانەوە مێژووییەکان سەبارەت بە دیاردەی کۆنی

هاوڕەگەزخوازی، کە لە لایەن مێژووناسانەوە توێژینەوەی لە سەر کراوە، هاوڕەگەزخوازی یونانی و ڕۆمییە. زیاترین بابەتەکانی پەیوەندیدار بە مێژووی هاوڕەگەزخوازی لە یونان و لە ناو فەیلەسووفان و نووسەرانی بەرچاوی وەک ئەفلاتوون، گزنفۆن، پلۆتارخۆس و سەبە لۆسین، شانۆنامەگەلێک لە ئەرەستووفان و بەرهەمی هونەری و جامە یونانییەکان بەدی دەکرێت. پرۆفیسۆر جەیمز بی. دی. یانگ، مامۆستای زمانی بەڵێنی نوێ و وێژە لە قوتابخانەی زانستی ئایینی وێستێرن لە پۆرتلەند ئۆرگانیش ئاماژە بەوە دەکا کە وێدەچێ هاوڕەگەزخوازی پتر لە هەر کەلتوورێکی کۆنی دیکە لە ناو یونانیانی کۆندا بە شێوەی بەربڵاو باو بوو بێت.[1] بە وتەی دەروونپزیشک و مێژووناسی ڕەگەزی نۆرمەن ساسمەن، «بە پێچەوانەی هەوڵی بەربڵاو و خۆوشیارانەی یونانییەکان بۆ ڕێزگرتن لە هاوڕەگەزخوازی و خستنە ڕووی وێنەیەکی ئایدیالانە لە هاوڕەگەزخوازی، ڕۆمییەکان تەنیا بە شێوەی ڕاستییەک و بەشێکی حاشاهەڵنەگر لە ژیانی سێکسیی مرۆڤێک قبووڵیان کرد.»

لە ڕۆمای کۆن، لەشی گەنجانەی پیاوانە هەمیشە چەقی سەرنجی سێکسیی پیاوان بووە؛ بەڵام لە نێوان پیاوانی بەتەمەنتری سەربەست و کۆیلە یان پیاوە کەم تەمەنەکاندا پەیوەندیگەلێک هەر بووە کە تێیدا کۆیلەکان

---

1. جەکڵ. ئێس، ڤێنزلبێرگێر، جێی (2015). Religion, religiosity, and the attitudes toward homosexuality—A multilevel analysis of 79 countries.. گۆڤاری هاوڕەگەزخوازی، 207. 241

یان گەنجان دەوری بەرکار (گاندەر)ـیان بووە. هەر هەموو ئیمپراتۆران بەدەر لە سزار، خۆشەویستی پیاویان هەبووە. زۆرێـک لـە ناسـراوترین پیـاوان لـە کۆمـەڵگای ڕۆمـا ئەگـەر هاوڕەگـەزخواز نـەبوون، دووڕەگـەزخواز بـوون. هاوچەرخانی ژۆلیۆس سزار ئەویان بە پیاوی هەموو ئافرەتان و ژنـی هـەموو پیاوان دەزانی.[1] لە ئیمپراتۆری ڕۆمای ژێر دەسەڵاتی ئاگۆسـتۆس، یەکـەمین هاوسـەرگیری هاوڕەگـەزخوازان تۆمـار کـرا، پەیوەنـدی سێکسـیی هاوڕەگەزخوازان وەبەر باج کەوت و ئەگەر ڕۆمییەک لە پەیوەنـدی سێکسـی لەگەڵ پیاوێکی دیکـە بـەرکار بووایـە، هـاووڵاتی بـوونی لـێ زەوت دەکـرا. زۆرێـک لـە کەسـایەتییە مێژووییـەکان لەوانـە سـووقڕات، لـۆرد بـایرۆن، ئیدواردی دووهەم و هادرین بە وشەگەلی وەک گەی یان لزباین ناو دەبـران. ئەفلاتوون کتێبی میوانی (سەمپۆزیۆن)ـی بڵاو کردەوە کە تێیـدا فایـدرۆس، ئەرۆکسیماخووس، ئاریستۆفانس و دیکەی بیرمەندانی یونانی پێیـان وا بـوو کە عەشقی نێوان پیاوان بـانترین جـۆری عەشـقە، ئـەوە لـە حاڵێکدایـە کـە پەیوەندی سێکسی لەگەڵ ژنان هەوەسبازانە و بۆ کەڵکخوازییە.

لە خۆرهەڵاتی ناڤین ئاراستەی ئاسانگرانەی هاوشێوە هەبوو. شای ئێرانی لە سەدەی نۆزدەهـەم پێشـنیار بـە کوڕەکـەی دا کـە وەرزانـە هاوبەشـەکانت بگۆڕە؛ بەم شێوە کە لە وەرزی هاوین پیاوانی گەنج و لـە زسـتان ژنـان بنـە هاوبەشی سێکسی ئەو. زۆرێک لە شێعرە عاشقانەکانی شـاعیرانی سـەدەی

---

1. ویلیامز، کرێگ ئاڕتۆر. Roman homosexuality: Ideologies of masculinity in classical antiquity چاپخانەی زانکۆی ئاکسفۆرد. 1999.

هەشتەمی بەغدا، ئەبوونەواس و شاعیرانی دیکەی فارس زمان و ئۆردوو بۆ وەسف و پێداهەڵگووتنی کوڕان دەهۆنرانەوە. لە دەقە عیرفانییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بەتایبەت دەقە سۆفییەکان ڕوون نییە کە ئاخۆ خۆشەویستی بەردەنگ کوڕێکی مێر منداڵە یان خودا و ئەمە دەبێتە داکۆکییەکی نیوە ئایینی بۆ پەیوەندی نێوان پیاوان و کوڕان.[1] لە وڵاتی فارسەکان (ئێرانی ئەوڕۆیی) بە هەڵسووکەوتی هاوڕەگەزخوازانە و هۆگری بۆ هاوڕەگەز لە زۆرێک لە شوێنە گشتییەکان لە دەیر و قوتابخانەی زانستە ئایینییەکانەوە بگرە تا دەگاتە مەیخانە، کەمپە سەربازییەکان، گەرماوی گشتی و قاوەخانەکان بە نەرمی نوێنییەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا. لە سەرەتاکانی سەردەمی سەفەویی (1511-1723)، کابارەخانەی پیاوانە (ئەمردخانە) بە شێوەی یاسایی مۆڵەتیان پێ درا بوو و باجیان دەدا. سەرەڕای ئەوەی ئەم هێمایانە لە شاعیرانی قوتابخانەی هێندیدا یەکجار زۆرە، شاعیرانی فارس زمانی دیکەش وەکوو سەعدی (1291)، حافز (1389) و جامی (1492) کۆمەڵێ شێعریان دەهۆنییەوە کە پڕن لە هێماکانی هۆگری سێکسی بۆ هاوڕەگەز. دوو بابەتی دیکە کە زیاتر پشتیان پێ دەبەستری، پەیوەندی سێکسی بازرگانی لەگەڵ پیاوانی تڕەنسی گەنج یان ئەو پیاوانەیە کە ڕۆڵی تڕەنس دەگێڕن. ئەم دوو چەشنە پەیوەندییە لە ڕاهێنانی مەعنەوی سۆفییان و کەچەکەکان (پیاوانی کەم تەمەن کە بە جل و بەرگی ژنانەوە سەما

---

1. گۆڤاری ئێکۆنۆمیست.
www.economist.com/node/21546002 .Straight but narrow

دەکەن) خۆیان دەنوێنن کە کەسەکە هەیمەنەی کوڕێکی ژیکەڵە و جوان وەسف دەکا بۆ ئەوەی بچێتەوە خەڵسەوە و کەمێک لە جوانی ڕاستەقینە بەدی بکات. ئەوڕۆکە، ئەم بیچمی هۆگری سێکسییە بۆ کەسی هاوڕەگەز لە هەندێ لە کۆمەڵگا مۆدێرن یان ڕۆژئاواییەکاندا لە ڕیزبەندی هاوڕەگەزخوازیدا جێی دەبێتەوە.

لە بەرامبەردا مێژووی هاوڕەگەزخوازی لە وڵاتی میسر تا ڕادەیەک ناڕوونە؛ چوونکە بەڵگە و دەقێک کە چیرۆکگەلی هەڵگری بابەتی سێکسین هەرگیز ئاماژەیەکی ڕوونیان بە شووناسی هاوڕەگەزخوازی نەکردووە. بەڵگە کۆنەکانی میسر ناڕوونن و هیچکات ڕاشکاوانە نەیانوتووە پەیوەندی لەگەڵ هاوڕەگەز سەرکۆنەکراو یان ڕەت کراوەیە یان نا و هیچ بەڵگەیەکی کۆنی میسری نەیوتووە کە بە گوێرەی یاسای سزا هاوڕەگەزخوازی شیاوی سزادانە. لە بەرامبەردا، شرۆڤەی شاعیرانە و گەرم و گوڕ بە کار هێنراوە. باشترین نموونەی ناسراوی پەیوەندی گونجاوی هاوڕەگەزخوازی لە میسری کۆن پەیوەندی نێوان دو بەرپرسی پایە بەرز واتە نیان خاتوون و خاتوو هۆتێپە کە لە سەردەمی فیرعەون نیۆسەر لە ئیمپراتۆری پێنجەم (2494 - 2345 بەر لە زایین) دەژیان.[1]

ئەگەرچی هەموو پیاوێک بنەماڵەیەکی پێکهاتوو لە منداڵ و هاوسەری تایبەت بە خۆی هەبوو، پاش مەرگ ئەوان لە گۆڕێکی ماستابا (mastaba)

1. ڕیچارد پارکینسۆن: Desire and Middle Kingdom Literature گۆڤاری کەڤنینە ناسی میسر. 1995، بەرگی 81

پێکەوە دەنێژران. زۆر شێوەکاری هەیە دوو پیاو پیشان دەدا کـە یـەکتریان لـە ئامێز گرتووە و لووت بە لووتی یەکترەوە دەنوسێنن. لە وڵاتـی میسـری کـۆن لێککەوتنی لووت هێمای ماچە. هەتا ئەوڕۆکـە، میسرناسـان، بیرمەنـدان و مێژووناسان لە سەر شـیکاری ئـەم شـێوەکارییانەی نیـان و خـاتوو هۆتێـپ جیاوازی ڕا و بۆچوونی بنەڕەتیان هەیە. هەندێ لـەو بۆچوونـەدان کـە ئەمـە دەرخەری قبووڵ کرانی پەیوەندی لەگەڵ هاوڕەگەزە. دیتران هاودەنگ نـین و دەڵێن ئەوان دووانەی پێکەوە نووسـاون. ئـەوەی حاشـاهەڵنەگرە ئەوەیـە کـە لانیکەم نیان خاتوون و خاتوو هۆتێپ چ لە ژیان و چ لە مەرگ پەیوەندییەکی نزیکیان هەبووە.

لە سەدەی نۆزدەهەم و سـەرەتاکانی سـەدەی بیسـتەم، پیاوانێـک کـە لـە ئەورووپا بـە هـۆی هـۆگری سێکسـییانەوە ڕووبـەڕووی ئـازار و ئەزییـەت بوونەتەوە، زۆریان ڕوویان دەکردە مەراکیش و ساڵانێک بەر لـەوەی ڕۆژئـاوا بتوانێ خەونی هاوسەرگیری هاوڕەگەزخوازان لـە مێشـکیدا پـەروەردە بکـا، پەیوەندی پیاو لەگەڵ پیاو لە شوێنێکی دوورخراوی سیڤا لە میسر لە درێژەی مەراسیمێکدا بە فەرمی دەناسرا.

بەر لە قۆناغی ڤیکتۆریا، خەڵک هاوڕەگەزخوازییان بە شووناسێکی جیـا نـــەدەزانی و هـــەموو جۆرەکـــانی هـــۆگری سێکســـییان لـــە چوارچێـــوەی دیترڕەگەزخوازیدا بەدی دەکرد. هەندێ لە کـەلتوورەکان لـەو بـاوەڕەدان کـە هەموو کـەس هەسـتی هاوڕەگەزخوازانـەیان لـە خۆیانـدا حەشـار داوە. لـە بەریتانیای سەردەمی ڤیکتۆریا (1837-1901)، کۆمەڵگا بە دەگمەن لـە مـەڕ چەمکی هاوڕەگەزخوازی دەدوا. بە پێچەوانەی دیکەی وڵاتانی ئـەورووپی،

ڕۆژنامەكان، یاسا و گۆڤارە پزیشكییەكان لـە هەمبـەر قسـەكردن لـە بـارەی بابەتێكی تابۆ خۆیان دەبوارد. ئـەم نـەبوونی زانیارییـە لـە ڕێگـەی ئـامرازی پەیوەندی پیشاندەری بارودۆخی مەترسیداری بێهـۆگری بـۆ ئـەم بابەتـە و تابۆیەكی ئەستەم بوو هەتا ئەو جێیەی كە كـۆی خـەڵك نـە دەیاندەویسـت شتێك ببیستن و نە پێویستیان بە زانیاری سەبارەت بە هاوڕەگەزخوازی بـوو. ئەم بابەتە بێگومان كاریگەری ڕاستەخۆی لە سەر بابەتەكانی پەیوەندیدار بـە هاوڕەگەزخوازی لە سەرتاسەری كۆمەڵگا هەبوو. زۆر كەس بە هەڵـە پێیـان وایە كە بە بڵاو نەكردنەوەی ئەم زانیارییانە لە سـەر ئاسـتی گشـتی، بابەتەكـە زۆر بە سادەیی لە بیر دەكرێت. نیوەی سەدەی بیستەم دەروونناسیی سێكسی خرایە ڕوو؛ بەڵام هاوڕەگەزخوازی بـەردەوام وەك بابـەتێكی تایبـەت سـەیر دەكرا. سەرەڕای ئەمە، سەردەمی ڤیكتۆریـا قۆنـاغێكی گرینگـە لـە مێـژووی هۆگرییە سێسكییەكاندا؛ سەردەمێك كە تێیدا وشەگەلی مۆدێڕن داهێنران كە ئەمڕۆكە بۆ شێوازەكانی بیركردنەوە و قسەكردن لە مـەڕ بابەتگـەلی سێكسـی ئەوانە بە كار دەبەین.

لە دەیەی 1880، سێكسۆلۆژیستگەلی وەكـوو ڕیچـارد فـۆن كرەفـت ـ ئێبینگ و هاولاك ئێلیس بوون بـە پێشـەنگی زانسـتێك كـە تێیـدا پێباشـییە سێكسـییەكان شـیكاری و پۆلێنبەنـدی دەكـران: ئـەوان وشـەگەلی وەكـوو هاوڕەگەزخوازی، دیترەگەزخوازی و نیمفۆمانیكیان داهێنا.

لە سەر ئاستی ئاكادیمیك، خوێندنەوەی هاوڕەگەزخوازان لە ئەڵمانیا، لە

شوێنێک دەستی پێکرد کە ئەم دیاردە لەگەڵ خەبات لە پێناوی بنەبڕکردنی قەدەغە دەوڵەتییەکانی ڕەفتارە هاوڕەگەزخوازییەکان بوو.[1] کارڵ هانریش ئۆلڕیخت، خوێندکاری بواری ماف و ڕۆژنامەوانی ئەڵمانی، پێشەنگی ئەم بوارە بوو. ناوبراو کەسێک بوو کە ناوە بەکار هێنراوەکانی لە گوتاری هاوڕەگەزخوازی داهێنا. ناوبراو بە نووسین سەبارەت بە چەمکی مۆدێڕنی هاوڕەگەزخوازی کۆی گوتاری پەیوەندیدار بە هاوڕەگەزی گۆڕی. ئەوڕۆکە ئەو وەک ئاڵاهەڵگری بزووتنەوەی مۆدێڕنی مافەکانی پیاوانی هاوڕەگەزخواز دەناسرێت. لە ساڵی 1864، وشەی هاوڕەگەزخوازی بۆ یەکەم جار لە نامیلکەیەکی ئەڵمانی هەنگارییایی بە شێوەی چاپکراو دەرکەوت. ئەم نامیلکە لە نووسینی کارڵ ماریا کرەتبنی بوو کە یەکێک بوو لە یەکەمین کەسانێک کە تیۆریی زانستی لە مەڕ هاوڕەگەزخوازی خستە ڕوو. هەتا ئەو کات، هاوڕەگەزخوازی بە هۆگرییەکی جیاواز سەیر نەدەکرا. بۆچوونی ناوبراو کە هاوڕەگەزخوازی زکماکییە، جیاوازییەکی بنەڕەتی لەگەڵ تیۆرییە پاش و پێشەکان بوو کە هاوڕەگەزخوازی یان «نێربازی»یان بە گەندەڵییەکی وەدەستهێنراو دەزانی. هیچ کام لەم دوو وشە هەتا بەر لە نیوەی دووهەمی دەیەی 1860 بوونیان نەبوو. بێگومان، کرەتبنی یەکێک لە چەندین توێژەرێکە کە باوەڕی بە بنیاتی بایۆلۆجی هاوڕەگەزخوازی هەبوو. لە ناو میدیا چاپییەکاندا، نیۆیۆرک تایمز یەکەمین بڵاڤۆکی گرینگ بوو کە

1. دین، کارۆلین. Sexuality and Modern Western Culture چاپخانەی تواین. نیۆیۆرک، 1996. ل 22

وشەی «هاوڕەگەزخوازی» بە کار هێنا.[1]

بە وتەی داینس و دۆناڵدسۆن (1990)، هەر دوو وشە ئەڵمانی بـوون و لـە کۆتاییـەکانی سـەدەی نۆزدەهـەم بـە وەرگێڕانـی «نەخۆشـی دەروونـی ڕەگەزێتیبێزراو» بەرهەمی ڕیچارد فۆن کرەفـت ـ ئێبینـگ هاتـە نـاو زمـانی ئینگلیزییەوە.[2] ناوبراو هەوڵی دا پێڕسـتێک لـە جـۆرە جیاوازەکـانی ڕەفتـارە سێکسییەکان ئامادە بکات. لـە سـاڵە سـەرەتاییەکانی سـەدەی بیسـتەم، زۆر کەس هاوڕەگەزخوازییان وەک جۆرێـک نـانۆرمی دەروونـی دەزانـی. هـەتا سـاڵی 1986، هاوڕەگـەزخوازی بەشـێک لـە ڕێکـاری لێکدانـەوەی ئەنجومـەنی دەروونناسـی ئـەمریکا بـوو. بـەڵام، وشـەی هاوڕەگـەزخوازی بەرهەمی سەدەی بیستەمە. کاتز (1995) لە کتێبەکەی خۆیدا لە ژێر نـاوی داهێنانی دیترڕەگەزخوازی لە مـەڕ گـۆڕانی وشـەی دیترڕەگـەزخوازی قسـە دەکات. بە گوێرەی وتەی ئەو، ئەم وەشە کەمێ زیـاتر لـە یـەک سـەدەیە کـە هاتۆتـە نـاو زمـانی ئینگلیزییـەوە. نـاوبراو سـەدەی بیسـتەم بـە «سـەدەی دیترڕەگـەزخواز» نـاو دەنێـت. بـە وتـەی کـاتز لـەم سـەدەدا «گریمانـەی» «دیتری» چەسپا، جێکـەوت و بـە شـێوەیەکی بـەربڵاو وەک ئۆرتۆدۆکسـی ڕەگەزیی باڵادەست لە هەموو شوێنێکدا بڵاو بۆوە.

«سەرەڕای ئەمە، لە نێوەڕاستی دەیەی 1980 هـەتا 1960، کـەلتووری

1. فۆن. بایرن ئار. ئێس. (2000) Homophobia: a history. کتێبەکانی مێترۆپۆلیتن.

2. ڤین ئار. داین، ستەیفن دۆناڵدسۆن Encyclopedia of Homosexuality چاپخانەی گارلەند. 1990.

گشتی ئەمریکا لەگەڵ وشەگەلی دیترڕەگەزخواز و هاوڕەگەزخواز ئاشنا بوو، کە واتە نۆرم و بەهای سێکسیی جیاواز و نویێ دەرکەوت کە تا دەهات بە سەر کۆمەڵەی دیترڕەگەزخوازان، کە سەرتر لە هاوڕەگەزخواز (لزباین و گەی) سەیر دەکران، زاڵ دەبوو. تاوتوێی گشتی مێژووی بێزاری ڕاشکاوی کۆمەڵگا لە هاوڕەگەزخوازی و تاراندنی پیشان دەدا کە بە چ توندییەک هاوڕەگەزخوازی ڕەت کراوەتەوە. بۆ وێنە، دادگای ئۆسکار وایلد بە دواداچوونی یاسایی سەرکەوتووانە لە ژێر بەڵگەی چاکسازی یاسای سزا لە ساڵی 1885 بۆ «کردەوەی قێزەونانەی قورس» و دوو ساڵ ئیشی تاقەتپڕووکێن لە زیندان کۆتایی هات. لە وڵاتی برازیل، ئادۆلفۆ کامینها ڕۆمانە گۆڵمەزییەکەی لە ژێر ناوی *Bom- Crioulo* (پیاوی ڕەشپێست و کوڕی خزمەتکاری پاپۆڕ) کە بابەتی سەرەکییەکەی هاوڕەگەزخوازی و نەتەوە (پیاوی ڕەشپێست قارەمانی چیرۆک) بوو، بڵاو کردەوە. وەرگێڕانی ئینگلیزی ئەی ئێی لیستێک لەم کتێبە لە ساڵی 1982 لە لایەن وەشانخانەی گەی سانشاین چاپ کرا. ئەم ڕۆمانە یەکەم بەرهەمی ئەدەبی گەورە لە مەڕ هاوڕەگەزخوازی بوو کە لە وڵاتی برازیل چاپ دەکرا و یەکێک لە یەکەمین بەرهەمگەلێک بوو کە تێیدا قارەمانی چیرۆک ڕەشپێستێکە. بڵاو بوونەوەی ئەم کتێبە هەرای نایەوە. دەیەی 1900 زۆر باش نەبوو. پۆلیسی نیۆیۆرک لە ڕێکەوتی 21 فێبریوێری ساڵی 1903 یەکەمین هێرشی تۆمار کراوی لە وڵاتی ئەمریکا بۆ سەر گەرماوێکی گشتی گەیەکان لە ژێر ناوی گەرماوی هۆتێلی ئاریستۆن ئەنجام دا. بیست و شەش پیاو قۆڵبەست و 12

کەسیشیان بە تاوانی نێربازی دادگایی کران. 7 پیاویش بۆ 4 هەتا 20 ساڵ زیندان سزا دران. ڕادە و سنووری سەختگرانەی نوێ وای کرد دنیای نوێی هەوەسبازی و ڕەگەزێتی کەمتر پۆلی مۆڕف (فرەگۆڕان) بێت. پارتی کرێکارانی ئەڵمانی سووسیال ناسیۆنالیزم گرووپە هاوڕەگەزخوازەکانی قەدەغە کرد. لە ئەڵمانی نازی، هاوڕەگەزخوازان بەرەو کەمپەکانی مەرگ دەنێردران. لە کاتی هۆڵۆکاست، 100 هەزار پیاوی گەی قۆڵبەست کران و نێوان 5 بۆ 15 هەزار پیاوی هاوڕەگەزخواز لە کەمپەکانی مەرگی نازییەکاندا گیانیان لە دەست دا. لە کاتی مەک کارتی کاتێک جادووگەران ڕاو دەنران، 190 کەس لە وڵاتی ئەمریکا بە هۆی هۆگری سێکسیی خۆیانەوە دەرکران و ئەمە دەستپێکێک بوو بۆ ئەوەی دواتر ناوی نرا ترسی لۆندێر ـ ڕاونانی جادووگەران و دەرکردنی بە لێشاوی گەیەکان لە دەیەی 50 -. ئەم جووڵە هاوتەریب لەگەڵ شەڕی دژ بە کۆمۆنیست ڕووی دا کە دەبوونە مەک کارتیزم و ترسی سووری دووهەمی بنەماڵە. سێناتۆر مەک کارتی سوور بوو لە سەر ئەوەی کە هاوڕەگەزخوازان و لزباینەکان هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی ئامریکا و لایەنگرانی کۆمۆنیزم بوون و هەر ئەمەش وای کرد کە ئەوانی لە ئیشە دەوڵەتییەکان دەرکرد.[1]

ئەم کاردانەوە توندە کۆمەڵایەتییە کە بە قەدەغەبوونی خواردنەوەی کحۆل لە ئامریکا دەستی پێکرد هەتا دەیەی 50 درێژەی کێشا. چالاکییە

1. جانسۆن، دەیڤید کی. (2004) The Lavender Scare چاپخانەی زانکۆی شیکاگۆ.

ژێرزەوینییەکانی ناهاوسانان هەڵوەشێنراوە، شانۆ و فیلمەکان سەنسۆڕ دەکران و کۆمەڵێ یاسا و ڕێسا دابەزێنران بۆ ئەوەی نەهێڵن هاوڕەگەزخوازان لە ڕیستۆڕانت، بار و یانەکاندا میوانداری بکرێن یان تەنانەت ئیش بکەن. هەتا ساڵی 1970، تەنیا خواردنەوەی کحۆڵ لە شاری نیۆیۆرک بۆ کەسێک کە دیار بوو هاوڕەگەزخوازە، نایاسایی بوو. لە ماوەی شەڕی سارد، سیاسەتە پۆلیسییەکانی دژ بە گەی توندتر بوون. پۆلیسی خۆجێی هۆشداری دا کە هاوڕەگەزخوازان هەڕەشە لە منداڵانی وڵات دەکەن.

لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم، شارە ئەورووپایی و ئامریکاییەکان بوون بە ناوەندی کۆبوونەوە ئاڵۆزەکانی هۆگرییە سێکسییە جۆراوجۆرەکان، شوێنێک کە کەسەکان بە هۆگری سێکسیی جۆراوجۆرەوە سنوورەکانی چین، نەتەوە، ڕەگەز و تەمەنیان دەبەزاند، شوێنێک کە ناوەندێک بوو بۆ پێگەیاندنی شووناس. دەستبەجێ پاش جەنگی جیهانی دووهەم، هاوڕەگەزخوازی دەرکەوت و وەک پرسێکی گشتی بە توندی خۆی جێگیر کرد.[1] ڤیکس (1988) لە یەکێک لە گێڕانەوەکانی خۆیدا دەڵێ: «لە کاتی شەڕی جیهانی دووهەم، پەرەسەندنی ئەم وردە کەلتوورانە سەرسامهێنەر بووە و یەکێک لە قارەمانانی دوور لە زەینی ئەم بزاڤە بەربڵاوە، گەشەی باری گەیەکانە.»[2] کۆمەڵە باری گەیەکان کە لە نێوان سەرەتاکان و هەتا نیوەی

1. ئەیوو کاسافسکی سیدۆڤێک Between Men: English Literature and Male Homosocial Desire چاپخانەی زانکۆی کلۆمبیا. ل 83 ـ 96.

2. ڤیکس. جێفری. Sexuality and Its Discontents Meanings, Myths and Modern Sexualities ڕاتلێج و کەگان پاڤڵ. لەندەن. 1988. ل 192.

سەدەی بیستەم دەست بـە کـار بـوون، بـوون بـە تایبەتمەنـدی زۆرێـک لـە شارەکانی ئەمریکا و شوێنی کۆبوونەوەی ئەو کەسـانە بـوون کـە هـەڵوەدای چاوپێکـەوتن لەگـەڵ پارتنێرەکـانی خۆیـان بـوون، دەیانویسـت پۆشـین و ڕەفتـاری ڕەگـەزێتی دڵخـوازی خۆیـان هـەبێ یـان تـەنیا هـەڵوەدای هەڵسووکەوتکردن لەگەڵ کەسانی هـاوبیری خۆیـان لـە بوارەکـانی دیکـە بوون.

## شۆڕشەکانی ستۆن واڵ

ئەوڕۆکە زۆر کەس لەو بۆچوونەدان کە بزاڤی گەیەکان بە شۆڕشەکانی ستۆن واڵ (Stone Wall) لە ساڵی 1969 دەستی پێکرد. بێگومان، شۆڕشەکانی ستۆن واڵ کە سـتۆن واڵـی تەنهاشـی پـێ دەڵـێن خـاڵی سـەرنجڕاکێش لـە مافـەکانی ناهاوسـانان بـوون؛ چوونکـە ئـەم شۆڕشـە بـوو بـە هـەوێنی لـە دایکبوونی بزووتنەوەی نێونەتەوەیی مافەکانی پیاوانی هاوڕەگەزخواز.

بەر لـە کۆتـایی هـاتنی سـەدە، لـە زۆرێـک لـە گـەورە شـارەکانی وەک نیۆیۆرک، گەیەکان بوونێکی زەق و تۆخیـان هـەبوو. لـە چەنـدین گـەڕەکی نیۆیۆرک، هاوڕەگەزخوازان خـاوەن سـنووری خۆیـان بـوون و زۆرێـک لـە ناوەندە بازرگانییەکان بە تەنیا یـان زیـاتر خزمەتگوزارییـەکانیان پێشکەشـی هاوڕەگـەزخوازان دەکـرد. لـە سـاڵی 1969 داخـوازی دەسـت پێکردنـی پەیوەندی هاوڕەگەزخوازانە لە نیۆیـۆرک (و لـە ڕاسـتیدا لـە هـەموو ناوەنـدە شارییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان) کردەوەیەکی نایاسـایی بـوو. کـە واتـە باری گەیەکان داڵدەگەلێک بوون بۆ پیـاوانی گـەی، لزبـاین و دیکـەی ئـەو

کەسانەی کە لە ڕووی هۆگری سێکسییەوە گومانـاوی بـوون. لـەوێ ئـەوان دەیانتوانی بە شاراوە و لە ئارامییەکی ڕێژەیی بە دوور لە ڕەنج و ئازاری گشتی پێکەوە لە پەیوەندیدا بن. پێویست بە وتن ناکا کە ئـەم ئارامییـە ڕێژەییـە زۆر جار بە ئازاری بەردەوامی پۆلیس تووشی کێشە دەبوو. شوێنی کۆبوونـەوەی ناسراوی تر بۆ ناهاوسانانی گەنج، بارێک بە ناوی ستۆن واڵ ئین لە شەقامی کریستۆفێر لە گرینڤیچ ویڵج کە بـارێکی تاریـک، نـاقۆڵا و قـەرەباڵغ بـوو و وەک دەڵێن بە بێ مۆڵەت لە بواری خواردنەوەی کحۆل ئیشی دەکرد.

لە کاتژمێرە سەرەتاییەکانی ڕۆژی شەممەی 28ـی جـوونی 1969، نـۆ پۆلیس هاتنە ناو ستۆن واڵ ئین (Stone Wall Inn) و کار بـە دەسـتانیان بـە تاوانی فرۆشتنی کحۆلی بێ مۆڵەت قۆڵبەست کرد و دەستیان کرد بە لێدانی مشتەرییەکان و باریان چۆڵ کرد. یاسای سـزای نیۆیـۆرک قۆڵبەسـتکردنی هەر کەس کە لانیکەم سێ دەست جلی یەکسان لەگەڵ ڕەگەزێتی خـۆی لـە بەر نەکردبوو، بە ڕێگە پێدراو دەزانی؛ کە واتە بە پێی ئـەم یاسـایە، چەنـدین کەسیان قۆڵبەست کرد. ئەمە سێیەمین هێرشی هاوشێوە بۆ باری گەیەکان لـە ویڵج لە ماوەیەکی زەمەنی کورت بوو. ئینجـا ئـەوەی چـاوەڕوانی نـەدەکرا، ڕووی دا. لە بری ئەوەی کە خەڵک وەک خوویەک هەمیشە لـە دەرەوەی بـار کۆ ببنەوە، ئەم جارەیان نە پاشەکشـێیان کـرد و نـە پەرتـەوازە بـوون. لەگـەڵ ئەوەی جەماوەرەکە سەیری مشتەرییەکانیان دەکرد کە بـە زۆرەملـێ دەخرانـە ناو وەنی پۆلیسەوە، تووڕەیی گشتی بزوا. خەڵک گاڵتەیان بە پۆلیس دەکـرد و تێیان دەسرەواندن و ئینجا دەستیان کرد بـە برنگـەکردنی بـەتڵ و زبـڵ. ئـەم هەواڵە دەم بە دەم لە سەرتاسەری گرینڤیچ ویڵج و لە سەرتاسەری شار بڵاو

بۆوە و سەدان گەی و لزباین، ڕەشپێستەکان، سپی پێستەکان، ئیسپانییەکان و بە شێوەی گشتی چینی کرێکار لە گەڕەکی کریستۆفێر لە دەوروبەری سـتۆن واڵ ئین کۆ بوونەوە بۆ ئەوەی بێنە پاڵ ئەم شەڕە. پۆلیسەکان کـە تەنانـەت لـە تاقمی گەورەتری گەیەکاندا بە ڕەفتارێکی بەرکارانە ڕاهاتبوون، داوای هێـزی یارمەتیان کرد و لە ناو باردا پەنایان گـرت؛ لـە کاتێکـدا کـە حەشـیمەتێکی 400 کەسی خەریکی شۆڕش بوون، ئەو گێڕەوەرانەی وا پۆلیس بۆ ڕێگـری لە چوونی کەسەکان بۆ ناو بار دایانی نابوو، چەندین جار شکا و بار ئـاوری تێبەر درا. هێزە یارمەتییەکانی پۆلیس کاتی خۆی فریا کـەوتن و ئاورەکـەیان کوژاندەوە و لە کۆتاییدا توانیان بڵاوە بە خەڵکەکە بکەن. ئێستا پۆلیس خاوەن هێزی یارمەتی پشـکنینی تـاکتیکی (TPF) بـوو کـە گرووپـی لێـدەری دژە شۆڕش بوو و بە شێوەی تایبەت بۆ بڵاوە پێکردنی کەسانی دژبەری جـەنگی ڤییەتنام مەشقی بینیبوو. کۆمەڵێ تێهەڵچوونی توندوتیژیانەی نێوان پـۆلیس و چالاکڤانانی مافەکانی پیاوانی هاوڕەگەزخواز بۆ ماوەی پێنج ڕۆژی بەردەوام لە دەرەوەی ستۆن واڵ ئین درێژەی کێشا.

## میراتی ستۆن واڵ

تێهەڵچوونی چاوەڕوان نەکراو ئەو جۆرەی کە لـە چوارچێـوەی بزووتنـەوەی فێمێنیستی و مافە شارۆمەندییەکان ڕووی دا، بوو بە هێزێکی ئەنگێزەبەخش. هەندێ لە مێژووناسان ئەم ڕاپەڕینـەیان بـە نارەزایەتییـەکی خۆڕسـک دژ بـە ئازاری بەردەوامی پۆلیس و هەڵاواردنی کۆمەڵایەتی وەسف کرد کە هـەموو جۆرە کەمینە سێکسییەکان لە دەیەی 60 ڕوبـەڕووی دەبوونـەوە. سـەرەڕای ئەوەی گرووپەکانی گەی خۆپیشاندانی تریشیان ئەنجام دا، ڕەنگـە ڕووداوی ستۆن واڵ ئین یەکەمین جارێک بوو کە کەسـانی ناهاوسـان تێیـدا بایـەخی یەکگرتنیان لە پێناو ئایدیالێکی هاوبەش بـۆ دەرکـەوت. زۆر زوو سـتۆن واڵ بوو بە هێمای خۆڕاگری لە هەمبەر هەڵاواردنی کۆمەڵایەتی و سیاسی کە لە مـاوەی دەیـەکانی دواتـردا بـوو بـە هێمـای یـەکێتی نێـوان گرووپـە هاوڕەگەزخوازەکان. ئەکتیڤایەتی گەیەکان لە دوای شۆڕشەکانی ستۆن واڵ لە شاری نیۆیۆرک لە ساڵی 1969 (دابرمەن، 1994) وای کـرد کـە کەمینـە سێکسـییەکان زیـاتر ببینـرێن و وتـووێژی زێـدەتری کارناسـانی بـواری تەندروسـتی دەروون لـە بـواری توێژینـەوە لـە مـەڕ هـۆگری سێکسـی لـێ کەوتەوە. سەرباری ئەوەی ناتوانین بڵێین شۆڕشەکانی ستۆن واڵ ئاخێزگـەی بزووتنەوەی مافەکانی گەی بووە، ئەم ڕووداوە بووە کاتالیزێرێک بۆ نەوەیەکی نـوێ لـە ئەکتیڤایـەتی سیاسـی. ئـەوەی کەمـە کەمـە خـۆی دەردەخسـت، شووناسـێکی قبـووڵکراوی نـوێ لـە هـۆگری سێکسـی بـوو کـە ڕاکێشـانی سێکسیی کەسێک بـۆ هاوڕەگـەزی خـۆی وەک ڕەهەنـدێکی سرووشـتی و نەگۆڕی کەسایەتی ئەو سەیر کرد.

## ناهاوسانان لە وێژەدا

ناهاوسانان لە سەردەمی ڤیکتۆریا، کاتێک کە هاوڕەگەزخوازی لە زۆرێک لە کۆمەڵگا ئەورووپی و ئەمریکییەکاندا بـوو بـە کـارێکی تاوانبارانـە، شـتێکی ئەوتۆ لە مەڕ ناهاوسانان نەنووسرا بوو. ئایـدیای شـێوازی ژیـانی لادەرانـەی گەی لەم دارِشتە مێژووییەدا دەرکەوت. بەر لە سـەردەمی ڤیکتۆریـا، خـەڵک هاوڕەگـەزخوازییان بـە لاوە شووناسـێکی جیـا نـەبوو، بـەڵکوو وەک ئارەزوویەکی سێکسی سەیریان دەکرد کە لە چوارچێوەی دیترڕەگەزخوازیـدا ئیش دەکات. هەندێ لە کەلتوورەکان پێیان وا بوو کە هەموو کـەس هەسـتی سێکسی بۆ هاوڕەگەزی لە خۆدا حەشار داوە.

پرسەکانی پەیوەندیدار بە ناهاوسانان هەمیشە لە ڕۆمان، ئەو ڕۆمانانی وا دەکرێنـە فـیلم، کتێبـی مێژوویـی و توێژینـەوەی پەیوەندیـدار بـە مافـە کۆمەڵایەتی و هاوولاتییەکان، توێژینەوەی زانستی و ئەو وێـژە سـنووردارەی کە لە مەڕ ناهاوسانانە، بینراون. لە درێژەدا چاوێکی گشتی دەخشـێنین بـەو بەشەی وێژە کە تێیدا پێداگری لە سەر گێڕانەوەی ناهاوسانی کراوە.

## ڕۆمانەکان

ڕۆمانی دوو کوڕ، کاتی مـەلیٚ کردن بەرهـەمی جیمـی ئۆنیـل، چیرۆکێکـی عاشـقانەی بەتینـە لـە مـەڕ دوو کـوڕی مێرمنـداڵ و تێهـەڵچوونیان لەگـەڵ پیاوێکی بەتەمەنتر لە ناوەڕاستی شۆرشی جـەژنی پـاکی سـاڵی 1916 لـە دۆبلین.

شاری شەو بەرهەمی جان ڕۆکی، ڕۆمانێکە لە بارەی لەشفرۆشانی سـەر

شەقامەکانی گەی لە دەیە 50 و ژیانی نەبینراو بەرهەمی ئێی لین هەریس دۆزینەوە سێکسییەکانی خوێندکارێکی مافی ئامریکی - ئافریقی شی دەکاتەوە.

وێژەی لزباین پڕە لە هێما ئاشناکانی ئەشکەنجەیەکی دڵتەزێن. گوتاری هاوڕەگەزخوازی ژنان لە بەرهەمی کلاسیک (چاڵی تەنهایی ڕادکلێوف هاڵ)دا خۆی نواند کە بۆ یەکەم جار لە ساڵی 1928 بڵاو بۆوە. وێنە کلاسیکەکەی لە عەشقی دوو ئافرەتی هاوڕەگەزخواز ئاماژەیەکی دیاریکراو بوو بۆ سەر ژیانی خۆی. کتێبەکە دەستبەجێ پاش بڵاو بوونەوە قەدەغە کرا و تا ڕادەیەک پیشە وێژەییەکەی لە ناو برد. بەرهەمی ژانێت وینتێرسۆن لە ژێر ناوی پر تەقاڵەکان تەنیا میوەکان نین بەسەرهاتی وشیاربوونەوەی سێکسیی ئافرەتێکی گەنجە. ئەم کتێبە بوو بە براوەی خەڵاتی یەکەمی وایتبۆرد.

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم، یادداشتە ڕۆژانەکانی ئێن لیستێر چاپ کرا کە خەزێنەیەکی دەوڵەمەند لە مێژووی کۆمەڵایەتی لزباینەکانە. کتێب گێڕانەوەیەکە لە ژیانی ڕاستەقینەی ئێن لیستێر لە سێکسکردن لەگەڵ ئافرەتان. ئێن لیستێر خەڵکی شیبدێن هاڵ بوو (1791 - 1840) و ژنێکی زیرەک، کارخولقێن و لە باری کۆمەڵایەتییەوە دەسەڵاتخواز بوو کە تێدەکۆشا سەرتر لە ڕەچەڵەکی بنەماڵەیدا کە زۆریش ڕەسەن نەبوو، پێگەی خۆی جێگیر بکات. کاتێ مامە جەیمزی ئێن لە ساڵی 1826 مرد، ئێن بوو بە مێراتگری شیبدێن لە نزیک هالیفاکس لە یۆرکشایێر. ناوبراو ژنێکی بۆ خۆی دەستنیشان کرد بۆ ئەوەی جەستە و سامانەکەی لەگەڵ ئەو بەش

بکات. ئەم کارە سەربەخۆیی و کۆنترۆڵی ئەو بە سەر داراییەکەی پیشـان دا. ئـەم گێڕانـەوە کـە بـە شـێوەی یادداشـتی ڕۆژانـە هـاتووە، بـۆ شـیکاری و خەیاڵپەروەری زۆر شت دەخاتە ئەستۆی وێناگەری خوێنەر خـۆی. نـاوبراو لە شیکاری ڕاشکاوی ڕەفتاری هاوڕەگەزخوازانە خۆی بووارد و لە بەرامبەردا بە کەڵک وەرگرتن لە وشەی «ماچ کردن» واتایەکی زۆر سەرتر لە کـردەوەی ماچکردنی خستە ڕوو. یاداشتە ڕۆژانەکانی ئێن لە چـوار ملیـۆن وشـە پێـک هاتووە و بە زمانێکی کۆددارانە نووسراوە کە ئاوێتەیەک بوو لە یونانی کـۆن و قەدەر. ئەم نووسراوانە لە دەیەی 30 کۆدەکانی کرانەوە. ئەمە ئەوە پیشان دەدا کە لە سەدەی هەژدەهەم، وێژە زۆر بۆ هاوڕەگەزخوازی کراوە نەبوو.

بە پێچەوانـەی هاوڕەگـەزخوازی، گوتـاری دووڕەگـەزخوازی سـەرەڕای ئەوەی لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەم و کۆتاییـەکانی سـەدەی هەژدەهـەم دەبینرا، هەر وا سنووردار بوو. وڵامـی تـۆزاوی یەکـەمین ڕۆمـانی ڕۆزامۆنـد لیمەن لەساڵی 1927 گرینگییـەکی زۆری هـەبوو؛ چوونکـە پیشـاندەری ڕووانگەی پەیوەندیدار بە دووڕەگەزخوازان لەو کاتدا بوو. بەرهـەمی جـەیمز باڵدۆین لە ساڵی 1956 لە ژێر نـاوی ژووری جیڤـانی لـە چیرۆکێکـدا لـە بارەی پیاوێکی ئامریکی دانیشتووی پاریسە، دو بابـەتی هاوڕەگـەزخوازی و دووڕەگـەزخوازی دەخاتـە ڕوو. چیرۆکـی هەسـتی پیاوێـک و پەیوەنـدیی ئاشقانەی پڕ لە ژانی ئەو لەگەڵ کار بە دەستی بارێکی ئیتالیـایی دەگێڕێتـەوە کە ناوی جیڤانییە و لە بارێکی گەی پاریسی ئەوی ناسیوە. هـەر بـەم شـێوە. ڕەنگی مۆر بەرهەمی ئالیس واکێر چیرۆکی تاڵی ئافرەتێکی گـەنج بـە نـاوی

سیسیل لە دەیەی 30 و عەشقی ئەو بەرامبەر بە ژنێکی دیکە دەگێڕێتەوە.


زۆرن ئەو ڕۆمانانـەی وا ڕێگـەی دژوار و پـڕ لـە چەرمەسـەری لـە پیـاو بوونەوە بۆ ئافرەت و بە پێچەوانە پیشـان دەدەن. ئۆڕلانـدۆ، ژیاننامەیەکـە لـە نووسینی ڤیرجینیا وۆڵف، کە یەکێک لە کەسـایەتییە ئەدەبییـە پێشـڕەوەکانی سەردەمی مۆدێرن و زۆر بەڕێزی سەدەی بیستەمە، سەبارەت بـە شـاعیرێکە کە لە پیاوەوە دەبێتە ئافرەت و چەندین سەدە دەژی. میدڵ سێکس بەرهـەمی جێفری یوجیندز و براوەی خـەڵاتی پـۆلیتێرز لـە بـارەی شـاعیرێکە کـە بـە شێوەی بایۆلۆژیک دوو جار لە دایک بووە؛ جارێکیان بە شێوەی کچ و دواتر بە هۆی نەشتەرگەرییەوە بە شێوەی کـوڕ لـە دایـک دەبێـت. کۆمەڵـە کتێبـی پێکـەنینی لاڤ و ڕۆکتێـز (Love and Rockets 1981 - 1996) بـە شـێوەی وردبینانە پەیوەندی دووڕەگەزخوازی تاوتوێ دەکا و ڕەنگ و مانایەکی جوان بەم وشە دەبەخشێت. کرِیزی کەت (1913 - 1944)، کچـانی ونبـووی ئەلەن مۆر (1991 - 2006). نامۆکان لە بەهەشت تێری مۆر (1993 - 2007) چەنـدین کەسـایەتی دووڕەگـەزخواز لـە خـۆ دەگـرن. کەسـایەتی سێکسـی بەرهـەمی کامیـل پاگلیـا (1990)ـیش پێشـینەی شـاراوەی لـە ڕابردووی دووڕەگەزخوازی خستە ڕوو.

## ڕۆمانگەلی سەبارەت بە ناهاوسانان کە کراون بە فیلم




لەساڵی 1934، شانۆی ئامریکی لیلیان هێڵمەن، کاتژمێری منداڵان، کە دواتر فیلمێکی زۆر پەسنکراوی لێ ساز کرا، چیرۆکی کچۆڵەیەکی بەدفەڕ دەگێڕێتەوە کە تۆمەتی هاوڕەگەزخوازبوون دەخاتە پاڵ دوو مامۆستای قوتابخانەی شەوانەڕۆژی. لە ساڵی 1997، لە کۆمەڵە قەدپاڵی نزیک دەتوانین ئاماژە بکەین بە چیرۆکی کوێستانی بڕۆکەبک لە نووسینی ئانی پرۆلکس کە وەک شاکاری ئەو دەناسرێ و چیرۆکی دوو پیاوە کە لە هاوینێکدا بە هاوبەشبوونی خێوەتێک لەگەڵ یەکتر، هۆگری یەکتر دەبن. دواتر فیلمی درامی ڕۆمانسی ڕۆژئاوایی بە دەرهێنەرایەتی ئانگ لی بە پێی ئەم چیرۆکە بەرهەم دێت. مۆریس بەرهەمی ئەی. ئێم. فاستێر چیرۆکی عەشقی دوو هاوڕەگەزخوازە کە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمی ئینگلیزدا

ڕوو دەدات. فاستێر بە نیاز نەبوو لە کاتی ژیانی خۆیدا بەرهەمەکـەی چـاپ بکا و پێی وا بوو کتێبەکە بڵاو نابێتەوە. دواتر کە ئـەم ڕۆمانـە بـڵاو بـۆوە، لـە فیلمێکدا کەڵکی لێ وەرگیرا.




شانۆنامەی نیمچە ژیاننامەی تاڕڵ ئالۆڤین مەک کارنی لە ژێر نـاوی لـە ژێر تریفەی مانەگەشەو، کوڕە ڕەشەکان خـەمگینن، بـوو بـە فیلمێکـی درام سەبارەت بە شووناس و هاوڕەگەزخوازی لە ژێر نـاوی «تریفـە». تریفـە لـە ساڵی 2016، خەڵاتی باشترین فیلمی ئۆسکاری وەرگرت.

خاڵی گرینگ ئەوەیە کە کێ هـۆگری لزبانیـەکان بـێ، چ بـۆ گەیـەکان، دووڕەگەزخوازان یان ترەنسەکان، ئەدەبیاتی سەبارەت بە هەموو ئەم هـۆگریی

و شووناسە ڕەگەزییە جۆراوجۆرانە نـاوەڕۆکی سـەرەکی یەکسـانیان لـە خـۆ گرتووە: تەنیایی، ترس، دەرکران، گۆشەگیری، ئەستەمبوونی خـۆ دەربـڕین و لە خۆ بێزار بوون.

## دوورنومای مێژوویی

مایکـڵ فۆکاڵـت (1981) لـە لێکۆڵینەوەکانیـدا هـۆگری سێکسـی لـە دوورنومای مێژوویی لە سەردەمی یۆنانی کۆنـەوە هـەتا سـەردەمی مـۆدێرن شی کردەوە. ناوبراو ڕاشکاوانە دەڵێ هۆگری سێکسی بـە درێژایـی زەمـەن و شوێن گۆڕانی بە سەر دێ و ئەوە وەبیر دێنێتەوە کە «سەرەڕای ئەوەی ڕفتـاری سێکسییانە لە کۆمەڵگا کەڤنەکاندا هاوشێوەی هەر ئەو شتەیە کە ئەوڕۆکە لـە ڕفتاری هاوڕەگەزخوازانە / دیترڕەگەزخوازاندا دەیبینـین، ئـەم وشـانە لەگـەڵ کۆمەڵگا کۆنەکاندا هاوئاراسـتە نـین. بـۆ وێنـە، یۆنانیـانی کـۆن وشـە یـان چەمکگـەلێکیان نـەبوو کـە لەگـەڵ دوو جەمسـەرێتی هاوچـەرخی «هاوڕەگەزخواز» و «دیترڕەگەزخواز» هاوئاهەنگ بێ کە واتە ناتوانین ڕێک لەم داڕشتە مێژوویە جیـاوازەدا وشـە مۆدێڕنـەکان بگۆزینـەوە.[1]» بـە گشـتی هـەموو ئـەم شووناسـە ڕەگەزییانـە بەشـێک بـوون لـە مێـژوو و لـە هـەموو کەلتوورەکاندا بوونیان هەبووە، ئەگەرچی لەوانەیە بە ناوی ناهاوسان دیـاری نەکرا بێت.

---

1. فۆکاڵت، ئێم (1981). The History of Sexuality, Volume 1: An Introduction لەندەن، پلیکان

## توێژینەوە زانستییەکان

ئەم پێداچوونەوە بە ئەدەبیاتە ئەوە پیشان دەدا کە زۆر توێژینەوە ئەنجام دراون بۆ ئەوەی دەریبخەن کە ئاراستەکانی هاوڕەگەزخوازی دەتوانن بە گوێرەی زۆر فاکتەری وەک تایبەتمەندی حەشیمەتناسانانە، بگۆڕە کەسایەتی و پەیوەندی و باوەڕە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان جیاواز بن.

کاری توێژینەوەیی ئیلیاسۆن[1] (1997) و هێرک (2002) پیشانی دەدەن کە ڕوانگەی پەیوەست بە دووڕەگەزخوازان زۆر جار تێکەڵ بە ڕوانگەی پەیوەست بە هاوڕەگەزخوازان بووە. کە واتە لە مەڕ ڕوانگەی دیترەگەزخوازان بۆ پیاوان و ژنانی دووڕەگەزخواز لێکۆڵینەوەی زۆر کەمتر ئەنجام دراوە. هەروەها ئەم باوەڕە هەیە کە هەستی ژنانی دیترەگەزخواز سەبارەت بە دووڕەگەزخوازان پتر لە پیاوانی دیترەگەزخواز ئەرێنین و ژنانی دووڕەگەزخواز لە پیاوانی دووڕەگەزخواز سەرتر سەیر دەکرێن. توێژینەوەکان ئەوە دەردەخەن کە کەسانی دیترەگەزخواز سەبارەت بە پەسەندبوونی هە-ڵسووکەوتی هاوڕەگەزخوازانە و گەیشتنی پیاوان و ژنانی هاوڕەگەزخواز بە ماف و ئازادی یەکسانی مەدەنی، دوو ڕای جیاوازیان هەیە. لە ساڵی 2001، گۆڤاری تایم هەندێ بەڵگەی ڕوون کردەوە کە ئەنجامەکانی ساڵی 1995ی پشت ڕاست کردەوە، داکۆکی لە تیۆرییەک دەکەن کە بە پێی ئەوە «ژنەکانی گەی» لەوانەیە پێشتر پیاوان بۆ پەیوەندی لەگەڵ هاوڕەگەز ئامادە

1. ئێلیاسۆن ئێم. جی. ( 1997). The prevalence and nature of biphobia in heterosexual undergraduate students. Archives of Sexual Behavior.

بکەن.

هەر بۆ ئەم مەبەستە، توێژینەوەیەکی نوێ لە زانکۆی کالیفۆڕنیا ئـەنجام درا و لە دانیشتنی ساڵانەی ئەنجومەنی ژنێتیکی مرۆیی ئەمریکا لە بـالتیمۆر خرایە ڕوو کە ئیدەعا دەکات لەوانەیە هاوڕەگـەزخوازی لـە ژێـر کاریگـەری فاکتەرە ژینگەییەکانی قۆناغی منداڵی بەدی بێت. ئەم ئیدە

عایە پاش ئـەوە بـوو کـە بیرمەنـدان بۆیـان دەرکـەوت ئـەو گۆڕانکارییـە ژنێتیکییانەی کە پاش لە دایکبوون ڕوو دەدات، دەتوانن دیاری بکەن کە ئایـا پیاوێک هاوڕەگەزخوازە یـان دیترڕەگـەزخواز. لێکۆڵینـەوە لـە سـەر دووانـە کوڕەکان دەریدەخات کـە کاریگـەریی ژنێتیکـی / ژینگـەیی و گۆڕانکارییـە کیمیاییەکانی ژنۆمی مرۆڤ کە بە بـێ گـۆڕانی زنجیـرەی DNA، چـالاکیی ژێنەکان دەگۆڕێ، دەتوانێ کاریگەرییەکی فرەی لە سـەر هـۆگری سێکسـی هەبێت.

## مافە شارۆمەندییەکان

زۆر بەرهەمی ئەدەبی لە ڕوانگەی نایەکسانی کۆمەڵایـەتی و شـارۆمەندی و گەشەی ناهاوسانییەوە بابەتی ناهاوسانانیان تاوتوێ کردووە. بۆ وێنـە، چـان (2002) پیشانی دەدا کە چۆن لە چـاو دیترڕەگـەزخوازان، ناهاوسـانان لـە هۆنگ کۆنگ هەڵسووکەوتی نایەکسانیان لەگەڵدا دەکرێت.[1] هەر بەم شێوە،

1. چان، فیل سی. دابلیۆ
The lack of sexual orientation anti-discrimination legislation in Hong Kong: breach of international and domestic legal obligations'.

←

ئۆچا تێدەکۆشێ توێژینەوەیەک لە مەڕ پیشەی سێکسی لە وڵاتـی تایلەنـد و ئەم بابەتە ئەنجام بدا کە چۆن ئاراستە و هەڵسووکەوتی نوێ لە وڵاتی تایلەند خەریکە دەردەکـەوێت، هـەرچـەنـد ناهاوسـانی لـە تایلەنـد پێویسـتی بـە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زیاترە. سیراج (2012) ئەم خاڵە شرۆڤە دەکا کـە چۆن ئایینی ئیسلام دەبێتە هۆی ڕەنج و ئازاری لزباینە موسڵمانەکان.[1]

یەکێتی ئازادی شارۆمەندێتی ئامریکا (ACLU) هەمیشە لـە دادگاکانـدا زۆر چـالاک بـووە بـۆ ئـەوەی دەسـتەبەری مافـەکانی ناهاوسـانان بکـات. گۆڤاری ئەو یەکێتییە لە ژێر ناوی STAND ڕاپۆرتێکی سامناکی سەبارەت بە بارودۆخی مافەکانی گەی لە سەر ئاستی هەموو دنیا بڵاو کردەوە: باشترین و خراپتـرین وڵاتـان لـە ڕووی یەکسـانییەوە. جـارد پـۆلیس (Jared Polis) ڕێکخراوێکە کە بۆ وەستاندنی هـەموو بـیچم و شـێوازەکانی هـەڵاواردن و هاوئاراستەکردنی یاسا لەگەڵ بەها گونجاوەکانی سەردەم، خـۆی بـە پابەنـد دەزانێت. لە مانگی نۆڤەمبەری ساڵی 2015، جارد لە پێناو ترەنسـەکان لـە سەر ئاستی کۆنگرە هەستا بە دامەزراندنی یەکەمین گرووپی کاری.

---

بڵاڤۆکی نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤ. ژمارە 6.
http://www.tandfonline.com/doi/abs/10.1080/13642980500032347

1. سیراج، عاسفە (2012)
I don’t want to taint the name of Islam”: the influence of religion on the lives of Muslim lesbians.
بڵاڤۆکی توێژینەوەی لزباین. بەرگی 16.
http://www.tandfonline.com/doi/abs/10.1080/10894160.2012.681268

## ئەدەبیاتی پەیوەست بە ناهاوسانان لە ئێران

لە ئێراندا توێژینـەوەی زۆر کـەم لـە مـەڕ ناهاوسـانان ئـەنجام دراوە و تـەنیا کۆمەڵێ سنووورداری دیکۆمێنت و چەند وتـاری ڕۆژنامـەیی بـوونی هەیـە. پرۆژەی زانیاری و توێژینەوەی خۆرهـەڵاتی نـاڤین (**MERIP**) زانیـاری لـە بارەی ڕێکخراوەی داپەڕی ئاشکرای جیهانی (کە پـێش لەمـە پێـی دەگـوترا کۆمیسیۆنی نێونەتەوەیی مافەکانی کەسانی گەی و لزباین) بڵاو کردەوە.

هەنگاوی ئاشکرای جیهانی سێ کارناسی کە بواری کـاری هاوبەشـیان هەبوو لە مانگی ئۆکتۆبری ساڵی 2015 بۆ وتوویژ لە مـەڕ هەنـدێ پرسـی ئایینی، یاسایی و کۆمەڵایەتی، کە کەسـانی ناهاوسـانی دانیشـتووی وڵاتـی ئێران ڕووبەڕووی دەبنەوە، کۆ کردەوە. پێشتر لە ساڵی 2012 و 2014 دوو خولی دانیشتنی لە دۆسـۆلدۆرفی ئـەڵمان بـەڕێوە چـوو کـە تێیـدا داپـەڕی جیهانی ئاشکرای مافناسان، چالاکڤانانی مافەکانی مرۆڤ و خوێنـدکارانی زانکۆی بۆ بەشداری لە کۆڕێک لە مـەڕ بـارودۆخی ناهاوسـانان لـە وڵاتـی ئێران کۆ کردبۆوە. نـاوی ئـەم کـۆڕە، مافـەکانی ناهاوسـانان لـە ئێـران بـوو. ڕاپۆرتەکان لـە ژێـر نـاوی «مافـەکانی لزبـاین، گـەی، دووڕەگـەزخوازان و ترەنسەکان لە ئێران» پوختەیەک بوو لە ئەنجام و ئاکام گرتنەکانی کـۆنفرانس و ئاراستەی نوێ بە مەبەستی باشترکردنی بارودۆخی مافەکانی ناهاوسانانی ئێرانی.[1]

لـە سـاڵی 2013، ناوەنـدی دیکۆمێنتسـازی مافـەکانی مرۆڤـی ئێـران

1. مافەکانی لزباین، گەی، دووڕەگەزخواز و ترەنسەکان لە ئێران.
www.iglhrc.org/.../files/LGBTRightsInIran

ڕاپۆرتێکی 60 لاپەڕەیی بە ناوی «شووناسی نکۆڵی لێ کراو: پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤی حەشیمەتی ناهاوسانی ئێران» ئامادە کرد. سەرەڕای ئەوەی چەندین وتوویژ لەگەڵ گەی، لزباین و ترەنسە ئێرانییەکان ئەنجام دران، بە هۆکاری ئەمنی، زۆربەی دیمانە لەگەڵ کراوان لە ئێراندا نەدەژیان. بەڵام ئەم توێژینەوە بریتییە لە وتوویژ لەگەڵ ئەو کەسانەی کە ئێستا لە ئێراندا دەژین.

بە هەڵبژاردنی حەسەن ڕۆحانی وەک سەرۆک کۆمار، لە وڵاتی ئێراندا ئەم هیوایە درووست بوو کە بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ بۆ حەشیمەتی بەش مەینەتی ناهاوسانان باشتر ببێت؛ بەڵام هەتا ئێستا ئەم هیوایە هیچ دە-رەنجامێکی نەبووە. چوار ڕێکخراوی مافە مرۆییەکان (لێبووردنی نێودەوڵەتی، چاودێری مافەکانی مرۆڤ، کۆمیسیۆنی نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤی پیاوان و ژنانی هاوڕەگەزخواز و ڕێکخراوی ناهاوسانانی ئێران) لە مانگی دیسەمبەریساڵی 2013 نامەیەکیان نارد بۆ ڕۆحانی. ئەم گرووپانە داوایان لە ئێران کرد کە سزای دژ بە ناهاوسانی «کە 100 قەمچی بۆ پەیوەندی سێکسی ڕێککەوتنانە لە نێوان ژنان و سێدارە بۆ پەیوەندی سێکسی (دخوول) ڕێککەوتنانە بۆ پیاوان» هەڵبووەشێنێتەوە. کارناسان لەو بۆچوونەدان کە بە پێچەوانەی دروشمە سەرەتاییەکان، ئێران هەمیشە وڵاتێکی مەترسیدارە بۆ ناهاوسانان.

## تیۆرییەکانی پەیوەست بە ناهاوسانی

ئێمە سرووشت بە پێشتر بەرنامە بۆ داڕێژراو و لە ژێر کاریگەری بۆماوەیی‌بوونی ژنێتیکی و دیکەی فاکتەرە بایۆلۆژیکەکان دەزانین. لە لایەکی تریشەوە، پاش گیرسانی نوتفە، تاک لە ژێر کاریگەری فاکتەرە دەرەکییەکانی وەک ژینگە، ئەزموون و ڕاهێناندایە.[1] لە بواری هەڵسووکەوتی مرۆیی، پرسی کۆنی سرووشت لە هەمبەر پەروەردە و کاریگەری ژینگە، چی ژینگەی پێش لەدایکبوون و چی ژینگەی ژیانی تاک یان ژێنەکان لە باسە گرینگەکانی هۆگری سێکسییە. تیۆرییە جیاوازەکانی هاوڕەگەزخوازی یان لە ئاراستەی سرووشت‌باوەڕی سەرچاوە دەگرن یان لە شێوازی سازکردنی کۆمەڵایەتی. لەم ماوەی کۆتاییدا ئەنجامێک دووجەمسەری هاوئاهەنگی پیشان دەدا کە بە پێی ئەو، کەسانێک کە پێیان وایە هاوڕەگەزخوازی تاوانە، زۆر جار لەو باوەڕەدان کە هاوڕەگەزخوازی بژاردەیەکی تاکەکەسییە (تیۆریی ژینگەیی) و لە بەرامبەردا، ئەوانەی وا پێیان وایە هاوڕەگەزخوازی ئاسایی (نۆرماڵ)ـە، زۆربەیان باوەڕیان بە تیۆریی هۆکارێتی بایۆلۆژیک یان ژنێتیکییە.[2]

زۆربەی لێکۆڵەران لە سەر ئەوە ڕێککەوتوون کە فاکتەرە بایۆلۆژی و کۆمەڵایەتییەکان لە سەر بەدی هاتنی هۆگری سێکسی کاریگەرن؛ بەڵام

---

1. مەک لیۆد، ئێس. ئەی. Nature Nurture in Psychology. (2007). www.simplypsychology.org/naturevsnurture.html

2. سالیوان و ڤودارسکی. Social alienation in gay youth (2002) بڵاڤۆکی ڕفتاری مرۆیی لە ژینگەی کۆمەڵایەتی. 5 (1).. 17-1، ل 4

هیچ فاکتەرێکی دیاریکەرەوەی یەکلاکەرەوە، سادە و یەکگرتوو بـۆ هـۆگری سێکسی دیاری نەکراون و هیچ چەشنە بەڵگەیەکی لێبڕاوەش لە سـەلماندنی فاکتـەرێکی دیـاریکراو بـۆ هاوڕەگـەزخوازی بـوونی نییـە. توێژینـەوەی جۆراوجۆر ئاماژە بـە فاکتەرگـەلی دیـاریکراوی جیـاواز و تەنانـەت لێکـدژ دەکەن؛ بەڵام بیرمەندان ئەم گریمانە باس دەکەن کە ئاوێتەیەک لـە فاکتـەرە ژنێتیکـی، هۆرمـۆنی و کۆمەڵایـەتی، هـۆگری سێکسـی دیـاری دەکـەن. ئەنجومەنی دەروونناسی ئەمریکا (**APA**) دەڵێ فاکتەرگەلێکـی جۆراوجـۆر کاریگەری لە سەر هۆگری سێکسیی کەسێک دادەنن.

نوێترین دەقە بڵاوکراوەکانی **APA** دەڵێن هۆگری سێکسی یەک بـژاردە نییە کە بتوانرێ بە ئیرادە و ویستی خۆمان بیگۆڕین و بە ئەگەری زۆر هۆگری سێکسـی ئـەنجامی پەیوەنـدی ئـاڵۆزی فاکتـەرە ژینگـەیی، مـەعریفی و بایۆلۆژیکییە و لە تەمەنی کەمدا بیچم دەگرێت. بەڵگەکان ئـەوە دەردەخـەن کە فاکتەرە بایۆلۆژیکییەکانی وەک فاکتەری ژنێتیکـی و هۆرمـۆنی زکمـاکی دەورێکی گرینگیان لـە تامـەزرۆیی سێکسـی تاکـدا هەیـە. سـەرەڕای ئـەم هۆکارانە، هەندێ کەس شووناسی ڕەگەزیی ناهاوسـان دەگرنـە خۆیـان کـە بێگومـان پێشـتر لەوانـدا نـەبووە. لـە چوارچێـوەی تیـۆریی ژینگـەیی، بایۆلۆژیـک، کۆمەڵایـەتی، سرووشـتباوەڕ، پێکهاتـەخواز و فێمێنیسـتی چەندین تیۆریی جۆراوجۆر خراونەتە ڕوو.

زۆرێک لە تیۆرییە سەرەتاییەکان، فاکتەری ژینگەیی (وەکـوو پەیوەنـدیی لاواز لەگەڵ دایک و باوک و پەیوەندی لەگەڵ هاوڕەگـەزخوازان لـە تەمـەنی کەم) بە هۆکـاری هاوڕەگـەزخوازی دەزانـن. زیگمۆنـد فرۆیـد یـەکێک لـە

داکۆکیکارانی سەرەکی ئەم تیۆرییە بوو.

لە زۆربەی ساڵانی سەدەی بیستەم، باوەڕی سەرەکی ئەوە بوو کە هاوڕەگەزخوازی ئەنجامی پەروەردەی تاکە. فرۆید باوەڕی بە هۆکارێتی ژینگەیی هاوڕەگەزخوازیی پیاوان بوو و هۆکاری سەرەکی لە پەیوەندی لاواز لەگەڵ دایک و باوک (دایک / کوڕ) دەبینی. زۆربەی نووسەرانی دەروونپزیشک ڕێک کەوتن کە پەیوەندییەکی نزیک لە نێوان هاوڕەگەزخوازی و خۆپەسەندی بوونی هەیە. بە گوێرەی بەڵگەکانی لوویس (1988)، فرۆید لە سەروبەندی ژیانی خۆیدا چوار تیۆری لە بارەی هاوڕەگەزخوازی خستە ڕوو. یەکەمین تیۆرییەکان ئەوە بوو کە هاوڕەگەزخوازی لە گرێی ئۆدیپەوە سەرچاوەی گرتووە؛ بەو واتایەی کە کوڕی کەم تەمەن پەیوەندییەکی هەوەسانەی ئاسایی لەگەڵ دایکی خۆی ساز دەکات؛ بەڵام دایک سۆزێکی زۆر بە کوڕەکەی دەبەخشێ و لە ئەنجامدا کوڕ بە شێوەیەکی ڕاڕایی ئەندامی زاوزێی خۆی بە لاوە گرینگ دەبێت.[1] تیۆرییەکی دیکە دەڵێ منداڵ جیاوازی نێوان خۆی و ئەویتر ناناسێتەوە و وا دەزانێ دایک ئاناتۆمییەکی هاوشێوەی ئەوی هەیە. لە قۆناغی خۆپەسندی، منداڵ پەی بە جیابوونی خۆی لە دایکی دەبا و حەڕەشەی نێرەمۆکی دەتوانێ سزایەک بێ بۆ هەستی هەوەسی ئەو. کە واتە ئەو بە شێوەیەکی ڕاڕاییانە نوقمی ئەندامی زاوزێی خۆی دەبێت. بە گوێرەی

---

1. لوویس، کێی. (1988) The psychoanalytic theory of male homosexuality نیۆیۆرک: سیمۆن و شاوێستێر

تیۆرییەکی دیکە، کاتێک کە منداڵ بۆی دەردەکەوێ کە دایکی ئەندامی زاوزێی پیاوانەی نییە، دەترسێ و خۆشەویستی ئەو بۆ دایکی دەبێتە بێزاری. لەو کاتەوە، ناوبراو ژنێک بە ئەندامی زاوزێی پیاوانەوە دەستنیشان دەکا (کوڕێ بە پرەنسیپی ئافرەتانەوە). تیۆری چوارەم و دوایی چەشنێکی دیکەی گرێی ئۆدیپ بوو کە دەیگوت کوڕانی هاوڕەگەزخواز هەستێکی بەتینیان بۆ دایک و ئیرەییەکی لە ڕادە بەدەریان بەرامبەر بە باوک هەیە. ئەم ئیرەییە بردنە بە باوک بە شێوەی ئاواتخوازی بۆ مەرگ و خەیاڵپەروەرییەکی سادیستییانە لە توندوتیژی دەگرێتە خۆی. لە ئەنجامدا وەک کاردانەوە، منداڵ ئەم هەستانە دەکا بە هەستی عەشق بۆ هاوڕەگەز. شارەزایان بۆ ڕوونکردنەوەی هۆکارەکانی هۆگری سێکسی، تیۆرییە بایۆلۆژییەکان قبووڵ دەکەن.[1] تیۆرییە بایۆلۆژیکییە نوێترەکان دژی هۆگری سێکسی بۆ ئاماژە بەو ژێنانە بە کار دەبەن کە لە ڕێگەی سترۆییدە سێکسییەکانی بەرلە لەدایکبوون هاوکاری گەشە، ڕێکخستن و پێکهاتەی سیستەمی دەماری دەکەن. پێکهاتەی کیمیایی و پێکهاتەی مێشک لەم ماوەی کۆتاییدا شرۆڤە کراوە و لە توێکارییەکدا جیاوازییەکانی پیاوانی هاوڕەگەزخواز پیشان دراوە. خوێندنەوەی دەروونپزیشکی زانکۆی بۆستۆن، ڕیچارد پیلارد و دەروون پزیشکی زانکۆی نۆرستێرن، جی. مایکل بیلی، سەبارەت بە هاوڕەگەزخوازی و دووانە کوڕە لێکچوو و لێکنەچووەکان پیشانی داوە کە لە

---

1. هاڤیلێر سترانسکی، ڕیمافدی جی. (1998). .Adolescent homosexuality. Medline Advances in Pediatrics

دوانە لێکچووەکان ئەگەر یەکیان گەی بێ، شانسی گەی بوونی ئەوی‌تر نزیکەی 50 لە سەدە. سەبارەت بە دوانە لێکنەچووەکان ئەم ڕێژە نزیکەی 20 لە سەد بوو. هاوڕەگەزخوازی ڕەچەڵەکی بنەماڵەیی هەیە و لێکۆڵینەوەکان پیشانی دەدەن کە 8 بۆ 12 لە سەدی برایانی پیاوانی گەی، گەین و ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەم ڕێژە لە حەشیمەتی گشتیدا 2 بۆ 4 لە سەدە. توێژەرانی ئینگلتەرایی گۆڵن ویلسۆن و قازی ڕەحمان لە کتێبەکەی خۆیاندا بە ناوی گەی لەدایکبوو: دەروونناسی زیندەوەرناسانەی هۆگری سێکسی بەو ئەنجامە دەگا کە هۆگری سێکسی ئەو شتەیە کە ئێمە لەگەڵی لە دایک دەبین و لە ژینگەی کۆمەڵایەتیی خۆمان «وەدەست»ـی ناهێنین.

جەوهەرباوەڕان ئیدەعا دەکەن کە هاوڕەگەزخوازی پێکهاتەیەکی هەم مێژوویی و هەم کەلتوورییە؛ لە هەموو سەردەم و سەدەکاندا بەشێک لە شارستانییەتی مرۆییە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە پێکهاتەخوازی پێی وایە کە هاوڕەگەزخوازی زیاتر لە بڕگە زەمەنی و پێکهاتە کەلتوورییەکاندا پێناسە دەکرێت.

بە گوێرەی تیۆریی دەور، هەستی هاوڕەگەزخوازتۆقێنی ئەنجامی لاوازبوونی کلیشەکانی دەور و ڕۆڵە ڕەگەزییەکانە. کە واتە کزبوونەوەی دەور و یاسا دیاریکراوە وتراو و نەوتراوەکان حەڕەشەیەکن بۆ ئەو شتەی کە وەک پیاوانە و ژنانە سەیر دەکرێ و تووڕەیی کەسانێک دەبزوێنێ کە لەوانەیە لەو باوەڕەدا بن کە بە هۆی هەڵسوکەوتی هاوڕەگەزخوازانەی دژ بە ڕێسا، ئەگەری شپرزەیی و پشێوی کۆمەڵایەتی لە ئارادایە. ئەم باوەڕە کە

هاوڕەگەزخوازی بژاردەیە، هاوکاری پارێزراوبوونی ئەم تیۆرییە دەکات. وەک ئەوەی ئافرەتان و پیاوان بە گوێرەی ئەو چاوەڕوانییانەی کە لە ڕەگەزیان دەکرێ بە کۆمەڵایەتی دەبن، ئەو ئەزموونانەی وا ئەوان لە درێژایی ژیاندا ڕێنوێنی دەکا، هەمیشە ئاراستەی هاوشێوە تێپەڕ ناکەن. فێمێنیستی هاوپەیمانی جەخت لە سەر گرنگیی تاوتوێکردنی پەیوەندییەکانی نێوان شووناسە کۆمەڵایەتییەکان وەک پۆلێنبەندیی یەکتربڕی سەرکوت و نایەکسانی [1] دەکاتەوە و چوارچێوەیەکی پەنگراوی بەسوود بۆ ڕەخنە لە پێوەرەکانی هۆگری سێکسییە.[2]

جیا لەم هەموو ئەم تیۆرییانە، هەندێ توێژینەوە هەن کە دژ بەم باوەڕە دەوەستنەوە کە هۆگری سێکسی و شووناسی ڕەگەزێتی مرۆڤ بە پێی بایۆلۆژی دیاری کراون و هەمیشە نەگۆڕن و دەڵێن هیچ بەڵگەیەکی زانستی بۆ ئەم بابەتە بوونی نییە. لە بەرانبەر ئەم ڕوانگە، چەمکی ناهاوئاهەنگی ڕەگەزێتی منداڵی (CGN) بەدی دەکرێ، دیاردەیەک کە تێیدا منداڵان لە تەمەنی بەر لە پێگەیشتن لەگەڵ سەرچەشنی دەروونناسانە یا کۆمەڵناسانەی چاوەڕوانکراوی پەیوەست بە ڕەگەزێتییان هاوئاهەنگ نابن. کە واتە منداڵێکی کەم تەمەن بەردەوام کۆمەڵێ هەڵسووکەوتی زۆر ژنانە یان

1. گرەنشاو کیمبرلە (1991). Mapping the margins: Intersectionality, identity politics, and violence against women of color. ئێستێنفۆرد. 43 (ژانقییە)، 1241 ـ 1299.

2. مەک کاڵ، لێسلی (2005). The complexity of intersectionality. Signs بلاڤۆکی ژنان لە کەلتوور و کۆمەڵگا، 30 (بەهار)، 1771 ـ 1800.

پڕەنسیپی پیاوانە لە خۆی دەنوێنێ، ئەوە لـە کاتێکدایـە کـە لـە هـەـ
ڵسووکەوتی ئاسایی کچانە و کوڕانە خۆی دەبووێرێت. لێکۆڵینەوەی بەربڵاو لە مەڕ ئەم دیاردە لە ناو پیاواندا ئەنجام دراوە. سەرەڕای ئەوەی هەموو پیاوانی هاوڕەگـەزخواز وەک کـوڕی کـەم تەمـەن، بـە شـێوەی زۆر زەق کـردەوەی ئافرەتانە لە خۆیان پیشان دەدەن، داتاکان پیشاندەری ئەوەن کە نزیکەی 75 لە سەد یان ڕەنگە پتری کوڕانێک کـە ناهاوئاهـەنگی ڕەگـەزێتی منـداڵی لـە خۆیان پیشان دەدەن، بە هەڵکەوت گـەی یـان دووڕەگـەزخوازن. سـەرەڕای ئەمە، زۆر دووانەی لێکچوو هۆگری سێکسیی جیاوازییان هەیە. لە ئەنجامدا ناهاوئاهەنگی ڕەگەزێتی منداڵی سەرچاوە لە هیچ کام لە دوو تیۆریی زاڵ لە باسی کۆنی «ئەوەی دەبێتـە هـۆی گـەیبوونی کەسـانێک: سرووشـت یـان پەروەردە، ژێن یان هەڵسووکەوتی فێرکراو» ناستێنێت.

# بەشی 2: ناهاوسانی ـ ڕوانگەی جیهانی و سناریۆی یاساییەکان

**بابەتەکان:**

- ڕوانگەی جیهانی
- نەرمی نواندنی پتر بەرامبەر بە هاوڕەگەزخوازی
- هۆگری سێکسی لە دارِشتەی مافەکانی مرۆڤ
- ڕوانگەی ڕێکخراوی نەتەوەکان
- ڕوانگەی یاسایی

## ڕوانینێکی گشتی بۆ ناهاوسانان و سناریۆ یاساییەکانیان لە سەر ئاستی جیهانی

### ناهاوسانان: ڕوانگەی جیهانی

یاساکانی دژ بە پەیوەندی لەگەڵ هاوڕەگەز دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شانزەهەم و نوێنەرایەتی بەشێکی مەزن لە کۆمەڵگای بەریتانیا دەکەن کە لەو باوەڕەدا بوون هاوڕەگەزخوازی «خراپترینی تاوان»ـەکانە.[1] ئەو کات هاوڕەگەزخوازی کردەوەیەکی پەسەندنەکراو بوو کە تا ئەو ڕادە هەڕەشەی لە کۆمەڵگای ڤیکتۆریایی دەکرد کە شووناسێکی بە ناوی شووناسی هاوڕەگەزخواز لەم سەردەمەدا نەبوو یان لانیکەم بە بیچمێکی دیاریکراو و سەربەستی نەبوو. نەبوونی شووناسی هاوڕەگەزخواز بەو واتایە نەبوو کە شارۆمەندانی بەریتانی لە تایبەتمەندی پیاوانی هاوڕەگەزخواز بێئاگا بوون، بەڵکوو لە درێژەی سەدەی نۆزدەهەم، کۆمەڵگا لەم کەسانە بێزار بوو.[2] لە بارەی ژمارەی هاوڕەگەزخوازەکان و شێوەی هەڵسووکەوت لە گەڵیاندا ئامار و ژمارەی کەم لە بەر دەستە؛ بەڵام بێگومان ڕێژەی قۆڵبەست کردنەکان لە

1. Upchurch, Charles. Before Wilde: Sex between Men in Britain's Age of Reform. Berkeley: University of California, 2009. Print. Page 14 & 49.

2 Brady, Sean. Masculinity and Male Homosexuality in Britain, 1861-1913. Houndmills, Basingstoke, Hampshire: Palgrave Macmillan, 2005. Print. Page 11, 17, & 46

چاو ئەو کاتەی کە شەپۆلی هاوڕەگەزخوازتۆقێنی لە دەیـەی 50ـــی زاینــی باڵی بە سەر ئینگلتەرادا کێشا زۆر کەمتر بوو. لە ساڵی 1952 لە ئینگلتـەرا، 670 دۆسییەی بە دواداچوونی یاسایی بـۆ کـردەوەی نێربـازی، 3 هـەزار و 87 دۆسییە بۆ هەوڵدان بۆ نێربـازی یـان پەیوەنـدیی سێکسـیی زۆرەملـێ و هەزار و 686 دۆسییە بۆ پەیوەندی سێکسـی نێـوان پیـاوان (دخـوول) کـرا بووەوە.[1]

هەڵبەت ناتوانین بڵێین کە ئەمە بێزارییـەکی جیهـانی بـوو. لـە ڕاسـتیدا، هەندێ کەلتووریش هەبوون کە پەیوەندی و عەشقی نێوان دوو هاوڕەگەزیان بەرز دەنرخاند. هیندوویزم هاوڕەگەزخوازی بە گوناح و تاوان نازانێـت. لـە ڕاستیدا ئەنجومەنی هیندووی ئینگلتەرا ڕاگەیێندراوێکی بـەم ناوەڕۆکـە بـڵاو کردەوە کە «هیندوویزم هاوڕەگەزخوازی ئیدانـە ناکـات.»[2] کتێبـی پیـرۆزی سیکەکان، گـۆڕۆ گرانـت سـاحێب، بـاس لـە نـەرمی نـوێنی، یەکسـانی و قبووڵکرانی هەموو کەس سەرەڕای نەتەوە، ئایین، ڕەگەز یان هۆگری سێکسی دەکـات. ڕێوڕەسـمی هاوسـەرگیری سـیکەکان لـە ڕەگـەز و ڕەگەزێتییـەکی تایبەتـدا تەسـک نابێتـەوە و لـەم ئایینـەدا، هاوسـەرگیری لەگـەڵ هاوڕەگـەز گونجاوە.[3]

شـیکاری تێگەیشـتنی گشـتی جیهـان لـە ناهاوسـانی ئازاربـەخش و سەرسامهێنەرە. بە گشتی لە ئەفریقا و خۆرهـەڵاتی نـاڤین هاوڕەگـەزخوازی

1. Whitaker, Brian. Unspeakable Love: Gay and Lesbian Life in the Middle East. Berkeley: University of California, 2006
2. Gay Histories and Cultures, Routledge, p. 438, George Haggerly
3. http://www.wahegurunet.com/gay-sikh

زۆر جار ڕەت کراوەتەوە.[1]

**ئەفریقا**

لە ئەفریقا ڕوانگەیەکی توندوتیژی بەرانبەر بە جڤاکی ناهاوسانان هەیـە. زۆرێــک لــە ڕێبــەرانی ئــەفریقــی ڕاشــکاوانە بۆچــوونی ســووک و شــەرمەزارهێنەریان لــە مــەڕ کەســانی ناهاوســان خســتە ڕوو. ئەگــەر ئــەم بۆچوونانە سەبارەت بە هەر گرووپێکـی تـر بخرایەنـە ڕوو، بێ‌گومـان ڕەت دەکرانەوە. سەرۆک کۆماری پێشووی زیمباوە، مووگابـە، لـە ڕا دەربڕینێکـی ڕاشکاوانەدا لە مەڕ مافی ناهاوسانان گـوتی گەیـەکان لـە مـرۆڤ کـەمترن و شیاوی هیچ مافێکی مرۆیی نین و تەنانەت لە سەگ و بەرازیش خراپتـرن.[2] لە مانگی سێپتێمبەری ساڵی 1995، پەرلـەمانی زیمبـاوە لـە جووڵەیـەکی یەکدەســتدا یاســای ئــازاردانی پتــری هاوڕەگــەزخوازان و یاســایەکی بــۆ قەدەغەکردنی کردەوەی هاوڕەگەزخوازانە پەسەند کرد.[3] لە سـاڵی 1997، دادگایـەک کـەنعان بانانـا (Canaan Banana) سـێلف مووگابـە (یەکـەمین سەرۆک کۆماری زیمباوە)ـی لە 11 مـژاردا نێربـاز و سـەپێنەری کـردەوەی سێکسی بە تاوانبار ناسی و سزای 10 ساڵ زیندانی بۆ ئەو بڕییەوە. بانانا لـە ساڵی 2003، بـە هۆکـارێکی نادیـار مـرد.[4] هـەروەها سـەرۆک کۆمـاری

1. The Global Divide on Homosexuality Greater Acceptance in More Secular and Affluent Countries, WWW;pewglobal org. See also The Global Divide on Homosexuality Greater Acceptance in More Secular and Affluent Countries, WWW;pewglobal org)

2. ( Christopher Brocklebank, 14th August 2012, 10:01 AM Police raid headquarters of LGBT rights group.).

3. Marc Epprecht, p180; Hungochani: The History of a Dissident Sexuality in Southern Africa

4. Flora Veit-Wild, Dirk Naguschewski Page 93 Body, Sexuality, and Gender v. 1 6)

ئێستای زیمباوە، ئێمێرسۆن مـەنانگاگوا بانگهێشـتی پـەیتا پـەیتای وڵاتـانی ئـەورووپی لـە کـارگرووپی ئەنجومـەنی مافـەکانی مرۆڤـی ڕێکخـراوی نەتەوەکان بۆ پەسەندکردنی هاوڕەگەزخوازی ڕەت کردوەتـەوە. سـەرەڕای ئەوەی کە گوتوویەتی زیمباوە خۆی بۆ پەرە پێدان و پشـتیوانی لـە مافـەکانی مرۆڤ بە پابەند دەزانێت.[1] لە وتوویژێکدا وێڕای ئاماژە بە ناهاوسانان وتـی: «ئەم بابەتە لە یاسای بنەڕەتی ئێمەدا قەدەغەیە و ئەرکی سەر شانمە ملکەجی یاسای بنەڕەتیم بم.»[2] سەرۆک کۆماری گامبیـا، یـەحیا جەمـە، داوای کـرد یاسایەک لە دژی هاوڕەگەزخوازان پەسەند بکرێ کە «لە یاساکانی ئێـرانیش توندتر بێت» و لە درێژەدا گوتی ئەو لە وڵاتەکەیدا هەر گـەی یـان لزبانێـک ببینێ، «ملی دەپەڕێنێت.» لە 27ـی مانگی سێپتێمبەری 2013، ناوبراو لە وتارەکانی لە ڕێکخراوی نەتەوەکان ڕایگەیاند کە «هەندێ لـە دەسـەڵاتەکان هاوڕەگەزخوازی کـە لـە هـەموو بـیچم و حاڵەتەکانیـدا زۆر شـەیتانی، دژە مرۆیی و دژە خوداییە، بە ناوی مافەکانی مرۆڤەوە پەرەی پێ دەدەن.» ناوبراو لە درێژەدا گوتی: «ئەوانەی بەم کارە هەڵدەستن، دەیانەوێ کۆتایی بە بـوونی مـرۆڤ بێـنن.»[3] یـەحیا جەمـە هاوڕەگـەزخوازانی نـاو نـا «بوونـەوەرانی ئازاربەخش» و گوتی هەتا ئـەو جێـی ئـەو دەزانـێ (LGBT) کـورتکراوەی

1. Zimbabwe's LGBT community: why civil rights and health issues go hand in hand. https://www.news24.com/Africa/Zimbabwe/zimbabwes-lgbt-community-why-civil-rights-and-health-issues-gohand-in-hand-20180131-2. Accessed: Feb 26th, 2018

2. Ibid.

3. Gambian president says gays a threat to human existence-20130928, Reuters, 28 Sept 2013

گــولێتی (Leprosy)، ســـووزەنەک (Gonorrhoea)، باکتریـــا (Bacteria) و سێل (Tuberculosis)ـە کە هەر هەمووی بۆ بـوونی مـرۆڤ زیانبەخشــن.[1] نموونەیەکی تر لەم ڕا و بۆچوونە توندوتیژانە دەتوانین لە ڕێبـەرانی ئۆگانـدادا بەدی بکەین. سەرۆک کۆماری ئۆگاندا فەرمانی بە ئیدارەی لێکۆڵینەوەی سزا دا بۆ ئەوەی لزباین و گەیەکان قۆڵبەست بکا و بیانخاتە زیندان. ناوبراو وتـی پەیوەندی گەیەکان دژ بە ئیـرادە و ویسـتی خودایـە.[2] هەڵبـەت لـەم مـاوەی دواییدا بادانەوەی پیشان دا و گوتوویەتی زیاتر لەمە یاسایەک دژ بە گەیـەکان بە کار ناهێنێت. داپەڕەکانی ئەو بۆ بەهێزکردنی یاساکانی دژ بە ناهاوسـانان تووشـی دۆڕان بـوون.[3] میسـر لـە کـاتی چوونـە نـاو هاوپـەیمانێتی دژ بـە تیرۆریزمی ئامریکا، لە ئەنتەرنێت بە دواداچـوون بـۆ پیـاوانی گـەی دەکـا و دەیانگرێ بۆ ئەوەی شارۆمەندان ڕازی بکا کە نە تەنیا موسـڵمانانی تونـدڕۆ، بەڵکوو دەوڵەتیش دەروەستی پاراستنی ئەخلاقیاتی خەڵکـە.[4] ئـەم شـەپۆلی بێزارییە ئاشکرایە بێگومان وای کردووە کـە هاوژینـەکان (کاپڵـەکان) زیـاتر وریا بن. سەرەڕای ئەوەی پیشاندانی خۆشەویستی لە بەر چـاو جـەماوەر لـە وڵاتی ئەفریقا چی بۆ هاوڕەگەزخوازان و چی بۆ دیترڕەگـەزخوازان نەشـیاوە، لەم وڵاتەدا پێشنیار بە ناهاوسانان دەکرێ کە زیاتر خۆ بپارێزن.[5]

1. See Tainting love". The Economist. 11 October 2014. Retrieved 17 October 2014

2. Uganda considers death sentence for gay sex in bill before parliament", Guardian, 29 November 2009.

3. Uganda’s President says new anti-gay laws ‘not necessary’- https://www.pinknews.co.uk/2015/09/16/ugandaspresident-says-new-anti-gay-laws-not-necessary/: Accessed: Feb 26, 2018

4. Gauch, S. (2002, March 1). Egypt cracks down on gays, trumping Islamists. Christian Science Monitor, p. 7

5. Planet, Lonely. "Gay and Lesbian travel in Africa. Lonely Planet". ←

سەرەڕای ئەمە، لە ناوی کۆی ئەم بۆچـوون و کاردانـەوە ئازاربەخشـانەی ڕێبەرانی ئەفریقا، ڕێکخـراوی مافـە یەکسـانەکان (TIERs) بـە هاریکـاری زانکۆی لاگۆس دەبێتە میوانداری یەکەمین کۆنفرانس لـە مـەڕ ناهاوسـانان، هەمەچەشنی، گشتگیری و یەکسانی لە وڵاتی نەیجەرییا.[1]

**ناهاوسانی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و شوێنەکانی دیکەی جیهان**

وەک ویلایەتە یەکگرتووەکان و وڵاتانی دیکە لەگەڵ پرسی هاوسەرگیری هاوڕەگەزان لە گیروگرفتـدان، پێـوانی نـوێی ناوەنـدی لێکۆڵینـەوەکانی پیـو پیشانی دا کە لە نێوان ناوچە جیا جیاکان بـۆ ئـەم پرسـیارە گشـتییە کـە ئایـا کۆمەڵگا دەبێ هاوڕەگەزخوازی قبووڵ بکا یان نا جیاوازییەکی زۆر بـەرچاو بەدی دەکرێت. ئەم پێوانە کە لە سەر ئاستی 39 وڵات ئـەنجام درا، پیشـانی دا کە لە وڵاتانی ئەمریکای بـاکوور، یـەکێتی ئـەورووپا و زۆربـەی وڵاتـانی ئەمریکای لاتین بە گشتی هاوڕەگەزخوازییان قبووڵ کردووە.

لە وڵاتانی ئیسرائیل، پۆڵەندا و بوولیڤی و بەشگەلێک لـە وڵاتـی ئاسـیا و ڕووسیا سەبارەت بە هاوڕەگەزخوازی بۆچوونی جیاواز لە ئارادایە. لە سـاڵی 2017، لە چیچان بۆ پاکتـاوکردنی گەیـەکان بزووتنەوەیـەکی دژ بـە گـەی پێک هێنرا. بەرپرسانی پۆلیس و ئاسایش پیاوانی گەی و دووڕەگـەزخوازیان دەگـرت، ئەشـکەنجەیان دەکـردن. دەوڵـەتی کەنـەدا لـە هاوکـاری لەگـەڵ

⟶

Retrieved 13 July 2016

1. Nigeria's first conference to discuss LGBT issues is here ...nostringsng.com/nigeria-conference-lgbt-attend

ڕێکخراوێکی نابەرژەوەندخواز لە تۆرێنتۆ، لە بێدەنگیدا ڕێگەی بە پیاوانی گەی و ژنانی لزباینی وڵاتی چیچان دا کە بێنە وڵاتی کەنەدا. زۆربەیان پیاو بوون؛ چوونکە ڕاکردن لە چیچان بۆ ئافرەتان ئەستەمتر بوو.[1]

## خۆرهەڵاتی ناڤین

هاوڕەگەزخوازی لە هەموو کۆمەڵگاکاندا بوونی هەیە و خۆرهەڵاتی ناڤینیش لەم حاڵەتە بەدەر نییە. ژیانی سەربەستی ناهاوسانان لە وڵاتانی بە حەشیمەت زۆرینە موسڵمان، دەگمەنە؛ بەڵام ئەم دیاردە لە شاراوەدا زۆر باوە. کۆمەڵگای موسڵمان بەردەوام باوک سالارە و بە پێی سرووشتی خۆی گرینگی بە پیاوەتی دەدا. بەڵام بە شێوەی سەیر و سەمەر لە کاتێکدا کە جیا کردنەوەی ڕەگەزێتی لە زۆربەی وڵاتانی کۆنسێرڤاتیڤی خۆرهەڵاتی ناڤین زۆر تۆخترە، هاوکات ئەم جیاکردنەوە باوکسالارییانە هەندێ بارودۆخ دێنێتە ئاراوە کە تێیدا پیاوان لای پیاوانی تر ئاسوودەترن. ئەمە لە شوێنێکە کە ژنان لە پلەی دووهەمی گرینگبووندان و دەست خستنە سەر ڕانی پیاوانی دیکە هێمای دۆستایەتییە، نە بانگهێشت بۆ پەیوەندی سێکسی. ئەڵبەت ئەمە بەو واتایە نییە کە هاوڕەگەزخوازی لە نێوان پیاوانی ئەم کۆمەڵگایەدا نییە، پارکی سیبکە لە شاری دەمێشق بە درێژایی ڕۆژ زەوییەکی یاری پڕ لە دار و درەخت بۆ منداڵانە و لە شەودا بۆ پیاوانی گەنج بە نێوبانگە کە لە سەر کورسی دانیشتوون و لە لای دیوارەکانی دەخولێنەوە. لە وڵاتی ئەڤغانێستان،

1. NY Times, Chechnya’s Persecuted Gays Find Refuge in Canada September 3 2017

دەوڵەمەندان کوڕانی سەماکەر وەک کوڕانێک کـە لەگـەڵ پیـاوان پەیوەنـدی سێکسی ساز دەکەن، دەکڕنەوە کە ئەم کارە بە منداڵبازی بەناوبانگە.[1]

سەرەڕای ئەوەی لە ئێستادا دەتوانین کۆمـەڵگای موسـڵمان بـە تـەواوەتی هاوڕەگەزخوازتۆقاو وەسـف بکـەین، ئـەم وێنایـە کـە هاوڕەگـەزخوازتۆقێنی کێشـــەیەکی ســـەربەخۆیە، هەڵەیـــە. هاوڕەگـــەزخوازتۆقێنی بەشـــێک لـــە ساندرۆمێکە کە تێیدا مافی کەسەکان بە هۆی پاراستنی بەرژەوەنـدی ڕەچـاو کــراو بــۆ کۆمــەڵگای گــەورەتر، پشــتگوێ دەخــرێ و زۆر جــار بــەرگی «ئیســـلامی» دەگرێتــە خــۆی. لــە ئەنجامــدا، لــەم کۆمــەڵگا زۆر بــاوک سالارییانەدا، بایەخی زۆری هاوئاهەنگی پیرۆزە و دەربڕینی تاکایەتی جێـی قبووڵکران نییە. بە وتەیێکی ساناتر، لـەم کۆمەڵگایانـەدا لـە سـەر پاراسـتنی «نۆرمە» کۆمەڵایەتییەکان، پاراستنی ڕەواڵەت، لانیکەم لە شوێنە گشتییەکان و بە شێوەی ناچار لە شوێنی تایبەتی پێداگرییەکی زۆر دەکرێت. سیسـتەمی باوک سالار بەو ڕۆڵ و دەورانەی کە بە وردی بۆ پیاوان و ژنان پێناسـە کـراوە پشکی شێری لە کۆمەڵگادا بەر دەکەوێت. پیاوانی گەی، بەتایبەت ئەوانـەی کـە کۆمـەڵێ پڕەنسـیپ لـە خۆیـان پیشـان دەدەن کـە ژنانـە بنـوێنن، وەک کەسانێک سەیر دەکرێن کە بەربەرەکانێ لەگەڵ دیسیپلینی کۆمەڵگا دەکەن و بە چالێنجی دەکێشن. سەیر لەوە دایە کە ئەم بابەتە بـۆ پیـاوان «پیاوانـە» کـە لەگەڵ پیاوانی دیکـە پەیوەنـدی سێکسـی سـاز دەکـەن، کـەمێک جیـاوازە. ئەگەرچی یاسای نـەریتی و حکومـەتی ئیسـلامی لـە پەیوەنـدی سێکسـیی

1. Straight but Narrow, The Economist www.economist.com/node/21546002

کۆمی، بکەر و بەرکار وەک یەک بە تاوانبار دەزانێ، خەڵک دژایەتییەکی کەمتریان بەرامبەر بە بکەر هەیە؛ چوونکە بکەر بەردەوام پیاوە و هەر ئەو کارە دەکا کە پیاوان بە شێوەی سرووشتی دەیکەن، تەنانەت ئەگەر ئەم کارە لەگەڵ ژنێکیش ئەنجام نەدرێت. لە لایەکی تریشەوە، هاوبەشی سێکسی بەرکار بە قێزەون، شەرمهێنەر و بێحەیا لێی دەڕوانرێت. لەو ڕووەوەی کە هەڵسووکەوتی ئەو کارێکی «ژنانە»ـیە، گریمانەی ئەوە دەکرێ کە ئەو تەنیا بۆ چێژ بردن کارێکی هاوڕەگەزخوازانەی ئەنجام نەداوە؛ کە واتە دەبێ لەشفرۆش بێت.

ئەکتیڤایەتی ڕێکخراوانە بۆ مافەکانی گەی لە سەرەتاکانی دەیەی 2000 لە خۆرهەڵاتی ناڤین دەستی پێکرد. لە ساڵی 2002، کۆمەڵێ لە ژنانی فەلەستینی گروپی «ئەسەوات» (دەنگەکان)ـیان پێک هێنا کە دواتر گرووپێکی فەلەستینی دیکە بە ناوی «ئەلقەوس» (کۆڵکە زێڕینە) چووە پاڵی. هەر دوو گرووپەکە لە وڵاتی ئیسرائیلن؛ بەڵام لەگەڵ ناوچە فەلەستینییەکانیش لە پەیوەندیدان. دەوروبەری ساڵی 2004، گروپێک لە ئەکتیڤانی لوبنانی «حالم»ـیان پێک هێنا کە یەکەمین ڕێکخراوەی ناهاوسانان بوو و بە ئاشکرا لە وڵاتێکی عەرەبیدا چالاکییان دەکرد. ئەمانە تەنیا گرووپی ئەکتیڤ نین. کۆمەڵێ گرووپی دیکەش لە ناوچە جیاجیاکاندا سەریان هەڵدا؛ بەڵام زۆریان خێرا لە ناو چوون. وێبگا و وێبلاگی ناهاوسانانی عەرەبیش هاوشێوەی گرووپە ئەکتیڤەکان دێن و دەڕۆن. گۆڤاری ئۆردنی **My Kali**، کە ئامانجەکەی «تاوتوێکردنی بابەتی هاوڕەگەزخوازتۆقێنی و ترەنستۆقێنی و بەتواناکردنی گەنجان بۆ نەهێشتنی

دووجەمسەرییە ڕەگەزێتییە باوەکان لە جیهانی عەرەب»ـە، لە ساڵی 2007 بە شێوەی ڕێکوپێک بڵاو دەبێتەوە.

ویتاکێر (2016) لە وتارێکدا دەنووسێت: «تەنانەت ئەوڕۆ، لە هەنـدێ لە وڵاتانی موسڵمان، کۆی شارەکانی بە هۆی هاوڕەگـەزخوازی گریمانـەیی دانیشتووەکانی، بوونەتە هەوێنی کۆمێدی. ئیدلیب لە وڵاتی سووریا یەکێک لەوانەیە؛ قەزوێن لە وڵاتی ئێران یەکێکی دیکەیە. لە وڵاتی پاکستان لـە مـەڕ چەند شاری بە نێو بانگ لە باکووری ئەم وڵاتە کۆمەڵێ بابـەتـی تـەنـز سـاز کراوە و تەنزێکی کۆن لە ئەفغانستان دەڵێ مەلەکان کاتی هەڵفڕین لـە سـەر بەرزاییەکانی قەنـدەهار بـۆ خۆپـارێزی یـەکێک لـە باڵـەکانیان لـە ژێریـان دادەنن.»[1]

هێشتا ناهاوسانی ڕەگەزی هیچ ڕێژەیەکی شانازییان لـە هـیچ یـەک لـە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناڤیندا بەڕێوە نەبردووە؛ ئەگەرچی لە ساڵی 2003ـەوە سەرەڕای نارەزایەتییەکان، لە وڵاتـانی تورکیـا و ئیسـرائیل چەنـدین ڕێژەیـان بەڕێوە بردووە. چالاکیگەلێک لە وڵاتی لوبنان و دیکەی ناوچەکان سەبارەت بە ڕۆژی جیهانی خەبات لـە دژی هاوڕەگـەزخوازتۆقێنی و تـرەنس تـۆقێنی ئەنجام دراوە کە کەمتر بەرهەڵستی کراوە. کۆمەڵەی ناهاوسانان وای کـردووە کە چیتر ناتوانرێ ئیدەعای ئەوە بکـرێ ناهاوسـانی موسـڵمان بـوونی نییـە.

1. Whitakar, Brian. Everything you need to know about being gay in Muslim countries. 2016
https://www.theguardian.com/world/2016/jun/21/gay-lgbt-muslim-countries-middle-east

ئەوان یەکەمین هەنگاویان بەرەو گەیشتن بە مافەکانی خۆیان هاوێشتووە.[1]

بەڵام لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا، دەوڵەتی ئیسلامخوازی دەسەڵاتداری AKP ڕێژەی شانازی ناهاوسانان لە ئەستەنبۆڵ «بە هۆکاری ئەمنی» هەڵوەشاندووەتەوە. گێڕانەوەیەکی فەرمی کە بۆ پاساوی ئەم ڕێژە دەوترێ ئەوەیە کە ناهاوسانان لە خۆرهەڵاتی ناڤیندا بوونیان نییە، ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئەوان هەن و ئاراستەی بنەماڵە و کۆمەڵگا هەمیشە هۆکاری ئازار و ترسی زۆرێک لە ناهاوسانان بووە. هۆکارێکی گرینگ کە کاریگەری لە سەر هەموو کەسانی ناهاوسان بۆ هۆگری سێکسییان دادەنێ، ترس لە کاردانەوەی بنەماڵەیە. ئەم ترسە دەتوانێ بە شێوەی تایبەت بۆ موسڵمانان ئازاربەخش بێ و بڕیاردان ئەستەم بکات. کاردانەوەی بنەماڵە پەیوەستە بە چەند فاکتەری وەکوو چینی کۆمەڵایەتی و ئاستی خوێندەوارییان. لە حاڵەتی توندتردا، ئەم دەربڕینی هۆگری سێکسییە دەتوانێ تاراندنی کەسەکە لە بنەماڵە و کەوتنە بەر هێرشی فیزیایی لێ بکەوێتەوە یان دەرمانئاییینی بە سەردا بسەپێنرێ و لە بنەماڵە دەولەمەندترەکان، کەسەکە دەنێردرێ بۆ دەروونچارەسەری بێدەرەنجام، بەڵام گران.

زەختی هاوسەرگیری لە وڵاتانی موسڵماندا زۆر لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی زیاترە، سەڵتمانەوە یەکسانە لەگەڵ کارەساتێکی کۆمەڵایەتی و کاتێک خوێندنی گەنجان کۆتایی پێ دێ، هاوسەرگیری منداڵان یەکەمایەتی بنەماڵەیە. بنەماڵە نەریتیترەکان خۆیان دۆزینەوەی هاوسەر بۆ ڕۆڵەکانیان لە

1. Everything you need to know about being gay in Muslim ... www.theguardian.com › World › LGBT rights

ئەستۆ دەگرن؛ هاوسەرگیری بە دەستێوەردانی دەورووبەرییەکان وەک هەمیشە باوە. هەندێ لە ناهاوسانان دەتوانن بە خوێندنی دوور و درێژتر یان چوون بۆ دەرەوەی وڵات خۆ لەم ڕەوتە دوور بکەنەوە. سەرەڕای ئەمە، هەندێکی دیکەیان تووشی ئەم زەختە دەبن و ناچار بە هاوسەرگیرییەک دەبن کە بۆیان شیاو نییە. کۆمەڵێ لە بەختەوەرترەکان هاوسەرێکی گەی یان لزباین لە ڕەگەزی بەرانبەر دەدۆزنەوە و لەگەڵ ئەو هاوسەرگیرییەکی ناڕاستەقینە دەکەن و هەندێکیش بڕیار دەدەن «هۆگری سێکسیی خۆیان دەرببڕن.» بەڵام ئەمە تەنانەت لە تارانیش دەگمەنە کە پێتەخت و شارێکی لیبڕالترە.

خودا لە کتێبی پیرۆزی موسڵماناندا هیچ سزایەکی بۆ هاوڕەگەزخوازی و هاوڕەگەزخوازەکان دەستنیشان نەکردووە و تەنیا بە زیدەڕەو دەسدرێژیکەر ناویان لێ دەبات. حەزرەتی محەمەد (س.خ) هیچکات سزایەکیان بۆ هاوڕەگەزخوازی دیاری نەکرد. تەنیا چەند ساڵ پاش کۆچی دوایی بەڕێزیان موسڵمانان لە مەڕ سزایەکی شیاو وتووێژیان کرد. لە وڵاتانێکی موسڵمانی وەک میسر و لوبنان کە حەشیمەتێکی زۆری مەسیحی لە خۆ دەگرن، ئاراستەی مەسیحییەکان بۆ هاوڕەگەزخوازی جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ موسڵمانان نییە. بێزاری گشتی موسڵمانان لە هاوڕەگەزخوازی لە چیرۆکێکدا لە مەڕ سۆدۆم (**Sodom**) و گۆمۆراه (**Gomorrah**) و هاوڕەگەزخوازی لە قورئان و بەڵێنی کۆندا هاوڕەچەڵەکە. لە بنەڕەتەوە گێڕانەوە قورئانی و ئینجیلییەکان لە بنەڕەتەوە زۆر هاوشێوەن. جیاوازی لەوە دایە کە لە ماوەی 60 ساڵی ڕابردوودا، زۆرێک لە مەسیحییەکان لە

سەرتاسەری دنیـادا شـرۆڤەی جیاوازیـان لـەم چیرۆکـە هـەڵبژاردووە و بـەم ئەنجامە گەیشتوون کە ئەمە لە ڕاستیدا، ئیدانەکردنی دەسـتدرێژی پیاوانـە و مامەڵەی هەڵە لەگەڵ نامۆیە نەک پەیوەنـدی سێکسـی ڕەزامەندانـەی نێـوان دوو پیاو. بەڵام هەتا ئێستا، ڕێژەیەکی کەمی موسڵمانان بۆ پێداچوونـەوە بـە شرۆڤەی خۆیان لەم چیرۆکە نەرمیان نواندووە.

هەر بەم شێوە، لە وڵاتانی موسڵماندا ئەو کەسانەی وا خۆیان بە گەی یان لزباین دەزانن، تەنیا بۆ ئاستی کردەوەی سێکسی خۆیان بچووک کراونەتەوە. زۆرێک لە ئەکتیڤانی ناهاوسـان دەڵـێن هـیچ پشـتیوانییەکیان لـێ نـاکرێ و لەگەڵ بێئـابڕوویی کۆمەڵایـەتی بـەربڵاو لـەو وڵاتانـەی کـە زۆر لـە ژێـر کاریگەری بەها ئایینی و کۆنسێرڤاتیەکاندا، سەروکاریان هەیە ولـە بنەڕەتـدا شووناسی ئەم کەسانە لە ژیانی ڕۆژانەدا ڕەت دەکرێتەوە.

### نەرمینوێنی زیاتر لەگەڵ هاوڕەگەزخوازان

لەم ماوەی دوایی لـە سەرتاسـەری دنیـادا، جۆرێـک ئـەرێنیخوازی بـۆ هاوڕەگەزخوازان و دیکەی ناهاوسانان بەدی دەکرێت. لە وڵاتانی ئەمریکا و کەنەدا، ڕێژەی قبووڵکردنی هاوڕەگەزخوازی لە کۆمەڵگا لـە سـاڵی 2007 هەتا ئێستا، لانیکەم هەتا 10 لە سەد بەرز بوونەوەی بە خـۆوە بینیـوە.[1] ئـەم بابەتە لە دەستکەوتە گرینگەکانی پێوانی نـوێی ناوەنـدی پیـوە کـە لـە دووی

1. (The Global Divide on Homosexuality Greater Acceptance in More Secular and Affluent Countries, WWW ;pewglobal org)

مانگی مارس هەتا یەکەمی مانگی مەی ساڵی 2013 لە سەر ئاستی 39 وڵات و لە ناو 37 هەزار و 653 کەس ئەنجام درا. هەروەها ئەم پێوانە پیشانی دا کە قبووڵکردنی هاوڕەگەزخوازی بەتایبەت لەو وڵاتانەی کە ئایین دەورێکی کەمتری لە ژیانی خەڵکدا هەیە و هەروەها لە وڵاتانی دەوڵەمەندتر زیاترە.

یەکێک لە نموونە سەرسامهێنەرەکان ئوسترالیایە. هاوسەرگیری لەگەڵ هاوڕەگەز ساڵانێکە وەک بەشێک لە گوتاری گشتیتری بە فەرمیناسینی پەیوەندی هاوڕەگەزان، لە بەرنامەی کاری سیاسی ئوسترالیا بووە. ئوسترالیا یاسای دژ بە هاوڕەگەزخوازی لەو کۆچبەرە بریتانیاییانە بۆ ماوەتەوە کە لە کۆتاییەکانی دەیەی 1700 هاتنە ئوسترالیا. هەتا ساڵی 1949، کتێبە یاسای ویلایەتە باشوورییەکانی ڤیکتۆریا سزای مەرگیان بۆ هاوڕەگەزخوازان دیاری کردبوو؛ بەڵام لە کۆتاییدا لە ساڵی 1975 هەندێ گۆڕانکاری هاتە ئاراوە و ئوسترالیای باشووری ڕایگەیاند هاوڕەگەزخوازی پیاوان تاوان نییە.[1] لە ئەنجامدا لە مانگی نۆڤەمبەری ساڵی 2017، ئوسترالیا هاوسەرگیری هاوڕەگەزخوازانی خستە دەنگدانەوە و زۆرینەی کەسەکان لە بزاڤێکی مێژووییدا دەنگی بەڵێیان پێدا؛ واتە نزیکەی هەشت ملیۆن کەس (یەکسان لەگەڵ 61.6 لە سەدی خەڵک) دەنگیان پێدا.[2] بە پێی ڕاپۆرتی ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی پیو، ئەم وڵاتە ئێستە بیست وچوارەمین وڵاتی جیهانە کە

1. https://www.voanews.com/a/australia-weeks-away-from-legalizing-gay-marriage/4122352.html

2 (http://www.dailymail.co.uk/news/article-5079049/Marriage-equality-results-Australia votesYes.html#ixzz4zSvWAYwu)

هاوسەرگیری لەگەڵ هاورەگەز بە ڕێگە پێدراو دەزانێ.[1]

لە بەرانبەردا لە هەژارترین وڵاتاندا، ئەو وڵاتانەی کە ئایین و باوەڕی ئایینی باوە، کەم کەس لەو باوەڕەدان کە کۆمەڵگا دەبێ هاورەگەزخوازی قبووڵ بکات. لە ساڵی 2017، کتێبێک لە نووسینی پرۆفیسۆر ئیمی ئادامسێزیک پیشانی دا کە دەتوانرێ جیاوازییەکانی نێوان وڵاتان لە قبووڵکردنی هاورەگەزخواز بە سێ فاکتەر ڕوون بکرێتەوە: دەسەڵاتی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان، ئاستی گەشەی ئابووری و دارشتەی ئایینی ئەو ناوچانەی وا خەڵک لەوێ دەژین.[2] تەمەنیش لە هەندێ لە وڵاتان فاکتەرێکی دیکەیە؛ وڵامدەرە گەنجترەکان زیاتر لە کەسانی بەتەمەنتر لە بۆچوونەکانی خۆیاندا، نەرمنوێنیان پیشان دا. لە حاڵێکدا کە جیاوازییە ڕەگەزێتییەکان لە وڵامەکاندا زاڵ نین، لەو وڵاتانەی کە ڕەگەزێتی بۆتە هۆی جیاوازیی وڵامەکان، ژنان لە چاو پیاوان، ئاسانتر هاورەگەزخوازی قبووڵ دەکەن.[3]

توێژینەوەیەکی دیکە هەر ئەم دەستکەوتانە سەبارەت بە قبووڵکرانی زیاتر پیشان دەدا. بگۆڕی دووحاڵەتی هاورەگەزخوازی کە لە درێژەی زەمەن ئەم دیاردەی هەڵە یان ناهەڵە دەزانی، لە نێوان ساڵانی 1973 و 1994 شرۆڤە کرا. ئامانج لەم شیکارییە نوێیە پێڕاگەیشتن بەم شێوازانە و لێکدانەوەی

1. Australia legalizes same-sex marriage – CNN, www.cnn.com/2017/12/07/asia/australia-same-sex-marriage.

2. Adamczyk, Amy (2017). Cross-National Public Opinion about Homosexuality: Examining Attitudes across the Globe. University of California Press. pp. 3–7

3. The Global Divide on Homosexuality" (PDF). Pew Research Center. 4 June 2013. Retrieved 8 December 2014

جیاوازییە ناوچەییەکانە. دەستکەوتەکان دەرخەری ڕەواڵی ڕوو لە هەڵکشان لە باوەڕی بە ناهەڵە زانینی هاوڕەگەزخوازی بوو. ئەم ڕێژەیە لە 19 لە سەدی ساڵی 1973 بۆ 31 لە سەد لە ساڵی 1994 بەرز بووە کە هەڵبەت کۆتاییەکانی دەیەی 80 (کە مەرگ بە هۆی ئەیدز لە ئەمریکا گەیشتە ئەو پەڕی خۆی) جیاواز بوو.[1] داتاکانی GSS دیسان بۆ شرۆڤەی دووهەم و دیاریکردنی شێوازەکان بە کار هێنران.[2] GSS تەکنیکەکانی نموونەگیری ئەگەری و قەبارەی نموونەی گەورەی گۆستەوە و کۆی داتاکان ساڵانی 1996 و 1998ـیشی لە خۆ دەگرت. لە ساڵانی 1996 و 1998، ڕێژەی ئەو وڵامدەرانەی کە ڕایانگەیاند «هاوڕەگەزخوازی هەڵە نییە» بە ڕیز گەیشتە 33 و 34 لە سەد.

بە گوێرەی ڕاپۆرتی ڕوانگە کۆمەڵایەتییەکانی بەریتانییەکان کە لە چەشنی خۆیدا گەورەترین پێوانە بوو، گۆڕانکاری لە ڕوانگەی پەیوەست بە هاوڕەگەزخوازی یەکێک لە گەورەترین گۆڕانەکان لە بیر و بۆچوونی گشتی ئینگلتەرا لە ماوەی نەوەیەک بوو. بۆ وێنە، 25 ساڵ بەر لە ئێستا، نزیکەی دوو لە سەر سێی کۆی حەشیمەتی بەریتانیا دژی پەیوەندی لەگەڵ هاوڕەگەز بوون؛ چوونکە لایان وا بوو ئەم پەیوەندییە لە ڕووی ئەخلاقییەوە بە شێوەی سرووشتی هەڵەیە و لە سەرەتاکانی دەیەی 80 پتر لە نیوەی حەشیمەت بیریان لەوە نەدەکردەوە کە مامۆستابوونی کەسێکی گەی یان لزباین «پەسە-

1. Sullivan & Wodarski (2002), Social alienation in gay youth. Journal of Human Behavior in the Social Environment, 5 (1), 1-17. Page 4
2. Davis, James A. and smith, Tom w., General Social Surveys, 1992- 1991: cumulative Codebook. Chicago: NORC, 1991.

ندکراو» بێت و لە کۆی هەر دە کەس، پتر لە چـوار کەسـیان باوەڕیـان بـەوە نەبوو کە «ئەوان لە ژیـانی گشـتیدا دەبـێ بەرپرسـایەتییەکیان هـەبێت.» لـە بەرانبەردا، نوێترین پێوانەی ڕوانگە کۆمەڵایەتییـە بـەریتانییـەکان لـە سـاڵی 2013 ئەوەی خستە ڕوو کە لە کۆی هەر پێنج کـەس تـەنیا کەسـێک دژی پەیوەندیی گەی و لزباینەکانە. بە ڕەچاوکردنی ئەم خاڵە کـە لـە دەیـەی 80 ڕێژەی ئەو کەسانەی کـە دژی هاوڕەگـەزخوازی بـوون ڕووی لـە زیـادبوون کرد، خێرایی گۆڕان سەرسامهێنەر دەبێت. بـە گـوێرەی ئـەم پێوانـە، 56 لـە سـەدی ئـەو کەسـانەی کـە لـە ڕاپرسـیدا بەشـدارییان کردبـوو لایـەنگری هاوسەرگیری هاوڕەگەزخوازان بوون و ئەمە لە یاسادا تۆمار کراوە.[1]

### چی شتێک بۆتە هۆی جیاوازی لە ڕوانگە لە بارەی هاوڕەگەزخـوازان و پەسەند کردنیان؟

جین تووانج، مامۆسـتای دەروونناسـی سـەندیەگۆ و نووسـەری کتێبـی *Generation Me* دەنووسێ ئەم گۆڕانە لە پێنـاو پەسـەنـدکران، لـە درێـژەی نەوەکانـدا (کاتێـک نەوەیـەکی گـەنجتر بۆتـە جێگـرەوەی نـەوەی کـۆنتر و پەرەسپێکتیڤێکی نوێی هێناوەتە ئاراوە) و نە تەنیا لە درێـژەی زەمەنـدا ڕووی دا.[2] بە وتەی ناوبراو پەسەندکرانی نەوەیەکی هاوئاراستە لەگـەڵ گرینگتـرین

1. John Bingham, Social Affairs Editor Revolution in attitudes to homosexuality is biggest change in... www.telegraph.co.uk/ news/ politics/ 10297205/Revolution-in

2. Twenge, J.M., 2014. Generation me-revised and updated: Why today's young Americans are more confident,assertive, entitled--and more miserable than ever before. Simon and Schuster.

گۆڕانە کەلتوورییەکان پەیوەستە بە تاکایەتی‌خوازی چەند دەیەی ڕابردوو، ڕەنگە ئەم بابەتە پەیوەست بکرێتەوە بە ئازادی تاکایەتی زیاتر و دەسەڵاتی گرووپیی کەمتر، وەک لە هۆگرە ئایینییەکاندا، هەوڵ بۆ بە یاسایی‌کردنی ماری جۆڤانا / حەشیش، نەرمی نوێنی لە هەمبەر جیاوازییەکان و ڕوانگەیەکی کراوەتر بۆ خواستە سێکسییەکان دادەنرێت. ئەم گۆڕانانە دەتوانێ بە واتای چڕبوونەوەی زیاتر لە سەر "خۆ" بێت؛ بەڵام لە هەمان کاتدا دەتوانێ بە واتای نەرمی‌نوێنی زیاتر لەگەڵ دیترانی جیاواز بێت.

ئەگەرچی بە گشتی، ڕوانگەکان بۆ پەیوەندی لەگەڵ هاوڕەگەز ئەرێنی‌تر بوون[1]، هێشتا بۆ ڕزگارکردنی ملیۆنان گەی و لزباین لە بندەستی ترس لە ناسینەوە، بێبەشبوونی ئابووری پەنگراو و کردەکی، گاڵتە پێ کردن، شەرم و سەرکۆنە و سزا بۆ هەڵسووکەوتێکی نایاسایی ڕێگەیەکی دوور و درێژ لە پێشە. یاساکان و بەرپرسانی دەوڵەتی زۆر جار بۆ ئەم کردەوە خراپانە پاساو دەهێننەوە.[2] لێبوردنی نێودەوڵەتی ساڵی (2001) لە وڵاتانێکی وەک ئۆگاندا، زیمباوە، ڕۆمانی، مالێزی، کارایب، ڕووسیا، چین، سریلانکا، پاکستان و ئەفغانستان ڕاپۆرتیان لە سەر حاڵەتەکانی دەستدرێژی، لێدان و زیندانی هەتایی بۆ وەک خۆیان دەڵێن "تاوانەکانی دژ بە دیسیپلینی سرووشت" بڵاو کردۆتەوە. لە ڕاستیدا لانیکەم 78 وڵاتی جیهان پەیوەندی

1. Avery, D.R., McKay, P.F, & Wilson, D.C. (2007) "Engaging the aging workforce: The relationship between perceived age similarity, satisfaction with co-worker and employee Engagement", Journal of Applied Psychology, Vol. 25 No.9, pp. 1542-1556.

2. Amnesty International. (2001). Crimes of hate, conspiracy of silence. Oxford, United Kingdom: The Alden Press

لەگەڵ هاوڕەگەز بە تاوان دەزانن و لە هەندێ لـە وڵاتـان سـەرپێچیکاران بـە قەمچی یان مەرگ سزا دەدرێن. کەن لیڤینگاستۆن، سیاسـەتوانی چـەپ بـە پێشینەیەکی دوور و درێژ لە مافی گەیەکان، لە ڕابردوودا پێشوازی لە یۆسف قەرزاوی زانای ئایینیی موسڵمانی دژ بە ئامریکایی خەڵکی میسـر، کـردووە کە لایەنگری سزای مەرگ بۆ هاوڕەگەزخوازان بوو. ترامپ لە ناکاو خزمەتی ترەنسەکانی لە سوپا قەدەغە کرد و هۆکارەکەشـی گەڕانـدەوە بـۆ «تێچـووی قورسی پزیشکی».[1] ڕاستییەکی دڵتەزێن هەیە کـە زۆرن ئـەو ناهاوسـانانەی کە ناتوانن پشت بە پشتیوانی پۆلیس یان دادگا ببەستن.

## هۆگری سێکسی لە داڕشتەی مافەکانی مرۆڤ

وەک لە بەشی یەکەمدا وتـرا، هـۆگری سێکسـی لـە لایـەنێکی بـەربڵاو لـە هاوڕەگەزخوازی پەتییەوە بوونی هەیە تـا دەگاتـە دیترڕەگـەزخوازی پـەتی و جۆرە جیاوازەکانی دووڕەگەزخوازیش دەگرێتەوە.

لـەم توێژینـەوەدا گریمانـەی ئـەوە دەکـەین کـە هـۆگریی سێکسـی و شووناسی ڕەگەزێتی لایەنە دانەبڕاوەکانی هـەبوونن و قـەد نـابێ ببنـە هـۆی هـەڵاواردن یـان دەسـتدرێژی. هـۆگری سێکسـی، وەک مـافێکی مرۆیـی، دروستبوونی کۆمەڵەیەکی نوێی لە مافە پێناسە کراوەکـانی لـێ ناکەوێتـەوە، بەڵکوو هەڵوەدای ئەوەیە کە ڕێ بباتە نـاو کۆمەڵگـەیـەکـی پێشـتر ئامـادەی ماف، کە مافە مرۆییە نێودەوڵەتییەکانیش پەسەندیان کردووە. ئەم مافە بریتییە

1. See also Trump Says Transgender People Will Not Be Allowed in the Military, By Julie Hirschfeld Davis and Helene Cooper, July 26, 2017 NY Time

لـە مـافی ڕزگـاربوون لـە هـەڵاواردن و ئـازار لـە پیشـە، خزمـەتگوزاری و پێداویسـتییەکـان، شـوێنی نیشـتەجێبوون و خانوبـەرە، گرێبەسـتەکان و ئەندامێتی لە سەندیکاکان، ئەنجومەنە سیاسی و بازرگانییەکان.

توندوتیژی لە دژی تاکەکان تێکەڵ بە هـەڵاواردنی نەتـەوەیی، ئێتنیکـی، کۆمەڵایەتی و هۆگری سێکسی بووە. مێژوو بە ڕوونی پیشـانی دەدا کـە زۆر کەس بە هۆی هۆگری سێکسییانەوە تووشی ئازار و گێچـەڵ بوونەتـەوە. ئـەو کەسانەش کە هەوڵیان داوە پشتیوانیی ئاشتیخوازانە لە هۆگری سێکسی یان شووناسـە ڕەگەزییـە جیاوازەکـان بکـەن تووشـی تونـدوتیژی و هـەڵاواردن بوونەتەوە. زۆر جـار بـە هـۆی هـۆگریی سێکسـی کەسـانی ناهاوسـان بـە جۆرێکی دیکە هەڵسووکەوتیان لەگەڵدا دەکرێ؛ چـی ئـەم هـەڵسـووکەوتـە بەرهەمی داپەڕێکی تایبەت بێت، چی ئەنجامی یاسـاکان و ئـەو سیاسـەتانە بێ کە بە گوێرەی هۆگریی سێکسی ئامـادە کـراون. لـە سەرتاسـەری دنیـادا ئەوانە ڕووبەڕووی تونـدوتیژی و نایەکسـانی و هەنـدێ جـار ئەشـکەنجە و سێدارە دەبنـەوە و ئەمـە تـەنیا بـە هـۆی هۆگربـوون بـە کەسـێکی تایبـەت، ڕەواڵەتیان یان کەسایەتییەک کە هەیانە، ڕوو دەدات.

پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤی ناهاوسانان بیچمـی جۆراوجـۆر لـە خـۆ دەگرێت: لە بێبەشبـوونی ژیانـەوە بگـرە تـا دەگاتـە هـەڵاواردن لـە ئاسـتە جیاجیاکانی وەک دەسـت پێڕاگەیشـتن بـە مافـە ئـابووری، کۆمەڵایـەتی و کەلتوورییەکان. پتر لە 80 وڵات هێشتا یاساگەلێکیان هەیـە کـە پەیوەنـدیی ڕێککەوتنانەی نێوان دوو ڕەگەزی گەورە ساڵ بە تاوان دەزانن. لـە ڕوانگـەی زۆرێـک لـە بەرپرسـانی دەوڵـەتی و بڕیـاردەران، قسـەکردن سـەبارەت بـە

دەمارگرژی توندی هاوڕەگەزخوازدژانە هەم ڕەوایە و هەم پەسەند کـراو. ئـەم کردەوە تا ڕادەیەک پەشۆکێنەرە؛ چوونکە بۆ هیچ کەمینەیەکی تر پەسەندکراو نییە. 87 وڵات لە جیهاندا هێشتا هەڵسووکەوتی سێکسیی هاوڕەگەزخوازان بە تاوان دەزانن و بە هۆی میراتی یاسایی ئیمپڕاتۆری بەریتانیا، 42 وڵات لـە کۆی ئەم وڵاتانە بەشێکن لە وڵاتانی هاوبەرژەوەند. لە ساڵانی دواییـدا، زۆر وڵات شایەتی دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمی ڕەگەزی نوێ بوونەتەوە کە بۆتە هۆی هەرچی زیاتر بەهێزتربوونی یاسای کۆلۆنیالی نێربازی لە دژی پیـاوان و بـە تاوانزانینی نوێی پەیوەنـدی سێکسـی نێـوان ئافرەتـان. ئـەم بابەتـە لـە دژی وشیاریی ڕوو لە هەڵکشانی پەیوەست بەم ڕاسـتییەیە کـە هـۆگری سێکسـی مافێکی مرۆییە.[1]

پڕەسپێکتیڤی تازە دەرکەوتووی هۆگری سێکسـی وەک مـافێکی مرۆیـی دژی دوو جەمسەرێتی ئێستای مافە مـەدەنی، سیاسـی و ئابوورییـەکان بـۆ هەمووان بە ناهاوسانانیشە،[2] ئەگینا کەسانێک کە بە «جیاواز» دادەنـرێن بـە برینـی دەروونـی دابڕانـی کۆمەڵایـەتی و نـەبوونی پاڵپشـت، دەرد و ئـازار بەرۆکیان دەگرێت. ئەمە ئەرکی سەرەکی داکۆکیکارانی مافـەکانی مـرۆڤ و بیرمەندانە کە ئەفسانە و کلیشەکانی پەیوەست بە ناهاوسانان تاوتوێ بکەن و سەر لە نوێ گوتارێکی حەقتەوەر دروسـت بکـەن کـە هاوشـێوەی ئـەوەی مافەکانی نەوەی مرۆڤ بە فەرمی دەناسـێ، جـەخت لـە سـەر کەرامـەت و

1. Human Rights, Sexual Orientation and Gender Identity in the ... commonwealth.sas.ac.uk/resources/publications
2. About LGBT Human Rights". Amnesty International. (2013.).

پێگەی ناهاوسانان بکاتەوە.

بابەتی هۆگری سێکسی و مافەکانی مرۆڤ بابەتێکی بەربڵاو و سیاسییە. دەمارگرژییەکان، کلیشە نەرێنییەکان و هەڵواردنی بە قووڵی نووقمی سیستەمی بەهایی کۆمەڵگا، سەرچەشنە کردەییەکان و هۆگرییە سێکسییەکان بوون. ئەگەرچی دەسەڵات تەنیا کاراکتەر یان تەنانەت کاراکتەری سەرەکی مافەکانی پەیوەست بە هۆگری سێکسی نییە، بەڵام لەم بوارەدا دەوری تەوەری دەبینێت. بێگومان، هۆگری سێکسی وەک مافێکی بنەڕەتی پرسێکی قووڵی سیاسییە. لە ڕاستیدا کاتێک سەرنج لە سەر ماف و یاسا فەرمییەکانە، دەسەڵات کاراکتەری سەرەکی لە سیاسەتدانانە؛ تەنانەت ئەگەر تێگەیشتنی گشتیتر ئەوە بێ کە هۆگری سێکسی لە پەیوەندی لەگەڵ زۆرێک لە سیستەمە کۆمەڵایەتی، سیاسی، نێوتاکایەتی و نێوانتاکایەتییە جیاوازەکان بیچم دەگرێت. چەمکی هۆگری سێکسی بە هۆی گرینگی و هەستیاری ئارەزووی سێکسی و پرسە سێکسییەکان و دەوری دەسەڵات لە سازدانی پەیوەندی یاسایی نێوان تاکەکان و بە فەرمی ناساندنی ئەم پەیوەندییانە، دەبێتە پرسێکی سیاسی.

مافەکانی پەیوەست بە هۆگری سێکسی بە شێوەیەکی زۆر زەق داوای گشتیبوون دەکەن؛ چوونکە پەیوەست دەکرێتەوە بە توخمێک لە سرووشتی کەسەکە کە لە هەموو تاکەکانی مرۆڤدا بوونی هەیە؛ هۆگری سێکسی. کە واتە ئەم چەمکە پێویستی بە پێناسەی ژێرگرووپی دیاریکراوی مرۆڤایەتی نییە کە ئەم مافانە بیانگرێتەوە. بە ڕوانینێکی ئەرێنی بۆ ئارەزووی سێکسی وەک ڕەهەندێکی بنیاتی لە مرۆڤ و پێوەرێکی ناوەندی بۆ گەشەی تەواوی

کەسایەتی مـرۆڤ، مافـە سێکسـییەکان هـەڵگری دەفرایەتییـەکی مـەزن بـۆ بیچمگۆڕین نە تـەنیا "کەمینـەی سێکسـی" بـەڵکوو "زۆرینـەی سێکسـی" کۆمەڵگان.[1]

یاساکانی مافی مرۆڤ بەردەوام لە گۆڕان و پەرەسەندندان لـە بـە فـەرمی ناساندنی کۆمـەڵێ مـاف لـە پەیماننامـەکان و گرێبەسـتەکانی ڕێکخـراوی نەتەوەکانەوە بگرە تـا دەگاتـە شـێوازە ناوخۆییـەکانی دەوڵەتـەکان و بنـەمای بڕیاردەری یاسا نێودەوڵەتییەکان. زۆرێک لەو پاڵپشتییانەی کە ئەوڕۆ کە زۆر بـە سـادەیی لێیـان تێدەپـەڕین، بنـەمایـان دەچێتـەوە سـەر یاسـا ناوخۆییـە نێودەوڵەتییەکان کە بۆتە هۆی پەسەندکردنی وردە وردەی مـادە گشـتییەکانی یاسا نێودەوڵەتییەکان و لـە زۆرێـک لـە سیسـتەمە یاسـاییەکاندا هاوبەشـن. هێشتا لە کاتی ئامادەکردنی ڕەشنووسی زۆرێک لە ئامرازە نێودەوڵەتییەکانی مافەکانی مرۆڤ لە زۆرێک لـە وڵاتـانی مـۆدێرن، هاوسـەرگیری بـە واتـای پەیوەندی ژنێک و پیاوێکە و زکوزا داڕشتەی کۆمەڵایەتی و یاسایی کردەیە-کی سێکسی پەسەندکراو پێک دێنێت.[2]

ئاراستەی مافەکانی مرۆڤ بۆ هۆگری سێکسـی و شووناسـی ڕەگـەزێتی لانیکەم چۆتە ناو وتووێژی جیهانییەوە. سەرەڕای ئەمە، ئێستا ئەم تێگەیشـتنە بەربڵاوە لە ئارادایە کە وتووێژە جیهانییەکان سەبارەت بـە مـژاری مافـەکانی

1. Saiz, Ignacio. “Bracketing Sexuality: Human Rights and Sexual Orientation –2004, pp. 66-67

2. Freedman, Lynn, Alice Miller, and J. Alexander. Public Health Monitoring and Accountability: A Map of Current Initiatives and Conceptual Challenges: A Briefing paper for OSI (2004) Freedman, Miller, and Alexander, 2004, pp. 7-9.

مرۆڤ خۆ بە خـۆ و ئۆتووماتیکانـە گشـتی نـین، هاوشـێوەی مافـە مرۆییـە ڕەگەزێتیتەوەرەکان کە دەڵێ هەندێ لە بیچمـی شـێوازە کەلتوورییـەکان لـە ڕاستیدا تونـدوتیژی بـە پێـی ڕەگـەزێتین و لـە ئێسـتادا ڕێککـەوتنێکی تـازە دەرکەوتوو و پەسەندکراون کە دەڵـێ هـۆگری سێکسـی تاکێـک هاوشـێوەی ئایین و ئێتنیکەکـەی شـیاوی پاڵپشـتییە. لـە مـاوەی دوو دەیـەی ڕابـردوودا، گۆڕانی مەزن بەتایبەت لە بە فەرمی ناساندنی هۆگری سێکسی و لە کۆتاییدا مافە سێکسییەکانی تاک ڕووی داوە بە جۆرێک کە بواری گشتی و تایبەتی تا ڕادەیەک لە سەر ئەم بابەتە یەکیان گرتووە. ئەم ڕاستییە کە هۆگریی سێکسـی هەر دوو بوارەکە لە خۆ دەگرێ، چەمک‌سازی لە مافەکانی مرۆڤ و خسـتنە ڕووی وێنەیەکی نوێ لەو پێویست دەکات.

بەو پێیەی کە تاکەکان سەرەڕای ئەوەی بە ناو و نیتکـەی سێکسـی هـەلی بوون بە کەسایەتییەکی بواری گشتییان نییە، جەخت خستنە سەر بەشداری-کـردن وەک جۆرێـک بـەهای کلیلـی مافـەکانی مـرۆڤ گرینگـە. هـەر ئەوەندەش، چەمکی کەرامەتی مرۆیی گرنگە؛ ئەگەرچی دەتوانێ ئاڵۆز بێ و زیاتر بەتایبەت لە ژناندا ببێتـە سـنورداربوونی ڕەگـەزێتی. خـۆ بـواردن لـەم چەمکە، هۆگریی سێکسی وەک کۆمەڵێکی یەکدەست لە داخوازییـەکان لـە چوارچێوەی مافەکانی مرۆڤ دەخاتە ژێر پرسیار. هێنانی هـۆگری سێکسـی بۆ ناو جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ بە پێداگریکردن لە سەر هاوبەشـییەکانی مرۆڤ، پێویسـتی بـە پابەندێتییـەکی جیدییـە بـۆ ئاگـاداربوون لـە «بیچمـە ئایدۆلۆژیکییەکان» کە بە سەر وێنای ئێمـە سـەبارەت بـە هـەڵسـوکەوتـی سێکسی زاڵن.

بە خوێندنەوەی هۆگریی سێکسی لە چوارچێوەی یاساکانی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی، ئەوەی دەبێ سەرنجی بخرێتە سەر ئەوەیە کە نۆرمە نێودەوڵەتییەکانی ئێستا دەبێ چۆن شرۆڤە بکرێن بۆ ئەوەی مافەکانی دژ بە هەڵاواردنی ڕەگەزێتی وەکوو هەرێمێکی تایبەتی، یەکسانی، ئازادی ڕا دەربڕین و کۆبوونەوەکان لە خۆ بگرن. بنەمای مافی خواستە سێکسییەکان و ڕزگاربوون لە هەڵاواردنی ڕەگەز و ڕەگەزێتی، گشتایەتی مافەکانی مرۆڤ و ناوەڕۆکی لێکدانەبڕاوی ئەو مافانەن کە تەنیا بە هۆی مرۆڤ بوونیان، هی هەموو کەسێکە. لە ڕاستیدا ناهاوسانان داوای هیچ مافێکی «تایبەت» یان «زیادی» ناکەن، بەڵکوو ئەو مافانەیان دەوێ کە کەسانی دیترڕەگەزخواز لێی سوودمەندن. یەکسانی، کەرامەت و نەبوونی جیاکاری و هەڵاواردن بنەماگەلێکی بنەڕەتین کە ئاراستەی ئەو مافانە ڕێنوێنی دەکەن کە لە سەر بنەمای هۆگری سێکسین و داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤ، پارێزەران و دیکەی چالاکڤانان هەوڵ بۆ بەدیهێنانی دەدەن.

## پڕەسپێکتیڤی ڕێکخراوی نەتەوەکان بۆ ناهاوسانی

لە هەنگاوی یەکەمدا، پاش قسەکردن لە سەر مافی ناهاوسانان و دەرکەوتنی ڕێژەیەکی زۆری ناهاوسانان، کە بە کەڵک وەرگرتن لە پێداویستییەکانی خۆیان تێدەکۆشن سەرنجی هەموو جیهان بەرەو لای شێوازی هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم گرووپە ڕابکێشن، لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهان، چی لە سەر ئاستی ئێن جی ئۆکان و چی لە سەر ئاستی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەکوو ڕێکخراوە نەتەوە یەکگرتووەکان، بە سەرنجێکی

تایبەتەوە لەم بابەتەوە دەڕوانن. ڕێکخراوی نەتەوەکان بە شـێوەی تایبـەت لـە ڕێگەی ئەو بڕیارنامانەی کە هەڵاواردن بە پێی هۆگری سێکسی و شووناسی ڕەگەزێتی ئیدانە دەکەن، هەڵوێستی خۆیـان ڕوون کردۆتـەوە. لـە یەکـەمین ڕاپۆرتی ڕێکخراوەی نەتەوەکان لە بارەی مافەکانی کەسـانی لزبـاین، گـەی، دووڕەگەزخواز و ترەنس لە ساڵی 2011، کوژرانی تاکەکان لە سەرتاسەری جیهان، توندوتیژی بە هۆی بێزاری، ئەشکەنجە و بە تاوانزانین و هـەڵاواردن لـە بـواری پیشـە، تەندروسـتی و خوێنـدن و وردەکارییـەکانیان بـە هـۆی شووناسی ڕەگەزێتی یان هۆگری سێکسی ڕاستەقینە یان گریمانەیی تاکەکان تاوتوێ کرا. بە پێی ئەم ڕاپۆرتە، هاوڕەگەزخوازدژی و ترەنستۆقێنی لـە سـەر ئاستی هەموو ناوچەکانی جیهاندا بوونی هەیە. توندوتیژی سەپێنراو بە سـەر ئەم گرووپە بە شێوەی تایبەت لە چاو دیکـەی تاوانـە دەمارگرژیتـەوەرەکان، نگریستر بوو. «نموونەکان ڕادەیەکی زۆری توندوتیژی و دڕندایـەتی پیشـان دەدەن کە تێهەڵـدان، ئەشـکەنجە، بڕینـی ئەنـدامانی لـەش، ئەختـەکردن و پەلاماری سێکسی لە خۆ دەگرن.[1]»

ڤیتیت مانتارێبهۆرن کە بە تازەیی لە لایەن ئەنجومەنی مافـەکانی مـرۆڤ وەک کارناسی سەربەخۆی ڕێکخراوی نەتەوەکان لە کاروباری پشتیوانی لـە هەمبەر توندوتیژی و هـەڵاواردنی ڕەگـەزی و ڕەگـەزێتی دیـاری کـراوە، لـە یەکەم وتاردانی خۆی ڕەخنەی لە یاسا کۆنەکان و شرۆڤەی نائازادیخوازانـە

1. UN Human Rights Council, Report of the United Nations High Commissioner for Human Rights on Discriminatory laws and practices and acts of violence against individuals based on their sexual orientation and gender identity, 2011, UN Human Rights Council: Geneva

لە ئایین و کلیشەسازی گرت.[1]

کۆمیسێری باڵای مافەکانی مرۆڤی ڕێکخـراوی نەتـەوەکان زەیـد ڕەعـد ئەلحسێن، سەلەف ئەو ناوی پیلای، سکرتێری گشتی پێشووی ڕێکخـراوی نەتەوەکان بـان کـی مـوون و دیکـەی بەرپرسـانی پلـە بـەرزی ڕێکخـراوی نەتەوەکان لە چەند ڕاگەیێندراوی گشتی باسیان لە پشتیوانی لـە ناهاوسـانان کردووە. لە ڕۆژی جیهانی مافەکانی مرۆڤ (10ـی دیسەمبەر)، سـکرتێری گشتی یەکەمین وتـاردانی خـۆی لـە کـۆی وتاردانـە سـەرەکییەکانی بـواری سیاسەتدانـان تـەرخان کـرد بـە بـەدیهێنانی یەکسـانیی بـۆ ناهاوسـانان و خوازیاری تاوانسڕینەوە لـە هاوڕەگـەزخوازی لـە سـەر ئاسـتی جیهـانیی و دیکەی ئەو ئامادەکارییانە بـوو کـە یارمـەتـی بـە وەسـتاندنی تونـدوتیژی و هەڵاواردن دەکەن. ناوبراو وتی: «ئێمە وەک پیاوان و ژنانی خـاوەن ویـژدان، هـەڵاواردنی گشـتی و هـەڵاواردنی تایبـەتی بـە پێـی هـۆگری سێکسـی و شووناسی ڕەگەزێتی ڕەت دەکەینەوە. لە شوێنێکدا کە دژایەتییـەک لـە نێـوان ئاراستەی کەلتووری و مافە مرۆییە گشتییەکاندا بوونی هەیە، ئـەوە مافـە کـە دەبێ ڕەچـاو بکرێـت.» لـە سـاڵی 2003، کۆمەڵـەی گشـتی لـە ڕێگـەی گرێبەستنامەکانی خۆیەوە لە بواری لە سێدارە دانـی سـەرەڕۆیانە، نایاسـایی یان بە کەم یان پەیتا پەیتا خوازیاری سەرنج خستنە سەر کوژرانی کەسـەکان بە هۆی شووناسی ڕەگەزی یان هۆگری سێکسییان بووە.

1. OHCHR, LGBT Speeches and statements www.ohchr.org/.../Pages/LGBTSpeechesandstatements.aspx

لە ساڵی 2011، ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤـی ڕێکخـراوی نەتـەوەکان بڕیارنامەی 19/17ــی پەسند کـرد کـە یەکـەمین بڕیارنامـەی ڕێکخـراوی نەتەوەکان لە بارەی شووناسی ڕەگەزێتی و هۆگری سێکسی بوو و «نیگەرانی قووڵ»ــی بەرانبەر بە توندوتیژی و هەڵاواردن لە دژی ئەو کەسـانە ڕاگەیانـد کە خاوەن شووناسی ڕەگەزێتی و هۆگری سێکسی بوون. لە دوای بە فـەرمی ناساندنی ناهاوسانان، ڕاپۆرتێـک لـە سـەر کۆمیسـیۆنی مافـەکانی مرۆڤـی ڕێکخراوی نەتەوەکان بڵاو بووەوە کە حاڵەتـەکانی پێشـێلکردنی مافـەکانی کەسـانی ناهاوسـان وەکـوو تـاوان بـە هـۆی ڕق و بێـزاری، بـە تـاوانزانینی هاوڕەگەزخوازی و هەڵاواردنی تێدا بە دیکۆمێنـت کـرد. ئەنجامـەکانی ئـەم ڕاپۆرتە بوو بـە بنـەمای باسـێک کـە لـە مـانگی مارسـی سـاڵی 2012 لـە ئەنجومەن خرایە ڕوو. ئەمە یەکەم جارێک بـوو کـە ناوەنـدێکی نێودەوڵـەتی ڕێکخراوی نەتەوەکان بە شێوەی فەرمی لە بارەی ئەم بابەتە قسەی کرد و هەر ئەم کارە ئاسانکاری بۆ یەکەمین ڕاپۆرتی فەرمی ڕێکخـراوی نەتـەوەکان لـە بـارەی ئـەم بابەتـە کـرد. هـەر بـەم شـێوە، ئەنجومـەنی مافـەکانی مرۆڤـی ڕێکخراوی نەتەوەکان هەموو جۆرەکانی بڕیارنامەی ڕێکخراوی نەتـەوەکانی لە بواری مافەکانی مرۆڤ، هۆگری سێکسی و شووناسی ڕەگەزێتی پەسەنـد کرد کە دواتر دێن.

لە سێپتێمبەری ساڵی 2014، ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ بڕیارنامـەی نوێی (32/27)ی پەسەنـد کـرد کـە جـارێکی دیکـە نیگـەرانی خـۆی لـە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤی دەربڕی و داوای لە کۆمیسێری بـاڵا کـرد بـە

ئامانجی بە گشتی‌کردنی شێوازە شیاوەکان بە مەبەستی ڕێگری لە سەر توندوتیژی و هەڵاواردن، بە کەڵک وەرگرتن لە یاسا و ستانداردەکانی مافی مرۆڤ ڕاپۆرتێکی نوێ (A/HRC/19/41) بخاتە ڕوو و لە بیست و نۆیەمین دانیشتنی ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ پێشکەشی بکات.[1]

یەکەمین بەڵگەی نێودەوڵەتی بە چاوپۆشی لە ڕەگەزی تاکەکان، مافی یەکسانی بە فەرمی ناساند، پێشەکی جاڕنامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو کە تێیدا هاتووە:

«ئێمەی نەتەوەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە نیازین نەوەکانی داهاتوو لە مەینەتی جەنگێک دەرباز بکەین کە دوو جار لە درێژەی ژیانمان خەمێکی نەوتراوی بۆ مرۆڤایەتی دروست کردووە و بڕوا و ئیمانی خۆمان بۆ مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ، بۆ کەرامەت و بایەخی مرۆڤ و مافی یەکسانی پیاوان و ژنان پشت ڕاست دەکەینەوە.»[2]

مادەی C 55 ـیش جەخت دەکاتەوە: «ڕێزی گشتی و ڕەچاوکردنی مافە مرۆییەکان و ئازادییە بنەڕەتییەکانی هەمووان، بە چاوپۆشی لە نەتەوە، ڕەگەز، زمان یان ئایین.»[3]

لە هیچ کام لە یاسا نێودەوڵەتییەکانی مافەکانی مرۆڤ ڕاشکاوانە مافێک بۆ هۆگریی سێکسی ڕەچاو نەکراوە. بەڵام ئەم پرسە لە هەندێ لە ئامرازە

1. (United Nations Statement on LGBT discrimination. ohchr.org; www.ohchr.org/EN/Issues/Discrimination/Pages/LGBT.aspx

2. Wellman, C., 2000. Solidarity, the individual and human rights. Human Rights Quarterly, 22(3), pp.639-657.

3. United Nations www.un.org/en/sections/un-charter/un-charter-full-text

نێودەوڵەتییەکانی مافەکانی مرۆڤ وەکوو مادەی 2ـی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ جەختی لە سەر دەکرێتەوە و بە ڕوونی باس لە ڕزگاربوون لە هەڵاواردن بە هۆی هۆگریی سێکسی دەکات.[1]

«هەر کەسێک بە بێ سەرنج خستنە سەر هەر چەشنە پۆلێنبەندییەکی وەکوو نەتەوە، ڕەنگ، ڕەگەز، زمان، ئایین، ڕوانگەی سیاسی یان ڕا و بۆچوونی دیکە، پێگەی نیشتمانی یان کۆمەڵایەتی، بارودۆخی خاوەنداریێتی، لەدایکبوون و هتد، شیاوی سوودمەندبوون لە هەموو ئەو ماف و ئازادییانەیە وا لەم جاڕنامەدا هاتووە. هەروەها هیچ هەڵاواردنێک بە پێی پێگەی سیاسی، یاسایی، یان نێونەتەوەیی یان وڵات یان نیشتمانێک کە ئەو کەسەی لە خۆ گرتووە، ڕێگەپێدراو نییە تەنانەت ئەگەر ئەم وڵاتە یان نیشتمانە هۆگر، ناسەربەخۆ یان لە ژێر هەر چەشنە سنوورداریێتی دەسەڵاتێکی دیکە بێت.»[2]

لە مادەی 2 *ICCPR* باس لە ئامادەکاری هاوشێوە بۆ نەهێشتنی هاڵاواردن دەکات:

«هەر وڵاتێکی ئەندامی ئەم کۆنوانسیۆنە پابەند دەبێ بەوەی کە بە بێ ڕەچاوکردنی ڕەنگ، نەتەوە، ڕەگەز، زمان، ئایین، ڕوانگەی سیاسی یان دیکەی ڕا و بۆچوونەکان، ڕەچەڵەکی نیشتمانی یان کۆمەڵایەتی، بارودۆخی خاوەنداریێتی یان لە دایکبوون و هتد مافی ڕوونکراو لەم کۆنوانسیۆنە بۆ

1. The International Covenant on Civil and Political Rights (ICCPR) and the International Covenant on Economic, Social and Cultural Rights. (ICESR)
2. http://www.un.org/en/universal-declaration-human-rights/

هەموو تاکەکان دەستەبەر بکا و ڕێزیان لێ بگرێت.»[1]

لە ساڵی 2014، ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەکان یەکەمین جاڕنامەی خۆی پەسەند کرد کە مافەکانی ناهاوسانانی بە فەرمی دەناساند و بە دوای ئەودا ڕاپۆرتێکی لە سەر کۆمیسیۆنی ڕێکخراوی نەتەوەکان بڵاو کردەوە کە پێشێلکردنی مافەکانی ناهاوسانان وەکوو تاوانی سەرچاوە گرتوو لە ڕق و بێزاری، بە تاوانزانینی هاوڕەگەزخوازی و هەڵاواردنی بە دیکۆمێنت کردبوو. ئەم مافانە کاتێک زیاتر بە فەرمی ناسران کە کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەکان داوای لە هەموو ئەو وڵاتانە کرد کە هێشتا یاساگەلێکیان بۆ پشتیوانی لە مافە بنەڕەتییەکانی ناهاوسانان پەسەند نەکرد بوو، بۆ ئەوەی داپەڕێک بنوێنن. هەر بەم شێوە ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەکان هەموو جۆرەکانی پەیماننامەی لە بواری مافەکانی مرۆڤ، هۆگری سێکسی و شوناسی ڕەگەزێتی پەسەند کرد.[2]

## دارشتەی یاسایی ناهاوسانان

### ناهاوسانی: سیستەمە یاساییەکان

زۆرجارهەست و وانە ئایینییەکان لە یاساکاندا بەدی دەکرێت. بۆ وێنە، زۆرێک لە کلۆنیالە سەرەتاییەکانی ئەمریکا سزای توندیان بۆ هاوڕەگەزخوازان ڕەچاو دەکرد کە وشەیەکی گشتگیر بوو و جۆرە

1. International Covenant on Civil and Political Rights http://www.ohchr.org/EN/ProfessionalInterest/Pages /CCPR.aspx
2. A/HRC/RES/32/2 S). A/HRC/RES/17/19 and A/HRC/RES/27/32

بەربڵاوەکانی کردەوەی سێکسی لە خۆ دەگرت کە زکوزای لێ نەدەکەوتەوە (هاوشێوەی پەیوەندی لەگەڵ هاوڕەگەز)، لە دەرەوەی چوارچێوەی هاوسەرگیری بوون (وەکوو پەیوەندی سێکسی ژن و مێردی کە بە شێوەی یاسایی هاوسەرگیرییان لەگەڵ یەکتر نەکردبوو) یان پێچەوانەی نەریت بوون (هاوشێوەی تێکەڵبوونی ژن و مێرد لەگەڵ ئافرەتێکی دیکە). ئەم یاسایانە ئەم چەشنە کردەوانەیان بە دێڕگەلی ئاڵۆز و ناڕوونی وەکوو «گڵاوییەک کە شیاوی باس لێکردن نییە» وەسف دەکرد. لە هەندێ دەڤەری وەکوو کلۆنیالی نیۆهیۆن، سزای هەڵسووکەوتی هاوڕەگەزخوازانەی ژنان و پیاوان مەرگ بوو.[1]

ئەو یاسایانەی وا کاریگەرییان لە سەر ناهاوسانان دادەنا، لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاواز بوو و لە بە فەرمی ناساندنی یاسایی بۆ هاوسەرگیری لەگەڵ هاوڕەگەز یان جۆرەکانی دیکەی پێکەوە ژیان هەتا دەگاتە سزای مەرگ بۆ کردەی سێکسی / ڕۆمانسی لەگەڵ هاوڕەگەز. زۆرێک لە یاسا دژە ناهاوسانییەکان یەک یان چەند دانە لەم تایبەتمەندییانە لە خۆ دەگرن: زمانێکی ناڕوون یان یاساگەلێک کە ئاشکرایانە نێربازی بایکۆت دەکەن، دیاریکردنی سزای نەختی بۆ هەڵسووکەوتی سێکسیی ڕێککەوتووانە لەگەڵ هاوڕەگەز، زیندان یان سزای مەرگ؛ یاسای ئاشکرای دژی لزباین و دیاریکردنی تەمەنی سەرتر بۆ پەیوەندی سێکسی لەگەڵ هاوڕەگەز بە شێوەی ڕێککەوتووانە.

1. Katz, J. N. (1976). Gay American history: Lesbians and gay men in the USA. New York: Thomas Y. Crowell Company

ئەو وڵاتانەی کە لە دژی ناهاوسانان یاسای توند بــە کــار دەبــەن وەکــوو وڵاتی عەرەبستانی سعوودی لە هەمان کاتــدا شــایەتحاڵی گەشــەی پانتــای گەیەکان لە سەر هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگان. لە جێیەکدا کــە یاســا کــەمتر سەختگیرە، بەرپرسان ڕێگەی دیکە بۆ سەرکوتکردن دەدۆزنەوە. لە وڵاتانی عەممان و ئۆردۆن هێرش کرایە چەند پاتۆقی کەسانی گەی یان بــە هۆکــاری بێبنــەمای وەکــوو خواردنــەوەی نایاســایی کحــۆل داخــراون. تەنانــەت لــە شوێنێکدا کە هاوڕەگــەزخوازی یاســاییە (وەکــوو وڵاتــی تورکیــە) ڕەخنــەی فــەرمی دەتــوانێ زۆربــوونی هــەبێت. عالییــە کــواف، وەزیــری پێشــووی کاروباری ژنان، ناهاوسانی بە «نەخۆشــی» نــاوزەد کــرد؛ هــەروەها نــەعیم ســاهین، وەزیــری نــاوخۆ، (هاوڕەگــەزخوازی لەگــەڵ ئــایینی زەردەشــتی و خــواردنی گۆشــتی بــەراز) بــە نموونەیــەک لــە «بێڕێــزی، بێئــەخلاقی و بارودۆخێکی نامرۆڤانە» وەسف کرد.

شرۆڤەی سزا یاساییەکان لە سەرتاسەری جیهان ئەوە پیشان دەدا کە چۆن لە هەندێ لە وڵاتاندا یاسا وەک ئامرازی ترس و تۆقاندن لە دژی ناهاوسانان بە کار دەبرێت.

### وڵاتی ئەمریکا و ئەورووپای ڕۆژئاوایی

لە مانگی مارسی ساڵی 2017، بیست و دوو وڵات کە زیاتر کەوتبوونە وڵاتی ئەمریکــا و ئــەورووپای ڕۆژئــاوایی (ئــەرژەنتین، بــەلجیکا، برازیــل، کەنەدا، کلۆمبیا، دانمارک، فینلەندا، فەڕەنسە، ئیسلەند، لۆکزامبۆرگ، هۆڵــە- ندا، نەرویج، پەرتوگال، ئیسپانیا، سوویید، بــەریتانیا، ئــەمریکــا و ئۆرۆگــوا)

هاوسەرگیری هاوڕەگەزخوازانیان بە فەرمی ناساندووە و ئەگەر نە هەموو مافەکان، بەڵام ڕێز بۆ زۆربەی مافە مرۆییەکانی شارۆمەندانی ناهاوسان دادەنن.[1]

**ئەفریقا**

ئەگەرچی هاوڕەگەزخوازی لە سەرتاسەری ئەفریقادا بوونی هەبووە. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکانی ئەنجومەنی نێونەتەوەیی گەی و لزباین (ILGA) لە ساڵی 2015[2]، 34 وڵات لە کۆی 55 وڵاتێک کە لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوەکان یان یەکێتی ئەفریقا یان هەر دووکیان بە فەرمی دەناسرێن، هاوڕەگەزخوازییان قەدەغە کردووە. **ILGA** ڕاپۆرتی داوە کە لە ئاگێستی ساڵی 2016، 72 وڵات لە دژی کردەوەی ناهاوسانی خاوەن یاسای سزا بوون[3] و زۆربەی ئەم وڵاتانە دەکەونە ئەفریقا یان ئاسیا.[4]

لە یاساکانی وڵاتی کامێرۆن بۆ کردەوەی هاوڕەگەزخوازی ماوەی پێنج ساڵ زیندان ڕەچاو کراوە. دۆسییەی دڵتەزێنی کۆرنیلۆس فۆندا وێنەیەکە لەم سزا بێبەزەییانە. کۆرنیلۆس فۆندا لە لایەن کۆمەڵێکەوە گیرا و بە تاوانی

---

1 PEW Research Center. Gay Marriage around the World. http://www.pewforum.org/2017/08/08/gay-marriagearound-the-world-2013/ Accessed: October 1st, 2017. –

2. Anthony Appiah and Henry Louis Gates, Encyclopaedias of Africa, Volume 2 OUP, USA, 2010

3. State Sponsored Homophobia 2016: A world survey of sexual orientation laws: criminalisation, protection and recognition" (PDF). International Lesbian, Gay, Bisexual, Trans and Intersex Association. 17 May 2016. Retrieved 19 May 2016.

4. See http://www.like2do.com/learn?s=LGBT_rights_by_country_or_territory

هاوڕەگەزخوازی برایە ئیدارەی پۆلیس. ناوبراو بە تاوانبار ناسرا و نەیتوانی بارمتەی دیاریکراو دابین بکا و لە ساڵی 2013، بە تاوانی پەیوەندی سێکسی لەگەڵ گەنجێکی تەمەن 19 ساڵە بۆ نۆ ساڵ زیندان حوکم درا. ئەگەرچی بە شێوەی باو ئەوپەڕی حوکم بۆ پەیوەندیی لەگەڵ هاوڕەگەز لە وڵاتی کامێرۆن 5 ساڵە، ئەم سزایانە بۆ پەیوەندی لەگەڵ کەسێک کە 16 بۆ 21 ساڵانە، دوو قات دەبێتەوە.[1] لە کۆی 76 وڵاتێک کە هاوڕەگەزخوازی تێدا نایاساییە، ڕێژەی ئەو کەسانەی کە بە هۆی گەیبوون دەخرێنە بەندیخانە، زۆرە.

## جیهانی ئیسلام

لە کۆی وڵاتانی عەرەبی، سزای کردەوەی هاوڕەگەزخوازی لە وڵاتانی ئەلجەزیرە، بەحرەین، کوەیت، لوبنان، لیبیا، مەراکیش، عوممان، قەتەر، سۆمالی، توونێس و سووریا زیندانە. ئەم سزایە لە بەحرەین هەتا دە ساڵە.[2] لەو وڵاتانەی کە یاسایەکی دیاریکراویان بۆ هاوڕەگەزخوازی نییە، لەوانەیە کەسانی ناهاوسان بەردەوام لە لایەن یاساوە ڕاو بنرێن. بۆ وێنە لە وڵاتی میسر، پشت بە یاسای کۆن لە دژی «گەندەڵی ئەخلاقی» دەبەسترێت. یاسای میسر ڕاشکاوانە هاوڕەگەزخوازی بە تاوان نازانێ؛ بەڵام زۆر

1. See Goaty's News UK, Cameroon police arrest man seized by anti-gay mob. Date: November 21st, 2012. Accessed: October 1st, 2017.
2. Whitakar, Brian. Everything you need to know about being gay in Muslim countries. 2016 https://www.theguardian.com/world/2016/jun/21/gay-lgbt-muslim-countries-middle-east

ئامادەکاریی لە خۆ دەگرێ کە وەها کردەوەیەک وەک تاوان پیشان دەدات.[1]

لە ئاستێکی تۆقێنەرتری دیکەدا، هاوڕەگەزخوازی دەتوانێ یەکسان لەگەڵ مەرگ بێت. لە وڵاتانی عەرەبستانی سعوودی، سوودان، یەمەن و مووریتانی، هاوڕەگەزخوازی سزای مەرگی بە دواوەیە؛ ئەگەرچی پێدەچێت هیچ حاڵەتێکی لە سێدارە دان لانیکەم لە ماوەی یەک دەیەی ڕابردوو بۆ ئەم بابەتە ڕانەگەیێندراوە. چواردە وڵات بە حەشیمەتی زۆرینە موسڵمان، یاساگەلێک لە خۆ دەگرن کە سزای مەرگ بۆ کردەوەی هاوڕەگەزخوازانە ڕەچاو دەکەن یان وەها لە سێدارەدانێک بە ڕێگە پێدراو دەزانن.[2] لە ئێرانی ئەوڕۆیی، هاوڕەگەزخوازی تاوانێکە کە سزای مەرگی لێ دەکەوێتەوە. ئەگەری ئەوە لە ئارادایە کە ئێران یەکێک لەو چەند وڵاتە بێ کە شارۆمەندانی خۆی بە تاوانی هاوڕەگەزخوازی لە سێدارە دەدات. لە کاتی شۆڕشی 1357 هەتاوییەوە (1979 زایینی) لە ئێران، دەوڵەتی ئێران پتر لە 4 هەزار کەسی بە تاوانی هاوڕەگەزخوازی لە سێدارە داوە.[3] هەڵبەت دەوڵەتی ئێران ئەم ڕێژەی 4 هەزار لە سێدارە دانەی پشتڕاست نەکردووەتەوە و زانیاری سەبارەت بە ڕێژەی وردی ئەو ناهاوسانانەی کە لە سێدارە دراون، کارێکی هەر وا ئاسان نییە؛ بەڵام ڕەنگە بارودۆخەکە لە ئێراندا ڕووی لە گۆڕان بێ و

1. Mohamed, M.S., 2015. Sexuality, Development and Non-conforming Desire in the Arab World: The Case of Lebanon and Egypt (No. IDS Evidence Report; 158). IDS.

2. 2017 edition, State-Sponsored Homophobia report from ILGA, the International Lesbian, Gay, Bisexual, Trans and Intersex Association

3. (Vexen Crabtree (3 January 2014). "The Battle between Monotheism and Homosexuality: Religious Prejudice Versus Equality: Islam". Retrieved 8 December 2014.

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا ڕێژەی کەسانی لە سێدارەدراو دابەزیوە و پۆلیس هەڵسووکەوتی هاوڕەگەزخوازانە بە هەند وەرناگرێ و بە نەرمی‌نوێنی هەڵسووکەوتیان لەگەڵ دەکات. ڕەنگ بێ ئەم گۆڕانی ئاراستەیە بە هۆی زەختی نێودەوڵەتی و ڕووماڵی ڕاگەیاندنەکانی ئەم بابەتە بێت.

لە سەر ئاستی جیهان، سەدان کەس بە هۆی ئەوەی وەک پێشێل‌کردنی یاساکان سەیری دەکرێ یان لە زیندانن یان چاوەڕێی دادگایین. لە ئێستادا، ئەم وڵاتانە گەورەترین پێشێلکارانی مافە مرۆییەکانی ناهاوسانانن:

• میسر: خاوەنی یەکێک لە گەورەترین بەندیخانەکانی پیاوانی گەیە. بە گوێرەی دوایین مەزەندەکان، نزیکەی 500 ناهاوسان لە ساڵی 2013ـەوە خراونەتە بەندیخانە.[1]

• عەرەبستانی سعوودی: بە پێی دوا ڕاپۆرتەکان لە ماوەی ساڵێک، پۆلیسی ئایینی کۆی 260 کەسی قۆڵبەست و دادگایی کردووە.

• مەراکیش: هەموو ساڵێک داکۆکی‌کارانی مافەکانی ناهاوسانان قسە لە سەر دەیان دادگایی بە بابەتی پەیوەندی لەگەڵ هاوڕەگەز دەکەن کە بە دەگمەن لە ڕاگەیاندنەکاندا ڕەنگدانەوەی دەبێت.

• نەیجەریا: ڕاپۆرت لە سەر ڕێژەیەکی زۆری گرتن هەیە؛ بەڵام ڕاگەیاندنەکانی نەیجەریا بە دەگمەن بە دواداچوون بۆ ئەم ڕاپۆرت و دادگاییە دواییەکان دەکەن.

---

1. See https://76crimes.com/12-in-prison-for-being-gay-13-more-awaiting-trial/. Accessed November 9, 2017

بە گشتی، سزاکان دەتوانن هەتا نۆ ساڵ درێژەیان بێت. تەنانەت ئەگەر ئەم یاسا دژوارانە سەد لە سەد جێبەجێ نەبێت، هەمیشە پیشاندەری سەرکۆنەی کۆمەڵایەتی ناهاوسانانن و لە پاڵ حەڕەشەی بیرمەندانی ئایینی، پەرەیان بە هەڵاواردنی ڕۆژانەی دژ بەم کەسانە داوە و شەرعییەت و ڕەوای پێ دەدەن. ئەم بابەتە لە هەمان کاتدا ڕێگە بە توندڕەوەکان دەدا کە پاکانە بۆ کاردانەوەی قێزەونی خۆیان بکەن و خۆیان بە حەقدار بزانن. چەند ساڵ بەر لەوەی داعش پیاوانی گەی لە هەورەبانی باڵاخانەکانەوە بخاتە خوارەوە، گرووپەکانی دیکە لە وڵاتی عێراق هێرشیان دەکردە سەر پیاوانی «ناپیاو» و هەندێ جار هێورانە بە دەرزی چەسبیان دەکردە کۆمیانەوە و دەیانکوشتن.

ئەم یاسایانە کاریگەرییەکی کارەساتباریان لە سەر ژیانی ئەو کەسانە داناوە کە ئەوەندە بێبەخت بوون کە قۆڵبەست دەکران. سەرەڕای ئەمە و بە پێچەوانەی هێرشی جار نە جار، بە گشتی بەرپرسانی ئەم وڵاتانە بە شێوەی چالاکانە بۆ دۆزینەوەی کەسانی گەی و قۆڵبەست کردنیان هەوڵ نادەن. هۆکارێک بۆ ڕێژەی کەمی ئەم بە دواداچوونە یاساییانە، ئەم ئەفسانە فەرمییەیە کە ئیدەعا دەکا لە وڵاتانی موسڵمان ڕێژەی زۆری هاوڕەگەزخواز بوونی نییە. لە بنەڕەتدا هاوڕەگەزخوازی وەک دیاردەیەکی ڕۆژئاوایی سەیر دەکرێ کە هەڵبەت ڕێژەی زۆری قۆڵبەست کردنەکان ئەوە دەخاتە ژێر پرسیار. هەندێ لە ستەمکارترین حکومەتەکانی عەرەب وەکوو عێراقی سەردەمی دەسەڵاتداری سەدام حسێن و سووریای ژێر دەسەڵاتی بەشار

ئەسەدیش هۆگرییەکی ئەوتۆیان بۆ هێرش کردنە سەر کەسانی گەی پیشان نەدەدا؛ ڕەنگە لەبەر ئەوە بێ کە گیرۆدەی پرسی دیکە بوون.[1]



تۆمەتبارانی میسری لە قەفەسی دادگا لە ماوەی دادگایی ساڵی 2014 (وێنە لە *DT News*)

## بڕیارە یاساییەکانی ناهاوسانان

تەنیا نەفامییەکی ئەنقەستانە دەتوانێ ئەم ڕاستییە داپۆشێ کە پەیوەندی سێکسی، "پەیوەندییەکی گرینگ و هەستیارە لە هەبوونی مرۆڤ و لە چەقی ژیانی بنەماڵەیی، خۆشبژێوی کۆمەڵایەتی و گەشەی کەسایەتی مرۆڤ"دایە[2]. ئەم ڕاستییە کە تاکەکان بە شێوەیەکی دیاریکراو خۆیان بە پەیوەندی سێکسی نزیک لەگەڵ دیتران پێناسە دەکەن، ئەوە دەردەخات کە ڕێگەی «شیاو»ـی زۆر بۆ وەها پەیوەندییەک ڕەنگە بوونی هەبێ و زۆرتر

1. Everything you need to know about being gay in Muslim ... www.theguardian.com › World › LGBT rights.

2. Paris Adult Theatre I v. Slaton, 413 U. S. 49, 413 U. S. 63 (1973); see also Carey v. Population Services International, 431 U. S. 678, 431 U. S. 685 (1977).

دەوڵەمەندیی پەیوەندییەک سەرچاوە لە ئازادی تاک بۆ هەڵبژاردنی فۆرم و چییەتی ئەو پەیوەندییە تەواو تاکەکەسیانە دەگرێت. لە هەلومەرجی جۆراوجۆردا، بە قبووڵکردنی ئەو ڕاستییە کە کەسی جۆراوجۆر، هەڵبژاردنی جۆراوجۆری هەیە، دەستەبەرکردنی ئەو ئازادییە لە هەڵبژاردن، پێویست دەنوێنێت.[1]

کۆنوانسیۆنی ڕێگری لە ئەشکەنجەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان زەبر و زەنگ، ئازاردان و ڕەنجی جەستەیی و دەروونی کە لە ڕێگەی جیا جیای وەکوو هەڵاواردن لە لایەن بەرپرسانی دەوڵەتی یان تاکەکەسی، کە لە پوتانسییەلێکی فەرمی یان بە ڕەزامەندی ئەو دەسەپێنرێت بایکۆت دەکات (لێبووردنی نێودەوڵەتی، 2001). زۆربەی ئەو توندوتیژییەی کە دژ بە ناهاوسانان لە سەرتاسەری دنیادا ئەنجام دەدرێ، بە پێی ئەو کۆنواسیۆنە قەدەغەیە. ئەو هەڵسووکەوتە خراپانەی کە لێبووردنی نێودەوڵەتی بە دیکۆمێنتی کردووە (2001) هەر دوو کۆنوانسیۆنەکەی *ICCPR* و *ICESCR* پێشێل کردووە. وەک لە بەشی پێشوودا وترا، یاساکانی دژ بە پەیوەندی لەگەڵ هاوڕەگەز مافی هەرێمی تایبەتی کە کۆنوانسیۆنی ئەورووپایی مافەکانی مرۆڤ دەستەبەری دەکەن، بە هەند وەرناگرن.[2]

لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم و سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکەم، زیاتر سەرنج خرایە سەر پرسەکانی پەیوەست بە هاوڕەگەزخوازی لە ئە-

1. Grey, T.C., 1997. Bowers v. Hardwick Diminished. U. Colo. L. Rev., 68, p.373.
2. Handbook on European non-discrimination law, European Union Fundamental Rights Agency / Council of Europe, 2010.

مریکا. سەرنج خستنە سەر هاوسەرگیری هاوڕەگەزان لـە مـاوەی دەیـەکانی ڕابردوودا وشیاری پتر سـەبارەت بـە هاوڕەگـەزخوازی، گـۆڕینی ڕوانگـەی سـەبارەت بـە هـۆگری سێکسـی و هەڵکشـانی ڕێـژەی ناهاوسـانان و ڕێکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤی لێ کەوتـەوە کـە دادگاکانیـان قۆسـتەوە بـۆ ئەوەی بە شـێوەی یاسـایی، مافـە کۆمەڵایـەتی و مەدەنییـەکانی ناهاوسـانان ببوژێننـەوە. ئەوڕۆکـە لـە ئـەمریکای هاوچـەرخ، ڕوانگـەی زۆرێـک لـە ئەمریکییەکان بۆ هاوڕەگەزخوازی بە هۆی چەندین دەیە کـاری بێبڕانـەوەی مرۆڤدۆستان، فێمێنیست و ڕێکخراوەکان، گۆڕانی بـە خـۆوە بینیـوە.[1] ئـەم گۆڕانکارییە بێژمارانە، ژیانی بۆ هاوڕەگەزخوازان ئاسان کـردووە و بڕیـاری یاسایی گرینگی گشتیش گیراوە کە وەک جۆرێک سەرکەوتنی مێژوویـی بـۆ مافی ناهاوسانان هەژمار دەکرێت.

دۆسییەی Dudgeon v. The United Kingdom (1981) دۆسییەیەک لە دادگای مافەکانی مرۆڤی ئەورووپا بوو کە ڕایگەیاند بەشی 11ـی یاسای هەموارکردنـەوەی یاسـای سـزا لـە سـاڵی 1885، کـە ئاکـاری هاوڕەگەزخوازانەی پیاوانە لە ئینگلتەرا، ڤێڵز و ئیرلەندی باکووریی بـە تـاوان دەزانی، کۆنوانسیۆنی مافەکانی مرۆڤـی ئـەورووپایی پێشـێل دەکـرد.[2] ئـەم دۆسییە لەم ڕووەوە گرینگ بوو کە یەکەمین دۆسییەی سـەرکەوتووی بـەر لـە

1. David Halperin, How to Do the History of Homosexuality (2002)

2. Lennox, C. and Waites, M., 2013. Human rights, sexual orientation and gender identity in the Commonwealth: From history and law to developing activism and transnational dialogues (pp. 1-59). Human Rights Consortium, Institute of Commonwealth Studies.

ECtHR و دەستپێکێک بۆ دۆسییەیەکی دیکە بوو بە ناوی Norris v. Ireland،[1] کە سیاسەتمەداری ئیرلەندی بە ناوی ماری ڕابینسۆن، سەرۆک کۆماری پێشووی ئیرلەند و کۆمیسێری باڵای مافەکانی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەکان لە ساڵی 1997 هەتا 2002 بە دواداچوونیان بۆ کرد. ئەم دۆسییە بە کارهێنانی بەردەوامی هەمان یاساکانی ساڵی 1885ـی لە کۆماری ئیرلەندی بە چالێنج کێشا و خوازیاری یاسایەکی دیکە بوو کە لە کۆتاییدا بووە هۆی ئەوەی ئەنجومەنی ئەورووپا ڕایبگەیێنێ هیچ کام لە وڵاتانی ئەندامی ئەم یەکێتییە نابێ هەڵسووکەوتی هاوڕەگەزخوازانەی ژنان یان پیاوان وەک تاوان سەیر بکەن. لە ڕێکەوتی 22ـی ئۆکتۆبری ساڵی 1981، دادگا لەگەڵ کۆمیسیۆن ڕێک کەوت کە بە تاوانزانینی ئاکاری هاوڕەگەزخوازانەی نێوان کەسانی گەورە ساڵ کە بەم کردەوە ڕازیین، لە لایەن ئیرلەندی باکووریی پێشێلکردنی مادەی 8ـی کۆنوانسیۆنی مافەکانی مرۆڤی ئەورووپایە کە دەڵێ: «هەمووان خاوەن مافی ڕێز گرتن لە هەرێمی تایبەتی و ژیانی خێزانی، ماڵ و پەیوەستەکانین.» بە پێی ئەم بڕیارە، لە مانگی ئۆکتۆبری ساڵی 1982 لە باکووری ئیرلەند تاوانسڕینەوە لە پەیوەندیی پیاوانی هاوڕەگەزخواز کرا. پەیوەندی هاوڕەگەزخوازانەی ژنان قەد لە هیچ شوێنێکی ئینگلتەرا تاوان نەبوو. هەر بەم شێوە لە دۆسییەی Modinos v. Cyprus (1993) یاسای هاوشێوە بە سەرپێچی هاتە هەژمار.

1. Kiely, Niall (23 April 1983). "Norris to go to rights court in Strasbourg". The Irish Times. p. 8.

لـە ویلایەتـە یـەکگرتووەکان، Bowers v. Hardwick و Lawrence V Texas دوو دانە لە بڕیارە گرینگەکانی دادگای باڵا لە بـواری یەکسـانبـوون لەگــەڵ یاســا بنەڕەتییــەکان، ئــازادیی هــەڵســووکەوتــی سێکســی و هاوڕەگەزخوازی بوون.[1]

Bowers بڕیاری دادگای باڵای ئەمریکا بوو کە پشـتیوانی لـە یەکسـان-سازی یاسای نێربازان لە ویلایەتی جۆرجیا بـوو. بـە گـوێرەی ئـەم یاسـایە، سێکسی ڕێککەوتنانەی کۆمی و دەمی لە شوێنی تایبەتی نێوان دوو کەسـی گەورە ساڵ بە مەرجێک کە هاوڕەگەزخواز بن، تاوان بوو. ئەفسەر تۆریک لـە کاتێکدا کە بەرگەی فەرمانی بە دەستەوە بوو چوو بۆ ئاپارتمـانی هاردویـک. هاردویک کە بە ئاشکرا گەی بوو، میـوانێکی شـەوخەوی بـوو کـە لـە سـەر مۆبڵەکە ڕاکشا بوو. پاش کەمێک سووڕانەوە لە نـاو ئاپارتمـان، تۆریـک دە-رگای نیوە کراوەی ژووری خەوی هاردویکی بینی؛ چووە ژوورەوە و بینی کە تێیدا هاردویک و دۆستە پیاوەکەی خەریکی سێکسی دەمین، لە کاتێکدا کە هەر دووکیان لە سەر ئەم سێکسە ڕێک کەوتبوون. هەر دووکیـان بـە تـاوانی هاوڕەگەزخوازی قۆڵبەست کران کە بە پێی یاسای جۆرجیا سێکسی دەمی و کۆمی نێوان کەسانی هاوڕەگەز و دیترەگەزی لە خۆ دەگرت.[2] بەشـێک لـەم یاسایە لە ژێرەوە هاتووە:

---

1. Franke, Katherine M. "The domesticated liberty of Lawrence v. Texas." Colum. L. Rev. 104 (2004): 1399.

2. Goldstein, Anne B. "History, homosexuality, and political values: Searching for the hidden determinants of Bowers v. Hardwick." Yale Lj 97 (1987): 1073

ئـ) کاتێک کەسێک هەر چەشنە کردەوەیـەکی سێکسـی کـە بریتییـە لـە ئەندامە سێکسییەکانی کەسەکە واتە دەم یـان کـۆمی ئـەویتری (هاوڕەگـەز) ئەنجام بدا یان ببێتە بەرکاری ئەم کردەوە، ئەوە تـاوانی هاوڕەگـەزخوازی لـێ وەشاوەتەوە.[1]

ب) کەسێک کە تاوانی نێربازی لێ وەشاوەتەوە، بـۆ لانیکـەم سـاڵێک و لانی زۆری 20 ساڵ زیندان سزا دەدرێت.[2]

بەڵام لەم یاسا، یاسادارێژ هیچ جیاوازییەکی لە نێوان هەڵسـووکەوتـی هاوڕەگەزخوازانە و دیترەگەزخوازانـە دانـەناوە. هاردویـک بـە پێـی یاسـای بنەڕەتی لە دادگای باڵا ئەم یاسایەی بە چالێنج کێشا.

لە بڕیارێکدا کە ئێستا بە تەواوەتی بە هەڵە دادەنرێ، دادگا ڕایگەیانـد کـە یاسای بنەڕەتی، مافێکی بنەڕەتی بۆ هاوڕەگەزخوازانێک کە نێربازی دەکـەن، ڕەچاو ناکات. ڕوودانی هەڵسووکەوتی هاوڕەگەزخوازانە لە خەڵوەتی ماڵـەوە هیچ کاریگەرییەکی لە سەر ئەنجامەکە نییە. کردەوەی نایاسایی هـیچ کـات تەنانەت کاتێک کە لە ماڵەوە ڕوو دەدات، پارێزراوی ناهێنێـت. دادگـا وتـی هیچ پەیوەندییەک لە نێوان بنەماڵـە، هاوسـەرگیری یـان زکوزا لـە لایـەک و چالاکیی هاوڕەگەزخوازانە لە لایەکی ترەوە بوونی نییە.[3]

1 . Goldstein, Anne B. "History, homosexuality, and political values: Searching for the hidden determinants of Bowers v. Hardwick." Yale Lj 97 (1987): 1073.

2. Goldstein, Anne B. "History, homosexuality, and political values: Searching for the hidden determinants of Bowers v. Hardwick." Yale Lj 97 (1987): 1073.

3. Franke, Katherine M. "The domesticated liberty of Lawrence v. Texas." Colum. L. Rev. 104 (2004): 1399.

چاکایەتی دۆسییەیbowers لە دەربڕینێکی بەهێز و بۆچوونی دژبەردایە کە وەک سەرچاوە بە کارییان دەبات. بەرهەڵستکاران لەو بڕوایەدا بـوون کـە ئازادی لە هەمبەر دەستێوەردانی بێ‌جێی دەوڵەت لە شوێنی ژیـان یـان پانتـا تایبەتەکانی دیکە پشتیوانی لە تاک دەکات. پانتاکانی دیکە لە ژیانی ئێمـەدا، لە دەرەوەی ماڵەوەن کـە دەسـەڵات نـابێ لـەو شـوێنانەدا بـوونێکی تـۆخی هەبێت. سەربەخۆیی تاک بریتییە لە ئازادی بیرۆکە، بیـر و بـاوەڕ و هەنـدێ هەڵسووکەوتی دۆسـتانە. ئـەم مـژارە "پەیوەسـت دەکرێتـەوە بـە یـەکێک لـە گشتگیرترین یاسـا و مافـە تایبەتـەکان کـە زیـاترین بایـەخیان لای مرۆڤـی شارستانیی هەیە" و ئەم مافە هەمان "مافی سەربەستی"ـیە. ئـەم ڕاسـتییە کـە تاکەکان بە شێوەی دیاریکراو خۆیان بە پەیوەنـدی سێکسـی نزیـک لەگـەڵ دیتران پێناسـە دەکـەن پیشـان دەدا کـە بـۆ وەهـا پەیوەندیگـەلێک ڕێگـەی «دروست»ـی زۆر لە گۆڕا هەیە و زیاتر دەوڵەمەندبوون لە پەیوەندییـەک لـە ئازادی تاک بۆ هەڵبژاردنی بیچم و شووناسـی ئـەم پەیوەندییـە زۆر تایبەتییـە سەرچاوە دەگرێت. پاڤێل پاش خانەنشینی لە دادگای باڵا لە دیمانەیەکدا لـە ساڵی 1990 گوتی ئەگەری ئەوە هەیە کە لە دەنگدان بـۆ مانـەوەی یاسـای نێربازی تووشی هەڵە بوو بێـت.[1] هـەتا سـاڵی 1961 هـەر هـەموو پـەنجا ویلایەتەکەی ئەمریکا هاوڕەگەزخوازییان قەدەغە کردبـوو و بیسـت و چـوار ویلایەت و ناوچەی کلۆمبیا لە ساڵی 1986 وایان کرد.

1. See http://www.nytimes.com/1986/07/01/us/high-court-5-4-says-states-have-right-outlaw-privatehomosexual-acts-division.html?pagewanted=all. Accessed November 9th, 2017

سەرەڕای ئەمە، لە ماوەی حەوت ساڵ هەموو شتێک بە هـۆی دۆسـییەی Lawrence V Texas گۆڕانی بە سەردا هات، ئەو ڕاستییانەی کە بووە هـۆی دروسـتبـوونی دۆسـییەی Lawrence V Texas بـە شـێوەیەکی زۆر سەرسامهێنەرانە هاوشێوەی دۆسییەی Bowers بوون. پۆلیسی هیۆستۆن لـە دژی هێرشی چەکدارانە لە مۆڵکێکی تایبەتی چووە ناو ئاپارتمانی لاڤرێنسی سکالانووس و ئەوی لەگەڵ پیاوێکی گەورەساڵی دیکـە بـە نـاوی گـارنێری سکالانووس بینی کە خەریکی سێکس کردنن (بە شێوەی ڕێککەوتنانە و لە شوێنێکی نهێنی و تایبەتی). هەر دوو پیاوەکە بە تاوانی نێربازی گیران، هـەر هەمان شەو خرانـە بەندیخانـەوە، بـڕی 200 دۆلار سـزا دران و بـە تـاوانی پەیوەندی سێکسی لادەرانە کە پێشێلکەری یاسای تێگزاس بـوو، سـزا دران. ئەم یاسایە پەیوەندی سێکسی نزیکی دوو کەسی هاوڕەگەزی بە ڕێگە پێدراو نەدەزانی. ئەم دۆسییە لە دادگای باڵا داوای پێداچوونەوەی بۆ کرا.[1]

لە جووڵەیەکی گۆڵمەزییدا، دادگای باڵا ڕایگەیانـد کـە پیـاوانی گـەی و لزباین «خاوەن مافی ڕێز گرتن لـە ژیـانی تایبـەتین. دەسـەڵات بـۆی نییـە هەبوونی ئەوان بە کەمتر بزانێ یان لە ڕێگەی بە تاوانزانینی ژیانی سێکسـی تایبەتییان چارەنووسیان کۆنترۆڵ بکات. ئەم ئازادییە پاڵپشتیکراو لـە لایـەن یاسای بنەڕەتییەوە مافی هەڵبژاردنی بە کەسـانی هاوڕەگـەزخواز دەدا کـە لـە چوارچێوەیماڵەکانی خۆیـان و ژیـانی تایبـەتی خۆیـان پەیوەندییـەکانیان

1. Epstein, L., Martin, A.D., Quinn, K.M. and Segal, J.A., 2007. Ideological drift among Supreme Court justices: Who, when, and how important. Nw. UL Rev., 101, p.1483.

دەستنیشان بکەن و سەربەستانە ڕێز و کەرامەتی خۆیان بپارێزن.»[1]

دادگا تەواو ئاگادار بوو کە بە پێچەوانەی دۆسییەی Bowers ئیش دەکات. دادگای ئەورووپایی مافەکانی مرۆڤ لۆژیکی دۆسییەی Bowers ڕەت کردبووەوە و وڵاتانی دیکە بە مەبەستی پشتڕاستکردنەوەی مافی گەورە ساڵە هاوڕەگەزخوازەکان بۆ هەبوونی هەڵسووکەوتێکی دۆستانەی ڕێککەوتنانە داپەڕی هاوئاهەنگی هاویشتبوو.

تا ڕادەیەک هەموو یاساکان بە پێی چەمکە ئەخلاقتەوەرەکانن؛ بەڵام تەنانەت بە ڕەچاوکردنی ئەم مژارە، دۆسییەی Lawrence و داپەڕ لە دژی دۆسیەی Bowers بڕیارێکی یاسایی سەرسامهێنەر بوو. ئەم مافە نوێیە بەتایبەت بۆ ئایینە ڕێکخراوەکان و پێنج ئایینی سەرەکیی جیهان کە هەمیشە هاوسەرگیریی هاوڕەگەزخوازانیان بە هەڵە دادەنا، زۆر خراپ بوو. هەتا ئەو کاتەی کە نێربازی بە تاوان دەهاتە هەژمار، ڕێکخراوە ئایینییەکان بۆیان بوو ئەم کەسانە دانەمەزرێنن.

لە هەنگاوێکی دیکەدا بۆ پەسەندکردنی مافی هاوڕەگەزخوازان، بڕیاری دادگای باڵا لە مەڕ دۆسییەیەکی دیکە بە ناوی Obergefell v. Hodges، پرسی سەرەکی مافە مەدەنییەکان لە سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکەمی چارەسەر کرد. لە بڕیارێکی 5 لە سەر چوار، دادگا ڕایگەیاند کە مافی بنیاتی هاوسەرگیری بۆ هاوژینە هاوڕەگەزەکانیش لە برگەی پەیوەست بە

---

1. Epstein, L., Martin, A.D., Quinn, K.M. and Segal, J.A., 2007. Ideological drift among Supreme Court justices: Who, when, and how important. Nw. UL Rev., 101, p.1483.

تەدارڕێوڕەسمی یاسایی و هەمیش لە برگەی پشتیوانیی یەکسان لەگەڵ چاکسازیی چواردەهەمی یاسای بنەڕەتی ئەمریکا دەستەبەر دەبێت.

دادگا ئاماژەی بە چوار هۆکاری دیاریکراو بۆ پێدانی مافی بنیاتی هاوسەرگیری بۆ کاپڵە هاوڕەگەزخوازەکان کرد:

• مافی هاوسەرگیری جۆرێک ئازادی بنیاتییە؛ چوونکە جەوهەری سەربەخۆیی تاکایەتییە. ئەم مافە پشتیوانی لە دۆستانەترین پەیوەندیی نێوان دوو کەس دەکات.

• لە ڕێگەی فەرمیبوونی یاسایی، هاوسەرگیری دەتوانێ لە بواری بیناکردنی خانوبەرە و پەروەردەکردنی منداڵان پاڵپشتی لە بنەماڵەکان و منداڵان بکات؛ چوونکە هاوسەرگیری بە شێوەی مێژوویی وەک بەردی بناغەی دیسیپلینی کۆمەڵایەتی زانراوە.

• دادگا ڕوونی کردەوە بەو پێیەی کە هیچ جیاوازییەک لە نێوان پەیوەندیی دوو ڕەگەزی بەرانبەر و پەیوەندیی نێوان دوو هاوڕەگەز بە پێی ئەم یاسایانە بوونی نییە، بێبەشکردنی کاپڵە هاوڕەگەزەکان لە مافی هاوسەرگیری دژی برگەی ڕێوڕەسمی یاسایی چاکسازیی چواردەهەمە.

• دادگا هەروەها ڕایگەیاند کە ڕێگری لە هاوسەرگیری هاوڕەگەزان دەبێتە هۆی دژایەتی هاوڕەگەزان لەگەڵ کۆمەڵگا؛ ئەوان لە خاڵە بێژمارەکانی هاوسەرگیری بێبەش دەکا و بە بێ هیچ هۆکارێکی بێپاساو، دەبێتە هۆی ناسەقامگیری لە پەیوەندییەکانی ئەوان.

دادگا بە ڕاشکاوی نووسی کە هیچ پەیوەندییەک قووڵتر لە هاوسەرگیری نییە؛ چوونکە هاوسەرگیری ئایدیالەکانی عەشق، وەفاداری، ملکەجێتی،

گیانفیدایی و بنەماڵەی لە خۆدا هەڵگرتووە. لە پەیوەندی ژن و مێردیدا، دوو کەس دەبنە شتێکی گەورەتر لەوەی کە هەر کامیان پێشتر بوون. وەک هەندێ لە داواکاران لەم دۆسییانەدا ئاماژەیان پێ کردووە، هاوسەرگیری هەڵگری عەشقێکە کە تەنانەت لەوانەیە پاش مەرگیش بمێنێتەوە. وتنی ئەوەی کە ژنان و پیاوان بێڕێزی بە ئایدیالی هاوسەرگیری دەکەن، گەمژەییە. ئەوان هەوڵی کەرامەتێکی یەکسان لە ڕوانگەی یاسان. سەرەی دوور و درێژی دۆسییەکان پیشاندەری گرینگایەتی پێکەوەبوونی دوو کەس لە پەیوەندییەکی عاشقانەی هەرمانە کە بۆ ئەوان بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی دوو لایەنەی تێدایە. ئەم بڕیارە دادگاییانە خاڵی ئەو پەڕی کاری یاسایی بێبڕانەوە، گۆڕانکارییەکی بێوێنە بوو لە سیستەمی یاسایی وڵات و خێرایی گۆڕان لە هاوسەرگیری هاوڕەگەزخوازان هەم لە ناو بیر و بۆچوونی گشتی و هەمیش لە دادگاکاندا. بێگومان ئەم ڕێژەی دۆسییانە دەتوانێ هەر هەموو باسەکانی سەبارەت بە بزووتنەوەی هاوسەرگیری یەکسان فڕێ بدات و وڵامێکی کووتێنەر بێ بۆ دژبەرانی یەکسانی. ئەم بابەتە سەرکەوتنێکی پڕاوپڕە بۆ جڤاکی ناهاوسانان و بە یاساداڕێژان دەڵێ بە چاوپۆشین لە هۆگری سێکسی مرۆڤەکان، یاسا بۆ هەمووان یەکسانە.

کۆمەڵگا تا دێ بەرەو کەماڵ و گووران دەچێ و کەسانی ناهاوسان بە نائەخلاقی، مەترسیدار، نەخۆش یان خراپتر نابینێت. شیکاری یاسای بنەڕەتیش بەرەو کەماڵ و گووران دەچێ و وەک دەبێ ببێ وڵامی گووڕانی کۆمەڵایەتی و کەلتووریی ئێمە دەداتەوە. بۆچوونەکان لە گۆڕاندان. لە وڵاتی ئەمریکا ڕاپرسییە گشتییەکان ئەوەیان دەرخست کە زۆربەی ئەمریکییەکان

پاڵپشتی لە مافی هاوسەرگیری هاوڕەگەزخوازان دەکەن و ئەم پاڵپشتییە تەنانەت لە ناو ئەو گرووپانەی کە لە ڕابردوودا بەرهەڵستکار بوون، وەکوو مەسیحییە ئینجیلییەکان، تا دێت زیاتر دەبێت.[1]

سەرەڕای ئەمە، خۆڕاگرییەکی زۆریش لە کاتی واژۆکردنی یاسای بەرگری لە هاوسەرگیری (**DOMA**) لە لایەن سەرۆک کۆماری پێشووی ئەمریکا، بیڵ کلینتۆن، لە 21ی دێسەمبەری ساڵی 1996 بەدی کرا.[2] ئەم یاسایە بە زۆرینەی دەنگ لە سەنای ئەمریکا و لە پەرلەمانی نوێنەران پەسەند کرا (بە ڕیز بە دەنگی 48 ـ 14 و 342 - 67).[3] ئەم یاسایە هاوسەرگیری لە ئاستی فێدراڵی نێوان ژنێک و پیاوێک پێناسە دەکا و هاوسەرگیری یاسایی دوو هاوڕەگەز لە ژێر کاریگەری یاسای ویلایەتی و سوودمەندبوون لە سوودەکانی هاوسەرگیری بە گوێرەی یاساکانی فێدراڵ قەدەغە دەکات. **DOM**کاپڵە هاوڕەگەزەکانی لە سوودەکانی یاسای باجی فێدراڵ، مووچەی سەربازانی دێرین، خانە نشینی، خاڵە پزیشکییەکان و دابینکردنی کۆمەڵایەتی و مافی کۆچبەری بێبەش کرد.[4]

بڕیاری زۆرینەی دادگای باڵا لە مانگی جوونی ساڵی 2015 لە Obergefell v. Hodges بە شێوەی کردەیی بڕگەی سەرەتایی یاسای بەرگری

1. Ari Ezra Waldman A Legal Analysis of the Supreme Court's Historic. Towleroadwww.towleroad.com/2015/06/obergefell-v-hodges

2. Donovan, J.M., 1996. DOMA: An Unconstitutional Establishment of Fundamentalist Christianity. Mich. J. Gender & L., 4, p.335.

3. Barr, Bob. "No Defending the Defence of Marriage Act." Los Angeles Times (January 5, 2009): http://articles. latimes.com/2009/Jan/05/opinion/oe-barr5

4. Barr, Bob. "No Defending the Defence of Marriage Act." Los Angeles Times (January 5, 2009): http://articles. latimes.com/2009/Jan/05/opinion/oe-barr5

لە هاوسەرگیری، کە دەڵێ هاوسەرگیری لە نێوان پیاوێک و ژنێکە، دەباتە ژێر پرسیار.[1] ئەم بڕیارە بووە هـۆی کرانـەوەی نیشـتمانی لـە بـواری بـە فـەرمی ناسـینی مافـەکانی هاوسـەرگیری کاپڵـە هاوڕەگـەزەکان لـە ویلایەتـە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.[2]

لەگەڵ ئەوەی وڵاتانی دیکە یاساگەلێک بـۆ قەدەغـەی هاوڕەگـەزخوازی دادەبەزێنن، بەریتانیا شایەتی هێور بوونـەوەی بارودۆخەکـەی لـە دانیشـتنی بەڕێوەبەران، پۆلی خوێنـدن و ئێسـتا لـە پەرلەمانـە. لـە مـاوەی دوو دەیـەی ڕابردوو، وڵاتان لە ڕێگـەی دەنگـدان، یاسـادانان و دەسـتێوەردانی یاسـایی، هاوسەرگیری هاوڕەگەزخوازانیان یان قەدەغە کردووە یان یاسایی.

بەم حاڵەوە، پرسەکە دیسان خرایە ڕوو. سەرەڕای ئـەم بڕیـارە گرینگانـە، ملکەجێتی بۆ باوەڕی ئـایینی و ڕوانگـەی نـەرێنی بەرانبـەر بـە ناهاوسـانان هێشتاش پاڵنەری داپەڕی زۆرینەی خەڵکە.[3] لە دێسەمبەری ساڵی 2017، دانیشتنی دادگای دووکانی **Masterpiece Cake** لە بەردەم کۆمیسیۆنی مافە مەدەنییەکانی کلۆڕادۆ لە لایەن دادگـای بـاڵای ئـەمریکـاوە سـاز کـرا. ئـەم دۆسییە گەورەترین دۆسـییەی ئازادییـە ئایینییـەکان بـوو کـە تێیـدا خـاوەنی مەسیحی نانپێژییەک لە کلۆڕادۆ لە ساڵی 2012 بە هۆی باوەڕی ئایینییـەوە ئامادە نەبوو کەیکی بووکێنی کاپڵێکی هاوڕەگـەزخواز چـێ بکـات. جـەک

1. Yoshimo, Kenji. "A New Birth of Freedom?: Obergefell v. Hodges." Harv. L. Rev. 129 (2015): 147.
2. Murrey, Melissa. Obergefell.V HHodges and Nonmarriage Inequality. 2016
3. https://www.christianitytoday.com/news/2017/december/supreme-court-masterpiece-cakeshop-christiansgay-weddings.html. Accessed December 22, 2017.

فیلیپس، خاوەن دووکان لە لیکۆڤوود، بە ئەدەبەوە ئامادە نەبوو کەیکی بووکێنی بۆ چارڵز کرێگ و دەیڤید ماڵینز چێ بکا کە بڕیار وا بوو لە ماساچۆست هاوسەرگیری بکەن و ئینجا میوانییەکە لە ماڵی ڤێلایی خۆیان لە کلۆڕادۆ بەڕێوە ببەن. ئەوان سکاڵایان بردە لای کۆمیسیۆنی مافە مەدەنییەکان.[1] کلۆڕادۆ لەو ویلایەتانەیە وا یاسای پشتیوانی لە هاوسەرگیری ناهاوسانانی هەیە.

ئەگەرچی پێشنیارنامەی **(amicus brief)** چل و یەک لاپەڕەیی ئامادە کراو لە وەزارەتی دادی دەوڵەتی ترامپ پشتیوانی لە خۆبواردنی جەک فیلیپس بە پێی ئازادی ڕادەربڕین دەکا، کۆمیسیۆنی مافە مەدەنییەکان جەخت دەکاتەوە کە ملنەدانی ئەو بۆ چێکردنی کەیکی بووکێنی یاسای دژە هەڵاواردنی ئەم ویلایەتە پێشێل دەکا و دەڵێ پیشە گشتییەکان نابێ لە پێدانی خزمەتگوزاری بە کڕیارەکان بە هۆی نەتەوە، ئایین، ڕەگەز یان هۆگری سێکسی خۆ ببوێرن. دادگا داوای لە فیلپس کرد بە ڕەچاوکردنی یەکسانی، بۆ کاپڵە هاوڕەگەزەکانیش کەیکی بووکێنی چێ بکات.

دۆسییەی کلۆڕادۆ ڕەنگە یەکێک لە دۆسییە گۆڵمەزییەکانی دادگا لە پاییزی ساڵی 2017 بوو. دادگای باڵا دەیتوانی بڕیار بدا کە ئایا خاوەن پیشەکان بۆیان هەیە بە پێی ڕوانگەی ئایینی خۆیان لە خزمەت گەیاندن بە کاپڵە لزباین و گەیەگان خۆ ببوێرن یان نا. بە شێوەی پەنگراو ئەم بڕیارە

1. Colorado Court Rules Against Baker Who Refused to Serve Same ...www.nytimes.com/2015/08/14/us/colorado-court

دەیتوانی لێخـۆش‌بـوونی ئـایینی لـە یاسـاکانی مافـە مەدەنییـەکان بـێ کـە هەڵواردن لە دژی گرووپەکانی دیکە بە ڕێگە پێدراو دەزانێ و لـە ئەنجامـدا کاریگەری قووڵی لە سەر ویلایەتەکانی وەکوو کلۆڕادۆ دادەنا کە هـەڵواردن بە پێی هۆگری سێکسی بە قەدەغە دەزانێت.

# بەشی 3 : دەلالەتە دەروونییەکانی هۆگری سێکسی

**بابەتەکان:**

- ئامــاژە دەروونییــەکانی هــۆگری سێکســی لــە ژیــانی کۆمەڵایەتی مێرمنداڵان
- ناهاوسانی و بنەماڵە
- ناهاوسانی و ئازاری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان
- شــیکردنەوەی سەرچەشــنەکانی نــانۆرمێتی دەروونــی و ئایینی
- سەرچەشنەکانی تێکچوویی دەروونی و ناهاوسانان
- منداڵبازی

## ئامـاژە دەروونییـەکانی هـۆگری سێکسـی لـە ژیـانی کۆمەڵایـەتی مێرمنداڵان

مێرمنداڵی (لە تەمەنی 13 هەتا 19 ساڵان) قۆناغی تێپەڕین لـە منداڵییـەوە بۆ گەورە ساڵییە کە هەندێ جار دەتوانێ قۆناغی مەترسیگری زیاتر، لادان و دۆزینەوە بێت. ئەم قۆناغە تێپەڕینی لەگەڵ پرسە پەیوەستەکانی سەربەخۆیی و شووناس‌دۆزییە و مێرمنداڵان تووشی بژاردەگەلێکی دژوار لـە بابەتـەکانی وەک مادەی هۆشبەر، کحـۆل و هـۆگری سێکسـی دەبنـەوە. لـەم تەمەنـەدا، گرووپی هاوتەمەنەکان، هۆگری ڕۆمانسی و ڕەواڵـەتی کەسـەکان دوو قـات گرینگتر دەبێت و بە گشتی گەنجانی ناهاوسانیش زۆرێـک لـە قۆناغـەکانی گەشەکردن هاوشێوەی هاوتەمەنانی دیترەگەزخوازی خۆیان تێپـەڕ دەکـەن. مێرمنداڵی قۆناغێکە کـە بـە پێناسـەی شووناسـی تاکایـەتی دەناسـرێتەوە و هۆگری سێکسی تاک لە نێوان ناوەڕاستەکانی قۆناغی منداڵی و سـەرەتاکانی مێرمنداڵی بە بێ هیچ ئەزموونێکی سێکسی پێشوویی دەردەکەوێت.

بـۆ زۆرێـک لـە لاوانـی ناهاوسـان، مێرمنـداڵی دەتـوانێ قۆنـاغێکی جەهەنەمی بێت؛ چوونکە ئەوان ڕاکێشانی سێکسی و سۆزداری خۆیـان بـۆ کەسانی هاوڕەگەزی خۆیان بۆ دەردەکەوێ کـە زۆر جـار هەسـتکردن بـە

شەرمیان تێدا دەبزوێنێت. لە ڕاستیدا شەرم و لووتبەرزی کۆمەڵە سۆزێکی بەهێزن کە لە ڕووی مێژووییەوە لەگەڵ شووناسە ڕەگەزییە ناهاوئاهەنگەکاندا لە پەیوەندیدان.[1] بۆ هەندێ کەس شەرم ڕاستی یەکەم و هەرمانی شووناسیانە.[2] مانت (2000) دەڵێ بۆ «کەسی هاوڕەگەزخواز» وشیاریی زیاتر لە هۆگری بۆ هاوڕەگەز، هەستی کەوتنە پەراوێز دروست دەکات.[3] لەم حاڵەتەدا، لەوانەیە تاک لە هەستی خۆی شەرمزار بێ یان شەرم بە هەستی لووتبەرزی بگۆڕێتەوە. ئەم خاوەن تیۆرییانە پێشنیار دەکەن کە شووناسی ناهاوسانان، هەر چەندەش بیچمیان گرتبێت، دیسانیش لە ڕێگەی دووانەی شەرم / لووتبەرزی دروست دەبێت. مەخابن ناسینی شووناسی ناهاوسان خۆی لەم قۆناغە خەسارهەڵگرەدا دەتوانێ لێکەوتەی مەترسیداری بۆ سەر تەندروستیی جەستە و دەروونیان هەبێت.

بۆ گەنجانی ناهاوسان کە لە هەوڵدان، لەگەڵ ئەوەی کە سەفەر بەرەو گەورە ساڵی ئاڵۆزتر و نامتمانەتر دەبێت، ڕێگەی پەسەند کرانیش چەتوونتر دەبێت. لەو ڕووەوەی کە هاوڕەگەزخوازدژیی لەگەڵ سزا و هێرش لە ئاستی تاکایەتیدا ڕوو دەدات، ئەم بابەتە دەبێتە هۆی ئەوەی کە گەنجانی ناهاوسان دەمامکی درۆزنانەی دیترڕەگەزخوازی لە خۆیان بدەن؛ چوونکە ناونیتکەی

1. شەف، تی. جی. (1994) Emotions and identity: a theory of ethnic nationalis. تیۆری کۆمەڵایەتی و سیاسەتی شووناسی (ئاکسفۆرد: بێلکۆل). ل 277-313

2. پایێل، ئێس. و تریفت، ئێن. جی. Mapping the subject: geographies of cultural transformation .1995 چاپخانەی دەروونناسی.

3. مانت، ئێس. ئار (2000). Shame/pride dichotomies in Queer as Folk پڕۆڤەی دەقیی، 14-46،531

نائاسایی، چەپەڵ و قێزەون لە هۆگری سێکسی و ڕەگەزیێتیان دراوە، زۆر جار هاوڕەگەزخوازدژی دەبێتە هۆی ئەوەی گەنجان هەستی بێزاری لە خۆیان بـە ئەزموون بکەن و ڕەنگە ئاستی متمانە بە خۆبوونیان کەم بێت. ئەم سۆزانە لـە جێـی خۆیانـدا پرۆسـەی خۆڕووخێنـەری لـە هەڵسـووکەوتگەلی وەکـوو خواردنەوەی کحۆل، بـە کارهێنـانی مـادەی هۆشـبەر، کـردەوەی سیکسـی نەپارێزراو و زیان بە خۆ گەیاندنیان لێ دەکەوێتەوە.[1]

ئەم قۆناغە خەسارهەڵگرە لـە ژیـانی ناهاوسـانان زۆر جـار تێکـەڵ بـەم ڕاستییە دەبـێ کـە زۆرێـک لـە گـەنجان لـە لایـەن بنەماڵـە یـان ڕێکخـراوە کۆمەڵایەتییەکانەوە پشتیوانییەکی ئەوتۆیان لێ ناکرێت. ئەو گەنجانـەی کـە هۆگری بۆ هاوڕەگەزی خۆیان بە ئـەزموون دەکـەن، بـە شـێوەیەکی ڕوو لـە هەڵکشان بە هۆی شووناسی ناهاوسانییانەوە هەست بـە نـاڕاحەتی دەکـەن. تاوتوێکردنی پرسـی هاوڕەگـەزخوازان لـە مێرمنداڵانـدا ئـاڵۆزترە.[2] بەڵگـە زانستییەکان ئەوە پیشان دەدەن کە ئەگـەری سـەرهەڵدانی خـەمۆکی، بیـر و خەیاڵی خۆکوژی و تەنانـەت دەسـتدانە خۆکـوژی لـەو مێرمنداڵانـەی کـە هۆگرییان بۆ هاوڕەگەزی خۆیان هەیە، لەگەڵ کەسانی هاوڕەگەز پەیوەنـدی سێکسی یان ڕۆمانسییان بووە یـان خۆیـان بـە ناهاوسـان دەزانـن، لـە چـاو

---

1. سالیوان و ڤودارسکی. (2002 Social alienation in gay youth بڵاڤۆکی ڕفتاری مرۆیی لە ژینگەی کۆمەڵایەتی. 5 (1).. 17-1، ل 4

2. گۆڤاری ئاریکاریی منداڵان و مێرمنداڵان. ئاگێستی ساڵی 2007، بەرگی 24، ژمارەی 4، ل369 – 383، جەیمز ئێی. کیتز، 2007، Identity in Crisis: Spirituality and Homosexuality in Adolescents

مێرمنداڵانی دیترڕەگەزخواز زیاترە.

ئەگەری قوربانیبوونی گەنجانی ناهاوسانی ئەورۆ لە جیهانی ڕۆژئاوادا زیاترە؛ چوونکە زیاتر لە بەر چاون. لە بەرامبەردا، لە زۆربەی وڵاتانی ڕوو لە گەشە یان جیهانی نارۆژئاوا، گەنجانی ناهاوسان نابینرێن. ئەگەرچی نەبینران دەتوانێ بە واتای قوربانی بوونی کەمتر بێ، بەڵام بە واتای ڕزگاربوون لە فاکتەرەکانی زەخت نییە. ئەندامانی گرووپی ناو و نیتکە لە سەری نەبینراو دەبێ «بە وردی هەموو هەڵسووکەوتەکان لێک بدەنەوە و بزانن کە پەیوەندییەکان لە سەر بنەمایەکی ساختەچییانە دادەڕێژرێن کە لەوانەیە هەر کات بدرکێنرێت.»[1] بە تاراندنی شاراوە لە لایەن بنەماڵە و کۆمەڵگا ئاستی دڵەڕاوکێی ئەمان زێدەتر دەبێت. خزمەتگوزاریی پرۆفیشناڵ و کۆمەڵایەتی سنووردار بۆ یارمەتیدان بە گەنجانی ناهاوسان لە وڵاتانی ڕوو لە گەشە بوونی هەیە. دڵەڕاوکێی ڕاو نران و دەمامک لێدان لە سەر شووناسی ڕەگەزیی زۆر جار دەتوانێ زیان بە تەندروستی جەستەیی و دەروونی کەسەکە بگەیێنێت.

---

1. ڕایم، سی و فاتێرمەن، دی (1998). Lesbian and gay youth: Care and counselling نیۆیۆرک: چاپخانەی زانکۆی کلۆمبیا. ل 20.

## ناهاوسانان و بنەماڵە

بۆ زۆرێک لە گەنجانی ناهاوسـان پەیوەنـدی لەگـەڵ بنەماڵـە ئازاربەخشـە. کاردانەوە سەرەتاییەکانی دایک و باوک بۆ درکاندنی شووناسـی ناهاوسـانان زۆر جار خراپ و هەندێ جاریش تێکەڵ بـە دەرکـردن لـە ماڵـە. کـە واتـە، مێرمنداڵانی گەی لە بەر دەم تەنیایی، دەرکران، خـەمۆکی و خۆکووژیـدان.[1] ئەگەرچی ڕەنگە پەیوەندی بنەماڵەیی دارِشتەی سەرەکیی گەشەی مێرمنـداڵ بێـت، توێژینـەوەی کـەم لـە سـەر دەوری پەیوەندییـەکانی دایـک و بـاوکی مێرمنداڵ ئەنجام دراوە. دەقێک کە لە سەر پەیوەندی بنەماڵەیی مێرمنداڵان و گـەنجانی تـرەنس فوکووسـی کردبێـت، بـوونی نییـە. دایـک و باوکـەکان زانیارییەکی کەمیان لە مەڕ هۆگری سێکسی و شووناسی ڕەگەزێتی منـداڵ و مێرمنداڵەکانیان هەیە. بەو پێیەی کـە ڕەنگـە پشـتیوانی بنەماڵـە کاریگـەری سەرەکی لە سەر متمانە بە خۆبوونی مێرمنداڵان دابنـێ و بـە ڕەچـاو گرتنـی دەوری گرینگی دایک و باوک لە چاک ژیانـەوەوی مێرمنـداڵان، جێـی واق وڕمانە کە گرینگییـەکی ئـەوتۆ بـە منداڵپـەروەری تایبـەت بـە مێرمنـداڵانی ناهاوسان نەدراوە.

سەرەڕای هەموو ئەمانە، قبووڵکردنی هۆگریی سێکسـیی ناهاوئاهـەنگی مێرمنـداڵانی ناهاوسـان بـۆ بنەماڵـە هـەر وا ئاسـان نییـە. لـە زۆرێـک لـە

---

1. یارگارفرێد، ئێم.، مینهۆڵد - برێگمان، ئێم. ئێی. و هۆ، ئار،
Family rejection, social isolation, and loneliness as .0262 predictors of negative health outcomes (depression, suicidal ideation, and sexual risk behavior) among
گۆڤاری گەنجانی ناهاوسان، 11 (4). ل 347 - 363.

کەلتوورەکان، هاوڕەگەزخوازی دەتوانێ ببێتە هۆی شەرمەزاری کەسەکە خۆی و کۆی ئەندامانی بنەماڵەکەی و ئاسەواری نەخوازراوی بۆ هەموو ئەندامانی بنەماڵە و هاوڕێیان لێ بکەوێتەوە. بۆ وێنە، کەس و کاری ئافرەتی کەسی ناهاوسان بە هۆی نەبوونی خوازبێنی دڵخوازی خۆیان ناتوانن شوو بکەن، خزمە نێرینەکانیان لە سەر ئیشی خۆیان دەردەکرێن و پێگەی کۆمەڵایەتی کۆی بنەماڵە دەچێتە ژێر پرسیار.[1] لە ئەنجامدا، لە زۆرێک لە ناوچە و دەڤەرەکانی خۆرهەڵاتی ناڤین لە ناو ئەندامانی بنەماڵەکانی هاوڕەگەزخوازدا بۆ وەدەستهێنانەوەی کەرامەتی بنەماڵە قەتڵی نامووسی ڕوو دەدات.[2]

کۆی ناسینەکان ئەوە پیشان دەدا کە پشتیوانی بنەماڵە و پشتیوانی ئایین یارمەتی بەرزبوونەوەی ئاستی متمانە بە خۆبوون دەدات و نەبوونی وەها پشتیوانیگەلێک دابەزینی متمانە بە خۆبوونی لێ دەکەوێتەوە. کاتێک منداڵان هۆگری سێکسی خۆیان ئاشکرا دەکەن، دایک و باوکەکان بڕوایان پێ ناکەن و پێیان وایە ئەوان خەریکی تێپەڕین لە قۆناغێکن یان گەی بوونیان بە هۆی کاریگەرییە دەرەکییەکانە. هەندێ لە گەنجانی گەی هاوکات لە لایەن بنەماڵەوە پەیامی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ وەردەگرن کە پیشاندەری

---

1. جیمنز. مارینا. Gay Jordanian Now ‘Gloriously Free’ in Canada
مانگی مەی ساڵی 2004
2. بیلگهان ئۆزتورک، ئێم.، 2011.
Sexual orientation discrimination: Exploring the experiences of lesbian, gay and bisexual employees in Turkey. .
پەیوەندییە مرۆییەکان، 64 (8)، ل 1099. 1118

بێبایەخ بوونیانە. بۆ وێنـە، دایـک و باوکـەکان زۆر جـار هـەر لـە هـەڕەتی منداڵییــەوە جیاوازییــەکانی منداڵــە گەیەکــەیان بــۆ دەردەکــەوێ، لــە ڕووی ســۆزدارییەوە خۆیــان لــەو جیــا دەکەنــەوە. کاتێــک پرســی هاوئاهــەنگی نارەگــەزێتی دێتــە گــۆڕەوە، ئــەم جیابوونــەوە تــۆختر دەبێــت. ڕاپــۆرتی ئــەو توێژەرانەی کە کاردانەوەی بنەماڵەیان بەرامبـەر بـە منداڵـە ناهاوسـانەکەیان لێک داوەتەوە، ئەوە پیشان دەدا کـە قبـووڵکردن و ڕەت کردنـەوەی دایـک و باوک دوو چێکراوی جیاوازن؛ کـە واتـە هـەر دوو کـردەوەی قبـووڵکردن و ڕەتکردنەوە دەتوانن لە ڕەوتی سازگاربوونی بنەماڵەکان پاش زانینی شووناسی ناهاوسانی منداڵەکەیان ڕوو بدەن. داکۆکی لە سـەرکردن یـان قبـووڵکردنی مێرمنداڵە ناهاوسانەکان یارمەتی سـازگاری ئـەرێنی، متمانـە بـە خۆبـوونی زیــاتر، پشــتیوانیی کۆمەڵایــەتی زیــاتر، تەندروســتی گشــتی زێــدەتر و کەمتربوونەوەی مەترسییەکانی سەر تەندروستی دەروونـی، هەڵسـووکەوتی سێکی مەترسیدار، بیری خۆکوژی و بە کارهێنانی مادەی هۆشبەر دەدات.

بە لاوازبوونی پەیوەندی لەگەڵ دایک و بـاوک، ناهاوسـان زۆر جـار لـە کۆمەڵگا دوور دەکەوێتەوە یان دەست دەداتە کردەوەی مەترسـیداری وەکـوو خۆڕووخێنی لە ڕێگەی خراپ بە کارهێنانی مادەی هۆشبەر؛ چوونکـە پێـی وایە بە ئەنجامدانی ئەم کارانە هاوکاری پرۆسەی درکاندنی شووناسی خـۆی دەکا و لە پەرۆشی یان خەمۆکییەک کە بـە هـۆی شـاردنەوەی شووناسـیەتی کەم دەکاتەوە. هەتا ساڵی 1982 گریمانەی ئەوە دەکرا کە هاوڕەگـەزخوازان بــۆ دامرکانــدنی ئــێش و ئــازاری هەســتی "جیــاوازبوون و تــەنیایی" بــۆ

کەمکردنەوەی «شەرمی سێکسی» کە بە هۆی هاوڕەگەزخوازدژیی چەسپاوە و بـۆ هێـور کردنـەوەی ئیسترێسـی ڕکابـەری لـە سـەر هـاوڕێی سێکسـی خۆشدیمەن مادەی هۆشبەر بە کار دەبەن. توێژەران لە لێکۆڵینەویەکـدا[1] بـە کارهێنانی مادەی هۆشبەریان لە ناو گەنجانی ناهاوسان تاوتوێ کرد و لێیـان پرسین کە ئایا کاردانەوەیـەکی کـە لـە لایـەن ئەنـدامانی بنەماڵـە، ڕاهێنـەر، مامۆستا، پزیشکان، دراوسێ و هاوڕێکانیان بەرامبەر بە ناهاوسـان بوونیـان نوێنـدراوە لـە جـۆری قبـووڵ کـردن، ئاسـایی یـان دەرکـران بـووە. ئـەو کاردانەوانەی کە بە دەرکران شی دەکرانەوە، دەیانتوانی بە کارهێنـانی مـادەی هۆشبەریش پێشبینی بکەن. هەڵبـەت کاردانـەوەی قبـووڵکردن بـە شـێوەی ڕاستەوخۆ نەدەبووە هۆی کەمبوونەوەی بە کارهێنانی مادەی هۆشبەر، بـەڵام ڕێگری لە پەیوەندیی نێوان دەرکران و بە کارهێنانی مـادەی هۆشـبەر دەکـرد. لێکۆڵینەوەیەکی دیکە[2] لەم ماوەی دواییدا پەیوەندی نێوان دەرکران لە لایـەن بنەماڵە لە هەڕەتی مێرمنداڵی و تەندروستی مێرمنداڵانی ناهاوسانی تاوتوێ کردووە و پەیوەندییەکی دیاریکراوی لە نێوان دەرکـران لـە لایـەن بنەماڵـە لـە تافی مێرمنداڵی و بە کارهێنانی مادەی هۆشبەر، هەستی خەمۆکی، دەستدانە خۆکوژی و مەترسی تەندروستی سێسکی لە ناو گەنجانی ناهاوسانی پیشان

---

1. ڕزاریۆ، ئێم.، شریمشاو، ئیی و هانتێر، جێی.
2009 Disclosure of sexual orientation and subsequent. .substance use and abuse among lesbian, gay, and bisexual youths: critical role of disclosure reactions
دەروونناسی ڕفتاری گیرۆدەی مادەی هۆشبەر، 23 (١)، ل 1175

2. ڕایان، کیتلین و هۆینێر،دەیڤید و ئێم دیاز، ڕافایێل و خۆرخە سانچێز، جی.
Family Rejection as a .)2119 Predictor of Negative Health Outcomes in White and Latino Lesbian, Gay, and Bisexual Young Adults.

داوە.

هیچ سەیر نییە کە کەسی هاوڕەگەزخواز لە ڕووبەڕوو بوونـەوەی لەگـەڵ ئەم وێنـەی دەرەکییـە لـە خـۆی، ئـەم بێزارییـە بـە دەروونـی بکاتـەوە و بـە قبووڵکردنی شووناسی خۆی، پێگەیاندنی متمانە بـە خۆبـوون و دەربڕینـی هۆگری سێکسی لەودا چەتوون ببێت. زۆر توێژینەوە ئەوە پیشـان دەدەن کـە گەنجانی ناهاوسان ڕێژەیەکی زۆر لە پەرۆشـی سـۆزداری تـاقی دەکەنـەوە. نزیکـەی 65 لـە سـەدی هـەموو ئـەو هاوڕەگەزخوازانـەی کـە هـەڵوەدای چارەسەرن وەک هۆکارێک ئاماژە بە خەمۆکی دەکەن کە زۆر جار بەرهـەمی سازگاربوون لەگەڵ هاوڕەگەزخوازی خۆیانە و لە کۆی ئەم ڕێژە، 50 لە سەد لە نێوان تەمەنەکانی 18 بۆ 21 ساڵان چارەسەر دەست پێ دەکەن.[1] ئەوە لە کاتێکدایە کە توێژینەوەکان ئەوە پیشان دەدەن گەنجانی ناهاوسـان لـە چـاو دیترڕەگەزخوازان و ئـەو گەنجانـەی کـە تـڕەنس نـین لـە ڕووی پەرۆشـی و نیگەرانی سۆزدارییەوە زیاتر ئازار دەبینن. هۆکارەکانی ئـەم خەسـارهەڵگری زۆر لێک نەدراوەتەوە یان بە ڕوونی باس ناکرێـت. زۆر تۆژینـەوە پشـتیوانی لەم تیۆرییە دەکەن کە ئەزموونی نەرێنی بە هۆی ناو و نیتکەی ناهاوسانی بـە پەرۆشییەکی درێژخایەن کۆتایی پێ دێ کە دەبێتە هۆی پەرۆشی سـۆزداری لـــە نـــاو گەورەســـاڵان و مێرمنـــداڵانی ناهاوســـان و ئـــەم بابەتـــە دەوری ئاسانکەرەوەی هەڵسوکەوتی خراپی لەگەڵ ناهاوسان لە سەرهەڵدانی وەهـا

---

1. دایمۆند ـ فرێدمەن، کاساندرا.
A multivariant model of alcoholism specific to gay-lesbian populations
وەرزنامەی چارەسەری گیرۆدە بوون بە کحۆل 7.2 (1990): 117 : 111

پێشــهاتگەلێک پیشــان دەدات.[1] لەوانەیــە مێرمنــداڵانی ناهاوســان وەک قوربانییەک بۆ تابشتهێنان لە هەمبەر پشــتیوانیی کۆمەڵایــەتی و ســەرچاوەی کەمتر سوودمەند بن یان ئەزموونی ئەوان وەک قوربانییەکی زێــدەتر بێــت.[2] توێژینــەوەکانی ئــەم دواییانــەی ئەمریکــا و نیوزیلەنــد لــە ســەر حەشــیمەتە گەورەکان ئەوە پیشان دەدا کە ڕێژەی دەستدانە خۆکــوژی لــە نــاو گــەنجانی مێرمنداڵ زیاترە: لانیکەم چوار قاتی هاوتایــانی دیترەگــەزخواز.[3] نزیکــەی حەوت لە سەدی وڵامدەران ڕوونیان کردبۆوە کە لە بەر ئەوەی کەسێک پێــی وا بووە ئەمان گەی، لزباین یان دووڕەگــەزخوازن، ڕووبــەڕووی جیاکــاری و هەڵاواردن بوونەتەوە. لە کاتی ئەم توێژینەوەدا جیاوازییەکی زۆر لــە ڕێــژەی هەڵاواردن بە پێی تەمــەن، نەتــەوە یــان ڕەگــەز بــەدی نــەکرا. پــەرە ســەندنی خەسارەت خۆی بە شێوەی تایبەت لە نــاو ناهاوســانانی پیــاودا زیــاتر بــوو. گەنجانی ناهاوسانیش بە شێوەی دیاریکراو لە چاو دیترەگــەزخوازان زیــاتر دەرکەوتەکانی خەمۆکیان پێوە دیار بوو.

ئەو کێشانەی کە هەندێ لە گەنجانی ناهاوسان لە پرۆسەی گەیشــتن بــە قۆناغی گەورەساڵی ڕووبەڕووی دەبنەوە، بەم شێوەیە، ئەگەرچی بەم حاڵەتانە

1. بۆنتێمپۆ، دی، داگڵی ئار. Effects of at-school victimization and sexual orientation on lesbian, gay, or bisexual. youths' health risk behavior. گۆڤاری تەدروستی مێرمنداڵی، 2002، 364. 374

2. دانبێر ئێی. Race, gender, and sexual orientation in hate crime victimization: Identity politics or identity risk? Violence and Victims. 2006;21:323 – 337. [PubMed]

3. باگلی سی، ترەمبلی پی. Suicidal behaviors in homosexual and bisexual males. Crisis. 1997;18:24–34.[PubMed]

کۆتاییان پێ نایەت: لانەوازی، زەخت لێ‌کردن لـە قوتابخانـە، دەرکـران لـە بنەماڵە و کێشەی دۆزینەوەی شوێنێکی ئـارام بـۆ سـازکردنی پەیوەندییـەکی پاڵپشتانە. داتا وەدەست هاتووەکانی ئەندازە گرتنی هەڵسووکەوتی پڕمەترسی گەنجانی واشنینگتۆن دی.سی (YRBS) ئەوەی پیشان داوە کـە ڕێـژەی 40 لە سەدی ئەو گەنجانەی کە لە کەمینەی هۆگری سێکسی بـوون باسـیان لـە هەستکردن بە خەم و خەفەت یان داماوی لە ماوەی دوو حەفتـەی بـەر لـە توێژینەوە کرد، ئەوە لە کاتێکدایە کە ئەم ڕێژە لە ناو گەنجانی دیترەگەزخواز 26 لە سەد بوو. ئەم داتایانە لە هەمان کاتدا ئـەوە دەخەنـە ڕوو کـە ئەگـەری بیرکردنەوە لە خۆکوژی لە مـاوەی یـەک سـاڵی ڕابـردوو لـە نـاو گـەنجانی ناهاوسان دوو قاتی دیترەگەزخواز بووە (31 لـە سـەد لـە هەمبـەر 14 لـە سەد)؛ ڕەنگـە لـە بـەر ئەوەیـە کـە ئـەم گەنجانـە ڕووبـەڕووی ئـەو هۆکـارە دڵەڕاوکێ‌دارانە دەبنەوە کە پەیوەندییان هەیە بە شووناسی ناو و نیتکە لێدراو.

مێرمنداڵانی ناهاوسان لەو ژینگـە کۆمەڵایەتییانـە دەژیـن کـە لەوانەیـە تێیانـدا بکەونـە بـەر ئـەزموونی خراپـی وەکـوو تارانـدنی کۆمەڵایـەتی و گۆشـەگیری، پشـتیوانیی کۆمەڵایـەتیی لاواز، هـەڵاواردن و هەڵسـووکەوتی نەشیاوی فیزیایی و بێژەیی.[1] ژینگەی قوتابخانە زۆر جار دەبێتە شوێنێک بـۆ توندوتیژی بە هۆی هۆگری سێکسـی (SOV)؛ ئـەم دێـڕە لـە لایـەن داگڵـی

1. لامباردی ئێڵ، ویلچێنز ڕا، و پڕیسینگ دێی، مولوف دێی. Gender violence: transgender experiences with violence and discrimination. گۆڤاری هۆمۆسێکس 2001;42(1):89 – 101

دروست بوو.[1]

ئەم پرسە زۆر زوو دەست پێ دەکات. لە کۆتایی قۆناغی سەرەتایی، گەنجانی ناهاوسان ئەم پەیامە وەردەگرن کە دیترەگەزخواز سرووشتی و دروستە و هاورەگەزخواز ناسرووشتی و هەڵەیە. ناهاوئاهەنگی لەگەڵ کلیشە ڕەگەزێتییەکان بەتایبەت بۆ کوڕان جێی قبووڵ کران نییە. بۆ ئەو گەنجانەی کە خۆیان بە ناهاوسان دەزانن، جووڵە بەرەو تافی مێرمنداڵی لەگەڵ هەڵکشانی ڕێژەی هۆرمۆنەکانە، کە بەشی سرووشتی پێگەیشتنی ڕەگەزییە، زۆر جار ئەمە بەو واتایەیە کە چوونە ناو قۆناغی پێگەیشتن تێکەڵ بە توندوتیژییە؛ چوونکە لەگەڵ نۆرمە ڕەگەزێتییەکان یەک ناگرێتەوە.

هەڵسووکەوتی خراپ دژ بە گەنجانی ناهاوسان زۆر جار لە شێوەی ئازاردان، توندوتیژی و هێرشدا خۆی دەنوێنێت. توێژینەوەکان ئەوە پیشان دەدا کە قوتابیانی ناهاوسان پتر لە بیست جار لە درێژەی ڕۆژدا بە شێوەی ناو و نیتکەی ناشیرین دەکەونە بەر پەلاماری بەدهەڵسووکەوتی بێژەیی و لەبزی. دەقەکانی بەردەست ئەوە دەخەنە ڕوو کە ڕەواڵەتی کەسەکە هۆکاری یەکەمی ئازار و چەرمەسەری ئەوە.[2] هۆکاری باوی دووهەم هۆگری سێکسی یان شووناسی ڕەگەزێتی ڕاستەقینە یان گریمانەیی کەسەکەیە.

---

1. داگلی ئار، گراسمەن ئاهـ، ستارکس، ئێم تی. Childhood gender atypicality, victimization, and PTSD among lesbian, gay, and bisexual youth. گۆڤاری توندوتیژی نێوان کەسیی. [PubMed] .2006;21(11):1462 – 1482.

2. برەنس، ئێس، فرایسێن، ئێی و کلینگ، جێی. 2014 Appearance-related cyberbullying: A qualitative investigation of characteristics, content, reasons, and effects

لێکۆڵینەوەیەک کە لە لایەن یەکەی ڕاهێنانی تەندروستی قوتابخانەکان بۆ گرووپی شەڕی ستۆن واڵ ئەنجام درا، ئەوەی پیشان دا کە نزیکەی دوو لە سەر سێی قوتابیانی هاوڕەگەزخواز لە قوتابخانەکانی بەریتانیا ئازار و چەرمەسەری دەبینن.[1] هۆشداری گەورەی دیکە بەرهەمی توێژینەوەیەک بوو کە وێنەیەکی تۆقێنەری لە ڕێژەی توندوتیژی هاوڕەگەزخوازدژانە پیشان دەدا کە کار بە دەستانی قوتابخانە و دیکەی قوتابیان بە کاریان دەهێنا. دەتوانین بڵێین هەر هەموو ناهاوسانانی ئەو قوتابخانە ئازاری لەبزییان تاقی کردبووەوە؛ 41 لە سەدیان هێرشی فیزیایی کرا بووە سەریان و 17 لە سەدیان وتبوویان هەڕەشەی مەرگیان لێ کراوە. تەنانەت ئەگەر کەسانی ناهاوسان بە شێوەی ڕاستەوخۆ توندوتیژی تاقی نەکەنەوە، هێشتا لە ژینگەیەکدان کە زمان و بۆچوونی هاوڕەگەزخوازدژانەی تێدا باوە.

## ناهاوسانان و ئازاری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

ڕێکخراوەی GLSEN تێگەیشتووە کە گەنجانی ناهاوسان بە گشتی لە چاو گەنجانی دیکە کاتێکی زیاتر تەرخانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن. ئەوان ڕوو دەکەنە دۆستایەتی ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە مەڕ هۆگری سێکسی، تەندروستی و پرسگەلی وەک ئایدز (HIV) ئەنتەرنێت بە کار دەبەن. ئەگەری بەشداری نواندن لە چالاکییە سیاسییەکان لە ناو گەنجانی ناهاوسان دوو قاتە؛ بەڵام ئەم کارەش بە شێوەی ئۆنلاین

1 . http://news.bbc.co.uk/2/hi/uk_news/education/6239098.stm.

ئەنجام دەدرێت. لەو ڕووەوەی کە گەنجانی ناهاوسان کاتێکی زێدەتر لە ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بە سەر دەبەن، ئەگەری زیاترە کە توندوتیژی ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تاقی بکەنەوە.[1] ئازاری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەو هێرشانە دەوترێ کە بریتییە لە بڵاوکردنەوەی ئەلیکترۆنی وێنەی سووککەرانە، بڵاوکردنەوەی زانیاریی نهێنی یان ساختە و هەموو جۆرەکانی ئازاردانی ئۆنلاین. ئەم چەشنە ئازارانە بە کارهێنانی ئەنتەرنێت و دیکەی تەکنەلۆژیا پەیوەندیدارەکان بە مەبەستی زیان گەیاندن بە کەسانی دیکە بە شێوەی بە ئەنقەستانە، پەیتا پەیتا و دوژمنکارانە لە خۆ دەگرێت. ئازاری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕێگە بە ئازاردەران دەدا کە بێناو بمێننەوە.

بەو پێیەی تەکنەلۆژیا بەشی دانەبڕاوی ژیانی ڕۆژانەی ئێمەیە و زیاتر لە بەر دەستە، ڕێگە بە جڤاکی ناهاوسانان دەدا بۆ ئەوەی لە سەر ئاستی جیهانیی پەیوەندیی لەگەڵ یەکتر ساز بکەن و وێنەیەکی ئەرێنیتر لە پرسەکانی ناهاوسانان بۆ جیهان بخەنە ڕوو. لە لایەکی تریشەوە، ئەم مەڵبەندی دیجیتاڵە بۆتە شوێنێکی دیکە بۆ پیشاندانی بێزاری لە گەنجانی ناهاوسان. دەربڕینی بێزاری دژ بە گرووپە کەمینەکان لە کۆمەڵگای ئۆنلاین جیدیترە تا لە کۆمەڵگای ئۆفلاین.[2]

ئازاری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە توندوتیژی و ملهوڕی لە خۆ دەگرێ،

---

1. nobullying.com/lgbt-bullying-statistics

2. گلیسێر.، دیکسیت، ئێس.، و گرین. دێی. پی (2002). Studying hate crime with the Internet: What makes racists advocate racial violence. گۆڤاری پرسە کۆمەڵایەتییەکان، 58، 177. 193.

ئاستی متمانە بە خۆ بوون دادەبـەزێنێ و لـە سـەر تەندروسـتی دەروونیـی و شێوازی ژیانی کەسەکە کاریگەری دادەنێت. ئەندازە گرتنێـک لـە ویلایـەتی ئایوا لە سەر 444 گەنج پیشانی دا کە لە کۆی هـەر دوو گـەنج، یـەکیان بـە هۆی شووناسی ڕەگەزیی خۆیەوە ئازاری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی بە ئەزموون کردووەتەوە.[1] پتر لە نیوەی ئەم گەنجانە ئامادە نین لای دایک و باوکیـان ئـەم ئازارانــە بــدرکێنن؛ چوونکــە لەوانەیــە دایــک و باوکیــان ڕادەی دەســت پێڕاگەیشتنی ئەوان بە تۆڕە ئۆنلاینەکان سنووردار بکەنەوە. لـە حاڵێکـدا ئـەم تۆڕانە "ڕێگەی پەیوەندی ئەوان لەگەڵ دنیای دەرەوەیە".

هەروەها 40 لە سەدی وڵامدەران دەڵێن دایک و باوکیان باوەڕ بە ئـازاری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ناکەن، 55 لە سەدیان ڕایانگەیاند کە دایک و باوکیـان بۆ وەستاندنی ئەم هەڵسووکەوتانە هیچ کارێک ناکەن و 57 لە سەدیان دەڵێن پێیان وا نییە بەرپرسانی قوتابخانە هیچیان لە دەست بێت. لـە هـەمان کاتـدا 45 لە سەدی کەسەکان خەمۆکی خۆیانیان لە دوای ئازاردانیانەوە ڕاگەیانـد، 38 لە سەدیان هەستیان بە شەرمەزاری کردووە و 28 لە سەد تەنیا بـە هـۆی چوونە قوتابخانە تووشی دڵەڕاوکێ بوون. و لە کۆی هەر چوار کەس یـەکیان ئاماژەی بە بیری خۆکوژی کردووە. ئەندازە گرتنێکی دیکە ئـەوە دەخاتـە ڕوو کە لە ساڵی ڕابردوودا ئەو مێرمنداڵانەی کە خۆیان بە ناهاوسان زانیـوە، 52 لە سەد دەرفەتی بە ئەزموونکردنی توندوتیژییان بووە؛ لە حاڵێکدا ئـەم ڕێـژە لە ناو هاوتەمەنانی دیترەگەزخوازیان 38 لە سەد بوو.

---

1. www.cnet.com/news/cyberbullying-hits-lgbt-youth

دیارە ئەگەری بە ئەزموونکردنی توندوتیژی لـە ڕێگـەی بـە کارهێنـانی ئەنتەرنێت لـە سـەرەتاکانی تـافی منـداڵی، لـە قۆنـاغی ئامـادەیی و لـە نـاو ناهاوسانان یان ئەو کەسانەی خۆیان سـەر بـە کەمینـەی سێکسـی دەزانـن، زیاترە. قوتابخانەکان بـە شـێوەی پـەنگراو وەک مەترسـیدارترین شـوێن بـۆ مێرمنـــداڵانی ناهاوســـان دێنـــە هـــەژمار، دەبـــێ هەڵســـووکەوتی هاوڕەگەزخوازدژانـە لـە هـەموو ئاسـتەکاندا بخەنـە ململانێـوە بـۆ ئـەوەی تێگەیشـتنێکی جیـاواز لـە شـێوازی ژیـان و هـۆگری سێکسـی بگوازنـەوە. هاریکاری سیاسەتدانەران، خاوەنپیشەکان و ڕێکخراوە فێرکارییەکان لەگەڵ گەنجان لە پێناو خەبات لە دژی نایەکسـانیی ڕەگـەزی و بـە چالنجکێشـانی هەڵاواردن لە هەموو تەمەنەکاندا، پێویستیی دەستێوەردانی دژی توندوتیژییە کە هەڵبەت نابێ تەنیا لە قوتابخانەکاندا سنووردار بکرێتەوە.

## شرۆڤەی ئایین و سەرچەشنەکانی تێکچوونی باری دەروونی

### ئایین

ئایین لایەنێکی دیکە بە زەختەکان زیـاد دەکـا و لـە دژی پەسـند کرانـی کۆمەڵایـــەتی هاوڕەگـــەزخوازی و هاوســـەرگیری هاوڕەگـــەزان هەمیشـــە فاکتەرێکی گرینگە. ئـەوەی جـۆری هـۆگری سێکسـی دیـاری دەکـا تـەنیا هۆگرییەکی پەتی بۆ کەسێک نییە، بەڵکوو تێگەیشـتنی هەڵـە لـە ئایینـە کـە هەمیشە لە ژێر کاریگەریی سـەرچاوەی بـەهێزی ئـایینی / کۆمەڵایەتیدایـە. دەبـێ سـەرنج بـدەین کـە ئەگـەرچی پابەندێتییـە ئایینییـەکانی بنەماڵـە پەیوەندییەکی زۆری لەگەڵ قبووڵ کرانی هەیە، پەیوەندییـەکی ڕاسـتەوخۆی

لەگەڵ پشتیوانی کۆمەڵایەتی لە ناهاوسانانی مێرمنداڵ هەیە.

لە درێژایی مێژوو و لە هەموو شوێنە جیاجیاکاندا، ڕوانگەکان بۆ پەیوەندی ئایین و جۆرە جیاوازەکانی هۆگری سێکسی جیاواز بووە. ڕوانگەی پەیوەندیدار بە هاوڕەگەزخوازی نە تەنیا لە ڕێگەی باوەڕی ئایینی تاکایەتی بەڵکوو لە پەیوەندیی ئەم باوەڕانە لەگەڵ داڕشتەی نیشتمانیی ئایینی باڵادەست (تەنانەت لە ناو کەسانێ کە کەمتر ئایینپەروەرن یان شوێنکەوتەی داڕشتەی ئایینزای باڵادەست نین) دیاری دەکرێت. ئامۆژە ئایینییەکانی ئەوڕۆ لە ئایینە سەرەکییەکانی جیهان ئاراستەی جۆراوجۆریان سەبارەت بە ناهاوسانی هەیە.

لە ئایینی ئیسلام، تەنیا یەک خودا واتە خودایەکی تاقانە (اللّە) بوونی هەیە و موحەمەد (د.خ) پێغەمبەریەتی.[1] ئیسلام دووهەمین ئایینی گەورەی جیهان و ڕوو لە هەڵکشانترین ئایینی گەورە لە جیهانە کە پتر لە یەک ملیارد و 800 ملیۆن شوێنکەوتوو لە خۆ دەگرێ کە 24.1 لە سەدی کۆی حەشیمەتی جیهان پێک دێنێ و پێیان دەوترێ موسڵمان. موسڵمانان لە 49 وڵاتی جیهان زۆرینەی کۆی حەشیمەت پێک دێنن.[2] هەموو قوتابخانە گەورە ئیسلامییەکان هاوڕەگەزخوازی ڕەت دەکەنەوە و هۆگری بۆ هاوڕەگەز

---

1. هۆری. سی. و چیپیندێل، پی. 2007
What is Islam?: A Comprehensive Introduction چاپخانەی .Virgin Books، Limited

2. مائۆز، زێد. و هەندرسۆن، ئێی ئای، 2013.
The world religion dataset, 1945–2010: Logic, estimates, and trends. International Interactions, 39(3

بە سۆسەیەکی ناسرووشتی لە قەڵەم دەدەن. ئـەم پەیوەندییـە سێکسـییە وەک کردەوەیەکی پێچەوانەی ڕۆڵی سرووشـتی و ئامـانجی چـالاکیی سێکسـی بەدی دەکرێت. لە ئایینی جوولەکەدا، تەورات (پێنج کتێبی یەکەمی ئینجیل) دەڵێ: «[پیاو] بۆی نییە لەگەڵ پیاوێکی دیکـە سـەرجێیی بکـا وەک ئـەوەی لەگەڵ ئافرەتێک دەخەوێ، ئەمە سەرشۆڕییە.»

قوتابخانە مەسیحییەکان ڕا و بۆچوونی جیاوازیـان سـەبارەت بـە بابـەتی هاوڕەگـەزخوازی هەیـە، لـە سـەرکۆنەکردنی ڕاسـتەوخۆوە بگـرە تـا دەگاتـە قبووڵکردنی تەواو. زۆربەی قوتابخانە مەسیحییەکان پێشوازی لـەو کەسـانە دەکەن کە هۆگرییـان بـۆ هاوڕەگـەزی خۆیـان هەیـە؛ بـەڵام هێشـتا دەڵـێن کردەوەی سێکسی لەگەڵ هاوڕەگەز گوناحە. کلیسـای کاتۆلیـک، کلیسـای ئۆرتۆدۆکس و لقە سـەرەکییەکانی وەک کلیسـای چاکسـازی لـە ئەمریکـا و کلیسای باپتیستی ئەمریکا هاوڕەگەزخوازی بە تاوان دەزانن.

سێ ئایینی سەرەکی، ئاراستەی جیاوازیان بەرامبەر بـە هاوڕەگـەزخوازی هەیە لە قەدەغەکردنی ئـەم کـردەوە لـە بێـدەنگی هـەتا قەدەغـەی ڕاشـکاو، بەرهەڵسـتی چالاکانـە و لـەبزی و پەسـەندکردنی کۆمەڵایـەتی هاوڕەگەزخوازی هەتا سزای سێدارە لە خۆ دەگرێت.

لەوانەیە باوەڕە ئایینییەکان بۆ هۆگری سێکسی فاکتـەرێکی گرینـگ بـن. توێژینەوەیەک لە ناو ئەو کەسـانەی کـە بـە شـێوەی حەفتانـە یـان زیـاتر لـە ڕێوڕەسمی ئایینی بەشداری دەکەن، پیشانی دا کـە بەرهەڵسـتی نوانـدن لـە دژی پەسەندکرانی کۆمەڵایەتی هاوڕەگەزخوازی لە ناویاندا کەمێک زیـاترە، کاتێک نزیکـەی یـەک لـە سـەر سـێی ئـەو ئەمریکییانـەی کـە پێیـان وایـە

هاوڕەگەزخوازی دەبێ قەدەغە بکرێ ڕووبەڕووی ئـەم پرسـیارە دەبنـەوە کـە بۆچی ئەم تێگەیشتنەیان هەیە، زیاترین هۆکارێک (52%) کە ئاماژەی پـێ کرا ئەوەیە کە هاوڕەگەزخوازی دژی باوەڕی ئایینی و ئـەخلاقی ئەوانـە. ئـەم بابەتە بە هاوکاری داتاکانی دیکەش پیشان دەدرێ کە دەڵێن کەسانی ئـایینی زیاترین هاوڕەگەزخوازدژییان دەربڕیوە.[1]

بەڵام هەندێ لە مەسیحیانی لیبرال پشتیوانی لە هاوڕەگەزخوازی دەکەن. کلیسای مێترۆپلێتین، بە شێوەی تایبـەت، لقێـک لـە مەسـیحییەت بـە 40 هەزار شوێنکەوتووەوە، تەنیا بۆ خزمەتگەیاندن بە کۆمـەڵگای مەسـیحییانی ناهاوسان بنیات نرا و بە ئامێزێکی ئاوەڵاوە خزمەت بە ناهاوسانان دەکـات. لە کۆمەڵگای کلیسای ئینگلیزی، کۆمەڵێ زانای ئایینی هەن کـە ڕاشـکاوانە گەین: جێین ڕابینسۆن و ماری گۆلس پۆل ئۆسقۆفگەلێکی هاوڕەگـەزخوازن لە ئەمریکا و ئێڤا بڕۆن هاوڕەگەزخوازی لە وڵاتی سووییدە.

لە ساڵی 2005 بـەڕێز ڕاب شـناک، ڕێبـەری ناسـراوی پڕۆتسـتان لـە واشـیگنتۆن، بـە گرووپێکـی گـەورەی گـەنجانی وت کـە پێـی وایـە هاوڕەگەزخوازی جۆرێک «بژاردە» نییـە، بـەڵکوو جۆرێـک «هۆگریی»ـە، شـتێک بـە «ڕیشـەی قـووڵ» لـە خەڵکـدا. ئەگـەرچی ئـەو پشـتیوانی لـە دژایەتیکردنی هاوڕەگەزخوازی دەکـرد، ئـەم خاڵەشـی وەبیـر هێنایـەوە کـە

---

1. کەسلێر ئار. سی، میڵکسۆن کێی. دی. ویلیامز دی. ئار. The prevalence, distribution, and mental health correlates of perceived discrimination in the United States. گۆڤاری تەندروستی و ڕفتاری کۆمەڵایەتی [PubMed] .230–208:(3)40;1999

«ئەگەر دەرکەوتنی ئەم بەڵگە زانستییانە حاشاهەڵنەگرە، دەبێ ئامادەی وڵامێکی مێهرەبانانە بین.»

بەڵام بارودۆخەکە لە حاڵی گۆڕاندایە و گۆڕانی سەرچەشنێکی دیاریکراو بەدی دەکرێ کە هاوکاری کەسانی ناهاوسان دەکا لە ئاشتیدا بژین. ڕێژەی ئەو ئایینزایانەی وا پشتیوانی هاوڕەگەزخوازیین هەمیشە لە سەر ئاستی هەموو جیهان ڕوویان لە زیاد بوونە و دنیای پێشکەوتوو خەریکی پەسەندکردنی یاساگەلێک بۆ پشتیوانی لە مافی ناهاوسانانە. کلیسای کاتۆلیکیش بە ڕێبەرایەتی پۆپ فڕانسیس هەندێ گۆڕانکاری لە پەیوەندی لەگەڵ ناهاوسانان بە ئەزموون دەکاتەوە. لە هاوینی ساڵی 2014، پۆپ فڕانسیس وتی: «تەنانەت ئەگەر کەسێک گەی بێ و خولیای خودا و تامەزرۆی ئیشی چاکە، من کێم کە بمهەوێ هەڵیبسەنگێنم؟» ئەم وتە لە سەرتاسەری کلیسای کاتۆلیک و جیهان سەرسامییەکی شەپۆلاسای دروست کرد؛ چوونکە هەڵوێستی ئەو لەگەڵ جێگرەوەی خۆی واتە پۆپ بەندیکتی شانزەهەم جیاواز بوو کە هاوسەرگیری گەیەکانی بە هەڕەشەیەک بۆ سەر ئاشتیی جیهانی دەزانی. ڕادەربڕینی ئەو سەرەتای قۆناغێکی گرینگ بوو کە تێیدا چەندین کاتۆلیکی پلە باڵا بە ئەنگێزە وەرگرتن لە هەڵوێستی کراوەی پۆپ، ڕا و بۆچوونی هاوشێوەیان دەربڕی. لە مانگی مەی، ئۆسقۆفی پلە باڵای ئیتالی وتی کلیسا گوێ بۆ باسی پەیوەست بە هاوسەرگیری هاوڕەگەزان ڕادەگرێت. پاش چەند حەفتە، کاردینالی بڕازیلی، کلادیۆ هامس، وتی نازانێ مەسیح دژایەتی هاوسەرگیری هاوڕەگەزانی دەکرد یان نا. لە سەرەتاکانی مانگی سێپتێمبەر، کاردینالێک لە نیۆیۆرک بە ناوی تیماتی

دالێن بڕیاری کومیتەی ڕۆژی ڕێژەی سێنت پاتریک لـە سـەر ڕێگـەدان بـە گرووپێکی گەی بۆ ڕێژە لە سـاڵی 2015 بـە بـەنێری خۆیـانی پشتڕاسـت کردەوە. بیست و یەک ساڵ پاش ئەوە، کاردینال جۆن ئۆکانێر کە یـەکێک لـە جێگرەوەکانی دالێن بـوو، وتـی: ڕێگـە دان بـە گرووپێکـی گـەی بـۆ ڕێـژە بێ ڕێزی کردن بە بڕوانامەی پێغەمبەرانە.

ڕا و بۆچوونـەکانی ئایینیـەکانی دنیـای مـۆدێرن لەگـەڵ جاڕنامـەی کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤ هاوڕان کـە دەڵـێ سـتانداردە نێودەوڵەتییـەکان پێویستی بە سیاسەتێکی یەکدەستی دەسەڵات بـۆ بنـەبڕکردنی شـێوازەکانە، تەنانەت ئەگەر بەرگریکاران بڵێن شێوازەکان ڕیشەیان لە بـاوەڕ و ڕێوڕەسـمە ئایینییەکاندایە.[1]

## سەرچەشنەکانی کێشەی دەروونی و ناهاوسانان

لـە بنەڕەتـەوە ڕوانینـی مێژوویـی بـۆ هۆگرییـە سێکسـییەکان لـە سـەر هاوڕەگەزخوازی پیاوان چڕ بۆتەوە و پیشـاندەری ئەوەیـە کـە لـە سـەردەم و سەدەکاندا، ڕوانینی کۆمەڵگا بۆ هاوڕەگـەزخوازی ڕوانینێکـی پـڕ هـەوراز و نشێو بووە. تیۆرییە جیاوازەکانی هاوڕەگەزخوازی یان لە ئاراسـتەی ژنێتیکـی سەرچاوەیان گرتووە یان لە شێوازە چێکراوە کۆمەڵایەتییەکان.

گۆڕینی بارودۆخی هاوڕەگەزخوازی لە پۆلێنبەندی کێشە دەروونییـەکان ئەوە بە باشی پیشـان دەدا کـە چـەمکی کێشـەی دەروونـی دەتـوانێ لەگـەڵ

1. لێبووردنی نێودەوڵەتی، 2001. ل 45

گۆڕانی چێکراوە کۆمەڵایەتییەکان و کۆمەڵگا بە خێرایی بگۆڕدرێت. لە ڕوانگەی مێژوییەوە، کۆمەڵگای پزیشکی یەکێک لە بەهێزترین هێزە کۆمەڵایەتییەکانی دژ بە گەیەکان بووە کە لە یەکەمین هەڵوێستی خۆیدا وتوویەتی گەیەکان لە بنەڕەتدا نەخۆشی دەروونین و پێویستیان بە چارەسەرە.

ئاراستە مۆدێرنەکان بۆ هاوڕەگەزخوازی بنیاتی ئایینی، یاسایی و پزیشکیان هەیە. پێدەچێت هەتا بەر لە سەدە ناوەڕاستەکانی مامناوەند، کردەوە هاوڕەگەزخوازانەکان لە لایەن کلیساکانی مەسیحییەت لە سەرتاسەری ئەورووپا یان پشتگوێ دەخران یان سازگارییان لەگەڵ دەکرا؛ بەڵام لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم دژایەتیکردنی هاوڕەگەزخوازان دەستی پێکرد و لە کۆتاییدا پەلی بۆ ڕێکخراوە ئایینی و سکۆلارەکانی سەرتاسەری ئەورووپا هاویشت. ئیدانەکردنی هاوڕەگەزخوازی و دیکەی ئەو هەڵسووکەوتە سێکسییانەی کە بە «ناسرووشتی» دەزانران پەرەی سەند و هەتا ئەوڕۆش درێژەی کێشاوە.

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم، پزیشکی و دەروونپزیشکی زۆر لەگەڵ ئایین و سیستەمی یاسایی بۆ گرتنە دەستی بابەتی هۆگری سێکسی لە ڕکابەریدا بوون. لە ئەنجامدا، گوتاری هاوڕەگەزخوازی لە بواری گوناح و تاوان بەرەو مەڵبەندی خەسارناسی دەروونی پەرەی سەند.[1] ئەم گۆڕانە

1. چاوێنسی، جی. ( 1983/1982). From sexual inversion to homosexuality: Medicine and the changing conceptualization of female deviance. Salmagundi. ژمارە 58. 59، 114. 146

مێژووییە وەک جۆرێک پێشکەوتن سەیر دەکرا؛ چوونکە کەسی نەخۆش لـە چاو گوناحکار یان تاوانبار کەمتر شیاوی سزادانە.

بەڵام تەنانەت لە بواری پزیشـکی و دەروونپزیشکیشـدا ڕا و بۆچـوونی جیـاواز لـە ئـارادا بـوو؛ هـەمووان لـە گۆشـە نیگـای خەسارناسـییەوە لـە هاوڕەگەزخوازییان نەدەڕوانی. یەکێک لە یەکەمین کەسانێک کە بە پێداگری نواندن لە سەر هاوڕەگەزخوازی پیاوان دەقێکی لە مەڕ خەسارناسی سێکسی نووسی ڕیچارد فۆن کراف‌ت ئێبینـگ، دەروونناسـی نەمسـایی و نووسـەری کتێبـی *Psychopathic Sexualise* لـە سـاڵی 1886 بـوو. نـاوبراو هاوڕەگەزخوازی بە نەخۆشییەکی پەرە سێنەر وەسف کـرد. بـەڵام زیگمۆنـد فرۆید و هاولاک ئێلیس هەر دووکیان هەڵوێستێکی وەرگرتریـان هـەبوو. لـە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، ئێلیس وتـی هاوڕەگـەزخوازی زکماکییـە و نـە نائەخلاقی؛ و نەخۆشی نییە و زۆرێک لـە هاوڕەگـەزخوازان لـە کۆمـەڵگادا دەوری بەرچاویان هەبووە.[1]

فرۆیـد لەگـەڵ ئێلـیس هـاوڕا بـوو کـە هاوڕەگـەزخوازی نـابێ وەک خەسارەتێک سەیر بکرێت. لە نامەیەکدا کە ئەوڕۆکە زۆر بە ناوبانگە فرۆیـد لە ساڵی 1935 بۆ دایکێکی ئەمریکی نووسیوە:

بێگومـان، هاوڕەگـەزخوازی خـاڵێکی بـاش نییـە، بـەڵام مایـەی سەرشۆڕیش نییە، گڵاو نییە، سووککەر نییـە و دەتـوانێ وەک نەخۆشـییەک

1. دێمیلیۆ، جێی، فرێدمەن، ئێی. بی. (1998). Intimate matters: A history of sexuality in America نیۆیۆرک تایمز: هارپێر و ڕاف

پۆلێنبەندیی بکرێت. ئێمە ئەوە بە جیاوازی لە کارکردی سێکسی دەزانین کە بە وەستاندنی گەشەی سێکسی ڕوو دەدات. زۆر کەسانی هێژا لە سەردەمی کۆن و نوێدا هاوڕەگەزخواز بوون و لە ناویاندا کەڵە پیاوانی وەک (ئەفلاتوون، مایکڵ ئانژ، لییۆناردۆ داڤینچی و ...) بەدی دەکرێن. سەرکوتکردنی هاوڕەگەزخوازی وەک تاوانێک هەم بێویژدانییەکی گەورەیە و هەمیش توندوتیژی.

سەرەڕای ئەمە، تیۆریی سەرەتایی زیگمۆند فرۆید سەبارەت بە ڕەگەزێتیی مرۆڤ لەگەڵ ڕا و بۆچوونی ئێلیس جیاواز بوو. ئەو پێی وا بوو کە هەموو مرۆڤەکان بە شێوەی سرووشتی دووڕەگەزخوازن و تەنیا بە هۆی ئەزموونەکانی خۆیان لەگەڵ دایک و باوکیان و دیتران، هاوڕەگەزخوازی یان دیترڕەگەزخوازی دەستنیشان دەکەن.

لە ساڵی 1957 توێژینەوەی هۆکێر لە دەرهێنانی هاوڕەگەزخوازی لە پێڕستی کێشە دەروونییەکان لە DSM دەورێکی گرینگی هەبوو. لێکۆڵینەوەکەی ئەو لە چەند ڕووەوە داهێنەرانە بوو. یەکەم، لە بری قبووڵکردنی ڕای زاڵ کە هاوڕەگەزخوازی جۆرێک خەسارەتە، ناوبراو پرسیارێکی خستە ڕوو لە سەر ئەوەی کە ئایا هاوڕەگەزخوازان و دیترڕەگەزخوازان لە سازگارییە دەروونییەکانی خۆیان لەگەڵ یەکتر جیاوازییان هەیە یان نا. دووهەم، لە جیاتی لێکۆڵینەوەی نەخۆشی دەروونی، نموونەیەکی لە پیاوانی هاوڕەگەزخواز دەستنیشان کرد کە کارکردێکی ئاساییان لە کۆمەڵگادا هەبوو. بە وتنێکی دیکە، ئەو پێشەنگی توێژینەوەیەک بوو کە تێیدا گرووپێک لە هاوڕەگەزخوازانی لە گرووپی تاقیکاری و

گرووپێکی لە دیترەگەزخوازانی لە گرووپی کۆنترۆڵدا دانا و بە ڕەچاوکردنی تەمەن، هۆش و ئاستی خوێندن، جۆرەکانی تاقیکاری دەروونناسی لە سەریان ئەنجام دا؛ ئینجا داوای لە گرووپێک لە کارناسانی دەروونناسی کرد بۆ ئەوەی مەزەندەی تەندروستی دەروونی ئەوان بکەن و پێشبینی بکەن کە کێ گەی بوو و کێ دیترەگەزخواز. هیچ جیاوازییەکی مانادار بەدی نەکرا و ئەگەر شتێکیش بینرا، ئەوە بوو کە پیاوانی گەی کارکردێکی باشتریان هەبوو. لە ڕاستیدا، کارناسانی شیکاری دەروونی نەیاندەتوانی جیاوازییەک لە نێوان وڵامە شیکراوەکانی بەشداربووانی ئەم دوو گرووپە بدۆزنەوە کە پیشانی دەدا هیچ جیاوازییەک لە نێوان تەندروستی دەروونی ئەم دوو گرووپە بوونی نییە. ئەگەرچی گۆڕینی ڕوانگە بابەتێکی کاتگیر بوو، ئەم لێکۆڵینەوە بووە هۆی جووڵەیەک لە گوتاری پەیوەست بە چالاکییە سێکسییەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵگای دەروونناسی و زۆر جار وەک خاڵی دەستپێکی تێگەیشتنی ئەورۆیی لە هۆگری سێکسی دەزانرێت.[1]

لە ساڵی 1968 دیسان ڕێنوێنی لێکدانەوەیی و ئاماریی ئەنجومەنی دەروونناسی ئامریکا (DSM-II) لە پۆلێنبەندی کێشە دەروونییەکان، هاورەگەزخوازی وەک کێشەی دەروونی ناوزەد کرد. هەتا سەرەتاکانی دەیەی 70، ئەنجومەنی دەروونناسانی ئەمریکا وەک جۆرێک نەخۆشی لە سەر

1. (2008) هێسۆ - هائۆ چیانگ، هۆوارد. Effecting science, affecting medicine: Homosexuality, the Kinsey reports, and the contested boundaries of psychopathology in the United States, 1948-1965. گۆڤاری مێژووی زانستی ڕفتاریی. 1112/188.11. 44.311

بنەمای چەمکە فرۆیدییەکانی لە وەستانی گەشەی سێکسی کە هۆکاری ژیانێکی بێبەری لە عەشق بوو، پۆلێنبەندی هاوڕەگەزخوازی پاراست. بەم پۆلێنبەندی هاوڕەگەزخوازییە دەڵێن ئەو ـ من ناوەرگر یان شووناسی هاوڕەگەزخوازی نەرێنی کە لەگەڵ هەستی گوناح، شەرم، دڵەڕاوکێ و خەمۆکییە. تەمەنی دەستپێکی ئەم بارودۆخە مێرمنداڵییە و یەکێک لە هۆکارە کاریگەرییەکانی، بوونی ئاراستە دژە کۆمەڵایەتییەکانە.[1]

لە دیسەمبەری ساڵی ١٩٧٣ وەفدێکی بەڕێوەبەریی ئەنجومەنی دەروونناسی ئەمریکا لە ژێر گوشاری دەیان دەیتای ئەزموونگەرانە، نۆرمگەلی کۆمەڵایەتی ڕوو لە گۆڕان و سەرهەڵدانی جڤاتێکی گەی چالاک لە سیاسەتی ئامریکا، کۆتایی بە پۆلێنبەندی هاوڕەگەزخوازی لە ژێر ناوی نەخۆشی دەروونی هێنا و لە DSM دەری هێنا. ئەنجومەنی دەروونناسی ئەمریکا داوای لە هەموو ئەندامان کرد بە مەبەستی دەنگدان بەم بابەتە لە کۆڕبەندا بەشداری بنوێنن. پێنج هەزار و 854 دەروونناس دەنگیان بە سڕینەوەی هاوڕەگەزخوازی لە DSM دا. ئەوە لە حاڵێکدایە کە 3 هەزار و 810 کەس خوازیاری ڕاگرتنی بوون. بەم چەشنە، ئەم ئەنجومەنە هاوڕەگەزخوازی لە DSM سڕییەوە و کردی بە بەدیلی «کێشەی هۆگری سێکسی» بۆ ئەو کەسانەی «کە لەگەڵ هۆگری سێکسی خۆیان لێکدژن». سڕینەوەی تەواوی هاوڕەگەزخوازی لە DSM هەتا ساڵی 1987 درێژەی

1. نانگسێر، ئێڵ. جێی. (1983). Homosexual acts, actors, and identities نیۆیۆرک: Praeger

کێشا.[1] لە ساڵی 1992، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بە بڵاو کردنەوەی ICD - 10 هاوڕەگەزخوازی لە پۆلێنبەندی ICD دەرهێنا؛ ئەگەرچی ICD - 10 هێشتاش «چێکراوی هۆگری سێکسی ئەو ـ منوەرنەگر»ـی لەگەڵە. لەم هەلومەرجەدا، تاک سەبارەت بە پێباشتری سێکسی خۆی هیچ گومانێکی نییە بەڵام «پێی خۆشە ئەم هۆگرییە بە هۆی ئەو کێشە کردەیی و دەروونییانەی کە لێی دەبێتەوە، جیاواز بوایە.»[2]

ئاژەڵناس و تاکسۆنۆمیستی ناودار ئاڵفرێد سی.کینسی و هۆکێری هاوکاری دەستیان کرد بە گواستنەوەی توێژینەوەی ئەزموونی وەک بنیاتێک بۆ زانستی ئەوڕۆیی لە مەڕ هۆگرییە سێکسییەکان کە دیترانیش بە کاریان هێنا بۆ ئەوەی کۆدی ئەفسانەی هاوڕەگەزخوازی وەک نەخۆشییەکی دەروونی بکەنەوە.[3]

کینسی لە لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا سەبارەت بە هەڵسووکەوتی سێکسی گەورەساڵانی ئەمریکی پیشانی دا کە ژمارەیەکی بەرچاو لە بەشداربووان لە لێکۆڵینەوەکەی ئەودا پاش تەمەنی 16 ساڵان هەڵسووکەوتی سێکسی هاوڕەگەزخوازییان هەتا ئۆرگاسم بە ئەزموون کردووە.[4] هەروەها کینسی و

---

1 . نیل بێرتۆن، سێمتێمبێر، 18، 2015. Hide and Seek, When Homosexuality Stopped Being a Mental Disorder

2. نیل بێرتۆن، سێپتێمبەر، Hide and Seek, When Homosexuality Stopped Being a Mental Disorder .2015, 18

3. مۆندیمۆر، ئێف. ئێم. (2010). A natural history of homosexuality . چاپخانەی JHU

4. کینسی، ئێی. سی.، پۆمرۆی، دابلیۆ. بی و مارتین سی. ئێی. (1948). Sexual behaviour in the human male.

هاوکارەکانی ڕوونیان کردەوە کە 10 لە سەدی پیاوانی گرووپی نموونـە و 2 بۆ 6 لە سەدی ژنان (بە پێی دۆخی هاوسەردار بوونیان) کەم تا کورتێـک لـە هەڵاووکەوتی خۆیاندا لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوو و لـە نێـوان 16 بـۆ 55 ساڵان بە تەنیا هاوڕەگەزخواز بوون. ئەنجامە ئەزموونییەکانی کینسـی بـوون بـە یارمەتیـدەری بزووتنەوەیـەک کـە هاوڕەگـەزخوازی لـە پێڕسـتی کێشـە دەروونییەکان پاک کردەوە.

لە ماوەی چەندین سـاڵ مشـتومڕ و وتـووێژ سـەبارەت بـەوەی کـە ئایـا هاوڕەگەزخوازی نەخۆشـییەکی دەروونییـە یـان نـا، بـە پێـی دەسـتێوەردانی دەروونناسانە یان مەعنەوییانە جۆرە جیاوازەکانی «چارەسەر» دەرکەوتن کـە تێدەکۆشان هۆگری سێکسی تاک بگۆڕن، تەنانەت لە نەبوونی هەر چەشـنە بەڵگەی زانستی بەڵگـەدار بـە پێـی ئـەوەی کـە هـۆگری سێکسـی دەتـوانێ کۆنترۆڵ بکرێ یان بگۆڕدرێت.

لــە دەیــەکانی 50 و 60، هەنــدێ لــە پزیشــکان بــۆ «چارەســەر»ی هاوڕەگەزخوازانی پیاو گۆڕیندەرمانییان بە کار دەهێنـا. ئـەم چارەسـەرە بـەم شێوە بوو کە بە پیشاندانی وێنەی پیاوانی ڕووت و قووت بە نەخۆشـەکان لـە کاتێکدا کە شۆکی ئەلیکتریکی یان دەرمانیان پێدەدان، کـارێکی دەکـرد بـۆ ئەوەی نـەخۆش بڕشـێتەوە. کاتێـک بارودۆخەکـە لـە ڕادەی تابشـتی ئـەوان دەچووە دەر، وێنەی ژنانی ڕووت و قووتیان پـێ نیشـان دەدان یـان ئـەوانیان لەگەڵ نەخۆشەوانێکی گەنج دەنارد بۆ «جێژوانـی عاشـقانە». ڕێکخـراوەی سەرەکی پشتیوانانی بیچمە سکۆلارەکانی ئەم چارەسـەرە NARTHــە کـە

زۆر جار هاوکاری گرووپە ئایینییەکان دەکات. ئەم ڕێکخراوە لەو باوەڕەدایە کە دەتوانێ لە ڕێگەی گۆڕیندرەمانی هاوڕەگەزخوازی «شیفا بدا» یان «چارەسەری بکات». دیارە ئەم شێوازە زۆر توندوتیژ و سووککەرانە هیچ سوودێکی نەبوو.

شێوازێکی دیکە کە بۆ هاوڕەگەزخوازی بە کار دەهێنرا، چارەسەری قەرەبووکردنەوە بوو. ئەم چەشنە چارەسەرە تێدەکۆشا مۆجیزە ئاسایانە هاوڕەگەزخواز بکا بە دیترڕەگەزخواز. بە گوێرەی ڕەخنەیەک (1998) کە دێرشێر نووسیویەتی، پزیشکانی قەرەبوویی ئەوڕۆکە ئیلهام لە ڕاوێژکاری قەشەکان وەردەگرن و وازیان لە شیکاری دەروونی نالاگیرانە هێناوە.

چارەسەری قەرەبووکردنەوە بە پێی هاوئاهەنگی لەگەڵ نۆرمە نەریتییەکان و ئایدیالسازی دیترڕەگەزخوازییە. پشتیوانانی ئەم قوتابخانە هزرییە بە مەبەستی پشتیوانی لە چاکسازی دژی گەی شایەتنامەگەلێکیان ئامادە کرد بوو و لەو بڕوایەدا بوون کە سەردانکەرانی هاوڕەگەزخوازیان دەبێ دەر بکرێن بۆ ئەوەی هاوڕەگەزخوازبوونیان چارەسەر ببێت.[1]

سەرەڕای دەرهێنانی هاوڕەگەزخوازی لە ڕیزی نەخۆشییەکان (ئەم بابەتە لە سەرتاسەری جیهان خەریکە بەدی دێت) هەندێ لە دەروونپزیشکان هەمیشە وەک جۆرێ نەخۆشی ڕووبەڕووی ئەم پرسە دەبنەوە.

زۆر جار بۆ گۆڕینی سەپێنراو بۆ دیترڕەگەزخوازی کەڵک لە

1. دۆرکین، ئێس. ئێچ.، TITLE LGBT Identity, Violence, and Social Justice: The Psychological Is Political.

خزمەتگوزارییە پزیشکییەکان وەردەگیرێت. ئەم دەستێوەردانە پزیشکییانە بریتییە لە ڕاگرتن لە ناوەندەکانەوە تا دەگاتە بێزاریدەرمانی و چارەسەری کیمیایی.[1] زانستی پزیشکی کۆنیش بۆ گۆڕینی هۆگری سێکسی بە کار دەهێنرێت. نەجم ئابادی بەم شێوە ڕوونی دەکاتەوە: «بە بۆچوونی بەرپرسانی پزیشکی و یاسایی، نەشتەرگەری گۆڕینی ڕەگەز، چارەسەرێک بۆ نانۆرمێتی نەخۆشئاسایە و هەندێ جار ئەم نەشتەرگەرییە بژاردەیەکی قبوولکراوی یاسایی و ئایینی بۆ دیترڕەگەزخوازکردنی ئەوانە پێشنیار دەکرێ وا هۆگرییان بۆ هاوڕەگەز هەیە.»[2]

ئەو بوارەی کە دەتوانین ئەم مەسەلەی تێدا بەدی بکەین سوپایە. خزمەتی سەربازی زۆر دەرگایان بەرەو ڕووی پیاوانی ئێرانی بە تایبەت بە بوونی کارتی کۆتایی سەربازی دەکاتەوە. لەگەڵ کۆتایی هاتنی ماوەی سەربازی، پیاوان کارتێک وەردەگرن کە زۆر خاڵی لە ڕووی داواکردنی پاسپۆرت، کڕین و فرۆشتنی فەرمی کاڵا، بەشداری نواندن لە چالاکی بەشی دەوڵەتی و دامەزرانی دەوڵەتیان بۆ دەستەبەر دەکات. لە ساڵی 2010 نووسینگەی خەسارەتە کۆمەڵایەتییەکانی ڕێکخراوەی چاکژیانەوە (بێهزیستی) وڵامی لۆبیگەری و ئەکتیڤایەتی ستراتیژی ئەو کەسانەی داوە

1. ئێسۆنسۆن، تی. کێی.، 2004. 2004. A Bioethical Analysis of Sexual Reorientation Interventions: The Ethics of Conversion Therapy. چاپخانەی یۆنیرێقساڵ.

2. نەجم ئابادی، ئەلف. (2011) Verdicts of science, rulings of faith: Transgender/sexuality in contemporary Iran. توێژینەوەی کۆمەڵایەتی. 78(2)، 1. 24

کە خۆیان بە لاوە ترەنس بـوو و لـە پۆلێنبەنـدیی هۆکـاری لێخۆشـبوون لـە سەربازی بڕگـەی «کێشـە دەروونییەکان»ـــی خسـتە جێـی بڕگـەی «کێشـە گرێییەکان».[1]

لە سەر ئاسـتی تیـۆریی، ئـەم کـارە دەبێتـە هـۆی کەمبوونـەوەی ئاسـتی هەڵاواردن لە دژی ئەو پیـاوە ترەنسـانەی کـە هـەوڵدەدان دۆزینـەوەی هـەلی کارن؛ چوونکە ئەم لێخۆشبوونە کە لە سەر کارتەکانیان تۆمـار دەکـرێ، لـە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە قبـووڵکراوترە؛ بـەڵام پیـاوانی گـەی هەمیشـە بابـەتی بڕگەی «کێشە دەروونی»ـیەکانن کە ئەوان لە ڕیـزی «لادەرانـی ئـەخلاقی و سێکسی» جێ دەکاتەوە. بۆ ئەوان، ئـەم کارتـە بـە نـاو و وشـەگەلی وەکـوو «لادانی سێکسی»، «کێشەی هەڵسووکەوتی» یـان «لێخۆشـبوونی سـوور» مۆر کراوە کە ناو و نیتکەگەلێکن کە بە شێوەی کردەیی هەلی دامەزراندن لـە کەسەکە زەوت دەکەن.

هەنـدێ لـە دەروونناسـان و دەروونپزیشـکان هەمیشـە ڕای تایبـەتی و نەرێنیان بەرامبەر بە هاوڕەگەزخوازی هەیە. بەڵام بەڵگە ئـەزموونی و نۆرمـە پرۆفیشناڵەکان داکۆکی لـە سـەر ئـەم ئادیایـە ناکـەن کـە هاوڕەگـەزخوازی جۆرێک نەخۆشـی دەروونییـە یـان لـە ڕووی سرووشـتییەوە پەیوەنـدیی بـە خەسارەتی دەروونییەوە هەیە. لە ڕاستیدا، بە ئاوڕدانەوە لە دڵەڕاوکێی بە هۆی ناونیتکەی سێکسی و دەمارگرژی، سەیرە ئەگەر هەندێکیان تووشی کێشـەی

1. چاودێری مافەکانی مرۆڤ (2010). “We are a buried generation”: Discrimination and violence against sexual minorities in Iran

دەروونیی نەبنەوە.

## منداڵبازی

زۆر جار کۆمەڵگا بە شێوەی گشتی و بە تەواوەتی بە هەڵە وا تێدەگا کە پەیوەندییەک لە نێوان هاوڕەگەزخوازی و منداڵبازییدا هەیە و پاساو بۆ ئەو هەڵاواردن و توندوتیژییە دێنێتەوە وا دژ بە ناهاوسانان دەسەپێنرێت. واتای منداڵبازی لە ویژەی ڕۆژهەڵات و ئێراندا دەتوانێ لە ڕووی وشەناسییەوە لەگەڵ پێدۆفیلیا جیاوازی هەبێت، کە لە درێژەدا ئاماژەی پێدەکەین. ئەندامانی جڤاکی ناهاوسانان زۆر جار بە شێوەی کلیشەیی وەک مەترسییەک بۆ سەر زۆرینەی خەسارهەڵگری کۆمەڵگا واتە منداڵان سەیر دەکرێن. هەندێ کەس دەترسن لەوەی کە منداڵەکانی خۆیان لەگەڵ کەسێکی هاوڕەگەزخواز لە شوێنێکی بێچاودێر بە تەنیا بە جێ بێڵن؛ چوونکە پێیان وایە لەوانەیە ئازار بە منداڵەکان بگا، دەستدرێژی بکرێتە سەریان یان بۆ هاوڕەگەزخوازی لە خشتە ببرێن.

وەک پێشتریش وترا، هۆگری سێکسی نە نەخۆشی دەروونییە و نە لە ڕووی سرووشتییەوە پەیوەندی بە کێشەیەکی دەروونیی هەیە. ئەنجومەنی دەروونناسانی ئەمریکا لە ساڵی 1968 منداڵبازی لە DSM دەرهێناوە. بەڵام لە جووڵەیەکدا بەرەو ناونیتکەسڕینەوە لە منداڵبازی، لە نموونەی بە ڕۆژکراوی DSM لە نێوان ئەو منداڵبازانەی کە هۆگری سێکسییان بۆ منداڵان هەیە و ئەو کەسانەی کە وڵامی ئەم چەشنە هۆگرییانە دەدەنەوە، جیاوازی داناوە. لەم نموونە نوێیەدا، گرووپی یەکەم پێیان خۆشە لەگەڵ منداڵان

پەیوەندی سێکسی ساز بکەن بەڵام خواستی ئەوان بۆ خۆیان و دیتران دڵەڕاوکێ و زیانی لێ ناکەوێتەوە، لە ڕیزبەندی کەسانی خاوەن کێشەی دەروونی جێیان نابێتەوە.

گێرگۆری هێرک کە توێژەری دەروونناسە و لە بواری منداڵبازیدا پلەیەکی باڵای هەیە، منداڵبازی وەک جۆرێک نانۆرمێتی دەروونی / سێکسی پێناسە دەکا کە بە گوێرەی ئەو کەسەکە منداڵانی نابالغ وەک هاوبەشی سێکسی خۆی پێ باشترە و لەوانەیە ئەم پێ باشتر بوونە بباتە بواری جێبەجێکردن یان نەیبات. ناوبراو ئاماژە بەوە دەکا کە لە ڕاستیدا هەموو پێدۆفیلەکان زیان بە منداڵان ناگەیێنن. کەسێکی منداڵباز لەوانەیە هۆگر و ڕاکێشی منداڵان بێت؛ بەڵام هەرگیز پەیوەندی سێکسییان لەگەڵ ساز نەکات. زۆربەی کەسانی منداڵباز هیچکات بۆ گەورە ساڵانی هاوڕەگەزخوازی خۆیان هۆگری سێکسییان نابێت. ئەوان زۆر جار خۆیان پێ هاوڕەگەزخواز نییە؛ زۆربەیان تەنانەت ئەوانەی کە دەستدرێژی دەکەنە سەر منداڵانی هاوڕەگەزی خۆیان، خۆیان بە دیترڕەگەزخواز دەزانن. ئەوەی بۆ ئەوان زۆر بزوێنەرە، تەمەنی کەمە، نەک ڕەگەزێتی. توێژینەوەکان بە ڕوونی پیشانی دەدەن کە زۆربەی منداڵانبازان پیاوانی دیترڕەگەزخوازن.[1]

پەیوەندییەکی جەوهەری لە نێوان هۆگری سێکسی گەورە ساڵێک و خواستی ئەو بۆ خستنە مەترسی دیتران لە ئارادا نییە. بۆ وێنە، هیچ داتایەک لە بەر دەستدا نییە کە پیشانی بدا ئەگەری زۆرە کە کەسانی ناهاوسان لە چاو

1. www.huffingtonpost.com/joe-kort-phd/homosexuality

پیاوان و ژنانی دیترەگەزخواز لە شوێنی کاردا گێچەڵ بە بندەستەکانیان بکەن یان خاوەن تایبەتمەندییەکی دەروونی بن کە نەتوانن ئارەزووی سێکسی خۆیان کۆنترۆڵ بکەن یان دەسەڵاتی خۆیان بۆ مەبەستی خراپ بگۆزنەوە، ڕەچاوی یاسا و ڕێساکان نەکەن، بە شێوەی کاریگەر هەڵسووکەوت لەگەڵ دیتران نەکەن یان لە پێگە جۆراوجۆرەکاندا توانای قەزاوەتی دروستیان نەبێت. هێرک دەنووسێ ئەم وێنایە بەرهەمی بێزاری کۆمەڵگا لە هاوڕەگەزخوازانی پیاو و هەوڵی هەندێ بۆ پیشاندانی پیاوانی گەی وەک مەترسییەک بۆ سەر بنەماڵەیە.[1]

هەر بەم شێوە، دکتۆر کارڵ جێنی و دکتۆر ئێی. دابلیو و ڕیچارد سنایپ و دیتران لە توێژینەوەکانی خۆیاندا هیچ بەڵگەیەکیان نەدۆزیوەتەوە کە پیشانی بدا ڕێژەی ئازاراندنی منداڵان لە لایەن هاوڕەگەزخوازان لە دیترەگەزخوازان زیاترە. سەیر لەوەدایە کە ئانا سی. سالتێر دەنووسێ کاتێک پیاوێک کچۆڵەکان ئازار دەدا، پێی دەڵێین «منداڵباز» و نە «دیترەگەزخواز». هەڵبەت کاتێک پیاوێک ئازاری کوڕانی کەم تەمەن دەدا، خەڵک بە شێوەی ئۆتووماتیک وا وێنا دەکەن کە ئەو هاوڕەگەزخوازە. بە دڵنیاییەوە هەواڵەکانی پەیوەندیدار بە حاڵەتەکانی دەستدرێژی سێکسی لە کلیسای کاتۆلیک ئەم نیگەرانییانەی زیاتر کردووە.

ڕای گشتی لە ناو توێژەران و کەسانی پرۆفیشناڵی چالاک لە بواری

1. هێرک، جێی. ئێم. و مەک لمۆر، کێی، ئێی. 2013. Sexual prejudice. Annual Review of Psychology. 64، ل 309. 333

دەستدرێژی سێکسی منداڵان ئەوەیە کە پیاوانی هاوڕەگەزخواز و دووڕەگەزخواز هەڕەشەیەکی تایبەتی بۆ سەر منداڵان نین. کەسایەتییەکی بەرچاوی دیکە لەم بوارەدا نیکۆلاس گرۆسە. ناوبراو لە توێژینەوەیەکی کاریگەردا لە ساڵی 1982 نووسی:

«ئایا گەورە ساڵانی هاوڕەگەزخواز بە گشتی لە ڕووی سێکسییەوە هۆگرییان بۆ منداڵان هەیە و ئایا منداڵانی نابالغ زیاتر لە بەر دەم مەترسی گەورەتری ئازار لە لایەن گەورەساڵانی هاوڕەگەزخوازن تا گەورە ساڵانی دیترەگەزخواز؟ هیچ هۆیەک نییە کە وا بێت. هەتا ئێستا توێژینەوەکان پیشانیان داوە کە هیچ پەیوەندییەکی مانادار لە نێوان شێوازی ژیانی هاوڕەگەزخوازانە و ئازاری سێکسیدا بوونی نییە. لە ڕووی کردەییەوە هیچ ڕاپۆرتێک لە ئازاردانی سێکسی کچان لە لایەن گەورەساڵانی لزباین یان ئازاردانی کوڕان لە لایەن پیاوانی هاوڕەگەزخوازەوە بوونی نییە.»[1]

هەر لەم پێناوەدا لە ساڵی 1998، دکتۆر نانانیل مەک کناگی سەبارەت بە تێکەڵبوونی هاوڕەگەزخوازی و منداڵبازی هۆشداری دا. ناوبراو وتی: «پیاوێک کە تووشی تاوانێک لە دژی کوڕانی نابالغ یان بالغ دەبێ، لە ڕووی سێکسییەوە هیچ هۆگرییەکی بۆ پیاوانی بەتەمەنتر یان ژنان نییە.»[2] لە کاتێکدا توێژینەوە ئەزموونییەکان پیشان دەدەن کە هۆگری سێکسی

1. نیکۆلاس گراس، ویلیام، ئێف هابسۆن و تامس وئێس. گری مێدکلێی: چاپخانەی زانکۆی کالیفۆرنیا، 2005

2. مەک، کانگی، ئێنم. (1998). Paedophilia: A review of the evidence گۆڤاری نیووزیلەندی و ئوستڕالیایی دەروون دەرمانیی. 32(2)، 252. 265. ل 259

کاریگەری لە سەر ئەگەری دەستدرێژی کردنە سەر منداڵان لـە لایـەن ئـەم کەسـانەوە نییـە،[1] زۆرێـک لـە دیترەگـەزخوازان هێشـتا لایـان وایـە کـە هاوڕەگەزخوازان هۆگری سرووشتییان بۆ منداڵبازی هەیە.

1. هێرک، گریگۆری ئێم. (2000). The Psychology of Sexual Prejudice. 9 (1). 19.
22

# بەشی 4 : هێما دەروونییەکانی هۆگری سێکسی

**بابەتەکان:**

- ناهاوسانی لە وڵاتی ئێران ـ پاژە ونبووەکان
- ئێران بەدەر نییە
- لزباینەکان لە دارشتەی ئیسلامی
- پێشینەی مێژوویی لزباینەکان لە وڵاتی ئێران

ناهاوسانانێک کە شووناسی خۆیان دەردەخەن

- ڕوانگەی یاسایی ئێران بۆ ناهاوسانی
- ڕوانگەی ئایینی ـ ئیسلامی
- پابەند بوون بە یاسا نێونەتەوەییەکان
- ئامار و ژماری لە سێدارەدان لە ئێران
- ناهاوسانانی ئێرانی و پەنابەرێتی

## ناهاوسانی لە وڵاتی ئێران؛ پاژە ونبووەکان

لـــە گۆڕانکارییـــە کۆمەڵا یـــەتی و کەلتوورییـــەکانی ئێرانـــی هاوچەرخـــدا، ناهاوسانان سەرکوت کراون و ئەمـە لـە حاڵێکدایـە کـە ئاراسـتە ژنـدژەکـان دەورێکی سەرەکییان لەم پەراوێز خستنەدا گێـڕاوە. سـەرەڕای زیانبەرکـەوتنی قووڵی چەمکی ژنانە و پیاوانە لە سەردەمی مۆدێڕنسازی و ئیسلامی‌سـازی وڵات، ڕەوتـی ژنانەسـڕینەوەی پانتـای گشـتی و یەکەمایـەتی بەخشـین بـە گووتاری پیاوانە لە هەموو ئەو ڕەوالانـەی کـە نیـازی وزەدان بـە شوونـاسـی ئایدیالی کۆمەڵا یەتی خۆیانیان هـەبوو، پێویسـت بـوو. هاوڕەگـەزخوازانی ئێرانی، هـەم بـە هـۆی هـۆگریی سێکسـی خۆیـان و هـەم لەبـەر هۆگرییـە ڕەگەزێتییە ناهاوئاهەنگـەکانی خۆیـان، لـەم مـاوەی دواییـدا بـە مەبەسـتی دانووستان سەبارەت بە شووناسی کۆمەڵا یەتی نوێیـان و وەدەسـتهێنانی ئـەم شووناسە، ڕویان کردووەتە کەس و کاری خەیاڵی و هاوڕێیەتی پشت دەرگـا داخراوەکان. لەم بەشەی ئەم توێژینەوە، هاوڕەگەزخوازی لە ئێرانـدا تـاوتوێ دەکرێ و لە بارەی هاوڕەگەزخوازان لە ئێران هەندێ خـاڵ ڕوون دەکرێتـەوە. بەشی کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوە لە ڕوانگەی ئایینی و لە چوارچێوەی سیستەمی

یاسایی ئێران و یاسا نێودەوڵەتییەکانی هاوڕەگەزخوازی تاوتوێ دەکات. هەروەها ئەم بەشە ئەم بابەتە ڕوون دەکاتەوە کە لە پرسی پەرە سەندنی ناهاوسانی، ئێران بە هیچ چەشنێک بەدەر نییە. خاتوو مێهرئەنگیز کار لە بەشێک لە بەرهەمەکەی خۆیدا ئەم ئەنجامە دەست دەخا کە «ئەندامانی جڤاکی ناهاوسانان لە ئێران وەک کەسانێ سەیریان دەکرێ کە زۆر بە توندی لە بەها باوە ئایینییەکان یان چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتییەکان دوور کەوتوونەتەوە. چالاکڤانانی مافەکانی ناهاوسانان لە هەوڵی خۆیاندا بۆ چەسپاندنی شووناسیان لە پانتای ئێستای ئێران کۆسپ و تەگەرەی زۆر گەورەیان لە بەر دەمە.» ئەم بەشە بە پێی زانیاری لە بارەی بارودۆخی ئێستا و ڕابردووی ناهاوسانان لە ئێران نووسراوە و پێمان دەڵێ کە مەخابن هەتا ئەو جێی پەیوەستە بە بێبەشبوونی جڤاکی ناهاوسانان لە ژێربنەماکانی بناغەی کۆمەڵگا، ئێران ئاوارتە نییە.

## ئێران ئاوارتە نییە

هاوڕەگەزخوازی هەمیشە وەک جۆرێک لەقەم و ناتۆرە، بابەتێکی کێشەبزوێن بووە و ئەم بابەتە بە هۆی ڕوانگەی هاوڕەگەزخوازدژانەی هەندێ لە ئەندامانی کۆمەڵگایە کە «ڕوانگەیەکی ڕادیکاڵانەیان بەرامبەر بە هۆگری سێکسی، نۆرمە کەلتوورییەکانی پەیوەندیدار بە هۆگری سێکسی و ڕەگەزێتی هەیە و لەگەڵ ڕێکخراوە ئایینییەکان لە پەیوەندیدان.» ئێران کۆمەڵگایەکی نەریتییە کە هاوڕەگەزخوازی بە نەشیاوی و نانۆرمییەک سەیر دەکات. نە ئەم شێوە ڕوانینە لە وڵاتی ئێراندا بابەتێکی نوێیە و نە خەبات لە

دژی ئەم پرسە. کۆمەڵگای نەریتیی کە دژی نانۆرمێتییەکان دەوەستێتەوە، لە ئێراندا بابەتێکی نوێ نییە؛ بەڵام شێوازێک کە لە ڕێگەی ئەوەوە ئێران نانۆرمێتی پیشان دەدا بۆ ئەوەی کەمینەکان کۆنترۆڵ بکا، هێشتا بابەتێکی گۆڵمەزییە کە لە ڕابردوودا بوونی بووە و ئێستاش بابەتێتی هەیە.

لە وڵاتی ئێران هیچ بەرنامەیەکی ستاندارد بۆ دووانە ڕەگەزێتییەکان بوونی نییە. خواستە سێکسییەکان دەتوانن پێناسە کۆمەڵایەتییە هەرمان و ڕیشەدارەکان تا ئەو ڕادە تێهەڵکێشی، یەکتر بکەن کە هەندێ جار بۆ هاوڕەگەزخوازانیش لێکدانەوە، تێگەیشتن و قبووڵ کرانی خواستەکانیان ئەستەم دەبێت. لە ئێران کاتێک پرسیار لە ڕەگەزێتی کەسێک دەکرێ، ئەو ناتوانی بژاردەی سێیەم ڕەچاو بکات، هەموو کەس یان پیاوە یان ئافرەتە. بابەتەکە هێندە ڕوونە کە شوێنێک بۆ دوودڵی ناهێڵێتەوە. هەر چەشنە مەودایەک لەگەڵ ئەم سیستەمە ڕەگەزییە دووانەیە لە ئێراندا لە ڕیزبەندی کێشە کردەوەیی و دەروونییەکاندا جێی دەبێتەوە. لە ئێران پێداگری لە سەر دەوری تەواوکەری ئەم دوو ڕەگەزە دەکرێ، بە جۆرێک کە هەر کام لەم دوو ڕەگەزە ڕۆڵی ڕەگەزێتی دیاریکراویان هەیە. بەو پێیەی کە هاوڕەگەزخوازی دەتوانێ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی باوکسالارانەی ئێران بباتە ژێر پرسیارەوە، ئێران و ئایدۆلۆژیای ئیسلامی دژایەتی هاوڕەگەزخوازی دەکەن.

دێڕی «مافەکانی ناهاوسانان» خۆی جۆرێک ئامرازی سەرکوت کردنە. تاوانی بە هۆی بێزاری دژ بە جڤاکی ناهاوسانان بەشێک لە ئەزموونی ژیانی ئەم کەسانەیە. دێڕی LGBT «ناهاوسان»، لزباینەکان، گەیەکان، دووڕەگەزخوازان و ترەنسەکان لە خۆ دەگرێت. تەنانەت ئەم دێڕە بە ڕەواڵەت

گشتگیرەش کۆمەڵێ ئاستەنگ و سنووردارێتی هەیە. ئەم وشە بە پێی مێژوویەکە کە لە ڕۆژئاوا بیچمی گرتووە و پڕە لە گیروگرفت، دەستکەوت، ئەزموون و ئەو شووناسانەیە کە تایبەتی کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکانە و تەنیا کۆمەڵگای ئێران ناگرێتەوە. هەر لەبەر ئەم هۆکارانە، تەنانەت ئەم وشەگەلە «پێشکەوتوو»انەش دەتوانێ چەواشەهێنەر بێ؛ چوونکە ناتوانن گیروگرفتەکانی ناو وڵاتی ئێران پیشان بدەن. گێڕانەوە و هێماکانی ئەم بارودۆخە لە دەقە ئێرانی و کەسایەتییە مێژوییەکاندا بوونیان هەیە.

زۆر توێژینەوەی تایبەتی لە بارەی ناهاوسانانی ئێران ئەنجام دراوە کە توانیویانە لە مەڕ جڤاکی ناهاوسانان زانیاری زیاتر کۆ بکەنەوە. ئەو ئاستەنگ و سنووردارکردنەوانەی کە لە لایەن ڕژیم و زانکۆکان، لەگەڵ لکاندنی ناوی نەرێنی لە سەر ئەم بابەتە زۆر هەستیارە، وای کردووە کە چالاکڤانانی کۆمەڵایەتی، خوێندکاران و توێژەران کەمتر خولیای ئەم بابەتە بن و ئەگەریش بیانەوێ لەسەر ئەم بابەتە کار بکەن، بەتایبەت لە لایەن زانکۆوە ڕێگەیان پێنادرێت. لە دەرەوەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی، دەتوانین بڵێین هیچ توێژینەوەیەکی دەروونناسانە لە سەر قوربانیانی هۆگرییە سێکسییەکان لە ئێراندا ئەنجام نەدراوە. ئەم لێکۆڵینەوە بە نیازە ئەم بۆشایی زانیارییانە پڕ بکاتەوە.

سەیر لەوەدایە کە لە ناو ئەندامانی جڤاکی ناهاوسانان لە ئێران، دووڕەگەزخوازەکان تاقمێکن کە کەمترین سەرنجیان پێ دەدرێت. هیچ لێکۆڵینەوەیەک لە بارەی دووڕەگەزخوازان لە ئێراندا ئەنجام نەدراوە و هیچ داتایەک لەم بوارەدا لە بەر دەست نییە و لۆژیکی دەسەڵات دەڵێ

دوورەگەزخوازی گوناحە. بەم پێیە، نە تەنیا دوورەگەزخوازی بێڕێزییە بە دیترەگەزخوازان، بەڵکوو تەنانەت لە دووانەی      لزباین ـ گەییش جێیان نابێتەوە. لە زۆر دیوەوە، دوورەگەزخوازان تەنانەت لە ناو گرووپێکدا کە خۆشیان هێشتا قبووڵ نەکراون، قبووڵ ناکرێن. ئەم لێکۆڵینەوە بەدەر لە شیکاری تێر و تەسەلی گوتاری ناهاوسانی لە ئێران، ڕاستییەکی نەخوازراوی دیکەشی ئاشکرا کرد: قبووڵ نەکرانی دوورەگەزخوازان لە ئێران جۆرێک نۆرم و ئاراستەیەکی زاڵ بووە.

ئێران بۆ نمایشدانی نانۆرمییە گریمانەییە وتراوەکان ئەم شێوازە دەگرێتە بەر بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی خۆی بە سەر کەمینە سێکسییەکاندا بپارێزێت. لە ئێرانیش وەک زۆربەی وڵاتان هێمای کۆنترۆڵ هەمیشە بوونی هەبووە. یاسای سزای ئێران بە هیچ چەشنێک سازگاری لەگەڵ کەسانی ناهاوسان ناکات؛ بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئەم یاسایانە تەنیا لە کتێبەکانی یاسادان و ناگەنە ئاستی کردەیی. وەک پێشتریش لە بەشی یەکەمدا وترا دوایین لە سێدارە دانی کەسێک بە تاوانی هاوڕەگەزخوازی دەیەیەک لەمەو پێش ڕووی دا. لە کاتێکدا کە هێشتا زەخت و سەرکوتێکی زۆر لە کۆمەڵگای ئێراندا بەدی دەکرێ و کەسانی ناهاوسان لە گرتن و بردنی سەرەڕۆیانە پارێزراو نین، یاسای وشک و توندوتیژی سزای هاوڕەگەزخوازی هاوشێوەی ڕابردوو بە تۆخی جێبەجێ نابێت. زۆر جار حکومەت بەرانبەر بەم گرووپانە نەرمی دەنوێنێت، پۆلیس هەمیشە هێرش ناکاتە سەر پاتۆقە ناسراوەکانی ناهاوسانان و زۆر جار ڕێگە بە گرووپە کۆمەڵایەتییەکان دەدرێ کە لە تێلگرام و فەیسبووک و واتساپ لەگەڵ یەکتر

لە پەیوەندیدا بن. تەنانەت کاتێک پۆلیس هێرش دەکاتە سەر پاتۆقەکانیان، زۆر جار بەڕەڵایان دەکات. نوێترین نموونەی هێرشی پۆلیس بۆ سەر پاتۆقی هاوڕەگەزخوازان، گرتنی پتر لە سی گەی لە میوانییەک لە باخی بەهادۆران لە ڕێکەوتی 24ی مانگی نەورۆزی ساڵی 1396ـی هەتاوی لە ئیسفەهان بوو. لە پێشدا هەمووان زیندانی کران؛ بەڵام توانیان بە هاوکاری پارێزەرەکانی خۆیان بە دانانی بارمتە ئازاد بکرێن و ڕەنگە بەڵێنی نووسراوەیان دابێ کە چیتر کۆبوونەوەیان نەبێت.

ئەم ئاراستە نەرمنوێنییە ئافرەتان ناگرێتەوە. ئەوەی زیاتر بەدی دەکرێ ئەوەیە کە تەنانەت لە ناو کەمینە سێسکسییەکاندا، لزبایینەکان ئەگەر قۆڵبەست بکرێن لە چاو گەی و دووڕەگەزخوازە پیاوەکان ڕووبەڕووی ئاستەنگ و سنووردارێتی کۆمەڵایەتی و سەرکوتی سەخت‌تر دەبنەوە. ئافرەتان هەر ئێستاش لە کۆمەڵگای ئێرانیدا پەراوێز خراون؛ چوونکە بوونیان بە پێی کۆمەڵگایەکی باوک سالار و سیاسەتی توندوتیژ پێناسە دەکرێ کە بوونی ئاستێکی بەرز لە هەڵاواردن لە دژی ژنان تەنانەت لە ناو کەمینە سێکسییەکاندا جێی سەرسوورمان نییە.

## لزباینەکان لە دارشتەی ئیسلامیدا

یاسا ئیسلامییە زاڵەکان کاریگەرییان لە سەر هۆگری سێکسی لە قورئانی پیرۆز، وتەکانی پێغەمبەر (فەرمووده) و فەرمانەکانی ڕێبەرانی ئایینی (فتوا) داناوە کە هەر هەموویان داکۆکیکاری چالاکی سێکسی لە پەیوەندی سێکسی نێوان ژنێک و پیاوێکن. گوتاری هاوڕەگەزخوازی لە ئایینی

ئیسلامدا لە بنەڕەتدا چالاکی سێکسی نێوان پیاوان تاوتوێ دەکات.

کەمن ئەو فەرموودانەی کە ئاماژە بە هەڵسووکەوتی هاوڕەگەزخوازانەی ژنان دەکەن. یاساناسان زۆر کوێرکوێرانە دەڵێن کە «هیچ سزایەکی حەدی بۆ لزباینەکان بوونی نییە؛ چوونکە ئەوە زینا نییە. بەو پێیەی کە ژنان ئەندامی زاوزێی پیاوانەیان نییە و ناتوانن دخوول (تێکەڵبوون) ئەنجام بدەن. بەم شرۆڤە ئەوان لە ڕووی فیزیاییەوە ناتوانن زینا بکەن، بەڵام دەتوانرێ سزای تەمبێ کردنیان بۆ ڕەچاو بکرێ؛ چوونکە ئەم کارە گوناحە.»

سەرەڕای ئەوەی لە مێژوودا بە دەگمەن سزای لزباینەکان هاتووە، مێژووی تەبەری نموونەیەک لە سێدارە دانی دوو کچی لزباین لە حەرەمی ئەلهادیی دەخاتە ڕوو. ئەم نموونە لە کۆمەڵێک لە چیرۆکە زۆر گرینگەکاندا هاتووە کە ئاماژە بە ئاکاری خەلیفەی دەسەڵاتدار دەکەن.

وەک لە بەشی پێشوودا ئاماژەی پێکرا، هەر سێ ئایینی ئیبراهیمی سەرەکی هاوڕەگەزخوازی بە تاوان دەزانن و زۆر دژی پەیوەندی دوو کەسی هاوڕەگەزن. ئەم سنووردارێتییە فشار و نیگەرانییەکی زۆری بۆ لزباینەکان هێناوەتە ئاراوە و بەردەوام بەدی دێنێت؛ چوونکە هەست، هۆگریی و سۆزەکانیان بە ناسرووشتی و لادەرانە دەزانرێت.

مۆدێلی هاوڕەگەزخوازتۆقێنی ئیسلامی کە دیترڕەگەزخوازنۆرمی بەرز دەنرخێنێت، بە شێوەی کردەیی ژنانی لزباین کە ناچارن شووناسی خۆیان بشارنەوە، لەم گوتارەدا پشتگوێ دەخا و هۆگری سێکسییان ڕەت دەکاتەوە. ژیانیان وەک لزباینی موسڵمان یەکتربڕییەکی تایبەت بەدی دێنێ کە تێیدا ئایین و هۆگری سێکسی بەرکەوتنیان لەگەڵ یەکتر دەبێ و سەرەڕای ئەمە لە

ڕێگەی هاوڕەگەزخوازتۆقێنی ئایینییەوە ئەم دوو هێمایە لێک دادەبڕێن و ڕێگە نادەن ئەم ژنانە ئارەزووی سێکسیی خۆیان بدۆزنەوە و دەریببڕن. زۆریان بە ژیانی شاراوە تێدەکۆشن خۆیان لەگەڵ ئەم دۆخە بگوونجێنن. تەنانەت ئەوانەی کە ئەندامی گرووپی پشتیوانی لە ناهاوسانانی موسڵمان بە ناوی «ئیمان»ـن، بەردەوام لەگەڵ تێکهەڵچوونەکان دەست و پەنجە نەرم دەکەن. ئاراستەی ئایینی زەخت و دەمارگرژانە لە هەمبەر هاوڕەگەزخوازی ڕێگە نادا کە باوەڕی ئایینی و هۆگری سێکسییان پێکەوە ئاشت ببنەوە.

کتێبی چاڵی تەنیایی لە نووسینی نووسەری ئینگلتەرایی، ڕادکلیۆف هاڵ، کە بۆ یەکەم جار لە ساڵی 1928 لە لایەن جاناتان کیپ بڵاو کراوە، چیرۆکی پڕ لە دەرد و ئازاری ستەیفن گۆردۆن، ژنی ئینگلتەرایی چینی خۆشبژێوی کۆمەڵگا دەگێڕێتەوە کە هۆگری ئەو بۆ هاوڕەگەز هەر لە تەمەنی کەمەوە دیارە. ئەم ڕۆمانە لزباینبوون وەک دۆخێکی سرووشتی و خوداپێداوانە دەخاتە بەر چاو و داوایەکی دیاریکراو دەکا: «مافی ژیان بە ئێمەش بدەن.» ئەم داوایە لزباینە موسڵمانەکانی ئێرانیش دەگرێتەوە کە لەگەڵ پرسە جیاوازەکانی وەکوو توندوتیژی سێکسی، لاساییکردنەوەی کوێرانەی کەلتووری باوکسالاری، پەراوێز کەوتنی ژنان لە کۆمەڵگایەکی پیاوسالار، زەختی زۆر بۆ هاوسەرگیری و شووناسی سەرکوتکەری ئایینی دەست و پەنجە نەرم دەکەن. کاریگەریی ئایینی ئیسلام کە زەقانە لە بیچم گرتنی شووناسی کەسەکان لە هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی ڕۆژانە و گەشەی تاکایەتیدا دەوری هەیە، دەتوانێ سەرچاوەی دەرد و ژانی ژنانی لزباینی ئێرانی بێ کە بەم شێوە ناتوانن شووناسی خۆیان دەرببڕن.

## پێشینەی مێژوویی لزباینەکان لە ئێران

لە ئێرانی پێش‌مۆدێڕن، ئافرەتانێک کە جل و بەرگی پیاوانەیان لە بەر دەکرد بۆ ئەوەی بچن بۆ شەڕ یان لە نارەزایەتییەکاندا بەشداری بکەن، بە بەهێز، شیاوی ڕێز و خاوەن «هێز و دڵشێر» دەزانران. هەر بەم شێوە، ئەو ژنانەی کە نەشتەرگەری گۆڕینی ڕەگەز ئەنجام دەدەن یان لە حاڵی تێپەڕین لە ژنێتی بۆ پیاوەتین، مافی ڕەگەزێتیی یەکجار زۆر دەست دەخەن. ئەم مژارە لەوانەیە تا ڕادەیەک ڕوونی بکاتەوە کە بۆچی ژنان بڕیار دەدەن ببنە پیاو، ڕۆژگارێکی ئاسوودەتریان لە کۆمەڵگای ئێرانیدا دەبێ و ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەش بێ کە ڕێژەی گۆڕینی ژن بە پیاو لە ئێراندا لەو پەڕی خۆیدایە. لە بەرانبەردا ئەو پیاوانەی کە بە نیازن ببنە ئافرەت، مافی یاسایی و خاڵی کۆمەڵایەتی زۆر لە دەست دەدەن و زۆر جار پتر لە جاران دەکەونە بەر نفرەت و بێزاری. لە ئێرانی باوکسالار، هاوسۆزی‌کردن بۆ کەسێک کە بە ئەنقەست مافە پیاوانەکانیان وەلا دەنێ، وێناهەڵنەگرە؛ چوونکە ئەم کارە وەک هێمای لاوازیی لێی دەڕوانرێت. بۆ وێنە کەسێک بە هۆی دژایەتییەکی زۆر کە پاش نەشتەرگەری گۆڕینی ڕەگەز تاقی کردۆتەوە، وتوویەتی پێی خۆشە لە ڕێگەی نەشتەرگەری گەڕانەوە، بگەڕێتەوە بۆ ڕەگەزی سەرەتایی خۆی (پیاو) یان خۆکوژی بکات.

لە ئێرانی ئەوڕۆیی، ڕژیمی یاسایی دەسەڵاتدار لە دژی ژنان جیاکاری دەنوێنێت. ئەمە تەواو لەم ڕاستییەدا خۆی دەنوێنێ کە ئێران پەیماننامەی ڕێگری لە هەموو شێوازەکانی هەڵاواردنی دژ بە ئافرەتانی پەسەند نەکردووە.

لە چاو گەیەکان، لزباینەکان بە هۆی سنووردارێتی، سزا و تەنانـەت تـەمبێی کۆمەڵایـەتی بـە هـۆی قۆڵبەسـتکردن زیـاتر دەنـاڵێنن. لزباینـەکانیش هاوشێوەی کەمینە سێکسییەکانی دیکە لە ئازادیی جووڵە و کردەوە بێبەشن و وێـدەچێ لـە ژێـر گووشـار و نکـۆڵیکردنی کۆمەڵایـەتی زێـدەتردا بـژین. تەنانــەت لــە بــواری ناشــیرینکردنی «ئاکــاری خــراپ»، هــەڵاواردنی کۆمەڵایەتی ڕەگەزێتی هەمیشە لە ڕیزبەندی و پێوەرەکانی شیاوی پەسـە-ندکرانی توندوتیژی ڕەگەزێتی دەوری سەرەکی هەیە.

هەڵاواردن لە دژی ژنان تەنانەت لە ناو کەمینە سێکسییەکاندا ئەوە پیشان دەدا کە لە چاو گەی و دووڕەگەزخوازانی پیاو، لزباینـەکان زیـاتر سـنووردار کراونەتەوە و ئەگەر قۆڵبەست بکرێن سزای سەختتر چاوەڕێیان دەکات. ئـەم بەڵگە گرینگە لە دیمانەی کۆمەڵێ ناهاوسان لە مەشهەد، تاران و ئیسـفەهان وەدەست هات. تەنیا ئەنجام گرتنی گونجاو بۆ ئێمە ئەوەیـە کـە تەنانـەت لـە ئەنجامی ئەمە وەک دەڵێن «ئاکاری خـراپ»، پێگـەی پلـە دووی ژنـان لـە کۆمەڵگای زۆر باوکسالاری ئێران هەمیشە دەورێکی گرینگی لـە پێناسـەی پانتای کاری ڕێگەپێدراو هەیە. لە هەمان کاتدا چالاکیی لزباینەکان زۆر لـە بەر چاو نییە و هۆکەشی ڕەنگە ئەوە بێ کە لە کۆمەڵگای پیاوسـالار، پیـاوان سەرنجێکی ئەوتۆ بەم بابەتە نادەن و بە لایانەوە گرینگ نییـە؛ بـەڵام کاتێـک کچـان لزبـاین بـوونی خۆیـان دەردەخـەن ڕووبـەڕووی ئاسـتەنگ و سنووردارێتی دەبنەوە و لە هەندێ حاڵەتدا ناچار بە هاوسەرگیری پێشـوەختە دەکرێن.

کاتێک بۆ لزباینێک بڕیار دەدرێ کە هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێـک بکـا،

بەخت یان توانای زۆری بۆ خۆڕاگری لە هەمبەر ئەم بڕیارە نییە. ئەمە دەتوانێ بارودۆخێک بێنێتە ئاراوە کە تێیدا کەسی لزباین سەرتاسەری ژیانی خۆی لە هاوسەرگیرییەکدا بە سەر ببا کە تێیدا بەردەوام پەیوەندی سێکسی لەگەڵ ناهاوڕەگەز بە سەریدا دەسەپێنرێت.

بەشی سەرەکی کۆمەڵگای ئێرانی هێشتا زۆر پیاوسالارە و بۆ ئەوان ڕا و ڕوانگەی ژنان گرینگییەکی ئەوتۆی نییە. ئەگەرچی پێشکەوتنی سنووردار و هەندێ گۆڕانکاری بە مەبەستی پاڵنەری بە ژنان بۆ هاتنە پێشەوە و نواندنی ڕۆڵی چالاک لە کۆمەڵگا ڕووی داوە، بەڵام لە کۆماری ئیسلامی ئێران هێشتا ژنان لە ڕووی یاسایی و کۆمەڵایەتییەوە بێبەشن. کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بەتایبەت لە شارە بچووکترەکان و ناوچە گوندییەکان زیاتر لە پیاوان بۆ ژنان ئەستەمترە.

ئەوەی لە بنەماڵە کۆنسێرڤاتیڤەکاندا زۆر بەدی دەکرێ ئەوەیە کە لە قۆناغێکدا ژنان تەنانەت ئەگەر لزباین و لە پەیوەندیی لەگەڵ پیاوان وەڕەز و بێزار بن، دیسانیش ناچار بە هاوسەرگیری دەکرێن. ئەمە ئەو کاتە ڕوو دەدا کە ژێربنەما باوەکان ئەوەندە بەهێزن کە هەڵبژاردنی تاکایەتی و کۆنترۆڵ تاک لە سەر هەڵبژاردنی ژیانی هاوسەرداریی دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. بۆ ئەو لزبایانانەی کە بە پێچەوانەی خواستی خۆیان ناچار بە هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێک دەکرێن، ئەم پرسە دەبێتە خەسارەتێکی ڕووخێنەر بۆ سەر تەندروستی دەروونی، سێکسی و تایبەتییان. بە گوێرەی یاسای مەدەنی ئێران، ژن دەبێ ملکەجی ویست و ئیرادەی مێردەکەی بێت (تەمکین ـ گوێڕایەڵی). ئەم گوێڕایەڵییە بوونی هەمیشەیی ژن بۆ پەیوەندی سێکسی لە

کاتی خوازراوی مێردیش دەگرێتەوە.

لەم بارودۆخەدا کە هەتا ئێستاش دۆخێکی دژوارە، هەندێ لەم کچانە کە لە هۆگری سێکسیی خۆیان ئاگادارن ئێستا خۆیان لە هەلومەرجێکی مەترسیدار بەدی دەکەن؛ چوونکە تێدەگەن نە تەنیا هۆگری پیاوان نین بەڵکوو دەبێ لەگەڵ مێردێک بژین کە لە ئەنجامی هاوسەرگیرییەکی زۆرەملێدا بۆیان دەستنیشان کراوە. بۆ زۆرێک لەو ژنانەی کە ژیانیان بە پێی یاسا و نەریتی هەڵقوولاو لە ئایینی ئیسلام بیچمی گرتووە، مەرجدار بووە یان بەڕێوە دەبرێ، ئەم پرسە مۆتەکەیەکی وێناهەڵنەگرە. بە جێهێشتن ئەگەرچی نەگونجاو نییە، کارێکی زۆر چەتوونە و بەجێهێشتن بە هۆی لزباینبوون سەرشۆڕی لێ دەکەوێتەوە و کاریگەری ڕووخێنەری لە سەر پێگەی کۆمەڵایەتی، ئابووری و تەندروستی کەسەکە دادەنێت.

زیانی دیکە دەرکران لە لایەن بنەماڵەیە. زەخت لە سەر لزباینە موسڵمانەکان بە پێی ئەوەی لە کوێ دەژین، جیاوازە. ئەو لزباینە موسڵمانانەی وا لە ڕۆژئاوا دەژین «بۆ دۆزینەوەی دەوری ڕەگەزێتی لە ڕێگەی هاوسەرگیرییەوە، لە لایەن بنەماڵەی خۆیانەوە زەخت دەکرێتە سەریان؛ چوونکە زۆریان بە واتای ڕۆژئاوایی وشە بە شێوەی دیاریکراو هاوڕەگەزخواز نەبوون»، لە حاڵێکدا دەرکران لە لایەن بنەماڵە بۆ لزباینە موسڵمانەکانی دانیشتووی وڵاتانی ئیسلامی زۆر زیاترە.

زۆرن ئەو لزباینانەی کە هەوڵ دەدەن بە خۆ دیترڕەگەزخواز دەرخستن، خۆیان لەگەڵ سنووردارییی سۆزداری سازگار بکەن و ئەمە لە تێکۆشان لە پێناو خۆگونجاندن لەگەڵ زەختی هاوسەرگیری دەگاتە ئەوپەڕی خۆی. لە

هەندێ حاڵەتدا، لزبانە موسڵمانەکان ناچار دەکرێن ڕەهەندە جیاوازەکـانی شووناسی خۆیان بە گوێرەی پێگە پارچە پارچە بکەن. «ئەمە بریتییە لە پـاژە پاژەکردنی ژیانی خۆیان بۆ سەر ئەو بوارانەی کە کەسەکە تێیانـدا گـەی یـان لزباین ببینرێ و پانتا و شوێنەکانی دیکە کە ئەم بابەتەیان تێدا حەشار داوە.»

شـارۆمەندێتی یاسـایی و کـەلتووریی ژنـانی لزبـاین زۆر بـە تـۆخی پەیوەندی هەیە بە شارۆمەندیی ڕەگەزییانـەوە. لـە کۆمـەڵگا بـە گشـتی، لـە شوێنێکدا کە پێگەی کەمینـەی ئـایینی و کـەلتوورییان تـەواو دیـارە، ژنـانی موسڵمانی لزباین یان دووڕەگەزخواز هاوشێوەی هاوتـای دیترڕەگـەزخوازی خۆیـان دەبـێ لەگـەڵ پرسـگەلی جیـدی کۆمەڵایـەتی و یاسـایی وەکـوو هـەڵاواردنی نەتـەوەیی و سیاسـەتە دەوڵەتییـەکان کـە کـارکردی جەسـتە و شووناسیان بە سەردا دەسـەپێنێ، دەسـت و پەنجـە نـەرم بکـەن. بـەڵام لـە کۆمەڵگا ئایینی و کەلتوورییـەکانی خۆیـان، هـۆگری سێکسـییان زۆر جـار هەستی دەروەستیان دەخاتە ژێر پرسیار و ئەوان ناچار بە «بێڕێـزی کـردن» بە ئیسلام دەکات.

بارودۆخی «کەمینەی ناو کەمینە»ـی ئـەوان پێـداگری نوانـدن لـە سـەر هەوڵی ئەوان بۆ گەیشتن بە جۆرەکانی مافی مـەدەنی و کۆمەڵایـەتی وەکـوو بوونی نوێنەرێکی شیاو، پاراستنی شێوازی ژیان / شووناس، ڕزگـاربوون لـە هەڵاواردنی ڕەگەزی، هەبوونی باوەڕی ئـایینی هاوئاراسـتە لەگـەڵ هـۆگری سێکسی، بەشداری نواندن لە ژیانی کۆمەڵایەتی / ئایینی. ئەوان لە ڕێگـەی «بردنـە ژێـر پرسـیاری» هـەموو دەق و نەریتـە ئـایینی و تـۆڕە پشـتیوانییە جەماوەرییەکان تێدەکۆشن ئەم ئامانجە بەدی بێنن. لـە ڕاسـتیدا هەوڵـەکانی

ئەوان بۆ گەیشتن بە شارۆمەندێتی کەلتووری و یاسایی ئەوان دەخاتە پاڵ موسڵمانانی دیکە؛ بەڵام هەوڵی ئەوان لە ئاراستەی شارۆمەندێتی سێکسیی ئەوانی کردووە بە دژبەری زۆرینەی موسڵمانان، دەربڕینی شووناسی سێکسی بۆ ئەوان ئەستەم دەکات.

بەو پێیەی کە ئێران کۆمەڵگایەکی پیاوسالارە و تاکەکان بە زەینییەتی باوکسالاری دەژین، ئافرەت بوون خۆی لە خۆیدا لەم وڵاتە بێبەش‌بوون لە زۆرێک لە مافەکانی لێ دەکەوێتەوە. ئێستا بە هۆی بە تاوانزانینی کۆمەڵایەتی هەڵسووکەوتی هاوڕەگەزخوازانە، لزباین‌بوون لە وڵاتی ئێران زیاتر سنووردار دەکرێتەوە. وەها ئاستەنگیگەلێک دەبێتە هۆی ئەوەی زۆرێک لە لزباینەکانی ئێران ڕوو بکەنە «ژیانی ژێرزەوینی» و بە هۆی ترس لە پۆلیس و بە دواداچوونی یاسایی ژیانێکی شاراوەیان هەبێت. ئاکاری سێکسی لزباینەکان بە گوێرەی یاسا سزای قەمچی بۆ دیاری کراوە. زۆریان لێیان دراوە، ناچار بە هاوسەرگیری یان دەرکران کراون.

لە بنەماڵە هەژار و زۆر ئایینپەروەرەکاندا، هۆگری بۆ ژیان کە بە شێوەی سرووشتی سەربەستی و پشت بە خۆ بەستوویی لە خۆ دەگرێ، هۆگرییەکی زۆر باوە کە زۆر کەس قەد تاقی ناکەنەوە. بە بێ پشتیوانی بنەماڵە، ئەوان چارەیەکیان نییە مەگەر ئەوەی کە بۆ مانەوە هاوسەرگیری بکەن. حاڵەتگەلێک بووە کە ژنانی لزباین لە لایەن خزم و کەسی خۆیان هەڵسووکەوتی خراپیان لەگەڵ کراوە و کەوتوونەتە بەر ئەشکەنجە بۆ ئەوەی «ڕازی» بە هاوسەرگیری بن. بۆ ئەم ئافرەتانە هاوسەرگیری هەمیشە بە واتای کۆتایی هاتنی دەرفەتی پەیوەندی لەگەڵ هاوڕەگەزە.

بــۆ لزباینــەکان لــە ئێــران، پێکهاتــەی مــەرگ‌هێنــی یاســا هاوڕەگەزخوازدژەکانی وڵاتەکەیان و ئارستەی ئاشکرای دژ بە ناهاوسانان لە ناو زۆرێک لە ڕێکخراوە ئاسایشییەکاندا ژیانی زۆر ئەستەم کردووە. ئەم ئاراستەی ڕێکخراوە ئاسایشییەکان پەرە بە کردەی خراپی خێزانی و کۆمەڵایەتی و توندوتیژی لە دژی ناهاوسانان دەدا کە بە هۆی هۆگری سێکسی خۆیان بە تاوانبار یان نەخۆش لە قەڵەم دەدرێن. پێویستە داتای زانستی / کوالێتی زێدەتر لە مەڕ لزباینەکان لە ئێران بەرهەم بهێنرێت. ئەم ڕاستییە تاڵە هەیە کە هەتا ئەو کاتەی زەینییەتەکان لە ئێران نەگۆڕدرێن، زۆرێک لە ژنانی لزباینی موسڵمان هەر وا لە پشێویدا ژیان دەبەنە سەر کە ژیانێکی دووانەی لێ دەکەوێتەوە کە تاکە ئامانجەکەیان ڕازی ڕاگرتنی بنەماڵەیە. لە ئێران، بۆ گۆڕینی ڕوانگەی کۆمەڵگا بە لزباینەکان و باشتر کردنی بارودۆخیان، پێویستە داتاگەلی زانستی-کوالێتی زۆرتر لەبارەی لزباینەکان بەرهەم بهێنرێت و ئەمەش نەگونجاوە، مەگەر بە لێکۆڵینەوەگەلێکی زۆرتر لەبارەی ئەم گرووپە کەمینانە.

## ئەو ناهاوسانانەی کە شووناسی خۆیان ئاشکرا ناکەن؛ ژیان لە شاراوە

هەڵوێستی ئێران لە هەمبەر هاوڕەگەزخوازی لە لایەن دەوڵەتی ئێران و زانایانی ئایینییەوە بە ڕوونی پێناسە و ڕوون کراوەتەوە؛ کەواتە دەربڕینی شووناسی ڕەگەزیی بۆ ناهاوسانان دژوارە و ئەوان ناتوانن هۆگری سێکسی ڕاستەقینەی خۆیان بدرکێنن. ئەم بابەتە تەنیا مەسەلەی ئێران نییە و لەو

وڵاتانەش کە شووناسی هاوڕەگەزخوازانە ڕەخنەی لە سەرە یان قەدەغەیە، باوە. لەم وڵاتانەدا پەیوەندی نێوان دوو ڕەگەزی بەرانبەر تاکە پەیوەندییەکە کە بە فەرمی دەناسرێت. لە وەها کۆمەڵگاگەلێکدا چاوەڕوانی لە پیاو دەکرێ کە هاوسەرگیری بکا و هەتا ئەو کاتەی ئەرکی منداڵخستنەوە بە جێ دێنێ، کۆمەڵگا شۆفاری چالاکییەکانی دیکەیان ناکات. هەندێ لە پیاوانی ئێرانی کە هاوسەرگیری لەگەڵ ڕەگەزی بەرانبەریان دەکەن، وایان پێ باشە بۆ هەبوونی پەیوەندیی لەگەڵ هاوڕەگەزی خۆیان ڕوو بکەنە داوێنپیسی. دیتران پەنامەکێتی ئەوان بە تاکە بژاردەی شیاو دەزانن.

دەربڕینی شووناسی ڕەگەزیی پرۆسەیەکە کە تێیدا کەسی ناهاوسان هۆگری سێکسی یان شووناسی ڕەگەزێتیی خۆی وەک بەشێک لە شووناسی گشتی خۆی قبووڵ دەکات. ئەمە نە تەنیا پرۆسەی قبووڵکردنی خۆ بەڵکوو ئاماژە بە خستنە بەر باسی شووناسی خۆیان لە لای دیتران دەکات. لە وڵاتی ئێران، لێکەوتەکانی پەیوەندیی ئاشکرای هاوڕەگەزخوازانە بریتییە لە بە راوەدوونانی دەزگای داد، ئازاردان، سەد دانە قەمچی هەتا سێدارە. هاوڕەگەزخوازی ڕازێکی سەر ئاوەڵا و دەربڕینی ڕێگەیەکی دژوارە و کارێکە کە تەنیا ڕێژەیەکی کەمی تاکەکان تەنانەت لە شارە گەورەکانی وەکوو تاران پێی هەڵدەستن. زۆرێک لەم کەسانە لە ناو ترسی هەمیشەیی ئاشکرابوونی بارودۆخیان و دەرکران دژەین.

لە بەرانبەردا، ژیانی کەسی ترەنس، کە هەڵبەت بە هیچ چەشنێک ژیانێکی ئایدیال نییە، لە ژیانی هاوڕەگەزخوازان ئاسوودەترە. هاوڕەگەزخوازان تەنانەت بۆیان نییە بیر لە ڕاگەیاندنی هۆگری سێکسی

خۆیان بکەنەوە. بە پێچەوانەی هاوڕەگەزخوازان، کەسانی ترەنس لـە وڵاتـی ئێراندا بە یاساگەلی ئاسوودەتر دەژین و دەوڵـەت بـۆ نەشـتەرگەری گـۆڕینی ڕەگەزیان پشتیوانیی داراییان لێ دەکات. فتوای ساڵی 1980ـی خومەینی، دامەزرێنـەری کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران، بـە ڕوونـی ڕایدەگـەیێنێ کـە نەشتەرگەری گۆڕینی ڕەگـەز «ڕێگـە چارەیەک»ـە بـۆ کێشـەی شووناسـی ڕەگەزێتی. ناوبراو لە ڕێگەی ئـەم فتـوا ئایینییـەوە ئیزنـی بـە دەوڵـەت دا کـە چاودێری ئەم نەشتەرگەرییانە بکات. ئەم چەشـنە نەشـتەرگەرییانە زیـاتر بـە ناوی GSC دەناسرێن.

بەڵام هەڵوێستی دەوڵەتی ئێران بۆ نەشتەرگەری گۆڕینی ڕەگەز لە ڕاستیدا ئامرازێکی دیکەیە بۆ نەهێشتن و بە دواداچوونی یاسایی گـەی و لزباینـەکان لە وڵاتی ئێران. باوەڕێک لە ناو زانایانی ئایینیدا هەیە و دەوڵەتیش پشـتیوانی لـێ دەکـات: تـاک لـە لەشـی ڕەگـەزێکی هەڵـەدا گیـری کـردووە. هاوڕەگەزخوازانی ئێرانی لە بەر خۆیان بۆ نەشتەرگەری گۆڕینی ڕەگـەز هـان دەدرێن و ڕێگری لـە ژیـانێکی ئـازاد و ئاشـتییانەی ناهاوسـانان دەکرێـت. سەرباری ئەوەی نەشتەرگەری گۆڕینی ڕەگەز سیاسەتی فـەرمی دەوڵـەت بـۆ ناچارکردنی ژنان و پیاوانی ناهاوسان بۆ ئەنجامدانی ئەم کـارە نییـە، بـەڵام هەمیشە زەختێکی زۆریان لـە سـەرە. ئەنجامەکـەی دەبێتـە ئـەوەی کـە ئـەم کەسـانە ئێسـتا ناچـار بـە ژیـانێکی تێکـەڵ بـە دەرد و برینـی سـۆزدارییین. وێناکردنی ئەم بابەتە کێشە نییـە کـە زۆریـان بـە ڕاسـتی پێیـان خـۆش نییـە نەشتەرگەری بکەن. حاڵەتگەلێک لە هەڵسووکەوتی خراپدا هەیە کە نەخۆش پاش نەشتەرگەری پێویستی بە خەواندنە. ئەم مژاری هەڵسووکەوتـە خراپانـە

دەتوانن خۆیان لە پێشنیاری پزیشکی بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری گـۆڕینی ڕەگەز و هۆرمۆن دەرمانیدا پیشان بدەن. بە پێی ڕاپۆرتی هەواڵێکی خۆجێیی لە کەمتر لـە چـوار سـاڵ لـە 2006 هـەتا 2010 ڕێـژەی هـەزار و 360 نەشتەرگەری گۆڕانی ڕەگـەز لـە ئێـران ئـەنجام دراوە.[1] دەتـوانین بڵێـین ئـەم نەشتەرگەرییانە کێشەی جەستەیی جیدی، خەمۆکی و لـە هەنـدێ حاڵەتـدا خۆکوژی لێ دەکەوێتەوە.

هـەروەها زۆر خـاوەن کـار بـە ئاشـکرا لـە دژی ئـەو کەسـانەی کـە بـە ناهاوسـانیان دادەنـێن، جیاکـاری دەنـوێنن و دەبنـە هـۆی ئـەوەی کـە ئـەو کەسانەی کە وەک ترەنس سەیر دەکرێن، بکەونە دۆخی ئابووریی لاوازەوە و تووشی نەداری و هەژاری ببنەوە. بەو پێیەی لە وڵاتی ئێران ئیشی سێکسی لە ژێر چەمکی هاوسەرگیریی کاتی لە مەزهەبی شێعەدا یاسـاییە، ئەنجامـدانی ئیشی سێکسی باوە. بۆ کەسێکی ترەنس کە نەشتەرگەریی گـۆڕینی ڕەگـەزی ئـەنجام داوە، هاوسـەرگیریی کـاتی هـەتا ڕادەیـەک هاوسـەرگیریی یـەک کاتژمێری ڕێگە پێدراوە؛ چوونکە دەرفـەتی دووگیـانبوونی نییـە و کەسـەکە نیگەرانێتی ئۆبـاڵی هـیچ بەرپرسـایەتییەکی وەک بـاوکی داهـاتوو ناکەوێتـە ئەستۆی.

## ڕوانگەی یاسایی ئێران بۆ ناهاوسانان

1. ناهاوسانانی ئێرانی و یاساکان:
12 ئاپریل 2118 ، http://hir.harvard.edu/article/?a=9885

لە ساڵی 1979، ئێران لە ژێر مادەی 2ـی یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی ئێران وڵاتێکی ئیسلامی بووە. سیستەمی یاسایی ئێران بە گوێرەی حکومەتی یاسای مەدەنی هاوشێوەی حکومەتی فەرەنسە بنیات نراوە. دەوڵەت بریتییە لە وەلی فەقێ و هێزی جێبەجێکار، یاسادانەر و داد.

بە گوێرەی یاسای ئێران، هاوڕەگەزخوازی نایاسایییە. ڕیشەی یاسای سزای ئێران دەچێتەوە سەر شیکارییەک لە ئایینی ئیسلام کە هۆگریی بۆ پەیوەندیی لەگەڵ هاوڕەگەز وەک دۆخێکی هەمیشەیی قبووڵ ناکات. بە گوێرەی یاساکانی ئێران کە بە پێی شەریعەتی ئیسلامن، هاوڕەگەزخوازی نایاساییە و سزای سەد قەمچی هەتا سێدارەی لێ دەکەوێتەوە. لە نەبوونی بەڵگەکانی دیکە، «دانپێدانان» سزای سی و یەک هەتا 70 قەمچی بە دواوەیە؛ بەڵام دانپێدانانێک کە «چوار جار دووپات ببێتەوە» وەک بەڵگەی تاوان کە هۆکاری سەد قەمچی یان سێدارەیە، بەسە. دەزگای دادی ئێران دەتوانێ لە ژێر ئەشکەنجە «دانپێدانان» لە کەسەکان وەربگرێت، کە ئەم دانپێدانانە لە ڕوانگەی یاساییەوە دروست نییە، چوونکە لە مادەی٢٤١ی یاسای سزا ئیسلامییەکان باس کراوە. بە گوێرەی یاسای سزای ئێران کە لە ساڵانی 2012 هەتا 2013 پێداچوونەوەی بۆ کرا، یاساکانی پەیوەندیدار بە هاوڕەگەزخوازی گۆڕدران. بە گوێرەی نموونەی کۆنتر «بەشداربووی چالاک (پیاو) لە هەموو حاڵەتەکاندا ئەگەر ژێر تەمەنی یاسایی نەبێ وەبەر سزای مەرگ دەکەوێت.» بەڵام سنووردارێتی «تەنیا» هەتا 74 قەمچی بۆ کەسانی ژێر تەمەنی نموونەی کۆنتر لەم نموونە نوێیە سڕدراوتەوە.

بە پێی یاسای سزا ئیسلامییەکان سزای سێدارە هەڕەشەیەکی هەمیشـەییە و ئەگەر پیاوێک لە پەیوەندی هاوڕەگەزخوازانەدا دەوری «بەرکار»ی هـەبێ، هەمیشە گونجاوە ڕووبەڕووی سزای مەرگ ببێتەوە. «بکەر» بە هۆی هەنـدێ بارودۆخەوە مەحکوم بە مەرگ دەبێ یان بە سەد قـەمچی حـوکم دەدرێـت. کەواتە پیاوانی ئێرانی کە لەگەڵ پیاوان پەیوەندیی سێکسییان هەیـە **(MSM)** یان ئەو ژنانەی کە لەگـەڵ ژنـانی دیکـە پەیوەنـدیی سێکسـی سـاز دەکـەن **(WSW)** بە هۆی کردەی خۆیان مەحکووم دەبن؛ پیاوان بە سێدارە و ژن بـە قەمچی.

لە وڵاتی ئێران، یاسـا و ڕێسـاکانی پەیوەندیـدار بـە کەسـانی ناهاوسـان لەگەڵ هی کەسانی ترەنس جیاوازە. گوتاری مێژوویی لەم بوارە پیشـاندەری جۆرە جیاوازەکانی گوتاری ئایینییە و زۆرێک لە شوێنکەوتووانی ئایین وایان پێ باشترە کـە شووناسـی ترەنسـیان لـە چوارچێـوەی ئـایینی ئیسـلام وەک نۆرمێک سەیر بکەن. لە ساڵی 1967، خومەینی وەها باسی لە فیقە کرد کە بـە پێـی ئـەزموونی مێژوویـی پێشـنیاری ڕێنـوێنی دەدات. کتێبـی تحریـر الوسیلەی خومـەینی بەڵگەیـەکی فەلسـەفی گرینـگ بـوو کـە لـە سـەرەتادا ئامانجەکەی تەنیا شوێنکەوتووانی خومەینی لەو کاتەدا بوو و دواتر کـە بـوو بە وەلی فەقێی ئێـران، ڕێـی بـردە نـاو سیاسـەتە نیشـتمانییەکانیش. فیقهـی خومەینی مافەکانی کەسانی ترەنسـی بـۆ نەشـتەرگەری گـۆڕینی ڕەگـەز بـە فەرمی دەناسی. فیقهی پێشکەوتووی ئەو ئیدەعای دەکرد کـە «ئەلزۆهـەریر یان نیگای یەکەم دژی ڕێگری لە نەشـتەرگەری گـۆڕینی ڕەگەزێتییـە.» وەک پێشتریش وترا، زەخت بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە دەتوانێ زۆر توند بێت.

سیستەمی ئیداری ئێران لە قوربـانیکردنی ترەنسـەکان دەوری سـەرەکی دەبینێ و ئەمە زیاتر لە سەر ئاستە جیاوازەکانی دەسەڵاتدارێتی، کۆمەڵایەتی و بنەماڵەییدا ڕوو دەدات. ئەم پرسە لە زۆرێک لە توێژینەوە ئیتنۆگرافییەکانی وەکـــوو توێژینـــەوەی ئەفســـانە نـــەجم ئابـــادی «خـــۆ لاســـاکەرەوەکان: ترەنسێکسوالیتە و هۆگری هاوڕەگەزخوازانە لە ئێرانی هاوچـەرخ» (2013) باســی کــراوە. ئــەم توێژینــەوە دەریــدەخا کــە چــۆن کەمینــە سێکســی و ڕەگەزێتییەکان لە وڵاتی ئێراندا تێکۆشاون لە گۆشە نیگـای «خواست»ـــەوە پەنا ببەنە بەر سیستەمی ئیداری ئێران تا لە گۆشە نیگای «حەق»ـــەوە. ئەمـە ئەوە دەگەیێنێ کە کەسانی ترەنس سیستەمی ئیداری نایەکدەسـتی ئێـران لـە بەرژەوەندیی خۆیان دەگۆزنەوە بۆ ئەوەی جۆرەکانی یاسا و ڕێسا بیچم بدەن کە نە تەنیا دەست پێگەیشتن بە سەرچاوەی پزیشکی بـەڵکوو پانتایـەک بـۆ مانۆڕی ڕێژەیی بۆ ژیانێکی شیاوی تابشت بۆ ئەوان شیاو بکەن. وەک نەجم ئابادی دەڵێ لە بری هەوڵ بۆ گۆڕینی یاساکان، بۆ وێنە لە ڕێگەی پەرلەمان، کەمینـــە سێکســـی و ڕەگەزێتییـــەکانی لـــە ئێـــران لەگـــەڵ ڕێکخـــراوەی چاکژیانەوە(بهزیستی) و دیکەی بەشە ئیدارییەکانی دەسەڵات بۆ هێنانە دی ئەو گۆڕانکارییانەی وا پێویستیان پێیەتی، ئیش دەکەن.

لە ساڵی 2010، نووسینگەی خەسارەتە کۆمەڵایەتییەکانی ڕێکخـراوی چاکژیانەوە وڵامی لۆبیگەری و ئەکتیڤایەتی ستراتیژی ترەنسەکانی دایـەوە و پۆلێنبەندیی هۆکاری لێخۆشبوونیان لە خزمەتی سەربازی لە «برگەی کێشە دەروونییەکان»ـی گۆڕی بۆ «برگەی کێشە هۆرمۆنییـەکان». ئێسـتا کـە ئـەم "کێشە هۆرمۆنی"ـیانە وەک هۆکاری لێخۆشبوون لە سەر کارتەکەیان تۆمـار

دەکرێ، لانیکەم بە شێوەی تیۆری، ئەو ڕێژە هەڵاواردنەی کە لە دژی ترەنسە پیاوەکانی هەڵوەدای کار ئـەنجام دەدرێ، کـەمتر دەکاتـەوە. نـەجم ئابـادی ڕوونـی دەکاتـەوە کـە «بـۆ بەرپرسـانی پزیشـکی و یاسـایی، نەشـتەرگەری گۆڕینی ڕەگەز بە شێوەی دیاریکراو چارەسـەری نـانۆرمی نەخۆش‌ئاسـایە و هەندێ جار بژاردەی قبووڵ کراوی ئایینی و یاسـایی بـەو دیترەگەزخوازانـە دەناسێنن کە خواست بۆ پەیوەندی سێکسی لەگەڵ هاوڕەگەز یان ئەم چەشنە هەڵسووکەوتنانەشیان هەیە.»

سیستەمی یاسایی ئێران لە پەیوەندی لەگەڵ کەسانی ناهاوسان، بێ‌بنەما، ئازاردەر و بێ‌ڕێزی هێنەرە؛ چوونکە هاوڕەگەزخوازی قبووڵ ناکا و بە فەرمی نایناسێت. دەزگای دادی ئێران هیچ چەمکێکی هۆگری سێکسـی بـەدەر لـە هۆگریی بۆ ڕەگەزی بەرانبـەر بـە فـەرمی نایناسـێت کـە واتـە لـە ڕووانگـەی یاسـاییەوە هاوڕەگـەزخواز یـان دووڕەگـەزخواز مانـای نییـە و ئەمانـە تـەنیا کەسانێکن کە دەست دەدەنە کردەی هاوڕەگەزخوازانە.لە ڕوانگەی زۆربـەی ناهاوسانانەوە کاریگەری بەربڵاو و ڕووخێنەری ئەم یاسا و سزایانە لـە سـەر کردەی سێکسی تایبەتی دوو کەسی هاوڕەگەزی گـەورە سـاڵ کـە بـەم کـارە ڕازیین، چی لە سەر ئاستی شرۆڤە و چی لە سەر ئاستی کردەوە پێکەنینییە.

هـەواڵنێری تایبـەتی ڕێکخـراوەی نەتـەوەکان، عەسـما جـەهانگیر، لـە ڕاپۆرتی دووهەمی خۆیدا سەبارەت بە بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە ئێـران کە لە مەودای زەمەنیی یەکەمی مـانگی ژانڤییـە هـەتا سـی و یـەکی مـانگی جوون لە خۆ دەگرت، هەندێ زانیاری لە کۆمەڵێ لە کارناسان و سەرچاوەی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ وێنە بنیاتی عەبدولڕەحمانی بروومەند کۆ کـردەوە بـۆ

ئەوەی «کێشە مافە مرۆییە جیدییەکان» لە ئێراندا شرۆڤە بکات. خاتوو جەهانگیر لە ڕاپۆرتی خۆیدا ڕەخنەی لە دەزگای دادی ئێران گرت و ڕێژەی ڕۆژ لە ڕۆژ زیادی لە سێدارە دان بە تاوانی هاوڕەگەزخوازی کە وڵاتی ئێران بە نایاسایی لە قەڵەمی دەدا، ئیدانە کرد. بۆچوونە کاریگەرەکانی ناوبراو دۆخی دژواری ناهاوسانانی لە ئێراندا پیشان دا. هەڵوێستی ئەو لە هەمبەر ئەم بابەتە تڕووسکاییەکی دروست کرد و پیشانی دا کە پرۆسەیەک بەڕێوەیە بۆ ئەوەی ئاشتی و ئارامی بێنێتە ناو ژیانی ناهاوسانانی پەراوێز خراو.

شۆڕشی 1357ـی هەتاوی دەزگای دادی ئێرانی گۆڕی. بەشێک لەم گۆڕانکارییانە هاتنی یاسای شەریعەت بوو. شەریعەت هەر هەموو ئەو فەرمانانەی کە خودا لە دەقی قورئانی پیرۆزدا بە حەزرەتی محەمەدی (د.خ) ڕاگەیاندووە، بە گوێرەی تێگەیشتنی پێغەمبەر لە کەلام و کردەوە لە خۆ دەگرێت. لە وڵاتی ئێران، یاسای شەریعەت زۆر بە توندی لە ژێر کاریگەریی دەسەڵاتداری ئایینییە کە کاریگەرییەکی زۆری لە سەر پرۆسە یاساییەکان هەیە و ئەو دڵنیاییە دروست دەکا کە یاسا و ڕێساکانی یاسای ئیسلام پێشێل نەکەن. بە گوێرەی ئەم یاسایە، یاسای تاوان و مەدەنی گۆڕانیان بە سەر هات و یاساکانی بنەماڵە وەکوو هاوسەرگیری، تەڵاق، سەرپەرشتی منداڵان و زۆرێک لە یاساکانی ژنان گۆڕانکارییەکی زۆریان بە سەر هات.

### ئایین؛ ڕوانگەی ئیسلامی

بە ئاوڕدانەوە لە دەمارگرژییە ئایینییەکان، هیچ سەیر نییە کە هاوڕەگەزخوازان

هەمیشە لە سەر ئاستی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگا موسڵمانەکاندا وەک پرسێکی نەرێنی لێیان دەڕوانرێت. بەرهەڵستی ئایینی دژ بەم پرسە دەتوانین لە دەقی پیرۆزی ئیسلام (قورئان)، یاسای ئیسلام (شەریعەت) و گێڕانەوەی ڕەپاڵ دراوی حەزرەتی محەمەد (فەرموودە) بەدی بکەین کە هەر هەموویان ڕوانگەیەکی زۆر نەرێنیان بەرامبەر بە هاوڕەگەزخوازی هەیە.

شۆڕشی 1357 ئێران بووە هۆی ڕووخانی بەربڵاوی هاوڕەگەزخوازانی وڵات. وەک تایلۆر و هاوکاران (2015) وتیان: «ڕوون نییە چەند کەسی نادیترڕەگەزخواز پاش شۆڕشی ئیسلامی لە سێدارە دراون؛ بەڵام لە نێوان ساڵانی 1979 و 1990، ڕێژەی 107 سێدارە تۆمار کراوە.»[1]

ئایین زۆر جار لە تاراندنی ناهاوسانانی کۆمەڵگای ئیسلامی دەوری سەرەکی دەبینێ و ئاراستەی بیرکردنەوە و ئاکاری ملیۆنان کەسی ئایینپەروەرە. ئایین زۆر جار لەگەڵ «ناوکی» شووناسی موسڵمانان لە هاوئاهەنگیدایە کە واتە هەڵوێستی ئیسلامی لە هەمبەر هاوڕەگەزخوازی زۆر گرینگە. ئەم هەڵوێست و کردەوە پتر لە ڕێنوێنی ئایینییە، بەڵکوو ئایین جەوهەری سەرەکی لە بنەمایەکی سیاسییە؛ چوونکە ئەم دەسەڵاتە ئەخلاقییەی هەیە کە کاریگەری لە سەر ڕای کۆمەڵایەتی و هەڵسووکەوتە-کان بەتایبەت لە هاوسەرگیری، ژیانی خێزانی و پەروەردە دابنێت. ئەم بابەتە لە هیچ شوێنێک هێندە ڕوانگەی کۆمەڵگا بۆ هاوڕەگەزخوازی خۆی بە

1. Taylor, Yvette, Ria Snowdon. Queering Religion, Religious Queers Volume 38 of Routledge Studies in Religion. Page 45.

باشـی نەنوانـدووە. بـە واتایـەکی سـادەتر، لـە پشـت چاویلکـەی ئـایین، هاورەگەزخوازی کردەوەیەکی قێزەونە.

باوەڕی ئایینی لە ئاستەنگ دروستکردن لە سەر ڕێگـەی قبـووڵکردنی کۆمەڵایەتیی هاوڕەگەزخوازی و هاوسەرگیری هاوڕەگەزان هەمیشە هێزێکی بەتوانا و فاکتەرێکی دیاریکەرەوەیە. لە وڵاتی ئێران، هاوڕەگەزخوازی تاوانە و ترەنسێتی نەخۆشییە. ئەم ڕاستییە تاڵە کۆمەڵایەتییە زۆر جـار کاریگـەری لـە سەر ژیانی ناهاوسانانی ئێرانی دادەنێت. قورئان بە شێوەی دیاریکراو ئامـاژە بە کەسانی ترەنس ناکا، لە حاڵێکـدا لـەو پـەڕی سەرسـووڕماندا، دەوڵـەتی ئێران ئاسانکاری نەشتەرگەری گۆڕینی ڕەگەزی بۆ ترەنسەکان کردووە.

بە ئاوڕدانەوە لە کاری نەجم ئابادی، تایلۆر و هاوکـاران کـە دەڵـێن «لـە سەر ئاستی هەموو وڵاتانی جیهان، پاش تایلەند، کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران زیاترین ڕێژەی نەشتەرگەری گۆڕینی ڕەگەز لە ساڵدا ئەنجام دەدات.»

یاسـای سـزای ئێـرانیش گـۆڕانی بـە سـەردا هـات. پـەڕلـەمـانی ئێـران پێداچوونەوەی بە یاسای سزای ئیسلامی نوێی لە سـاڵی 2009 کـرد و لـە مانگی مەی ساڵی 2013، شۆڕای نیگابان کـە ڕێکخراوەیـەکی سـەرتر لـە پەرلەمانی ئێرانە، ئەم یاسا نوێیەی پەسەند کرد کـە بـە شـێوەی فـەرمی پێـی دەوترێ یاسای سزای ئیسلامی. یاسای سزای نوێ جۆرە جیاوازەکـانی سـزا لە خۆ دەگرێت. بە گوێرەی یاسای ئیسلامی، سزاکانی حەد ئەو سزایانەن کە پەیوەندییان بە «مافی یاسایی خـودا»وە. لـەم چەشـنە سـزایانەدا، فـەرمانی دیاری کـراوە و دادگـا بـۆی نییـە لێکدانـەوەی دیکـەی بـۆ بکـات. لـە سـزا تەمبێییەکاندا، بوار بۆ لێکدانەوەی دادوەر هەیە. یاسای سزای ئیسلامی نـوێ

بریتییە لە بڕگەگەلی لێکدژ و پارادۆکسی وەکوو یاسای قیساس یان تۆڵە کردنەوەی قەتڵ، بەردبارانکردن بۆ کردەوەی زینا، قرتاندنی ئەندامی لەش بە تاوانی دزێتی و هەندێ تاوانی ئاسایشی نیشتمانی و قەمچی بۆ بازنەیەکی بەربڵاو لە تاوانەکان.

لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی ئیسلامی، یاسای سزای ئیسلامی نوێ بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ژیانی ناهاوسانانی گۆڕی. بە شێوەی تایبەت، لە بەشی 2، مادەکانی 232 هەتا 241 پێ باشبوونی پەیوەندیی هاوڕەگەزخوازانە لە سیستەمی یاسایی بە تەواوەتی دیاری دەکەن. ناهاوسانان قبووڵ کراو نین و پشتیوانیان لێ ناکرێت. بە گوێرەی یاسای سزای نوێ هەموو چەشنە توندوتیژییەک بەرانبەر بە ناهاوسانان ئەنجام دەدرێت.

مادەی 233 ـ نێربازی بریتییە لە تێخزانی ئەندامی زاوزێی پیاوان بارتەقای شوێنی خەتەنە بۆ ناو کۆمی مرۆڤێکی نێر (دخوول).

مادەی 234 ـ سزای حەدی نێربازی بۆ کەسێک کە دخوول ئەنجام دەدا ئەگەر ئەم کارە بە زۆرداریی یان زۆرەملێیەتی ئەنجام درا یان لە دۆخێکدا کە پێکهێنانی ژیانی هاوبەش بێ، دەبێ لە سێدارە بدرێت؛ بەدەر لەم حاڵەتە دەبێ بە سەد قەمچی سزا بدرێت. سزای حەد بۆ بەرکار لە هەر حاڵەتێکدا (چی حاڵەتی پێکهێنانی ژیانی هاوبەش بێ و چی نەبێ) سێدارەیە. ئەگەر بکەر ناموسڵمان بێ و بەرکار موسڵمان، سزای حەد بۆ بکەر سێدارەیە.

مادەی 235 ـ تەفخیز بریتییە لە دانان ئەندامی زاوزێی پیاو لە نێوان ڕان

یان قوونی مرۆڤێکی پیاو.

مادەی 236 ـ لە تەفخیز، حەدی بکـەر و بـەرکار سـەد قەمچییـە و لـەم حاڵەتەدا هیچ جیاوازییەک لە نێوان ژندار و بێژن و زۆرداریی و نازۆرداریی نییە.

مادەی 237 ـ هاوڕەگەزخوازی مرۆڤی نێر بەدەر لە نێربـازی و تـەفخیز وەکوو ڕامووسان و دەست لێدانی بە هەوەس، سزای سی و یەک هەتا حـەفتا و چوار قەمچی تەمبێی پلە شەشی لێ دەکەوێتەوە.

تێبینی 1ـ حوکمی ئەم مادە مرۆڤی مێینەش دەگرێتەوە.

تێبینـی 2 ـ حـوکمی ئـەم مـادە ئـەو حاڵەتانـە ناگرێتـەوە وا لـە ڕووی شەرعییەوە سزای بۆ دەبڕێتەوە.

مادەی 238 ـ مووساحەقە بریتییە لەوەی کە مرۆڤێکـی مێینـە ئەنـدامی زاوزێی خۆی لە سەر ئەندامی زاوزێی هاوڕەگەزی خۆی دابنێت.

مادەی 239 ـ حەدی مووساحەقە سەد قەمچییە.

مادەی 240 ـ لە حەدی مووساحەقە، هیچ جیاوازییەک لە نێوان بکەر و بەرکار و موسڵمان و ناموسـڵمان و هاوسـەردار و سـەڵت و زۆرەملێیـەتی و نازۆرەملێیەتی نییە.

مادەی 241 ـ لە ئەگەری نەبوونی بەڵگەی سەلماندنی یاسایی لە سـەر ڕوودانـی تـاوانی دژ بـە پاکـداوێنی و نکـۆڵیکردنی تۆمـەتبار هەرچەشـنە لێکۆڵینەوە و لێپرسـینەوەیەک بـۆ دۆزینـەوەی کاروبـاری شـاراوە و نـەبینراو قەدەغەیە. حاڵەتەکانی لێوەشانەوەی ناچـارکردن، نـەخوازراوی، ئازارانـدن،

ڕفاندنی یان هەڵفریواندن یان ئەو حاڵەتانەی کە بە پێی ئەم یاسایە تووشی تاوانی ناچارکردن هاتووە ئەم حوکمە نایگرێتەوە.

لەو حاڵەتانەی سەرەوە دەتوانین تێبگەین کە یاسای سزای نوێ پەیوەندی هاوڕەگەزخوازانە بە تاوان دەزانێ و لایەنێک لە سزاکان لە 100 قەمچی بۆ پەیوەندی سێکسی ڕێککەوتووانە لە نێوان دوو ئافرەت (مادەی 239) هەتا سێدارە بۆ دخوولی سێکسی بە پێی ڕەزامەندی نێوان هەر دوو پیاو (مادەی 234) دەگرێتەوە. هەروەها ئەم یاسایە دیکەی هەڵسووکەوتەکانی هاوشێوەی نێوان دوو هاوڕەگەز وەکوو دەست لێدان و ماچکردن بە تاوان دەزانێ و نزیکەی 74 قەمچی وەک سزا بۆیان ڕەچاو کردووە. مادەکانی 232 و 233 سزای مەرگ بۆ «بەرکار»ی پەیوەندییەکی سێکسی ڕەزامەندانەی نێوان دوو پیاو ڕەچاو دەکەن، لە حاڵێکدا یاسا «بکەر» بۆ 100 قەمچی (ئەگەر موسڵمان و سەڵت بێت) سزا دەدات. پیاوانی ناموسڵمان و هاوسەردار کە لە پەیوەندییەکی سێکسی ڕەزامەندانەدا بەشداری دەکەن، بە مەرگ حوکم دەدرێن.

سەیر لەوەدایە کە دووهەمین کتێبی بەشی چوارەمی یاسای سزای ئیسلامی کە هەموو چەشنەکانی تاوانی سێکسی لە خۆ دەگرێت، بەرانبەر بە بابەتی دەستدرێژی ژن و مێردی بێدەنگی هەڵبژاردووە. دەستدرێژی تاوانێکی لە باو کەوتووە، مەگەر ئەوەی کە کردەوەی سێکسی لە دەرەوەی بازنەی پەیوەندی قبووڵ کراوی ئایین ڕوو بدات. ئەم لۆژیکە نەخۆشە ئەوە دەگەیێنێ کە دوو پیاوی گەورە ساڵ کە لە پەیوەندییەکی سێکسیدان تاوانیان

لێ وەشاوەتەوە و مەترسی مەرگ بۆ خۆیان دەکرنەوە؛ بەڵام کەسێک کە بە ناوی هاوسەرگیرییەوە پەیوەندی سێکسی بە سەر کچۆڵەیەکی تەمەن دە ساڵاندا دەسەپێنێ، ئەوە تاوانی لێ نەوەشاوەتەوە.

بە گوێرەی سزای یاسای نوێ، هاورەگەزخوازی و سزای سێدارە زۆر لێک نزیکن. ئێستا دەتوانین تێبگەین کە بۆچی زۆرێک لە ناهاوسانان لە بارودۆخی پڕ لە نیگەرانی و ترسێکی هەمیشەییدا دەژین؛ چوونکە بەرپرسانی ئێرانی لە قەرەباڵغدا سزا و سێدارەکان جێبەجێ دەکەن.

## پابەندبوون بە یاسا نێودەوڵەتییەکان لە ئێران

ئێران جارنامە و ئامرازی مافە مرۆییە جۆراوجۆرەکانی واژۆ کردووە کە ڕاشکاوانە هەر چەشنە کردەیەکی خراپی سێکسی، زەینی یان جەستەیی لەگەڵ کەسەکان و بەتایبەت منداڵانی قەدەغە کردووە. بە گوێرەی ئەم بەڵگانە، دەوڵەتی ئێران هەندێ پابەندێتی هەیە و بە گوێرەی یاسای نێودەڵەوتی دەبێ مافەکانی ژنان لە بواری یەکسانی و نەبوونی هەڵاواردن، دەربازبوون لە توندوتیژی خێزانی و کردەی خراپی ئەندامانی بنەماڵە دەستەبەر بکات؛ بەڵام نەبوونی یەکگرتوویی لە نێوان ستاندارده نێودەوڵەتی و ئیسلامییەکان بابەتێکی ئاشکرایە. یاسای سزای ئێران کە بەردباران کردن، بڕینی ئەندامانی لەش و قەمچی لە خۆ دەگرێ، نموونەیەکە لە پێناسەی یاسای نێودەوڵەتی لە ئەشکەنجە. قەدەغەی ئەشکەنجە و هەڵسووکە- وتی نامرۆڤانە لە ئامرازەکانی مافە مرۆییە گشتی و ناوچەییەکاندا جەختی لە سەر کراوەتەوە.

جارنامەی قەدەغەی ئەشکەنجە و هەڵسووکەوت یـان سـزای بێبـەزەیی، نامرۆڤانە یان سووککەرانە، وردترین و بەڵگەمەندترین پێناسە لە ئەشـکەنجە بە پێی یاسای نێودەوڵەتی دەخاتە ڕوو کە بەم شێوەیە:

«هەر کردەوەیەکی بە ئەنقەست کە بە هۆیەوە ئێش یان ئـازارێکی زۆری جەستەیی یان دەروونی لـە دژی کەسـێک بـە مەبەسـتی وەدەسـت هێنـانی زانیاری یان دانپێدانان لەو یان کەسی سێیەم بسـەپێنرێ، ئـەوە ئەشـکەنجەی پێ دەڵێین. (هەروەها) سزادانی کەسێک وەک کردەوەیەک کە ئەو یان کەسی سێیەم ئەنجامی داوە یان ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەنجامی بـدا، بـە هەڕەشـە و زۆرەملێی و لە سەر بنەمای هەڵاواردن لە هەر چەشن و کاتێک بە گەیانـدنی ئێش و ئازار یان هاندان و بزواندن یان بە ڕەزامەندی و بەرهەڵستی نـەکردنی کاربەدەستی دەوڵەتی یان هەر خاوەن پلەیەکی دیکـە ئـەنجام بـدرێ، وەک ئەشکەنجە لێی دەڕوانرێت. ئێش و ڕەنجێک کە بە شێوەی سرووشتی یان بە شێوەی لاسـاییانە پێویسـتیی سـزای یاسـاییە، وەبـەر ئـەم (کۆنوانسیۆن)ـــە ناکەوێت.»

لە مانگی ئاگێستی ساڵی 2017، سەد و شەست و دوو وڵات ئەنـدامی ئەم پەیماننامە بوون؛ بەڵام ئێران هێشتا واژۆی نەکردووە.

سەرەڕای ئەمە، ئێران ئەندامی پەیماننامـەی نێودەوڵـەتی مافـە مـەدەنی و سیاسییەکانە. بە گوێرەی مادەی 7ـی ئـەم پەیماننامـە: «هـیچ کـەس نـابێ ئەشکەنجە بدرێ یان هەڵسووکەوت یان سزای توندوتیژ، نامرۆڤانـە و بێڕێزی بە سەردا بسەپێنرێت.»

ئێران ئەم پەیماننامەی لە چواری مانگی ئاپریلی ساڵی 1968 واژۆ و بە

بێ مافی خۆبواردن لە 24 مانگی جوونی ساڵی 1975 پەسەندی کرد. هەروەها ئێران پەیماننامەی مافەکانی منداڵی واژۆ کردووە. مادەی 37ی ئەم پەیماننامە دەڵێ: «سزای سێدارە یان زیندان بە بێ هەلی بەخشین ناتوانرێ بۆ منداڵانی ژێر تەمەنی 18 ساڵ بە کار بهێنرێت.»

ئێران بەو ئیدەعایە پاکانە بۆ ڕەچاو نەکردنی ئەم مژارانە دەکا کە لە هەندێ مژاردا کە پەیماننامە «دژی فیقهی ئیسلامییە» مافی فەرمانێکی نوێ بۆ خۆی بە پارێزراو دەزانێت.

**ئامار و ڕێژەی لە سێدارەدان لە ئێران**

ئێران یەکێکە لەو حەوت وڵاتەی جیهان کە هێشتا سزای مەرگ بۆ هاوڕەگەزخوازی جێبەجێ دەکات. هەروەها ئێران لە چاو حەشیمەتی خۆی زیاترین ئاماری سێدارەی لە کۆی وڵاتانی دیکەدا هەیە. بە گوێرەی ژمارەی ڕەها، تەنیا وڵاتی چین ڕێژەی زیاتری سێدارەی لە چاو ئێران ئەنجام داوە. لە ساڵی 2009، دەزگای دادی ئێران 388 کەسی لە سێدارە داوە. لە نێوان ساڵانی 2010 و 2014، ڕێژەی سێدارەکان هەڵکشانی بە خۆوە بینیوە و بە گشتی گەیشتووەتە لانیکەم سێ هەزار و 242 حاڵەت.

ئێران بە پێچەوانەی ئەندامێتی لە هەموو جۆرەکانی پەیماننامەکانی مافەکانی مرۆڤ، هێشتا درێژە بە لەسێدارە دانی منداڵان دەدات. لە ساڵی 2007، ئێران هەشت مێرمنداڵی لە سێدارە دا. لە ساڵەکانی 2008 و 2009، ئێران تاکە وڵاتێک بوو کە هێشتا بە پێچەوانەی پابەندییەکانی بڕیارنامەی مافەکانی مرۆڤ درێژە بە لە سێدارە دانی منداڵان دەدات. لە

ساڵانی 2013 و 2014 ئێران لانیکەم یانزە حاڵەتی لە سێدارە دانی منداڵانی هەبووە و ئەمانە تاکە حاڵەتگەلێکن کە ئاشکرا بوون. بێگومان ڕێژەیەکی یەکجار زۆری ئەم سێدارانە هەرگیز ڕاناگەیێنرێن.

لە ساڵی 2014، دوو پیاو بە ناوەکانی عەبدوڵا قەوامی چاهزەن جیری و سەلمان قەنبەری چاهزەن جیری لە ڕێکەوتی 6 ئاگێست لە باشووری ئێران لە سێدارە دران و تاوانەکەیان ڕەنگە کردەوەی نێربازی بوو بێت. ڕوون نییە کە ئایا ئەوان بە هۆی گەیبوون لە سێدارە دران یان نا؛ چوونکە گێڕانەوەی لێکدژ و لێکنەچوو لە بارەیانەوە هەیە: سەرچاوەیەک لە ئێران وتی کە ئەوان گەی بوون و سەرچاویەکی دیکە لە مەڕ «تاوان»ـی ئەوان ڕوون نەبوو بەڵام ئەوانی وەک «تاوانبارانی نائەخلاقی» ناوزەد کرد. لە ساڵی 2011، سێ پیاوی ئێرانی پاش مەحکوومبوون بە تاوانی هاوڕەگەزخوازی لە سێدارە دران. ئەم کەسانە تەنیا بە پیتی یەکەمی ناویان ناسران، لە باشووری ئێران لە شاری ئەهواز، ناوەندی پارێزگای خووزستان لە سێدارە دران. بەرپرسێکی داد لە ناو ئاپۆرەی خەڵکدا وتی کە ئەم سێ تۆمەتبارە بە هۆی ئاکاری دژ بە شەریعەتی ئیسلام و «کردەوەی گڵاو» بە مەرگ حوکم دران. ڕێکخراوەی مافەکانی مرۆڤ لە نەرویج وتوویەتی کە تاوانی ئەم پیاوانە «نێربازان» (تێکەڵبوونی یان دخوولی سێکسی نێوان دوو پیاو) بووە. دیار نییە کە ئایا ئەم پیاوانە هاوڕەگەزخواز بوون یان وەک هاوڕەگەزخواز ناسێنران. لە ساڵی 2007 ڕاگەیێنرا کە بیست تاوانبار بە تاوانی جۆراوجۆری وەک دەستدرێژی و نێربازی لە تاران لە سێدارە دران.

وردەکاری زیاتر سەبارەت بەم ڕووداوە بە خەڵک نەدرا.

لە ساڵی 2005، لە سـێدارە دانـی دوو کـوڕی مێرمنـداڵ بـە ناوەکـانی مەحموود عەسکەری و ئەیاز مەرهوونی لە ئاستێکی بەربڵاودا بـە میـدیایی کرا. ئەوان لە ئاپۆرەی خەڵکدا بە تاوانی بەشداری لـە کـردەوەی نێربـازی و دەستدرێژی لە سێدارە دران و ئەمە پێشبینی نەکراوی و توندوتیژی ڕوانگـەی ئێـران بەرامبـەر بـە بابـەتی هاوڕەگـەزخوازی پیشـان دا. وێنـەی دڵتـەزێن و هەژێنەری لە سـێدارەدانی ئـەوان بـە شـێوەی بـەربڵاو لـە ئەنتـەرنێت بـڵاو کرایەوە. هەر دوو ئەم کەسە لە کـاتی تاوانـدا، منـداڵ بـوون و دەوتـرێ کـە یەکیان تەنانەت لە کاتی جێبەجێکردنی فەرمانی لـە سـێدارە دان هێشـتاش منداڵ بووە. هێشتا ڕوون نییە کە ئایـا ئـەم دوو لـە سـێدارە دانـە بـە شـێوەی تایبەت بە هۆی هاوڕەگەزخوازبوونیان بوو یان نا. ئەو ڕاستییانەی کە بە پێـی ئەوان وەک تاوان ناسراوە هەتا ئەوڕۆ هێشتا بە ناڕوونی ماوەتەوە.

هەر بەم شێوە، کوڕێکی مێرمنداڵ بە ناوی مەولوودزادە بە تاوانی نێربازی و دەستدرێژی بۆ سەر سێ کوڕی مێرمنداڵ لە تەمـەنی سـیانزە سـاڵاندا لـە سێدارە درا. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە هـەموو شـایەتحاڵەکان لـە سـکاڵاکانی خۆیان پاشگەز ببوونـەوە و مەولـەوودزادەش دانپێـدانانی خـۆی وەرگرتـەوە. سزای سێدارە منداڵان ناگرێتـەوە. لـە سـەر ئاسـتی نێودەوڵـەتی بـە شـێوەی جیدی سکاڵا لـە دژی سـەرۆکی دەزگـای دادی ئێـران تۆمـار کـرا. ئـەم لـە سێدارەدانە بە ڕوونی پێشێلکردنی دوو پەیماننامەی نێودەوڵـەتی جاڕنامـەی مافەکانی منداڵ و پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسـییەکان بـوو کە ئێران ئەوانی واژۆ کردبوو و بە گوێرەی ئەوان سزای سێدارە بـۆ منـداڵانی

تاوانبار قەدەغە کراوە. سەرەڕای ئەم وەسفانە، مەولوودزادە بە بێ ئاگاداری بنەماڵە و پارێزەرەکەی لە سێدارە درا. مۆدلانا مەقرەبی، جێگری بەڕێوەبەری بەرنامەی خۆرهەڵاتی ناڤین و باکووری ئەفریقا لە لێبووردنی نێودەوڵەتی وتی ئێران پیشانی داوە کە لە تامەزرۆیەتی نەخۆش‌ئاسایانە بۆ لە سێدارە دانی منداڵان و پێشێل‌کردنی یاسای نێودەوڵەتی هیچ ڕادە و سنوورێک ناناسێت.

یاسای سزای ئیسلامی نوێ ئەو کەسانەی کردۆتە ئامانج کە وا دەزانرێ هۆگری سێکسییان نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان تێک دەدا و ئەمە پاساوێکە بۆ دەسەڵات بۆ ئەوەی «سەرپێچیکاران» لە سەر ڕووی زەوی بسڕێتەوە. ئەگەر لە سەر زەینی گشتی نەکرا، لانیکەم لە پێکهاتەی زۆرێک لە یاسا سزاییەکان، یاساکانی نێربازی بە تاوانی چەپەڵی وەکوو کەڵکاوەژوویی، پەلاماری سێکسی، زینا و چەوساندنەوەی سێکسیی منداڵان پێکەوە گرێ بدا و ئەمە سەرلێشێواوی و تووڕەیی گشتی خەڵکی لێ دەکەوێتەوە کە بەم شێوە هاوڕەگەزخوازی دەخەنە ڕیزی تاوانی ترسناکی وەکوو توندوتیژی سێکسی. ئازاری سێکسیی منداڵان و دەستدرێژی تاوانی شەرمەزارهێن و تۆقێنەرن؛ بەڵام هاوڕەگەزخوازی وا نییە. وەک لە بەشەکانی ڕابردوودا وترا، مەخابن هاوڕەگەزخوازی هەمیشە دەخرێتە ڕیزی منداڵبازی و داوێنپیسی سێکسی کە لە لایەن کۆمەڵگاوە بە شیاوی تاراندن، سزا و سێدارە دەزانرێن. یاسای سزای پەیوەست بە هاوڕەگەزخوازی لە ئێران کۆمەڵێ مافی مرۆیی بنیاتی پێشێل دەکات. بە گوێرەی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی نەتەوەکان لە ئاکتەوبەری 2017، دکتۆر ئەحمەد شەهید، هەواڵنێری تایبەتی مافەکانی مرۆڤی

ڕێکخراوی نەتەوەکان لە ئێران، وتی سیستەمی سزایی کۆماری ئیسلامی لـە ڕووی ڕەچاو گرتنی سـتانداردە نێودەوڵەتییـەکانی مافـەکانی مـرۆڤ لاوازە؛ چوونکە بۆ وێنە هاوڕەگەزخوازی دەخاتە ڕیزی «تاوانی شیاوی مەرگ».

چاودێری مافەکانی مرۆڤ ڕاپۆرتێکی تەواوی لە ساڵی 2010 لـە سـەر بارودۆخی هاوڕەگەزخوازان و دیکەی کەمینە سێکسییەکان لە وڵاتـی ئێـران بڵاو کردەوە. ئەم ڕاپۆرتە ڕایگەیاند لەو ڕووەوەی کە دادگاکانی پەیوەسـت بـە «پرسە ئەخلاقییەکان» گشتیی نین، لێکدانەوەی ئەوەی کە چەنـد کـەس بـە هـۆی پەیوەنـدی لەگـەڵ هاوڕەگـەز لـە سـێدارە دراون، دژوارە. لێبـوووردنی نێودەوڵەتی مەزەندە دەکا کە لە ساڵی 1979، نزیکەی 5 هـەزار کـەس بـە هۆی پەیوەندی لەگەڵ هاوڕەگەز لە سـێدارە دراون. بەڵام ئەمە ئیـدیعایەکە کە بە هۆی نەبوونی شایەتحاڵ و ئاماری فەرمی هێشتا نەسەلمێنراوە.

کومیتەی مافە کەلتووری، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان لەگـەڵ کومیتـەی مافەکانی مرۆڤ بە چەندین جار داوایان لە هەموو وڵاتانی ئەنـدام بـۆ وێنـە ئێران کردووە بۆ ئەوەی ئەو یاسـایانە هەڵبووەشـێننەوە کـە پەیوەنـدی لەگـەڵ هاوڕەگەز بە تاوان دەزانێت. دەوڵەتی ئێـران ئەنـدامی ICESCR و ICCPR ـە. مەرج و پابەندییەکانی ئەم بەڵگە نێودەوڵەتییانە ڕوونـن. سـەرەڕای ئەمـە، وڵامی دەزگای دادی ئێران بە کار هێنانی یاسای سـزای ئێسـتا بـۆ بـە تـاوان زانینی پەیوەنـدی لەگـەڵ هاوڕەگـەزە. ئـەو کێشـە و گرفتانـەی کـە گرووپـە ناهاوسانەکان لە ئێراندا ڕووبەڕووی دەبنەوە، لە بنەڕەتدا ناوەرۆکی یاسـاییان هەیە. لـە ئەگـەری زیـان یـان پشـێل‌کردنی مافـەکان، ئەگـەر نـەڵێین هـیچ هارکارییەک لە ئـارادا نییـە، یارمـەتی یاسـایی سـنوورداریان پـێ دەگـات؛

یاساکان بە شێوەی کردەیی لە پێناو پێشێلکردنی مافەکانی ئەم کەسانە جێبەجێ دەکرێن. یاساکان بە شێوەی سرووشتی بەرامبەر بە بەشە خەسارهەڵگرەکانی کۆمەڵگا، جیاکارییانە و دەمارگرژانەن و زۆر دژی پابەندێتییە نێودەوڵەتییەکانی ئێرانن.

ناهاوسانان خۆیان بە تەواوەتی لە لەقەم و ناتۆرەی هاوڕەگەزخوازی و دەمارگرژی بۆ ئەو و لە هەندێ حاڵەتدا لە ئەگەری ئاشکرابوونی شووناسی ڕەگەزی کە سزایەکی زەخت چاوڕێیانە، ئاگادارن. بۆ ئەو ناهاوسانانەی کە لە وڵاتی ئێران سەرەڕای هەموو هەڵاواردن و نەبوونی سازگاری ژیان بە سەر دەبەن، ئەمە وێنەیەکی ڕەشە.

تاوتوێی بارودۆخی هاوڕەگەزخوازان و دووڕەگەزخوازان لە وڵاتانی دراوسێ دەتوانێ پتانسیڵی ڕوانگەیەکی بەربڵاوتری بۆ چاکسازی یاسایی گونجاو و ڕێگە چارە بۆ بەرەنگاربوونەوەی چالنجە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێران دابین بکات. بۆ وێنە، لە وڵاتی تورکیا لە ساڵی 1858 پەیوەندی لەگەڵ هاوڕەگەز تاوانسڕینەوە کرا و هەڵاواردنی یاسایی سنووردارتر بوونەوە. یەکێک لە گەورەترین دەستکەوتەکانی جڤاکی ناهاوسانان، چالاکڤانانی کۆمەڵایەتی و ئێن‌جی‌ئۆکان لە وڵاتی تورکیا ڕێژەی شانازیی ناهاوسانان لە ئەستەنبۆڵ بوو کە تورکیای خستە ڕیزی یەکەمین وڵاتی موسڵمان کە ئەم ڕووداوەی تێدا بەڕێوە چوو. ناهاوسانانی ئێرانی لە هەندێ لەم ڕێژانە لە ئەستەنبۆڵ، ئامستردام و ستۆکهۆڵم لە ساڵانی 2015 و 2016 بەشدارییان نواند.

سەرەڕای ئەم هەڵوێستە گشتییە زۆر مژدەبەخش و ڕوونە، کۆمەڵگای

تورکیا هێشتا ڕوانگەیەکی نەرێنی بەرامبەر بە کەسانی ناهاوسان هەیە. بە پێی توێژینەوەیەک کە لە لایەن ناوەندی توێژینەوەکانی پیو لە ساڵی 2013 ئەنجام درا، تەنیا 9 لە سەدی تاکەکان لە وڵاتی تورکیا باوەڕیان بە قبووڵکردنی هاوڕەگەزخوازی لە کۆمەڵگا هەبوو. خەڵکی تورکیا زۆر دژی قبووڵکرانی هاوڕەگەزخوازی لە سەر ئاستی کۆمەڵگا بوون. ئەم بەرهەڵستی نواندنە لە وڵاتانی ڕووسیا و لوبنانیش بەدی کراوە. پەیوەندی لەگەڵ هاوڕەگەز تاوان نییە؛ بەڵام بە ڕیز 80 لە سەد و 74 لە سەدی تاکەکانی ئەم وڵاتانە پێیان وا بوو کە کۆمەڵگا نابێ هاوڕەگەزخوازی قبووڵ بکات. سەرەڕای چاکسازی یاسایی کە بێگومان هەنگاوێکی مەزنە، چالنج و ململانێ کۆمەڵایەتییەکان هەمیشە کۆسپی بەر دەم نەهێشتنی ئەو ململانێیانەن وا بەردەوام ڕووبەڕووی ناهاوسانان دەبێتەوە.

## ناهاوسانانی ئێرانی و پەنابەرێتی

سزای پەیوەندی لەگەڵ هاوڕەگەز لە ئێران مەرگە. ڕوانگەی نەرێنی کۆمەڵگا، ئازاردانی ناهاوسانان لە لایەن دەوڵەت و زەختی بنەماڵە گیر و گرفتگەلێکی لێ دەبێتەوە کە دەبێتە هۆی ئەوەی زۆرێک لە ناهاوسانان پەنا ببەنە بەر وڵاتانی دیکە کە بارودۆخی ژیان لەوێ باشترە. زۆریان دەچن بۆ تورکیا و لە کۆمیسیاریای باڵای پەنابەران داوای پەنابەرێتی بۆ ئوستڕالیا، کەنەدا یان ئەمریکا دەکەن. ئەگەر ئەوان پەنا ببەنە بەر تورکیا، لە ژێر یاسای 187 تورکیا مافێکی سنووردارتر وەدەست دێنن (بریتییە لە دەست گەیشتنی سنووردار بە ئیش و خزمەتگوزاری تەندروستی) و لە هیچ ئامراز یان سەرچاوەی ماڵیی

بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی خۆیان سوودمەند نابن.

ناهاوسانێک کە داوای پەنابەرێتی دەکا دەبێ پیشانی بدا کە جڤاکی ناهاوسان لە وڵاتەکەی خۆیدا لە بەر چاوە و بە هۆی ئاشکرابوونی شووناسی ناهاوسانبوونەکەی، دەزگای داد قۆڵبەستی دەکات. زۆرێک لە ناهاوسانانی ئێرانی لە کاتی داواکاری پەنابەرێتی پەنا دەبەنە بەر مژارگەلێکی وەکوو: پێشێلکردنی مافەکانی ناهاوسانان کە پێشێلی مافەکانی مرۆڤە؛ هاوڕەگەزخوازان و دووڕەگەزخوازان بە ترس لە گرتن و ڕاوەدوونران لە لایەن دەزگای داد و ئازار لە وڵاتی ئێران دەژین و ڕووبەڕووی مەترسی قۆڵبەستکردن و سزا دەبنەوە؛ کە واتە دەتوانن لە پێناسەی یاسایی ترسی پاساودار لە ڕاوەدوونران لە لایەن دەزگای داد جێگیر ببن و بەم شێوە وەبەر پەنابەرێتی بکەون.

بە داخەوە کەسانێک هەن کە ئەم بارودۆخە بە خراپی دەگۆزنەوە و بە درۆ خۆیان بە هاوڕەگەزخواز و دووڕەگەزخواز دەردەخەن، داوای پەنابەرێتی و دواتر نیشتەجێبوون دەکەن. ئەم چەشنە خراپ بە کارهێنانە لە کەسەکاندا سنووردار نابێتەوە. لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوو، کۆمەڵێ NGO بوون کە زۆربەیان لە لایەن پەنابەرانی ناهاوسانانی ڕابردوو بنیات نرا بوون. ئەم ڕێکخراوانە هاوکارییەکی نزیکیان لەگەڵ کۆمیساریای باڵای پەنابەران هەیە و لە وەرگرتنی پەنابەرێتی و گەیشتن بە وڵاتێکی پارێزراو هاریکاری پەناخوازانی ناهاوسانی ئێرانیان دەکرد؛ بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا کۆمەڵێ ڕەخنەشیان ئاراستە کرا؛ چوونکە هەندێکیان بە گەندەڵی و خراپ بەڕێوەبەردنی سەرچاوەی دارایی (کە یارمەتی پشتیوانانی داراییشی

دەگرتەوە) تۆمەتبار کراون و وێنەیەکی دوور لە ڕاستی لە ژیانی ناهاوسانان لە ئێران و بارودۆخێکی زۆر کۆنترۆڵکراوتر و سنووردارتر لە هەموو ئیران، بە مەبەستی سیاسی کاری وبۆ خۆراکدان بە میدیاکان، درێژەدان و وەرگرتنی بودجە و بەرێخستنی کەمپەینگەلی مافەکانی مرۆڤ لە ڕۆژئاوا دەخەنە بەرچاو.

# بەشی 5: خوێندنەوەی لێکۆڵینەوەیی

**بابەتەکان:**


- شارە قەدەغەکان ـ خوێندنەوەی توێژینەوەیی
- پێشینەی لێکۆڵینەوە
- شێوازی بە کارهێنراو لە لێکۆڵینەوەکانی ڕابردوو
- شێوازناسی
- حەشیمەت و شوێنی جوگرافیایی لێکۆڵینەوە
- تاران
- مەشهەد
- ئێسفەهان
- بواری توێژینەوە و نموونە گیری
- شێوازی لێکۆڵینەوە
- کۆ کردنەوەی داتا و ئیشی مەیدانی
- تێبینی و سنووردارییە ئەخلاقییەکان
- کێشەکانی شێوازی کار لە ئەنجامی توێژینەوە لە مەڕ ناهاوسانان
- ڕوونکردنەوەی گێڕانەوەی توێژینەوە
- ئەنجامەکانی توێژینەوە ـ ئەنجامی چۆنایەتی خوێندنەوە توێژینەوەیی

## شارە قەدەغەکان ـ گەڵاڵەی توێژینەوەیی

### پێشەکی

ئەم لێکۆڵینەوە سێ بەش لە خۆ دەگرێ: پێداچوونـەوەی ئـەدەبیات، ئەنـدازە گرتنی چەندایەتی لە ناو کەسانی ناهاوسان لە سەر ئاستی هەر سـێ شـاری ئێران و حاڵەت وتووێژی چۆنایەتی.

ئامانجی سەرەکی لـە پێداچوونـەوەی وێـژە، زانیـاری گەیانـدنی گشـتی لـە گوتاری نووسراو لە مەڕ ناهاوسانانە کە پیشاندەری ئاراستەی هەمـە جـۆری سەبارەت بە هاوڕەگەزخواز و فاکتەرە کاریگەرەکانیەتی. ئەم بەشە هەروەها ڕا و بۆچوونی جیاواز سەبارەت بە هاوڕەگـەزخوازی لـە ڕوانگـەی چیرۆکـی، زانستی، کۆمەڵایەتی و مێژوویی لە یونانی کۆنەوە بگرە تا سەردەمی مۆدێڕن دەخاتـە ڕوو. پێداچوونـەوەی وێـژە بـە کـەڵک وەرگـرتن لـە جۆرەکـانی سەرچاوەی زانیاری بە کار دەهێنرا کە وتاری توێژینـەوەیی، ڕۆمانـە قەدەغـە کراو و بەڵگە دەوڵەتییەکانی لـە خـۆ دەگـرت. ئـەو مـاوە زەمەنییـەی کـە بـە لێکۆڵینەوەی کتێبخانەیی و پێداچوونەوەی وێـژە تـەرخان کـرا، هاریکـاری بـــەهێزبوونی گشـــتێتی ئـــەم گەڵاڵـــە توێژینەویـــەی کـــرد.



ئەنــدازە گرتنــی چەندایــەتی بناغــەی ســەرەکی هــەموو گەڵاڵــە توێژینەوییــەکان پیشــان دەدات. شــێوازی دروســت و پڕکــوالێتی بنــەما و پێشــەکی گەڵاڵــەی توێژینــەوەیین بــۆ ئــەوەی ئــەو گەڵاڵــە بتــوانێ بایــەخ و درێژخایەنی پێویستی هەبێت. لـە نـەبوونی شـێوازی چۆنایـەتی دروسـت، داکۆکیکردن لە سەر بایەخی ئەنجامەکانی توێژینەوە و ئـەوەی کـە ئایـا بـە شێوەی دروست خواستە ڕاستەقینەکانی جڤاکی ناهاوسانان پیشـان بـدات، دژوارە. شێوازەکانی دیکە کە بۆ خوێندنەوەی هاوشـێوە هـەن دەبـێ بـەراورد بکــرێن بــۆ ئــەوەی دیــاری ببــێ ئایــا لــە دابینکردنــی داتــای پێویســت بــۆ لێکۆڵینــەوەکانی داهــاتوو و ئامــادەکردنی سیاســەتی ئــاڵۆز و دابینکردنــی گوژمــەی بڕیــاردەران بەســوودن یــان نــا. شــێوازی لێکۆڵینــەوەی دروســت دەستەبەرییەکە کە بە هۆیـەوە دابینکـەرانی شـاراوەی بودجـە توێژینـەوە بـە

جیدی بگرن.[1]

لێکەوتەی بە کارهێنانی شێوازی نە زۆر گونجاو یان کۆ کردنەوەی داتـای لاواز و ناڕوون دەتوانێ چەواشەیی بێت. ئەمە دەبێتە هۆی شرۆڤەی هەڵـەی ئەو پرسانەی کە کاریگەری لە سەر جڤاکی ناهاوسانان دادەنێـت. کـە واتـە شەفافێتی و چۆنایـەتی ڕاپۆرتـدان لـە ڕوانگـەی ئەخلاقیشـەوە لـە بـەر زۆر هۆکـاری زانسـتی و بنـەمایی گرینگـە. ڕاپۆرتـدانی دروسـتی شـێوازە بـە کارهێنراوەکـان، داوەری هاوتایـان و هەڵسـەنگاندنی ڕەخنـەیی توێژینـەوە گونجاو دەکا و لە هەمان کاتـدا بەرهەمهێنانـەوە و زۆرکردنـی ئەنجامـەکانی توێژینەوە ئاسان دەکا، بە فیرۆچوون کەم دەکاتـەوە، ڕێگـری لـە دووپاتـەی ناپێویست دەکا و ئاسـتی متمانـەی گشـتی بـۆ لێکۆڵینـەوەی زانسـتی بـەرز دەکاتەوە. ئەم بەشە شێوازە بە کارهێنراوەکان و پرسـەکانی هـەر کـام لـەوان، تێبینی ئەخلاقی، سنووردارییەکان و لە ئەنجامدا شـرۆڤەی توێژینـەوە ڕوون دەکاتەوە. لایەنـەکانی پەیوەندیـدار بـە شێوازناسـی، نموونـەگیری، شـێوازە چۆنایــەتی و چەندایەتییــەکان، ڕاوێــژ لەگــەڵ کۆمــەڵگای خــۆجێیی و سنوورداریێتییە ئەخلاقییەکان لە خۆ دەگرێت.

1. Webb D, Wright D (2001) Count Me In: Findings from the Lesbian, Gay, Bisexual, Transgender Community Needs Assessment 2000 [online]. Available at http://www.lgbtmind.com/content /ACMI.htm (accessed 7 February 2010).

## پێشینەی توێژینەوە

ئایدیای ئەم گەڵاڵە لێکۆڵینەوەییە لە ساڵی 1395ـــی هـەتاوی پـاش بـڵاو بوونــەوەی پرۆژەیــەک لــە مــەڕ هاوســەرگیریی پێشــوەختەی منــداڵان، هاوسەرگیری کاتی و سیغە بە هەر دوو زمـانی فارســی و ئینگلیـزی[1] بـەدی هات. کتێبی زایەڵەی بێدەنگی کە لە بـارەی هاوسـەرگیری منـداڵان بـوو لـە زانکۆی ئاکسفۆردی شاری ئاکسفۆرد و لە کتێبخانـەی نیشـتمانی تـاران لـە وڵاتی ئێران ڕوونوێنی کرا. کتێبی دیـکەی نووسـەر بە نێـوی خـانوویەک لە سەر ئاو، لە سەر بابەتی هاوسەرگیری کـاتی و سـیغە لە ئێـران، تـاران، مـاڵی وارتان، ڕونوێنی کرا. بەر لە لێکۆڵینەوە لە بارەی ناهاوسانان، زۆربەی بابەتـە دڵخوازەکانی من پەیوەنـدییان بـوو بـە پرسـەکانی کۆتـایی منـداڵی / تـافی مێرمنداڵی هاوشێوەی نەریتە خەساربەخشەکانی وەکوو خەتەنەی کچان یان قەتڵی नامووسی.[2]

ئەم بابەتە گرینگانە بـوون بـە ئیلهامبەخشـی تـوێژەر بـۆ ئـەنجامی ئـەم توێژینەوە بۆ ئەوەی ئیشی خۆی هەتا جڤاکی ناهاوسـانان پـەرە پـێ بـدات. ســەرەڕای جیــاوازی و جۆراوجــۆری ڕەواڵەتییانــە، خەتەنــەی کچــان و

1. کامیل ئەحمەدی، 2016. زایەڵەی بێدەنگی. توێژینەوەی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیری پێشوەختنەی منداڵان لە ئێران. چاپخانەی نوڤا. ئەمریکا و http://kameelahmady.com/ecm-in-iran/Nova، چاپخانەی ساینسی نیۆیۆرک. & ئەحمەدی، کامیل (1396 هەتاوی). زایەڵەی بێدەنگی. توێژینەوەی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیری پێشوەختنەی منداڵان لە ئێران: شیرازە & http://shirazeh.org/
https://www.novapublishers.com/catalog/product_info.php?products_id=62825

2. کامیل ئەحمەدی. 2015. بە ناوی نەریت. توێژینەویەکی گشتگیر سەبارەت بە خەتەنەی ژنان لە ئێران. ل 49. http://kameelahmady.com/fgm-in-iran/ چاپخانەی ئێن کات وەیس و چاپخانەی شیرازە: https://uncutvoices.com/books/ & http://shirazeh.org/

هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان هەر دووکیان ڕیشەیان دەچێتەوە سەر چوارچێوەیەکی سەرکوتکەر و ئەویش بە کۆیلەکردنی مرۆڤە. کۆیلایەتی بیچمی جۆراوجۆری هەیە: لە زنجیرەی بینراوی کۆیلەدارییەوە بگرە تا دەگاتە زنجیرەی نەبینراوی تاراندن و ناشیرینکردنی کۆمەڵایەتی. لەم پرۆسەدا، هەندێ لە کەسەکان هەتا ئاستی هیچ کەم دەکرێنەوە، دەنگیان کپ دەکرێ، بە فەرمی ناناسرێن و سەرکۆنە دەکرێن. ئەم ژێر گرووپانە لە ئێران نە تەنیا لە لایەن کۆمەڵگای مەدەنی پشتگوێ دەخرێن، بەڵکوو لە لایەن پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو سیستەمی یاسایی، پۆلیس و دادگاش بێناز دەکەون کە لە بنەڕەتەوە دەبێ پشتیوانی لە گریمانەی بوونیان بکرێت. نە تەنیا ئەو کەسانەی وا لە سەر کورسی دەسەڵاتن ئەم کەسانە پشتگوێ دەخەن، بەڵکوو کۆمەڵگاش بە شێوەی گشتی سەرنجێکی ئەوتۆیان پێ نادات. زۆرێک لەم کەسانە قوربانی وێنای پێشتر دروست کراون و بە شێوەی خۆ بە خۆ لادەر، نانۆرم و لە ڕووی سرووشتییەوە بە مەترسیدار دەزانرێن. زۆریان لە ژێر باری ناو نیتکەی بێڕێزییانە ژیان دەبەنە سەر. دیارە چاکژیانەوەی ناهاوسانان لە ژێر کاریگەری ئەم پرسانەیە و ئەم کەسانە لە ئەنجامی بەهێزبوونی پەیامە نەرێنییە کۆمەڵایەتییەکان، ناو و نیتکە و نایەکسانی بەربڵاو زەرەرمەند دەبن و هەمیشە لەگەڵ ترسی قۆڵبەستکران دەژین؛ چوونکە یاسای ئیسلامی پەیوەندی لەگەڵ هاوڕەگەز بە تاوان دەزانێت. ئایدیای تاوتوێکردنی زیاتری ئەم بابەتە و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی ناهاوسانان لە وڵاتی ئێران وردە وردە لە چوارچێوەی ئەم لێکۆڵینەوە بیچمی گرت.

ئەم توێژینەوە ڕوانگەیەکی گشتی لە چالاکناسی کەسانی ناهاوسان لـە ئێران پیشان دەدا و ئیشی مەیدانی لـە ناوەنـدێتی ئـەم تاوتوێکردنانەیـە. ئـەم توێژینـەوە بریتییـە لـە 500 گێڕانـەوەی تایبـەتی لـە دەمـارگرژی و بیچمـە جۆراوجۆرەکانی هەڵاواردن کە بەشداربووانی ناهاوسان لە سەر ئاستی هـەر سێ گەورە شـاری ئێـران ئاماژەیـان پێـداوە. بـە پێچەوانـەی توێژینـەوەکانی دیکەی ئەم بوارە، ئەم لێکۆڵینەوە هۆکار و هۆی ڕیشـەیی تـرس و سـەرکوتی جڤاکی ناهاوسانان لە ئێران تاوتوێ دەکات.

گرووپە شاراوەکانی ناهاوسانان لە ئێران سنووری نەناسراویان هەیـە کـە ناسینەوەیان، نزیک بوونەوە لەوان و لە ئەنجامدا وەدەست هێنـانی متمانـەی ئەوان ئەستەم دەکات. یـەکێک لـە هۆکارەکـانی ئـەم نامتمانەییـە، نـەبوونی زانست و وشیاری لـە بـارەی هـۆگری سێکسـییە. لـە ڕاسـتیدا توێژینـەوەی چەندایەتی لە مەڕ ڕوانگەی سەبارەت بە هاوڕەگەزخوازی لە ناو موسڵمانان ئەنجام دراون و هۆکاری سەرەکیش ئەو کێشانەن کە لە ئەنجامی لێکۆڵینـەوە لە بارەی بابەتێکی تابۆ دێنە دی. هەروەها، وەک مووری (1997) دەڵێ[1] لە کۆمەڵگا موسڵمانەکاندا کەلتووری نکۆڵی گشـتی هاوڕەگـەزخوازان بـوونی هەیە. لە هەموو ئەمانە گرینگتر، ئەم توێژینەوە بە نیازە یارمەتی کۆکردنـەوە و شیکاری سیستەماتیکی داتاکانی پەیوەست بە ناهاوسانان لە ئێـران بـدا کـە بۆشاییەکی گەورە و خواستێکی پێویستە.

1. Murray, S.O (1997).The will not to know: Islamic accommodations of male homosexuality. In S.O. Murray & W. Roscoe (eds.), Islamic homosexualities: Culture, history and literature (pp.14-54). New York, NY: New York University Press.

ئـەم دەقــە لــە ڕووی شــێوەی ســەیرکردنی ناهاوســانان زۆر تایبەتــە. یەکەمایەتی یەکەم و گەورەترین پەرۆشی ئێمە ئەوە بـووە کـە تێبگـەین چـۆن دەمارگرژی و هەڵاواردنەکان، ناشیرین‌کردنی کۆمەڵایـەتی و مەترسـی سـزا یاساییەکان تاوتوێ بکەین کە هەموو ڕۆژێ بوونیان هەیە. ئەنجامەکانی ئـەم توێژینەوە لە پێوەرێکی بـەربڵاودا پـەیامێکی ڕوونیـان هـەڵگرتووە لـە سـەر ئەوەی کە لـە وڵاتـی ئێـران گـۆڕانێکی گـەورەی یاسـایی و کـۆمەلایەتی بـۆ ناهاوسانان پێویستە. ئەم پەیامە لە سەر چاوەڕوانییەکی خـۆش بینانەیـە کـە ئەم توێژینەوە بتوانێ بۆشایی زانیاری و توێژینەوەیی لە بـواری ناهاوسـانانی ئێران بە کۆ کردەنەوی داتای تازە و دەستەیەکی شیاوی متمانە پـڕ بکاتـەوە و ڕەنگە ئەم بابەتە چالنجی زۆری لەگەڵ بێت. بەڵام لە هـەمان کاتـدا کلیلـی ئامادەکردنی سیاسەتگەلێکیشە کە بە پێـی بەڵگـە و بـەهێزکردنی ڕەهەنـدی ئابووری، ڕاهێنـانی هـەموو کەسـەکانە. هـەروەها ئـەم توێژینـەوە دەتـوانێ هاوکاری ئامادەبوونی کارناسان لـە بـوارە جیاوازەکـان بـێ و گێڕانەوەیـەکی گشتگیر لە ڕاستییە هەست پێکراوەکان بخاتە ڕوو.

## شێوازناسی توێژینەوەکانی ڕابردوو

شێوازی ئـەم توێژینـەوە دەتـوانین بـە شـێوازی باوەکـانی وەکـوو تـەکنیکی چەندایەتی و چۆنایەتی هەتا دەگاتە کاری مەیدانی، ئەندازە گرتنی نیشتمانی و هتد بەراورد بکەین. هەر کام لەم شـێوازانە بـە هـۆی زیـاترین کـارکردەوە دەستنیشان کراون و زۆر جار بە پێی تایبەتمەندی و پانتای توێژینەوە بە کـار دەهێنرێن. ئەم بابەتە زۆر هەستیارە و زۆر جار تەنانـەت لـە نـاو بنەماڵـەکان

وەک نهێنییەکی شاراوەیە. لە وڵاتێکی وەکوو ئێران کە نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان و سزای یاسایی سەخت پانتایەکیان بۆ ترس و پارانۆیاییەکی شیاوی تێگەیشتن داناوە، نە تەنیا هەمیشە دەبێ ئاوڕ لەو شێوازە خەڵکناسانە و کۆمەڵناسانەیە بدرێ کە لە یەکەمایەتیدان، بەڵکوو دەبێ سنوورە ئەخلاقییە سرووشتییەکان کە لە چوارچێوەی ئەواندا ئەم شێوازانە بە کار دەهێنرێن، ڕەچاو بکرێت.



**توێژینەوەی خەتەنەی ژنان لە ئێراندا. وێنە: کامیل ئەحمەدی**

هەروەها، هێزە سیاسییە چالاکەکان لە وڵاتی ئێران کاریان هەم بۆ توێژەران و هەمیش بۆ بەشداربووانی ناهاوسان زۆر مەترسیدار کردووە. بۆ وێنە، لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکە مەیدانییەکان، هەمیشە ترس لە ناسینەوە و قۆڵبەستکردنی پۆلیس یان ترس لەوەی کە کەسێک سیخوڕ بێ، بوونی

هەبوو. لە ڕاستیدا ساتەوەختگەلێک هەبوو کە هەمووومان ترسا بووین. کاتێک بەشداربووان وایان پێ باش بوو دیمانە لە پارک یان شوێنێکی گشتی دیکە ئەنجام بدرێ، پرسی ترس پتر لە جاران بە ئەزموون دەکرا. ئەم هەڕەشە پڕپتانسێلانە کاریگەرییان لە سەر ڕەهەندی ڕەخنەیی کارەکە دادەنا. کە واتە ئەوە هەر ئەو شوێنە بوو کە بەکار هێنانی شێوازێکی پەتی دەبا بە مەبەستی پاراستنی ئاسایش و نهێنیپارێزی ناهاوسانان قوربانی بوایە. توێژینەوەیەک کە بە شێوەی تەواو ئەنجام دراوە بەڵام زیانی بە بەشداربووان گەیاندووە، هیچ بایەخێکی نییە. لە ڕابردوودا هەندێ توێژینەوە لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەی ڕەگەزێتی و مافەکانی مرۆڤ ئەنجام دراون کە لە ئاراستەی سەرەکیی خۆیان بەرامبەر بە بەشداربووان، تەواو لەگەڵ ئەم لێکۆڵینەوە جیاوازن. لە یەکەم ئیشی توێژینەوەیی نووسەری ئەم بەرهەمە لە بواری خەتەنەی ژنان، لێکۆڵینەوە لە سەر ئاستی چوار پارێزگای سەرەکی ئێران سەبارەت بەم نەریتە زیانبەخشە ئەنجام درا.[1] پاش مەزەندەی ناوە ناوەی گشتی ئەم هەڵسووکەوتە، تیمی لێکۆڵینەوە بەم ئەنجامە گەیشت کە لە سەر ئاستی هەر چوار پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، کرماشان، کوردستان و هورموزگان، هەڵکەوتوو لە ڕۆژئاوا و باشووری وڵات، ئەم نەریتە باوە. ئینجا چوار لای جوگرافیای سەرەکیی وەک هێشووی یەکەم دەستنیشان کران کە

---

1. کامیل ئەحمەدی، 2016. زایەڵەی بێدەنگی. توێژینەوەی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان لە ئێران. چاپخانەی نوڤا. ئەمریکا و http://kameelahmady.com/ecm-in-iran/Nova، چاپخانەی ساینسی نیۆیۆرک. http://shirazeh.org/ https://www.novapublishers.com/catalog/product_info.php?products_id=62825

هەر کامیان کەوتبوونە گەڕەکێکی شارییەوە. لە هەر شار یان شارۆچکەیەک، کۆمەڵێ گوند وەک هێشووی دووهەم بۆ هەڵسەنگاندنی زیاتریان دەستنیشان کران. هەندێ دیمانە لەگەڵ شارەزایان و کەسانی گرینگی هەر کۆمەڵگایەک ئامادە کرا؛ چوونکە ئەم کارە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری زۆر بۆ هەنگاوە یەکەمەکانی توێژینەوە یارمەتیدەر بوو. ئەنجامی دەستکەوتەکان هەم بە فارسی و هەمیش بە ئینگلیزی بڵاو کرانەوە.

گەلاڵەی توێژینەوەیی خەتەنەی ژنان بوو بە ڕێخۆشکەری گەلاڵەی توێژینەوەی دواتر لە بواری هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان، هاوسەرگیری کاتی و ناهاوسانان کە هاوشێوەی کوالێتی توێژینەوەی یەکەمە هەڵبەت بە لۆژیک و هەنگاوی جیاوازەوە. ئەم گێڕانەوە کۆمەڵایەتییانە لە زۆربەی ناوچە گوندییەکان و لە چینە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندا باون. بەم شێوە، پێکهاتەیەکی وردتر لە توێژەران بۆ حەوت پارێزگای گرینگی ئێران ناردران کە تێیاندا ڕێژە و نۆرەیی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان لە ئاستێکی بەرزدا بوو. شێوازی سیستەماتیک لەم ناوچانە بە مەبەستی نموونە گیری گیرایە بەر. هەروەها توێژینەوەی یەکەم، ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوە هەم بە فارسی و هەمیش بە ئینگلیزی بوونیان هەیە.[1]

---

1. کامیل ئەحمەدی، 2016. زایەڵەی بێدەنگی. توێژینەوەی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان لە ئێران. چاپخانەی نوڤا. ئەمریکا و http://kameelahmady.com/ecm-in-iran/Nova، چاپخانەی ساینسی نیۆیۆرک.
http://shirazeh.org/
https://www.novapublishers.com/catalog/product_info.php?products_id=62825

## شێوازناسی توێژینەوەی ئێستا

زۆربەی گەڵاڵەی لەم شێوە لە کاتی تاوتوێکردنی بابەتی هاشێوە لە چوارچێوەی توێژینەوەی ڕەگەزێتی زۆر جار شێوازی گونجاو بە کار نابەن و دەتوانین بڵێین هەڵگری لاوازی چاوپۆشی لێنەکراوی نموونە گیرین. بە ئاوڕدانەوە لە دوو توێژینەوەی پێشووی نووسەر، ئەم توێژینەوە لەو هەڵە چکۆڵە حاشاهەڵنەگرانە کە دەیانتوانی بە شێوەی پەنگراو شێوازەکە بخەنە ژێر کاریگەری خۆیان، چاپۆشی بکرێت. بە سەرنج خستنە سەر بابەتی زۆر هەستیاری ناهاوسانان و گێڕانەوەی پەنگراوی ناهاوسانی، تیۆری لە ڕاستییەکان وەدوا کەوت. ئەم توێژینەوە بۆ هەرچی نزیکتر بوونەوە لە ناهاوسانان پێویستی بە هەوڵێکی یەکجار زۆر بوو.

ئەو داتایانەی کە دواتر دەیبینن ئەنجامی 180 دیمانەی قووڵی نیوە پێکهاتەمەندن کە لەگەڵ ناهاوسانان لە ئێران ئەنجام دراون. وردەکاری هۆگری سێکسی دیمانە لەگەڵکراون، شێوازی لێکۆڵینەوە، زانیاری حەشیمەتناسی نموونە و شیکاری داتاکانی ژێرەوە دەخرێنە بەر تیشکی لێکدانەوە.

## ڕاهێنانی دیمانە لەگەڵکراوان

کاتێک بە باشترین شێواز بۆ تاوتوێکردن بیر لە بابەتی ناهاوسانان، ڕەگەز و ڕەگەزێتی دەکەینەوە، گرینگە ئەوە باش بزانین زمان و ئەو پێناسانەی کە بۆ وەسفی ئەم کەسانە و پۆلێنبەندیی جۆراوجۆریان بە کار دەهێنرێن، کاریگەری هەم لە سەر بەشداربووان و هەمیش لە سەر توێژینەوە دادەنێت.

پێداچوونەوە سەبارەت بەم چەشنە پرسانە گرینگە؛ چوونکە هەم توێژینەوەی چەندایەتی و هەم توێژینەوەی چۆنایەتی پێویستی بە پێناسە و پۆلێنبەندی وردە. ئەم پرسە بۆ شرۆڤەی وردی داتا ئامارییەکانیش گرینگە. هەر لە بەر ئەوە، پێناسە و پۆلێنبەندی جۆراوجۆر دەخرێتە پاڵ گرووپی تایبەتی کەسەکان.[1] و بەم شێوە، ئەم پرسانە هاریکاری بیچم گرتنی شێواز و بایەخی گەلاڵەکە دەکەن.

یەکێک لە گرینگترین تایبەتمەندییەکانی ئەم توێژینەوە ئەوەیە کە لە چاو لێکۆڵینەوەکانی پێشووتر، کە پێشتر شرۆڤە کران، ڕووبەڕووی زۆر چالنج بۆوە کە پێویستی بە سەرنجی بەپەلەیە. پێگەی کۆمەڵایەتی و هەلومەرجی ژیانی کەسانی ناهاوسان لە وڵاتی ئێران پێویستی بەوە بوو کە تیمی توێژینەوە ئاراستەیەکی نوێ بگرێتە بەر.

بۆ ئەم مەبەستە، کۆمەڵێ دیمانەکار ڕاهێنانیان بینی بوو بۆ ئەوەی ئامادەی ئەم کارە بن. چەند دانە کارگە و سەردانی مەیدانی بۆ دەست نیشانکردن و ئامادەکردنی ئەندامانی تیم بەڕێوە چوون. تیمێکی پێکهاتوو لە 8 خوێندکاری خوێندنی باڵا بە پێشینە و پسپۆڕی جیاواز لە کۆمەڵناسی، خەڵکناسی و یاریدەدەری لە ژێر چاودێری نووسەری توێژینە و یاریدەدەرەکەی بۆ ماوەی شەش مانگ ڕاهێنانیان بینی. ڕاهێنانی ئەوان لە دوو قۆناغدا ئەنجام درا: (1) ڕاهێنانی تاوتوێکردنی بابەتی هەستیار و

1. McManus S (2003) Sexual Orientation Research Phase 1: A Review of Methodological Approaches, National Centre for Social Research, London.

تایبەت و (2) ڕاهێنانی ئیش لەگەڵ گرووپە خەسارهەڵگرەکانی کۆمەڵگا بە ڕێژەیەکی زۆر کەمی بەشداربوو بە بێ هیچ لاگرییەک. گرووپی دیمانەکار لە ڕێژەی یەکسانیی ژن و پیاو پێک هاتبوو بۆ ئەوەی دەستیان هەم بە لزباین و هەمیش بە گەیەکان بگات. ئەم لاگرییە سەرەتاییە دیمانەکارانی بۆ تەکنیکی پێویست بۆ خستنە ڕووی پرسیارگەلێک لە مەڕ هۆگری سێکسی و لێکدانەوەی پرسە هەستیارەکان تەیار کرد. لە هەمان کاتدا، بۆچییەتی پرسیارەکانیش لەم ڕاهێنانەدا بە هەند وەرگیران، پۆلێنبەندییە جیاوازەکانی وڵامەکان ڕوون کرانەوە و پرسی نهێنیپارێزیش بە هەند وەرگیرا. یەک بە یەکی هەنگاوەکان بە دروستی بەرنامەیان بۆ داڕێژرا بۆ ئەوەی بەشداربووانی ئەم پلانە، کە دەست پێڕاگەیشتنیان زۆڕر ئەستەمە، لە کیس نەچن. ڕاهێنراوان لەم بابەتە ئاگادار بوون کە تەنانەت هەڵە بچووکە نائەنقەستەکانیش دەتوانن بە شێوەی پەنگراو لێکەوتەی ڕووخێنەری جیدییان لێ بکەوێتەوە.

## حەشیمەت و شوێنی جوگرافیایی توێژینەوە

کەمتر لە دەیەیەک لەمەوبەر، بوونی لزباین، گەی، دووڕەگەزخواز و ترەنسەکان بە شێوەی گشتی لە لایەن سەرۆک کۆماری کاتی ئێران نکۆڵیان لێ دەکرا. لە ئێستادا، کەسانی ناهاوسان لە سەرتاسەری ئێراندا بوونیان هەیە و بە شێوەی دیاریکراو تەنیا بۆ گەڕەکێکی شار یان گوندێکی تایبەت تەسک نابنەوە. سەرەڕای ئەمە، بە گوێرەی بڕیارێکی ناوخۆیی، توێژینەوە لە سەر ئاستی شارە گەورەکانی ئێراندا ئەنجام درا؛ چوونکە لە دەڤەر و ناوچەکانی

دیکە نە زانیاری لە بەر دەست بوو و نە کەسانی خۆجێی ناوچە گوندییـەکان دەیانتوانی بە هۆی ڕوانگـەی مەحافزەکارانـەوە لـە کـۆ کردنـەوەی زانیـاری هاریکاری بنوێنن. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، سێ شاری گـەورەی ئێـران کـە بەرانبەر بە ناهاوسانان ڕووناکبیرتر بـوون و ئازادییـەکی زێـدەتریان هـەبوو، دەستنیشان کران. ڕووناکبیری بەو واتا نەبوو کە ئەوان گوتـاری ناهاوسـانیان قبووڵ کردبوو، بەڵکوو قبووڵیان کردبوو کە ناهاوسانێک لـە ناویانـدا هەیـە. ئەم سێ شارە بریتی بوون لە تاران، مەشهەد، ئێسفەهان. لەم شارانەدا پـاتۆق و پارکی ناسراو هەن کە ناهاوسانان بە نهێنی لە گرووپـی بچووکـدا لـە دەور یەکتر کۆ دەبنەوە یان بۆ یەکترناسـین لـەوێ چاویـان بـە یـەکتر دەکـەوێت. هەندێ لەم پارک و کافانە بەتایبەت لە شاری تـاران بـۆ هـەمووان ناسـراون؛ چوونکە زۆرێک لە ناهاوسانان لەم شوێنانەدا بە ڕەواڵەتیاندا دەناسرێنەوە. بە تاوتوێکردنی میکانیزمی پێکهاتەیی کە لە دژی کەسانی ناهاوسان لە سـەر ئاستە جیاوازەکـانی کردەییـدا ئـیش دەکـەن و بـە ئاوڕدانـەوە لـە جیـاوازی کەلتووری، دارِشتەی کۆمەڵایەتی و چەندین دەیە دەسەڵاتداری نەریت، ئەم سێ شارە گەورە بژاردەی دروست بوون. زۆرێک لە گرووپـە ناهاوسـانەکان لەم سێ شارە کەڵک لە تۆڕی کۆمەڵایەتی وەردەگرن و بەردەوام دەستیان بـە ڕاگەیانــدنی کۆمەڵایــەتی، چەنــدین تــۆڕی کۆمەڵایــەتی و پەیوەندییــە دیجیتاڵییەکان دەگات. لە درێژەدا کورتە شرۆڤەیەک لە سـەر هـەر کـام لـەم شارانە دەخرێنە ڕوو.

**تاران**



تاران پێتەخت و ناوەندی ئیداری، ئابووری و کەلتووری ئێران و ناوەندی سەرەکی چالاکی پیشەسازی و هەڵگرتن و گواستنەوە لە ناوچەکەیە. تاران پێکهاتەیەکە لە هەر دوو توخمی مێژوویی و پێشکەوتوویی. ئەم شارە پڕجموجۆڵە ڕێژەی 14ملیۆن حەشیمەت لە خۆ دەگرێت و دەکەوێتە باکووری وڵات.[1]

ئەم شارە دەکەوێتە بناری چیاکانی ئەلبورز لە بەرزایی هەزار و 210 مەتر.[2] زۆربەی بینا دەوڵەتی و بازرگانییەکان لە ناوەندی ئەم شارەدان. دەڤەری تاران وەرزی جۆراوجۆر لە خۆ دەگرێت؛ بەهار و پاییزی کورت ماوە و زستانی سارد و هاوینی وشک و گەرم لێک جیا دەکاتەوە. زۆرینەی

1. The world's largest cities and urban areas in 2006". City Mayors. Accessed October 6, 2017

2. Tools, Free Map. "Elevation Finder". www.freemaptools.com. Retrieved October 6, 2017

دانیشتووانی فارس زمانن و نزیکەی 99 لە سەدی حەشیمەتەکەی لە زمانی فارسی تێدەگەن و ئاخـافتنی پێـوە دەکـەن؛ بـەڵام حەشـیمەتی زۆریـش لـە ئێتنیکەکانی دیکەی وەکوو ئازەری، ئەرمەنی، لوڕ و کوردەکـانن کـە زمـانی فارسی زمانی دووهەمیانە.

هۆکاری پتەو هەن کـە پیشـانی دەدەن بـۆچی تـاران بـۆ ئـەم توێژینـەوە هـەڵبژێردراوە. یەکـەم لـەم سـاڵانەی دواییـدا گرووپگـەلی بچـووک لـە ناهاوسانان ژیانیان لە دەوروبەری تاران دەست پێ کردووە. لە شەودا، پارکی ناسراوی نزیک شانۆی شار و زانکۆی تاران شوێنێکی زیندوو و پڕهاتوچۆیە بۆ پیاوانی گەی. ئەوان بـۆ گـەڕان، خـۆ دەرخسـتن و ڕوانینـی نهێنییانـە لـە تاریکیدا دێنە پارک و هەندێ جـار بـۆ مـاوەی چەنـد خوولـەک لـە شـوێنە گشتییەکاندا پێکەوە دیدار دەکەن یان دەچنە شوێنی سێیەم بـۆ ئـەوەی زیـاتر پێکەوە لە پەیوەندیدا بن.[1]

ئەمە بەو مانا نییە کە ناهاوسان بوون لە شاری تاران نۆرمـە.[2] ئەگـەرچی کۆمەڵێ گرووپ لە ناهاوسانان ژیانی شەوانەیان هەیە، دەتوانین بڵێین هـیچ نەرمنوێنییەک بۆ هاوڕەگەزخوازان بوونی نییە. دەست لـە نـاو دەسـت یـەک خستن و ڕوانینی خۆشەویستانە بۆ یەکتر هەڵسـووکەوتگـەلێکی نائاسـایی نین؛ بەڵام هەتا ئەو کاتە ڕێگەپێدراون کـە تیشـکی سـەرنجەکان بـەرەو لای

1. Abbasi-Shavazi, Mohammad Jalal; McDonald, Peter; Hosseini-Chavoshi, Meimanat. (September 30, 2009). "Region of Residence". The Fertility Transition in Iran: Revolution and Reproduction. Springer. pp. 100–101.

2. The Tehran Bureue.vIntimate spaces: coming out in Iran. https://www.theguardian.com/world/iranblog/2015/jun/11/iran-gay-coming-out-intimate-spaces. Accessed October 6, 2017

خۆیان ڕانەکێشن. ئەمـە وای کـردووە کـە کـەمێک پانتـای هەناسـە دان بـۆ ناهاوسانانی تارانی (لە چاو دیکەی شار و ناوچە گوندییەکان) دابین ببێـت. بۆ وێنە، پیاوانی گەی چینە نزمەکان و ناوچە گوندییەکان، ئەو ناوچانەی کـە ناو و نیتکە زۆرە، بە دەگمەن دەتوانن بـەر لـە هاوسـەرگیری لـە ماڵـەوە بێنـە دەرەوە. تەنانــەت لــە مــۆدێرنترین و خۆشــبژیوترین کۆمــەڵگاکانیش هاوڕەگەزخوازی زۆر پەسەندکراو نییـە؛ بـەڵام هەنـدێ لـە ئێرانیـانی چـین مامناوەند و بەرز دەرەتانێک بۆ ژیانێکی هاوتەریب، بە دوور لە چاوی خـزم و کەس و هاوڕێکانیان دەدۆزنەوە. دووهەم، زۆرێـک لـە ناهاوسـانان بـەرەو شاری تاران کۆچ دەکەن؛ چوونکە شارێکی لیبراڵترە و دەتـوانن بـە هـۆگری جیازەوە، پانتایەکی ئازادیان هەبێت. بەو هۆکارانەی کە باس کرا، تاران بۆ ئەم توێژینەوە دەستنیشان کرا. لە کۆتاییـدا پێـوەرێکی دیکـەش هـەبوو: دەسـت پێڕاگەیشـتن بـە ناهاوسـانان لـە تـاران لـە چـاو ناوچـە گونـدی و شـارییە بچووکترەکان ئاسانترە.

**مەشهەد**



شاری مێژوویـی مەشـهەد یەکێکـە لـە ناوچـە کاریگـەرەکان لـە ڕووی کۆنینەناسی، گەشـتیاری، بینـای مێژوویـی و ئـایینی. ڕووبـەری ئـەم شـارە نزیکەی 353 کیلۆمەتری دوو جایە. مەشهەد بە سـێ ملیـۆن حەشـیمەتەوە دووهەمین شاری گەورەی پاش تارانە و یەکێکە لە شارە گەورەکانی جیهـانی ئیسلام.[1] ئەم شارە ساڵانە دەبێتە میوانداری نزیکەی 27 ملیۆن گەشـتیار لـە سەرتاسەری وڵات و 2 ملیۆن گەشتیاری بیانی لـە وڵاتـانی شـیعە. شـاری مەشـــهەد پێشـــەنگ و شـــوێنێکی گرینگـــە بـــۆ بیرمەنـــدان و تـــوێژەران کـــە قوتابخانەی شیعە و زانستی ئیسلامی بڵاو دەکەنـەوە. وەک شـوێنی پێکـەوە ژیانی ئایین و تاقمە جۆراوجۆرەکان، مەشـهەد ناوەنـدی ڕووداوی گرینگـی مێژوویی و شۆڕشگێڕانە بووە. ئەم شـارە بـە هـۆی بـوونی مـەزاری ئیمـامی هەشتەمی شیعەکان، ئیمام ڕەزا (س.خ) گرینگییەکی تایبەتی هەیە کـە واتـە

1. Razavi Khorasan (Iran): Counties & Cities. Population Statistics in Maps and Charts". www.citypopulation.de.

بە تایبەتمەندییە ڕەزەوییەکان، کە ڕیشـەی لـە ئـەزموونی مێژوویـیدا هەیـە، ڕازێنراوەتەوە.

مەشهەد لە ڕۆژهەڵاتی ئێرانە و ناوەندی پارێزگای خوراسـانی ڕەزەوییـە. ئەم شارە لە ڕووی گوتار و پەرە سەندنی ناهاوسـانێتی خـاوەن گرینگییـەکی زۆرە. وەک ناوەندی کەلتووریی کە لە نـاو گەشـتیاراندا لایـەنگرێکی زۆری هەیە، مەشهەد ڕێگە بە ناهاوسانان نادا بەو چەشنەی پێیان خۆشە لەم شارەدا بژین. بۆ وێنە لە ناوەڕاسـتەکانی سـاڵی 2014، دوو مێرمنـداڵ بـە تـاوانی نێربازی لە بەر چاو خەڵک لە شاری مەشـهەد لـە سـێدارە دران.[1] لـە ئێـران وێنای گشتیی ئەوەیە کە هەمووان دەبێ وەک کەسێکی دیترڕەگەزخواز بژین. بە وتنێکی دیکە، دیترڕەگەزخوازی هۆگری سێکسی زۆرەملێ بۆ هەمووان لە ئێرانە و ئەم بابەتە بە شێوەی تایبەت لە کاتی ئەنجامدانی توێژینەوە لە شاری مەشهەد هەستی پێ کـرا. کەسـەکان بـە هـۆگری سێکسـی جیـاوازەوە دەبـا جۆرێ هەڵسووکەوتیان بکردایـە کـە دیترڕەگـەزخواز بنـوێنن. لـەم بەشـەی توێژینەوە، توێژەران نە تەنیا تێدەکۆشان ڕێژەی ناهاوسـانان لـە نـاو ژنـان و پیاوانی گەورە ساڵ لە مەشهەد مەزەندە بکـەن، بـەڵکوو تێکۆشـان شـێوازی ژیانی ئەوان کە ئەم ڕێژە زۆرەی ڕەواڵەتبازییە بخەنە ڕوو.

---

1. لە ئێران گەی و غەدرکردن لە ئافرەتان بوونی نییە.
http://abcnews.go.com/US/story?id=36426 دوو مێرمنداڵی گەی لە پارێزگای خۆراسان کە لە ئاپۆرەی خەڵکدا لە سێدارە دران.
https://en.wikipedia.org/wiki/Mahmoud_Asgari_and_Ayaz_Marhoni

**ئێسفەهان**



ئێسفەهان شاری مەحافزەکار و بەناوبانگی گەشتیاری لە ئێرانە و بێگومان یەکێک لە گرینگترین شارە مێژووییەکان و ناوەندە شارییەکانی سەرتاسەری مێژووی ئێرانە.[1] ئەم شارە کەوتۆتە ناوەندی ئێران کە شوێنی یەکتربڕی چوار خاڵی وڵاتە. ئیسفەهان تایبەتمەندی کەلتووری و کۆمەڵایەتیی خۆی لە پارێزگا دراوسێکانی بەتایبەت شارە سنوورییەکان وەرگرتووە. بە گوێرەی دوایین سەرژمێری (2014) کۆی حەشیمەتی ئەم پارێزگایە 5 ملیۆن و 7000 کەس بووە.[2] گرووپی ئێتنیکی زۆرینەی شاری ئێسفەهان فارسە و زۆربەی کەسەکانی بە فارسی و بە شێوەزاری ئێسفەهانی ئاخافتن دەکەن. زۆربەی حەشیمەتەکەی موسڵمان و شیعەن. بەشێکی گەورەی حەشیمەتەکەی باوەڕی نەریتخوازانەیان هەیە و ئەم پابەندبوونە بە

1. Michael Dumper, Bruce E. Stanley. Cities of the Middle East and North Africa: A Historical Encyclopaedia

2. ڕێکخراوی تۆمارکردنی ناو، 2014
https://www.sabteahval.ir/Upload/Modules/Contents/asset99/salnameh93.pd

نەریتەکان لە داڕشتەی پارێزگادا هەستی پێ دەکرێت. هەمەجۆری گرووپـە ئێتنیکەکانی وەکوو تورکی قەشقایی، لوڕی بەختیاری و فارسەکان بۆتە هۆی بیچم گرتنی نۆرم و کەلتوورەکانی ئەم پارێزگایە. لـە مـاوەی شـەڕی ئێـران و عێراق، پارێزگای ئێسفەهان هاتنی هەزاران کۆچبەری بە خۆوە بینـی کـە لـە پارێزگای خوزستان و دیکەی ناوچە سنورییەکان هاتنە ئـەم پارێزگایـە. ئـەم پێکهاتەی فارس، لوڕ، بەختیاری، جوولەکە و ئەرمەنییـە خـۆی لـە خۆیـدا دەورێکی گرینگی لە بیچمدانی ڕەواڵەتی حەشیمەتناسـی پارێزگـادا هەیـە. ئێسفەهان شوێنێکی پارێزراو لە شەڕ بوو. زۆریی کارخانـەی پیشەسـازیش بۆتە سەرنجڕاکێشییەک بۆ کۆچبەرانی بێکار و لانەواز.

بێ‌گومان، ناتوانرێ نکۆڵی لـە بـوونی ڕێژەیـەکی زۆری ناهاوسـانان لـە ئێسفەهان بکرێت. نەوەی نوێی ئێسفەهان ئازادە و ئازاد بیر ئەکاتەوە، قەد لـە هەمبەر ئەزموونی ئایدیا و شێوازە نوێکانی ژیان سستی نانوێنێـت.[1] حاڵەتـە زۆرەکانی گرتنی گەیەکان لە شاری ئیسفەهان بەدی دەکرێ کـە پیشـاندەری چالاکبوونی ئەوان لە شارە. بەم پێیە، ئێسفەهان بۆ ئەم توێژینەوە دەستنیشان کرا بۆ ئەوەی پیشانی بدا چۆن نەوەی نوێی ناهاوسان لەم شارە وێڕای هەموو پێشینەی مێژوویی، ئایینی و کەلتوورییەکانی ماوەتەوە.

1. Khorashad, Behzad S., et al. "Sexual orientation and medical history among Iranian people with Complete Androgen Insensitivity Syndrome and Congenital Adrenal Hyperplasia." Journal of psychosomatic research 92 (2017): 55-62.

## شێوازەکانی لێکۆڵینەوە

### شێوازی لێکۆڵینەوەی پێکهاتەیی

ڕاوێژە دوور و درێژەکان بووە هۆی هەڵبژاردنی لایەنێک لـە شـێوازەکان و تەنانەت ئەم شێوازانەش دەیانتوانی لە شارێکەوە بۆ شارێکی جیاواز بن. ئـەم لێکۆڵینەوە شێوازی لێکۆڵینەوەی پێکهاتەیی بە کار هێنا کە هەموو تـەکنیک، چەمک و زمانە چەندایەتی و چۆنایەتییەکانی لە توێژینەوەیەکی یەکدەسـتدا ڕەچـاو کـردووە. کـەڵک وەرگـرتن لـە شـێوازی پێکهاتـەیی لێکۆڵینەوەکـە دەوڵەمەندتر دەکا؛ چوونکە هەر تەکنیکێک لایەنگر و دژبەری خۆی هەیە.[1] بۆ ئەم بابەتە، ئەگەرچی توێژینەوە ناتوانێ بڵێ بۆچی پرسیارێکی تایبەتی بـۆ شێوازێکی تایبەت بە کار هێناوە، بـەڵام توانیویـەتی دەسـتی بـە کەسـانێکی زیاتر بگات.

دوو شێوازی زاڵ لەم لێکۆڵینەوەدا هـەن کـە بـە شـێوەی بـاو لـە هـەموو کــارێکی لێکۆڵینەوەییــەدا کــەڵکیان لــێ وەردەگیــرێ، واتــە توێژینــەوەی چۆنایەتی و چەندایەتی. بۆ ئەم توێژینەوە تایبەتە، هەر دوو شێوازەکە بە کـار هێنراون بۆ ئەوەی کۆمەڵێ زانیاری لە بەشداربووان وەدەسـت بهێنرێـت. بـە پێچەوانەی خوێندنەوە لێکۆڵینەوەییەکانی ڕابـردووی نووسـەر بـە نـاوەڕۆکی هاوشێوە، دوو شێواز لەم لێکۆڵینەوەدا بـە کـار هێنـراون کـە هـەم لـە ڕووی تەکنیکی و هەمیش لە ڕووی ئەخلاقییەوە دروست بوون. لە بەشی دواییـدا، شێواز و ئاراستە بە کارهێنراوەکان بۆ ناسین و دیمانە لەگـەڵ بەشـداربووان و

---

1. Johnson, B., & Christensen L. (2012). Educational Reseach: Quantitative, Qualitative, and Mixed Approaches. Thousand Oaks, CA: Sage Publications, Inc.

سێیانەبەندیی، شرۆڤە یا هەڵێنجاندنی زانیاری شی دەکەینەوە.

**شێوازی نموونەگیری تۆپەڵە بەفری**

وەک پێشتریش وترا، نموونەگیری زنجیرەیی تەکنیکێکی باوی بیرمەندانی زانستە کۆمەڵایەتییەکانە کە خولیای کارکردن لەگەڵ ئەو گرووپانەن کە ناسین یان دۆزینەوەیان ئەستەمە. ئەمە زیاتر کاتێک ڕوو دەدا کە ئەم گرووپە بە جۆرێک پەراوێز خراوانە، بێ‌ماڵ و حاڵن یان کەسانێکن کە پێشینەی زیندانیان هەیە یان لە چالاکیی نایاساییدا بەشدارییان بووە. بە کارهێنانی ئەم تەکنیکی نموونەگیرییە بۆ ئەو کەسانەش باوە کە ئەندامەتیان لە گرووپێکی تایبەت بە دژواری دەناسرێتەوە، وەکوو ناهاوسانانی ئێرانی.

سەبارەت بە لێکۆڵینەوە لە ناهاوسانان لە ئێران، نموونەگیری بە شێوەی شێوازێکی چەمکی گەڵاڵە کرا کە ڕێگەیەک بوو بۆ زاڵبوون بە سەر ئەو ململانێ زۆرانەی کە ئامادەبوونی گرووپە دەست پێڕانەگەیشتووەکان لە توێژینەوەیەکدا ئەستەم دەکات. ئەم ئاراستە پەرەی بە بنەمای ڕەهەندی گەشەسەندن هەتا کاریگەربوونی ستراتێژی توێژینەوە بۆ ناساندنی گرووپە شاراوە دەست پێڕانەگەیشتووەکان دا و شووناسی کۆمەڵگای نوێ بەرز دەکاتەوە بۆ ئەوەی باشتر نوێنەرایەتی گرووپی گشتی بکا کە گرووپێکی شاراوەی تێدا نیشتەجێیە.[1] یەکێک لە قازانجەکانی نموونەگیری تۆپەڵە بەفری پتانسییەلی کەلتووری و متمانەی سرووشتییە کە لە ناو بەشداربوواندا

1. Magnani R, et al. Review of sampling hard-to-reach and hidden populations for HIV surveillance. Aids. 2005;19 (Suppl 2):S67 – 72.

بە شێوەی پەنگراو پەرە دەستێنێت. ئەمە وای کردووە کە ئەگەری ناسینی ئەو کەسانەی کە ئامادەی قسەکردن لەگەڵ تیمی توێژینەوەن، بەرز ببێتەوە.

**توێژینەوەی چەندایەتی**

یەکەمین هەنگاو بۆ کۆکردنەوەی داتا لەم توێژینەوەدا ئەنجامی پێوانی چەندایەتییە. ئامانجی پێوانی کۆکردنەوەی زانیاری لە بارەی بیر و بۆچوون، ئاراستە، باوەڕ، بەها، وەرگرتن، کەسایەتی و سەرچەشنە ڕەفتارییەکانی بەشداربووان بوو. ئەمە یەکەمین توێژینەوە لە بارەی کۆمەڵگای ئەو ناهاوسانانە بوو کە لە ناوخۆی وڵاتدا نیشتەجێن. هەروەها، بە کارهێنانی پانتای گشتی لە کاتی ئەنجامدانی پێوان بووە هۆی ئەوەی کە زۆرێک لە بەشداربووان زۆر بە ئاسوودەیی وڵامی پرسیارەکان بدەنەوە و ئەمە بووە بناغەی خوێندنەوەی لێکۆڵینەوەیەکی ورد کە لە داهاتوودا ئەنجام بدرێت. بەشداربووان لە ڕێگەی نموونەگیری تۆپەڵە بەفری شوێنیان دۆزراوە و پێوان لە پێشدا لە ناوچە تایبەتەکانی توێژینەوە بڵاو کرایەوە و ئینجا کەسەکان گواستیانەوە بۆ هاوڕێیانی خۆیان، پیاو و ئافرەت، کە ئەندامی جڤاکی ناهاوسانان بوون و لە هەمان گەڕەکیشدا دەژیان. دیمانەی قووڵی تاکەکەسی لەگەڵ ئەم کاراکتەرە گرینگانە داتای سەرەکیان دابین کرد. هەندێ جار دیمانەی سەرەکی لەگەڵ دیمانە گرووپییەکان یان دوو کەسی و کۆنفڕانسی تەلەفۆنی تەواو دەبوون. ئیشی مەیدانی لە مەودای کاتی نێوان مانگەکانی سێپتێمبەر و دیسەمبەری ساڵی 2017 ئەنجام درا. هەموو دیمانەکان شرۆڤەیی و پەیوەندییانە و بە پێی ڕێکاری بابەتێک بوو کە چەمکە سەرەکییە

خوازراوەکانی پێڕست کردبوو. دیمانەکان نەرمنوێن بوون بۆ ئەوەی بتـوانرێ سەرنج بخرێتـە سـەر پرسـیاری وردی هـەموو بابەتـەکانی پەیوەندیـدار بـە بەشداربووان.

هەروەها، بەشی چەندایەتی لە ڕێگەی مەزەندەی سیسـتەماتیک لـە ژێـر کاریگەری پرسیارنامەکان بوو. شێوازی تۆپەڵە بەفری بۆ هەموو ناهاوسـانان بە کار هێنرا؛ لە بنەڕەتدا بە واتـای ناوهێنـانی ئـەو کەسـانە بـوو کـە دەزانـێ هۆگرییە سێکسییەکەی دەکەوێتە کام ڕیزبەندی ئەم توێژینەوە (ناهاوسـان). بـە کـەڵک وەرگـرتن لـەم سـتراتیژە، بەشـداربووان ئاماژەیـان بـە هـاوڕێ ناهاوسانەکانی خۆیان یان کەسانێک کرد کە بە ناهاوسانیان دەزانی. کە واتە بەشـێک لـە کۆکردنـەوەی داتـا چەندایەتییـەکان گرێـدراو بـە مەزەنـدەی تاکەکەسـی و ڕاسـتگۆیی تاکـەکان هـەبوو کـە خۆیـان ئەنـدامی گرووپـی ناهاوسانان بوون.

**توێژینەوەی چۆنایەتی**

شێوازی چۆنایەتی هەمیشـە شـێوازگەلێکی کاریگـەر بـۆ تـاوتوێکردنی جۆرە هاوشێوەکانی پرسیاری توێژینەوەیی بوون. توێژینەوەی چۆنایەتی «بە ڕەچەڵەک دەچێتەوە سەر ئەم گریمانە کە تاکەکان ڕاسـتییە کۆمەڵایەتییـەکان لە چوارچێوەی واتا و شرۆڤەکاندا چێ دەکەن.»[1] توێژینەوەیەکی چۆنایـەتی توێژینەوەیەکی شـیکارییە و زۆر گرینگـە کـە تـوێژەران سـتانداردی بـاڵای

1. Gall, M. D., Gall, J. P., & Borg, W. R. (2007). Educational research : an introduction (8th ed.). Boston:Pearson/ Allyn&Bacon. Page 767.

چۆنایەتی و تەکنیکی بایەخپێوی بە کار بێنن. بۆ وێنە، توێژەران کاتێکی زۆر بۆ کۆکردنەوەی داتا مەیدانییەکان تەرخان دەکەن.[1] لـەم لێکۆڵینـەوەدا، ئەمـە واتە هەتا ئەو جێگایەی دەکرێ دیمانەگەلێک ئەنجام بدرێ بۆ ئەوەی هەموو ڕیزبەندییەکان پڕ بکاتەوە و چیتر هیچ بابەتێکی نوێ نەخرێتە ڕوو.

بـۆ ئـەم توێژینـەوە شـێوازی چۆنایـەتی گونجـاوە؛ چوونکـە ڕێگـە بـە لێکۆڵەران دەدا کـە دەنگـە جیاوازەکـان و ڕوانگـە ئاڵۆزەکـانی ئـەم گرووپـە پەراوێز خراوە ببیسن و یادداشتی بکەن. ڕەهەندی چۆنایەتی ئـەم توێژینـەوە لە سێ دیـوەوە بینـرا: چوارچێـوەی باسـی سیاسـیی پەیوەندیـدار بـە ژیـانی ناهاوسانان، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و نۆرمەکانی جوگرافیای بەشداربووان و دارشـتەی شـیکاری. ئـەم هۆکارانـە لایـەنێکی ئـاڵۆز بـە خوێندنـەوەی توێژینەوەیی زیاد دەکەن؛ بەڵام بە هاوکاری لێکۆڵینەوەیـەکی کـوالێتی ورد، شرۆڤەیەکی دروست و دەوڵەمەند لەم دیاردە ئاڵۆزە خراوەتە ڕوو.

دیارە دەتوانرێ بە شێوازی جۆراوجۆر لێکۆڵینەوەیـەک ئـەنجام بـدرێت؛ بەڵام دەبێ کاریگەری و سوودی ئەم خوێندنەوە لە پەیوەندی لەگەڵ ڕاستییە کۆمەڵایەتییـەکان ڕەچـاو بکرێـت. بـەو پێیـەی کـە دابەزانـدنی دروسـتی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە گرینگە، ئەمە بـە شـێوەی سرووشـتی وای کـرد بـۆ ئەوەی ئێمە شێوازی چۆنایـەتی تیـۆریی داتابنیـات (GT) بگۆزینـەوە. وەک پێشتریش ئاماژەی پـێ درا، ئـەم توێژینـەوە شـێوازە پێکهاتەییـەکان لـە خـۆ دەگرێ، واتە شیکاری و ئـەنجامی کۆمەڵایـەتی لـە بنەڕەتـەوە لـە شـێوازی

1. Creswell, J. W., & Plano Clark, V. L. (2007). Designing and conducting mixed methods research. Thousand Oaks, CA: Sage Publications.

تیۆری داتابنیات وەدەست دەهێنرێن. کە واتە ئەو دیمانـەی کـە ڕەهەنـدێکی بەربڵاو لە ژیانی ناهاوسانان لە خۆ دەگرت، شرۆڤە و بە کۆدینگی شـێوازی تیۆری داتابنیات تۆمار کران.

سـەرەڕای هەلومـەرجی زەخـت و هەسـتی تـرس، ئـەوەی دەرکـەوت وێنەیەکی زۆر خۆش‌بینانە و ڕوون لەو شـتە بـوو کـە لـە ئێسـتادا لـە ژیـانی ناهاوسانان ڕوو دەدات. زۆرێک لە ناهاوسانان ئاستی بەرگـە گرتنیـان بـەرز بـوو. کۆمـەڵێ پرسـیاری کـراوە بـە ئەنقەسـت خرابوونـە ڕوو بـۆ ئـەوەی ناهاوسانانی دیمانە لەگەڵکراو بە ئاسوودەییەوە بۆچوونی خۆیـان دەرببـڕن، پرسەکانی بە تێر و تەسەلی شی بکەنەوە و لەگەڵ کەسانی دیکـە بیگشـتێنن. ئەوەی دەست بەجێ بینرا ئەوە بـوو کـە زۆربـەیان تامـەزرۆ بـوون ڕا، بیـر و بۆچوون و ڕوانگەی خۆیـان لـە مـەڕ پرسـە مادییـەکان بخەنـە بـەر بـاس. هەروەها بۆ تیمی لێکۆڵینەوە تەواو دیار بوو کە گوتاری تاڵی ناهاوسانی دەبێ لە زمانی جڤاکی ناهاوسانان ببیسترێت.

کۆمەڵێ پرسیاری خۆماڵی‌کراو وەک ناوکی سەرەکی بۆ دیمانـە لـە هـەر بەشێک لە پرسیارەکان دەستنیشان کران و ئاقاری دیمانـە لـە نێـوان لزبـاین، گەی و دووڕەگەزخوازان جیاواز بوو.

لە کاتێکدا کە دیمانەکان چاو بە چاو ئەنجام دەدرا، توێژەران یادداشـتیان هەڵدەگرتەوە و بینراو و بۆچوونی کەسانی ناهاوسانیان تۆمـار دەکـرد. پـاش هەر دیمانەیەک، یادداشتە شرۆڤە کراوەکان کۆ دەکرانەوە. ئەمـە بـووە هـۆی دروستبوونی سەرچاوەیەک بۆ سێیانەسازی داتا و پێشینەیەک بـۆ وێنەیـەکی تەواو لە ناهاوسانان. بە ئەنجام دانی ئەم کارە، لێکۆڵەر دەیتوانی لـە دیکـەی

ڕەهەندەکانی هێزی کەسانی ناهاوسان دڵنیا ببێتەوە و زانیارییەکان بە کەڵک وەرگرتن لە بیچمە جۆراوجۆرەکانی داتا، سەرچاوە و شێوازەکان بۆ پشتڕاست کردنەوەی بەڵگە وەدەست هاتووەکان سێیانە سازی بکات.

## تیۆری داتا بنیات

لە شێوازی تیۆری داتا بنیات، لەگەڵ ئەوەی داتاکان کۆ کرانەوە، پرۆسەی شیکاری دەست پێ دەکا و هەتا ئەو کاتەی لێکۆڵینەوە کۆتایی پێ نەهاتووە، درێژەی هەیە. کاتێک داتا پێویستەکان کۆ کرانەوە و دابەزێنران، دەتوانین بچینە قۆناغی دواتر ـ دانانی پێوەر بۆ داتاکان. شێوازی تیۆریی داتابنیات، ئەو جۆرەی کە ستراوس و کۆبێرن (1998) وەسفیان کردووە، «تیۆرییەکە کە لە داتایەکەوە هەڵدەچێندرێ کە بە شێوەی سیستماتیک لە ڕێگەی پرۆسەی توێژینەوە کۆ دەکرێتەوە و شیکاری بۆ دەکرێت.»[1]

لەم تیۆرییە بە زۆر هۆکار تیۆری داتابنیات دەست نیشان کراوە.[2] یەکەم، ئەم تیۆرییە نەرمنوێنییەکی زۆری هەیە بۆ ئەوەی ڕێگە بە بەشداربووان بدا کە لە ڕێگەی بابەتە ناسراوەکان هەندێ ئەزموون وەدەست بێنن. دووهەم، بەو پێیەی کە زانیاری زۆر لە بارەی بوونی ناهاوسانان لە ئێراندا نییە، پێویستە توێژەر لە پرۆسەکانی کۆکردنەوە و شیکاری، کە هاوکات ڕوو

1. Strauss, A. L., & Corbin, J. M. (1998). Basics of qualitative research: Techniques and procedures for developing grounded theory (2nd ed.). Thousand Oaks: Sage Publications. Page 12.

2. Punch, M. (1998). Politics and ethics in qualitative research. In N. K. Denzin & Y. S. Lincoln (Eds.), The landscape of qualitative research: Theories and issues (pp. 156-184). Thousand Oaks, CA: Sage Publications.

دەدەن و هەر کامیان ئەوی دیکەی لێ دەکەوێتەوە، نەرمنوێن و کراوە بێت.

بەرهەم هێنانی داتابنیات ئاراستەیەکی بە کۆدینگ کراو، تەوەریی و بژاردەیی بە کار دەبات. هەموو داتاکان دابەزێنراون، توێژەر ڕاست پاش کۆتایی هەر دیمانەیەک کۆدینگیان دەکات. ئەم کارە دەرفەتی یادداشت هەڵگرتنەوە، چارت کێشانەوە و گۆڕینی ئاراستەی توێژینەوە بە پێشکەوتنی پرۆسەی کۆ کردنەوەی داتا دابین دەکات. هەموو دابەزاندنەکان توێژەر ئەنجامی دەدا و لە بابەتە تۆمار کراوە دیجیتاڵەکانەوە بگرە تا دەگاتە دەقی دابەزێنراو لە خۆ دەگرێت. لەم تیۆرییەدا، داتاکان بەر لە پێداچوونەوەی تەواوی ئەدەبیات کۆ کرانەوە و ئینجا شی کرانەوە، کەواتە «تیۆری داتابنیات» بە گوێرەی داتاکانی دنیای ڕاستەقینە بەدی هاتووە، نە چەمکی گریمانەیی بە پێی توێژینەوە پێشوویەکان کە لەوانەیە کاریگەری لە سەر «بێلایەنی» توێژەران دابنێت.[1]

## کۆکردنەوەی داتا و کاری مەیدانی

لە سەرەتاکانیساڵی 2016، دوو چەشن کاری مەیدانی دەستی پێکرد. لە جۆری یەکەم، لە ڕێگەی گرووپی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندی لەگەڵ کەسانی ناهاوسان ساز کرا. لە وڵاتی ئێران، کۆمەڵگای ناهاوسان نەناسراو و ناسکە. تیمی لێکۆڵینەوە تەنانەت لە شوێندۆزی، پەیوەندی و سازدانی وتووێژێکی ئاگادارانە تووشی گرفت دەبوو. لە جۆری دووهەم، قەبارەیەکی

1. Gall, M. D., Gall, J. P., & Borg, W. R. (2007). Educational research: an introduction (8th ed.). Boston: Pearson/Allyn & Bacon.

زۆر لە داتاکان لە بارەی ناهاوسانان لە ڕێگەی پێوانەکانەوە کۆ کراوە.

ئـەم خوێندنـەوە توێژینەوەییـە. دابەزانـدن و ئامانجەکـەی بـە کەسـەکە پێشنیار دەکرا بەو هیوایەی کە لە کۆتاییدا بە دانیشتنی چاو بە چاو و گفتوگـۆ کۆتایی پـێ بێـت. لـە سـەرەتادا، بـە هـۆی ئـەزموونی ناخۆشـی ڕابـردوو، ڕەش‌بینی و بێ‌متمانەییەکی زۆر لە ئارادا بوو، وەدەست هێنانی متمانـەیان و پیشاندانی ئەم متمانە بە لێکۆڵینەوە، کارێکی ئەسـتەم و دژوار بـوو. لێرەدایـە کە شێوازی دووهەم بەسوود دەبێت. هەر کەسـێکی ناهاوسـان هاوڕێکـەی خۆی دەناساند یان دانیشتنێکی لەگەڵ گرووپێکی دیکەی هاوڕێکـانی سـاز دەکرد. ئامانجی وتووێژکار پاراستنی ئـەم زنجیـرە و درێـژەدان بـە شـێوازی نموونە گیری تۆپەڵە بەفری لەگەڵ شێوازەکانی دیکەی وەکوو تۆڕسازی بوو.

## تێبینی و سنووردارییە ئەخلاقییەکان

### سنووردارییەکان

ناسینی سنووورداریی زەمـەن و گوژمـە لـەم خوێندنـەوە توێژینەوەییـەدا گرینگە. ئەم تایبەتمەندییانە دەبێ لە کاتی تاوتوێکردنی داتاکانی پەیوەندیدار بە ناهاوسانان ڕەچاو بکرێن.

لە کـاتی ئەنجامـدانی ئـەم توێژینـەوە هەسـتیارە، بیـری سـەرەتایی مـن ڕاکێشـی ئـەم خاڵـە بـوو کـە چـۆن ئەنجامـەکان دەتـوانن ببنـە سیاسـەت، دەستێوەردان و بەرنامەی نوێ بۆ ناهاوسانان. هیوادارین کـە توێژینـەوەکانی داهاتوو بە حەشیمەتی زێدەتر و ڕەنگە لە سەر ئاستی نیشـتمانی و گشـتگیر ئەنجام بدرێت. ئەگەرچی بـە گشـتی، کەسـانی ناهاوسـان کۆمەڵگایـەکی

گۆشەگیرن، ئەم بابەتە لە ئێران تۆختریشە. زۆر ناهاوسان لە وڵاتی ئێران لە هەمبەر ڕوانگەی نەرێنی ئایینی و یاسایی و ڕەتکردنەوە، بەرگری لە شووناسی ڕەگەزی خۆیان دەکەن. ئاستەنگی دەروونی و کۆمەڵایەتی سەر ڕێگەی ناهاوسانان زۆرە. بە ئاوڕدانەوە لە ژیانی ئەشکەنجەهێنەر و پەنامەکانە و ترس لە دەربڕینی شووناسی ڕەگەزی لە ناو کەسانی ناهاوسان، ئەم لێکۆڵینەوە ناتوانێ لە سەداسەد ئیدەعای ئەوە بکا کە ئەم نموونە نوێنەرایەتی کۆمەڵگای گشتی ناهاوسان دەکات.

لە سۆنگەی ڕیوایی و وردبینی لێکۆڵینەوەوە، تیمی توێژینەوە بۆ دەستەبەریی دروستی زانیارییەکان (ناوەڕۆک)، کە لە دەقەکانی بەر دەستی ئێمەدا وەدەست کەوتن، لە هیچ هەوڵێک درێغیان نەنواند. بە هۆی هەستیاری زۆری بابەتەکە، ڕەهەندی یاسایی جڤاکی ئامانج و هەروەها ڕوانگەی کۆمەڵایەتی بۆ کەمینە سێکسییەکانی کۆمەڵگا کە ئامادەی قبووڵکردنی ئەم گرووپانە نییە، ئیدەعای تەواوبوون و دروستیی دارشتە بەشێک لە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوە نییە. بۆ دەستەبەریی ئەو پەڕی تێگەیشتنی کەسانی ناهاوسان لە تاقمی جیاواز و لە کۆمەڵگایەکدا کە ئەوان پەسەند ناکا، شێوازی تیۆری داتابنیات بە وردییەکی زۆرەوە بە کار هێنرا. دروستی ناوەڕۆک دەبێ بە شێوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ سەرچاوەی سەرەکیی زانیارییەکان بەراورد بکرێت.

**تێبینییە ئەخلاقییەکان**

تێبینییە ئەخلاقییەکان لە ستراتیژی نموونەگیری (و کۆکردنەوەی داتا)

زۆر گــرینگن. مــوور و میلێــر (1999) دەڵــێن ئەنــدامانی کۆمــەڵگا خەسارهەڵگرەکان زۆر جار ڕیسکی جۆراوجۆر تاقی دەکەنەوە کـە لەوانەیـە سەربەخۆییان بباتە ژێر پرسیار و لە ئەنجامدا ئـەوان دوو قـات (یـان ڕەنگـە سێ قات و زیاتر) خەسارهەڵگرتر دەکات.[1] ئەم بابەتە واتە توێژەران لەوانەیە لە ئیش‌کردن لەگەڵ ئەو کەسانەی کە بە خەسارهەڵگر دەزانرێن یان دەکەونە ئــەم تاقمــەوە، خــۆ ببــوێرن[2] و لــە ئەنجامــدا خواســت و پەرۆشــییەکانی توێژینەوە، بواری کردەوە و سیاسەت ئاوڕیان لــێ نادرێتــەوە. ســەرەڕای ئــەو سنووردارێتی و هێڵ و سنوورە ئەخلاقییە زۆرانەی کە لێکۆڵینــەوە بــۆ بابەتــە هەســتیارەکان ڕووبــەڕووی دەبێتــەوە، ڕوونــە کــە هەنــدێ لــە پرســیارەکانی لێکۆڵینەوە تەنیا لە ڕێگەی ئیش‌کــردن لەگــەڵ کەســانی خەســارهەڵگر وەڵام دەدرێتــەوە. لــە پێنــاو ئامانجــەکانی لێکۆڵینــەوە، ئــەم لێکۆڵینــەوە کۆمــەڵێ تەکنیکی بۆ دڵنیابوون لە پارێزراوی گرتە بەر.

لە هەمان کاتدا شێوازە ئەخلاقییەکان بە کار هێنران بۆ ئەوەی دەستەبەری ئەوە بکا کە گەنجان بە بەشداری‌کردن لەم لێکۆڵینەوە تووشی زیان نابن.

بــەو پێیــەی کــە ئــەم لێکۆڵینــەوە هــەڵگری بابەتــە مرۆییــەکان بــوو، دەستخستنی مۆڵەت لە لیژنەی لێکدانەوەی ناوەندی Institutional Review Board پێویست بوو. زۆر سەرنجی ئەم خاڵەش درا کــە کەســانی گــەنج بــە تــەواوەتی لــە شووناســی لێکۆڵینــەوە ئاگــادار بــن و لێــی تێبگــەن. بنــەمای

1. Moore LW, Miller M (1999) Initiating research with doubly vulnerable populations, Journal of Advanced Nursing, 30, 5, 1034–1040.
2. Moore LW, Miller M (1999) Initiating research with doubly vulnerable populations, Journal of Advanced Nursing, 30, 5, 1034–1040.

نهێنییەتی بە بێناوبوونی داتا و کەڵک وەرگرتن لە نازناو بۆ بەشداربووان، ڕێکخراو و شوێنەکانیان پارێزرا. هەم دیمانەکە ئەنجام درا و هەمیش داتا بینراوەکان کۆ کرانەوە. لە شوێنی دڵخوازی خۆیان بەشداربووان دیمانەیان لەگەڵ کرا. بە ئاگادار کردنەوەی بەشداربووان، ئەوان داکۆکییان کرد کە وەک خۆبەخشی بەشداربوو لەم لێکۆڵینەوە لە مافەکانی خۆیان ئاگادارن کە واتە ڕێگەیان بە توێژەر دا کە داتا کۆکراوەکان بە کار بێنێت.

بە ئاوڕدانەوە لەوەی کە دیمانە لە پانتایەکی ئاوەڵا و گشتی زیاتر بە شێوەی وتووێژێکی ئاسایی ئەنجام دەدران تا وەک دیمانەیەکی فەرمی، بەشداربووان وایان بە باش زانی لە دیمانەی قووڵ و دوور و درێژدا بەشداری بکەن. زۆربەی دیمانەکان بە شێوەی دەنگیی تۆمار دەکران (بە کەڵک وەرگرتن لە ئامێری تۆماری دیجیتاڵ) و دواتر بۆ شیکاری دادەبەزێنران. فایلە دەنگییەکان پاش دابەزاندن لە ناو دەبران و هەموو ناو و زانیارییەکان ناسرانەوە، گۆڕدران یان بۆ ئەوەی شووناسی بەشداربووان بە نهێنی بمێنێتەوە، دەسڕانەوە. لەو شوێنانەی وا نۆرمە نەریتییەکانی کۆمەڵگا باڵادەست بوون و لە شێوازی بە کۆمەڵایەتیکردنی تاکەکان دەوری گرینگیان هەبوو و لە بارە-ی ڕاهێنانی سێکسی کاریگەری لە سەر بۆچوونی ئەوان دادەنا، ئیشکردنی لەگەڵ کەسانی ناهاوسان ئەستەم دەکرد. بۆ وێنە لە شاری ئێسفەهان، تەنانەت کاتێک کەسەکان لە لایەن دۆستێکی هاوبەش ناسێنرا بوون، وڵامی هەندێ لە پرسیارەکانیان نەدەداوە. بە ڕەچاوکردنی هەستیاری و خەسارهەڵگری زۆری بەشداربووان، پرسە تایبەتی و ڕۆژانەکانیان لەوانە بوو ببێتە کۆسپی بەر دەم قەزاوەتی ئەخلاقی. بۆ ئەوەی زیان بە بەشداربووان

نەگا، هەندێ جار نووسەر دەبوایە تامـەزرۆیی و کونجکـۆڵی خەڵکناسـی خۆی فیدا بکردایە و لە بەرامبەردا تیمی پرۆفیشناڵی ڕاهێنراوی بپارێزیبایە.

## ململانـێ شێوازناسـییەکان لـە ئەنجامـدانی توێژینـەوە لـە بـارەی ناهاوسانان

ململانێ شێوازناسییەکان لەگەڵ توێژینەوەی سـەبارەت بـە ناهاوسـانان لـە وڵاتێکی هاوشێوەی ئێران زۆرە. ئەم کێشانە بریتیین لە پێناسە، ئەندازەگرتن و نموونەگیریی وردی بەشداربووان و تێبینییـە ئەخلاقییـەکان کـە لـە سـەرەوە سەرنجی پێدرا. بەشی دوایی بە وردەکارییـەوە دەڕوانێتـە ئـەم ململانێیانـە و ئەوەی کە یەکەم توێژەران لەوانەیە کەسانی ناهاوسان پێناسە، ڕیزبەندی یـان پۆلێنبەندی بکـەن و دووهـەم دەڕوانێتـە کێشـە جەوهەرییـەکان کـە لەگـەڵ نموونەگیریی ئەم کۆمەڵگایەن و سـێیەم ئـەوەی کـە تێبینییـە ئەخلاقییـەکان ڕەچاو ناکا کە لە کاتی ئیشکردن لە سەر ناهاوسانان دەخرێنە ڕوو.

ڕاپەڕاندنی توێژینەوە لە بارەی کەسانی ناهاوسان ئاستەنگی زۆر لـە بـەر دەمە؛ چوونکە ژێرکۆمەڵێک لەو کەسانە تاوتوێ دەکـا کـە سـەبارەت بـەوان پێناسەی ستانداردی باو بـوونی نییـە و لـە ڕاسـتیدا شـیاوی ناسـینەوە نـین. نموونـەگیری لـە جڤـاکی ناهاوسـانان لـە وڵاتـی ئێـران دژوارە؛ چوونکـە گرووپێکی کۆمەڵایەتیین کە دەست پێڕاگەیشتنیان ئەستەمە. ئەم چالێنجانـە دژوارتریش دەبن؛ چوونکە زۆرێک لە کەسەکان لـە کۆمـەڵگای ناهاوسـان متمانەیان بە خوێندنەوە لێکۆڵینەوەییەکان نییە.

کۆسپی سەرەکی بەر دەم ئەم لێکۆڵینـەوە ڕێـژەی کـەمی بەڵگـە بـوو کـە

بتوانێ مەزەندەیەکی دروست لە ڕێژەی ناهاوسانان لە ئێران بداتە دەست. لە کاتێکدا کە کۆمەڵێ توێژینەوە لـە ڕەهەنـدی بچووکـدا بـەدی دەکـرێن کـە ئەزموونەکانی ناهاوسانان لە ژیانی گشـتیدا تـاوتوێ دەکـەن، بەڵگـەی زۆر کەمن کە بە وردەکارییەوە ئەندازەی ڕاستەقینەی کۆمەڵگای مەبەستیان پیشان دەدەن. هۆکارەکانی نەبوونی ئەم بەڵگانە جیاواز و جێی مشتومڕن. بـۆ وێنـە بەتز (2008) وتی کاتێک داوا لـە کەسـەکان دەکـرێ بـۆ ئـەوەی هـۆگری سێکسی (یان ڕەگەزێتی) خۆیـان پێناسـە بکـەن، بـە گشـتی نـاتوانرێ ئـەو وردەکاریانە ببنرێن کە لەوانەیە لەگەڵ پێناسە و پۆلێنبەندی جیاوازی کەمینـە سێکسییەکان بن. کەواتە، سەبارەت بەوەی کە بە ڕاستی چی شتێک یان چی کەسـێک هەڵدەسـەنگێنرێ، سەرشـێوێنەرە.[1] بـە پرسـیارەکان چـالنجی زیاتریش دێنە ئاراوە کە بـەش بـە حـاڵی خۆیـان لایـەنێک لـە نـاو و نیتکـە گونجاوەکانیان لێ دەکەوێتەوە.

ململانێیەکی دیکە کە لێکۆڵـەران ڕووبـەڕووی دەبنـەوە کـات و هـەوڵی زێدەترە کە بۆ پاراستنی ستانداردی شێوازەکانی دیمانەیـەکی قـووڵ پێویسـت بوون. سەرەڕای هەوڵ و سەرنجێک کە بە کـات و تۆمـارکردنی داتاکـان لـە کاتی ڕاهێنانی تیم درا، دیمانەکان زۆر جار دوور و درێژ بوون و هاوئاهەنگ کردنیان زۆر ئەستەم بوو.

هیـوادارین ئەنجامـەکانی ئـەم توێژینـەوە ببێتـە هـۆی گۆڕانکـاری لـە

1. Betts, P. (2008). Developing survey questions on sexual identity: UK experiences of administering questions on sexual identity/orientation. ONS (Office for National Statistics) Page. 4

کۆمەڵگا، سیاسەتەکانی دەوڵەت، ڕێبەرانی نەریتی و دیکەی کاراکتەرەکان. دەوری ئەو ناهاوسانانەی کە جەسارەتیان هەبوو و بەسەرهات و ئەزموونی خۆیان خستە بەر باس، زۆر پڕبایەخ بووە.

## ڕوونکردنەوەیەک لە بارەی گێڕانەوەی توێژینەوە

چەمکی ڕەگەزێتی چێکراوی کۆمەڵایەتییە کە ڕۆڵ و شووناسە جۆراوجۆرەکان دەخاتە ئەستۆی ژنان و پیاوان. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، جیاوازییە ڕەگەزێتییەکان بێکاریگەر نین. لە ڕاستیدا لە بەشی هەرە زۆری کۆمەڵگا، ڕەگەزێتی پیشاندەری بیچمێکی دیاریکراو لە توێژبەندیی کۆمەڵایەتی و ڕەگەزییە. یەکێک لە بیچمە گرینگ و هەستیارەکان شووناسی ڕەگەزێتییە کە زۆر جار بۆ تاکەکان و گرووپە جۆرەکانی دەرفەت و بەختی ژیان دیاری دەکات. کاریگەری بەرچاوی ڕەگەزێتی لە سەر دەوری کۆمەڵایەتیی دیاریکراو ـ لە بنەماڵەوە بگرە تا سیاسەتەکانی دەوڵەت، نابێ پشتگوێ بخرێت.

هەر وتووێژێک لە بارەی کەمینە سێکسییەکان لە وڵاتی ئێران، ڕەنجی کۆمەڵایەتیی جڤاکی و ئەزموونی ڕۆژانەی ئەوان، نە تەنیا ڕوانگەیەکی گشتگیر سەبارەت بە دارشتەی کۆمەڵایەتی و ناکاامییە کۆمەڵایەتییە بە ئەزموون کراوەکان لە لایەن ئەم کۆمەڵگا بێدەنگە و زۆر جار ترساوە دەداتە دەست، بەڵکوو بە شێوەی تۆڕێکی تێهەڵکێشراوی ژێربنەما ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی باوکسالاری ئێران تاوتوێ دەکا کە زۆر کاریگەری لە سەر ئایین، یاسا و ناوەندە فێرکارییەکان دادەنێت. پرسی هۆگری سێکسی لە

وڵاتی ئێـران بۆتـه پێچـەڵاوپێچێکی ئـاڵۆز لـه دژواری و نەناسـراوەکان کـه بێگومان ژیانی کۆمەڵایەتی زۆرێک له کەمینه سێکسییەکانی خسـتۆته ژێـر کاریگەری خۆی. ئەگەرچی زۆربەی کۆمەڵگا نێودەوڵەتییەکان لایـەنێک لـه هۆگرییه سێکسییەکان به فەرمی دەناسیٚ که له پێناسەی بـایۆلۆژی سـەرتره، له کۆمەڵگای ئێران، هۆگرییـه سێکسـییه جیاوازەکـان وەک نـانۆرمی لێیـان دەڕوانرێت. وەک به دروستی وتراوه «هیچ وتووێژێـک، هـیچ قسـەیەک لـه بارەی ئێمه یان ژیانی ئێمه ناوترێت.»[1] ئەمه به هۆی قبووڵ نەکرانی کەمینـه سێکسییەکان له وڵاتی ئێرانه که به ڕەچەڵەک دەچێتەوه سەر نۆرمه چەنـدین سەدە قبووڵ کراوەکان، نەریته خۆڕاگرەکان و له هـەموو گرینگتـر لـه دەوری تۆخ و پڕڕەنگ و تەوەریی ئایین. ئەمه وای کردووه که هەر داپەڕێک بۆ ڕوون کردنەوەی ئەم بابەته دژوارتریش ببێت.

قەسیدەگەلێکی کۆن له بارەی عەشقی نێوان هاوڕەگەزان هەیه کـه تەنانـەت پاش ئایینی ئیسلامیش درێژەیان بووه و پاش سەردەمی کلۆنیاڵ له بیر کران. ژنان و پیاوان به شێوازگەلی تایبەت دەیانتوانی سـۆز بـۆ یـەکتر دەرببـڕن کـه ڕێگه بدەن ژیانیان، که به فەرمی نەناسریٚ و قسەی لیٚ ناکریٚ، له شاراوەدا به بەردەوامی بمێنێتەوه. ئەوان بێـدەنگن بـەڵام هەمیشـه هـەن. لـه پشـت ئـەم گێڕانەوه ساکارانه، ئەشق بۆ هاوڕەگەز تێهەڵکێشی هەقایـەتی زۆر لـه ژیـانی ڕۆژانەی ئەم کەسانه له ئێران بووه. دیاره سەرەڕای بوونی سەرکوتی دەسەڵات و سازانی پەیتا پەیتا که ناچار بەو کارانه دەکرێن بۆ ئەوەی خۆیـان بپـارێزن،

1. Growing up gay in Iran, WWW.the guardian.com

زۆرن ئەو ناهاوسانانەی کە لە ئێراندا دەتوانن درێژە بە ژیانی خۆیان بـدەن و هەسـتی هاوپەیوەنـدی لـە نـاو خۆیانـدا بـەهێز بکـەن.[1] «بـەهێزترین ڕەهەندەکانی ئەم چیرۆکانە لە مەڕ جڤاکی ناهاوسـانان لـە وڵاتـی ئێـران لـە وردەکاریی یان داڕشتەکان سەرچاوە ناگرن. لە بەرانبەردا، ئـەوان لـە دەنگـی کۆمەڵێ بگێڕەوە دێن کە لـە لایـەن توێژەرانـەوە دەبیسـترێن کـە کـارێکی وا دەکەن بەسەرهاتە جەرگبڕەکانیان هەموو ئەو پرسانە پیشان بدا کە زۆرێک لـە ناهاوسانان ڕووبەڕووی دەبنەوە. ئەم خوێندنـەوە سەرنجڕاکێشـە و بایـەخی بیستنی هەیە. ناهاوسانان لە ئێران ململانێ لەگەڵ پارامەترە ڕەق و تەقـەکانی ڕەگەزێتی و بنەماڵە دەکـەن و لـەم ئاراسـتەدا، لـە بنەڕەتـەوە پێکهاتـەی ئـەم کۆمەڵگا ئایینی و باوک سالارە دەگۆڕن.

ئەم توێژینەوە بە نیازە ئەزموونی ژیاوی سێ گرووپـی سێکسـی تـاوتوێ بکات. دیمانەکان لەگەڵ گرووپە ناهاوسانەکان لە سەر ئاستی سـێ شـاری گەورە و ناسراوی ئێران بە کەڵک وەرگرتن لە پرسیارنامە ئـەنجام دران کـە بـە شـێوەی تایبـەت بـۆ ئـەم مەبەسـتە ئامـادە کـرا بـوون. لـەم خوێندنـەوەدا، پێباشبوونەکان، هۆگری و ڕەهەندەکانی دیکەی هاوڕەگەزخوازی بـە وردی ڕەچاو کران. بە پشت بەستن بـە ئێتنـۆگرافی، چیرۆکـەکان و دیمانـە دەسـتە یەکـەکانی ئـەم خوێندنـەوە توێژینەوەییـە و بەشـی دواترەکـەی پرۆسـە و دەرەنجامـەکان شـی دەکەنـەوە. ئاراسـتەکان لـە ئێـران لـە هەمبـەر هاوڕەگەزخوازی کاریگەرییەکی یەکلاکەرەوەی لـە سـەر ڕێـژەی دەمامـک

1. Iran's persecution of gay community revealed | World news ... www.theguardian.com › World › Iran

لێدانی کەسەکان بۆ شاردنەوەی هـۆگریی سێکسـییان دانـاوە. ئـەم گێڕانـەوە هەست و ترسە شاراوەکانی ئەو کەسانەی کە لە ئێران دەژین، دەخاتە ڕوو. لە ئەنجامدا، کەسەکە هەستێکی هەستپێکراوی دەبێ کە ژیان بۆ کەسێک کە هۆگرییـــە سێکســـییەکەی زۆر ئیدانـــە کـــراوە چـــی بیچمێکـــی دەبێـــت. چیرۆککگەلێک ئەورۆ دەگێڕدرێنەوە کـە قـەد نەبیسـراون و نەنووسـراون. ئـەم چیرۆکانە لە ئێراندا ڕوو دەدەن، ئەو شوێنەی کە هاوڕەگەزخوازی نایاساییە.

## شیکاریی داتاکان

وەک پێشـتریش وتـرا، شـێوازە بـە کارهێنراوەکـان بـۆ شـیکاری شـێوازە پێکهاتەییـەکانن کـە زۆر جـار لـە توێژینـەوەی هـەڵگری ئـەم نـاوەڕۆک و هەستیارییە بە کار دەهێنرێن.[1] شـێوازەکان بـریتین لـە شـێوازی چۆنایـەتی، چەندایەتی و تیۆری داتابنیات و تۆپەڵبەفری. دەبێ بزانین لـە حاڵێکـدا کـە ئەم شێوازانە لێرەدا بە ڕیزبەندییەکی تایبەت هێنراون، پرۆسەکان لـە ڕاسـتیدا ئەگەر زنجیرایەتییان بووە، دەگمەن بووە.

بە کارهێنانی پێکهاتەیی لە شێوازێکی هەمیشە یەکسان لە شیکاریی داتا، نموونە گیری و کۆ کردنەوەی داتا بە شێوەی بەردەوام ئەنجام درا و هـەر کـام بەوی دیکە بەستراو بوو. ئەم کـارە پێویسـتی بـە شـیکاری لـە هـەر کـام لـە قۆناغەکانی توێژینەوە بوو. پاش کۆ کردنەوەی داتا لە بەشـداربووان، کـە لـە

1. ones, Susan R, Vasti Torres, and Jan Arminio. Negotiating the Complexities of Qualitative Research in Higher Education: Fundamental Elements and Issues. Routledge, 2013. Whitaker, Brian. Unspeakable Love: Gay and Lesbian Life in the Middle East. Saqi, 2011.

سەرتاسەری پرۆسەی دیمانە ئەنجام درا، دەستبەجێ شرۆڤەی داتا دەستی پێ کرد. ستراوس و کۆربۆن (1998) پێنج ئامانجیان بۆ ڕەوتەکانی کۆدینگ دیاری کرد: (1) دانانی تیۆری هەتا تاقیکردنەوەی؛ (2) خستنە ڕووی ئامرازی شرۆڤە بۆ تۆێژەران بە مەبەستی بەڕێوە بردنی قەبارەیەک لە داتا سەرەتاییەکان؛ (3) یارمەتیدانی شرۆڤەکاران بە ڕەچاوکردنی واتای تری دیاردەیەک؛ (4) سیستەماتیک و هاوکات داهێنەر بوون و (5) ناسینەوە، بەرهەم هێنان و لکاندنی ئەو چەمکانەی کە بەشە سازێنەرەکانی تیۆرییەکن. لە کاتێکدا کە لە بنەڕەتەوە کۆکردنەوە و شیکاری داتا شرۆڤەییە، ئەم پرۆسە هەڵگری هەنگاوی دیاریکراو دەبێت. یەکەمین هەنگاو کۆدینگی کراوەیە کە لە درێژەیدا پۆلێنبەندی زانیارییەکان لە دیمانە سەرەتاییەکان ئەنجام دەدرێ و ژێرگرووپ، تایبەتمەندی و ڕەهەندگەلێک لە خۆ دەگرن (پانتا و جیاوازی لە هەر چینێکدا). لە کۆدینگی کراوە، داتاکان بۆ سەر بەشە دیاریکراوەکان دابەش دەبن، بە وردی تاوتوێ و بۆ دۆزینەوەی لێکچوون و لێکنەچوونەکان بەراورد دەکرێن.[1] هەر کات تایبەتمەندییەکان گشتین یان پێناسەی دیاریکراوی ڕیزێکن، ڕەهەندەکان پیشاندەری شوێنی ئەو تایبەتمەندییە لە لایەن پانتایەکن.[2] لەم خوێندنەوەدا، دەتوانین ئەم تایبەتمەندییانە و ڕەهەندەکانی لە دەرەوەی کۆ کردنەوەی داتا پێناسە بکەین.

هەنگاوی دووهەم لە شیکاری کۆدینگی تەوەرییە، پرۆسەیەک لە دووبارە

1. (Strauss & Corbin, p. 102).
2. Corbin, J. and Strauss, A., 2008. Basics of qualitative research: Techniques and procedures for developing grounded theory. Thousand Oaks.Page. 116

پێکەوە لکانی ژێرگرووپەکان بە یەکتر بە شێوەیەکی نوێ و لە ڕووی واتاییەوە جیاواز بۆ دۆزینـەوەی پەیوەندییـەکانی نێـوان تایبەتمەنـدی و ڕەهەنـدەکان. کاتێک کۆدینگ بـە شـێوەی تـەوەریی ئـەنجام دەدرێ، تـوێژەر خوازیـاری «وڵامدانەوەی پرسیارگەلێکە وەکوو بۆچی یان چۆن، کوێ، چۆناوچۆن یـان بە چی ئەنجامێک.»[1] لەم قۆناغەدا بارودۆخـەکان تـاوتوێ کـران و خسـتنە ڕووی پەیوەندییەکان (گریمانە جیاوازەکان) ئامادە بوون.

کۆدینـگ هـەڵبژاردەی هـەنگاوی دواییـە[2] و «پرۆسـەی تێکـەڵکردن و پاڵاوتنی تیۆری» یان دانانی ڕیزێکی ناوکی یان ناوەنـدی کـە پەیوەسـتە بـە هەموو ڕیزەکانی ترەوە. ئەمە هێڵی سەرەکی چیرۆکە کە لـە کۆتاییـدا وڵامـی پرسیارەکانی توێژینەوە دەداتەوە. بۆ ئەوەی تاقمێـک، وەک تـاقمی سـەرەکی بزانرێ دەبێ توانای شیکاری هەبێ کە لـە «توانـای ئـەو بـۆ کـۆ کردنـەوەی ڕیزبەندییەکانی دیکە لە پاڵ یەکتر بۆ دانانی گشتێتییەکی ڕوونەوە دێـت. لـە هەمان کاتدا ڕیزێکی سەرەکی دەبێ بتوانێ ڕوونکردنەوەیەکی بـۆ جیـاوازی شیاوی تێبینی ناو ڕیزەکان هەبێت.»[3] دانـانی ڕیزێکـی سـەرەکی وای کـرد «هێڵی گێڕانەوەیی» بەدی بێ کە بە ڕوونی دیاردەی لە حـاڵی بـیچم گرتنـی ڕوون دەکـــردەوە کـــە لـــەم بـــارەوە، ئـــەزموونی کەســـانی ناهاوســـان و دروستکردنی هەستی کارامەیی و سازگاری لەوان لە دارشتەی ئێراندا بوو.

1. Corbin, J. and Strauss, A., 2008. Basics of qualitative research: Techniques and procedures for developing grounded theory. Thousand Oaks.Page. 116

2 . Corbin, J. and Strauss, A., 2008. Basics of qualitative research: Techniques and procedures for developing grounded theory. Thousand Oaks. Page. 143

3 Corbin, J. and Strauss, A., 2008. Basics of qualitative research: Techniques and procedures for developing grounded theory. Thousand Oaks. Page 146

**ئەنجامەکانی توێژینەوە**

ئەنجامەکانی توێژینەوە کۆ کرانەوە، تاوتوێ کران و بە هاوکاری تیۆری GT سێیانەسازی کران بۆ ئەوەی بارودۆخێکی ڕاستەقینە بۆ زۆرینەی خوێنەران لە ڕێگەی هێڵکاری و گێڕانەوەی ڕاستەوخۆ دیاری ببێت. ئەم ئەنجامانە پیشاندەری شرۆڤەیەکی تەواو لەو شتەن کە توێژینەوە لە ڕێگەی پرۆسەی لێکۆڵینەوەی گشتگیر لە سەر ئاستی هەر سێ شاری گەورە و گرینگی ئێران وەدەستی هێناوە.

وەک پێشتریش باس کرا، بۆ وەدەست هێنانی داتای ڕاستەقینە و هاوئاهەنگی ئەنجامەکان هەر دوو شێوازی چەندایەتی و چۆنایەتی بە کار هێنران بۆ ئەوەی ڕاستییە هەست پێکراوەکانی ژیانی ناهاوسانان بدۆزینەوە. ئەم توێژینەوە کە لە دوو بەشدا دێت، ئەنجامە کۆدکراوە ئاڵۆزەکان پیشان دەدا کە بە هاوکاری GT وەدەست هاتوون، لە حاڵێکدا کە لە شێوازی چەندایەتی ئەنجامە ژمارەییەکان وەدەست دێت.

مۆدێلی چەمکی ئەزموونی ژیاوی کەمینە سێکسییەکان لە شارە گەورەکانی ئێران (69 - 1396)




ڕاس فاسینجێر (1998) کە ئیشەکەی ڕەنگە لە چاو کاس یان ساڤین ـ ویلیامز لـە نـاو کارناسـان و خوێندکارانـدا کـەمتر ناسـراوە، مـۆدێلێکی گشـتگیری لـە پێکهـاتنی شووناسی گەی / لزباین داهێنا. ئەگەرچی ئەم مۆدێلە قۆناغ بـە قۆناغـە، فرەڕەهەندییـە و لایەنی دووانەی گەشە هەم لە سەر ئاستی شووناسی تاکایەتی و هەمیش لە سەر ئاسـتی شووناسی کۆمەڵ پیشـان دەدات. یەکـەمین قۆنـاغ لـە کـۆی چـوار قۆنـاغی فاسـینجێر ئاگاداربوون لە (ڕووانگەی تاکایەتی، جیاوازی لەگەڵ هاوتەمەنە دیترڕەگەزخوازەکان، لە ڕوانگەیەکی جڤاکی، بوونی هۆگری سێکسی جیاواز لە ناو کەسەکان)ـە.

قۆناغی دووهەم دۆزینەوەیە؛ لە سەر ئاستی تاکایەتی سۆز و تامەزرۆیی سێکسی بۆ

کەسانی هاوڕەگەز، لە سەر ئاستی گرووپی ئەوەی کە چۆن کەسێک لە ڕیزی گەیەکانـدا وەک چینێکی کۆمەڵایەتی جێی دەبێتـەوە. قۆنـاغی سـێهەم پیشـاندەری پابەندێتییـەکی قووڵ بۆ ئەم چەمکە شووناسەیە کە بەردەوام لە گۆڕاندایە. لە سەر ئاستی تاکایەتی بیچم گرتنی زانست و باوەڕەکان لە مەڕ شووناسی هاوڕەگەزخوازانە و لە سەر ئاستی تاکایـەتی بەشداری تایبەتی لە گرووپی سـەرچاوەی نادیترڕەگـەزخواز بـە تێگەیشـتن لـە سـتەم و لێکەوتەکانی قسەکردن و بەشداریکردن لە گرووپە نادیترڕەگەزخوازەکان.

قۆناغی کۆتایی دەروونیی سازی / سەنتز، تێکەڵبوونی شووناسـی هاوڕەگەزخوازانـە لەگەڵ شووناسی گشتی خۆیە. لە ڕوانگەی کۆمەڵەوە، شووناسی تـاک وەک شووناسـی ئەندامێکی گرووپی کەمینە لە هەموو داڕشتە کۆمەڵایەتییەکان.

## ئەنجامە چۆنایەتییەکانی خوێندنەوەی توێژینەوەیی

### 1ـ1: ئاشکراکردنی شووناس و قبووڵکردنی هۆگری سێکسی

پاش دۆزینەوەی هۆگری سێکسی، ئەوەی گرینگ دەبێ کاردانەوەی تاک و شێوازی تێکەڵکردن و قبووڵکردنی ئـەم ڕاسـتییەیە. بـە گـوێرەی مـۆدێلی فاسینجێر لە پێکهاتنی شووناسی لزباین / گەی، هاوڕەگەزخوازان شووناسی خۆیان بە پێی دوو ئاستی تاکایەتی و گرووپی لە چوار قۆناغدا پێـک دێـنن: (1) وشیاری (2) دۆزینەوە (3) خۆوشیاری سێکسی (4) سەنتێز یـان دە-روونیسازی.[1] ئەم چوار قۆناغە پرۆسەیەکی هێڵـی شـیاوی پێشـبینی نـین، بەڵکوو کۆمەڵێکن لە چوار قۆناغی باو کە دەتوانن بە هەر ڕیزبەنـدییەک بێنـە

1. Fassinger, Ruth E. "Lesbian, Gay, and Bisexual Identity and Student Development Theory." Working with lesbian, gay, bisexual, and transgender college students: A handbook for faculty and administrators (1998): 13-

پێشەوە. سەرەڕای ئەمە، دەتوانین بڵێـین هـەر هـەموو هاوڕەگـەزخوازان ئـەم چوار قۆناغە بە هەندێ لە جیاوازییە تاکایەتییەکان تێپەڕ دەکەن. گرتنە بـەری مۆدێلی فاسینجێر لە بیچم گرتنی شووناسی لزباین / گەی بەو واتایە بوو کـە زۆرێک لەو هاوڕەگەزخواز و ترەنسانەی کە لـە مەشـهەد دەژیـان سـەرەڕای ئەوەی کە گەیشتبوونە قۆناغی وشیاری و قبـووڵکردنی شووناسـی ڕەگـەزی خۆیان، گەیشتن بەم قۆناغەیان بە لاوە زۆر ئازاربەخش بوو.

لەو کاتەی کە کەسی ناهاوسان پەی بە شووناسی ڕەگـەزیی خـۆی دەبـا هەتا ئەو کاتەی دەگاتە قۆناغی قبووڵ کـردن، لەوانەیـە هـەوراز و نشـێوێکی زۆر بە تاقی بکاتەوە. زۆریان نەیاندەتوانی بـە وردی بڵـێن کـە چـی کاتێـک هەستیان بە هۆگری سێکسی خۆیان کردووە. ئەمە لەوانەیە بە هۆی هەسـتی ئازاربەخشی بەردەوام جیاوازبوون لەگەڵ دیتران بێـت؛ چوونکـە ئـەوان لـە منداڵییەوە هۆگرییان بۆ کەسانی هاوڕەگەزی خۆیان بـووە. بـۆ زۆرێـک لـەم کەسانە ئەم زەقێتییە بەرچاوەی مێرمنداڵی و هەموو گۆڕانکارییە هۆرمـۆنی و فیزیۆلۆجی و پێگەیشتنی ڕەگەزییان لەگەڵ بـوو. زۆرێـک لـە کەسـەکان لـە بێدەنگیدا لەگەڵ ئەم دۆزینەوە ڕاهاتن کە هۆگرییان بـۆ هاوڕەگـەزی خۆیـان بێ و لە ڕێگەی نکۆڵی و هەوڵـەوە تێدەکۆشـان هـۆگری سێکسـی خۆیـان بگۆڕن زۆریان دەیـانزانی کـە دەرکەوتـەی گەورەسـاڵێکی دیترڕەگـەزخواز و هۆگری بۆ ڕەگەزی بەرامبەر لەواندا نییە.

لزباینی تەمەن 19 ساڵە:
ئێمە لە قوتابخانە دوو گرووپ بووین. گرووپێک ناهاوسان بوو و گرووپێک خۆیان وەک ناهاوسان پیشان دەدا.

لە بەرانبەردا، ئەم ڕێگە چەتوونەی قبووڵکردنی شووناسی لزباین / گەی یارمەتی گەشەی وشیاریی تاکایەتی دا، بۆ وێنە ئەوەی کە توانای ئەوانی بۆ تێگەیشتن لە ڕووانگە جیاوازەکان، گرینگایەتی بەختەوەری دیتران و هۆگری بۆ وتووێژ سەبارەت بە بابەتە ئەستەمەکانی بەرز کردەوە. لە ناو ناهاوسانانی مەشهەدیدا ئەوە بینرا کە هۆگری سێکسی ئەوان دژواری وتووێژی ئازادانە لە بارەی بابەتە تابۆکانی وەکوو ڕەگەزێتی بۆیان ئاسان کردووە. هەروەها ئەم خۆوشیارییە هەستێک لە بەرگە گرتن و لێبڕاوەیی لەواندا لە بارەی ئەوەی هەڵەیە و ئەوەی هەڵە نییە، دروست کردووە. سەفەری تاکەکەسییان وای کردووە داوا لە دیتران بکەن کە بە دادپەروەرییەوە لەگەڵیان مامەڵە بکەن.

نەوەی خۆشبینی ناهاوسانانێک کە لەگەڵ تەکنەلۆژیا گەشەیان کردووە، ئێستا نەوەیەکە کە جیهان لە ڕێگەی لێنزی دیجیتاڵ دەبینێت. ئێستا چی ئەم کرانەوە وەک درگایەک بەرەو ڕووی بەدی هاتنی هۆگری سێکسی شرۆڤە

بکرێ یان ببێتە هۆی دەرکەوتنی نەوەیەکی نوێ لە ڕۆشـنبیرانی سێکسـی لـە ناو ناهاوسانانی لایەنگری تەکنەلۆژیا، جێی وتوویژە. ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە کاریگەری پانتای تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان و گرووپـە جیاوازەکـانی تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییەکی هەمیشەییان لە سـەر ئـەم گرووپـە دانـاوە. میدیاکان لە ڕێگەی کـەناڵی تەلـەڤیزیۆنی و ئەنتـەرنێت و ئـەم ڕاسـتییە کـە خەڵک لە کەڵک وەرگرتن لە دوایین تەکنەلۆژیای پەیوەندییەکان بەرۆژن و لە ئاستێکی شیاودا شارەزای زمانی ئینگلیزین، هەر هەموویان لە ئاشکراکردنی شووناسی ڕەگەزی کەسەکان دەوری گرینگ دەبینن.




A very skinny boy please. Under 23. From Tehran. Only for friendship. I am 43. Blocked

Subject. 20. From Tehran. Anyone interested please PV.

***

I want a B friend from Tehran or Qom under 19. I am 21 and an inserter. PV.

***

Inserter. 20. Tehran. Anyone interested PV.

***

Inserter, under 25. PV only

لە وتارێکدا لە ژێر ناوی «گۆڕانکاریگەلێک لە ئاراستە ڕەگەزییەکان» ئەفسانە نەجم ئابادی ئاماژە بە مۆدێرنبوونی ئێران دەکات. ناوبراو نەشتەرگەرییەکانی گۆڕینی ڕەگەز و دەست پێڕاگەیشتن بە تەکنەلۆژیا، لە تایبەتمەندییەکانی گواستنەوە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە دەزانێت. دەتوانین بڵێین هەموو بەشدار بووانی ئەم توێژینەوە میدیا کۆمەڵایەتییەکان، هەندێ بەرنامە و نەرمامێری تایبەتیان بۆ سازدانی پەیوەندی بە کار دەهێنا.

بە سوود وەرگرتن لەم ئەپلیکێیشنانە، کەسەکە دەیتوانی شـوێنی جوگرافیـایی کەسی ناهاوسانێکی دیکە چالاک بکات یان دیکـەی هاوڕەگـەزخوازان لـە خەریتە لە نزیک خۆی بە کەڵک وەرگرتن لە موبایلەکەی بدۆزێتەوە. شایەنی ئاماژەیە کە وەها بەرنامەگەلێک لـە ئێـران فیلـتەر دەکـرێن بـەڵام بـە کـەڵک وەرگرتن لە فیلتەرشکێن شیاوی دەست پێڕاگەیشتنن.

وەک پێشـتریش وتـرا (بڕوانـە بەشـی چـوارەم) بـەو پێیـەی گرووپـە تێلگرامییەکان زۆر جار چاودێری و قەپات دەکـرێن، کەسـەکان پـەیتا پـەیتا گرووپی نوێ دادەمەزرێنن. سەرەڕای ئەمـە تەنانـەت ئەنتـەرنێتیش پـارێزراو نییە. ئەگەرچی ئەپلیکێیشەنە کۆنەکانیش وەکوو Grindr، Scruff و Hornet وەکوو فەیسبووک و توویتەر فیلتەر نین، هەندێ لە کۆمـەڵگا ناهاوسـانەکان هێشـتا لـەو بـاوەڕەدان کـە پۆلیسـی پانتـای تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان (فتـا) چاودێرییان دەکات. باشترین ڕێگـە چـارە بەریەککـەوتنی بـە هەڵکـەوت و نەناسە. ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە لە ناو کەسانی ناهاوسان لە وڵاتی ئێـران، بە شێوەی سەرسامهێنەر هەستێک لە لووتبەرزی و سەرتری و تابشت هێنـان بەدی دەکرێت. زۆرێک لەم کەسانە بۆ پەسەندکردنی خۆیان وەک کەسێکی گەی لە کۆمەڵگایەکی هاوڕەگەزخوازتۆقاو ڕێگەیەکی سەختیان گرتۆتە بـەر. تیمی توێژینەوە هێـز و تابشـتهێنـانی ئـەوانیان تەنانـەت لـە سـەروبەندی بـایکۆتی کـەلتووری و کۆمەڵایـەتی بینـی کـە بـە شـێوەی تایبـەتی خەسارهەڵگریان دەکات. ئەمە بێگومان بەڵگەیەکە بـۆ بـەتوانابوونی ئـەوان سەرەڕای بە تاوان زانینیان لە لایەن کۆمەڵگاوە.

شرۆڤەی قووڵی دیمانەکان بـە شـێوەی سـەیر و سـەمەر ژمارەیـەکی لـە

دیمانە لەگەڵکراوان پیشان دا کە لە سەرەتادا لە بـوونی ناوێـک بـۆ هۆگرییـە سێکسییەکەشیان بێئاگا بوون. ئەم ڕاستییە کە بـەر لـەوە کۆمـەڵگا هـۆگری سێکسی بۆ ژن و پیاو سنووردار دەکردەوە هـیچ شـوێنێکی بـۆ ڕەهەنـدێکی دیکە نەدەهێشتەوە و ڕەنگە هەر ئەمـە هۆکـاری بێئاگـایی بـێ. لایەنـەکانی هۆگریی سێکسی لەگەڵ ئەو پێـوەرە کۆمەڵناسـی و زانسـتییانە کـە بـە سـەر جۆرەکانی هاوڕەگەزخوازی زاڵن، سازگار نین. زۆر پێویستە کە سـەرنجێکی زیاتر بپرژێنرێتە سەر شووناسی کەمینـە سێکسـییەکان و ئـەو پرسـانەی کـە لەگەڵیانن.

قبووڵکردنی هۆگری سێکسی خۆی بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەرلە تافی مێرمنداڵیدا کۆتایی پێ نایەت. پرۆسـەی خۆدۆزینـەوە و قبـووڵکردنی ڕەگەزێتی لە درێژەی زەمەندا ڕوو دەدات. کەسەکان لەگەڵ هۆگری سێکسی خۆیان لە پانتایەکی سنووورداردا ئاشنا دەبن. وەک پێشـتریش وتـرا، هەسـتی جیاوازبوون لە هاوتەمەنەکان بە هێماگەلی وەکوو بێهۆگری یان بێوزەیی لە سازدانی پەیوەندی لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر، نەبوونی تامـەزرۆیی سێکسـی چاوەڕوانکراو، ڕەزامەندی لـە سـەر پەیوەنـدی سـازکردن لەگـەڵ کەسـانی هاوڕەگەز لـە قوتابخانـە، هـەبوونی هـۆگری جیـاواز لـە هاوتەمەنـەکان و و هۆگری بۆ ئەو هەڵسووکەوتـە سێکسـییانەی کـە بـە کلیشـە سێکسـییەکانی کۆمەڵگا پێناسە ناکرێ، خۆی دەردەخات.

لە قۆناغی دواییدا مۆدێلی فاسینجێر، تێکەڵبوون و ناسینەوەی ئەندامێک لە گرووپێکی کەمینەی تایبەت ڕوو دەدات. ناهاوسانانی ئێرانی تێدەکۆشـن لە لایەن کۆمـەڵگاوە بـە فـەرمی بناسـرێن و قبـووڵ بکـرێن و ئـەم کـارە بـە

وەدەست هێنانی جەسارەتی دەربڕینـی شـووناس لـە سیسـتەمێکدا ئـەنجام دەدەن کـە هاوڕەگـەزخوازی قەدەغـە دەکـات. ترسـی ئـەوان ڕاسـتییەکی کۆمەڵایەتی و بەشێکە لە ژیانی ئەوان (بۆ وردەکاری زێـدەتر بڕوانـە بەشـی دوو). توێژینەویەکی نـاوخۆیی پیشـانی دا کـە گرووپێـک لـە ناهاوسـانان ڤیدیۆگەلێکیان لە خۆیان لە فەیسبووک لە کەمپەینێکدا خستە ڕوو بۆ ئـەوەی هەڵواردن لە دژی کەمینە سێکسییەکان لە ئێران پیشان بدەن، ئـەو شـوێنەی کە هاوڕەگەزخوازان بە مەرگ مەحکووم دەکرێن.[1]

| |
|---|
| دایکم دەگێڕێتەوە کە بە منداڵی حەزم لێ بوو کوڕ بوایەم. تەنانەت بۆ منیش سـەیرە. پێیانم دەگوت بە فەرشاد بانگم لێ بکەن. جل و بەرگم لە بەر نەدەکرد. زۆرێک لە کچان وێنەیەکیان لە ڕۆژی بووکێنی و ئەم چەشنە شتانە هەیە، ئەو کات من بیرم لەوە دەکردەوە کە لەگەڵ بووکێک هاوسەرگیری دەکەم. هاوڕێ کچەکانمم خـۆش دەویسـت؛ ئاشـقی کچـی دراوسـێکەمان بـووم. دواتـر شـەیدای کچـە مامەکـەم بـووم. چوونکـە نۆرمـە کۆمەڵایەتییەکان پێت دەڵێن دیترڕەگەزخوازی ئاساییە، پێم وا بوو کەواتە هەر وایە. بیـرم دەکردەوە کاری دروست هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێکە. |
| لووا تەمەن 28 ساڵان، دووڕەگەزخواز، تاران |

1. We are everywhere: gay and lesbian Iranians come out on Facebook. https://www.theguardian.com/world/2011/sep/11/gay-iranians-facebook-defiance. Accessed December 12, 2017

**ئـەنجامی چۆنایەتییـەکانی ئـەم توێژینـەوە بـە ووردەکارییـەوە لـە درێژەدا دێن**

### 2ـ1 ڕیشەکانی هۆگری سێکسی

بە مەبەستی تێگەیشتن لە پەیوەندی هاوڕەگەزخوازانە، دەبێ ڕیشەی ئـەم چەشنە هۆگرییانە لێک بدرێنەوە. باسی زانسـتی پەیوەسـت بـە ڕیشەناسـی هاوڕەگەزخوازی و تاوتوێکردنی هۆگرییە سێکسییەکان بابەتێکی ئاڵۆز و لە دەرەوەی چوارچێـوەی ئـەم گەڵاڵـە لێکۆڵینەوەییەیـە. وەک پێشـتریش وتـرا، دەتوانین پانتایەکی بەربڵاو لـە تیـۆری و چەنـدین قوتابخانـەی هـزری لـەم بوارەدا بدۆزینەوە (بڕوانە بەشی 2). زۆرێک لەم تیۆرییانە بە دروستی فـام و قبووڵ نەکراون.

**دوو تیۆری سەرەکی لە بارەی هۆکارەکـانی هـۆگری بـۆ هاوڕەگـەز هەیە؛**

یەکیان ئەوەی کە هۆگری بۆ هاوڕەگەز لە بنەڕەتەوە لـە ژێـر کاریگـەریی فاکتەرە ژنێتیکی و بایۆلۆجیکییەکاندایە. و ئەوەی دیکە کە بە شێوەی بەربڵاو پەسند کراوە و بایەخی لێکدانەوەی زیاتری هەیە، ئەوەیە کە هاوڕەگەزخوازی زگماکییە. بە واتایەکی ساناتر بەم پێیە کەسـەکان «گـەی» لـە دایـک دەبـن. تیۆرییـەکی دیکـە دەڵـێ هۆگرییـە هاوڕەگەزخوازییـەکان لـە بنەڕەتـەوە لـە ئەنجامی کاریگەرییە دەروونی و ژینگەیی و ئەزموونە سـەرەتاییەکان بـەدی دێن. لە کۆتاییدا، ڕەنگە چەند فاکتەر هەبن کە دێنە پاڵ یەکتر و دەبنـە هـۆی هاوڕەگەزخوازی.

ئەوەوی سەرنجی وتووێژکارانی بەرەو لای خۆی ڕاکێشا، ئەوە بوو کە ئایا بەشداربووان لەو باوەڕەدان کە ڕووداو یـان فاکتـەرێکی تایبـەت بۆتـە هـۆی هۆگری سێکسییان و چ ئاراستە یان کورتـە مێژوویـەکی شووناسـە لـە سـەر وێنەیان لە خۆیان کاریگەری دادەنێت. شرۆڤەی دیمانەکان ئەوەی پیشان دا کە هەنـدێ لـە کەمینـە سێکسـییەکان هـۆگری سێکسـی خۆیـان تـەنیا بـە هەستێک دەزانن کە لەگەڵی لە دایک بوون. ئەگەر وا بێ، ئـەم ڕوونکردنـەوە ئەم تیۆرییە پشتڕاسـت دەکاتـەوە کـە فاکتـەرە ژنێتیکـی و بایۆلۆجیکییـەکان کاریگەرن. زۆریان هاوڕەگـەزی خۆیـان وەک دیاردەیـەکی سرووشـتی لـە پارامەترە هۆگرییە سێکسییەکان دەزانی؛ چوونکە ئەم بابەتە زۆر بە ئاسانی لە چەمکە بایۆلۆجیکییـە مرۆییـەکان و هەڵسـووکەوتە تەواوکەرەوەکانـدا جێـی دەبێتـەوە. لـەم پێنـاوەدا، ئـەوان وێـڕای ئامـاژە بـە مێـژووی دوور و درێـژی هاوڕەگەزخوازی لە شێعر و فۆلکلۆری ئێران، ئیـدعا دەکـەن کـە ئـەم پرسـە هەمیشە بووە. هەندێ لە وێنەکانی ڕۆمای کۆن ڕەچاو دەکەن و هەنـدێکیش ئاماژە بە شاعیران و کەسایەتییە ئەدەبییە کۆنەکان دەکەن.

بە گوێرەی کاردانەوەی بەشداربووان لە مەڕ یاری و حاڵەتە منداڵییـەکان کە وەک پێوەری ژنێتیکـی و زگمـاکی هـۆگری سێکسـی شـرۆڤە دەکـرێن، هەندێکیان وتیان کە چۆن فێر بوون لە تەمەنی کەمەوە هۆگری و تامـەزرۆیی نائاساییان بە بەراورد لەگەڵ هاوتەمەنانی خۆیان پیشان داوە. بە واتایەکی تر، پەیوەندییەکانیان، هاوڕێکانیان، هۆگری تایبەتی و تایبەتمەندی کەسـایەتیان لە نۆرمە چاوەڕوانکراوەکان بە پێی ڕەگەزی فیزیایی ئەوان جیاواز بوو.

پێشینەی هۆگری بۆ هاوڕەگەز پێشتر سەرنجی خرایە سەر. جی. مایکـڵ

بیلی، دەروونناس لە زانکۆی نێرتۆسترۆن و دەروونتوێژی کەنەدی، کۆنـت زاکێـر وتـارێکی کاریگـەرییان لـە سـەر فاکتـەرە کاریگـەرەکانی سـەر هاوڕەگەزخوازی لە منداڵان بڵاو کـردەوە و لـە سـاڵی 1995 ڕەخنەیـەکی کێشەسازیان لە گۆڤاری دەروونناسی گەشە چاپ کـرد. بیلـی و زاکێـر ئـەم گریمانەیان خسـتە ڕوو کـە هاوڕەگـەزخوازان سەرچەشـنێکی پێچەوانـە لـە هەڵسووکەوتە ڕەگەزییەکان لە تافی منداڵیدا لـە خۆیـان دەنـوێنن. ـ کـوڕانی کەم تەمەن کە پێیان باشترە کچان بکەنـە هاویـاری خۆیـان و زۆر خولیـای کەرەسەی ئارایشتی دایکیانن و ئەو کچۆڵانـەی کـە بـە شـێوەیەکی سـەیر و سـەمەر ڕاکێشـی وەرزشـی هـۆکی یـان زۆرانبـازی پرۆفیشـناڵ دەبـن.[1] ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە لە لایەن خوێندنـەوەکانی دیکـە زیـاتر تـاوتوێ کـراون. لـە درێـژەی چەنـد خوێندنـەوە بیرمەنـدان پیشـانیان داوە کـە ئـەم جیاوازییە ڕەگەزییانـە زۆر بـە زەقـی لـە هەمبـەر فێربـوون خـۆڕاگرن و زۆر توێژینەوە هەن کە ئەم بابەتە پشت ڕاست دەکەنەوە.[2] چەندین توێژینەوە ئـەم سەرچەشنە گشتییەیان پیشان داوە و پەیوەندییەکی تونـد و تۆڵیـان لـە نێـوان لادان لە دەورە ڕەگەزێتییە باوەکان لە منداڵی و هۆگری سێکسییان لـە گـەورە ساڵیدا ئاشکرا کردووە. لەم مـاوەی دواییـدا بیرمەنـدانی زانسـتی گەشـە بـە ئامانجی تێپەڕاندنی کلیشەکان و ناسـاندنی وردی پڕبایـەخترین هێماکـانی

1. Kelley D. Drummond, Susan J. Bradley, Michele Peterson-Badali and Kenneth J. Zucker in Developmental Psychology, Vol. 44, No. 1, pages: 34–45; 2008.

2. How to Find Out If Your Kid Is A Pre-Homosexual / Queerty. www.queerty.com/how-to-find-out-if-your-kid-is-a

هاوڕەگەزخوازی لە ساڵانی دواتر خوێندنەوەیەکی کۆنترۆڵ کراویان ئەنجام داوە، ئەو شتەی کە توێژەران پێی دەڵێن «پێش هاوڕەگەزخوازی».[1] بە چاو لێکردنێکی ورد لە تافی منداڵی ئەو گەورە ساڵانەی کە ئێستا «گەی»ـن، لێکۆڵەران کۆمەڵێکی ئاڵۆزیان لە تایبەتمەندییەکانی کردەوە سەرەتاییەکان دۆزیوەتەوە کە پێدەچێت لە ناو هەموو هاوڕەگەزخوازان هاوبەش بێت.

لزباین و گەیەکان زۆربەیان پێشینەیەکی هەڵسوکەوتی عاشقانەی ئەفلاتوونیان هەبووە: ئەو کوڕە منداڵانەی کە هۆگری کەرەسەی ئارایشتی دایکەکانیان دەبن؛ ئەو کچۆلانەی کە هۆگری بۆ وەرزشی پیاوانە پیشان دەدەن. لە لایەکی دیکەوە، هەندێ بەشداربوو هەبوون کە ناڕاستەوخۆ و لە میانەی وتووێژدا، پێداگرییان لە سەر فاکتەرە ژینگەییەکان دەکرد کە لە ژینگەیەکی تەکڕەگەزانە یان مەڵبەندی ئاشنای پیاوانە بوون کە زیاتر هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کەسێکی هاوڕەگەزە. لەم قۆناغەدا، پەیوەندی لەگەڵ هاوڕەگەزان لە سەر ئاستی ئەفلاتوونیە. وەک کەسێک ئاماژەی پێ دا «ئێمە ئەو کات هەستمان نەدەکرد جیاوازین. قوتابخانەی کوڕانە و گەورە بوون لە ناو کوڕان هەستی ئاساییبوونی پێ بەخشین. هەموو کوڕان تا ڕادەیەک پێکەوە دۆستایەتییان هەبوو. ئێمە لە سەر یەک لایەنێکی بووین؛ بەڵام تەنانەت ئەوانەی وا لە کۆتایی لایەنەکە بوون ئێمەیان پێ نائاسایی نەبوو.»[2] ئەمە واتە پاش ئەوەی کەسێک لە ژینگەیەکی تەواو پیاوانە (وەکوو

1. Is Your Child Gay? : Article : Scientific American Mind, www.nature.com
2. Growing up gay in Iran As told to a Tehran Bureau correspondent, Copyright © 2013 Tehran Bureau

سەربازی) یان ژینگەیەکی تەواو ژنانە (خەوتنگەی کچان یان قوتابخانەی شەو و ڕۆژی کچان) بێت، لە هۆگری سێکسی خۆی بۆ کەسی هاوڕەگەز ئاگادارە. هۆکارێکی گەورە دەتوانێ دەستڕاگەیشتن بە ڕەگەزی بەرامبەر بێ کە تا ڕادەیەک بە هۆی سنووردارێتی کۆمەڵایەتی لە بنەماڵە نەریتی ئایینییەکان پێش دێت.

فاکتەرە بایۆلۆجی بۆماوەییەکان لەگەڵ ئەزموونە ژینگەییەکان پێکەوە پەیوەندییان هەیە. کاریگەری ژینگەی دەوروبەر لە سەر هۆگرییەکان، هۆگری و کردەوە سێکسییەکان دەگەڕێتەوە سەر گرینگی فاکتەرە کردەیی و کۆمەڵایەتییەکان. بە واتایەکی دیکە کلیشە ڕەگەزێتییەکان و پێکهاتەی ڕۆڵە و دەورە وەدەست هێنراوەکان، کە لە درێژەی گەورەبوونەدا بۆ تاک دەگوازرێنەوە، لە کۆتاییدا بە دەروونیی دەبن. کۆمەڵگای نەریتخواز و ئایینی پلەی جیاواز و ورد لە ژندژی هان دەدات و وەک بەشێکی سرووشتی لە منداڵی قبووڵی دەکات. هەندێ لە هاوڕەگەزخوازان یان دووڕەگەزخوازان ئەزموونەکانی خۆیان وەک قوربانی توندوتیژی، چەوساندنەوە و ئازاری سێکسی خستە ڕوو و ئەم بیرەوەرییە دڵهەژێنانە بوونە بیرەوەری هەمیشەیی، بوونە هۆی خەسارەتێکی بەردەوام. چەوساندنەوەی سێکسی بە شێوازی هاوشێوازگەلی لێکچوو و لێکنەچوو زیانیان پێ دەگەیێنێ؛ بەڵام ئەم چەشنە بیرەوەرییانەش هەر بەم ئەندازە خەسارتەبخشن. ئەوان هاوڕەگەزخوازی وەک ئامرازی سوکنایی‌بەخشی خۆیان سەری دەکەن.

لە ناو ئەو هاوڕەگەزخوازانەی کە لەم توێژینەوەدا بەشدارییان کردبوو، گرووپێکی سێیەم هەبوون کە هۆگری سێکسی خۆیان نە وەک دیاردەیەکی

ژێن‌تەوەری بایۆلۆجیکی دەزانی و نـە ژیـنگەی ژنانـە یـان پیاوانـەکان. ئـەم گرووپە ناهاوسانانە لە ژینگەیەکی پڕ لە عەشق دەژین. لای ئـەوان هـۆگری سێکسی یەکسانە لەگەڵ عەشق و عەشـق نـە ژنێتیکییـە نـە وەدەسـتهێنراوە، بەڵکوو دیاردەیـەکی سرووشـتییە کـە هێشـتا زانسـت نـەیتوانیوە بیناسـێت. ناتوانرێ چەمکی عەشق بـە چوارچێـوە دەسـتکردییەکان بـەراورد بکرێـت. نموونەگـەلی لـەم چەشـنە شـیکارییانە دەتـوانین لـە وتـەی ئـەو کەسـانەدا بدۆزینەوە کە باوەڕیان بە ڕێگەی عیرفانی نوێ هەبوو. ئەوان باوەڕیان وا بـوو کـە عەشـق بـە هـەموو ڕووبـەری خۆیـەوە نـاتوانێ لـە ڕەگـەز، ڕۆڵ یـان هۆگرییەکی تایبەتدا سنووردار بکرێتەوە. بە وتنێکی دیکە، ئەوان لە دنیایەکی ڕۆمانسیدا دژەین کە عەشق نەبێ هیچ لەوێ گرینگ نییە.

## 3ـ1 ـ پەیوەندییە هاوڕەگەزخوازییەکان چۆن دەست پێ دەکەن؟

لـەم بەشـەدا، شـرۆڤەی پەیوەندییـە هاوڕەگەزخوازییـەکان دەسـت پـێ دەکەین و ئەم شرۆڤە بە گوێرەی ئەو زانیارییانەیە کە لـە مـاوەی دیمانەکانـدا وەدەست هاتوون و ئینجا وردەکـاریی هـەر کـام لـەم پەیوەندییانـە تـاوتوێ دەکەین.

یەکەمین پەیوەندی سێکسی لە قۆنـاغی خوێنـدنی ئامادەییـدا ڕوو دەدا، سـەرەڕای ئـەوە لـە هەنـدێ حاڵـەتی دەگمەنـدا لـە قۆنـاغی خوێنـدنی سەرەتاییشـدا بـەدی کـراوە. وەهـا پەیوەندییگـەلێک پەیوەنـدی سێکسـی جیدیتریان لێ دەبێتەوە. لەم تەمەنەدا، کەسەکان هێشتا پاکێتی منداڵییان هەر هەیە.

مێرمنداڵی هاورا لەگەڵ گۆڕانکارییە قووڵەکان لە بـوارە جیاوازەکاندایـە. پێگەیشـتنی هـزری، گەشـەی دەروونـی ـ کۆمەڵایـەتی و کۆمـەڵێک لـە گۆڕانکارییە فیزیاییەکان کە ڕەنگدانەوەی پرۆسـەی عەسـەبی و هۆرمـۆنین، هـەر هـەموویان تێهەڵکێشـی پرۆسـەیەکن کـە پێیـان دەوتـرێ بـاڵقبوون (پێگەیشـتن). پرۆسـەی پێگەیشـتن لەگـەڵ هەڵکشـانی ڕێـژەی هۆرمۆنـە سێسکییەکانە. لە ماوەی باڵقبوون، کۆمەڵێ هۆرمۆن دەڵێن کـە دەبنـە هـۆی ئەوەی هێلکەدانەکان هۆرمۆنی ئافرەتانەی سترۆژن بەرهەم بێـنن. دیـارترین گۆڕانکارییەکانی لە ماوەی پێگەیشتن کاریگەری زۆری هۆرمۆنەکان پیشان دەدەن. هێما دووهەمییەکانی گۆڕانکـاری ڕەگـەزی (دروسـتبوونی مـەمک، گەشەکردنی جووتە گونەکان و ئەندامی زاوزێـی پیاوانـە و تـووکی ئەنـدامی زاوزێ)، گۆڕانکارییـەکان لـە پێکهاتـەی فیزیـایی و زک و زادا بـە تـەواوەتی دەبینرێن.[1]

ئاگادار بوون لە هۆگری سێکسی لە تـافی باڵقبوونـدا خـۆی دەنـوێنێ و ئەمە هەمان سـاتەوەختێکە کـە هۆرمۆنـەکان دەسـت دەکـەن بـە چـالاکی. گۆڕانکاری هۆرمۆنی لە دەستپێکی قۆناغی باڵقبووندا دەسـت پـێ دەکـەن، دەبنـە هـۆی هەسـتی زۆر و هـۆگری و ورووژانـی سێکسـی. ئەگـەرچی جیاوازییەکی زۆر لە نێوان تاکەکاندا هەیە، بۆ ناهاوسانانی مێرمنداڵی ئێرانی کونجکۆڵی ئەم هەستە سێکسییە سرووشتییانە دژی پـەیامی وشـک و ڕەق و تەقی کۆمەڵگایە کە دەڵێ هـۆگریی و پەیوەنـدی لەگـەڵ ڕەگـەزی بەرامبـەر

1. Puberty stages for boys and girls, WWW.emedicine.com

قەدەغەیە و لە ڕووی شەرعیشەوە حەرامە.

## بەردەوامبوونی پەیوەندییەکانی نێوان لزباینەکان

پرسی ڕۆڵە ڕەگەزێتییەکان یەکێک لـە ئـاڵۆزترین بابەتـەکان لـە کۆمـەڵگای هاوچـەرخی ئێرانـە.[1] ئێـران دەتـوانین بڵێـین وڵاتێکـە بـە پێکهاتـەی نەرمی‌نەنوێنی باوکسالارییانە. ئەگەرچی دۆخەکە کەمێک لە حاڵی گۆڕانە، هێشتا زۆر ژن لە سایەی سەدەیەک سەرکوتی ڕێز لێگیراو لە سیستەمی باوک سالاریدا دەژین. هۆگری سێکسی هاوڕەگەزخوازانە لە وڵاتی ئێران زیاتر لـە سەر گوتارێک چڕ بۆتەوە کە هاوڕەگەزخوازانی پیاو تاوتوێ دەکا و لزبـاین و دووهاوڕەگەزخوازەکان کەمتر بوونەتە بابەتی دیمانە.

لزباینـەکان یەکـەم وەک ژن و ئینجـا وەک لزبـاین وەبـەر هـەڵاواردن کەوتوون. لە کاتی شۆڕشی ئیسلامییەوە لە ساڵی 1357 هەتاوی، هەنـدێ لـە مافـەکانی ئافرەتـان سـنووردار کـراون یـان پشـتگوێ خـراون. جیـا لـە سنووردارییەکانی مافەکانی ژن، لزباینـەکان لـە وڵاتـی ئێـران ڕووبـەڕووی سنووردارێگەلێک دەبنەوە کە بەرهەمی بـە تـاوان زانینـی پەیوەنـدی لەگـەڵ هاوڕەگەز و نامدارایی بەربڵاوی کۆمەڵگایە. ئەم هەڵاواردنە دو قاتە زۆر پەرە بەو هەڵسووکەوتە خراپانە دەدا کە ڕووبەڕووی دەبنەوە.[2]

ئەگەرچی زۆربەی بەڵگە مێژووییەکان لزباینـەکان بـە هەنـد وەرنـاگرن،

1 Culture of Iran. history, people, clothing, traditions … www.everyculture.com

2. Being Lesbian and Trans in Iran | OutRight www.outrightinternational.org /being-lesbian-and.

پەیوەنـــدی لزباینـــەکان هەنـــدێ جـــار هاوتـــەریب لەگـــەڵ پەیوەنـــدی دیترەگەزخوازانە بوونی هەبووە. بێگومان، زۆرێک لە پرسەکانی پەیوەست بە پەیوەندییەکانی لزباینەکان، پیشاندەری هەوراز و نشـێوەکانی پەیوەنـدیی دۆستانەن کە لە پەیوەندییەکانی کەسانی دیترەگەزخوازیشدا بوونی هەیـە و تایبەت بە لزباینەکان نییە. پەیوەندییەکانی نێـوان لزباینـەکان هۆشـدارییەکە بەو وێنا چەن پات کراوانەی کە ژنان زیاتر لە پیاوان لە پێگەیاندنی دەوریـان هەیە و لە چاو پیاوان خێرا هەستی خۆیـان دەردەبـڕن. هـەروەها، کۆمـەڵگا چاوەڕوانی ئەوەی لە ئافرەتان هەیە کە بێنە ناو پەیوەندییەک، هۆگری پیاوێک بن، کۆمەڵێ منداڵ بخەنەوە و هەتا هەتایە لە خۆشبەختیدا بژین. ئەمە خۆی ئەفسـانەیەکی عاشـقانەیە کـە بـە گـوێی هـەموو ژنانـدا دەخوێنرێـت. لـە بەرامبـەردا، لزباینـەکان چەنـدین ئـافرەت دەدۆزنـەوە و عاشـقی دەبـن. چاوەڕوانی کۆمەڵگا لە ژنان بۆ ئەوەی هاوسەرگیری بکـەن لەگـەڵ نـەبوونی سەربەخۆیی ئابووری و یاسایی (ژنان تەنیا 16 لە سەدی هێزی کـار پێـک دێنن.) ئەمە بەو واتایەیە کە لزباینەکان وەک ژن زۆر جار دەبێ ملکەجی ئەو بڕیارانە بن کە پیـاوانی بنەماڵـە بۆیـان دەردەکـەن.[1] ئەمـە دەتـوانێ هەنـدێ هەلومەرج بێنێتە ئاراوە کە تێیاندا لزباینەکان هەر هـەموو ژیـانی خۆیـان لـە هاوژینییەکدا بە سەر ببـەن کـە تێیـدا پەیوەنـدی سێکسـی لەگـەڵ ڕەگـەزی

---

1. بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کۆماری ئیسلامی ئێران: ڕاپۆڕتی سکرتێری گشتی. ئەنجوومەنی گشتی ڕێکخراوی نەتەوەکان، ئەنجوومەنی مافەکانی مرۆڤ،

A/HRC/28/26, (February 20, 2015), page 7, available at: p://www.ohchr.org/EN/HR, Bodies/ HRC/RegularSessions/ Session28/ Documents/A_ HRC_28_26_ENG.doc

بەرامبەریان بە سەردا دەسەپێنرێت.

لزباینێتی کۆمەڵیێ مەترسی لەگەڵە. بە گوێرەی یاسای سزای ئێران، سزای موساحەقە یان پێدا ماڵینی ئەندامی زاو و زێی دوو ئافرەت سەد قەمچییە. عەشقی دوو ژن ڕاستەوخۆ دژی یاسای سزایە. بەدەر لە سنووردارێتی مافەکانی ژن، لزباینەکان لە وڵاتی ئێران ڕووبەڕووی کۆمەڵیێ بەربەست دەبنەوە کە بە هۆی بە تاوان زانینی پەیوەندی لەگەڵ هاوڕەگەز و ناسازگاری بەربڵاوی کۆمەڵگایە. یەکتر ماچکردنی دوو ژن لە شوێنی گشتیدا قبووڵ ناکرێ و ئەگەر قۆڵبەست بکرێن سزای قەمچییان بۆ دەبڕدرێتەوە.

ئەندامانی کۆمەڵگای لزباین لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا نە تەنیا لە کۆمەڵگایەکی نانەرمی‌نوێنی پیاوساالاردا گەورە بوون، بەڵکوو لە کۆمەڵگایەکدا دەژین کە هۆگری سێکسی ئەوان بە بێ‌بایەخ و تاوان سەیر دەکات. ئەم کەسانە دەست و پەنجە لەگەڵ ئاوێتەیەک لە هەڵاواردنی یاسایی، ئازاری کۆمەڵایەتی، توندوتیژی خێزانی و کردەوەی توندئاژۆیانە نەرم دەکەن کە هەم شارومەندان و هەمیش دەسەڵات تێیدا دەور دەبینن. لە حاڵێکدا لزباین و هاوڕەگەزخوازان ئایدیالی هاوبەشی وەکوو خەبات لە دژی جیاوازییە بنەڕەتییەکان لە دارشتەی کۆمەڵایەتیی ئێران، ئامۆژەی سەختی ئایینی و ئەو ناو و ناتۆرانەیان هەیە کە هاوڕەگەزخوازی وەک گوناحێکی نەبەخشراو سەیر دەکەن، پێکهاتەی ئایدۆلۆژیایی پیاوساالاریی زاڵ بە سەر لزباینەکان دەبێ ڕەچاو بکرێت.

بەدەر لە کێشە چارسەرکراوەکان، ماوەی پەیوەندی لزباینەکان لە

پەیوەنـدی نێـوان دو پیـاو زیـاترە و لـە هەنـدێ حاڵەتـدا ئـەم پەیوەندییانـە پێکەوەبوون و پابەندێتی لێ دەکەوێتـەوە. لـە سـاڵی 1948، کینسـی بـۆی دەرکەوت کە  پەیوەندیی درێژخایەن لە نێـوان هاوڕەگـەزخوازان بـە شـێوەی ئاشکرا کەم بوو؛ بەڵام ئێستاش پەیوەندی درێژخایەنی نێوان گەیەکان باوترە، ئەوەی ڕاستی بێ کە ئەوان تەنیا هاوبەشێکیان نەبوو. ئەم توێژینەوە بـە دوای توێژینەوەی کلاسیکی مەک وێرتێر و ماتیسۆن دێت کە لە ساڵی 1984 لـە The Male Couple ڕوونی کردەوە و بۆی دەرکەوت کە تەنانـەت کـاپڵێکی پیاویش ناتوانن بۆ پتر لە پێنج ساڵ وەفادار بمێننەوە.[1]

زۆربەی ڕاپۆرتەکانی میدیاکان سەبارەت بە هاوڕەگەزخوازی لە ئێران لـە سـەر بناغـەی سـەرکوتکردنی ئـەو گـەی و لزبایانەیـە وا لـە وڵات ڕایـان کردووە. هەندێ وتوویانە ئەگەر لە ئێران دەتانهەوێ جیـاواز بـن، دەبـێ ئـەم جیاواز بوونە بشارنەوە و پاشان سەربەستن هـەر کارێـک کـە پێتـان خۆشـە بیکەن یان هەتا ئەو کاتەی کەس هەواڵی لە ئێوە و شێوازی ژیانی ئێـوە نییـە، دەتوانن سەربەست و ئازاد بن.[2]

لە حاڵێکدا کە ئەزموونی ئەو کەسانەی کە توانیان لـە وڵات ڕا بکـەن تـا ڕادەیەک هاوشێوەی ئەزموونەکانی هاوڕەگەزخوازانی ئێرانییە، ئەم ئەزموونانە زۆر جیاوازن لەگەڵ ئەزموونی ئەو کەسانەی کە مانـەوە لـە وڵاتیـان دەسـت نیشان کرد یان دەرفەتیان بۆ ڕۆشتن نەبووە. فاکتەرێکی گرینگ لـەم گەلاڵـە

1. Gay Male Relationships are Inherently Unfaithful — Joseph ...www.josephnicolosi.com/an-open-secret-thetruth-about
2. Growing up gay in Iran

توێژینەوەییە ئەوەیە کە هەندێ لە دیمانە لەگەڵکراوان خۆجێیی نـەبوون. لـە ناو بەشداربووانی ئەم توێژینەوە لە تاران، زۆربەیان کەسانی خوێنـدکار یـان پیشەدارانی گەنج بوون و هەندێکیان بە ڕەچەڵـەک خـەڵکی تـاران نـەبوون. شێوازی ژیانی سەربەخۆی ئەوان بە جۆرێ ئەوانی لـە چـاوی کونجوکـۆڵی بنەماڵە دوور کردۆتەوە و پەرۆشی و زەختی ئابووری پێکەوەبوون بژاردەیەکی باشتری بۆیان چێ کردووە. هەروەها لە کۆمەڵگای نیمچە نەریتیی گـەنجی زانکۆیی پانتای نیشتەجێبوونی هاوبەشانە ئاسایی و قبـووڵ کـراوە (وەک لـە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکانیش زۆر جار بەدی دەکرێت). کەواتە لە کاتێکـدا کـە دوو کەس لە دوو ڕەگەزی بەرامبەر لە ڕووی یاسایی و عورفـەوە بـۆ پێکـەوە بوون هان نادرێن، پێکەوە ژیانی دوو پیاو یـان دوو ئـافرەت بـە شـاردنەوەی هۆگرییە سێکسییەکانیان، وەک بابەتێکی نانۆرم لێی ناڕوانرێت.

هەندێ ئەم هەلەیان لە بەر دەستە کە بە دوور لە چاوی هاوڕێ و خـزم و کەس درێژە بە ژیانە هاوتەریبیەکەیان بدەن. دیوە سێکسی و سـۆزدارییەکانی کەمینە سێکسـییەکان بەشـی گرینگـی ئـەو بۆچوونانـە بـوو کـە کەسـەکان ئامادەی ئاشکرا کردنین.

| |
|---|
| لە سەردەمی زانکۆ ئەزموونی زۆر دژوار هاتە پێشـەوە کـە هـەموو ژیـانمی گـۆڕی. کەسێک لە زانکۆ بوو و ئێمە زۆر هـۆگری یـەکتر بـووین. مـن هـۆگری خـۆمم بـۆ ئـەو دەربڕی و ئەویش پێدەچوو کێشەی نەبوو. بەڵام ئەو دیترڕەگەزخواز بوو. بـە هـەر حـاڵ ئێمە دوو ساڵ لە پەیوەندیدا بووین کە سـاڵ و نیوێـک زۆر بـە لامـەوە دژوار بـوو. پێـی وابەستە بووم. ژیانم لە دەست چوو. ستۆدیۆیەکم هەبوو کە تێیدا گۆرانیم دەچـڕی. وازم لە هەموو شتێک هێنا. دەستم لە شێعر هۆنینەوە هەڵگرت و دەستم کرد بـە خواردنـەوەی |

شەراب، زیاتر لە بەر ئەوەی پەیوەندییەکی هەڵەم دەست پێ کرد بوو.

ئەوەی لە هەموو دیمانە کۆ کراوەکاندا گرینگ بوو ئەوە بوو کە لە شیکاری بارودۆخی کەمینە سێکسییەکان لە وڵاتی ئێران سەرنجێکی تایبەتی خرایە سەر دارِشتەی کۆمەڵایەتی و کەلتووری و شوێنی نیشتەجێبوونی ناهاوسانان. لەم خوێندنەوەدا دەرکەوت کە جۆری ئەزموونە سۆزداریی و سێکسییەکان لە سەر ئاستی هەر سێ شاری مەبەست بەستراوە بە جۆرێک دارِشتەیی ڕەگەزیی شارەکەوە و ئەوەی کە جیاوازییەکان پەیوەستە بە کەلتووری تایبەتی زاڵ لە هەر گەڕەکێکدا. ناهاوسانان لە شاری تاران لە چاو ناهاوسانانی ئێسفەهان و مەشهەد ئازادییەکی زیاتریان بۆ وادەی چاوپێکەوتن لە پارک یان دەست پێڕاگەیشتن بە هەندێ پاتۆق و میوانییەکانی کۆتایی حەفتە (بە ناوی Life) هەیە کە دەتوانن چاویان بە یەکتر بکەوێ یان پێکەوە ژوان دابنێن. ئەگەرچی ئەم شوێنە دەگمەن و تا ڕادەیەک ئارامانە ئیزنی پیشاندانی خێرای سۆزەکانیان پێ دەدا، ترس لە بەرپرسان هەمیشە باڵی بە سەریاندا کێشاوە. ئەوان هەمیشە هەڕەشەی ئەم مەترسییەیان لە سەرە.[1]

لە ڕووی دارِشتەی شارییەوە، ئێسفەهان شارێکی نەریتییە لە وڵاتی ئێران و هاوشێوەی زۆرێک لە شارەکانی ئێران، لەوێ بابەتی کەمینە سێکسییەکان زۆر تابۆیە، بە جۆرێک کە دانیشتووانەکەی تەنانەت لە بوونی دیاردەی هاوڕەگەزخوازییش ئاگادار نین.

1. What it's like to be gay in Iran, Sune Engel Rasmussen, The Week theweek.com/articles/532005/what-like-gay-iran

بە ئاوڕدانەوە لە شووناسی تابۆی ئەم بابەتە کە لە ئایـدۆلۆژیای ئـایینی و بێئاگـایی کۆمـەڵگا لـە بـوونی ناهاوسـانان شـاردراوەتەوە، شـوێنیدۆزیی کەسانی تامەزرۆ بۆ بەشداری لەم خوێندنەوە توێژینەوەییە، مەترسیدار بـوو. ئەم بابەتە ئاستەنگێکی چالنجبزوێن و ئەستەم بوو. یەکێک لـە هۆکارەکـانی دەرکەوتنی ئەم کێشە ئاستی بـەرزی بێمتمانـەیی بـوو. ئـەم نامتمانەییـە لـە لایەکەوە ئەوان لە هەڵبژاردنی هاوبەشی سێکسی وازوازیی دەکا و لە لایەکی تریشەوە بە شێوەیەکی حاشاهەڵنەگر ماوەی پەیوەندییان کەم دەکاتەوە.

هەستی لە ژێـر چـاودێریبوون هـەم لـە لایـەن شـارومەندانی ئێرانـی و هەمیش لە لایەن دەسەڵاتەوە چەرمەسەرییەکی گەورەیە. شایەنی ئاماژەیە کە لە ماوەی دیمانەی تەلەفۆنی و چاو بە چـاو خێـرا ئـەم ئەنجامـەمان دەسـت خست کە زۆرێک لـە ناهاوسـانان تەنانـەت متمانـە بـە هاوڕەگـەزخوازانی دیکەش ناکەن. داوا لە دیمانە لەگەڵکراوان کرا بـۆ ئـەوەی لـە ڕێگـەی تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئاسـانکاری بـۆ دیمانەیـەکی چـاو بـە چـاو بکـەن. پـاش دیمانەی چاو بە چاو پەیوەندی لەگەڵ دۆست و هاوڕێکانیان ئاسانتر بووەوە.

بە ئاوڕدانەوە لە تەمەنی کورتی پەیوەندییەکان، ئەنجامـەکانی لێکۆڵینـەوە ئـەوەیان دەرخسـت کـە دیمانـە لەگـەڵ کـراوان باسـیان لـە ئەسـتەمبوونی دۆزینەوەی هاوبەش دەکرد. چالنجی دۆزینەوەی هاوبەشـێکی هەمیشـەیی باری قورسی سەر شانی گەیە ئێرانییەکان بوو. لە هەنـدێ لـە حاڵەتەکانـدا، ئەوان لەگەڵ دۆستە هاوبەشـەکانیان پەیوەندییـەکیان دەسـت پـێ کردبـوو و پاش ماوەیەکی کورتی پەیوەنـدی سێکسـی، پەیوەندییەکـەیان کۆتـایی پـێ هاتبوو.

ناپاکی و نەبوونی پابەندێتی دوو لایەنە لە پەیوەندییەکانی نێوان کەمینە سێکسییەکان بوونی هەیە. نە تەنیا لە ناو هاوڕەگەزخوازان خۆیان، بەڵکوو پەیوەندییەکی ماناداری درێژخایەنیش کەمە. هەندێ جار بە هۆی پەیوەندی نەخوازراو لەگەڵ ناهاوڕەگەزخوازان، ئەوان بە هۆی زیان و ئازاری قەرەبوو نەکراو دەناڵێنن کە لەوانەیە لە درێژەی ژیانیان لەگەڵیان بمێنێتەوە.

هۆکارە بنچینەییەکانی ئەم پەیوەندییە زۆرە کورت خایەنانە زۆرن. پەیوەندیی نێوان دوو دیترڕەگەزخواز دەتوانێ ڕیشەی لە کەلتوور و ئایینێکدا بێ کە بە پێی یاسا، تاکهاوسەری پاش دامرکاندنی ورووژانی ناو ژووری خەو بەهێز دەکات. کاپڵەکان ناچارن دامرکاندنی خێرای هۆگری سێکسی تێپەڕێنن و هەڵوەدای بیچمێکی مانادار لە چێژ و ڕزگاری بن. بە پێچەوانەوە هاوژینە هاوڕەگەزەکان، پێشێلکەری شتێکن کە بە پێی زۆربەی ستانداردە نەریتییەکان دەبێ پەیوەندییەکی تاکهاوسەرانە بێ، شانۆی بێزاری پەیوەندیی «یەک ـ پیاو ـ یەک – ژن»ـن. داکۆکیکارانی ئەم ستانداردانە کاپڵە هاوڕەگەزەکان لە هەمبەر هەمان نۆرم و چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتییەکان کە بنیاتی بنەماڵەی مۆدێڕنن، بە وڵامدەر نازانن.

زەختی دوو لایەنە لە سەر چێکراوە مێژووییەکانی تاکهاوسەری لە ڕکابەری لەگەڵ نەبوونی پەسندێتی کۆمەڵایەتیی پەیوەندییەکانی دوو هاوڕەگەز زۆر جار لایەنێکی دیکە لە نیگەرانی و پەرێشانی لە پەیوەندییەکاندا ساز دەکا کە لە پەیوەندییە ئازادەکاندا دەبێتە هۆی سنووردارێتی. لەو ڕووەوەی کە کەسەکان لە پەیوەندییەکی درێژماوە پارێزراو نین و ناتوانن هەستی وابەستەیی کە زۆر جار لە پەیوەندییەکی درێژەماوەدا

ساز دەبێ تاقی بکەنەوە و ڕوو دەکەنە پەیوەندیی کەم خایەن کە لە هەندێ لە حاڵەتەکاندا خۆی وەک جۆرێک داوێنپیسی و بەرەڵایی سێکسی پیشان دەدات.

## 4ـ1: کاریگەری هاوڕەگەزخوازی لە سەر بنەماڵە

هیچ بەڵگەیەکی زانستی لە سەر ئەوە نییە کە هۆگری سێکسی، چ دیترڕەگەزخوازی و چ هاوڕەگەزخوازی و چ هەر شتێکی دیکە، هەڵبژاردەیەکی لە ڕووی ئیرادەی ئازادە. پاش لە دایک بوون بە شێوەی خۆ بە خۆ، کۆمەڵێ لە چاوەڕوانی و بەهاکان لە بیدەنگیدا لە لایەن دایک و باوک و کۆمەڵگا و بنەماڵە بە ئێمە دەدرێت. لەم یەکە کۆمەڵایەتییانەدا، کەلتوور، وەفاداریی بۆ بنەماڵە و ئابڕوو و ناوبانگی بنەماڵە بوونی هەیە. هەرچەشنە بەراورد یان ڕای ئەندامانی بنەماڵە دەتوانێ بە زەقی کاریگەری لە سەر ئاکاری تاک دابنێت. واتا و دەسەڵاتی بنەماڵە کە پێگەی کەلتووری و کۆمەڵایەتیی تاکیش ساز دەکەن، چالاکن و بەشێکی سەرەکیی شووناسی تاک پێک دێنن. بنەماڵە ئەوەندەی بتوانێ پەرە بە کاریگەریی خۆی لە سەر بوارەکانی دیکە دەدا بۆ ئەوەی کاریگەری لە سەر شووناس و شێوازی ژیان دابنێت. لە وڵاتی ئێران منداڵان پاش ئەوەی هاوسەرگیری دەکەن، بە شێوەی کردەیی دو بنەماڵە تێکەڵ دەبن و ماف و هاوپەیوەندییەک پێکەوە ساز دەکەن کە دەتوانین بڵێین لە پیرۆزی نزیکە.[1]

1. Culture of Iran. history, people, clothing, traditions.
www.everyculture.com

لە ماوەی ساڵانی هەستیاری بیچمگرتنی شووناس لە ژیان، تاک بە ڕوانین، بینین و لە کۆتاییدا بە دەروونیکردن فێر دەبێ کە چاوەڕوانی و بەها باشەکان چیین. بەو پێیەی کە بنەماڵە یەکەمین مامۆستایە، ڕۆڵی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەبینێت. ئەوەی کە بە هەڵکەوت تاک لە کوێ یان لە چ بنەماڵەیەکدا لە دایک دەبێ، دەورێکی دیاریکەرەوەی لە شووناسی ئەو، ئەو زمانەی کە بۆ پەیوەندی سازکردن بە کاری دەبا، پێگەی کۆمەڵایەتی و ئایینیی ئەو هەیە و هەموو ئەم فاکتەرانە بەشێکی بەرچاو لە شووناسی کەسێک پێک دێنن.

لەم لێکۆڵینەوەدا، شووناس دیاردەیەکی تەوەرییە کە لە چوارچێوەی فاکتەرە ناوبردەکراوەکانی سەرەوە بیچم دەگرێت. شووناس کۆمەڵەیەکی ئاڵۆزە لە گیرۆدەییە مادی و مەعنەوییەکانی مرۆڤ. شووناس ئاوێتەیەکە لە چێکراوە کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژییەکان کە لە چوارچێوەی پێگەی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو چێ دەبێ و هەر دوو ڕەگەزی پیاو و ئافرەت بە گوێرەی دەورێک کە هەیانە، ئەو جیاوازییە بایۆلۆجییانەی کە لە هەر ڕەگەزێکدا هەیە یان ئەو ناوەڕۆکە یاسایی و پابەندێتییەی کە بە سەر هەر دوو ڕەگەزدا دەسەپێنرێت، وەدەست دێن. ئێمە هەروەها فێر دەبین کە شووناسی ڕەگەزییمان دوو شەقە.[1] بە وتنێکی دیکە، فێری ئەم ئایدیایە دەبین کە ڕەگەزێتی یان ئافرەتانەیە یان پیاوانە و پانتایەکی بۆر لەم نێوەندەدا بوونی نییە. لە هەمان کاتدا فێرمان دەکەن کە بەشی بۆری لایەنی ڕەگەزیی مرۆڤ لە

1. Lucie Ddurberman (ed) Gender and Sex in Society

ڕووی ئەخلاقییەوە، گەندەڵە.

هەر لە یەکەم ساتەوەختی لە دایک بوون و لە سەرتاسەری قۆناغەکانی منداڵی، مێرمنداڵ و گەورەساڵی، بە کۆمەڵایەتیبوون پرۆسەیەکی بەردەوامە لە کۆمەڵێکی جیاواز لە ڕێکار و قەدەغەکان. پێکهاتەی بنەماڵە دەورێکی گرینگی لەم دیاردەدا هەیە و پەیوەندییە خزمایەتییەکان باڵیان بە سەر شووناس و هەڵسووکەوتی تاکایەتیدا کێشاوە.

ڕۆڵی بنەماڵە هەمیشە بەستراوەتەوە بە زەختێک کە زانراو یان نەزانراو بە سەر هەر کام لە ئەندامانی بنەماڵە بە هۆی ڕۆڵی گریمانەیی، بارودۆخی کۆمەڵایەتی، دەروونی و سیاسی دەوری گریمانەیی دەسەپێنێت. هاوڕەگەزخوازی لە ناو بنەماڵەدا کێشەیە؛ چوونکە ژیانی کۆمەڵایەتی زۆر جار لە ناو چوارچێوەی ئەو ئەزموونە کۆمەڵایەتییانەدا دروست دەبێ کە تایبەتمەندی پیاوانەیان هەیە.[1] هۆگری سێکسی لە دەرەوەی دووانەی پیاوانە ـ ژنانە بەردەوامی پەیوەندییەکی ژنانە ـ پیاوانەی باوک سالار و سەرکوتکەر تێک دەدات. هەر هێمایەک لە گەیبوون دەتوانێ کاریگەرییەکی جیدی لە سەر ئەو بنەماڵانە دابنێ کە لەگەڵ قبووڵکردنی هاوڕەگەزخوازی منداڵەکەیان کێشەیان هەیە. ئەم کێشانە تایبەت بە وڵاتی ئێران نییە. هەموو ساڵێ، هەزاران منداڵی ناهاوسانی ئەمریکی کە شووناسی خۆیان ئاشکرا کردووە، لە ماڵەوە دەردەکرێن و یەک لە سەر چواری بێ‌ماڵەکان لە وڵاتی ئینگلتەرا، ناهاوسانن.

1. Sandra, Harding. (1935) Introduction: Is There a Feminist Methodology, Open University Press

بۆ زۆربەی ئەو کەسانەی کە وەک ناهاوسان دەناسرێن، ڕوانین و قبووڵکردن یان قبووڵنەکردنی بنەماڵە (و کۆمەڵگا) کێشەیەک گەورەترە. ساڵانی یەکەمی ژیان بناغەی بە فەرمی ناسینی هۆگری سێکسییان پێک دێنێ و ئەم قۆناغە دەست پێکردن و پەی بردن بە شووناسی ڕەگەزیی خۆی وەک ناهاوسانە. بۆچوونی کەسەکان لە درێژەی لێکۆڵینەوە پیشاندەری دەرد و ئازارێک بوو کە ئەوان لە کاتی ئاگاداری بە هۆگری جیاوازی خۆیان و بڕیاردان بۆ شاردنەوەی ئەم هۆگرییانە تاقییان کردۆتەوە. کەسانی ناهاوسان ساڵانێکی زۆریان لە شەڕی نابەرابەری شاردنەوەی هۆگری سێکسی بە فیڕۆ داوە و ئەوە هەمان کاتێکە کە باشترە تەرخانی گەشەی تاکایەتی و کەسایەتی بکرێت.

ڕێگری لە ئاشکرابوونی شووناسی ڕەگەزی لە بنەماڵە دژوارترین کاری کەمینە سێکسییەکانە. ترس لە دروستبوونی کێشەی بنەماڵەیی هاوشێوە زیانی زەختی سۆزدارییی، دەروونی و مەعنەوی تێهەڵکێشی ژیانی هەموو ناهاوسانانە. بەشداربووان ئاماژەیان بە کاردانەوەکانی بنەماڵە کرد کە ئازاربەخشترین ئەزموونی ژیانی ئەوان و چالنجی گەورەی بەر دەمیان بوو.

بابەتێک کە لە بڕگەیەکدا کاریگەری لە سەر هەموو ناهاوسانان دادەنێ، ئاشکرابوونی شووناسی ڕەگەزیی لای بنەماڵەیە. ئەمە دەتوانێ بۆ موسڵمانان بە شێوەی تایبەت دژوار بێت (بۆ شرۆڤەی زیاتر بڕوانە بەشی 2). پێچەڵاوپێچی ئاستەنگە کۆمەڵایەتییەکان زۆرن: بنەماڵە، ترس لە بوونە هۆکاری شەرمەزاربوونی بنەماڵە و لە دەستچوونی ڕێز لە کۆمەڵگا، ناونیتکەی سێکسی و ڕوانگەی کۆنسێرڤاتیوانە بۆ هاوڕەگەزخوازی. نەریت

و کەلتووری باوکسالاری ئێرانی سات لەگـەڵ سـات وەبیرهێنـەرەوەی ئـەم خاڵەیە کە ئەمانە پێکهاتەگەلێکی بەهێزن کە تـاک دەبـێ بـە تـەنیایی بـاری قورسی ئەوانە هەڵبگرێت. زۆر بنەماڵە بـۆ ئـەوەی بتـوانن بـەها تاکایـەتی و ئایینییەکان لەگەڵ عەشقی خۆیان بۆ منداڵە ناهاوسانەکانیان لە هاوسەنگیدا ڕابگرن، زۆر هەوڵ دەدەن.

کاری کوشندەی ڕەواڵەتبازێتی و شاردنەوەی هۆگری سێکسی لە بنەماڵـە گـــەورەترین و دڵتـــەزێنترین ئەشـــکەنجەی کەمینـــە سێکســـییەکانە. دەرد و ڕەنجێک کە هەر لەو پانتا پارێزراوەی بنەماڵەدا بە سەر کەمینە سێکسییەکاندا دێ زۆر گەورەتر لەو شتەیە کە لە شوێنەکانی دیکـەی وەکـوو قوتابخانـە بـە ئەزموونی دەکەن. بۆ زۆرینەی ناهاوسانان، پەیوەنـدی پیـرۆزی خـوێنی لـە بنەماڵە بنیاتی زۆرێک لەو گێڕانەوانەیە کە بە قووڵی بیچمی بە ژیـانی ئـەوان داوە و ئێستا ڕاستەوخۆ لە هەمبەر خزم و کەسانێکدا دایاندەنێ کە هەرگیز بـۆ قبووڵکردنی شووناسی ڕەگەزییان ئامادە نابن؛ چوونکە وەها بابـەتێک دژی هەموو ئامۆژە و وانـە فێربووەکانیانـە. بـۆ زۆرینـەی ناهاوسـانان ئـەم بابەتـە سەرچاوەی بەردەوامی ڕەنج و خەسارەتی زۆر بووە. توێژینەوەکەمان پێشانی دەدا کە ترس لە سزای بـەردبارانکردن هۆکـارێکی دیکەیـە بـۆ ملکـەجێتی ئەوان بەرامبەر بەو وانانەی کـە کۆمـەڵگا بـە تـاکی فێـر دەکـات. دیسـانیش بەڵگـەی تـەواو سـەبارەت بـە زۆر گرینگبـوونی داکـۆکی کۆمەڵایـەتی و بنەماڵەیی لەم بوارەدا هەیە.

لە کۆمەڵگا و گرووپە بنەماڵەییەکاندا، هاوڕەگـەزخواز بـە شـتێک سـەیر دەکـرێ کـە دەبێتـە هـۆی شـەرمەزاری تـاک و کـۆی بنەماڵـە و ئاسـەوار و

دەرهاویشتەی ناخۆشی بۆ هەموو ئەندامانی بنەماڵە و هاوڕێیان هەیە. یەکێک لە باوترین لێکەوتە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان ئەوەیە کە ئەندامانی مێینە بە هۆی نەبوونی خوازبێنی تامەزرۆ ناتوانن هاوسەرگیری بکەن و ئەندامە نێرینەکانیش لەوانەیە لە سەر ئیش دەربکرێن و بە گشتی پێگەی کۆمەڵایەتیی بنەماڵە بچێتە ژێر پرسیار.

ئەو بنەماڵانەی کە لە هۆگری سێکسی کەسەکە ئاگادارن، بە بێ دەسکەوت پەنا دەبەنە بەر هەر چەشنە تاکتیکێک بۆ ئەوەی کەسەکە بگۆڕن و باوەڕی قووڵیان هەیە کە هۆگری سێکسی بارودۆخێکی شیاوی گۆڕانە و قۆناغێکی تێژتێپەڕە. ئەم توێژینەوە پیشانی داوە کە زۆربەی دیمانە لەگەڵکراوان ئەم کاردانەوەی بنەماڵەیان تاقی کردۆتەوە؛ ڕێژەی ئەو بەشداربووانەی کە ئەزموونی جیاوازیان هەبوو کەمتر لە پەنجەکانی دەستێک بوو. کاتێک بنەماڵە لە هۆگری سێکسی کەسەکە ئاگادار بووە، نە تەنیا وڵامەکەی دەبێتە هۆی ئەوەی دۆخەکە نەگۆڕێت، بەڵکوو لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بنەماڵە سەرکوتکەرتر بووە و کۆنترۆڵێکی زیاتری بە سەر کەسەکەدا سەپاندووە. ئەوان باوەڕێکی قووڵیان بەوە هەیە کە دەتوانن تاک بکەنە ئەو کەسەی کە وەک ئەندامێکی ئاسایی بنەماڵە ببێتە خاوەن هۆگری سێکسی پەسەندکراو. تەنانەت لەو بنەماڵانەی کە نەرمینوێنتر و کراوەترن، ئامادەییان بۆ پێشوازیکردنی گەرم لە هاوڕەگەزخوازی نییە. کە واتە هەتا ئەو کاتەی ئەم ئامادەییە بوونی نەبێ، بنەماڵە بەردەوام زەختانە هۆگری سێکسی، کە پیاوان و ژنان لە خۆ ناگرێ، ئیدانە دەکەن و لە دژی بەرهەڵستی دەنوێنن.

هەندێ لە بنەماڵەکان هاوخەمییەکی زۆریان بۆ دیتران هەیە. ئەو

بنەماڵانەی کە باوەڕیان بە پەسەندکردنی ئەم کەسانە هەیە، لە خزم و کـەس، دراوسێ و هەڵسەنگاندنی نەرێنی ئاشنا و ناسیاوەکان دەترسن کـە زۆر جـار بۆ ژیان لە شاراوە و سەرنجی بنەماڵە هانیان دەدەن. لۆمە و پەسەند نەکران لە لایەن کۆمەڵگا دوو لەمپەری گەورەن. بەدەر لەم ترسـانە، ئایـدیای ئـابڕووی بنەماڵەش هەیە کە بارێکە بە سەر تەندروستی دەروونی و جەسـتەی هـەموو ئەندامانی بنەماڵە. هۆگری سێکسی دوایـین هێمـای سـووکبوونی بنەماڵـە و هەڕەشەیەکی جیدییە بۆ سەر «ئـابڕووی بنەماڵـە». ئەمـە بـەو مانـا دێ کـە چەمکی ئابڕووی تاک پەیوەستە بە ڕێزگرتن لە چوارچێـوە کۆمەڵایەتییـەکان کە پەیوەندییان بە دەور و ڕۆڵە ڕەگەزێتییـەکان هەیـە، بـەڵکوو ئـەم هۆگرییـە سێکسیانە ئابڕووی بنەماڵە و کەس و کاریش کۆنترۆڵ دەکەن.

ترس لە بێ ئابروویی، بەدناوی، گاڵتە پێ‌کـردن و لـە کۆتاییـدا تارانـدن سێبەرێک لە شەرم دەخاتە سەر هەموو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کەمینـە سێکسییەکان. ئەم کاردانەوە ئاشکرایانە لـە نـاو پێکهاتـەی بنەماڵـە لـە ژێـر کاریگـــەریی پێگـــەی کۆمەڵا یـــەتی، ئـــابووری و کـــەلتووریی دایـــک و باوکەکاندایە (ئاستی خوێندن، دەمارگرژیی کەلتووری و باوەڕە ئایینییەکان)؛ بەڵام هەموویان کەم تا کورتێک لە یەک پێوەردان. ئەمە ئـەوە دەگـەیێنێ کـە تەنانەت لەو بنەماڵانەشی کە کراوەن، یەکەم کاردانەوە زۆر جار نارەحەتبوون لەم بابەتەیە. بنەماڵەکان زۆر جار سۆراغی دەستێوەردانە دەرمانییەکان دەگرن و هیوادارن دەرمان لە گۆڕینی شووناسی ڕاسـتەقینەی کەسـەکە یارمەتیـدەر بێت.

بەدەر لـە تارانـدن و فـام نـەکردن، کەمینـە سێکسـییەکان ئاماژەیـان بـە

مامەڵەی جیدیتر و توندئاژۆتری بنەماڵە کردووە. لە هەندێ لە حاڵەتەکاندا تاراندنی کوتوپڕ، بێبەش بوون لە میرات وەک منداڵ و ڕۆڵە و سەرکۆنەی لێ کەوتووەتەوە.

لە حاڵەتەکانی تردا، کەسی هاوڕەگەزخواز، بە پێچەوانەی ڕاکێشبوونی ئاشکرا بۆ کەسی هاوڕەگەز ـ کۆڵ بۆ پەیوەندییەکی ئاڵۆز لەگەڵ کەسی ڕەگەز بەرامبەر دەدا تەنیا بۆ ئەوەی بنەماڵە و هاوڕێیان لێی ڕازی بن. لە هەندێ لە حاڵەتەکاندا، بەشدار بووان وتیان بە زەختی ناڕەزایەتی خۆیان دژ بەم پەیوەندییە ڕاگەیاندووە و هیچ کات لەگەڵ کەسی ڕەگەز بەرامبەری خۆیان پەیوەندییان ساز نەکردووە، لە ناو ئەو کەسانەی کە وەها پەیوەندییەکیان هەبووە، پەیوەندی سێکسییان نەبووە و هەر لە یەکەم دەستپێکی نگریسەوە ئەم پەیوەندییە گەیشتبووە لەمپەری سۆزدارییەکی بێبەری لە هەست. شیکاریی وڵامی دیمانەکان سەرچەشنێکی دڵهەژێنی پیشان دا: لە هەندێ لە حاڵەتەکاندا، بەشدار بووان لە داواکارییەکانی هاوڕێ و بنەماڵەی خۆیان نوقم دەبوون و بە بێ ڕەچاوکردنی هۆگری سێکسی خۆیان و هۆگری تایبەتی بۆ کەسی هاوڕەگەز، هاوسەرگیرییان لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر کرد. ئەگەرچی مەخابن لێکەوتەکانی وەها هاوسەرگیریگەلێک شیاوی پێشبینییە، ڕەنج و ناڕەزایەتی بە هۆی هاوسەرگیری زۆرەملێ زەبرێکی دیکەیە کە لە شووناسی ناسکی کەسەکە دەدرێ و توێژێکی دیکە لە زیانی دەروونی بە برینە قووڵەکانیان زیاد دەکات.

| |
|---|
| ئەگەر دیسان لە دایک ببمەوە حەزم نەدەکرد هاوڕەگەزخواز بوایەم. ئەوەی پێویست بوو کردم؛ پەیوەندییم لەگەڵ ماڵە پارێزراوەکان گرت بۆ ئەوەی درگام لێ بکەنەوە و ئەوان دەستیان کرد بە وتاردان. پێیان وتم دیارە کچێکی باش نیت. کچی چاک بە با تێهەڵدان نەخۆیت. |
| نێرگیز، 27 ساڵە، مەشهەد |

سەبارەت بە کەمینە سێکسییە لزبایـنەکان، زەختێتـی ئـەم کاردانەوانـەی بنەماڵە و کۆمەڵگا وای کردووە کە پێگـەی پێشـتر سسـت و لـەقیان لـەوەش زیاتر بکەوێتە بەر هەڕەشە و ببێتە هۆی چەند قاتبوونی نایەکسـانی، زەختـی دەروونـــی، جەســـتەیی و سێکســـی ئـــەوان. پێچـــەڵاوپێچی چالنجـــە کۆمەڵایەتییەکانی بەر دەم لزباینەکان لەگەڵ بێبەشـبوونی کۆمەڵایـەتی و بـە فەرمینەناسـین لـە گوتـاری بـاوک سـالار ئیسـلامیدا زاڵـە کـە جیـاوازی ڕەگەزێتی، سووکایەتی ڕەگەزێتی و سنووره بەرتەسـککەرەوە ڕەگەزێتییـەکان بۆ ژنان پشتڕاست دەکاتەوە.

| |
|---|
| ئەکبەر، 35 ساڵان، تاران |
| دەزانی چۆنە ئەم چەشنە هۆگرییانەم پێ خۆش نەبوو و هەر لە بەر ئەوەشـە کـە بیـرم کردەوە لەگەڵ کەسێکی ڕەگەز بەرامبـەری خـۆم هاوسـەرگیری بکـەم. پـێم وا بـوو ئـەم هۆگرییانەم کز دەکاتەوە. سەرەتاکان خراپ نەبوو بەڵام دواتر بۆم دەرکەوت کە بە ڕاسـتی ناتوانم. |

لزباینەکان زیاتر توندوتیژی بە تـاقی دەکەنـەوە، هـەڵاواردنی ڕەگـەزێتی سەرکوتکەر نە تەنیا خـۆی لـە کلیشـە ڕەگەزێتییـەکانی پیاوانـە و ئافرەتانـەدا

پیشان دەدا، بەڵکوو لە سەرسەختی ئێرانی باوکسالار و تەنانەت لە ناو کۆمەڵگای کەمینە سێکسییەکانیشدا خۆی دەنوێنێت. هەندێ لە ڕووی جەستەییەوە ڕووبەڕووی دەستدرێژی دەبنەوە. لە ڕووبەڕوو بوونەوەی زەختی دوو قاتی هەڵاواردنی ڕەگەزێتیی باوک سالارانە لە لایەک و پەسەند نەکران لە لایەن کۆمەڵگا لە لایەکەوە، ئەو لزبیانانەی کە ئێستا لە ناخەوە لەگەڵ خۆی «نەخوازراو» لە تەقەلادان، خۆیان لە گۆڕەپانی بەربەرەکانێی گەورەتردا بەدی دەکەن و ئەمە لە حاڵێکدایە کە بە هیچ چەشنێک زانست و دەفرایەتییان بۆ خەبات لە دژی پێکهاتەی جیاکارانە نییە. تەنانەت ئەگەر تاک پەنا بباتە بەر ئەکتیڤێکی کۆمەڵایەتی، ڕێکخراو و بزاڤەکانی مافەکانی ژنان سوودێکی ئەوتۆیان نەبووە. بە گوێرەی گێڕانەوە تایبەتەکانی بەشداربووان، زۆربەی «ماڵی پارێزراو»ەکان لە لایەن ڕێکخراوی چاکژیانەوە بەڕێوە دەبرێن و هەندێ لەو کچانەیان کە قوربانی توندوتیژی خێزانین، ڕاو ناوە. بێگومان هەندێ لەم کچانە بە هۆی هۆگری سێکسی خۆیان لە ڕووی جەستەییەوە چەوسێنراون. زۆربەی «ماڵە پارێزراوەکان» لە پرسی توندوتیژی فیزیایی ناسەرکەوتوو بوون.

بە ئاوڕدانەوە لە دەستپێکی بەشی ئاسایی گەشە و کونجکۆڵییە سێکسییەکان و ئاگاداری زیاتر لە هۆگری سێکسی خۆیان، حاڵەتی هیچ دوو کەسێک بۆ پەیوەندیی و دۆزینەوەی سێکسی هاوشێوەی یەکتر نین. لە دەستپێکی ناسینی هۆگریی هاوڕەگەزخوازانە، لێکدژییە دەروونییە گێژکەرەکان و هەستی شەرم لەوانەیە وڵامێک بۆ زەختە دەرەکییەکان بێت. خەڵک زۆر جار بە قۆناغێکی تاقیکردنەوە و هەڵە وەکوو سازدانی

پەیوەندییەکی سۆزداری یان سێکسی لەگـەڵ کەسـی بەرامبـەر دەسـت پـێ دەکەن. ئەم پەیوەندییە لەوانەیە بە شـێوەی کـاتیی هۆگرییـە ڕاسـتیەقینەکانی کەسەکە ناڕوون بکەن؛ شیکاریی سەختی قبووڵکردنی خۆ ئـاڵۆزتر دەبـێ و هاوسەرگیریی زۆرەملێ، دەزگیرانداریێتی نەخوازراو و پەیوەندیی‌گەلێکی لـێ دەکەوێتەوە کە زیاتر هێمای مەسڵەحەتە تا هەست، کە واتە جێ شـوێنێکی هەمیشەیی لە سەر حاڵەت و کەسایەتی کەسەکە بە جێ دێڵێت.

## 6ـ1 قۆناغی تاراندن و دەرکران

بێجگە لەم ڕاستییە گرینگە کە بەشداربووان بە کۆمەڵ ئاماژەیان بە وێنەی زەینی هاوبەش لە کاردانەوەی بنەماڵەکانیان دەکرد، ئـەوەی گرینگـە ڕەوتـی بەردەوامی پرۆسەی ڕوو لە گەشەی ئاسـایی بوونـەوەی هاوڕەگـەزخوازی و قبووڵکردنی خۆ بە پێناسەیەکی نوێ لە «خۆ»ــیە. ئـەم پرۆسـە هاوشـێوەی پرۆسەی ئاسایی‌کردنەوەیە کە لە ژێر ناوی کاردانـەوەی سـتراتیژی دەخرێتـە بەر باس. شوێنێکە کە «خۆ» بە شێوەی «ئەوەی هـەم» پێناسـە دەکرێتـەوە و «نە ئەوەی دەبێ ببم». ئەم قۆناغە ئەگەر بـە دروسـتی بێتـە ئـاراوە، دەتـوانێ یەکەم هەنگاو لە سەقامگیری بێ ئەگینا دەتوانێ نکۆڵی شووناسی ڕەگـەزیی لێ بکەوێتەوە.

ئەگەرچی ئاراستە ئەرێنییەکان بۆ پیاوانی گەی و لزبـاین لـە مـاوەی ئـەم چەند دەیەی ڕابـردوو ڕووی لـە هەڵکشـان بـووە، ئاراسـتەکان بـۆ کەسـانی دووڕەگەزخواز ئەگەر لێکدژ و لێکنەچوو نەبن، تا ڕادەیەک بێ‌کاریگەرن. بە پێچەوانەی دڵخوازێتی دەروونی وێنەی گەی یان لزباین، دووڕەگـەزخوازی

پەرێشانی زەینی زۆر و ئـاڵۆزێتی لەگەڵـە. کەسـانی دووڕەگـەزخواز کـە لـە درێژایی مێژوودا لە بەرەکانی پێشەوەی خەباتی ناهاوسانان بـوون، هەمیشـە لەم گووتارانەدا پشتگوێ دەخرێن. هەتا ئەو جێی کە لە ڕووی لۆژیکییەوە بە ئاگاین، لە وڵاتی ئێران ئەم توێژینەوە تاکە لێکۆڵینەوەیەک بووە کە لـە بـارەی کۆمەڵگای دووڕەگەزخوازان وەک گرووپێکی دیـار ئـەنجام دراوە. هەمیشـە دروسـتێتی دووڕەگـەزخوازی جێـی پرسـیارە؛ باوەڕێـک لـە ئارادایـە کـە دووڕەگەزخوازان بەرامبەر بە هۆگری سێکسی خۆیـان سەرلێشـێواو یـان لـە قۆناغی تێپەڕیندان. پیاوان و ژنانی دووڕەگەزخواز لە چاو ئەو کەسـانەی کـە بە تەنیا دیترەڕەگەزخواز یان هاوڕەگەزخوازن بە ئاسێتکی بەرزتر ڕووبـەڕووی نایەکسـانێتی جەسـتەیی و دەروونـی و دیکـەی جیاکارییـەکانی بـواری تەندروسـتی دەبنـەوە.[1] کەسـێکی دووڕەگـەزخواز بـۆ ئـەوەی خـۆی لـە چوارچێوەیەکی پێناسە کراودا دابنێ، دەبێ هەوڵ بدا و پاش کۆمەڵێ هەوڵی سەرشۆڕانە، کەسەکە واز لە گەڕانی دەروونی دێنێ و زۆر جار (ئەگەر نـە بـە هەڵە) خۆی لە چوارچێوەیەکی دیارتردا دەگوونجێنێ کە بـە پێـی هـۆگری و کۆمەڵە ئەزموونی ڕابردووی کەسەکە دەتوانێ چوارچێوەی هاوڕەگـەزخوازی یان دیترەڕەگەزخواز بێت. ئەم ناونیتکانە زۆر جار تەنیا دەبێتـە هـۆی دابڕانـی زیاتر و لە کۆتاییدا ڕێگری لە قبووڵکرانی تەواوتر دەکات.

بە هەر حاڵ، بەدەر لە پێگەی ئەم کەسانە لە لایـەنێکی سێکسـی ئـەوەی خاڵی هاوبەشی هەموویانە، دژایەتی دوژمنکارانە و کاردانەوەی تونـدوتیژی

1. Negative Attitudes Slow Acceptance of Bisexuality, psychcentral.com/news/2016/11/01/negative..

کۆمەڵگایە. گرینگترین هۆکار لە ژیانی ڕۆژانەی ئەوان ترس لە ئاشکرا بوون لە لایەن ئەندامێکی بنەماڵە یان دیکەی کەسانی گرینگ لە ژیانیان یـان ئـەو کەسانەیە کە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکەن و دەتوانن کاردانەوەگەلی وەکـوو خۆ بە دوورگرتن، قبووڵ نەکردن یان دوژمنایەتی لـە خۆیـان پیشـان بـدەن. گەورەترین نیگەرانی ئەوان دابڕانی شاراوەی ئازاربـەخش لـە بنەماڵـە و ئـەو کەسانەیە کە خۆشیان دەوێن؛ بەڵام لە ئەگەری دەربڕینی شووناسی ڕەگەزی خۆیـان، قبوڵیـان ناکـەن. ئـەم دەڤـەرە دەڤـەرێکی بـە تایبـەت چـەتوون و نەخوازراو بۆ تاوتوێکردن بەتایبەت لە حاڵەتێکدایە کـە بنەماڵـەی کەسـەکە یان دایک و باوکی توخمی سەرەکیی هەبوونی ئەو پێک دێنن.

ترس لە بێ ئابڕوویی، بەدناویی، گاڵتە پێکردن و لـە کۆتاییـدا تارانـدن سێبەرێک لە شەرم دەخاتـە سـەر هـەموو هەڵسـوکەوتە کۆمەڵا یەتییـەکانی کەمینە سێکسییەکان. هەروەها کاردانـەوەی ئاشـکرا بـە هـۆی کاریگـەریی پێگـەی کۆمەڵا یـەتی، ئـابووری و کـەلتووریی دایـک و باوکەکانـە (ئاسـتی خوێندن، دەمارگرژیی کەلتووری و باوەڕە ئایینییەکان) بەڵام هەموویان کـەم تا کورتێک یەکن. ئەمە ئەوە دەگـەیێنێ کـە تەنانـەت لـەو بنەماڵانەشـی کـە کراوەن سۆراغی چارەسەر دەگرن و زۆر جار کەسەکە ناچـار دەکـەن کـە لـە هەوڵێکی سەرشۆڕانەدا بۆ چارەسەر بگەڕێ بۆ ئەوەی شووناسی ڕاستەقینەی خۆی بگۆڕێت.

بەشێک لە ناونیتکە هاوڕەگەزخوازی سرووشتی زمـانی فارسـییە کـە لـە

دوو وشەی جیا بۆ هاوڕەگەزخوازی پێک هاتووە.[1] ئەمە زۆر کێشەی لە ناو گرووپی کەمینە سێکسییەکانی لە سەر پێناسەی هاوڕەگەزخوازی یان هاوڕەگەزبازی لێ کەوتۆتەوە. ئەم توێژینەوە جیاوازییە بنەڕەتییەکانی نێوان ئەم دوو گێڕانەوە گرینگەی لە پەیوەندی لەگەڵ بابەتی ئەم توێژینەوە دۆزیوەتەوە. هاوڕەگەزخوازی هۆگری سێکسی قبوولکراو لە تاکدا بەدی دەکرێ، لە حاڵێکدا هاوڕەگەزبازی بیچمێکی نەخوازراوی پەیوەندییە کە ئاماژە بە دۆست و خزم و کەسی بەشداربوو دەکات. هەر دوو چەمکەکە بە هۆی نەبوونی پێناسەی ڕوون هەست پێنەکراو و ناڕوونن. جڤاکی ناهاوسانان لە وشەی هاوڕەگەزخوازی (بە واتای وشەیی هۆگر بوون بە هاوڕەگەز) کەڵک وەردەگرن. لە حاڵێکدا دەوڵەت و ڕاگەیاندنە دەوڵەتییەکان وشەی هاوڕەگەزباز بە کار دەبەن کە واتایەکی نەرێنی هەیە و ئاماژە بە کەسێک دەکا کە لەگەڵ کەسانی هاوڕەگەزی خۆی «سێکس» دەکات.

## 1ـ7ـ شووناس: ستراتیژی سازگاری

شووناسی «کەمینەی سێکسی» لەگەڵ ئایدۆلۆژیای لێکدژ بۆ ئەو کەسەی کە پەیوەستە بەم گرووپەوە شتێکە کە هەموو کەسێک تێدەکۆشێ ئاسانکاری بۆ بکا، بۆ ئەوەی ئاسایی بکاتەوە و لە چوارچێوەیەکدا بیگونجێنێت. بۆ وڵامدانەوە بە گەڕان بۆ شووناس و شێوازی ژیانێکی تایبەت، هاوڕەگەزخوازان ستراتیژی جیاواز دەگرنە بەر بۆ ئەوەی بۆشایی

1. What it's like to be gay in Iran -theweek.com/articles/532005/what-like-gay-iran

پەیوەندییەکانیان پڕ بکەنەوە و بتوانن لەگەڵ پاراستنی سەقامگیری زەینی و سێکسی درێژە بە ژیانی خۆیان بدەن. یەکێک لەم ستراتیژانە هەوڵ بۆ «ئاسایی کردنەوە»ی خۆیە. هەندێ لە نموونەکان بریتیین لە نکۆڵیکردن لە هۆگریی سێکسیی خۆیان، ناشتنی بیر و خەیاڵی پەیوەست بە هۆگری سێکسی، هەوڵ بۆ گۆڕینی شووناسی ڕەگەزیی و ناچارکردنی خۆ بە پەیوەندی لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر. زۆرێک لە کەسەکان دێنە ناو پەیوەندی دیترڕەگەزخوازانەوە بۆ ئەوەی تەنیا لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە شیاوی قبووڵکران بن. ئەم ستراتیژانە لە سەر بنەمای وازهێنان لە پاشماوەکانی شووناسی ڕەگەزییان تەنیا ڕێکارێکی کاتییە و لە کۆتاییدا بێهۆشییەکی نەخوازراوە. لەو دیوی ئەم جەسارەتە، هۆگری سێکسی ڕاستەقینەی ئەوان هەر دەمێنێتەوە.

ئەوەی زۆر لە لایەن تیمی لێکۆڵینەوە و لە کاری مەیدانی پێداگری لە سەر کراوە. هەوڵ لە پێناوی فام کردن و گۆڕینی ئەزموونی ژیاوە بۆ ئەم شیکارییەیە. پشێوی بە هۆی بە کارهێنانی «ناو و ناتۆرەی نەشیاو» کاتێ دەردەکەوێ کە تاک خۆی بە «هاوڕەگەزخواز» بزانێ، لە ئێستادا هەڵسووکەوت و کورتە مێژووی پەیوەندییەکەیان لە ڕاستیدا ئەوە پیشان دەدا کە ناو و نیتکەی دووڕەگەزخواز پێناسەیەکی شیاوترە بۆ ئەو.

زۆربەی وڵامدەرانی ئەم تاقمە هۆگرییە سێکسییە «دووڕەگەزخواز» وتیان کە لەم شووناسی ڕەگەزییەیان بێئاگان. زۆر کەس لە ڕابردوودا لەگەڵ هەر دوو ڕەگەزەکە لە پەیوەندیدا بوون و زۆر کەسی تر وەک کەسێکی «دیترڕەگەزخواز» ڕاستییەکانی ژیانیان دادەپۆشی. وەک پێشتریش وترا،

دووڕەگەزخواز بوون هێشتا سەرکۆنە دەکرێ و زۆر کەس لـەو بـاوەڕەدان کـە دووڕەگەزخوازبوون بوونی نییە. دووڕەگەزخواز بـوون یـەکێک لـە تابۆکـانی کۆمەڵگایە. ئەم تاقمە هێشتا بە خەستی پشتگوێ دەخـرێ و بـە هزرئـاڵۆز و دەمـارگرژی و چەن پـات کـران ژاراوی کـراوە. بـەو پێیـەی کـە کەسـانی دووڕەگەزخواز هەست ناکەن کـە سـەر بـە گرووپـی هاوڕەگـەزخوازان یـان دیترڕەگەزخوازانن، بە هەڵبژاردنی ناوی گەی سووکنایی بە خۆیان دەبەخشن و بـەم شـێوە لـە چوارچێوەیـەکی پێناسـەکراودا دەگـوونجێنرێن. لەوانەیـە دووڕەگەزخوازەکان لە ژێر زەخت بڕیار بدەن خۆیان بە هاوڕەگەزخواز بزانن لە بری ئەوەی لە کەلتوورێکدا کە هەر وا بـە ئاسـانی لێیـان تێناگـا، ڕێگـەی سەغڵەتی میانـەڕۆ بگرنـە بـەر. دوو هۆکـار بـۆ ئـەم حاڵەتـە بـوونی هەیـە: «بێئاگـایی لـە بـوونی دووڕەگـەزخوازی» و «پەسـەندکردنی ڕێژەیـی گریمانەیی گەی یان دیترڕەگەزخوازی هەتا دووڕەگەزخوازی».

کۆمەڵگای ئێرانی و کۆمەڵگای پەیوەندیدار بـە ناهاوسـانان بـە شـێوەی گشتی توانا، خواسـت و لـە هـەموو گرینگتـر مـەیلیان بـۆ تێگەیشـتن لـەم هۆگۆییـە سێکسـییانە نییـە کـە بـە شـێوەی دیـاریکراو دژ بـە نۆرمـە کۆمەڵایەتییـەکانن. هـەر هۆگرییـەکی سێکسـی کـە لـە دەرەوەی دووانـەی پێناسەکراوی پەیوەندی ژن و پیاو ئیش بکا بە خەسـتی وەک کێشـە، شـەرم، نەخۆشی یان نانۆرمێتی لێی دەڕوانرێ و ناونیتکەی لێ دروسـت دەبـێ کـە هەندێ لە ڕێبەرانی ئـەفریقایی بـەردەوام بـۆ پێناسـەی کەسـانی ناهاوسـان کەڵکی لێ وەردەگرن. چاوخشاندنێک بە زەبری پەیتا پەیتای گیـر و گرفتـی ناهاوسـانان ئـەم حاڵەتانـە پیشـان دەدا: فاکتـەری پەرۆشـیهێنی دەرەکـی و

ئەگەری تارێنراوی لە لایەن بنەماڵە و دۆستان، گەورە بوون لـە دنیایـەک کـە نۆرم و بەهاکانی دیترڕەگەزخوازانەیە، خۆڕاگری بەهێزی ئایین و هەڵوێسـتە توندەکەی لـە دژی هاوڕەگـەزخوازی، یاسـا و بـوونی بـەردەوامی سـێبەری مەرگ و کاریگەری نەرێنی ناونتیکەی کۆمەڵایەتیی هاوڕەگەزخوازی، جێـی سەرسووڕمان نییە کە ئەم لێکەوتە قورسانە ببینرێن و بە دەروونی بکرێن.

لە میانەی بە کۆمەڵایەتیبوون لە ڕێگەی قوتابخانـە، هـاوڕێ و بنەماڵـە کەسی ناهاوسان بۆی دەردەکـەوێ کـە هۆگرییـە سێکسـییەکەی لـە لایـەن کۆمەڵگا تووشی نـاو و نـاتۆرەی ناسرووشـتی و کێشـە بۆتـەوە. کاریگـەری یاسای عورفی و کەلتووری نەنووسراو نە تەنیا لە وێنای کەسەکە لە خـۆی و لێکەوتە کردەوەییەکانیدا خۆی دەردەخا، بەڵکوو لە لایەنێک لە کاردانـەوەی ناسرووشتی و هەندێ جار مەترسیدار لە سەرکوتکردنی خـۆی، نکـۆڵی لـە خۆی و تووشی هەڵسـووکەوتی مەترسـیداربوون خـۆی دەنـوێنێ کـە هـەر هەموویان کاریگەری ڕووخێنەریان لـە سـەر تەندروسـتی دەروونـی ئـەوان هەیە.

### 1ـ8ـ کاریگەری ئایین و باوەڕە ئایینییەکان

لە کاتێکدا کە ئاراستەکان بەرامبەر بە جڤاکی ناهاوسانان لە سەرتاسەری جیهان لەم ماوەی دواییدا سازگارییەکی زێدەتری بووە، ئێران هێشـتا یەکێکـە لەو وڵاتانەی کە لـە هەمبـەر گـۆڕان خـۆڕاگری دەنوێنێـت. لـە هەنـدێ لـە ناوچەکانی ئێرانـدا، تەنانـەت هاوڕەگـەزخوازی وەک بابـەتی وتـووێژ ڕەت دەکرێتەوە و لە ئەنجامدا گرووپەکانی پشتیوانـدۆزی ناهاوسانان پێک نایەت

و هــیچ گۆڕانێــک نایەتــە کایــەوە. ژێربنــەمای ئــایینی لــە وڵاتــی ئێــران «سەرووپێکهاتە»ــی یاسایی و سیاسی دروســت دەکـا کـە بـە پێـی فیقهـی نەریتیی شێعە پێناسە دەکرێت. ئـەم حکومەتـە ئایدۆلۆژیکییـە بـە دەگمـەن ڕێگە بە دەنگەکانی دیکە دەدا کە ببیسترێن و شرۆڤە ڕەق و تەقـە ئایینییـەکان دەپارێزێت.[1]

وەک کۆمەڵگایـەکی نـەریت‌خواز، ئێـران پێـداگری لـە سـەر ئـایین (و مـوجیزە) لـە نـۆرم و بـەها هەڵسـووکەوتییەکان دەکـا و هـانی بـەردەوامێتی (پەیوەندییە قووڵەکان)ـی ڕابردوویەکی ڕاستەقینە یـان گریمانـەیی دەدات.[2] ئایین لە وڵاتی ئێران دەوری تەوەریی هەیە. زۆربەی پێکهاتەکانی بنەماڵە بـە پێی ئامۆژە ئایینییەکانن و زیاتر سەبارەت بە وانـەکانی پێغەمبـەری ئیسـلامە (س.خ). کاریگـەری تونـدی ئـایین لـە سـەر شـووناس و شـێوازی ژیـانی تاکــەکان ئێســتاش سەرســامهێنەرە بــەڵام بــۆ ناهاوســانان لــەوەش زیــاترە؛ چوونکە باوەڕە ئیسلامییەکان لـە بنەڕەتـەوە هاوڕەگـەزخوازتۆقاون. هـەرچی بنەماڵەیەک ئایینی‌تر و دەمارگرژتر بێ، زەختێکی زیاتر دەخرێتە سـەر تـاک. ئایین تەنیا بابەتی باوەڕ و نوێژی تایبەتی نییە، بەڵکوو بوارێکی گشـتی پێـک دێنێ کە کۆی گەل لە خۆ دەگرێت. بە ئاوڕدانەوە لـە پێگـەی کۆمەڵایـەتی و بایۆلۆژیکی کەمینە سێکسییەکان، ئایین هێڵێکی زەختی بەهێز بۆ کـۆنترۆڵی سێکسی دابین دەکات.

1. Denied Identity: Human Rights Abuses Against Iran's LGBT ... www.iranhrdc.org/english/publications/reports/1000000398...
2. Difference between Traditional and Modern Society, www.yourarticlelibrary.com › Society

بە گوێرەی ئەوەی تاوتوێ کرا و خرایە بەر وتووێژ، تەنیا دەتوانین بەم ئەنجامە بگەین کە ئایین، یاسای پەسەندکراوی وڵات و داڕشتەی نەریتیی کۆمەڵگا هەر هەموویان فاکتەرگەلێکی گرینگن کە لە ژیانی سنووردراری هاوڕەگەزخوازاندا ڕۆڵیان هەیە. ئەمە پەیوەندی ناهاوسەنگ، نانۆرمێتی دەروونی و لە کۆتاییدا شێوازی ژیان و شووناسدۆزی جیاوازی لێ دەکەوێتەوە. ئەم شووناسە هەندێ هێما لە خۆ دەگرێ کە بە گوێرەی داتا کۆکراوەکانی ئیشی مەیدانی بابەتی فوکووس بوون. دیارە ئەم شووناسە تازە بیچم گرتووە ستراتیژ و کارکردی کردەیی تایبەت لە خۆ دەگرێ کە لە بەشی داپەڕە ستراتیژییەکان شی کرانەوە.

بە ڕەچاو گرتنی کاریگەری ئایین بە سەر شاری مەشهەد و شووناسی تابۆی ئەم بابەتە، ئەم دوو هێزە کاریگەری ئایین، شووناس و شێوازی ژیانی تاکیان ڕوون کردەوە.[1] بەدەر لە کاریگەری داڕشتەیی بە سەر بنەماڵە و شووناسدۆزی، باوەڕە ئایینییەکان لە شاری مەشهەدیش زاڵن و ئەم بابەتە کەمینە سێکسییەکان لە شاری مەشهەد لە شارەکانی دیکە جیا دەکاتەوە. باوەڕی ئایینی کەمینە سێکسییەکان نە تەنیا ئەوان لە ئاست قبووڵکردنی خواستەکانیان خۆڕاگر دەکا، بەڵکوو دەبێتە هۆی ئەوەی لە سەر شاردنەوەی شووناسی خۆیان سوور بن. ناونیتکە لەگەڵ هاوڕەگەزخوازی لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکان دەتوانێ کاریگەرییەکی زۆر لە سەر موسڵمانان دابنێ کە خۆیان بە گەی دەزانن. لە وڵاتی ئێران، زۆربەی خەڵک چەمکەکانی بنەمای

1. Between Religion and Desire: Being Muslim and Gay in Indonesia, ww.sjsu.edu/.../courses/soci172/s0/10GayMuslim.pdf

ئیسلام لە ژیانی خۆیان بە کار دەبەن و پەیوەندییە سێکسییەکانیش هەتا ئـەو جێـی دژی نۆرمـە کۆمەڵایەتییـە قبـووڵ کراوەکـان نـەبێ، بـە شـیاو سـەیر دەکرێـت. هاوڕەگـەزخوازی قبــووڵ نــاکرێ چ بگــا بــەوەی نــۆرمێکی کۆمەڵایەتیی قبووڵکراو بێت.

ئایین دیوێکی دیکەی زەختی سەر کۆمەڵگای ناهاوسانانی ئێرانییە. وەک لە بەشی 1دا وترا باوەڕە ئایینییەکان هەمیشە فاکتەر و هۆکاری سەرەکی بوون کـە لـە خـاڵی یـەکتربڕی چاکسـازی کۆمەڵایـەتیی پێشـەنگ و قۆنـاغی تێپەڕیندان و لە قبوولکردنی هاوڕەگـەزخوازی کێشـە دەنێنـەوە. کۆمـەڵگای ئێرانی بایەخێکی زۆر بە ڕەچاوکردنی عـورف و بـاو دەدا و تێیـدا دەربڕینـی تاکایەتی سەرکۆنە دەکرێـت؛ بـە دەوری پێناسـەکراو بـۆ پیـاوان و ژنـان لـە پانتایـەکی دوو جەمسـەریدا پێـداگری لـە سـەر پاراسـتنی «نۆرمـە» کۆمەڵایەتییـەکان دەکرێـت. هاوڕەگـەزخوازی بەربـەرەکانێ لەگـەڵ ئـەم دیسـیپلینی کۆمەڵایەتییـەدا دەکـات. بـۆ ملیۆنـان کەسـی شـوێنکەوتەی کوێرکوێرانـەی ئـایینێکی بێبـەری لـە سـازگاربوون و نـەرمینوێنی کـە بـە پێداگرییـەوە دەڵـێ هاوڕەگـەزخوازی گونـاحێکی نەبەخشـراوە، بابـەتێکی گرینگە. کاتێ نۆرمە کۆمەڵایەتییە پیرۆزەکان لە چوارچێوەی پارامەترە قبووڵ کراوە ئیسلامییەکان هەڕەشەیان لێ دەکرێ، ئایین دەبێتە ئامراز و یەکەیـەکی هاوسەنگکەرەوە بۆ ڕێکخستن و کۆنترۆڵی هەڵسووکەوتە کۆمەڵایەتییـەکان. بۆ بنەماڵە، هاوڕەگەزخوازی هاوشێوەی وازهێنان لە ئایینە (ارتـداد: لادان لـە ئایین).

ئایین بە دروستکردنی پشێوی زەینی بۆ سەر تاک دەتوانێ گووشـارێک

بێ لە سەر بڕیارە تاکایەتی، کۆمەڵایەتی و ڕەگەزییەکانی تاک. شرۆڤەی زۆر لە گوتاردا بوونی هەیە کە ئایا گەی بوون لە ئایینی ئیسلامدا قبووڵ کراوە یان نا و زۆرێک لە هەوڵدان بۆ ئەوەی مەعنەوییەت و هۆگری سێکسی خۆیان هاوئاهەنگ بکەن. ئەو کۆمەڵە گەیە موسڵمانانە کە هۆگری سێکسی خۆیان وەک کردەوەیەکی نائەخلاقی یان هەڵە چەمکسازی دەکەن هەمیشە هەڵوەدای متمانە بە خۆبوونن. بۆ وێنە، ئەم ڕوانگە ڕەچاو بکەن و بە شێوەیەکی بەربڵاویش پەسەند کراوە و پێی وایە هاوڕەگەزخوازی گوناحە. ئایینی ئیسلام پێداگرانە و بە بێ دوودڵی هاوڕەگەزخوازی بە کردەوەیەکی لادەرانە دەزانێت. بۆ کەسانی ناهاوسان، دەستپێکی ناسینی هۆگری سێکسی بە بێهیواییەکی مەعنەوی و ئایینیی ئێگزیستانسیال سەرکوت دەبێت. زۆر کەس بێگومانن لەوەی کە هاوڕەگەزخوازتۆقێنی بە هێزەوە لە کەلتووری ئێرانییدا دەمێنێتەوە. هەستی دەروونیسازیکراوی ئایین کە تۆخمی بوونی تاکە، چەمکی کۆمەڵایەتی و ئایینیی ژنانە و پیاوانە و پەیوەندی لەگەڵ ناهاوڕەگەز وەک تەنیا پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتیی قبووڵکراو لە چوارچێوەی ئیسلامی دەبنە هۆی ئەوەی تاک لە جاڕنامەی ئیدانەبوونی هاوڕەگەزخوازی و پێکهاتەیی ئایینی هەستی سرووشتی خۆی بخاتە بەر قەزاوەت. دیارە ناونیتکەی لەگەڵ هاوڕەگەزخوازی لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکان کاریگەرییەکی قووڵی لە سەر ئەو موسڵمانانە داناوە کە خۆیان پێ گەیە.

دەتوانین زۆر بە ڕاحەتی ببینین کە چۆن باوەڕی ئایینی لە ڕەتکردنەوەی هاوڕەگەزخوازی دەتوانێ ببێتە هۆی ئەوەی کە هەندێ لە گەیە موسڵمانەکان هاوڕەگەزخوازدژییەکی بە دەروونیکراو لە خۆیاندا پێبگەیێنن. بۆ ئەو

ناهاوسانانەی کە دەبنە ئامانجی بێزاری هاوڕەگەزخوازدژان، هەوڵی دەروونی ناچارییان کە هەندێ جار تەنیا پاش ساڵانێک ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ هۆگرییە سێکسییە دیاریکراوەکان دەگۆڕێت، بەش بە حاڵی خۆی دەبێتە هۆی نکۆڵی لە ئایین و بێباوەڕبوون بە سزا ئایینییەکان.

کەسانی ناهاوسان هەمیشە بابەتی شرۆڤە مرۆییەکانن و ئەم شرۆڤانە لەوانەیە بە پێی کات، زەمەن و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی گۆڕانیان بەسەردا بێت. لەم پێناوەدا، زۆربەی وڵامدەران پشتیوانیی شرۆڤەی ئەخلاقتەوەرتری دەقە ئایینییەکانن کە ڕێز لە زۆرینەیی و جیاوازییەکانی نێوان خولقێنراوەکانی خودا دەگرن و لە هەمبەر شرۆڤە زاڵەکانی قورئان کە بیرمەندان بۆ ئیدانەکردنی هاوڕەگەزخوازی پەنای بۆ دەبەن، خۆڕاگری دەکەن. موسڵمانان پەنا دەبەنە بەر بەسەرهاتی لووت لە قورئان (وەکوو بەسەرهاتی لات لە ئینجیل) بۆ ئەوەی بڵێن ئیسلام ئەو پیاوانە ئیدانە دەکا وا هۆگری پیاوانن. گەی موسڵمانی زۆر شرۆڤەی جیاوازییان لێی هەیە: ئەم چیرۆکە توندوتیژی ئیدانە دەکا و نە کردەوەیەکی سێکسیی تایبەت.[1] لە هەوڵ بۆ ئاشتکردنەوەی ئیمان و هۆگری سێکسی خۆیان، ئەوان لە نێوان «ئاکاری هاوڕەگەزخوازانە» و «شووناسی هاوڕەگەزخوازانە» جیاوازی دادەنێن بۆ ئەوەی ئەم ڕاستییە پشتڕاست بکەنەوە کە بە پێی گەڵاڵەی خودایی نادیترڕەگەزخواز لە دایک بوون. کە واتە، هاوڕەگەزخوازی ئەوان دەربڕینی خواستی خوداییە و نە هەڵبژاردەیەکی تایبەتی پەتی هەوەس یان خواستێکی پلیت و چەپەڵ.

---

1. Muslim attitudes about LGBT are complex, far from universally ... www.usatoday.com/.../muslim-lgbt-gay-views/86046404

هــەروەها ڕێژەیــەکی کــەمی بیرمەنــدانی ئیســلامی، زیــاتر لــە ڕۆژئــاوا، پێداچوونەوەیەکیان بە وانە ئیسـلامییەکان لـە مـەڕ پەیوەنـدی سێکسـی دوو هاوڕەگەز دەست پێ کـردووە و بـەو ئەنجامـە گەیشـتوون کـە ئیدانـەکردنی تەنیای شرۆڤەیی زۆر هەڵەیە.[1]

| 28 ساڵان، دووڕەگەزخواز لە تاران |
| --- |
| «من هیچ کارێکی وا ناکەم کە کاریگەری لە سەر خودا دابنێم، نە نوێژ دەکـەم و نـە قورئان دەخوێنمەوە. ڕۆژوو ناگرم. سوێند بە خودا دەخۆم و سێکسی کۆمی دەکەم.» |

سەرەڕای ئەمانە، زۆر کەس هەڵبژاردەیان سنووردارە؛ لە سەر بڕواکانتـان وەفادار بن، خۆتان بن چوونکە ناتوانن بە دەمامک لێدان یان نکۆڵیکردن لە سەر هۆگری هاوڕەگەزخوازیتان بەردەوام بن.

کاتێـک کەسـێک لـە پشـتیوانیی بنەماڵـە و دەوروبەرییـەکانی بێبەشـە و ئایینیش سووکنایی‌بەخش نییە و کەسـەکە دەتـارێنێ، هـیچ سـەیر نییـە کـە کەسەکە باوەڕە ئایینییەکانی لە دەست دەدا و چاوەڕێی پشـتیوانیی سـەرچاوە سکۆلارەکانە.

لە بەرامبەردا، فاکتەری ئایین هەندێ جار تاکەکان بەرەو ئایدۆلۆژیایەکی کۆنسێرڤاتیڤانەتر هان دەدا. کەسانی ناهاوسان کـە هەمیشـە لـە کاردانـەوە و قەزاوەتی نەرێنی بنەماڵە دەترسن، تێدەکۆشن سازگاری بنـوێنن و ئەوەنـدەی

1. Islam and Homosexuality: What does the Koran say…
www.haaretz.com/middle-east-news/1.724908

دەکرێ لاسایی هەڵسووکەوت، گوتار و شێوازی جل‌وبەرگ لە بەرکردنی دیترەگەزخوازەکان بکەنەوە. ئەم مەحافزەکارییانە دەتوانێ پەیوەندی کورتخایەنی لێ بکەوێتەوە.

ڕۆحی ئیسلام هاودڵی، نەرمی‌نوێنی و تێگەیشتن نەبێ هیچی دیکە نییە و سەرەڕای ئەمەش ناهاوسانان هیچ چوارچێوەیەکی ئایینی ئەرێنیان بۆ پشتبەستن بە ئیسلام نییە. پەسەندکردن یان داکۆکی هاوڕەگەزخوازی هاوشێوەی هەژاندنی بنەماکانی ئایینی ئیسلام سەیر دەکرێت. سەرەڕای ئەمە، خواست بۆ ئایینێک کە گرووپە ناهاوسانەکان بە فەرمی بناسێ و قبووڵی بکا کە پێیان باشە سکۆلار بن، لەم برگە زەمەنییە نابینرێت. ئەمە وای کردووە کە زۆرێک لە کەسەکان ڕێگەیەکی نوێ بەرەو هێزێکی مەتافیزیایی و ئایدۆلۆژیای مەعنەوی بەدیل لە ژیانی خۆیاندا بگرنە بەر بۆ ئەوەی درێژە بە ئایینی زاڵ و دەسەڵاتداری ئیسلام بدەن. ئەم چەمکانە بریتین لە مرۆڤایەتی، باوەڕ بە کەرامەتی مرۆیی وەک ئایینی ڕاستەقینە یان هۆگری بۆ ئەو عیرفانە نوێیانە کە باوەڕیان بە مەلەوەری سێکسییە. ڕەنگە ئەم سەدە بتوانێ گێڕانەوەیەکی مێژوویی بێ لە ئاوێتەیی، نەرمی‌نوێنی و پێکەوە ژیان کە لە پشتیوانیی ڕووکەشی و هاشتاگی هاوپەیوەست سەرتر چوو بێ. وەک چیرۆکە دەستنیشانکراوەکانی خوارەوە پیشانی دەدەن سەفەر بەرەو قبووڵ کران سەفەرێکی دژوارە. لە ژێرەوە کۆمەڵێ لە دەنگە خەمبارەکانی جڤاکی ناهاوسانان لە کاری مەیدانیدا بەدی دەکەن:

لزباین، 31 ساڵان، لە مەشهەد

باشم لە بیرە کە لە تافی منداڵیدا لەگەڵ دایک و باوکم دەچووم بۆ

مزگەوت؛ بەڵام پاش ئـەم پـرس و کێشـانە، لـە قۆنـاغی یەکەمـدا حاڵـەتی بەرگریکارانەم بەرامبەر بە خودا هەبوو چوونکە بە ڕاستی لـە ژێـر گووشـاردا بـووم. خـودا دەیتـوانی منـیش هاوشـێوەی دیکـەی کەسـانی هاوڕەگـەزم بخولقێنێ، دەمتوانی ژیانێکی ئاساییم هەبوایە، هاوسەرگیری بکەم؛ منـداڵم بخستایەتەوە؛ دەمتوانی بە ئاسوودەیی بژیم. مـن هێشـتاش هـەمان هەسـتم هەیـە. ئـەو پرسـەی ئێمـە ڕووبـەڕووی بووینەتـەوە هەنـدێ جـار وا دەکـا باوەڕەکانمان پشتگوێ بخەین بەڵام ئەم کێشە بووە هۆی ئەوەی زۆرێـک لـە باوەڕەکانم لە دەست بدەم. پێم خۆشە ڕۆژێ بمرم و تـەنیا لـە خـودا بپرسـم بۆچی؟ کەسانێک هەن کە من لەگەڵیان لە پەیوەندیدام و هەندێکیش وەکـوو من هەر ئەم کێشەیان هەیە. من بە ڕاستی ماندوو بووم.

| گەی، تەمەن 23 ساڵان، لە ئیسفەهان |
|---|
| دیـارە ئێمـە تاوانبـارین، ئێمـە لـە وڵاتێکـی موسـڵماندا دەژیـن و بێگومـان ئێمـە موسڵمانین. ئێمە باوەڕمان بە خودا و ڕۆژی قەیامەتە بەڵام ئەم بـاوەڕە لاوازە. بـەڵام مـن ئیمان و بڕوام هەیە. من نکۆڵی لە خۆدا ناکەم. سەرەڕای ئەمە، پەیوەندیم هەیە، سـێکس دەکـەم و هەمیشـە هـەوڵم داوە ئـەم دوو ڕەهەنـدە لـە یـەکتر جیـا بکەمـەوە. بـۆ مـن، دیترەگەزخواز یان هاوڕەگەزخواز بوون هـیچ پەیوەندییـەکی بـە خـودا، ئـایین و ڕۆژی دواییەوە نییە. من ئەوان پێکەوە گرێ نادەم. من هەست ناکەم گوناحێکم کردبێت. باوەڕە ئایینییەکانم لاوازن؛ بەڵام من ئەم بابەتەم بە ئاسوودەیی قبوڵ کردووە و کێشەم نییە. |

## پەیوەندی هاوڕەگەزخوازان لەگەڵ یاسا

ناهاوسانان لە وڵاتی ئێران ئازاریان پێ دەگەیێنرێ و هێرش دەکرێتە سەریان. یاساکان لە دژی ئەوانن؛ ئەوان لە هەمبەر ئـازار، چەوسـانەوە و تونـدوتیژی

بنەماڵە و کۆمەڵگا خەسارهەڵگرن. پەیوەندی هەتا هەتایی و دانەبڕاوی نێوان ئایین و نۆرمە سێکسییەکان لە ئێران و سیستەمی یاسایی و کۆمەڵە یاسایەکی توند و تیژدا بوونی هەیە کە ئەو کەسانە سزا دەدا کە ئایین و نۆرمە سێکسییەکان ڕەچاو ناکەن. سزا یاساییەکان لە لایەن دەوڵەت، دەزگای داد و هەڵسووڕاوانی نادەوڵەتی وەکوو قوتابخانەکان، کۆمەڵگاکان و بنەماڵەکان دەسەپێنرێن. یاساکانی ئێران لە هەمبەر هەڵاواردن یان ئازار بە هۆی هۆگری سێکسی یان شووناسی ڕەگەزێتی هیچ پشتیوانییەک ئاراستە ناکەن. کەسانی ناهاوسان لەم مافە یاساییە بێبەشن کە ئەم هەلەیان بۆ بڕەخسێنێ کە خۆیان بن.

یاسای سزای ئێران وشەی نێرباز بە گەڕانەوە بە ناوی حەزرەتی لووت (لووت لە قورئان) و چیرۆکی نێربازەکان بە کار دەبات. پەیوەندیی ئەم بەسەرهاتە لەگەڵ هاوڕەگەزخوازی جێی مشتومڕە؛ بەڵام هەر ئەوەندە بەسە کە بەرپرسانی ئایینی لە وڵاتی ئێران بڕیاریان داوە وەها شرۆڤەیەک بگرنە بەر.

لە یاسای سزای ئێران کە لە بەشی یەکی کتێبەکانی پێشووی نووسەر بە تێر و تەسەلی باسی لێ کرا، بۆشاییەکی نکۆڵیهەڵنەگر لە نێوان پەسەندکراوە سزایی و ڕاستییە جێبەجێکارییەکاندا بوونی هەیە. توێژینەوەکانی ئەم دواییانە پیشانیان دا کە سزاکان بۆ پەیوەندی هاوڕەگەزخوازانە (بڕوانە بەشی 5)، منداڵبازی و لزباین بوون ئاوێتەیەکن لە سزای جەستەیی وەکوو قەمچی. لە ئەگەری دووبارە بوونەوەی ئاکارەکە و بوونی بەڵگە، کەسی هاوڕەگەزخواز بە مەرگ یان بەردبارانکردن سزا دەدرێت، ئەگەرچی

سالانێکە وەها حوکمێک دەرنەچووە و پێدەچێت دەزگای داد و پۆلیس هـەتا ئەو جێیە لە ڕێژەیەکی زۆردا کۆ نەبنـەوە و بـە شـاراوەیی بمێننـەوە، جڤـاکی ناهاوسانان قبووڵ دەکەن.

سەرنجی ئێران بۆ سەر یاساکان لە وڵاتی ئێرانی ئـەوڕۆیی هێشـتا بـاری قورسی سەر جڤاکی ناهاوسانانە. ئەگەرچی ئەم یاسایانە وەک پێشـێلکەری مافەکانی مرۆڤ لێیان دەڕوانرێ، ڕێکەوت و پێشینەی جێبەجێ کردنیان لـە کۆمەڵگای ئێرانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 2005. کاردانـەوەی دیمانـە لەگـەڵ کراوان پیشان دەدەن کە ئەوان هەڵوەشانەوەی وەهـا سـزاگەلێک بـە گونجـاو نازانن.

کاتێک سەبارەت بە زانیاری یاسایی ئەوان پرسیار لە کەمینە سێکسییەکان کرا، زۆریان سەبارەت بە وردەکارییەکانی جێبەجێکردنی یاساکان سـەریان لێ شێواو بوو، ئەگەرچی هەندێ لـە بەشـداربووان کـەڵکیان لـە وشـەگەلی وەک سێدارە یان بەردباران یان قەمچی وەرگرت. وەک بینـرا لـە کاتێکـدا کـە زۆرێک لە کەمینە سێکسییە بەشداربووەکان بە خەستی هەستیان دەکرد کـە لە ژێر کۆنترۆڵدان، حاڵەتێک لە کەمتەرخەمیش بەدی دەکرا؛ چوونکـە لـەم ماوەی دواییدا هیچ حاڵەتێکی سێدارە یان بەردباران لە ئارادا نەبووە و زۆریان ئەگەری وەها سزاگەلێکیان زۆر بـە کـەم دەزانـی. دەورە دران لـە بازنەیـەکی پارێزراو وای کردووە زۆریان لە دۆخێکی بەرگرییانەدا بژین و ئەمە بـە هەڵـە دەبێتە هۆی ئەوەی زۆرێک وا بزانن لە پانتـای تایبـەتی خۆیـان پـارێزراون و دەتوانن بە شێوەی نهێنییانە پەیوەندی سێکسـی خۆیـان بپـارێزن. سـەرەڕای ئەوەی کە لە سەر ئاستی تاکایـەتی لـە مـەڕ یاسـاکان نیگـەرانی زۆر هەیـە،

زۆریان خۆیان خزاندووەتە ناو گرووپی بچـووکی کۆمەڵایەتییـەوە کـە تـەنیا پێداگری لە سەر شاراوە بوون و بوونە ئەندامی نـەبینراوی کۆمـەڵگا دەکـەن. ڕەنگە بەرپرسانی ئێرانی زۆر جار چاوپۆشی لـە ڕووداوە کۆمەڵایەتییـەکانی گەیەکان دەکەن؛ بەڵام تەنانەت هەر ئەم سنووری ڕێککـەوتنی سـازگاری و نەرمی نوێنییەش دەتوانێ مەترسیدار بێت.

| لزباین، 27 ساڵە، لە تاران |
|---|
| ئێستا گرووپەکانم (گرووپی ناهاوسانان لە تیلیگرام) دەسڕمەوە و بۆ بـەیانی دیسـان لە گرووپەکاندا دەگەڕم بۆ ئەوەی شـتێکی باشـتر بدۆزمـەوە، گرووپـەکانم دەسـڕمەوە، تەلەفوونەکـەم دەکووژێنمـەوە. پێمـوا هـەتا هەنووکـە 20 دانـە سـیم کـارتم کڕیـوە و هەموویانم سووتاندووە. بە خۆم دەڵێم وازی لـێ بێنـە؛ چیتـر ئـەم کـارە مەکـە. قورئـان دەکەمەوە؛ بۆ بەیانی دیسان بە شوێن گرووپەکانمدا دەگەڕم. دیسان بە شـوێن یـەکێکی باشدا دەگەڕم. پێموا هەتا ئێستا دە باتری مووبایلم گۆڕیوە. من هەر لە سـەرەتای ڕۆژەوە هەتا شەو سەرم لـە نـاو موبایلدایـە. دایکـم دەڵـێ ئەگـەر لای خـودا بپاڕێتـەوە ڕەنگـە بگەڕێتەوە. ڕەنگە کارێک دەست بخەی، بچیتە سەر کار. |

ئەو هێزە ناخۆشانەی کە کۆنترۆڵ، دەسەڵات و چاودێری بە سەر هۆگری سێکسـی کەسـەکاندا دەسـەپێنن ـ ئەگـەرچی لەوانەیـە هاوشـێوەی یاسـا و پۆلیس هێزی دەرەکی و زۆرەملی بن ـ زۆر جار دەبنە هێزێکـی بێدارکـەرەوە کە کەسەکە خۆی لە ناخیدا دروستی دەکـات. ئێسـتا کەسـەکە لـە گێـژاوی خۆسەنسـۆڕیی و بێزاریدایـە. سـەیر ئەوەیـە سـەرەڕای ئـەوەی ترسـی قۆڵبەستکران لە لایەن پۆلیس و سزای سێدارە لە ئارادایە، ئەم ترسە بـە هـۆی

نیگەرانیان لە بێئابڕوویی بنەماڵە یـان ئاشـکرابوونی شووناسـی ڕەگەزییانـە ساڵەهای ساڵ بە وردییەوە شاردرابووەوە.

بە ئاوڕدانەوە لە پرسەکانی سـەرەوە، دەتـوانین وێنەیـەکی ڕوونترمـان لـە کاریگەری یاسا لە سەر ژیانی تاک لە بەر دەست بێت. کۆمـەڵێ بەڵگـە لـە ئارادان لە سەر ئەوەی کـە داپـەڕەکانی پـۆلیس تـەنیا لـە دژی کۆبوونـەوەی کەمینە سێکسییەکان لە شوێنە گشتییەکانی وەکوو پارک و کافەکانی ناوەندی شارە، ئـەو شـوێنانەی کـە سـەرنجی پـۆلیس بـەرەو لای ئـاپۆرەی گـەورەتر ڕادەکێشێت. ئەم پارکانـە پـاتۆقی ناسـراوی کۆمـەڵگای ناهاوسـانەکانە. لـە درێــژەی لێدوانەکانــدا، بەشــداربووان ئاماژەیــان بــەوە دەکــرد کــە ئاســتی پەیوەندییان بۆ دیدار و چاو پێکەوتن لە شـوێنە ناسـراوەکانی وەکـوو پارکـە تایبەتەکانی کەلانشارەکانی وەکوو تاران، مەشهەد و ئێسفەهان کەم بووەتەوە.

ئەم چەشنە وڵامە ئەمنییانە شێوازێکی کلاسیکە بـۆ سـازدانی پانتایـەکی هاوسەنگ و ڕادیکاڵی نەریتخواز و کۆنترڵی کۆمەڵگا مرۆییەکان لە قۆناغە جیاوازەکاندا بە هۆکاری وەکوو هۆگریی کۆمەڵایەتی یان چاودێری بـە سـەر پەیوەندییەکان. ئەم وڵامە، وڵامێکە بۆ ئاڵۆزی و تێهەڵکێشراویی نوێ و کـۆن لە ڕێگەی تاوتوێکردنی هەڕەشەکان. بـەڵام ئامـانجی سـەرەکی گـرتن یـان سزادان نییە، بەڵکوو بڵاوە پێکردنی کۆبوونەوە گەورەکان لە شـوێنە گشـتییە ناسراوەکان بە هۆکاری ئاسایشییە.

سەرباری هەموو ئەو جینایەتانەی کە لە دژی گەیـەکان لـە وڵاتـی ئێـران ئەنجام دەدرێ، شیکارییەکی قووڵتر لەم کاردانەوەیەکدا پیشـان دەدا کـە لـە ڕاستیدا وشیاریی گشتی دیترەگەزخوازان لە هاوڕەگەزخوازی لـە ئاسـتێکی

نزمدایـە. گرینـگ نییـە چ لۆژیکێـک بخرێتـە ڕوو. ڕاسـتی بـوونی کەمینـە سێکسییەکان نە دەتوانرێ نکۆڵی لێ بکرێ و نە دەتوانرێ پشتگوێ بخرێت. سەرەڕای ئەمە ئەوەی لێرەدا گرینگە ئەوەیە کە لە ناو بردنی ڕەواڵـەتی کەمینـە سێکسییەکان بە واتای حەشاردان یان داپۆشاندنی بوونی ئەوان نییە. لەوانەیە ستراتیژ خۆ بواردن لە پڕڕەنگ‌کردنی بوونی ئـەوان و وەدەسـتهێنانی پێگـەی یاسایی و سەرنجی ڕاگەیاندنە نێودەوڵەتییەکان بێـت. سیسـتەمی ئەمنییـەتی باڵادەست لە سەر ڕاکێشانی سەرنج بۆ سەر ئەم گرووپە کـە هـەموو نۆرمـە قبـووڵکراوە کـردەوە سێکسـییەکانی وەلا نـاوە، سـوور نییـە. وەک سـەرۆک کۆماری پێشووی ئێران، مەحموود ئەحمـەدی نـەژاد، جارێکیـان لە وڵاتـی ئەمریکا و لە زانکۆی کۆلۆمبیا لە ساڵی ٢٠٠٧وتـی: «لـە ئێـران هاوشـێوەی وڵاتی ئێوە هاوڕەگەزخوازمان نییە.»[1] ئەم بۆچوونە سەرسووڕهێنەرە ڕەنگە لە سەداسەد هەڵە نەبێت. لەو ڕووەوەی کە هاوڕەگەزخوازی نایاسـاییە و سـزای بە دواوەیە، وێنای ئەوەی کە کەسێک سەربەسـتانە وەک گەیـەک لـە وڵاتـی ئێراندا بژییێت، ئەستەمە. وتەی ئەحمەدی نەژاد ڕاشکاوانە هەڵە بوو. چوونکە زۆر گەی ئێرانی لە شاراوەدا دەژین. خاڵ تەنیا ئەوەیە کە دەوڵەت هەتا ئێسـتا بڕیاری بە هەند نەگرتنیانی گرتۆتە بەر.[2]

بڵاوە پێ‌کردنی گرووپە هاوڕەگەزخوازەکان و ڕێگری لە کۆبوونەوەیان لە شوێنە گشتییەکان لە بۆنەگەلی وەکوو ئاهـەنگی لـە دایـک بـوون، سـەیران،

1. A Rare Glimpse Into Iran’s Underground Gay Community. www.towleroad.com/2114/12/when-thenpresidentmahmoud..
2. We don't have any gays in Iran,' Iranian president tells Ivy. www.dailymail.co.uk/news/article-483746/We-dontgays.

ساڵیادی بۆ وێنە دامەرزاندنی کەناڵی تیلگرامی و هتد پیشان دەدا کە کۆمەڵگای ئێرانی بۆ شاردنەوەی کەمینە سێکسییەکان هەتا کوێ دەڕوات. ئەم داپەڕانە بۆ ئارامکردنەوەی زۆرینەیەک ئەنجام دەدرێ کە لە هاوڕەگەزخوازی دەترسێ و لێی بێزارە.

تیمی لێکۆڵینەوەکەمان شایەتحاڵی حەڕەشەی هەمیشەیی پۆلیسی ئاسایش بوو. پۆلیس و هێزەکانی گەشتی ئیرشاد چەندین جار کاری مەیدانیان وەستاندووە و بوونەتە هۆی ئەوەی بەشداربووان خێرا بڵاوەی پێ بکەن بۆ ئەوەی نەناسرێنەوە. شایەنی ئاماژە پێدانە کە شێوازەکان لە شارەکانی تاران، مەشهەد و ئێسفەهان جیاواز بوون و تەنانەت ئەم جیاوازییانە لە گەڕەکە جۆراوجۆرەکانی شارێکیشدا بوونی هەبوو. بەدەر لە کێشەی دابینکردنی ئاسایشی بەشدار بووان کە حەزیان لە دیمانە بوو، ئەم شێوازە پۆلیسییەی هێرش و ڕاکردن وای کرد کاری دیمانە بە دەستێوەردانی پۆلیس دژوار بێت.

| لە کاتی دیمانە، پیاوێکی گەی لە مەشهەد هەستی خۆی بەم شێوە دەربڕی: |
|---|
| «کۆبوونەوەی کەمینە سێکسییەکان بە گوێرەی دارشتە و جۆریان خەسارهەڵگری ئێستایی دەورووژێنن. کۆبوونەوە بۆ ئاهەنگی لە دایکبوون یا ساڵیاد لە ئەگەری بوونی کەسانی ترەنس یان کەسانێک کە ئارایشتیان کردووە یان جلوبەرگێکی نائاساییان لە بەرە، کاردانەوەی جیاوازی پۆلیسی لێ دەکەوێتەوە. بەتایبەت لە شاری مەشهەد و تاران بیستوومە ڕووداوی باش بۆ هاوڕەگەزخوازەکان ڕووی داوە، وەکوو میوانی یان شتی تر بەڵام مەشهەد و هەر دوو شارەکان شوێنی مەزارگەی کەسایەتییە گرینگە ئایینییەکانن و |

هەر بەو هۆیەش تۆقێنەرن. بەڵام نازانم بۆچی.»

وەک پێشبینی دەکرێ، دەرکەوت کە هەستی متمانە لە کەمینە سێکسییەکان بە هۆی ئەزموونی جەرگبڕی گرتن لە لایەن پۆلیس و هێرش کردنە سەر میوانی یان شوێنە گشتییەکان لە ناو چووە. بۆ دڵنیا کردنەوەی دیمانە لەگەڵکراوان لە گفتوگۆی چاو بە چاودا پێویست بوو تیمی لێکۆڵینەوەی مەیدانی زەمەن و وزەیەکی زیاتر تەرخان بکات. لە درێژەی لێکۆڵینەوەدا، زۆرێک لە کەسەکان ژوانی خۆیانیان لە دواهەمین ساتەوەخت تەنانەت پاش هەوڵێکی زۆر بۆ جێبەجێ‌کردنی دیدار و چاو پێکەوتن هەڵوەشاندەوە؛ چوونکە متمانەیان نەبوو و لە ناسینەوە دەترسان. بە شێوەی تایبەت، ئەندامانی تیمی کاری مەیدانی لە ئیسفەهان چەندین جار لە ساتەوەختە دواییەکاندا ڕووبەڕووی هەڵوەشاندنەوە دەبوونەوە. کەواتە توێژەران لە هەڵبژاردنی نموونەی گەورەتری هاوڕەگەزخوازان هەوڵێکی زۆرتریان دا.

شرۆڤەی دیمانەکان ئەوەی دەرخست کە پەرۆشی و نیگەرانی کەمینە سێکسییەکان تەنیا بۆ هێزە ئاسایشییەکانی پۆلیس سنووردار نەبۆتەوە و درکاندنی شاراوەی هۆگری سێکسی ئەوان لای بنەماڵە، دۆستان و خزم و کەسیش بۆ ئەوان جۆرێک نیگەرانییە.

### 9ـ1 لێخۆشبوونی سەربازی، چانس یان ڕێگەی بەرگری؟

وەک پێشتریش وترا، ڕاشکاوانە گەی بوون دۆخی ژیانی تاک بە خەستی دەخاتە سەغڵەتەوە. هەر ئاواش بیچمی ڕەواڵەتی ئافرەتانە دەردەسەر

دروست دەکـا چ بگـات بە ئـەوەی شووناسـی ڕەگـەزی خـۆی بـدرکێنێت. درکاندنی شووناسی ڕەگەزی وەک پیاوێکی گەی لە وڵاتـی ئێـران کۆمـەڵێ ئاسـەواری بـە دواوەیـە؛ چوونکـە هاوڕەگـەزخوازی چ لـە سـەر ئاسـتی کۆمەڵایەتی و چ لە سەر ئاستی یاسایی لە گەورەترین تابۆکانـە. بـەڵام، ئـەم تابۆیە خۆی لە بیچمی پارادۆکسێک سەبارەت بە پرسی خزمەتی سەربازیدا پیشان دەدا.

کاتێک پیاوێک دەگاتـە تەمـەنی یاسـایی (18 سـاڵ)، دەبـێ بچـێ بـۆ سەربازی ناچاریی دوو ساڵە. هەموو پیـاوانی تەندروسـت و بـەتوانا کـە لـە قوتابخانەی ئامادەیی دەردەچن یان واز لە خوێندن دێـنن، ئەگـەر بـۆ زانکـۆ دەرنەچن دەبێ بچن بۆ سەربازی. بە کۆتایی هاتنی ئەم خووله دوو ساڵانەیە کارتێک دەردەکرێت. ئەم کـارە بـە شـێوەی پـەنگراو دەتـوانێ ژیـان سـاناتر بکاتەوە. بە بێ ئەم کارتە، پیاوی ئێرانی ناتوانێ بـە شـێوەی فـەرمی کـڕین و فرۆشتن بکا، لە چالاکیی فەرمی کەرتی گشتیی بەشـداری بکـا، لـە لایـەن دەوڵەتەوە دابمەزرێ یان پاسـپۆرت وەربگرێـت. هەنـدێ لـە کۆمپانیاکـانی کەرتی تایبەت ئامادە نین ئەو کەسانە دابمەزرێنن کە سەربازییان نەکردووە.[1]

بە گوێرەی هەڵکەوتـەی جوگرافیـایی، دۆخـی هـاوژینی یـان خوێنـدن هەندێ جار ژێر تەمەنی 18 ساڵانە. خزمەتی زۆرەملێی سەربازی هەنـدێ جار بە هۆی دوور و درێژ بوونی، ئەوەی کە تاکەکان دەبـێ تـەنیا سـەربازی

1. Gay Men in Iran's Military Can Seek Exemption. Al-Monitor www.al-monitor.com/pulse/originals/2013/08/

بکەن و هەموو دۆخە سنوردارکەرەوەکەی، دڵخواز نییە. هەندێ کەس تێدەکۆشن بۆ خۆ بوواردن لە سەربازی ڕێ دەرەتانێک بدۆزنەوە. بنەماڵە خوداپێداو و دەوڵەمەندترەکان بۆ دەور لێدانی سەربازی هەموو دەرگایەک دەکوتن چ لە ڕێگەی بەرتیل بێ چ لە ڕێگەی ناردنی بە قاچاغی کەسەکە بۆ دەرەوەی وڵات یان نەخۆش‌نوێنی و ڕێگەی دیکە بۆ خۆدزینەوە لە سەربازی.[1] لێخۆشبوون لە سەربازی ئەو یاسا و ڕێسا تایبەتانە دەگرێتەوە کە هەندێ جار هەموار دەکرێنەوە. کەواتە بە گۆڕانی یەک یان دوو وشە لە یاسایەک دەتوانرێ ژیانی کۆمەڵێکی زۆری خەڵک بگۆڕدرێت. سەربازیکردن بابەتێکی ئاڵۆزی شیکاری کەمینە سێکسییەکان لە سوپایە. ژینگەی داخراوی سەربازخانە و دوو ساڵ خزمەتی ناچاریی سەربازی دەتوانێ هۆگری هاوڕەگەزخوازانە ببزوێنێت.

پرۆسەی وەرگرتنی لێخۆشبوون کاتگرە و پێویستی بە ئامادەکردنی بەڵگەی پەیوەست بە ترەنسێتی یان هاوڕەگەزخوازبوونە. کەسەکە بەر لە دەستپێکی ئەم ئەزموونە دووساڵانە دەبێ پشکنینی پزیشکی و هەڵسەنگاندنی دەروونی ئەنجام بدات. هەندێ جار کەسی هاوڕەگەزخواز سەبارەت بە دەور یان دۆخی ڕەگەزی خۆی درۆ دەکا و وا خۆی پیشان دەدا کە هاوبەشی سێکسی مێینەیە یان ئارایشت و پۆشاکێکی تایبەتی هەیە بۆ ئەوەی لە دادگا بڕاوە بێ و لێخۆشبوونی بۆ دەربکرێت. لە وەها حاڵەتگەلێکدا، هاوڕەگەزخوازی هۆگرییەکی سێکسی بایۆلۆژیک نییە،

1. Gay Men in Iran's Military Can Seek Exemption. Al-Monitor www.al-monitor.com/pulse/originals/2013/08/

بەڵکوو ڕەواڵەتبازی دەرەکی شتێکە کە وەک ڕەواڵەتی ژنانە سەیر دەکرێت. بەدەر لە ئارایشت، جل و بەرگ و ڕەواڵەت، ئەندازەی کەسێک هێمایەکی ڕوونی دیاریکەرەوەیە: کەسانی هاوڕەگەزخواز بە لەشی پیاوانەی درشتەوە کەمتر چانسی بردنەوەیان لە دادگادا هەیە.

ئەگەر کارناسان یان پزیشکان کۆمەڵێ بەڵگەی پەیوەست بە «هاوڕەگەزخوازبوون» بەدی بکەن، سەربازی داهاتوو بۆ بەراوردی زیاتر دەنێرنەوە. ئەگەر لێکدانەوەی فیزیۆلۆجی هاوڕەگەزخوازبوونی تاک پشتڕاست بکاتەوە، لێخۆشبوونی فەرمی هەمیشەیی بۆ کەسەکە دەردەکرێت. زۆر جار و نە هەمیشە تاقیکردنەوەیەکی کۆمی تەواو پرێیسترێس و تەواو سووککەرانە پاش هەڵسەنگاندنی دەروونی ئەنجام دەدرێ. ئەگەر بینینی پزیشک بەڵگەی پەیوەندیدار بە ڕوودانی دخوولی نێوان دوو هاوڕەگەز پیشان بدا، ئەم بابەتە بە شێوەی فەرمی دەنووسرێ و دەنێردرێ بۆ سوپا. لە هەندێ حاڵەتدا، پشکینی وردتریش ئەنجام دەدەن بۆ ئەوەی بڕیاردەران لە دۆخی داواکار دڵنیا بن و ئەم متمانە دەست بخەن کە ئیدعای هاوڕەگەزخوازی ڕاستە و بۆ ڕاکردن لە خزمەتی سەربازی نەبووە.[1]

بەشداربووان سەبارەت بە سووکایەتی و پەستی بێبەزەییانە ئاماژەیان بە ئەزموونگەلێک کرد کە وەک باجی وەرگرتنی کارتی لێخۆشبوون تاقییان کردبووەوە. ئەوان باسیان لە بەشداریکردن لە خولی ناچاریی بیست کەسی یان زیاتر دەکرد. لە ڕاستیدا خوولە ناچارییەکان پلەتفۆڕمێکن بۆ دەربڕینی

1. Gay Men in Iran's Military Can Seek Exemption. Al-Monitor www.al-monitor.com/pulse/originals/2013/08/

ئایدۆلۆژیای دژە هاوڕەگەزخوای لە ڕێگـەی سـووکایەتی پێکـردن و شـەرم. ڕاوێژکار هەوڵ دەدا ڕازییان بکا کە هۆگری سێکسییان بگـۆڕن و بگەڕێنـەوە سەر دیترڕەگەزخوازی. پێیان دەوترێ کە هۆگرییان بۆ هاوڕەگەز نەخۆشـییە. بەشـــداربووان ســـووکایەتی، تۆمـــەت و ســـەرکوتی ئایـــدیا و قســـە جۆراوجۆرەکانیـــان وەک ئـــەزموونێکی دووپاتـــە لـــەم خوولانـــەدا وەبیـــر دەهێنایەوە. بە گوێرەی کاردانەوەی بەشـداربووان، بـەدەر لـە بەشـداری لـە خولی دەروونناسی، ئەم کەسانە پشکنینی دیکەشیان ئـەنجام داوە و زۆریـان دەبوایە بەر لە وەرگرتنی کارتی لێخۆشبوون، پشکنینی هۆرمۆنیشیان ئـەنجام بدابوایە.

وەرگرتنـــی لێخۆشـــبوونی ســـەربازیی بـــۆ پیـــاوانی هاوڕەگـــەزخواز و دیترڕەگەزخواز زۆر جیاوازە. بۆ دیترڕەگەزخوازان، لێخۆشبوون واتە پاراستنی دوو ساڵی گەنجێتی، هاوسەرگیری و شانسی خوێندن و دۆزینـەوەی هـەلی کار. بەڵام، بۆ هاوڕەگەزخوازان ئەگـەرچی بـۆ سـاتەوەختێک بـە ئـۆقرەیی و ئاسایش دەگەن، خێرا دەبێتە نیگەرانییەک کە بە هۆی ژیان لە نـاو کەسـانێکە کە لەوانەیـە هێـرش بکەنـە سـەریان. لـە دوای ئـەم ئاسـوودەیی و ئۆقرەییـە کەمخایەنە، هەلی کار دێتە ئاراوە کە بابەتێکی گرینگە. یەکێک لەو ئاسـەوارە هەست پێکراوانەی کە کەسانی خولیای هەلی کاری خاوەن کارت هەسـتی پێ دەکەن، ئەوەیە کە لێخۆشبوونیان ئێستا بۆتە ئاستەنگی بەردەم دۆزینەوەی هەلی کار. ئەم کارتە دەبێتە هۆی ئەوەی کەسەکە لە بازاڕدا کڕیاری نەبێت.

نەخۆشی دەروونی یان کێشەی کەسـایەتی هۆکارگـەلێکن کـە لـە سـەر کـــارت دەنووســـرێن. کێشـــەی کەســـایەتی دەســـتبەجێ وەک دێـــڕی

نەرمی‌نوێنتری هاوڕەگەزخواز سەیر دەکرێت. هەندێ جار کـارت ژمـارەی ئەو یاسایەش کە بە هۆی ئەوەوە لێخۆشبوونی بۆ دەرکراوە، پیشان دەدات. کە واتە لێکدانەوەی هۆکاری لێخۆشبوون زۆر ئاسانە. بـەو پێیـەی زۆرێـک لـە خاوەن کارەکان بە دامەزراندنی پیاوانی هاوڕەگەزخواز هەست بە ئاسوودەیی ناکـەن، وەدەسـت هێنـانی ئـیش بـۆ گەیـە لێخۆشـبووەکان زۆر چەتوونـە. دۆزینەوەی هەلی کار لە کەرتی دەوڵەتی یان هەر کۆمپانیـا و ڕێکخراوێکـی دەوڵەتیدا بۆ پیاوانی گەی ئەستەمە. ئەم بابەتە ئاسەواری ئابووریی ڕوونی بـە دواەویە. ناو و نیتکە و هەڵاواردن بە هۆی هۆگری سێکسی کە لـە بنەڕەتـەوە لە سەر کارت تۆمار دەکرێ، دەتوانێ ببێتە هۆی داهاتی کەم و هەلی کـاری سنووردارتر بۆ کەسانی ناهاوسان.

لەوانەیە بەرپرسانی ئێرانـی وایـان پـێ بـاش بـێ کـە بـۆ پـەرە سـەندنی هاوڕەگەزخوازی لە ئێران بێدەنگی هەڵبژێرن؛ بەڵام دەتوانین بڵێین کە کـاتێ نۆرەی سەربازی دێت، هەموو شتێک ئاشکرا دەبێت.

### 10_1ـ خزمەتگوزارییە ڕاوێژکارییەکان و یارمەتییەکانی دیکە

وەک لە بەشەکانی ڕابردوودا بە چڕ و پڕی شرۆڤە کرا، سەردانی پزیشـک یان دەروونناس بە کۆمەڵێ نیـاز و ئامـانج ئـەنجام دەدرێـت. جیاوازییـەکی گەورە لەوەدایە کـە کاتێـک کەسـێک سـەردانی پزیشـک دەکـا، هـەوڵەدای چارەسەر و دامرکاندنی دەرکەوتەی فیزیایی نائاساییە و هیواداره کاریگەرییـە پزیشکییەکان لە پێدانی دەرمانەوە بگرە تـا دەگاتـە نەشـتەرگەری هاوکـاری بکەن. کاتێک کەسـێک سـەردانی دەروونپزیشـکێک دەکـا، ئـەوە زیـانێکی

دەروونی لە ئارادایە. کاتێ ناهاوسانێک سەردانی دەروونپزیشک دەکا بۆ ئەوەی بابەتی پەیوەست بە هۆگری سێکسی خۆی بخاتە ڕوو، ئەوە خولیای چارەسەر یان گۆڕان نییە بەڵکوو تێدەکۆشێ بەرەنگاری هۆگری سێکسی خۆی ببێتەوە و هەڵوەدای جۆرێک ئاشتییە.

وەک ئەنجامی «هۆکارەکانی» هاوڕەگەزخوازی ڕەنگدانەوەی ترسەکانی کۆمەڵگان، چارەسەر پیشاندەری سزای شیاوە بۆ هەڵە گریمانەییەکانی ئەوان. کەسانی ناهاوسان ئازار دەچێژن؛ چوونکە فێر بوون کە لە پێشدا زیاتر بە هۆی کۆمەڵگا و پاشان کۆمەڵگای زانستی بناڵێنن کە هاوڕەگەزخوازی وەک نەخۆشییەکی دەروونی لە قەڵەم دەدا. لە ژێر چەتری هەموو ئەم هەوڵانەی دەروونتوێژان و دەروونپزیشکان بۆ گۆڕینی ڕەگەز، باوەڕێکی فەلسەفی بنەڕەتی بوونی هەیە؛ هەڵسووکەوت و هۆگری سێکسی مرۆیی بە شێوەی پەنگراو نەرمینوێنە.

زۆر دەروونپزیشک بە ڕێگە چارەی «نەرێنی» وڵامی ئەم پرسیارەیان داوەتەوە. بۆ وێنە، دەروونناسێک پەیوەندیی لەگەڵ کەسێک لە ڕەگەزی بەرامبەر بە ئامانجی گۆڕینی هۆگری سێکسی کەسەکە پێشنیار دەدات. ئەم ڕێگە چارانە لە کۆتاییدا دەبنە هۆی ئەوەی کە بەشداربووان بچنە ناو پەیوەندی ئاڵۆزترەوە کە وروژانی سێکسی و خەفەتی لێ دەکەوێتەوە و دەبێتە هۆی هەستی لە دەست چوونی شووناس.[1]

سەرەڕای هاودەنگی گشتی لە سەر ئەم بابەتە کە هاوڕەگەزخوازی

---

1. History of Treatment/The Medical Treatment of Homosexuality. edited by Cabaj & Stein, American Psychiatric Association, 1996.

نەخۆشییەکی دەروونی نییە، دەروونپزیشکانێکی «پرۆفیشناڵ» لە وڵاتی ئێراندا هەن کە هاوڕەگەزخوازی بە نەخۆشی لە قەڵەم دەدەن و تێدەکۆشن کەسەکە بخەنە ناو چوارچێوەیەکی پێناسە کراوی دەورە ڕەگەزییەکان. بێ ئەنجامی و کەمایەسی ئەم چەشنە ڕاوێژکارییە بۆ نەخۆشەکان وای کردووە کە دەروونپزیشکان لە قۆناغی پەیتا پەیتای یەک لە دوای یەکی بەشداربووانی ناهاوسان پێکەوە بناسێنن. ئەگەرچی ئەم شێوازە لەوانەیە ئەنجامی ئەگەری کورتخایەن و ئەرێنی هەبێت، کاریگەری نەرێنی حاشاهەڵنەگریشی لێ دەکەوێتەوە. هەر کام لەم دەروونپزیشکانە بە شێوەی جۆراوجۆر و بە جیا کاردانەوەیان بەرامبەر بەم کەسانە و بنەماڵەکانیان هەیە. ئەم ئاراستانە بێگومان دەبنە هۆی ئەوەی کەسی ناهاوسان کۆبوونەوەی ڕاوێژکاری بە جێ بێڵێ؛ چوونکە پێدەچێت ئەم دیدارانە بێ سوود بن و لە باشتربوونی بارودۆخ و هەستی ئەو هیچ دەورێکیان نەبێت. ئەنجامە ئەندازە گیراوەکان کە لە ناو ناهاوسانانی مەشهەد و ئێسفەهان ئەنجام درا، پیشانی دا کە ناهاوسانان چ هەستێکیان بەرامبەر بە چارەسەری دەروونپزیشکی هەیە.

کەمینە سێکسییەکان متمانەیان بە ڕۆڵی ڕاوێژکاران و دەروونپزیشکان نییە و بە نەرێنی لێیان دەڕوانن. وریایی و مەحافزەکاری بەردەوام کە هەمیشە لە ژیانی ناهاوساناندا هەیە تەنانەت لە لای یارمەتیدەرێکی کۆمەڵایەتی یان دەروونتوێژێکیش بەردەوامە. بێ متمانەیی ڕێگە بە کەسەکە نادا کە قەڵغانەکەی فڕێ بدا و گیر و گرفتەکانی بخاتە ڕوو. ئەو ناتوانێ داوای پشتیوانی یان ڕاوێژکاری و پێشنیارێکی بەسوود بکات.

بابەتی گرینگی دیکە دووانەی ڕەگەزێتی لەم دیدار و چاو پێکەوتنانەیە.

ئەم توێژینەوە پیشانی دا کە لە ناو بەشداربووانی پیاو، داوای هاوکارییەکی شارەزایانە پیشاندەری لاوازیی بوو. پیاوان هۆگرییەکی کەمتر بۆ دەربڕینی «لاوازی» پیشان دەدن. لە لایەکی تریشەوە، بەشداربووانی ئافرەت بۆ هاریکاری و وەرگرتنی ڕاوێژکاری تامەزرۆترن. بە ئاوڕدانەوە لەوەی کە دەروونناسی لە کەلتووری گشتیدا پرسێکی نوێیە، سەردانی دەروونپزیشک هێشتا شوورەییە. نەخۆش پێی باشە لە کاتی چوونە ناو نووسینگەی ڕاوێژکار نەبینرێ؛ چوونکە نایهەوێ وەک کەسێک لێی بڕوانرێت کە لە چارەسەری کێشەکانیدا لاوازە.

کەمێک ڕوونکردنەوە سەبارەت بە ژینگەی دەروونی و کەلتووریی سەردانی ڕاوێژکار لە وڵاتی ئێران دەتوانێ لێرەدا بەسوود بێت. لە ماوەی دەیەکانی ڕابردوودا، دەروونناسی لای هەمووان ناسراوە؛ چوونکە ئێستا ناوەندی شیاوی دەستپێڕاگەیشتن وەک شوێنی سەردان بوونیان هەیە کە کەسەکە لە ئەگەریی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ گیر و گرفتی تایبەتی یان بنەماڵەیی، دەروونی و سۆزداریی سەردانیان دەکات.

لە ئێستادا لە ئێران دوو سەرچاوەی دەرکردنی مۆڵەت لە بواری دەروونناسی وەک پیشەیەکی زانستی هەیە: 1( سیستەمی پزیشکی کۆماری ئیسلامی و 2) ڕێکخراوەی چاکژیانەوەی ئێران. بە ڕەچاوکردنی ئەم دوو بوارەی ڕاوێژکاری وەک پیشەیەک، تێگەیشتین کە دوو جۆری جیاواز لە کارناسان لەم بوارەدا بوونیان هەیە: ئەو دەروونناس و ڕاوێژکارانەی کە ئیش بۆ دەوڵەت دەکەن و ئەوانەی نۆرینگەی تایبەتیان هەیە. دەروونناسانی تاقمی یەکەم زانست و زانیارییەکی کەمیان سەبارەت بە پرسەکانی پەیوەندیدار بە

هـۆگری سێکسـی لـە کۆبوونـەوەی کـاریی خۆیـان هەیـە و لـە کۆتاییـدا دەسەڵات و کـۆنترۆڵێکی ئـەوتۆیان لـە سـەر جێبـەجێکردنی ئایـدیاکانی خۆیان نییە.

هەندێ کەس کە پارەی تێچووی ڕاوێژکاری تایبەتیان نییە، دەروونناسانی دەوڵەتی هەڵدەبژێرن. ئـەم کەسـانە وەک نـەخۆش بـە دەروونناسـانێک لـە ڕێکخراوی چاکژیانەوە دەناسێنرێن بۆ ئـەوەی لـە کۆبوونـەوەی ڕاوێژکـاری بێبەرامبەر سوودمەند بـن. لـەم کۆبوونەوانـەدا، کارناسـان سـتراتیژ و ڕێگـە چارەی سنوورداریان بۆ چارسەری «نەخۆشانی هاوڕەگەزخواز» هەیـە. ئـەم دەروونناسانە زۆربەیان فەرمانبەری دەوڵـەتن. کاتێـک هاوڕەگـەزخوازی لـە یاساکانی ئێرانـدا هـیچ شـوێنێکی بـۆ نییـە، ڕاوێـژ لەگـەڵ دەروونناسـێکی دەوڵەتی شیاوی تێگەیشـتن نییـە. لـە ڕاسـتیدا دەروونناسـێک کـە تەنانـەت قبـووڵکردنی هـۆگری سێکسـی خـۆی وەک ڕووداوێکـی سرووشـتی لـە لایـەنێکی ڕەگەزیـدا پێشـنیار دەکـات، لـە بنەڕەتـدا هەڵوێسـتێک لـە دژی بنمایەکی پێناسـە کـراو لـە لایـەن خـاوەن کارەکـەی خـۆی واتـە دەوڵـەت دەگرێــت. ئەمــە تەنانــەت لەوانەیــە هەڵوەشــانەوەی مۆڵــەتی کــاری دەروونناسیشی لێ بکەوتەوە.

گرووپی دووهەم کەسانێکی لە بنەماڵە خوداپێداون کە دەتوانن لـە بـاری ماڵییەوە سەردانی دەروونناسـی تایبـەت بکـەن کـە لـە ناوەنـدەکانی شـاردا نۆرینگەی تایبـەتیان هەیـە و هـیچ وابەسـتەییەکیان بـە دەوڵـەت نییـە. ئـەم دەروونناسانە تێگەیشتنێکی تا ڕادەیەک باشـتریان لـە پرسـەکانی شووناسـی ڕەگەزی هەیە و ڕەنگە کەمتر نیگـەرانی ئۆتۆلـۆژی و فوکـووس کردنـە سـەر

چارەسەری هاوڕەگەزخوازی بن؛ کەواتە ئەوان دەتوانن بە هێز و دسەڵاتێکی زێدەترەوە ڕاوێژ بدەن.

## 11ـ1ـ توندوتیژی و تەندروستی دەروونی هاوڕەگەزخوازان

توێژینەوەیەک بۆ بەراوردکردنی شێوازەکانی وابەستەیی لە ناو ناهاوسانان و دیترڕەگـەزخوازان پیشـان دەدا کـە بـە ئاوڕدانـەوە لـە ئاسـتی دلەڕاوکـێ، جیاوازییـەکی دیـار لـە نێـوان شـێوازەکانی سـۆزداریی هاوڕەگـەزخوازان و دیترڕەگەزخوازاندا هەیە. لە کەلتووری ڕۆژئاوایی، پیـاوان لـە پشـتی یـەکتر دەدەن یان یەکتر لە باوەش دەکەن و ئەمە تەنیا هێمای خۆشەویستییەکی دوو لایەنەیە کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە قبووڵ کـراوە. لـە بەرامبـەردا، لـە ئێـران زۆرێک لە ناهاوسانان لە شوێنی گشتیدا ئەم خۆشەویستییە پیشان نادەن.

پەنامەکی و ترس لە ناسینەوە بە مێرمنداڵی کۆتایی پێ نایەت. بـۆ وێنـە، توێژینەوەی پەیوەست بە ئەزموونی ناهاوسانان لە شوێنی ئـیش پیشـان دەدا کە ترس لە هەڵواردن و شاردنەوەی هـۆگری سێکسـی بـاوە[1] و دەرکەوتـەی پیشەیی، تەندروستی و دەروونیی ڕووخێنەری لێ دەبێتەوە. ئەم لێکۆڵینەوانـە پیشـان دەدەن کـە ناهاوسـانان بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی تـرس لـە لایـەک و زەروورەتی یەکپارچەیی کەسایەتی لە لایـەکی تـرەوە سـتراتیژی شـاردنەوە و درکاندنی شووناس دەگرنە بەر.[2]

ئەو کەسانەی کە بەرامبەر بـە هـۆگری سێکسـی خۆیـان ئاسـتی قبـووڵ کردنیـان کـەمترە، ئاسـتی دڵەراوکێیـان زیـاترە. ئـەنجامی توێژینەوەکـە

1. Croteau JM. Research on the work experience of lesbian, gay, and bisexual people: An integrative review of methodology and findings. Journal of Vocational Behavior. 1996;48:195–209.

2. Waldo CR. Working in a majority context: A structural model of heterosexism as minority stress in the workplace. Journal of Counseling Psychology. 1999;46:218–232.

دەریدەخات کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان ئاراستەی نەرێنی کۆمەڵگا و ئاستی دڵەڕاوکێی تاکەکان بەدی دەکرێت. پێویستیی هەمیشەیی دەمامک لێدان لە سەر شووناسی ڕاستەقینەی خۆ لەگەڵ لەقەمی ناهاوسانی لە لایەن کەلتووری کۆمەڵگاوە دەتوانێ کێشەی زەختتری دەروونی لێ بکەوێتەوە. ژیان لە سیستەمی وشکی ئێران و بێگومان ڕاهاتن لەگەڵ لەقەمی کۆمەڵایەتی و سەرکۆنە لە کۆمەڵگایەکی نەریتخواز دژوارە. ڕێژەی کێشەی دەروونی بە شێوەی تایبەت لە ناو کەسانی دووڕەگەزخواز و ئەو کەسانەی کە دەترسن یان بڕیار دەدەن کە شووناسی ڕەگەزێتی یان هۆگری سێکسی خۆیان نەدرکێنن، زۆرە؛ بەڵام ئەوان خۆیان وەک بەشێک لەم کۆمەڵگایە نازانن زۆر جار دەبێ بە تەنیا لە دژی هەڵاواردن خەبات بکەن، ئەزموونێک کە زۆر جار هۆکاری گۆشەگیرییە و تەندروستی سۆزداری و دەروونی تاک دەڕووشێنێت. ئەگەرچی هەر هەموو ناهاوسانان ڕووبەڕووی ململانێی تەندروستی دەروونی، هەڵاواردن یان توندوتیژی نابنەوە، زۆر کەس باسیان لە نەخۆشی دەروونی کردووە.

## لزباینەکان

ڕێژەی ڕاستەقینەی خەمۆکی و دڵەڕاوکێ لە ناو لزباینەکان ڕوون نییە و داتاکان لە توێژینەوە جۆراوجۆرەکاندا، جیاوازە؛ بەڵام بە گشتی دەقەکان پیشانی دەدەن کە لزباینەکان ڕێژەیەکی زۆر لە کێشە دەروونییەکانیان لە خۆ دەگرن. لێکۆڵینەوە حەشیمەتتەوەرەکان باشترین داتاکان پیشان دەدەن. لێکۆڵینەوەی نیشتمانی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پیشانی داوە کە

ڕێژەی کێشەی دڵەڕاوکێ لە ناو لزباینەکان پتر لە ژنانی دیترڕەگەزخوازە.[1]

لە بەرامبەردا توێژینەوەیەکی دیکە لـە وڵاتـی پۆڵەنـددا ڕێژەیـەکی زۆری خەمۆکی لە ناو لزباینەکان بە بەراورد لەگەڵ ژنانی دیترڕەگەزخواز پیشـان دا و نە ڕێژەی سەرتری دڵەڕاوکێ و نیگەرانی.[2] هەر ئەم توێژینـەوە پیشـان دەدا کە لزباینەکان دوو قاتی دیتران لانیکەم دوو جار لە ژیانـدا تووشـی کێشـەی تەندروسـتی دەروونـی دەبنـەوە. مەترسـی خـەمۆکی و کێشـەی دیکـەی تەندروستی دەروونی، وەکوو بیر و خەیاڵی خۆکوژیی، لـە نـاو ئـەو ئافرەتـە لزبایانانەی کە شووناسی ڕەگەزی خۆیان ئاشکرا نـەکردووە[3] و ئەوانـەی کـە ئەزموونی ڕووبەڕوو بوونـەوەیان لەگـەڵ ملهـووڕی و هـەڵاواردنیان هەیـە، زیاترە.

1. Cochran, S.D., V.M. Mays, and J.G. Sullivan, Prevalence of mental disorders, psychological distress, and mental health services use among lesbian, gay, and bisexual adults in the United States. Journal of Consulting & Clinical Psychology., 2003. 71(1): p. 53-61

2. Sandfort, T.G., et al., Same-sex sexual behavior and psychiatric disorders: findings from the Netherlands Mental Health Survey and Incidence Study (NEMESIS). Archives of General Psychiatry, 2001. 58(1): p. 85-91

3. Koh, A.S. and L.K. Ross, Mental health issues: a comparison of lesbian, bisexual and heterosexual women. J Homosex, 2006. 51(1): p. 33-57 Kitts, R. Adolescence. Gay adolescents and suicide: understanding the association. Adolescence, 40(159), 621-628. 2005.




می‌خواهم فرشته‌ام را به همهٔ دنیا نشان دهم.

> من وا هەست دەکەم لە کۆتاییدا هەموو ژنێک دەبێ پاڵ بە پیاوێکەوە بدات. تەنانەت لە پەیوەندی لزباینەکان، ئەو کەسەی کە دەوری بەهێزتر دەگێڕێ، هەمیشە پێویستی بە کەسێکی بەهێزترە بۆ ئەوەی پاڵی پێوە بدات.
>
> مێهرشاد، تەمەن 18 ساڵان، لزباین

لە کۆتاییدا، کۆی کێشە درێژخایەنەکان کە زۆربەی کەمینە سێکسییەکان ڕۆژانە بە ئەزموونی دەکەن، وەکوو گاڵتە پێکران لە ماڵ، قوتابخانە و شوێنی ئیش و تەنانەت لە شەقام، مەترسی زۆری قۆڵبەست کردن، چەوسانەوە،

ملهـووڕی و تونـدوتیژی سێکسـی دەبێتـە هـۆی دۆخێکـی نادادپەروەرانـە، نامرۆڤانـە و تابشـتنـەهێنی ژیـان. زۆریـان لـە ژێـر زەختـی سـەرکوتی کۆمەڵایەتی و دەوڵەتی دەژین. کاتێـک وەهـا هەلومـەرجێک بـە نـەگۆڕاوی دەمێنێتەوە، ڕێگە بۆ خەساری کۆمەڵایـەتی زیـاتری وەکـوو ئـێچ ئـای ڤـی، توندوتیژی، کێشەی دەروونی، خەمۆکی و خۆکوژی زیاتر خۆش دەبێت.

لە زۆرێک لـە حاڵەتەکانـدا، کەسـەکە هـیچ ڕێـدەرەتانێک لـەم ژینگـە وەرنـەگر و تارێنـەرە درێژخایەنـە بـەدی ناکـا و زۆر جـار پـەنا دەباتـە بـەر خۆکوژی. ئەوەی لە درێژەی ئـەم لێکۆڵینـەوەدا ڕوون بـووەوە ئـەوە بـوو کـە زۆرێــک لـــە بەشـــداربووان دەســـتیان دابـــووەوە خۆکـــوژی و زۆریـــان بەسەرهاتگەلێکیان لە هەوڵی سەرنەکەوتوویان بۆ کۆتایی هێنان بـە ژیانیـان گێڕایەوە.

بـە وتـەی عابیـد (2006) لـە کـۆی هـەر 30 گـەی، 20 کـەس لـە قۆناغێکی ژیانیاندا دەستیان داوەتە خۆکوژی. توێژینەوەکانی پێشـوو دەڵـێن ئەم هەنگاوانە بە خەستی پەیوەستن بە فاکتەرە دڵەڕاوکێبەخشـە دەروونـی ـ کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو ناسازگاری ڕەگەزێتی، ئاگاداری سەرەتایی لە گـەی بوون و قوربانی بوونەوە. باوترین شێوازەکانی خۆکـوژی، خـواردنی حـەب، خنکان بە گاز یان بڕینی دەماری دەست بوون. زۆرێک لە کەسەکان بڕینـی بە هۆی کـردەوەی خۆکوژییـان بـە تیمـی توێژینـەوە پیشـان دا. ئەگـەرچی هەندێ لەم برینانـە کـاڵ ببوونـەوە، بـەڵام لـە دڵ و زەینیانـدا بـە بـێ هـیچ سووکناییەک هێشتا هەر قووڵ بوون.

ئەو کاردانەوە توند و تیژ و سووکایەتیبەخشانە کە لە سەر شەقام و شوێنە

گشتییەکاندا بەدی دەکرێن لە کۆمەڵگای ئەواندا، ئەو شوێنەی کە ڕەگــەزێتی دەکەوێتە بەر تیشکی هەڵسەنگاندن و بە بێزاری و نفرەتەوە لێـی دەڕوانـرێ، خۆی دەنوێنێت.[1] ئەم کاردانەوانە لە شوێنی کاریشدا دەبینرێن کە کەسەکان بەشێکی هەرە زۆریان کاتی خۆیان لەوێ بە سەر دەبەن. ئەمە تەنیا تایبەت بە وڵاتــی ئێــران نییــە. لــە سەرتاســەری جیهــان، ناهاوســانان ڕووبــەڕووی هەڵاواردنی بەربڵاو لە شوێنی کــار دەبنــەوە و دیســان ئاشــکرا دەبێتــەوە کــە وڵاتی ئێران بەدەر نییە. کۆسپ و تەگەرەکانی بەردەم ناهاوسانان بــۆ دەســت گەیشتن بە چاودێری تەندروستی لەگەڵ توندوتیژی و پرسەکانی پەیوەســت بە تەندروستی دەروون کە ئەم تاقمە وەک هاوڕەگەزخوازتۆقێنی بە ئەزموونی دەکەن، دەتوانێ ماوەی ئەو ساڵانەی کە ناهاوسانان دەتوانن ئیش بکەن، کەم بکاتەوە.

دیمانە لەگەڵکراوان زۆر بەسەرهاتی بێڕێزی، دەستدرێژی، ســووکایەتی و سەرکۆنەیان لە شوێنی کاردا گێڕایەوە کە هەڕەشەیەکی خێرا و ڕاستەقینە بــۆ سەر ئاسایشــی دەروونــی و ئــابووری ئــەوان بــووە و تــوێژێکی دیکــەی لــە لەمپەری بێهیوایی لە جیهانی ناهاوساناندا بەدی هێنا. دیارە جیــا لــە هــە-ڵسووکەوتی ناشــیرینی هاوکــاران، ئەگــەری بەرزبوونــەوەی ئاســتی پیشــە و پێشکەوتن بۆ کەمینە سێکسییەکان، کە ناتوانن شووناسی ڕاستەقینەی خۆیان بشارنەوە و لە شوێنی کاردا ڕەواڵەتبازی بکەن، زۆر کەمە.

1. Gay and Transgender People Face High Rates of Workplace Gay and Transgender People Face High Rates of Workplace ...
www.americanprogress.org/issues/lgbt/news/2011/

سەرنەکەوتن لە ڕەواڵەتبازی یان ماندوو بوون لە لاساییکردنەوەی هـۆگرە سێکسییە قبووڵ کراوەکان لـە کۆمـەڵگا بـەختـی کەمینـە سێکسـییەکان بـۆ هەبوونی هەلی کار کەم دەکاتەوە. ئـەو بەڕێوەبەرانـەی کـە لـە دامەزراندنـدا بڕیـار دەدەن، زۆریـان ئامـادە نـین کەمینـە سێکسـییەکان دابمـەزرێنن. ئاشـکراکردنی هـۆگری سێکسـی مەترسـی لـە دەسـتدانی هـەلی کـار و دەرکەوتەی ڕووخێنەری وەکوو بەراوردی کارکردی نەرێنی، بـە ناکارامـە لـە قەڵەم دران یان پشتگوێ خـران بـۆ بەرزکردنـەوەی پلـەی لـێ دەکەوێتـەوە. وەدەست هێنانی پۆستێکی دەوڵەتی یان سیاسی لە ڕاستیدا نـەگونجـاو و لـە ڕاستیدا زۆر چەتوونە.

تونـدوتیژی خێزانیـی، لـە لایـەن هـاوژین لـە داڕشـتەی پەیوەندییـە دیترڕەگەزخوازەکاندا سەرنجی پێدراوە؛ بەڵام ڕێـژەی ڕوودانـی تونـدوتیژی خێزانیی لە پەیوەندیی هاوڕەگەزخوازانیشدا ڕوو دەدات. بۆ دیترڕەگەزخوازان هەندێ ڕێگەی یاسایی بۆ پشتیوانی وەکوو دەستووری گـرتن بـوونی هەیـە. هۆکاری توندوتیژی خێزانیی لە پەیوەندی دیترڕەگەزخوازان پیاوێکـە کـە بـە شێوەی فیزیایی یان لەبزی ژنێـک دەچەوسـێنێتەوە و بـەم شـێوە قوربانیـانی توندوتیژی خێزانیی لـە پەیوەنـدی دوو هاوڕەگـەز پشـتگوێ دەخـرێن. بـەو پێیەی کە ژیان بۆ زۆر کەس ئاوێتەیەک لـە دان بـە خـۆداگری، سـەرکوت و دژایەتی خێزانی و کۆمەڵایـەتی بـووە، ئـەم کەسـانە لـە هەمبـەر ئـەزموونی پەیوەندییە سێکسییە تونداژۆکان خەسارهەڵگرترن. کەمینە سێکسـییەکان لـە کلیشـە نەریتییـەکانی قوربـانی تونـدوتیژی خێزانیـی جێیـان نابێتـەوە. هاوڕەگەزخوازان و بە تایبەت ئەو کەسانەی ڕۆڵی ژنانەیان هەیە، بـە شـێوەی

پەنگراو و زەینـی تونـدوتیژی قبـووڵ دەکـەن. لـە پەیوەنـدی تونداژۆیانـەی ناهاوسانان، نیگەرانی سەرەکی ئاشکرابوونی پەیوەنـدی هاوڕەگەزخوازانەیـە کە دەتوانێ کاریگەری لـە سـەر پرسـی چەوسـاندنەوە دابنێـت. زۆر کـەس حەزیان لە دەربڕینی ئەم حاڵەتانە نییە بۆ ئـەوەی پرسـەکە گشـتی نەبێتـەوە و زۆرێک لە پاشماوەکان هەست بە شەرم و لەقەمی دەکەن. لە وڵاتـی ئێـران، کەمینە سێکسییەکان ناتوانن لە مافە مەدەنی و یاساییەکان سـوودمەند بـن و ناتوانن لە ڕەوتی پەیوەندییەکی ناتەندروسـتی تونـداژۆ بـەرگری لـە خۆیـان بکەن. لە ڕاستیدا بە شێوەیەکی بەربڵاو و سیستەماتیک، ناهاوسانان لە هـەر چەشنە مافی پشتیوانی یاسایی بێبەشن. لەو ڕووەوەی کە یاساکان لـە وڵاتـی ئێران هەر ئێستاش پەیوەندیی ئەوان وەک بەرهەڵسـتی ڕەهـا لـە دژی نۆرمـە ئایینییەکان و جۆرێک سەرکێشی سەیر دەکات، کەمینە سێکسییەکان کـە لـە ئاشـکرابوونی شووناسـیان دەتـۆقن، پەیوەندییـەکی ئاسـوودەیان لەگـەڵ سیستەمی یاسایی، پۆلیس و هێزەکانی ئاسایش (ئینتزامی) نییە.

لە پەیوەندی تونداژۆیانەی هاوڕەگەزخوازان زۆر فاکتـەری وەکـوو هـە-ڵسووکەوتی خراپ لە منداڵی و نۆرمە کەلتوورییەکاندا هەیە. هەنـدێ جـار دڵـەڕاوکێـی هەمیشـەیی ڕووداوی تـاڵی منـداڵی لـە گەورەسـاڵیدا دەبێتـە شەرمێکی بەردەوام کە لەوانەیە لە پەیوەندیی گەیەکاندا دڵەڕاوکێی زێـدەتری لێ بکەوێتەوە.[1] پەلاماری سێکسی و کەڵکاوەژوویی لـەم جۆرانـەدا زۆرن و کەسەکان زۆر جـار دواتـر لـە پەیوەندییـەکانی خۆیانـدا ئـەم دەسـتدرێژییە

1. A Same-Sex Domestic Violence Epidemic Is Silent. The Atlantic www.theatlantic.com/health/archive/2013/11/a

سێکسییانە زۆر بە ئەزموون دەکەن. وەک پێشتریش وترا، ئەم پەیوەندییانە کەمخایەن و ڕووکەشین و ئەمە دەبێتە کۆسپێک کە کەسەکان بەتایبەت ئەوانەی کە «دەوری پیاوانە»یان هەیە، بە شێوەی سۆزداری و تەندروست وەبەرهێنان لە سەر هاوبەش و هاوژینی خۆیان بکەن.

لە ناو بەڵگە زۆرە کۆکراوەکان لە لایەن تیمی توێژینەوە، وتەی گەیەکی تەمەن 25 ساڵەی خۆش قسە و خاکەڕا لە شاری ئێسفەهان شایەنی ئاماژەیە. ناوبراو ئەو کاردانەوە کاریگەرەی کە بە تاقی کردبووەوە، لای ئێمە خستییە ڕوو.

توندوتیژی بێژەیی (یان ملهوڕی لەبزی) بابەتێکە کە لە ناو هاوڕەگەزخوازاندا زۆر باوە. توندوتیژی لەبزیی ناهاوسانان دەتوانێ لە لایەن کەسانی نەناسیاو یان کەسانی ناسیاوی کەسەکە بێت. چەوساندنەوەی لەبزی لە سەرەتادا لە ناو بنەماڵە و هاوژینەکانەوە دەست پێ دەکا و دەگاتە جنێو لە گرووپ و هاوتەمەنان و ئازار و سووکایەتی لەبزی لە شوێنی کار. ئەو کەسانەی وا دەکەونە بەر ئامانجی ئەم چەشنە توندوتیژییانە، لە سەرپێچیکردنی یاساکانی هاوڕەگەزخوازنۆرمی بەدی دەکرێن و پرۆتۆکۆلە ڕەگەزێتی و دەورە ڕەگەزییەکان پێشێل دەکەن. لە هەندێ لە خراپترین سناریۆکاندا، بەشداربووان ئاماژەیان بە پەلاماری سێکسی و هەڕەشە بە هێرشی فیزیایی، کەڵکاوەژوویی و سێکسی زۆرەملێیی کرد.

توندوتیژییەک کە کەسەکان بە هۆی ڕەگەزێتییان بە سەریان دێ، زۆر جار بە شێوەی یارییە سێکسییەکان خۆی دەنوێنێت. دیاریکردنی پاڵنەری توندوتیژی ئەستەمە: دیاریکردنی شووناسەکانی خۆ و هێرشکردنی ڕاست

بۆ سەر ئەو کەسانەی کە ڕەگەزێتیان هەستێکی ناخۆشیان پێ دەدا: پیاوانێک بە هەستی لاوازی شووناسی تاکایەتییەوە؛ هێرش بۆ سەر ناهاوسانان بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەستی خۆیان لە پێگەیەکی خوارتر یان ئاراستەی سادیستی. بە ئاوڕدانەوە لە ڕێژەی توندوتیژی لەم پەیوەندییە سێکسییانە، ناڕاست نییە ئەگەر بڵێین دیترڕەگەزخوازان هەستی هاوڕەگەزخوازانە و نەخۆشی سێکسی / دەروونیی شاراوەی خۆیان سەرکوت و بۆ هاوڕەگەزخوازانی گەنجتری دەگوازنەوە.

## منداڵبازی

دیترڕەگەزخوازی لە نەریتێک لە پەیوەندییە بەهێزە پیاوانەییەکان، کە مۆری کەلتووری ئیسلامی لێدراوە، لەگەڵ منداڵبازی جیاوازی هەیە. منداڵبازی بە پەیوەندی نێوان پیاوانی بەساڵاچوو لەگەڵ کوڕانی کەم تەمەنتر دەوترێ کە زۆر جار تێکەڵ بە توندوتیژی، ئازاردان و هەڵخەڵەتاندنە. لێکدانەوەی ئاڵۆزییە قووڵەکانی نێوان پیاوانی بەساڵاچوو و کوڕانی کەم تەمەن گوتاری گشتگیرتر و جیاوازتری لێ دەکەوێتەوە.

ئەم پەیوەندییە یەک لایەنە سێکسییە، تێهەڵکێشی ئازاردان لە منداڵی، چەوساندنەوەی سێکسی و دەستدرێژییە. تەنانەت کاتێک کوڕانی کەم تەمەن (وەک هاوبەشی مێینە) هۆگری کەسێکی بەتەمەن دەبن و لەم پەیوەندییە ئاگادارن، مافی هەڵبژاردن و ئازادییان بۆ نییە. کاتێک کەسێکی بە تەمەنتر خواستەکانی لە سەر قوربانی جێبەجێ دەکا، فێری ناکا بەڵکوو لە ئاقاری دڵخوازی خۆیدا ڕێنوێنی دەکات. ئەم پەیوەندییە بە شێوەی

تەوساوی لە لایەن پیـاو پێـی دەوتـرێ «پـرۆژەی درێژخایـەن». ئـەم پـرۆژە درێژخایەنــە شــێوازێک پیشــان دەدا کــە لــە ڕێگــەی ئــەوەوە پەیوەندییــە سێکسییەکانی نێوان پیاوانی هاوڕەگەزخواز و کوڕان بیچم دەگرێت.

بە وتەی بەشداربووان، ئەم کەسانە ماڵی جیا و شوێنێکیان بۆ پەیوەنـدی سێکســی هەیــە کــە لــە دەرەوەی تــۆڕی بنەماڵــەدا ڕوو دەدات. شــوێنە پیشەسازییەکان، کۆگای کۆمپانیاکان، ڕیستوڕانتەکان، کافە، مـاڵی دووهـەم یان نووسینگەی کار و هتد دەتوانن شوێنێک بۆ ئەم کارە بن.

| گەی، تەمەن 25 ساڵان، لە ئێسفەهان |
|---|
| من هاوڕەگەزخوازم؛ کەسێکی دڵناسکم، لەگـەڵ کەسـێک کـە بـە لامـەوە بـاش و ڕاستگۆ بوو، بوومە دۆست. پاش ماوەیەک داوای لێ کـردم لەگـەڵی بچمـە ماڵەکـەی. هەستێکی گەرم و بەتینی پێ نیشان دام و وتی ئێمە دوو کـاپڵی ڕاسـتەقینەین و باشـترین هاوژینین. ئەمە زۆری کاریگەری لە سەر دانام. لە کۆتاییدا چووم و بـۆم دەرکـەوت دوو سێ کەسی دیکەش هەن. ئەوان تا توانیان لێیان دام، دەست و قاچیان بەستمەوە و ئەوەی ویستیان بە سەریان هێنام. ئێستا من خوێنڕێژیم هەیە، لە ناو چووم و زەینم زۆر ئاڵۆزاوە. |

لە چوارچێوەی ئەم پەیوەندییە یـەک لایەنـە پرسـی زمـانیش هەیـە. ئـەو پیاوانەی کە هاوبەشی سێکسی هاوڕەگەزیان هەیـە وەک سـووکایەتی پێیـان دەوترێ «کوونی» کە پێناسەیەکی بێڕێزییانەیە و بۆ سووککردنی ئـەویتری بە کار دەهێنرێت. وەرگر، چی پیاو بێ چ ئافرەت، پێی دەوتـرێ کـوونی کـە واتای نەرێنی وشەکە بـەهێز دەکـا و واتـای نـەرێنیش بـە هاوڕەگـەزخوازی

دەدات.

| |
|---|
| خوێندکاری زانکۆ بووم کچێکم بینی 7 ـ 8 ساڵ لەگەڵی هاوڕێ بووم. زۆر بە هەڵکەوت بوو. تەنیا لە هەوڵی زەینی و بیر و خەیاڵی خۆکوژی ڕزگار ببووم. نازانم دروستە یان هەڵە. جارێکیان دەستم دایە خۆکوژی و دەتوانم بڵێم مردم. دیسان زیندوویان کردمەوە. دەمویست خۆم بکووژم چوونکە کەس لێم تێنەدەگەیشت. بۆ وێنە خوشکەکانم دەیانوت ئێمە مێردمان هەیە و ئەگەر مێردەکانمان لە بارەی تۆ بزانن، ئەوە بەڕەڵامان دەکەن. ئابڕوومان لە مەترسیدایە. خەڵک قسە دەکەن و منیش دەستم دایە خۆکوژی. |
| لزباین، 32 ساڵان، لە تاران |

باوبوونی ئەم وشە زمانییانە لە چوارچێوەی دەورە ڕەگەزییەکان دەبێتە هۆی ئەوەی کۆمەڵگا بە ڕێزێکی پترەوە لەو پیاوانەی کە دەوری «نێرینە»ـیان هەیە بڕوانێت. پەرە سەندنی وەها زمانێکی ئاراستەداری ڕەگەزێتیانە و کاریگەریی ئەو لە سەر تێگەیشتن و قبووڵکردنی کۆمەڵگا لە کلیشە ژنانە و پیاوانەکان، پیاوانی بکەر دەخاتە پێگەیەکی ڕێزدارەوە. ئەوان هەر ئەو کەسانەن کە خاوەن دەسەڵات و کۆنترۆڵی پەیوەندی سێکسی بۆ دیاریکردنی یاسا و هەلومەرجەکانن. ئەم پیاوانە توانای دخوولیان هەیە. بە پێچەوانەوە هاوبەشی مێینە وەک کەسایەتییەکی بێنرخ و بێ بایەخ سەیر دەکرێ و دەوری سێکسی ئەو تێکەڵ بە جنێو و زمانی بێڕێزییە.

| |
|---|
| نا پێم خۆش نییە. دوو کەرەسەی سێکسم لەماڵەوە هەیە. کەسێک کە لەگەڵی بووم |

دووانی پێدام بۆ ئەوەی بیانبەمەماڵەوە. وتم نامهەوێ. وتی هەڵیگرە و کاتێک هاتم خۆم بە کاری دێنم. زۆر حەزم لێی نییە. ئەم کارە بە پاچە پلاستیکێک ئەنجام دان هیچ چێژێکی نییە.

محەمەد، 62 ساڵان، تاران

## 12ـ1ـ هاوسەرگیری و منداڵی هەڵبژاردە

وەک چەندین جار لە دیمانەکاندا وترا، پرسی درێژخایەنی دیکە بۆ هاوڕەگەزخوازان و دووڕەگەزخوازی ئێرانی ئەوەیە کە پەیوەندی نێوان ئەوان بە شێوەی یاسایی بە فەرمی ناناسرێت. بۆ ناهاوسانان ئەمە ڕەنگە بە واتای دەست پێڕانەگەیشتن بە خاڵەکانی گەڵاڵە تەندروستییەکان، باجی دەوڵەتی، پشتیوانی لە هەمبەر هەڵاواردن یان دیکەی مافە یاساییەکان بێ کە کاپڵەکان (ژن و مێردەکان) لێی سوودمەندن. ئەوان بە بێدەسەڵاتی ڕەهای خۆیان هەوڵ بۆ هاوسەرگیری و بە فەرمیکردنی پەیوەندی سێکسی خۆیان دەدەن. وڵاتی ئێران وڵاتی لایەنگری هاوسەرگیری هاوڕەگەزان نییە. دیارە کاتێک بەخت بۆ پەیوەندی فەرمی لە ئارادا نییە، پەیوەندی نافەرمییە و لە زۆرێک لە حاڵەتەکاندا ڕووکەشی و لە باو کەوتووە کە لە ئەنجامدا زیانی سۆزداری زیاتری بۆ هاوڕەگەزخوازان لێ دەکەوێتەوە.

بە پێی یاساکانی ڕێکخراوی چاکژیانەوە، لە ئێستادا ئەو کەسانەی کە لە ڕووی دەروونی، جەستەیی و ماڵییەوە مەرجەکان دەیانگرێتەوە، دەتوانن بۆ منداڵی هەڵبژێردراو هەوڵ بدەن. کەسانی گەنج و سەڵتیش ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە؛ بەڵام لەو ڕووەوەی کە کەمینە سێکسییەکان لە وڵاتی ئێران هیچ

بەختێکیان بۆ هاوسەرگیری لەگەڵ کەسی هاوڕەگەزی خۆیان نییە، بە شێوەی خۆ بە خۆ بۆ داواکردنی منداڵی هەڵبژێردراو وەبەر مەرجەکان ناکەون.

## 1ـ 13ـ نەبوونی ڕاهێنانی پرسە تەندروستی و سێکسییەکان

هاوبەشی سێکسی بێژومار یان پەیوەندی زۆر دەتوانێ کێشەی تەندروستی لێ بکەوێتەوە. ئەوەی لە ناو بەشداربوواندا بینیمان ئەوە بووە کە پرسی تەندروستی بە لایانەوە نیگەرانییەکی ئەوتۆ نەبوو. بە گوێرەی ڕا و بۆچوونەکانی ئەوان، گرینگیدان بە پرسە تەندروستییەکان لە بە کارهێنانی کاندۆم و حەبی دژە دووگیانی سنووردار دەبووەوە. هەندێ جار کەسەکان بۆ چێکاپ و پشکنینی خوێن سەردانی ناوەندە تەندروستییەکانیان دەکرد؛ بەڵام ڕێژەی ئەم حاڵەتانە زۆر نەبوو.

لە وڵاتی ئێران چاودێری تەندروستی و خزمەتگوزاری پێشگری گونجاوی کەلتووریی پێویستە کە تایبەت بەم کۆمەڵگایە بێت؛ بەڵام هاوڕەگەزخوازدژی هێشتا لەمپەرێکی گەورەیە. ناهاوسانان ڕووبەڕووی ململانێ و ئاستەنگی تایبەتی وەکوو توندوتیژی، پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، لەقەم یان هەڵاواردن دەبنەوە. لەقەم لێدان دەتوانێ جۆرە جیاوازەکانی کێشەی درێژخایەنی تەندروستی لێ بکەوێتەوە. بە تاوانزانینی پەیوەندی لەگەڵ هاوڕەگەز، نێربازی، جلوبەرگ لە بەرکردن بە شێوەی ڕەگەزی بەرانبەر و «ساختەکاری ڕەگەزێتی» ئەم «هاوڕەگەزخوازتۆقێنی کۆمەڵایەتی»ـیە بەهێز دەکا کە نموونەیەکی هەموو ڕۆژەیە لە هەڵاواردن و

هــەر دوو هۆکارەکــە دەبنــە هــۆی ئــەوەی کەســانی ناهاوســان دەســتیان بــە پێشگیری، پشکنین و چارەسەری ئێچ ئای ڤی نەگات. لە ئەنجامدا، هەندێ لە ناهاوسانان نەزانانە بە ڤایرۆسی ئێچ ئای ڤییەوە دەژین یان لە قۆناغــەکانی دواتردا کە چارەسەر ئەستەمتر دەبێ، نەخۆشییەکەیان ئاشکرا دەبێت.

لە ناو گەیەکاندا ترسێکی زۆر لە ئایدز هەیە. زۆربەیان ڕایانگەیاندووە کە زۆربەی ئەوانەی وا تووشی ئایدز هاتوون، گەی بوون. هۆشداری پێویســتە، لە ڕۆژی جیهانی ئایــدز (یەکــەمی دیســەمبەری ســاڵی 2017)، وەزیــری تەندروستی ئێران، حەسەن هاشمی، ڕایگەیاند کە وڵاتی ئێــران لــە بــەر دەم پەرەسەندنی ڕوو لە زیادبووی ئێچ ئای ڤیدایە. نــاوبراو کــە لــە کۆنفڕاســێک سەبارەت بە ئاگادار بوون لە ئایدز لە وەزارەتــی تەندروســتی قســەی دەکــرد، وەبیری هێنایەوە کە لە ماوەی یازدە ساڵی ڕابردوو حاڵەتەکانی ئایدز نۆ قــات بەرز بۆتەوە. ناوبراو هەروەها هۆشداریشی دا کە نەبوونی ڕاهێنانی سێکســی و تابۆی کۆمەڵایەتی پەیوەســت بــە نەخۆشــییە نزیکییــەکان لــە کۆمــەڵگای ئێراندا لەو فاکتەرانەن کــە لــەم ڕەوتــی ڕوو لــە زیادبوونــەدا دەوریــان هەیــە. بارودۆخی ئێچ ئای ڤی لە وڵاتــی ئێــران پاڕادۆکســێکی کێبڕکێبزوێنــی لــێ دروست دەبێ کە پەیوەندی هەیە بە کاریگەرییە تێهەڵکێشراوە کۆمەڵایەتی و جیۆپۆلۆتیکییەکانەوە (کە پەیوەستە بە بواری تەندروستی.) حاڵەتە نوێکــانی ئێچ ئای ڤی بە هۆی پەیوەندی سێکســی ناتەندروســت لــە هەمبــەر ڕەوتــی پێشــووی تووشــبوون لــە ڕێگــەی دەرزی مــادەی هۆشــبەرەوە ڕوویــان لــە

هەڵکشانە؛ بەڵام تابۆ کەلتوورییەکانی پەیوەست بە گوتاری پەیوەندی سێکسی هێشتا بۆ ئەم کارەساتە بێدەنگییان هەڵبژاردووە.[1]

سێکسی کۆمی، سێکسی دەمی و گرینگی‌نەدان بە تێبینییە تەندروستییەکان مەترسی ئەم نەخۆشییە زۆر دەکەن. سەرەڕای ترسێکی زۆر لە ئایدز، ڕێژەی ئاگاداری لە تەندروستی سێکسی و پرسە پەیوەستەکان لە ناو کەمینە سێکسییەکان زۆر کەمە. بۆ وێنە، گەیەکان، دووڕەگەزخواز و دیکەی ئەو پیاوانەی کە لەگەڵ پیاوان پەیوەندی سێکسییان هەیە، دەبێ بەردەوام بۆ نەخۆشییە نزیکییەکان پشکنینان بۆ بکرێ. بەڵام بە هۆی هەستی شەرم یان ترس لە ڕاپۆرتدان بە بەرپرسان، پیاوانی هاوڕەگەزخواز هەوڵ بۆ چێکاپی بەردەوام و پشکنینی نەخۆشییە نزیکییەکان نادەن. لە بەرانبەردا، لزباینەکان بە تەواوەتی لە بوونی کاندۆم بێ‌ئاگا بوون.

| |
|---|
| هاوڕێیەکم کتێبێکی فرۆیدی بە ناو «کۆمەڵە وتارێک سەبارەت بە ڕەگەزێتی» پێدام بۆ ئەوەی بیخوێنمەوە. دانیشتم و کتێبەکەم خوێندەوە. لە هەندێ لە بەشەکانی تێنەگەیشتم بەڵام ئەوەی دەبا لێی تێگەیشتایەم، تێگەیشتم. |
| سەجاد، تەمەن 25 ساڵە، لە تاران |

هەروەها دەرکەوت کە بەکار هێنانی کەرەسەی سێکسی لە ناو هاوڕەگەزخوازان و دیترڕەگەزخوازان باوە. ئەمە خۆی هۆکارێکی ترە بۆ نەخۆشییە نزیکییەکان. ئەوەی کە ئایا هاوڕەگەزخوازان لە چاو دیترڕەگەزخوازان زیاتر کەرەسەی سێکس بە کار دەبەن یان نا، جێی

1. HIV in Iran. The Lancet, www.thelancet.com/ journals/ lancet/ article/ PIIS0140-6736...

مشتومڕە. لە ناو ژنانی لزبـاین، بـە کارهێنـانی کەرەسـەی سێکسـی وەکـوو ویبراتۆر یان دیلدۆ باوە.[1] جیاوازی لـە هـەڵسـووکەوتـی سێکسـی دەتـوانێ هۆکاری بەشێک لەم ناکۆکیانە بێت. ئەم کەرەسانە زیاتر بە شێوەی نایاسـایی لە بازاڕی ڕەشدا دەکڕدرێن نەک لە سەرچاوەیەکی دڵنیا و هەر لە بەر ئەوەش زۆریان ستریل نین. کەرەسە سێکسـییەکان دەتـوانن ببنـە هـۆی هـەوکردنی نزیکی لە ڕێگەی خوێنەوە (هەوکردنی خوێنی).

زۆرێک لە پرسە تەندروستی و ژنانەییەکانی لزباینـەکان لەگـەڵ پرسـەکانی ژنانی دیترڕەگەزخواز یەکێکن، بەڵام هەندێ فاکتەری تایبەت هـەن. یەکـەم ئەوەی کە هەڵسووکەوتە سێکسییەکانی لزباینەکان هـەموو ئـەو شـتانەی کـە ژنانی دیترڕەگەزخواز هەیانە بەدەر لە دخوولی ئەندامی پیاوانە بـۆ نـاو واژەن لە خۆ دەگرێت. ئەم بابەتە بۆ مەترسی ئێچ ئـای ڤـی زۆر گرینگـە. دووهـەم ئەوەی کە، ئەگەر ئافرەتێک بیهەوێ ببێتە دایک، دەبێ بۆ دەست پێڕاگەیشـتن بە بژاردەکانی ئەم ئامانجە قۆناغێکی سەخت تێپەڕ بکات. سێیەم ئەوەی کە، جیا لە پرسە ژنانەکان، بابەتی گشتیتری وەکـوو نەخۆشـی درێژخایـەن یـان دەروونی دەتوانن کاریگەری لە سەر تەندروستیی جەستەیی و هتـد دابنـێن. لە کۆتاییـدا لزباینـەکان لـە پانتایـەکی کۆمەڵایـەتی، دەروونـی و ئـابووری تایبەتدا دەژین. ئەگەری ئەوە هەیە کە هەر کەس لە ناوەندێکی تەندروسـتی، تەنیا بە هۆی هۆگری سێکسییەوە، پشتگوێ بخـرێ یـان دژایـەتی بکرێـت؛ ئەگەر نەتوانێ لە خاڵە هاوبەشەکـانی خـۆی سـوودمەند بـێ ئـەوە دەسـت

1. Bailey JV, Farquhar C, Owen C: Sexual behaviour of lesbians and bisexual women. Sex Transm Infect 79:147, 2003

پێڕاگەیشتنی ئەو بە تەندروستی و بیمە لەوانەیە سنووردار بێتەوە؛ لەوانەیە سەرچاوە چاودێرییە تەندروستییەکان خزمەتگوزارییەکانی خۆیان بە جۆرێک پێشکەش بکەن کە پێشوازی لە لزبانیەکان نەکەن یان بۆیان کاریگەر نەبێت؛ و ڕەنگە لە چاو ژنانی دیترەڕەگەزخواز، لزبانیەکان قۆناغەکانی ژیانی زکوزا بە جۆرێکی دیکە سەیر بکەن کە دەتوانێ لە سەر هەڵبژاردەکانی ئەوان بۆ بەرگری کاریگەری دابنێت.[1]

وا دیارە زیاترین چالاکی بۆ لزبانیەکان خۆخاڵیکردنی دوو کەسی و سێکسی دەمی ـ واژەنییە.[2] مەترسی زۆری باکتریای واژینۆز لەو ژنانەدا بەدی دەکرێ کە لەگەڵ ژنانی دیکە پەیوەندی سێکسییان هەیە، پێشینەی بە کارهێنانی کەرەسەی سێکسی هاوبەشیان هەیە یان هاوبەشە سێکسییەکانیان هەڵگری باکتریای واژینۆز بوون.[3] لێککەوتنی پێست لەگەڵ پێست یان دەم و ئەندامی زاوزێ لەگەڵ کەرەسەی سێکسی هاوبەش و ئاڵوگۆڕی شلەی واژینال یان خوێنی سووری مانگانە لە ڕێگەی بزواندنی دەستی دەبنە هۆی ئەوەی ژنانی لزباین و دووڕەگەزخواز لە هەمبەر هەوکردنی نزیکی خەسارهەڵگرتر بن. ژنانی دووڕەگەزخواز مەترسی تووشبوونیان بە ئێچ ئای ڤی زیاتر لەو ئافرەتانەیە کە تەنیا لەگەڵ ژنان پەیوەندی سێکسییان هەیە؛ چوونکە ئەوان لەگەڵ پیاوانیش لە پەیوەندیدان کە شلەی شاوەتەکەیان

1. Gynaecologic Issues for Lesbians | GLOWM, www.glowm.com/section_view/heading/Gynecologic Issues for.
2. Supra at 55ر
3. Are sex toys safe?. Health questions. NHS Choices www.nhs.uk/chq/Pages/1690.aspx?CategoryID=118&...

پڕۆتینێکی هەیە کە ڤایرۆسێکی کاریگەری لە خۆدا هەڵگرتووە.

ڕاهێنانی تەندروستی سێکسی لە ڕێگەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان وەک یەکێک لە نموونەکانی مافەکانی مرۆڤ، پێویستییەک بۆ گەشە و پەرە پێدانی یەکسانی دەناسرێت.[1] لە وڵاتی ئێران ڕاهێنانی تەندروستی سێکسی بۆ کەسانی سەڵت لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە سەرکۆنە دەکرێ و هۆکارەکەشی چەندین سەدە قەدەغەی کەلتووری و ئایینیی پەیوەندی سێکسی بەر لە هاوسەرگیری و لەقەمی پرسە سێکسییەکانە.

ڕاهێنانی سێکسی دەتوانێ زانیارییە دروستەکان بگوازێتەوە و ئەفسانە و زانیارییە هەڵەکان بخاتە لاوە. ئەگەری ئەوە لە ئارادایە کە ئەو گەنجانەی کە هەر ئێستا لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەم بابەتە ئاشنا دەکرێن زانیاریی هەڵە وەدەست بێنن. ئەگەرچی ڕاهێنانی سێکسی لە قوتابخانە دەتوانێ ڕوانگەیەکی ڕاستەقینە و تەندروست سەبارەت بە پەیوەندی سێکسی بخاتە ڕوو، بەڵام پرۆگرامی خوێندنی وڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران لەم بوارەدا هیچ وانەیەک پێشکەش ناکا و بە ڕێگەپێدراوی نازانێت.

وەها چەواشەگەلێک هێمای تەواون لە سەر ئەوەی کە نەبوونی ڕاهێنانی سێکسی چۆن دەبێتە هۆی تێگەیشتنی لاواز یان نەبوونی هەر چەشنە تێگەیشتنێک لە پرسە سێکسییەکان. ئەمە هەروەها ئەوە پیشان دەدا کە چۆن ئەم نەزانینە دەتوانێ ببێتە هۆی کێشەی تەندروستی جیدی نە تەنیا بۆ تاکەکان بەڵکوو بۆ کۆی کۆمەڵگا. کەمینە سێکسییەکان لە هەر چەشنە

1. UNFPA. Comprehensive sexuality education: Advancing human rights, gender equality and improved sexual and reproductive health. 2010.

ڕاهێنانێکی سێکسی بێبەشن و کەمە زانیارییەکانیان لە ڕێگەی خوێندنـەوەی لێکبڵاو، یان وتووێژ و لێکۆڵینەوەکانی خۆیان وەدەست هاتووە.

ڕێکخراوەی چاکژیانەوە لە خۆشبژێوی و تەندروستی تاکەکان لە هەموو جیهاندا زیاترین گرینگی هەیە، بە جۆرێک کە کەمینە سێکسییەکان بە پێـی ئامـاری تایبـەتی وەکـوو لـە دایکبـوون، مـەرگ، هاوسـەرگیری و هتـد لـەم ڕێکخراوەدا تۆمار دەکرێن. کەواتە ئەم ئامـاری حەشـیمەتناسـییە کـە هـەر ئێستاش بوونی هەیە، زۆر بە ئاسانی دەوڵەت یان ئێن جی ئۆکان کەڵکی لێ وەردەگرن بۆ ئەوەی لە دەست پێڕاگەیشتن بـە زانسـت و دیکـەی هاوکارییـە پێویستەکان هاریکاری هاوڕەگەزخوازان و دووڕەگەزخواز بکەن. بەو پێیـەی کە لە وڵاتی ئێراندا ناهاوسانی بە نگریس و پلێـت لـە قەڵـەم دەدرێ و ڕەت دەکرێتەوە و نکۆڵی لێ دەکرێت، ناهاوسانان بە هیچ چەشـنێک لـە ئامـاری حەشیمەتناسی بوونیان نییە و لە هیچ کام لـە یاسـا و سیاسـەتەکانی بـواری خۆشگوزەرانی بەدی ناکرێن. ئامار و ڕێـژەی سەرسـامهێنـەری نەخۆشـییە نزیکی و دژوارەکانی کەمینە سێکسییەکان دەتوانێ بە پشـتیوانی ڕێکخـراوی چاکژیانەوە لـەم گرووپانـە کـەم ببێتـەوە. ڕەوادان بـە کەمینـەکان و سـەرنج پرژاندنە سەر ئاڵۆزییە تایبەتەکان یەکەمین هەنگاو لە هـەر کردەوەیەکـدا بـۆ باشتربوونی بارودۆخی ئەوانە.

## 14ـ1ـ کاردانەوە ستراتیژییەکان

لــە وڵامــی ســەرکوت و کەمایەســییە بــە ئــەزموونکراوەکان، کەمینــە سێکسییەکان هەمیشە بەرکار و ملکـەچ بـوون و هەنـدێ جـار کاردانـەوەی

سیستماتیک یان ناسیستماتیکی خوازراو یان نەخوازراو لە خۆیان دەنـوێنن. زۆربەی کەمینە سێکسییەکان وایان پێ باشترە کە هۆگری سێکسـی خۆیـان بشارنەوە؛ چوونکە بنەماڵە، ئایین و هێزە ئاسایشییەکان سەرچاوەی پشتیوانی لاوازن کــە لــە ڕاســتیدا بوونیــان نییــە. شــاردنەوە یەکــەمین میکــانیزمی ستراتیژانەی سازگارییە کە کەمینـە سێکسـییەکان بـۆ خـۆڕاگری لـە هەمبـەر زەخـت و گووشـار دەیگرنـە بـەر. ئـەنجامی لێـدوان لەگـەڵ هەنـدێ لـە هاوڕەگەزخواز و دووڕەگەزخوازان ئەوەی پیشان دا کە هەمووان بە شـاردنەوە ڕازی بوون و بە شێوەی بە کۆمەڵ کەڵکیان لەم ستراتیژیە وەردەگرت.

## 15ـ1: هاوسەرگیری ساختەکارانە

ئێران وڵاتێکە کە یاساکان تێیدا مەلەوەرن و تاکەکان لە چینە جیاوازەکـان و ئاستە جیاوازەکانی ئایینپەروەری بۆ دۆزینەوەی ڕێگەی خۆقوتاردان لە ناو سیستەمی ئیسلامی شانازی بە خۆیانەوە دەکەن. هاوسەرگیری ساختەکاری یـەکێک لـە سـەیرترین و گـەورەترین ڕێگـەکانی خۆقوتـاردان و ڕا کردنـە. ناهاوسانان ناچارن بۆ بوون لەگـەڵ کەسـێک کـە خۆشـیان دەوێ، ڕێگـەی «داهێنەرانە» بدۆزنەوە. ڕاستییەکی تاڵە کە بـە ملیۆنـان پیـاوی گـەی و ژنـی لزبـاین لــە جیهــان «هاوســەرگیری ســاختەکارانە» وەک ڕێگەیـەک بـۆ ئارامکردنەوەی ئەندامانی بنەماڵە و کۆمەڵگای گەورەتری خۆیان دەستنیشان دەکەن. هاوسەرگیری ساختەکاری باشترین شێوازە بۆ ئەوەی هـەمووان ڕازی بن و هەر چەشنە گومانێک لە مـەڕ هاوڕەگـەزخوازی بسـڕنەوە. گـەورەترین پاڵنەری هاوسەرگیری ساختەکاری ئارام کردنەوەی دایک و باوکە. زۆر کەس

دەترسن کە بە ئاشکرابوونی شووناسی لزباین، گەی، دووڕەگـەزخوازی یـان ترەنسێتیان لە لایەن بنەماڵەوە دەربکـرێن. بێگومـان ئەمـە دۆخێکـی ئـاڵۆز دێنێتە ئاراوە؛ چوونکە ژیانێکی ساختەکارانەیە کـە دەتـوانێ لـە ناکـاو تێـک بچێت.




ئەو تاقمـە هاوڕەگەزخوازانـەی کـە لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان و میـدیا کۆمەڵایەتییەکانی دیکـەدا چـالاکن یـان لەگـەڵ تۆڕێـک لـە هاوڕێیـان لـە

پەیوەندیـدان، بـە شـێوەی بـە کۆمـەڵ ڕووبـەڕووی زەختـی بنەماڵـە بـۆ هاوسـەرگیری دەبنـەوە. دوو فاکتـەر لـە زەخـتکردن بـۆ هاوسـەرگیری کاریگەرن. یەکەم، زۆریان مل بۆ زەختی بنەماڵـە بـۆ هاوسـەرگیری لەگـەڵ ڕەگەزی بەرانبەر دادەنەوێنن بەڵام بە شـێوەی پەنامـەکی پەیوەنـدیی خۆیـان لەگەڵ کەسی هاوڕەگەزی خۆیان درێـژە پـێ دەدەن. وەک پێشـتریش ڕوون کـراوە ئـەم هاوسـەرگیرییانە هـەر لەگـەڵ یەکـەم سـاتەوەختی دەسـتپێکی نگریسییەوە لە ڕووی سۆزدارییەوە لەمپەرێکی بێبەری لـە هەسـتە. دووهـەم ئەوەی کە ئەوان ڕازی بە هاوسەرگیری دەبن بۆ ئەوەی بتوانن لە بارودۆخێکی براوە ـ براوە زەخت و گووشاری زۆری بنەماڵە لە ناو ببەن و بەردەوام درێژە بە پەیوەندیی شاراوەیان لەگەڵ کەسی دڵخوازی خۆیان بدەن. بنەماڵـە ڕازییـە؛ چوونکـە ڕۆڵەکـەیان هاوسـەرگیری کـردووە و لـە هـەمان کاتـدا ئـەم هاوسەرگیرییە ساختەکارییە ڕێگە بە کاپڵەکان دەدا لە دەرەوەی هاوسەرگیری پەیوەندی لەگەڵ ڕەگەزی دڵخوازی خۆیان ساز بکەن. بۆ سـەرکەوتنی وەهـا ستراتیژیگەلێک پێویستمان بە لێکۆڵینەوەی پترە.

جـۆرێکی دیکـەی هاوسـەرگیری کاتێکـە کـە کەسـێک لەگـەڵ دیترڕەگەزخوازێک هاوسـەرگیری دەکـا نـەک لەگـەڵ هاوڕەگـەزخوازێک و هەمان ئامانج کە ڕزگار بوون لە زەختی بنەماڵە و کۆمەڵگایە، دەگرنە بەر. لـە وەها هەلومەرجێکدا، ئەم ڕێگەچارە، ڕێگەچارەیەکی خێرایە بۆ ئەو کەسـەی کە لەگـەڵ هـۆگری سێکسـی خـۆی ڕاهـاتووە یـان تێدەکۆشـێ شووناسـی ڕەگەزی خۆی ئاشکرا بکات. ئەم هاوسەرگیرییە بە شـێوەی کـاتی گرفتەکـە چارەسەر دەکا، لە حاڵێکدا کە کەسـەکە لـە پشـتیوانی مـاڵی، سـۆزداری و

دەروونی هاوبەشی دیترڕەگەزخوازی خۆیان سوودمەند دەبێت. ئـەم بابەتـە لە دیمانەکردن لەگەڵ بەشداربووان ئاشکرا بوو، ئەو بەشـداربووانەی کـە بـە پێچەوانەی هاوسەرداربوون پەیوەنـدی سێکسـی خۆیـان لەگـەڵ هاوبەشـە هاوڕەگەزخوازەکانیان پاراستبوو. هەبوونی ژیانی دووانە و لـە دەموچـاودانی دەمامکی دیترڕەگەزخوازی دەبێتە هۆی هەوڵێکی دڵتـەزێن بـۆ شـاردنەوەی ژیان.

ڕێگە چارەی سێیەم کە لـە ڕێگـەی ئیشـی مەیـدانی دەرکـەوت هـۆگری بەشداربووان بۆ بە جێهێشتنی وڵات و کۆچکردن بە هیوای ژیانێکی ئـازادتر لـە کۆمەڵگایـەکی کـەمتر سـەرکوتکەر بـوو بـۆ ئـەوەی لـەوێ بتـوانن وەک ناهاوسانێک بە بێ هیچ ترسێک لە دواداچوونی یاسایی بـە مافـە سـەرەکییە مرۆییـەکان بگـەن. ئـەوان پرۆسـەی کـۆچکردن و داخـوازی پەنابـەرێتییان دەست پێ کردبوو. هەندێ تێدەکۆشاون لە تەمەنی کەمتردا کۆچ بکەن و بـۆ ئەم پرۆسە وەها هەوڵێک دراوە کە دەڵێی هەمیشە بەشێک لە ژیـانی ئاسـایی ئەوان بووە. ئەم بابەتە وەک دەبینرێ بەتایبەت سەبارەت بە کـۆچکردن بـەرەو ئەمریکا، هەر وا ئاسان نییە.

پەنابەرێتی، چاکیەکی کۆچ کردنە کە ڕێگە بە هەندێ لە کەسانی سەر بە نەتەوەکانی دیکە کە لـە ڕاوەدوونـان و چـاودێری داد دەترسـن، دەدا کـە بـە شێوەی یاسایی بۆ هەمیشـە لـە وڵاتـی نوێـدا بمێننـەوە. ئـەو کەسـانەی کـە پەنابەرێتی ویلاتەتە یەکگرتووەکان وەردەگـرن دەتـوانن بـۆ نیشـتەجێبوونی هەمیشەیی یاسایی (بە کارتی سەوز) پاش سـاڵێک قبـووڵکرانی پەنابـەرێتی دەست بە کار بن. بەدەر لە هەندێ حاڵەتی تایبەت، داوای پەنابەرێتی دەبـێ

لە ماوەی ساڵێ پاش دوایین هاتنی داواکار بۆ ئامریکا بکرێت.[1]

داوای پەنابەرێتی بە پێی ترس لە ڕاوەدوونان کـە لـە نـاو ناهاوسـانان بـە هۆی هۆگری سێکسییان دەخرێتە ڕوو بە شێوەی تایبەت چی لە قۆناغی داوا کردن، چی دانووستان و چی برانەوەدا تەنانـەت سـەرەڕای بـوونی بەڵگـەی تەواو لە  هەڵسووکەوتـی خـراپ و ڕاوەدوونـانی یاسـایی ئەسـتەمە. ڕەوتـی پەنابەرێتی ناهاوسانان لە ئەمریکا بە تونـدی گرێـدراوە بـە پانتـای نـاوخۆی سیاسی، کۆمەڵایەتی و یاسایی پەیوەندیدار بە گەی و لزباینەکان. ئەم دۆخـە لەگەڵ کێشەی سەلماندنی شووناسی ناهاوسانی بە هۆی هۆگری سێکسـی بە شێوەی تایبەت داوای پەنابەرێتی چەلێنجدار دەکات.[2]

ئەم ململانێیە بە شێوەی تایبەت بە بـوونی دەوڵـەتی ئێسـتای ئـەمریکـا، چـــەتوونتر بـــووە کـــە سیاســـەتی کـــۆچکردنی ســـەختگرانەتری وەکـــوو سـنووردارکردنی ڕێگـە یاسـاییەکانی گەیشـتن بـە شـارۆمەندێتی یاسـایی گرتووەتــە بــەر. لــە وتاردانێکیــدا وتــراوە سیســتەمی کــۆچکردن پــڕ لــە «ساختەکاری و خراپ بە کارهێنان»ــە کـە ڕێگـەی بـۆ ملیۆنـان کۆچبـەر کردۆتەوە کە بە شێوەی نایاسایی بێنە ناو وڵاتەوە و «پارێزەرانی پیسی کـۆچ» ئالیکـاری سـەردانکـەرانی خۆیـان دەکـەن بـۆ ئـەوەی «ئیـدەعـای درۆ» هەڵبەستن بۆ ئەوەی داپەڕی پەیوەندیدار بە بارودۆخی «ترسـی بڕواپێکـراو»

1. Applying for Asylum. Immigration Equality. www.immigrationequality.org/.../applying-for-asylum

2. The Difficulties of U.S. Asylum Claims Based on Sexual. www.migrationpolicy.org › Migration Information Source.

دەست پێ بکەن و ئەوان بتوانن لە ئەمریکا بمێننەوە.[1]

یاسای سزای ئیسلامی و یاساکانی کۆمەڵگا بە خەستی دژە هاوڕەگەزخوازین و خزمەتی زۆرەملێی سەربازی، ناهاوسانان ناچار بە کۆچ بۆ وڵاتێکی تر دەکا کە تێیدا یاسا کۆمەڵایەتییەکان ساناتر و داکۆکیکارتر و زیاتر پەسەندکراوی گشتییە. لە ناو ئەو وڵاتانەی کە بۆ کۆچ لایەنگرییان زیاترە، دەتوانین ئاماژە بە وڵاتانێکی وەکوو تورکیا و گورجستان بکەین. ئەوانەی توانای دارایی باشتریان هەبێ ئەوە ئەمریکا، ئەڵمانیا یان کەنەدا دەستنیشان دەکەن.

بە گشتی هەلومەرجی نەخوازراوی ژیان لە وڵاتی ئێران و ژیانی پەنامەکی، سەرکوت و بێزاری وای کردووە کە زۆرێک لە بەشداربووان حەز بکەن ئێران بە جێ بێڵن و بۆشیان گرینگ نییە بۆ کوێ بچن. وەک پێشتریش وترا (بڕوانە بەشی 4) ڕاپۆرتەکانی هاوڕەگەزخوازی لە وڵاتی ئێران بە گوێرەی پێشینەی ترسێکی جێکەوتوو لە ڕاوەدوونانی یاسایی و ستەمن. ئەم ناهاوسانانە کە دەتوانن ببنە پەنابەر، ئێستا لە وڵاتێکی ئارامترن و چیتر لە وڵاتی ئێران ناژین. لە بەرانبەردا ئەوانەی وا بەخت یاریانە کە سەر بکەون، ڕێژەیەکی زۆری کەسانێکیش هەن کە دەرفەت یان توانای ئابووری بە جێهێشتنی وڵاتیان نییە.

جۆرێکی دیکە لە کاردانەوەی ستراتیژی کەمینە سێکسییەکان لە هەمبەر

1. Sessions's claim that 'dirty immigration lawyers' encourage. www.washingtonpost.com/news/factchecker/wp/2017/...

زەختە کۆمەڵایەتییەکان، بەشداری نواندن لە چالاکیی کۆمەڵایەتییە. ئەم کاردانەوانە لە لایەن کەسانێکە کە بە قووڵی باوەڕیان بە هۆگری سێکسی خۆیان هەیە و لە بنەماڵەی کراوەتر و پاڵپشتترەوە دێن و ئەگەرچی ڕەنگە لە قبووڵ کردندا تەواو نەبن، سەختگیر و توندئاژۆ نین.

ئەم کەسانە چیتر شووناسی خۆیان ناشارنەوە. ئەم گرووپە ئەو خوێندکارە گەنجە زانکۆییانە لە خۆ دەگرێ کە بزوتنەوەیەکی سەربەخۆیان دەست پێ کردووە بۆ ئەوەی لەم ڕێگەوە شووناسی ڕاستەقینەی ژیانی کەمینە سێکسییەکان بە هەمووان پیشان بدەن. لە گرووپە تیلێگرامییەکان بەم بزوتنەوە دەڵێن «ئاسایی کردنەوە» کە بریتییە لە کۆمەڵێ چالاکی وەکوو وتوویێژ لەگەڵ هاوپۆل، دراوسێ و خزم و کەس و کار بۆ گۆڕینی ڕوانگەی ئەوان دەکەن، هەر چەند بە ڕێژەیەکی کەمیش بێت. ئەوان بانگەواز دەکەن کە لە زانکۆکان (نەک زانکۆی شوێنی خوێندنی خۆیان) هەندێ بابەت پێشکەش دەکەن، بنەماڵەکانی دیکە دەدوێنن و لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لە شەقام ناهاوسانان، دەچەسێننەوە بە پەرەپێدانی هەشتاگ «ئاسایی کردنەوە» وتوویێژ دەکەن.

ستراتیژی بزووتنەوەی ئاساییکردنەوە بە پێی پێناسەیەکە کە ناهاوسانان لە هەمبەر چاویلکەی بە نائاسایی زانین لە لایەن کۆمەڵگاوە لە خۆیانیان هەیە. ناهاوسانان بە نیازن پیشان بدەن کە لە پارامەترە قبوولکراوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا بوونیان هەیە. ئەم ئاساییکردنەوە بە هەوڵی زیاتری لزباین و گەیەکان بۆ مافی زیاتر، درێژە بە کاردانەوەکانی خۆی دەدات. ئامانج، گۆڕینی کۆمەڵگا تەنانەت لە سەر ئاستی یەک کەسییە.

کاردانـــەوەی ســـتراتیژی دیکـــە کـــە ئـــەویش لـــە ڕیـــزی چالاکییـــە کۆمەڵایەتییەکانـدا جێـی دەبێتـەوە، پێکهێنـانی کۆمەڵـەی هاوتـەریب بـۆ بەرەنگاربوونـەوە لـە دژی هاوڕەگـەزخوازدژیی و زەختـە کۆمەڵایەتییـەکانی ئێرانە. ئەندامانی ئەم جڤاتانە کە لە هەڵسەنگاندنی نـەرێنی و تارانـدن وەڕەز بوون لەگەڵ یەکتر هاودڵییـەکی زێـدەتریان هەیـە؛ چوونکـە هـەموویان لـە ژیانیاندا نیگەرانی تایبەتی هاوبەشیان هەیە. ناهاوسانانی چـالاک لـەم وردە کەلتوورانەدا دەتوانن لە کۆمەڵەی بچووکی نەبینراو، شوێنێک کە کەسێک بۆ کۆمەڵێ لە هاوڕێیان دەبێتـە کەسـایەتی دایـک یـان پـوور، بـژین. کۆمەڵـە هاوتەریبەکان، لایەنێکی بەربڵاو لە دەرفەتەکان بۆ تۆڕسازیی کۆمەڵایەتی بە ئامانجی قەرەبووکردنەوەی ئەو کەمایەسییانەی کە زۆرێک لە ناهاوسانان لـە بنەماڵە و ژیانی کۆمەڵایـەتی بـە ئـەزموونی دەکـەن، پێشکەشـی ئەنـدامان دەکەن. لەم کۆڕانەدا، کەسەکان هەستی دەروەستی کۆمەڵایـەتی، ئاگـاداری زیاتر لە مافە یاسایی و شـارۆمەندییەکان و متمانـە بـە خۆبـوونی زیـاتر بـۆ پاراستنی تەندروستی و خۆشبژێوی خۆیان بە ئەزموون دەکەنەوە. ئـەوان لـە ڕێگەی ئەم کۆمەڵە بچووکانەوە، پەیوەندیگەلێک ساز دەکـەن و سیسـتەمی پاڵپشتی بۆ خۆیان دەدۆزنەوە. زۆرێک لـەم کۆمەڵـە هاوتەریبانـە لـە وڵاتـی ئێران بە شێوەی ژێرزەوینی ئـیش دەکـەن، پانتـا ئـارام و پارێزراوەکـەیان زۆر شکێنەر و ناسکە. شایەنی ئاماژەیە کە ئەم جڤاتانە دەتوانن بە شـێوەی تـۆڕی کۆمەڵایەتییـەکان یـان کۆبوونـەوە بـن و هـەر کامیـان ڕێکـاری خۆیانیـان هەبێت. هەروەها لایـەنێکی بـەربڵاو لـە دەرفـەتی تۆڕسـازیی کۆمەڵایـەتی ئۆنلاین، هەڵبەت بە خۆپارێزییەوە، بوونیان هەیە.

لە کۆتاییدا داپەڕی ستراتیژانەی دیکە هی ئەو کەسانەیە کە بە پێچەوانەی ئەو پەنابەرانەی کە وڵات بە جێ دێڵن، دەرفەت یان بـواری مـاڵیی بـە جـێ هێشتنی زێـدی خۆیانیـان هەیـە. کەسـانی ناهاوسـان زۆر جـار بـە هـۆی خوێندن یان ئیش زێدی خۆیان بـە جـێ دێڵـن. زۆر جـار ئـەوان لـە شـارە گەورەکانی وەکوو تاران هەست بە ئازادییـەکی زێـدەتر دەکـەن. هەنـدێ بـە هۆی ترس لە ئاشکرابوونی شووناسی ڕەگەزییان لای بنەماڵـە، بڕیـار دەدەن لە شارێکی دیکە نیشتەجێ بن. بـۆ دابینکردنـی تێچـووی قورسـی ژیـانی سـەربەخۆ بـە بـێ هـیچ یارمەتییـەکی دەرەکـی، هەنـدێ جـار پێکـەوە لـە شوێنێکدا دەژین بۆ ئەوەی تێچووی ژیان بەڕێوە ببەن و ڕەنگە لـە پشـتیوانیی سۆزداریش سوودمەند بن. کێشەی ئەم چەشـنە پێکـەوە ژیانانـە ئەوەیـە کـە کەسەکان نە وەک بژاردە یان پێباشبوون بەڵکوو وەک تاکە ڕێگـە چـارە ڕوو دەکەنە ئەم شێوازی ژیانە. ئەگەر کەسێک دەرفەت یان بواری مـاڵی ئـەوتۆی نەبێ لە ڕووی ئابوورییەوە دەبێ لە شوێنێکدا بژی کـە شوونـاسـی ڕەگـەزیی پەنامەکی و هەستیار و شـاراوەیە و مـافی کـە لـە بنەڕەتـەوە نییـە، لـە لایـەن ژێدەرێکی توندئاژۆوە پێشێل دەکرێت.

شایەنی ئاماژەیە کە هاوڕەگەزخوازی لە بۆشاییدا بەدی نایـە و بێگومـان بـۆ کۆمـەڵگا لێکەوتـەی دەبێـت. هەنـدێ جـار دەرهاویشـتەکان بـە هـیچ چەشـنێک لـە بەرژەوەنـدی ناوەندگـەلێکی وەکـوو دەسـەڵات، ئـایین یـان پەروەردە نییە. بە فەرمی ناسرانی ناهاوسانان پێویستی بە گـۆڕینی ئاراسـتە و یاسایە. یاسای سزای ئێران کە لە دژی هاوڕەگەزخوازی ئاراستەی دوژمن- کارانەی کۆمەڵگا تۆکمە دەکا و یاساکانی هێشتا ناهاوسانان ناشیرین پیشـان

دەدەن، خۆی پەرە بە دەرهاویشتەی نەخوازراو دەدات. بێدەنگی و بە فـەرمی نەناسرانی ئـەم کەسـە خەسـارهەڵگرانە کـە هێشـتا بەردەوامـە، ڕاسـتییەکی دڵتەزێن و ناخهەژێنە.

**دیمانە لەگەڵکراوان**

چـارتی ژمـارە 1 جقـاکی ناهاوسـانان لـە شـارەکانی تـاران، مەشـهەد و ئێسـفەهان پیشـان دەدات. بـەم پێیـە، تـاران بـە چـوار هـەزار و 274 هاوڕەگەزخواز زیاترین ڕێژەی لە خۆ گرتووە و دواتر شاری مەشهەد بـە دوو هەزار و 466 و ئیسفەهان بە دوو هەزار و 171 کەس دێـن. بـە گشـتی لـە سەر ئاستی هەر سێ شارەکە 136 هاوڕەگەزخوازمان دواند. هـەر شـارێک پانتا و گرینگی خۆی هەبوو. ئەنجامەکان ئـەوە پیشـان دەدەن کـە لـە شـارە هەڵبژێردراوەکاندا ناهاوسانێکی زۆر بەدی دەکران بە جۆرێک کە دەتوانن لە وڵاتێکی وەکوو ئێران شووناسی خۆیان ئاشکرا بکەن، لە کۆڕە هاوبیرەکـانی خۆیاندا ئەم کارە دەکەن و سەربەستانە سەبارەت بە هۆگری سێکسییان قسـە دەکەن.

**1ـ ئەنجامی چەندایەتی توێژینەوە**

وەک پێشتریش پێداگری لە سەر کرا بە ئاوڕدانـەوە لـە ژیـانی پەنامـەکی ناهاوسانان و ترسی شیاوی تێگەیشتنی ئاشـکرابوونی شووناسـی ڕەگـەزی، ئەم توێژینەوە ناتوانێ لە سەدا سـەد ئیـدەعـا بکـا کـە حەشـیمەتی نموونـە، نوێنەری حەشیمەتی گشـتی ناهاوسـانانە. سـەرەڕای ئەمـە، هەنـدێ شـت دەرکەوت. ئەم توێژینەوانـە بـۆ وەدەسـت هێنـانی مەزەندەیـەک لـە ڕێـژەی هاوڕەگەزخوازان لە وڵاتی ئێران بە چڕبوونەوە لە سەر سێ کەڵانشاری تاران، مەشهەد و ئێسفەهان، تەکنیکی مەیـدانی و دیمانـەی ئامانجـداری بـە کـار هێناوە کە ئەنجامەکانی لە ژێرەوە دەخرێتە ڕوو:

ڕێژەی پتر لە 4 هەزار کەسی ناهاوسان تەنیا لە شاری تاراندا دەژین کە وەک پێشتریش وترا تا ڕادەیەک بە هۆی ئەم باوەڕەیە کە تاران کەمێک لیبراڵترە و کەسەکان بە هۆگری تایبەتەوە دەتوانن لەوێ پانتایەکیان بۆ خۆیان هەبێت. لە بەرانبەردا، نیوەی ئەم ڕێژە لە شارەکانی مەشهەد و ئێسفەهانن. شایەنی ئاماژە پێدانە کە ئەم ژمارە ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە شووناسی خۆیان ئاشکرا کردووە و بە جۆرێک ئەم شووناسە بۆ کۆمەڵگای ئەوان ناسراوە. بێگومان، ڕێژەیەکی بێژومار لە کەسەکان هەن کە وایان پێ باشترە کە شاراوە بن.

لە وڵاتی ئێران، سێ هێز کە هەڵسووکەوتی تاک ئاراستە دەکەن بریتین لە یاسا، ئایین و ڕێسا کە هەر سێکەیان لە دژی هاوڕەگەزخوازیین. ئەوان بە شێوەی جیا، بە کۆمەڵ و هاوکات ئیش دەکەن. کەواتە هاوڕەگەزخوازان لە وڵاتی ئێراندا ناتوانن هاوشێوەی ناهاوسانان لە وڵاتی دیکە شووناسی خۆیان ئاشکرا بکەن. سەرەڕای ئەمە، هێماگەلێک هەن کە پێوشوێنێک لە قبووڵکردنی هاوڕەگەزخوازی پیشان دەدەن؛ ئەوەی کە ئەم شێوازی ژیانە تایبەتە بە ڕەچاو گرتنی خۆپارێزی پتر لە جاران ڕووی لە گەشە کردنە. ئەم بابەتە هەتا ئەم ماوەی دواییش بۆ کۆمەڵگای ئێرانی نەناسراو بوو و هیچ لێکۆڵینەوەیەکی ورد لەم بارەوە ئەنجام نەدرا بوو؛ بە هۆی ئەوەی بەرپرسان وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی یان تەنانەت پرسێکی کۆمەڵایەتی لە بابەتەکە ناڕوانن کەواتە سەبارەت بە پەرەی ئەم پرسە داتایەک لە بەر دەست نییە. ڕوانگەیەکی وردتر بۆ بارودۆخی هاوسەرداری ئەوان پیشان دەدا کە هەموویان سەڵتن؛ چوونکە لە ڕەواڵەتدا هۆگری هاوسەرگیری و پێکهێنانی

بنەماڵە نین. ئەم کەسانە زیاتر گەنجانی 20 بۆ 31 ساڵەن کە لەگەڵ نزیـک بوونەوەیان لە تەمەنی 31 ساڵان ئەم ڕێژە دادەبەزێت. هەر بەم شێوە، ئاستی خوێندنی ناهاوسانان لە وڵاتی ئێران ڕاپۆرتە لەوەی کە کەسەکان بـە ئاسـتی خوێندنی باڵاتر هۆگرییەکی کەمتریان هەیە، لە حاڵێکـدا ئـەم ڕێـژە کـەمتر خولیای خوێندن لە ئاستی باڵان، لـە حاڵێکـدا ئـەم ڕێـژە لـە نـاو کەسـانی خاوەن بڕوانامەی دوایی بەتایبـەت لـە ئێسـفەهان لـە ئاسـتێکی بەرزدایـە و دەگاتە 40 لە سەد. هەروەها دەردەکەوێ کە بەدەر لە خوێندن، ناهاوسـانان لە هەموو چینەکاندا بوونیان هەیە.

ئەم توێژینەوە پێگەی ئابووری ـ کۆمەڵایـەتی ناهاوسـانان لـە ئێرانیشـدا شی دەکاتەوە. پێگـەی کۆمەڵایـەتی ـ ئـابووری نـە تـەنیا داهـات، بـەڵکوو سەرکەوتنی خوێندن، ئاسایشی ماڵی و تێگەیشتنی زەینی لـە پێگـە و چینـی کۆمەڵایەتی لە خۆ دەگرێت. ئەنجامەکان پیشاندەری هۆگری بۆ ناهاوسانی لەو بنەماڵانەدایە کە داهاتی مامناوەند و زۆریان هەیە، لـە حاڵێکدایـە چینـە نزمەکان تەنیا لە ئێسفەهان چالاک بوون. نزیکەی سەد لە سـەدی تاکـەکان دانیان پێدا نا کە لە کاتی پێگەیشتندا هۆگری خۆیانیـان قبـووڵ کردبـوو، لـە کاتێکـدا کـە قبـووڵکردنی بنەماڵـە لـەم شـارانەدا زۆر کەمـە. زۆربـەی ناهاوسانانی ئێرانی لە پەیوەندییەکانی خۆیاندا بنەمای تایبەت ڕەچاو دەکەن کە ئەم بابەتە لە ئێسفەهان و دواتر لە مەشهەد و تـاران زۆر بـەدی دەکرێـت. بەڵام کەسانێکیش هەن کە پەیوەندی ناسەقامگیر یان پەیوەندی بێژوماریان هەیە.


لە شاری مەشهەد بەراوردی پەیوەندی سەقامگیر لەگـەڵ پەیوەنـدی بـێ

ژومار پەنجا پەنجایە. ئەم توێژینەوە دروستبوونی ئاسەوارەکانی خـەمۆکی و خۆکوژی ناهاوسانانی بۆ دەرکـەوت کـە دەگەڕێتـەوە بـۆ ململانـێ و کێشـە دەروونییەکان. ئەگەری ئەزموونی نیگەرانی دەروونی لـە نـاو لزبایەنـەکان بـە بەراورد لەگەڵ ژنانی دیترەگەزخواز زۆرە. ئەم ڕێژە لە مەشهەد لـە ئاسـتێکی بەرزدایە و نزیکەی 50 لە سەد، لە ئێسفەهان 40 لە سەد و لە تاران 35 لـە سەد بوو.

## 1-2ـ هۆگری سێکسی

چـــارتی ژمـــارە 2 پیشـــاندەری پەرەســـەندنی لزباینـــەکان، گـــەی و دووڕەگەزخواز لە حەشیمەتە نموونەکانی تاران، مەشـهەد و ئێسـفەهانە. لـە تاران باوبوون بەم شێوەیە: لزباینەکان 35 لە سەد، گەیەکان 37.5 لە سەد و دووڕەگەزخوازان 27.5 لە سەد. ئەم ڕێژانە لە شاری مەشـهەد بـەم شـێوەیە: لزباینەکان 22.7 لە سـەد، گەیـەکان 45.5 لـە سـەد و دووڕەگـەزخوازان 31.9 لە سەد و لە ئیسفەهان بریتییە لە: لزباینەکان 20 لە سـەد، گەیـەکان 55 لە سەد و دووڕەگەزخوازان 25 لە سەد. ئەم چارتانە پیشان دەدەن کە لـە سەر ئاستی هەر سێ شارەکە ڕێژەی گەیەکان لە لزباین و دووڕەگەزخوازەکان زیاترە. ڕێژەی 35 لە سەدی لزباینەکان لە تاران پیشاندەری ئاسـتی ئـازادی ڕێژەیی ئەوان لە مەشهەد و ئێسفەهانە.


چارتی ژمارە 1: باوبوونی هۆگرییە سێکسییەکان لە حەشیمەتی نموونە





## 2ـ2ـ دۆخی هاوسەرداریێتی

چارتی ژمارە 3 دۆخی هاوسەرداریێتی حەشیمەتی ئامانج لە سەر ئاستی هەر سێ شاری تاران، مەشهەد و ئێسفەهان پیشان دەدات. سەد لە سەدی حەشیمەتی نموونە سەڵتن. بە زۆر هۆکار، ژنان و پیاوانی هاوڕەگەزخواز لەوانەیە پەیوەندیی لەگەڵ ڕەگەزی بەرانبەر دەست پێ بکەن. یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکان پێکهێنانی بنەماڵە بایەخی نەریتییەکەیەتی. بە گوێرەی ئەم چارتە، هەر ئەم حەشیمەتە هیچ هۆیەک بۆ چوونە ناو پرۆسەی هاوسەرگیری و ژیانی خێزانی بە شێوەی نەریتیی، ئایینی و یاسایی شک نابات. سەرەڕای ئەمە، سەرباری ملکەجێتی بۆ داخوازی بنەماڵە و کۆمەڵگا، بە هۆی زەختی سێکسی و شووناسی کە دەکرێتە سەر هاوبەشی هاوڕەگەزخواز هەر هاوسەرگیرییەک بەم شووناسە تێک دەدات. تەنیا

ڕێژەیەکی زۆر کەمی ئەم هاوسەرگیرییانە بەردەوامن.




چارتی ژمارە 3: ڕێژەی گرووپە تەمەنییەکان لە حەشیمەتی نموونە





چارتی ژمارە 2: ڕێژەی هاوسەرداریێتی لە حەشیمەتی نموونە

2-4، تەمەن

چارتی ژمارە 4 لایەنی تەمەنی هاوڕەگەزخوازان لە تاران، مەشهەد و ئێسفەهان پیشان دەدات. بە گوێرەی ئەم چارتە لە تاران 30 لە سەدی هاوڕەگەزخوازان ژێر تەمەنی 20

ساڵ و 60 لە سەدی ئەوان نێوان 20 بۆ 31 ساڵ و 10 لە سەد ژوور تەمەنی 31 ساڵ بوون. لە مەشهەد 27.4 لە سەد ژێر تەمەنی 20 ساڵ، 54.5 لە سەد نێوان 21 بۆ 30 ساڵ و 18.1 لە سەد ژوور تەمەنی 31 ساڵانن. لە شاری ئێسفەهان ئەم ڕێژە بە ڕیز 30 لە سەد، 50 لە سەد و 7 لە سەدن. ئەنجامەکان ئەوە پیشان دەدەن کە هاوڕەگەزخوازان لەم حەشیمەتە نموونەییەدا پتر لە تەمەنی 20 بۆ 31 ساڵانن. دەتوانین کەم بوونەوەی بەرچاو لە گرووپی سی ساڵانەکاندا بەدی بکەین.

## 5ـ2ـ ئاستی خوێندەواری





چارتی ژمارە 5: ڕێژەی ئاستی خوێندەواری لە حەشیمەتی نموونە

چارتی ژمارە 5 ئاستی خوێندەواری هاوڕەگەزخوازان لە تاران، مەشهەد و ئێسفەهان پیشان دەدات. لە تاران 12.5 لە سەد هاوڕەگەزخوازان بڕوانامەی باڵایان نەبوو. 7.5 لە سەدیان پێشزانکۆیان تەواو کردبوو

(دواناوەنـدی)، 30 لـە سـەد بڕوانامـەی بکالۆریۆسـیان هـەبوو و 7.5 لـە سەدیان هەڵگری بڕوانامەی باڵا بوون. لە مەشهەد ئەم ڕێژە بە ڕیز 36.5 لـە سەد، 9 لە سەد، 36.5 لە سەد و 18 لە سەدە و لە ئێسفەهان 45 لـە سـەد دیپلۆمیان نییە. 40 لە سـەد هـەڵگری بڕوانامـەی دیپلـۆمن و 15 لـە سـەد خوێندنی زانکۆیان هەیە. بە گـوێرەی تیـۆری وردە کـەلتوورەکان لـە ڕووی کارکردیی، دەتوانین لە نێوان چینە نزمەکانی کۆمەڵگا بە ئاستی خوێندەواری کەمەوە ناهاوئاهەنگی بەدی بکەین. بەڵام بە پێی هیلکاری، دەتوانین بڵێـین کە پێدەچێت هۆگری سێکسی کەسێک گرێـدراو بـە ئاسـتی خوێنـدەواری ئـەوەوە نییـە. دەتـوانین لـە کەسـانی نەخوێنـدەوار، کەسـێک بـە ئاسـتی خوێنـــدەواری کـــەم و کەســـێک بـــە بڕوانامـــەی بـــاڵای خوێندنـــەوە هاوڕەگەزخوازی بەدی بکەین. چارت پیشان دەدا کە زۆربەی ئەو کەسـانەی کـە خـاوەن بڕوانامـەی دیپلـۆم و بڕوانامـەی بکالۆریۆسـن، بەتایبـەت لـە ئێسفەهان، هۆگری هاوڕەگەزخوازانەیان هەیە.

## 6-2، پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابووری




چارتی ژمارە 5: ئاستی پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە حەشیمەتی نموونە


چـــارتی ژمـــارە 6 پەیوەســـتە بـــە پێگـــەی کۆمەڵا یـــەتی ـ ئـــابووریی هاوڕەگەزخوازان لە تاران، مەشهەد و ئێسـفەهان. لـە تـاران 80 لـە سـەدی هاوڕەگەزخوازان لە چینی مامناوەند و 20 لە سەد لە چینـی خوداپێـداودان. لە مەشهەد 50 لە سەدیان لە چینی مامناوەند و 50 لـە سـەدیان لـە چینـی خوداپێداون.

لـە ئیسـفەهان، 20 لـە سـەدی هاوڕەگـەزخوازان لـە لایـەنی پێگـەی کۆمەڵایەتی-ئابووریی نزمتر، 55 لە سەد لە چینی مامناوەند و 25 لە سـەد لە گرووپی بەرزتردان. کۆهێن لە کتێبەکەی خۆیدا لـە ژێـر نـاوی «کـوڕانی تاوانبار» (1995) دەڵێ کوڕان بە پێگەی کۆمەڵا یـەتی-ئـابووری نزمتـرەوە ناڕازی و بێهیـوان. ئـەوان هاوئاراسـتە لەگـەڵ کەسـانی خـاوەن مێژوویـی ئابووریی هاوشێوە زۆر جار گرووپگەلێک پێک دێنن بۆ ئەوەی پەرە بـە وردە کەلتوورەکان بـدەن کـە دژی نـۆرمی چینـە مامناوەنـد و سـەرترەکانە. هـە-

ڵسووکەوتی ئەوان زۆر جار دژی ئەو شتەیە کە کۆمەڵگا وەک هەڵسووکەوتێکی شیاوی قبووڵکردن سەیریان دەکات؛ بەڵام بە پێچەوانەی ئەوەی کۆهێن دەیڵێ، ئەنجامی توێژینەوەکان دەریدەخا کە پەیوەندی سێکسی ئەگەر لە ئاراستەی هەڵسووکەوتی گشتی نەبێ، لە چوارچێوەی چینی مامناوەند و سەرتردا بەدی دەکرێت.




## 7-2، ئاراستەی کۆمەڵگا




چارتی ژمارە 7: ڕێژەی کەڵکاوەژوویی منداڵی لە حەشیمەتی نموونە

چارتی ژمارە 7 ڕێژەی کـەڵکاوەژوویی تـافی منـداڵی لـە حەشـیمەتی نموونە پیشـان دەدات. لـە بنەڕەتـەوە ئێمـە بـە نیـاز بـووین لـە کاریگـەری کەڵکاوەژوویی لە کاتی منداڵی بەتایبەت دەسـتدرێژی لـە تـافی منـداڵی و لەوەی کە ئایا ئـەم بابەتـە دەبێتـە هـۆی هاوڕەگـەزخوازی یـان نـا و یـان لـە هاوڕەگەزخوازیدا بوونی هەیە یان نا، دڵنیا ببینەوە.


بە پێی چارت، 7.5 لە سـەدی هاوڕەگـەزخوازان لـە تـاران و 16.6 لـە سەدیان لە مەشـهەد و 4.8 سـەدیـان لـە ئیسـفەهـان لـە هـەڕەتی منداڵیـدا دەستدرێژی کراوەتە سەریان. ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لە سەر دەوری بنەماڵە و ژینگەی منداڵی چڕ ببوونەوە هەوڵیان دا هاوڕەگەزخوازی وەک دیاردەیـەکی گرێدراو بە سۆز و قۆناغەکانی گەشە و گووران پیشـان بـدەن.[1] بـە گـوێرەی تیۆری زەختی گشتی ڕابێرت ئێگنیۆ ئەوانەی زەخت و گووشاریان لە سەرە بە شێوەیەک هەڵسووکەوت دەکەن کە بۆ نۆرم و یاساکانی کۆمـەڵگا قبـووڵکراو نییە. ئێگنیۆ دەڵێ پەیوەندی سێکسی نەرێنی لە تاکدا دەبێتە هۆی سـۆزداری نەرێنی ئینجا دەگاتە هەڵسـووکەوتـی خـراپ و لادان. پەیوەنـدی سێکسـی نەرێنی بریتییە لەو پەیوەندییە سێکسییانەی کە بەها پیرۆزەکانی وەکوو پـاکی و داوێنپـاکی لــە کەســەکە وەردەگــرێ یــان شــتێکی ئــازاردەری وەکــوو دەستدرێژی بـە سـەردا دەسـەپێنێت.[2] ئـەزموونی دیـاردەی نـەرێنی وەکـوو دەستدرێژی لە تافی منداڵی یەکێک لەو هۆکارانەیە کە دەبێتـە هـۆی ئـەوەی

1. Agnew, Robert, and Helene Raskin White. 1992. “An Empirical Test of General Strain Theory.” Criminology 30(4): 475-499.
2. Agnew, Robert, and Helene Raskin White. 1992. “An Empirical Test of General Strain Theory.” Criminology 30(4): 475-499.

کەسەکە بەرەو لادانی کۆمەڵایـەتی، هاوڕەگـەزخوازی و دەسـتدرێژی وەک ئامرازێک بۆ دەربڕینی توندوتیژی خۆی مل بنێت. کە واتـە کـەڵکاوەژوویی لە کاتی منداڵی چی هۆکارێکی دەروونی بێ یان نەبێ، کە دەتوانێ هـۆگری هاوڕەگەزخوازانـەی لـە مێرمنداڵیـدا لـێ بکەوێتـەوە، دەبـێ زیـاتر تـاوتوێ بکرێت؛ بەڵام ئەم توێژینەوە پیشان دەدا کە دەتوانێ خۆی فاکتەرێک بێت.

**2-8، ڕەهەنـــــــــدی**

**ئەخلاقی هاوڕەگەزخوازی**




چارتی ژمارە 7: ڕێژەی بۆچوونی دیمانە لەگەڵکراوان بە بەراورد لەگەڵ ڕەهەندی ئەخلاقی هاوڕەگەزخوازی


چارتی ژمارە 8 پیشاندەری ڕا و بۆچوونی حەشیمەتی ئامانج بە بـەراورد لەگەڵ ڕەهەندی ئەخلاقی هاوڕەگەزخوازییە. 82.8 لە سەد لە تاران، 66 لە سەد لە مەشهەد و 71.5 لە سەدی لە ئیسفەهان لەو بۆچوونـەدا بـوون کـە هاوڕەگەزخوازی دیاردەیەکی ئاسایی و سرووشتییە. لە سیستەمی ئـەخلاقی و یاسایی پێش‌مـۆدێرن، کـردەوەی سێکسـی زۆر جـار تـەنیا وەک ئـامرازی

زاوزێ و وەک گرینگترین کارکردەکەی سەیر دەکرا، هەر چەشـنە کـردەوەی سێکسی کە زاوزێی لێ نەکەوێتەوە، بە نائەخلاقی لێـی دەڕوانـرا. بـۆ وێنـە، خۆڕەحەتکردن و پەیوەندیی کۆمی لەگەڵ ئافرەتان، بە کارهێنانی کەرەسەی بەرگیری و پەیوەندی سێکسی لەگەڵ کەسانی هاوڕەگەز بە نائـەخلاقی و لـە ڕوانگەی ئایینییەوە بە گوناح دەهاتە هەژمار. کە واتە ڕێـژەی زۆرتـری زکوزا بۆ مانەوەی حەشیمەت، بەرگری لە کۆمەڵگا و ئابووریی هۆزەکان پێویسـت بوو. ئەم پێویسـتییە لـە سیسـتەمی نـۆرمی کۆمـەڵگا بـە شـێوەی سـزادان و سەرکۆنەی هەر چەشنە کردەوەی سێکسی خـۆی دەنوانـد کـە زکوزای لـێ نەدەکەوتەوە.

لـە بەرانبـەری سـەردەمی مـۆدێڕن، سـەردەمی تەقینـەوەی حەشـیمەتی مرۆییە. مامناوەندی هیوا بە ژیـان بـەرز بووەتـەوە و دەوری هێـزی فیزیـایی مرۆڤ لە کاروباری سەربازیی و ئابووری زۆر کاڵ بۆتەوە. ڕێـژەی منـداڵ-خستنەوەش لە ڕێژەی مـردن زیـاترە. کەواتـە ئـەورۆ زکوزا چیتـر چـاکی و ئامانجی کۆتایی پەیوەندی سێکسـی نییـە و ئـەم ئامـانجی زکوزایـە بـەرەو چێژبردن و نزیکیکردن گۆڕانی بـە سـەردا هـاتووە. ئـەم گۆڕانـە خـۆی لـە سیسـتەمی نـۆرمی دنیـای مـۆدێڕن، شـوێنێک پیشـان دەدا کـە پەیوەنـدی سێکسی بە بێ منداڵخستنەوە هیچ کێشەیەکی تێدا نییە؛ لانیکەم ئەم ئاراستە ئێسـتا جێـی گومانـە. کەواتـە، ئێسـتا هاوڕەگـەزخوازی لـە زۆر ڕووەوە بـە سرووشـتیی لـە قەڵـەم دەدرێـت. ئـەم ڕوانگـە ئەخلاقییـە لـە لایـەن فەیلەسـووفانەوە خرایـە بـەر بـاس، لـە حاڵێکـدا لێکەوتـەی تەندروسـتی و ناکارامەییەکانی هاوڕەگەزخوازی بەدی نەکراوە. بەڵام، ئەم ڕوانگە نوێیـە لـە

لایەن ئەو هاوڕەگەزخوازانەوە زۆر پێشوازی لێ دەکرێ کە پێیان وایە عەشقی ڕۆمانسی و چێژ گەوهەری سەرەکیی پەیوەندییەکانی جیهانی مۆدێرنن. لەم ساڵانەی دواییدا، ڕوانگەکان سەبارەت بە هاوڕەگەزخوازی لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی بوار کراوەتەوە و وێنەی ئەرێنی لە ڕۆژنامەکان، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و میدیاکاندا زیاتر پەرەی سەندووە.

## 2-9، شووناس و قبووڵکردن




چارتی ژمارە 9: ئاستی ئاگاداری و قبووڵکردنی هاوڕەگەزخوازی لە لایەن تاک و بنەماڵە

خۆتێگەیشتنی کەسانی ناهاوسان لە هۆگری سێکسی یان شووناسی ڕەگەزێتی خۆیان ململانێکی گرینگە بۆ ئەوان و بۆ کۆمەڵگای ئێرانی. چارتی ژمارە 9 ڕێژەی هاوڕەگەزخوازانێک پیشان دەدا کە لە ماوەی پێگەیشتندا بە هۆگری سێکسی خۆیان زانیوە و وەک شووناسی ڕەگەزیی خۆیان قبووڵیان کردووە. هەروەها پیشان دەدا کە بنەماڵەکان لە سەر ئاستی هەر سێ شاری تاران، مەشهەد و ئیسفەهان لە هاوڕەگەزخوازی ئاگادار بوون و

قبوولّیان کرد. لە شاری تاران 78.6 لە سەد، لە شـاری مەشـهەد 66.6 لـە سەد و لە ئێسفەهان 91.03 لە سەدی وڵامدەران دانیان پێدا نا کە لە ماوەی پێگـەیشـتنیاندا لـە هـۆگری سێکسـی خۆیـان ئاگـادار بـوون. لـە ڕووی قبووڵکردنی هۆگریی سێکسی خۆیان، 92.8 لە سەدی وڵامدەران لە تاران و 98.1 لە سەدیان لە شاری مەشهەد و ئیسفەهان وتیان هاوڕەگەزخوازییان وەک هۆگری سێکسی خۆیان قبووڵ کردووە. بە گوێرەی چارتی سەرەوە، لـە تاران 42.9 لە سەد، لە مەشـهەد 50 لـە سـەد و لـە ئێسـفەهان 40.8 لـە سەدی تاکەکان وتیان بنەماڵەکانیان لە هـۆگری سێکسـییان ئاگـادار بـوون و 14.28 لە سەدیان لە تاران و 16.6 لە سەدیان لە مەشهەد و 7.8 لە سـە-دیان لە ئیسفەهان شووناسی ڕەگەزی ڕۆڵەکانی خۆیانیان قبووڵ کردووە.




وینە ی ژمارە 9: ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە دۆستایەتی و پەیوەندی لەگەڵ هاوڕەگەزخوازان

سازدانی پەیوەندی لەگەڵ دایک و باوکەکان لە لایەن زۆربەی وڵامدەران بە گرفت پێناسە کرا. وەک لە چارتدا دەرکەوت، لە نێوان 40 لە سەد هەتا 50 لە سەدی کەسەکان باسیان لە ئاگادار کردنەوەی دایک و باوکیان لە هۆگری سێکسی خۆیان کرد. سەرەڕای ئەمە، ڕێژەی قبووڵکردن تا ڕادەیەک کەم و لە نێوان 14 لە سەد بۆ 16 لە سەد لە شاری تاران و مەشهەد بوو و لە ئێسفەهان ئەم ڕێژە نزیکەی هەشت لە سەد بوو. زۆرینەی بنەماڵە ئێرانییەکان

لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە کۆنسێرڤاتیڤن و ئەستەمە بەم باوەڕە وەفادار بن. ئەوان تەنانەت ئەگەر لە هۆگری سێکسی منداڵەکەیان بە ئاگا بن، هەمیشە داوایان لێ دەکەن بەشێک لە شووناسی خۆیان لەگەڵ ئەندامانی دیکەی بنەماڵە و ئەندامانی کۆمەڵگا نەخەنە بەر باس.

### 2ـ10، تۆڕسازی کۆمەڵایەتی


چوارچێوەی گەشەی شووناسی ناهاوسانان هماک (2005) پیشان دەدا کە فاکتەرە کەلتوورییەکانی وەکوو میدیا لەوانەیە لە سەر بوارە گرینگەکانی وەکوو دەروونناسی خۆوازانینی تاک کاریگەری دادەنێت.[1] چارتی ژمارە 10 پەرە سەندنی هاوڕەگەزخوازانە پیشان دەدا کە لە ڕێگەی ئاڵوگۆڕی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پێکەوە ئاشنا بوون. بە گوێرەی خشتەکەی سەرەوە، 64.3 لە سەدی کەسەکان لە تاران و 57.3 لە سەدیان لە ئیسفەهان لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و لە کاتی وتوویژ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پەیان بە شووناسی خۆیان بردووە. هەروەها 71.4 لە سەدی حەشیمەتی نموونە لە تاران، 33.3 لە سەدیان لە مەشهەد و 91.7 لە سەدیان لە ئیسفەهان لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ کەسانێک بە هۆگریی سێکسی هاوشێوە بوون بە هاوڕێ. 35.7 لە سەدی هاوڕەگەزخوازان لە تاران، 83.3 لە مەشهەد و 58.9 لە سەدیان لە

1. Hammack, P. L. 2005. The life course development of human sexual orientation: An integrative paradigm. Human Development, 48: 267–290.

ئیسفەهان ڕازی بەم دۆستایەتییانە بوون. وەک لە چارتدا دەبینرا، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە گەشەی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیی پتەوتر لە نێوان هاوڕەگەزخوازان لە تاران، مەشهەد و ئیسفەهان دەورێکی گرینگیان هەیە. لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە، گرینگترین ئامرازەکانی پشتیوانی لە هاوڕەگەزخوازان پانتایەکی وەکوو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و دۆستانی هاوڕەگەزخوازە. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندیی نێوان هاوڕەگەزخوازان ئاسان و خێرا دەکەنەوە. ئێدڤین ساترلەند لە تیۆریی ئەنجومەنی دابڕان دەڵێ نائاساییترین هەڵسووکەوتەکان لە گرووپە سەرەتاییەکانی وەکوو بازنەی دۆستان فێر دەکرێن.[1] لەم ئاستی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتییە، ساترلەند دەڵێ وەک چۆن تاکەکان ملکەجی یاساکانن، فێر دەبن کە نائاسایی بن. تاکەکان هەڵسووکەوتی نائاسایی لە ڕێگەی پرۆسەی پەیوەندی سازکردن و هەڵسووکەوت لەگەڵ دیتران فێر دەبن. بە گوێرەی بۆچوونی ساترلەند، پەیوەندیی دۆستانە و گرووپی کە لە نێوان هاوڕەگەزخوازان لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بیچم دەگرن و ڕوویان لە هەڵکشانە، شیاوی فێر بوونن. کەسەکان دەچنە ناو گرووپە هاوڕەگەزخوازەکانەوە، سەبارەت بە شووناسی هاوڕەگەزخوازی فێر دەبن و دەروونی دەکەنەوە.

## 2ـ11، پەیوەندییەکان

1. Sutherland, E.H., Cressey, D.R. and Luckenbill, D., 1995. The theory of differential association. Deviance: a symbolic interactionist approach. General Hall, Lanham, pp.64-68.




چارتی ژمارە 11: ڕێژە جیاوازەکانی پەیوەندی هاوڕەگەزخوازانە لە حەشیمەتی نموونە

چارتی ژمارە 11 پەرە سەندنی پەیوەندییە دیارەکان، هەمیشەیی یان کاتی لە ناو ناهاوسانان لە تاران، مەشهەد و ئێسفەهان پیشان دەدا و بە گوێرەی ئەم چارتە، 14.3 لە سەدی هاوڕەگەزخوازان لە تاران، 52.3 لە سەدیان لە مەشهەد و 44.8 لە سەدیان لە ئێسفەهان پەیوەندی سێکسی ناڕوونی زۆریان هەیە. بەڵام 42.85 لە سەدیان لە تاران، 51.9 لە سەدیان لە مەشهەد و 46.5 لە سەدیان لە ئیسفەهانیش پەیوەندیی هەمیشەییان هەبوو. هەروەها 52.3 لە سەدی ئەوان لە تاران، 66.6 لە سەدی ئەوان لە مەشهەد و 80.2 لە سەدیان لە سەر هەندێ لە پەیوەندییەکانی خۆیان سوور بوون.




I am 24, from Tabriz. I want a buddy, No a brother. Younger than me. I am the only child and not into sex and loose behaviors. I own one of the swimming pools in Tabriz. After we know each other I would say bro, PV only. Tabriz, Tabriz, Tabriz, Tabriz, Tabriz, Tabriz, Tabriz

***


Hi. I am Amir. 28. from Qom. I am top or an inserter. I am big. My look is manly. I am hairy. No place. If there is an insertee from Qom and around who is fine with my conditions, with a photo

پلامر بـاس لـە چـوار جـۆر هاوڕەگـەزخوازی لـە کـەلتووری مـۆدێرنی ڕۆژئاوایی دەکـا: هاوڕەگـەزخوازی جارنـەجار کـە ڕووبەڕووبوونەوەیـەکی کورتخایەنە و زیاتر پێکهاتەی ژیانی سێکسی تاک پێک نـاهێنێ و وەکـوو عەشـــقی کـــوڕانی قوتابخانەیـــە.[1] جـــۆرێکی دیکـــەی هاوڕەگـــەزخوازی چالاکییەکانی پێگەیەکە کە ئاماژە بـە هەلومـەرجێک دەکـا کـە بـە شـێوەی بەردەوام تێیدا کردەوەی هاوڕەگەزخوازانە ئەنجام دەدرێ بەڵام نابنـە پێباشـی

1. Plummer, K. ed., 2002. Modern homosexualities: fragments of lesbian and gay experiences. Routledge

سەرەکی کەسەکە. لە شوێنگەلێکی وەکوو کەمپەکانی سوپا کە پیاوان بە بێ ژن دەژین، وەها هەڵسووکەوتگەلێک باوە. هاوڕەگەزخوازی نهێنی-کراو ئاماژە بەو کەسانە دەکا کە چالاکیی هاوڕەگەزخوازانەیان بە لاوە پێ باشترە بەڵام لەو گرووپانە دوورە پەرێزن وا ئەم کارە زۆر بە ئاسانی بە لایانەوە قبووڵ کراوە. لێرەدا، هاوڕەگەزخوازی کردەوەیەکی پەنامەکییە کە لە هاوڕێ و هاوکاران دەشاردرێتەوە. هاوڕەگەزخوازی وەک شێوازی ژیان، کەسانێک دەگرێتەوە کە شووناسی خۆیان درکاندووە و بۆ ئەوان پەیوەندی لەگەڵ کەسانێک بە هۆگری سێکسی هاوشێوە بەشی گرینگی ژیانە. کاتێک سەیری چارتی ژمارە 11 دەکەین، دەبینین کە لە چوارچێوەی چوار جۆر هاوڕەگەزخوازی پلامێر، زۆرینەی هاوڕەگەزخوازان لە تاران، مەشهەد و ئێسفەهان لە ڕیزی هاوڕەگەزخوازی نهێنی و هاوڕەگەزخوازی وەکوو ڕێگەی ژیاندان.

## 2_12، توندوتیژی و هەڵاواردن





چارتی ژمارە 11. ڕێژەی توندوتیژی و هەڵاواردن لە دژی هاوڕەگەزخوازان

چارتی ژمارە 12 ڕێژەی توندوتیژی، هەڵاواردن و سووکایەتی داسەپێنراو بە سەر هاوڕەگەزخوازان لە تاران، مەشهەد و ئیسفەهان پیشان دەدات. بە گوێرەی ئەم چارتە، زیاترین ڕێژەی توندوتیژی و هەڵاواردن لە مەشهەد (80 لە سەد) و ئینجا لە ئێسفەهان (66.6 لە سەد) و تاران (17.1 لە سەد) ڕوو دەدات. لە چاو تاران، مەشهەد و ئیسفەهان نەریتیخوازتر و ئایینیترن؛ کەواتە هاوڕەگەزخوازی بە لادان و نانۆرمی دەزانن. هیچ سەیر نییە کە ئەم دوو شارە ڕێژەیەکی زۆر لە توندوتیژی لە دژی هاوڕەگەزخوازان پیشان دەدەن.

بەرهەڵستکارانی هاوڕەگەزخوازی، ئەوە بە گەندەڵی ئەخلاقی یان بابەتێکی ناسرووشتی لە قەڵەم دەدەن. هاوڕەگەزخوازدژیی و ناولێنان لەم کۆمەڵگایانەدا هۆکارە سەرەکییەکانی توندوتیژی و هەڵاواردنن. لە کۆمەڵگای ئێران، هاوڕەگەزخوازی بە پێی یاسا شیاوی سزاگەلی وەکوو سێدارە و قەمچییە. لە ڕەهەندی ئایینییەوە، ئەم بابەتە شیاوی قبووڵکردن نییە و هەڵسووکەوتێکی نانۆرمییە. بەو پێیەی کە هاوڕەگەزخوازی وەک ناهاوئاهەنگی کۆمەڵایەتی و وەک لەقەمێک سەیر دەکرێ، زۆر کەس لەو بڕوایەدان کە هاوڕەگەزخوازان شایەنی توندوتیژی و هەڵاواردنن.

ئەگەرچی ڕوانگەی زۆربەی گەنجەکان بەم بابەتە نەرم و مۆدێڕنترە بەڵام بە گشتی، کۆی خەڵک هاوڕەگەزخوازی بە هەڕەشەیەک بۆ سەر تەندروستی ئەخلاقیی کۆمەڵایەتی دەزانن. هێرشی توند لە دژی هاوڕەگەزخوازان و کوشتن بەردەوامە و زۆرێک لە ناهاوسانان هێرش کردنە سەر هاوڕەگەزخوازان بە پێی یاسا دەخەنە ڕیزی تاوانی بە هۆی بێزارییەوە.

## 2ـ13، باوەڕە ئایینییەکان




چارتی ژمارە 13: ڕێژەی باوەڕە ئایینییەکان لە حەشیمەتی نموونە

چارتی ژمارە 13 پیشاندەری باوبوونی باوەڕە ئایینییەکان لە ناو ئەم حەشیمەتە لە تاران، مەشهەد و ئێسفەهانە. بە گوێرەی ئەم چارتە، 14.28 لە سەدی هاوڕەگەزخوازان لە تاران، 33.3 لە سەدیان لە مەشهەد و 20.7 لە سەد لە ئێسفەهان باوەڕیان بە چەمکگەلی ئایینی وەکوو خودا و نوێژ و ڕۆژوو هەبوو. ئەم داتایانە پیشان دەدەن کە هاوڕەگەزخوازان لە شاری مەشهەد باوەڕی ئایینی بەهێزتریان هەیە؛ چوونکە پەروەردە و بە کۆمەڵایەتی بوونیان لە ژێر سێبەری ئایین لەم شارەدا باوترە. ئێسفەهان و تاران مۆدێڕنترن و باوەڕی ئایینی لەواندا کاڵترە. هەروەها کە پێشتریش باس کرا، باوەڕی زۆرێک لە دیترەگەزخوازان بە بابەتگەلی دینی، وەکوو خەڵکی دیکە، نە-ریتییە و گونجاوە کە لە ڕێوڕەسمە ئایینییە تایبەتەکان وەک ڕۆژی عاشوورا بەشداری بکەن.


## 2_14، خەمۆکی و خۆکوژی




چارتی ژمارە 14: ڕێژەی خەمۆکی و خۆکوژی لە حەشیمەتی نموونە

چارتی ژمارە 14 پیشاندەری خەمۆکی و خۆکوژی لە نـاو هاوڕەگـەزخوازان لە تاران، مەشهەد و ئێسفەهانە. تاران بە 35.7 لە سەد، ئێسفەهان بە 39.5 لە سەد و مەشهەد بە 51.3 لە سەدی حاڵەتەکانی خۆکوژی پیشان دەدرێن. ئەم ژمارانە پێمان دەڵێن کە بە هۆی باوبوونی بەها نەریتییـەکان و زەختـەکان لـە مەشـهەد و لـە ئەنجامـدا ڕێـژەی سـەرتری تونـدوتیژی و هـەڵاواردن، خۆکوژی لە ناو هاوڕەگەزخوازانی ئەم شارە زیاترە. ئەستەمە بتوانین بڵێین کە ئامارەکان لەمە زیاتر نییە چوونکـە زۆرێـک لـە دیمانـەلـەگـەڵکـراوان ئـەو متمانەیان نەبوو کە بابەتە تایبەتەکانی ژیانی خۆیان لەگەڵ توێژەر باس بکە- ن و بە دڵنیاییەوە خۆکوژی بە هۆی مۆری داڕزان وگومانی لاواز بـوون، لـەم بابەتە هەستیارانە ئەژمار دەکرێت.

## 2ـ15، تێبینییە تەندروستییەکان




چارتی ژمارە 15: ڕێژەی هاوڕەگەزخوازانێک کە تێبینییە تەندروستییە سێکسییەکان لە حەشیمەتی نموونەدا ڕەچاو دەکەن.

چارتی ژمارە 15 ڕێژەی هاوڕەگەزخوازانێک پیشان دەدا کە پەیوەندی سێکسی پارێزراو لە پەیوەندییەکانی خۆیاندا ڕەچاو دەکەن. لە کۆمەڵگا زۆر کەس ئامادە کاری بۆ پاراستنی خۆ لە هەمبەر مەترسییە تەندروستییەکان ڕەچاو ناکەن. لە مەشهەد 83.3 لە سەد، لە تاران 71.4 لە سەد و لە ئێسفەهان 58.3 لە سەدی هاوڕەگەزخوازان بابەتە تەندروستییەکان ڕەچاو ناکەن. ئەم ڕێژە لە حەشیمەتی نموونەی هەر سێ شارەکەدا ژوور 50 لە سەدە کە پیشاندەری ناوشیارییەکی زۆر لە ناو گەی، لزبایین و دووڕەگەزخوازان سەبارەت بەم بابەتەیە.

# بەشی 6 : پاڕادایمە لە حاڵی گۆڕانە جیهانییەکان و ڕێگەی داهاتوو

**بابەتەکان:**

- گۆڕانی پاڕادایمە جیهانییەکان و ڕێگەی داهاتوو
- گۆڕانی پاڕادایمە ناهاوسانییەکان
- لە وڵاتانی ئیسلامیدا چی ڕوو دەدا؟
- ڕوانینێک بۆ داهاتوو
- دەرئەنجام

## پاڕادایمە لە حاڵی گۆڕانە جیهانییەکان و ڕێگەی داهاتوو

هـــەر گـــۆڕانێکی گـــەورە دژواری خـــۆی هەیـــە و وردە وردە ڕوو دەدات. چاوخشاندنێک لە مێژوو ئەم بابەتە پشتڕاست دەکاتەوە. سەیری ئەو ســاڵانە بکەن کە درێژەی کێشا بۆ ئەوەی ڕێکاری ئاماری و لێکدانەوەی ئەنجومـەنی دەروونناســانی ئـەمریکا (DSM) تـوانی هەڵوێسـتی خـۆی بەرانبـەر بـە هاوڕەگـەزخوازی، وەک نەخۆشـییەکی دەروونـی، بگـۆڕێ، سـاڵانێک کـە درێژەی کێشا هەتا دیوانی باڵا بوارە سرووشـتییەکانی هـەرێمی تایبـەتی لـە پرسە سێکسییەکان بە فەرمی بناسێ (بڕوانە باسی بابەتی لارێنس لـە بەشـی 4) یان ڕاگەیێندراوی باڵاترین دادگـا لـە زنجیـرە پلـەی یاسـایی ئـەمریکا و بڕیـارە جیاوازەکـانی دادگـا ئەورووپاییـەکان کـە مـافی هاوسـەرگیرییان بـە کەسانی هاوڕەگەز دەدا. ئەم بڕیارەی دادگا خاڵی ئەو پەڕی مافی ناهاوسانان بوو. پاش چەندین دەیە دواکـەوتن، قبـووڵکردنی گشـتی هاوڕەگـەزخوازی ڕووی لە هەڵکشانە.

کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەمیشە لە هەڵوێستی خۆی لە سـەر ئـەوەی کـە مافەکانی مرۆڤ و پشتیوانیی یاسایی بۆ هەمووانە بە ناهاوسانانیشەوە، ڕوون و یەکدەنگ بووە. ئەمە لە بڕیاری دادگاکان، دەوڵەتە پشتیوانەکان، ئەکتیڤییـە جیاوازەکان، گۆڕانی یاسا و ڕێساکان، داخوازی بۆ هەڵسووکەوتی باشتر، بـە

فەرمی ناساندنی یاسایی ئەم کەمینە خەسارهەڵگرە و قبـووڵکردنی زیـاتری ئەم گرووپەدا خۆی نواندووە؛ بەڵام ئەم هەڵسووکەوتە بوێرانـە و بـە فـەرمی ناساندنی ژیانی ناهاوسانان هەمیشە لە خۆرهەڵاتی نـاڤین، بـۆ وێنـە ئێـران بابەتێکی شکێنەر و هەستیارە.

ئەم توێژینەوە لێکۆڵینەوەییە یەکێک لـە گشـتگیرترین توێژینەوەکانـە لـە چەشنی خۆیدا کە ناهاوسانان نە تەنیا لە دارشتەی جیهانی بەڵکوو لە پانتای ئێرانیشدا لە خۆ دەگرێ، کەسانێک کە لە نەبوونی سووکنایيبەخشی یاسـایی و پشتیوانییە کۆمەڵایەتی، پەلەقاژێ بۆ گەشە و مانەوە دەکەن. ئەم توێژینـەوە بە گوێرەی پێوانە لە نێوان 300 بەشدار بوو لە سەر ئاستی هەر سـێ شـاری گەورە ئەنجام دراوە و بـۆ خوێنـەرانی ڕوون دەکاتـەوە کـە لـە حاڵێکـدا کـە هاوڕەگەزخوازی لە زۆرێک لە کۆمـەڵگا ڕۆژئاواییـەکان زۆر قبـووڵ کـراوە، هێشتا بابەتێکی شوورەیی و لە زۆرێک لە حاڵەتەکاندا قەدەغە و لە کۆمـەڵگا ئیسلامییەکاندا مەرگهێنەرە. ئەم بەشە پاژە جیاوازەکانی گیروگرفتی سـەرەکی کە ناهاوسانان لە سەرتاسەری دنیا ڕووبـەڕووی دەبنـەوە، دەخاتـە پـاڵ ئـەو پاڕادایمانە وا خەریکی دەرکـەوتن و گـۆڕان لـە سـەر ئاسـتی هـەموو دنیـا و گۆڕانکارییە پێویستەکان لە جیهانی ئیسلامن.

## پاڕادایمە لە حاڵە گۆڕانەکانی ناهاوسانی

پێشتر، کەسانی ناهاوسـان ناچـار بـوون بـە شـێوەی گۆشـەگیرانە ژیـانێکی پەنامەکییان هەبێ، لای دۆسـت و بنەماڵـە درۆ بکـەن و دیـوێکی گرینگـی شووناسی خۆیان بشارنەوە. ئەوان زۆر جار ڕووبەڕووی کێشەی زۆر دەبنەوە

بە هۆی گەورە بوون لە کۆمەڵگایەک کە تێیدا دیترڕەگەزخوازی تەنیا هۆگری سێکسی قبووڵ کراوە و هاوڕەگـەزخوازی وەک لادانێـک سـەیر دەکرێـت.[1] زۆرێک لە ناهاوسان لە کاتێکدا کە شووناسی خۆیان دەشارنەوە بـۆ ئـەوەی ڕووبـەڕووی بێـزاری خەسـتی کۆمـەڵگا نەبنـەوە، هێشـتا لـە شـوێنە پارێزراوەکاندا کۆ دەبنەوە بۆ ئـەوەی جیاکارییـەک لـە دژیـان نەسـەپێنرێت. وەک پێشتریش وترا، یەکێک لەو شوێنانە بارێک بوو لـە نیۆیـۆرک بـە نـاوی ستۆن وال کە خزمەتی بە کۆمەڵگای گەیەکان دەکرد (بڕوانـە بەشـی یـەک، گێڕانەوەی مێژوویی بـۆ شـرۆڤەی سـتۆن واڵ). ئەگـەرچی لـە ڕابردووشـدا گرووپی پشتیوانی کەسانی گەی هەر هەبوون، هێرش بۆ سەر ستۆن واڵ بوو بە دەستپێکی بزووتنەوەی ڕاستەقینە لە پێناو یەکسـانیی هاوڕەگـەزخوازان لـە ئەمریکا.[2] میراتی ستۆن واڵ بووە هۆی سەرنج خستنە سەر هەڵاوارداندنێک کە لە کۆمەڵگای گەیەکاندا بەدی دەکـرێ و هاوڕەگـەزخوازان تـا دێـت واز لـە شاردنەوەی شووناسی خۆیان دێنن.

LGBT بۆتە دێڕی بچووک کراوی باو بـۆ پێناسـەی هـۆگری سێکسـی و ڕەگەزێتی کەمینەکان. لە ئێستادا، لە زۆرێک لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی، کەسـانی ناهاوسان لە کۆمەڵگا زۆرینە دیترڕەگەزخوازەکاندا دەژین و بۆ ئاشکراکردنی شووناسـی ڕەگـەزی خۆیـان نـە دەترسـن و نـە پـەڵپ و بیـانوو دەهێننـەوە. کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی بە هـۆی چـالاکیی کەلتوورییـەوە زیـاتر لـە ڕێگـەی

1-Problems Faced by LGBT People in the Mainstream Society: www.ijims.com/uploads/cae8049d138e24ed7f5azppd_597.pdf

2. Galarza, Priscilla. “The History of Gay Rights in America.” University Wire Nov 18 2113. ProQuest. Web. 24 Oct. 2014

میدیاکان و لە ژیانی ڕۆژانەدا، بزووتنەوەی تاکایەتی و کۆمەڵایەتی، وتوویژ و گۆڕینی پاڕادایمی ڕوانگەکان بۆ هاوڕەگەزخوازی وەرگرتر بووە و حەشیمەتێکی نوێ بە چەمکێک لە کەلتووری ناهاوسانی گەورە دەبن کە ئاوێتەی ژیانی ئەوان بووە. دەوڵەتی ئەمریکا وڵامی ئەم گۆڕانی ڕوانگەی گشتییەی داوەتەوە و وردە وردە کەمایەسی و یاسا جیاکارییەکانی لە دژی کۆمەڵگەی ناهاوسانان، کەسانێک کە تەنیا بە هۆی پێ باشتربوونی سێکسی جیاوازەوە قێزەون هەژمار دەکرێن، هەڵوەشاندووەتەوە.[1] سەرەڕای ئەمە، سەرباری بوونی هەموو ئەم ڕاستییە مزگێنیبەخشانە، کۆمەڵگای ناهاوسان ماوەیەکی زۆر بۆ گەیشتن بە لێک تێگەیشتن لەگەڵ کەسانی دەوروبەری خۆیان لە هەوڵدا بوون.[2]

فاکتەری کاریگەر لە پەرە پێدان و گەشەی هەرچی پتری پشتیوانییەکان لە مافەکانی هاوڕەگەزخوازان پیشاندانی کۆمەڵگای هاوڕەگەزخوازان بووە. ئەمریکییەکان چی لە ڕێگەی پەیوەندی تایبەتی و چی لە ڕێگەی میدیاکانەوە تێدەگەن کە هاوڕەگەزخوازی زۆر بەربڵاوتر لەو شتەیە کە پێشتر وێنایان دەکرد و ئەمە قبوولکردنی زیاتری کەلتووری ناهاوسانی لێ دەکەوێتەوە. بە پێی ئەنجامەکان توێژینەوەی PEW «59 لە سەد وتیان هاوڕەگەزخوازی دەبێ لە لایەن کۆمەڵگاوە قبووڵ بکرێ و 41 لە سەد وتیان

1. Galarza, Priscilla. “The History of Gay Rights in America.” University Wire Nov 18 2113. ProQuest. Web. 24 Oct. 2014.
2. Galarza, Priscilla. “The History of Gay Rights in America.” University Wire Nov 18 2113. ProQuest. Web. 24 Oct. 2014 .

دەبێ ڕەت بکرێتەوە.»[1]

کاتێـک هەنـدێ لـە دادگـا ویلایەتییـەکان بڕیاریـان دا قەدەغـەبوونی هاوسەرگیری دوو ڕەگەز بە یاسایی ڕابگەیێنن و دیتران ئەم قەدەغـە بوونـەیان بە نایاسایی لـە قەڵـەم دەدا، چـاوەڕوانی لـە دیـوانی بـاڵا دەکـرا بـۆ ئـەوەی یاسایەکی نیشـتمانی ڕابگـەیێنێ کـە تێیـدا هاوسـەرگیری هاوڕەگـەزخوازان یاسـایی یـان نایاسـایی بێـت.[2] ڕای دیـوانی بـاڵای ئـەمریکا لـە بـارەی قەدەغەبوونی هاوسەرگیری هاوڕەگەزخوازان لە سەر ئاستی پێـنج ویلایـەتی (ئۆتاهـ، ئۆکلاهاما، ویرجینیا، ئینـدیانا و ویسکانسـین) خـاڵی ئـەو پـەڕی بڕیاردان لە دیوانی باڵای ئەمریکا بوو. دادگا خۆجێییەکان و پێداچوونەوە لە ویلایەتەکانی دیکەش بـە بڕیـاری یاسـایی ئـەم ئاقارەیـان گرتـە بـەر کـە هەمووان لە ئاراستەی دیوانی باڵان. بە گـوێرەی ئـەم بڕیارانـەی ئـەم دواییـە سەبارەت بـە یەکسـانیی هاوڕەگـەزخوازان و گـۆڕانی زۆر کـە لـە ڕۆژئـاوا و ئەورووپا بۆ قبووڵ کرانی ئەم بابەتە ڕووی داوە، هیچ سەیر نییـە کـە بڕیـاری ساڵی 2015ـی دیوانی باڵایی ئەمریکا سەبارەت بەوەی کـە هاوسـەرگیری هاوڕەگەزخوازانە تاوانە، دژی یاسـای بنەڕەتییـە. لـە ئێسـتادا 37 ویلایـەت لەوانە کۆلۆمبیا هاوسەرگیری گەیەکانیان بە یاسایی ڕاگەیاندوە[3] و 21 وڵاتی

---

1. PEW Research-The Global Divide on Homosexuality-Greater Acceptance in More Secular and Affluent Countries. http://www.pewglobal.org/2013/06/04/the-global-divide-on-homosexuality/. Accessed: October 16, 2017

2 Wolf, Richard. "Supreme Court Will Consider Hearing Gay Marriage Cases." USA Today. Gannett, 29 Sept. 2014. Web. 03 Nov. 2014.

3. By the numbers: Same-sex marriage – CNNPolitics www.cnn.com/2012/05/11/politics/btn-same- exmarriagethe District of Columbia: Alabama, Alaska, Arizona, California, Colorado, Connecticut, ←

دیکەش هاوسەرگیری هاوڕەگەزخوازان بە یاسایی لە قەڵەم دەدەن. لە ساڵی 2015، دیوانی باڵای مەکسیک فەرمانێکی دەرکرد کە بە پێی ئەو هاوسەرگیری کاپڵە لزباین و گەیەکان ئاسانتر بوو. ئەگەرچی دادگا بە شێوەی تەکنیکی ئەم پەیوندییەی لە سەرتاسەری وڵات بە یاسایی نەکرد، هەنگاوێکی مەزنی لەم پێناوەدا هاویشت. لە ساڵی 2011، ویلایەتی باشووری مەکسیک بە ناوی کووینتانارۆ هاوسەرگیری گەیەکانی بە ڕێگە پێدراو ناوزەد کرد. لە ساڵی 2014، کۆنگرەی ویلایەتی باکووری کۆهۆیلا داکۆکی لە سەر پەیوەندی هاوسەرگیری هاوڕەگەزخوازان کردەوە و لە ساڵی 2015، چیهۆ ئاهۆئا لە دراوسێتی مەکسیک هەر ئەم کارەی ئەنجام دا. پاش ساڵانێک مشتومڕی سیاسی و باسی گشتی سەرنجڕاکێش، پەڕلەمانی ئوستڕالیا دەنگی بە یاساییبوونی هاوسەرگیری هاوڕەگەزخوازان دا. لە وڵامی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی ناهاوسانان، هەندێ وڵاتی وەکوو بڕازیل تا دەهات خواستە تایبەتەکانی ئەم گرووپەیان ڕەچاو دەکرد. هاوڕەگەزخوازدژیی لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا، هۆکاری کوژرانی، 2 هەزار و 403 کەسی گەی، لزباین و دووڕەگەزخواز لە بڕازیل بووە. لە کۆتایی ساڵی 2003، دەوڵەت بەرنامەیەک کە هەڵگری سیاسەتەکانی بواری تەندروستی وەکوو «بەرنامەی بڕازیلی بێبەری لە هاوڕەگەزخوازدژی»

—————————————————————→

Delaware, Florida, Hawaii, Idaho, Illinois, Indiana, Iowa, Kansas, Maine, Maryland, Massachusetts, Minnesota, Montana, Nevada, New Hampshire, New Jersey, New Mexico, New York, North Carolina, Oklahoma, Oregon, Pennsylvania, Rhode Island, South Carolina, Utah, Vermont, Virginia, Washington, West Virginia, Wisconsin and Wyoming.

بەڕێوە بـرد و لـە سـاڵی 2010، نموونـەی یەکـەمی بەرنامـەی گشـتگیری نیشتمانی تەندروستی ناهاوسانانی ئامادە کرد.

ئـەم سـاتەوەختە بـۆ پێشـکەوتنی مافـە مرۆییـەکانی هاوڕەگـەزخوازان ساتەوەختێکی مێژووییە.[1] بە پێچەوانەی ئەو پێشـکەوتنەی کـە لـە ئاردایـە، هێشتا گیروگرفتگەلێک پەیڕەو دەکەین کە کەسانی ناهاوسان بۆ گەیشـتن بـە سیستەمی تەندروستی بە هـۆی دەمـارگرژی و هـەڵسـوکەوتـی جیاکارانـە ڕووبەڕووی دەبنەوە و ئەم هەڵسوکەوتانە زیاتر لـە لایـەن کەسـانێکە کـە لـە بەشی تەندروستی ئیش دەکەن.

لە بەرانبەردا، پێکهاتەی ئاراستەی کۆمەڵایەتی لە حـاڵی وەرچـەرخان و ڕکابەری بۆ بەهرە لە ژاپۆن وای کردووە کە دنیای بازرگانی نەرمی بنوێنێـت. سەرەڕای ئەمە، بارودۆخ بۆ کرێکارە ژاپۆنییە گەیـەکان لـەم مـاوەی دواییـەدا گۆڕاوە و چاوەڕوانی شاردنەوە لە تاک، کە قـەد دەری‌نـابڕێ، هێشـتا نۆرمـە. دەوڵەت کە لە ژێر دەسەڵاتی مەحافزەکارەکاندایە، خۆی لە قەرەی ئەم بابەتە نادات. هاوسەرگیری گەیەکان هیچ کات بابەتی وتـووێژی جیـدی سیاسـی نەبووە. لە ساڵی 2016، لە ژێـر گووشـاری گرووپێکـی ئـەکتیڤ، شـاری باکووریی ساپۆرۆ وەک یەکەمین شار لە وڵاتی ژاپۆن مۆڵەتی پێکەوەژیانی بۆ هاوژینە هاوڕەگـەزەکان دەرکـرد. دوا بـە دوای ئـەم جووڵەیـە، سیسـتەمێکی هاوشێوە لە بەشی شیبۆیا لە تۆکیۆ لە ساڵی 2015 دامەزرا. ئەگـەرچی ئـەم

1 Barbosa RM, Facchini R. Access to sexual health care for women who have sex. Cad Saude Publica. 2009;25:291–300. doi: 10.1590/S0102-311X2009001400011. –

مۆڵەتنامەیـە لـە ژاپـۆن هـیچ ڕوویـەکی سیاسـی نییـە چوونکـە یاسـای هاوسەرگیریی دەوڵەتی نیشتمانی دیـاری دەکـا، مۆڵەتنامـەکان ئاسـتێک لـە داکۆکی فەرمی بـۆ بزووتنـەوەی یەکسـانخوازی نـوێی دەرکـەوتوو لـە خـۆ دەگرن و هەندێ قازانجیان لەگەڵە. بۆ وێنە، بەرپرسانی خانوبەرەی گشتی لە ساپۆرۆ و شیبۆیا دەبێ هەر کەسـێک کـە وەهـا مۆڵەتنامەیـەکی پێیـە، وەک کرێچی بە فەرمی لە قەڵەمی بدەن.[1]

ئەکتیڤیی ئەنتەرنێتیش بەرز بوونەوەی بە خۆوە بینیوە، لە کاتێکدا کـە زۆر پانتا و شوێنی کۆبونەوە کە سەردەمانێک ئەکتیڤی ناهاوسانیان پێناسە دەکـرد (بارەکان، کتێبفرۆشییەکان و فێستیڤاڵەکانی مۆسیقای ژنـان) لـە حـاڵی لـە ناوچوونە و وشەی «کوویير» بۆ زۆرێک لە ئەکتیڤانی گەنجی ئـافرەت بۆتـە بەدیلی وشەی لزباین.[2] بە داخـەوە لـە کاتێکـدا کـە سـەرنجەکان لـە سـەر ئەکتیڤی جیهانی لە ئەمریکا چڕ بۆتـەوە، دەسـتکەوتەکان لەگـەڵ یاسـاکانی یەکسـانخـوازی هاوشـێوە لـە سـەر ئاسـتی 75 وڵاتـی دیکـە کـە هێشـتا هاوڕەگەزخوازی بـە نایاسـایی لـە قەڵـەم دەدەن، یەکسـان نییـە. لـە سـاڵی 2016، ئەکتیڤی و دەربڕینی ناهاوسانی هێشتا لە سـەر ئاسـتی 10 وڵاتـی موسڵمان وەکوو ئێران، عێراق، مووریتانی، نەیجـەرییا، قەتـەر، عەرەبسـتانی سعوودی، سوومالی، سوودان، ئۆگاندا و یەمەن سزای مەرگی بە دواوەیە.[3]

1. www.nytimes.comct/..Gay in japan and no longer visible .October 16, 2017 business/japan-work-gay.html
2 Donn Short, Don't Be So Gay! Queers, Bullying, and Making Schools Safe, UBC Press, 2113
3. www.nytimes.comct/..Gay in japan and no longer visible .October 16, 2017 business/japan-work-gay.html

**لە وڵاتانی ئیسلامی چی ڕوو دەدا؟**

لە کاتێکدا کە هاوڕەگەزخوازی لە زۆرێک لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی زیاتر قبوڵ کراوە، هێشتا لەقەمی لەگەڵە و لە زۆرێک لە وڵاتانی ئیسلامی قەدەغەیە.[1] ئاراستەکان بۆ جڤاکی ناهاوسانان هاوشێوەی هەموو جیهان، لە خۆرهەڵاتی ناڤین هیچ گۆڕانێکی بە سەردا نەهاتووە. خۆرهەڵاتی ناڤین هێشتا بەرانبەر بەم گۆڕانە ئەوپەڕی خۆڕاگری دەنوێنێت. لە زۆرێک لە دەڤەرەکانی ئەم ناوچەدا قسەکردن لە سەر هاوڕەگەزخوازی سەرکۆنە دەکرێ و ئەمە گۆڕانکاری بۆ گرووپە پشتیواندۆزە ناهاوسانەکان ئەستەم دەکات. لە توێژینەوەیەکدا سەبارەت بە ئاراستە جیهانییەکان بۆ هاوڕەگەزخوازی لە لایەن ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی پیو دەرکەوت[2] کە لە هەمبەر 80 لە سەدی کەنەدایی و ئینگلتەراییەکان، کەمتر لە 5 لە سەدی کەسانی توێژینەوە لەسەرکراو لە وڵاتانی میسر، ئەندۆنیسیا، ئۆردن، پاکستان، فەڵەستین و توونس باوەڕیان وایە کە کۆمەڵگا دەبێ دان بە هاوڕەگەزخوازیدا بنێت. تەنیا وڵاتانێکی موسڵمان کە زیاتر نەرمنوێنییان نواند، مالیزی (9 لە سەد)، تورکیا (9 لە سەد) و لوبنان (18 لە سەد) بوون کە دیارە ئایینی ئیسلام لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەواندا دەورێکی کەمتری هەیە.[3] زۆربەی

---

1-Homosexuality and Islam | Rusi Jaspal-Academia.edu www.academia.edu/6868516/Homosexuality_and_Islam

2. Whitaker, Brian. Unspeakable Love: Gay and Lesbian Life in the Middle East. Berkeley: University of California, 2006

3-Homosexuality and Islam | Rusi Jaspal. Academia.edu www.academia.edu/6868516/Homosexuality_and_Islam

وڵاتانی ئیسلامی هاوڕەگەزخوازی بە قەدەغە دەزانن و لە زۆرێک لەو وڵاتانە سزای هاوڕەگەزخوازی کوشتنە. لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکان، هەر دوو ئامادەکاری داد و بانداد کە گیراوەتە بەر لە دژی هاوڕەگەزخوازی پەیامێکی ڕوون بۆ کۆمەڵگا دەگوازێتەوە کە هاوڕەگەزخوازی هەڵە، نائەخلاقی و نایاساییە و هەر لە بەر ئەمەش سزای لەگەڵە. کۆماری ئیسلامی ئێران کە لە ژێر دەسەڵاتی یاسای شەریعەتە، ڕوانگەیەکی یاسایی توندوتیژی بەرانبەر بە هاوڕەگەزخوازی هەیە کە بریتییە لە قەمچی و سێدارە. یاساکانی ئێران دەڵێن ئەگەر دوو پیاو کە پەیوەندی خوێنیان لەگەڵ یەکتر نییە لە سەر جێیەک بخەون، بۆ 60 قەمچی سزا دەدرێن و ئەوەی کە سزای هاوڕەگەزخوازانە بە بێ دخوولی کۆمی لێدانی 100 قەمچییە. هەر بەم پێیە، دخوولی کۆمیی سزای سێدارەی لێ دەکەوێتەوە.[1] بە پێی یاسای شەریعەت، کەسەکان تەنیا کاتێک بە هاوڕەگەزخوازی سزا دەدرێن کە چوار جار دانیان پێدا بنێن یان چوار پیاوی موسڵمانی «خۆپارێز» شایەتی بدەن کە پەیوەندی سێکسی ئەوانیان بینیوە.

ناتوانین بڵێین کە هیچ کام لە وڵاتانی ئیسلامی ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی یان یاسایی پشتیوانی بۆ ناهاوسانان دابین دەکەن؛ لانیکەم ئەم بابەتە لە ئێستادا بوونی نییە. بۆشایی میکانزیمە پشتیوانییە کۆمەڵایەتییەکان یان ڕێکخراوە پشتیوانە ئیسلامییەکان بۆ ئاسوودەیی دەروونی و کۆمەڵایەتیی

1. Parnian, H. (2006). The sexual rights of women and homosexuals in Iran. In S. Seidman, N. Fischer & C. Meeks (eds.), Handbook of the new sexuality studies(pp.348-352).London: Routledge.

ناهاوسانان زۆر هەستی پێ دەکرێت. لە ساڵانی ڕابـردوو نەمایشـی گشـتی کردەوە خراپـەکـانی داعەش لـە سـووریایەک کـە پـێش بـوونی داعەشـیش دۆخێکی مەترسیداری هەبوو، سەرنجی کۆمەڵگای نێودەوڵـەتی بـەرەو لای خۆی ڕاکێشاوە.[1] لە ڕاستیدا هەلومەرج بۆ کۆمەڵگای ناهاوسـانانی عێراقـی پاش ڕووخانی سەدام حوسەین لە سـاڵی 2003 ڕووی لـە کزبوونـەوە نـا. گرووپە ئیسلامییەکان لەم پشێوی سیاسییەدا سەریان هەڵدا و دەسـتیان کـرد بە کردنە ئامانجی گەیـەکان و تـەنیا لـە سـاڵی 2012، 200 ناهاوسـانیان کوشت. ئەوڕۆکە، ئەم گرووپانە لە دژی داعەش هاوکـاری دەوڵـەتی عێـراق دەکەن و ئازادی بەردەوامیان لە کوشتنی کەمینە سێکسییەکانیان پێ دراوە.

جگـە لـە هـەوڵی سـنوورداری خـۆجێیی، لـە داهاتوویـەکی نزیکـدا ئاسـەوارێک لـە گـۆڕان لـە گـۆڕینی پێگـەی کۆمەڵایـەتی یـان یاسـایی ناهاوسـانانی میسـردا بـەدی ناکرێـت. لـە وڵاتـی لوبنـان، دەرکـەوتنی ڕێکخراوەکانی پشتیوانیی ناهاوسانان لە خەبات لە پێناو مافە کۆمەڵایـەتی و یاساییەکان هەنگاوێکی گرینگ بووە و لە ڕوانگەکاندا هەنـدێ گۆڕانکـاری لێ کەوتۆتەوە. ئەم گۆڕانکارییـە وەک بەرهـەمی فاکتەرگـەلی کۆمەڵایـەتی ـ سیاسی پێناسە دەکرێ کە هاریکاری دەرکەوتنی لاگیریی نـوێی لـە لوبنـان کردووە.

ئەگەرچی ناهاوسـانبـوون لـە زۆرینـەی وڵاتـانی ئیسـلامی قەدەغەیـە،

---

1. Jaspal, R. & Breakwell, G.M. (Eds) (2014). Identity Process Theory: Identity, Social Action and Social Change . Cambridge: Cambridge University Press.

هەندێ حاڵەتی ناوازەش لە خۆ دەگرێت. تـەنیا ڕێژەیـەکی کـەمی وڵاتـانی خاوەن زۆرینەی موسڵمانی وەکوو ئـۆردۆن هاوڕەگـەزخوازییان بـە یاسـایی کردووە؛ بەڵام تەنانەت لەم وڵاتانەشدا پشتیوانیی یاسایی کـەم لـە کەسـانی ناهاوسان دەکرێ و لەوانەیە سزایان بۆ ببڕدرێتەوە.

گەورەترین وڵاتی موسڵمانی جیهان، ئەندۆنێسیایە کە کەلتوور و نـەریتی دووڕەگەزخوازی پڕ جموجۆڵی هەیە کـە بـە شـێوەیەکی بـەربڵاو لـە لایـەن خەڵکەوە بە نەرمی هەڵسـوکەوتیان لەگـەڵ دەکرێـت.[1] هاوڕەگـەزخوازی و پەیوەندیی سێکسی گەیەکان لە ئەندۆنێسیا نایاسایی نییە. سـەیر ئەوەیـە کـە پیـاوان و ئافرەتـانی تـرەنس لـە زۆرێـک لـە کـەلتوورە ئیسـلامییەکان لـە سەرتاسەری جیهان قبووڵ کراون. لە ڕاستیدا ئایدیای پیاو یان ئافرەتێـک کـە خۆی وەک ئەندامێکی ڕەگەزی بەرانبەر دەزانێ، قبـووڵکراوتر لـەو پیـاو یـان ئافرەتەیە وا هۆگری سێکسی بۆ کەسێکی هاوڕەگەزی هەبێت.

نە ئەوەی کە بە تەواوەتی هیوادار بین بـەڵام هەنـدێ هـەنگاو لـە ژیـانی ترەنسـەکان لـە وڵاتـانی میسـر و ئێـران هـاوێژراوە. لـە سـاڵی 1988 نەشتەرگەری گـۆڕینی ڕەگـەز لـە لایـەن بیرمەنـدانی ئەلئەزهـەر لـە میسـر، کۆنترین زانکۆی ئیسلامی جیهان، بە گوێرەی یاسای شەریعەت بـە قبـووڵ کراو ڕاگەیێندرا. لە ئێران لە سـاڵی 1987، خومـەینی گـۆڕانی ڕەگـەزی بـە ڕێگە پێدراو ڕاگەیاند. بنـەمای ئـەم ئاراسـتە قبووڵکردنانـە ئـەم باوەڕەیـە کـە

1. The sudden intensity of Indonesia's anti-gay onslaught. http://www.bbc.com/news/world-asia-35657114. [Accessed December 27th, 2017].

کەسەکە بە ترەنسێتی لە دایک دەبێ بەڵام هاوڕەگەزخوازی بژاردەیە؛ کەواتە هاوڕەگەزخوازی وەک گوناح لە قەڵەم دەدرێت. بەم حاڵەوە، زۆر موسڵمانی ترەنس هێشتا پاش نەشتەرگەری گۆڕینی ڕەگەز لە پێگەی پێشووی خۆیاندا دەبینرێن. زۆریان ناتوانن ڕا بکەن و بچن بۆ وڵاتێکی دیکە بۆ ئەوەی نەناسرێنەوە. بێگومان زۆر گونجاوە کە زۆریان بە هۆی گووشار و زەختەوە ئامادەن نەشتەرگەری گۆڕینی ڕەگەز بکەن (بۆ وردەکاریی زیاتر سەبارەت بە نەشتەرگەری گۆڕینی ڕەگەز بڕوانە بەشی 3).

ئەکتیڤایەتی بۆ ناهاوسانان لە لوبنان دامەزرانی ڕێکخراوگەلێکی وەکوو هێلێم (HELEM) بۆتە گرووپی پێشڕەوی دنیای عەرەب کە خزمەتگوزاری تەندروستی و یاسایی بۆ ناهاوسانان دابین دەکات. ئەم ناوە کورتکراوەی ڕێکخراوی پشتیوانی لە لزباین، گەی، دووڕەگەزخوازان ترەنسەکانی لوبنانە. لوبنان وڵاتێکە کە لە ناوچەکەدا زیاترین نەرمنوێنی لەگەڵ شێوازی ژیانی ناهاوسانان لە خۆی پیشان دەدات. هێلێم هێندەی پێویست قبووڵ کراوە و ئەوەندە لە لوبنان دەستی دەڕوا کە بەردەوام میوانداریی ڕووداوەکانی پەیوەندیدار بە ناهاواسانانە و تەنانەت لە شەقامەکاندا خۆپیشاندان لە دژی توندوتیژی بەرانبەر بە جڤاکی ناهاوسانان لە لوبنان دەکات. سەرەڕای ئەمە، لە کاتێکدا کە بەیرووت لە چاو وڵاتان و شارەکانی دراوسێی خۆی لیبراڵترە، هەروەها لە چاو کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان نەرمینوێنی کەمتر لە خۆی دەنوێنێت. خزمەتگوزارییەکانی هێلێم تەنیا لە پشتیوانیی ڕێژەیەکی کەمی تاکەکاندا بەسوود بووە کە زۆریان کەسانی دەوڵەمەندتری کۆمەڵگان و ئەو کەسانەی کە سەر بە گرووپی پەراوێزخراو و بێبەشن، پشتگوێ خستووە و لە

هەندێ لە حاڵەتەکاندا زیانی پێ گەیاندوون.[1] بۆ وێنە، بیرمەندانێکی وەکوو ماساد لەو باوەڕەدان کە ئەم ڕێکخراوانە بیانین یان لە لایەن بیانیگەلی وەکـوو ILGA و HELEM پاڵپشتی دارایی دەکرێن کە بە پـەرە سـەندنی ڕیزەکـانی شووناسی ڕەگەزیی کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی لە هەوڵی دامـەزرانی کۆمـەڵگای گەی لە لوبنانن. بە گوێرەی بۆچوونی نووسەر، ئەم بابەتە هەڵسووکە- وتـی ناهاوسـانان بـە کێشـەیەک دەزانـێ و لـە ئەنجامـدا دەبێتـە هـۆی دەستێوەردانی زیاتر بۆ پشـتیوانی لـەم کۆمەڵگایانـە.[2] ئـەم بابەتـە سـەرنجی ڕاگەیاندنە عێراقی و عەرەبییەکانی بەرەو لای خۆی ڕاکێشـاوە. بـۆ وێنـە، لـە بەغدا، زانای ئایینی شێعە موقتەدا سەدر، لە هەڵوێستێکی گشتیدا پشـتیوانی لە ئاراستەی مرۆیی لە بەرانبەر بە ناهاوسانان کرد و وتی ئـەم کەسـانە نـابێ توندوتیژییان لەگەڵ بکرێت.[3] بەو پێیەی کە زانایانی ئایینی بـۆ دەسـتێوەردان لە هەموو کاروباری حکومەت و لـە وردەکارییـەکانی ژیـانی کۆمەڵایـەتیی خەڵکدا خاوەن مافی ئەخلاقین، شـایەنی ئاماژەیـە کـە زانایـانی ئـایینی لـە وڵاتی عێـراق لـە دیـاریکردنی ڕای گشـتی گرینگتـرین و کاریگـەرترین و ڕۆڵبەخشترین بوون. ڕاگەیێندراوی ئایەتوڵا سەدر کێشەساز بوو؛ چوونکـە لەگەڵ هەڵوێسـتی دیکـەی زانایـانی ئـایینی و ناوەنـدە ئایینییـەکانی وەکـوو بیرمەندانی شێعە لە عێراق و لە ئێران یەکی نەدەگرتەوە. لە حاڵێکدا زانایـانی

1. Leave or be killed," The Sydney Morning Herald, July 6, 2111
2. Massad, J. (2015) Islam in Liberalism, Chicago: University of Chicago Press
3. https://www.al-monitor.com/pulse/originals/2016/09/homosexuality-lgbt-iraq-iran-muqtada-sadr.html. Accessed: October 16, 2017.

ئایینی لـە هـەر دوو وڵات بانگەشـەیان بـۆ قەدەغـەی هاوڕەگـەزخوازی لـە ئیسلام دەکرد، بەڵام جیاوازی لە شێوازی تاوتویێکردنی بابەتەکەیە.

زۆربەی حەشیمەتی عێراق سەرکۆنەی هاوڕەگـەزخوازی دەکـەن؛ بـەڵام لایەنگری توندوتیژی لە دژی ئەم کەسـانەش نـین. لـە عێـراق و لوبنـان لـە یاسادا جەخت لە سەر هیچ سزایەک دژ بە هاوڕەگەزخوازان نەکراوە. لە ئێران بەم شێوە نییە و دۆخەکە تەواو جیاوازە. یاسای بنـەڕەتی بـە پێـی شـەریعەتی ئێران هاوڕەگەزخوازی پیاوان بە تاوانێکی شیاوی سێدارە لە قەڵـەم دەدا و بـە گوێرەی یاسای بنەڕەتی ئێران، لزباینەکان بۆ 100 قەمچی سزا دەدرێن.[1]

## ڕوانینێک بۆ داهاتوو

سەرکوتی کۆمەڵایەتی کە ناهاوسانان بەرەو ڕووی دەبنەوە، لە وڵاتێکـەوە بـۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازە و ئاستە جیاجیاکانی توندوتیژی، هەڵاواردن و لەقـەم لە خۆ دەگرێ کە ڕەنگدانەوەی دارِشتەی خۆجێیی زاڵـە. لـە هـەمان کاتـدا، کۆمەڵگاکان لە هەمبەر ململانێی گەشە دەتوانن بەها، نۆرم، نەریت، زمـان، وەرگرتن و ئاراستەکانی خۆیانیان هەبێ کـە دەتـوانن هاوکـاری تێگەیشـتنی باشترین شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەی پرسی ناهاوسانان بکـەن. شـێوازێکی جیهـانی گرینـگ و ئـەرێنی کـە بەرهـەمی ئـەم گوتارەیـە، ئەوەیـە کـە هەمەچەشنیی و هۆگری سێکسی زۆرە و لە سەرتاسەری جیهاندا سـەرنجی پـێ دەدرێـت. سـەرنجدانی زیـاتر بـە شـووناس، بزووتنـەوە و گوتـارە

1. https://www.al-monitor.com/pulse/originals/2016/09/homosexuality-lgbt-iraq-iran-muqtada-sadr.html.
Accessed: October 16, 2017.

ناهاوسانییەکان دامەزرانی ڕێکخراوەکانی مافە یاساییە نێودەوڵەتییەکانی لـێ کەوتۆتەوە کە توندوتیژی بە هۆی هۆگری سێکسی و شووناسی ڕەگەزێتی لە سەر ئاستی هەموو جیهان دەخەنـە ژێـر تیشـکی سـەرنج و بـە دیکـۆمێنتی دەکەن.

ئەنتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، پانتایـەکیان بـۆ ئـاڵۆگۆڕی زانیارییـە ئەرێنییەکان سەبارەت بە شووناسەکانی ناهاوسانان دابین کردووە. لە هـەمان کاتـدا، ئەنتـەرنێت شـوێنێکی لـەبارە بـۆ پـەرە پێـدانی، لانیکـەم لـە سـەر بەرگە پشتیوانیی یاسایی لە مافەکانی کەمینە سێکسییەکانە.

لەو وڵاتانـەی کـە لەقـەمی نادیترڕەگـەزخواز بـوون زۆرە، کەسـەکان لـە ڕێگەی ئەنتەرنێتـەوە دیکـەی ناهاوسـانان دەدۆزنـەوە. ئەنتـەرنێت ئـامرازی دەستی کەسانی خواپێداوترە، سەرەڕای ئەمە هێشـتا کەناڵێکـە بـۆ ئـاڵوگۆڕ و هاوپەیوەندیێ. شووناسی ئاڵوگۆڕی ئەنتەرنێت پانتایەک دروسـت دەکـا کـە تێیدا کۆمەڵگاکان بیچم دەگـرن و وتـووێژ دەسـت پـێ دەکـات. دنیاکـانی ئـۆنلاین و ئـافلاین دەرفەتگـەلێک بـۆ پەیوەنـدی کەسـەکان، پشـتیوانی، بزووتنەوە و تەکنیکەکانی ئاڵوگۆڕی زانیاری بۆ مانەوە دابین دەکەن. لە ئێران، دەوڵەت ئەو ماڵپەڕانەی کە لـە ڕووی سیاسـی، ئـایینی یـان ئەخلاقییـەوە بـە مەترسـیداریان دەزانـێ، دایـدەخات؛ بـەڵام زۆر کـەس لـە ئێـران دەسـت پێڕاگەیشتنیان بە نەرمئامێری فیلتەرشکێن هەیـە کـە ڕێگـەیان پـێ دەدا ئـەم سەنسۆڕانە دەور لێ بدەنەوە.[1]

1. (LGBT Rights in Iran by Shima Houshyar, published October 21, 2015).

هەندێ لە دەوڵەتەکانی ئاسیا و ئوقیانووسییە بۆ پەراوێز خستنی جڤاکی ناهاوسانان پەرە بە تێگەیشتنێکی سنووردار لە «بەها ئاسیاییەکان»[1] دەدەن کە پێداگری لە سەر کۆمەڵگا یەکدەستەکان دەکەن تا کۆمەڵگا هەمە چەشنەکان.[2] بە واتایەکی گشتیتر، وڵاتانی ئیسلامی بەردەوام لە هەمبەر ئایدیای هۆگری سێکسی بەرهەڵستی دەنوێنن؛ چوونکە ئەم بابەتە بە بێبەری لە بنیاتی یاسایی لە یاسا نێودەوڵەتییەکان و دژی ئامۆژە ئیسلامییەکان دە-زانن.[3] ڕێکخراوی هاوکاری ئیسلامی گۆڕەپانی سەرەکیی هاوئاهەنگی ئەم چەشنە نارەزایەتییانە بووە.

لە ئێران، کەسانی ناهاوسان هەمیشە لە بەر دەم ئازاردان. یاساکانی دژ بەوان وشک و بێبەزەییانەیە و لە هەمبەر ئازار، چەوسانەوە و توندوتیژی لە بنەماڵە و کۆمەڵگا ئەوان خەسارهەڵگرتر دەکات. فیلم، دیکۆمێنت، مۆسیقا و دیکەی بیچمە هونەرییەکان لە ساڵانی دواییداترووسکە هیوایەکی بۆ ناهاوسانان لە ئێران بەدی هێناوە کە ڕوانگەیەکی نوێ دەخاتە ڕوو کە دەتوانێ ببێتە هۆی گۆڕانی ئاراستە. بۆ وێنە لە ساڵی 2011، فیلمی ئێرانی «ئاوێنەکانی ڕووبەڕوو» (آینەهای روبرو) هەلی گۆڕانکاری ئاراستەی هێورانە لە ناو کەسانی ئایینپەروەر بۆ کەمینە سێکسییەکان پیشان دەدات. فیلمی چیرۆکی ئێدی، پیاوێکی گەنجی ترەنسە کە تێدەکۆشێ لە بنەماڵەیەک ڕا بکا کە ناچار بە هاوسەرگیری دەکەن بۆ ئەوەی حەیا و

1. (LGBT Rights in Iran by Shima Houshyar, published October 21, 2015).
2. Oslo Conference Report, supra n 6 at 20; cf. the Asian values debate, supra n 274
3. See Baderin, International Human Rights and Islamic Law (2003) at 117.

ئابڕووی بنەماڵە بپارێزرێت. لەم فیلمەدا، ژنی ئایینپەروەری نەریتخواز لە پێشدا زۆر لە ژنانی ترەنس بێزار و وەڕەزە. پاش کەمێک، بە بینینی ئازاری ژنێکی ترەنس بە هۆی توندوتیژی باوکی، ژنە ئایینییەکە لە کۆتاییدا بەم ئەنجامە دەگا کە سەپاندنی وەها دەرد و ئازارێک بە سەر دیتران وێناکردنی «شەڕ» لە واتای ئایینییە. «ئاوێنەکانی ڕووبەڕوو» ئیدەعا ناکا کە ڕێگە چارەیەکی بۆ کێشەکە دۆزیوەتەوە؛ بەڵام تێدەکۆشێ بە ڕوانینێکی مرۆڤانە لەم گۆشە تاریکەی کۆمەڵگا پشتیوانی لەم ئایدیایە بکا کە «نکۆڵی لێکردن یان بە هەند وەرنەگرتنی ئەم کەسانە ڕێگە چارەی کێشە نییە.»

لە بەراورد لەگەڵ وڵاتی ئێران، لەم ساڵانەی دواییدا، ئەفریقای باشووری و ئێکوادۆر یەکەمین وڵاتانێک بوون کە دژ بە هەڵاواردن لە دژی کەمینە سێکسییەکان کۆمەڵێ ژێر بنەمایان هێنایە ناو یاساکانی خۆیان. هەرچی لە مەڕ بوونی پێرسۆنێلی ناهاوسان لە سوپا دوودڵییەک بوونی هەبێ یان «هاوسەرگیری گەیەکان» دژوار بێ، دیسانیش چەندین وڵات پێکەوە ژیانی مەدەنییانەی هاوژینە هاوڕەگەزەکانیان بە فەرمی ناسیوە.[1]

بۆ وێنە، سێ وڵاتی ئەورووپی هەن کە لە ساڵی 2014 یاسای یەکسانی هاوسەرگیرییان پەسەند کرد. لە لۆگزامبۆرگ، پەرلەمان بە هێزەوە دەنگی ئەرێنی بە هاوسەرگیری هاوڕەگەزخوازان دا.[2] پەرلەمانی فەنلاندیش

1. Internationalist, New. "The World Guide: An alternative reference to the countries of our planet." (2001). "Luxembourg Approves Gay Marriage," Huffington Post, June 19, 2114. Accessed: October 16, 2117, http://www.huffingtonpost.com/2014/06/19/luxembourg-gay-marriage-_n_5511360.html

2. "Finnish Parliament approves same-sex marriage," Yle, Nov. 28, 2114. Accessed: October 16, 2117, http://yle.fi/uutiset/finnish_parliament_approves

←

هاوسەرگیری هاوڕەگەزخوازانی یاسایی لە قەڵەم دا. لە وڵاتی بەریتانیا، یاسادانەرانی ناوچەی سکۆتلەند بە شێوەی هاودەنگ چوونە پاڵ ئینگلتەرا و وێڵزەوە و یەکسانیی هاوسەرگیرییان بە یاسایی کرد.[1] لە ساڵی 2015، ئیرلەند یەکەم وڵاتێک بوو کە لە ڕیفراندۆمێکی گشتیدا یەکسانیی هاوسەرگیری بە فەرمی ناساند. هەر لە هەمان ساڵدا، ئیرلەند پرۆژە یاسای بە فەرمی ناسینی ڕەگەزێتی پەسەند کرد و بەم شێوە بوو بە پێنجەمین وڵات کە ڕێگەی بە ترەنسەکان دا ئاسەوارە ڕەگەزێتییە یاساییەکانی خۆیان تەنیا بە پێی شاراوەکانی بگۆڕن نەک بە پێویستبوونیان بە دەستێوەردانی پزیشکی. ئەگەرچی ئەم وڵاتانە زۆرینەیان ڕۆژئاوایین، ئەکتیڤەکان لە ڤییەتنام و مەکسیکیش بۆ گۆڕانکاری هاوشێوە دانووستان دەکەن.[2]

هەروەها ئەکتیڤەکان لە هەوڵەکانی خۆیان بۆ پەرە پێدانی بەرنامەکانی مافەکانی مرۆڤ توانیان هێدی هێدی توندوتیژییە جۆراوجۆرەکانی بەردەم ناهاوسانانیش لە خۆ بگرن. لە ساڵی 1991، ڕێکخراوی سەرەکی مافە مرۆییەکان سەرنجی پرژاندە سەر ئازار و ڕاوەدوونانی ناهاوسانان. بۆ وێنە، پەیڕەوی کاری لێبووردنی نێودەوڵەتی پشتیوانی لە کەسانی ڕاوەدوونراو بە هۆی هۆگری سێکسییان ئەوانیش لە خۆ دەگرێت. چاودێری مافەکانی مرۆڤ کە لە ساڵی 1978 دامەزرا، ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی و نادەوڵەتییە

→

same-sex_marriage/7657759.

1. "Scotland's same-sex marriage bill is passed," BBC, Feb. 4, 2114. Accessed: October 16, 2017, http://www.bbc.com/news/uk-scotland-scotland-politics-25960225.

2. Transition, and Mine. The New York Times, www.nytimes.com/2017/10/18/opinion/ireland-gay.

کە کار لە سەر توێژینەوە و پشتیواندۆزی لە بواری مافەکانی مرۆڤدا دەکا و ئێستا بۆ ناهاوسانان بەرنامەیەکی چالاکی هەیە.[1]

لەم ماوەی دواییەدا، کەسانی ناهاوسان کە زیاتر لە دارِشتە موسڵمانەکاندا ژیان بە سەر دەبەن، دەستیان کردووە بە ڕێکخستنەوەی خۆیان. سەربەستانە لە ناو کۆمەڵدا قسەکردن ئامرازێکە بۆ ناهاوسانان بۆ ئەوەی بەسەرهاتی خۆیان بگێڕنەوە. ئەم کارە بەتایبەت بۆ ئەوانەی کە لە کۆمەڵگا سەرکوتکەرە کۆمەڵایەتی و هاوڕەگەزخوازدژییە سیاسییەکاندا دەژین کەمێک کات دەبات. هەندێ جار ئەم هەڵواردنە ئاشکرایە کە دەبێتە هۆی خۆڕاگری، بەڵام، ستراتیژی وەرگرتنەوەی پانتای گشتی پێویستی نە تەنیا بە هەڵسەنگاندنی وردی مەترسی بەڵکوو پێویستی بە بووێرییەکە کە لە درێژەی کاتدا تۆکمە بکرێت. بۆ وێنە، ئەگەرچی «لامبدا»ی ئەستەنبۆڵ لە ساڵی 1993 چالاک بووە، یەکەمین ڕێژەی شانازی خۆی لە پێتەختی تورکیا پاش یەک دەیە بەڕێوە برد و لەو کاتەدا تەنیا 50 پێشەنگ بوێری چوونە پاڵ ئەوانی هەبوو.[2]

کەوتنە بەر چاوی ناهاوسانان زۆر جار باجی قورسی زیانی دەروونی و ئەشکەنجەی جەستەیی لەگەڵە. ئەکتیڤی لزبانەکان تەنانەت ململانێیەکی گەورەترە؛ بەڵام هەندێ خەریکی خۆش‌کردنی ئەم ڕێگایەن. نموونەیەکیان

1 . HRW, 2013. https://www.hrw.org/sites/default/files/wr2013_web.pdf. Accessed: October 16, 2017.

2. Hélie, Anissa. "Threats and survival: the religious right and LGBT strategies in Muslim contexts." WOMEN IN ACTION-ROME THEN MANILA- 1 (2006): 19.

«ئەسەوات»ـــە[1]، ڕێکخراوێـک کـە بـۆ لزباینـەکان، دووڕەگـەزخوازەکان، ترەنسەکان و نێوانڕەگەزییە فەڵەستینییەکان لـە سـاڵی 2002 پێـک هـات. ئەسەوات ماڵێکی بۆ ژنانی ناهاوسانی فەڵەستینی بینـا کـرد کـە شـوێنێکی ئارام، پشتیوانگەر و بەتواناکەری پێدان بـۆ ئـەوەی بتـوانن وەک گرووپێکـی کەمینـەی خۆمـاڵی دانیشـتووی وڵاتـی ئیسـڕائیل ململانـێ تاکایـەتی، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی خۆیان تاوتوێ بکەن؛ ژنانێـک لـە کۆمـەڵگای پیاوســـالار و ژنـــانی ناهاوســـان لـــە کــــەلتوورێکی بــــەربڵاوی دیترڕەگەزخوازتەوەر.[2]

ســەرەڕای مەترســییەکان، گرووپــە پشــتیوانەکان لــە چــرۆ کردنــدان، ئەگەرچی هێشتا هەندێکیان ناتوانن بە شێوەی ئاشکرا چـالاکی بکـەن.[3] لـە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، ناهاوسانانی موسڵمان لە ناوچە جیا جیاکانی وەکوو مەراکیش، ئەندۆنسیا، تورکیا، مالیزی، ئۆردۆن، لوبنـان، ئورشـەلیم، ئەفریقای باشووری، نەیجەریا، فەڵەستین، دوبەی و عەرەبستانی سعوودی و لە وڵاتی خاوەن حەشیمەتی گەورەی موسڵمانی خۆجێیی وەکوو هێنـد، لـە دەور یەکتر کۆ بوونەتەوە.

سەیر لەوەدایە کە سەرکوتکەرترین ڕژێمەکانیش بـە شـێوەی ناچـاریی و ئەوەندەی پەیوەندی هەیە بە دەربڕینی شووناســی ڕەگەزێتیانـەوە، خراپتـرین نین. دیارە ترەنسەکان لە وڵاتانی ئێران و ئۆردۆن دەتوانن دووانەی ڕەگــەزێتی

1. http://www.aswatgroup.org/en. Accessed: October 16, 2017.
2. http://www.aswatgroup.org/en. Accessed: October 16, 2017.
3. McDowall, A. & Khan, S. (2004). The Ayatollah and the transsexual. The Independent (UK), p. 34

لە بەرژەوەندی خۆیان بگۆڕن و هەندێ کەس بە ڕاستی لـە لایـەن زانایـانی ئایینی بناژۆخوازەوە بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری گۆڕینی ڕەگـەز پشـتیوانی ( بۆ وێنە پشتیوانیی ماڵی) دەکرێن. بە داخەوە هەمیشە گووشارێکی ڕاستەقینە بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری گۆڕینی ڕەگەز و چارەسـەری پزیشـکی بـوونی هەیە.




ئەگەرچی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ناهاوسانان بە ئارامی لە لایەن کۆمەڵگا و دەوڵەتەکانەوە دەناسرێن، لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاسـت بـارودۆخی جڤـاکی ناهاوسانان هێشتا مەند و دڵهەژێنـە. لـە سەرتاسـەری خۆرهـەڵاتی نـاڤین، ناهاوسانان بە هۆی هەم یاسای دژ بەوان و هەمیش لەقەمی کۆمەڵایەتی بـە شێوەی بەربڵاوتر ڕووبەڕووی ئاستی جۆراوجۆری سەرکوت دەبنەوە. بـەدەر لە ئیسرائیل، زۆربەی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناڤین ڕاشکاوانە ئیدانەی جڤـاکی

ناهاوسانان دەکەن. لە ئەنجامدا، جڤاکی ناهاوسانان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەی ژێرزەوینی بوونیان هەیە و زۆریان لە ترس لە ئاشکرا بوون دەژین. جیا لە چەند حاڵەتی دەگمەن نەبێ، پرەسپێکتیڤی ناهاوسانان لە خۆرهەڵاتی ناڤین تاریک و لێڵ و تەنانەت بە توندی کوشەندەیە. ناهاوسانانێکی زۆر لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیاندا ڕووبەڕووی ململانێ دەبنەوە و زۆرێک لە هەوڵەکانیان وەکوو ئازار لە قوتابخانە، دەرکران، تێهەڵدان و دەستدرێژی لە ماڵەوە، یان هۆگریی بۆ ڕاکردن لە ماڵ شووناسێکی کۆمەڵایەتییان هەیە. ئەم دیاردە لە زۆربەی ناوچەکانی جیهان لەوانە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناسراوە. زۆرێک لەم هەڵسووکەوتە خراپانە بە هۆی مەترسی توندوتیژی زیاتر لە لایەن بەرپرسانەوە ڕوون ناکرێتەوە. پۆلیسی ئاسایش زۆر جار هێرش دەکاتە سەر میوانی و کۆبوونەوەکانی دیکەی ناهاوسانانی ئێرانی و هەندێ جار ئەم هێرشانە گرتن و زیندانی لێ دەکەوێتەوە.[1]

کورد بە هۆی پێشکەوتنێک کە لە یەکسانیی مافەکانی ژن بوویەتی، لە دیکەی دراوسێ موسڵمانەکانی خۆی جیایە. ئەوان شانازی یەکەی تەواو ئافرەتانەیان لە خەباتی دژ بە داعەش بووە. بەڵام جارێ زۆر زووە ئەگەر بڵێین ناوچە کوردنشینەکان ڕۆژێ لە ڕۆژان دەتوانن ببنە داڵدەیەکی ڕێژەیی بۆ ناهاوسانان. سەرەڕای ئەمە، دەتوانین لە ساڵی 2015 لە جیهانی ئیسلامدا هەست بە شەپۆلی گۆڕانکارییەکان بکەین. پارتی پێشڕەوی کورد

1. LGBT Rights in Iran by Shima Houshyar, published October 21, 2015

لە تورکیا بۆ یەکەم جار خاوەن پاڵێوراوێکی (ئاشکرا)ی گەی لـە پەرلـەمانی تورکیا بوو. بەڕێز خەباتی سـۆلۆ بـە پێـی پـەیامێک لـە سـەر بنـەمای مـافی یەکسان بۆ گەیەکان لە تورکیا بۆ ماوەی 17 ساڵ بوو و لە سەر پێگـەی پـەرە پێدانی مافەکانی ناهاوسانان وەستا.

هـەروەها تەنانـەت لـە نـاو بنەماڵـە تـا ڕادەیـەک سـکۆلارەکان، بنیاتـە هۆزایەتییەکانی کەلتووری کوردی، کە زیاتر لە ناوچـە گوندییەکانـدا بـەدی دەکرێ، دەتوانن بە خەستی، هەڵسووکەوتی کۆمەڵایەتی سنووردار بکەنەوە. هۆزەکان هێشتا بەها و نۆرمە ناموسییە کۆنسێرڤاتیڤەکانی خۆیـان پاراسـتووە، تەنانـەت ئەگـەر ئـایین یـەکێک لـە فاکتـەرەکانی پشـت ئـەم ناسازگارییە بێت.

لە وڵاتی ئێران، ڕەواڵی نوێی سزای ئیسلامی کە شۆرای نیگابان لە ساڵی 2013 لە خولێکی پێنج ساڵەی تاقیکاری پەسەندی کرد، لـە ئاکتەوبـەری ساڵی 2014 بڕیارە جێبەجێ ببێت. بە گوێرەی بەڵگەیەک کە لە پێشـەکیدا ئاماژەی پێ درا، ڕەوتی سزاکان بە پێی سیاسەتی دەسەڵات بۆ «بە ئیسـلامی کردن» سیستەمی یاسایی ئێران بە ڕۆژ کراوەتـەوە. سـەرەڕای ئەمـە، یاسـای سزای نوێ بریتییە لەو چاکسازییانەی کە پشتیوانی لە کەسانێکی باشتر دەکا کە تۆمەتبار بە هـەڵسـووکەوتـی هاوڕەگەزخوازانـە کـراون.[1] بـە پێـی یاسای سزای ئێران، مەترسـی جیـدی وەکـوو سـزای سـێدارە، هەڕەشـە لـە

1. https://www.amnestyusa.org/reports/flawed-reforms-irans-new-code-of-criminal-procedure/ [Accessed December 20th, 2017].

کەسانی تۆمەتبار بە هاوڕەگەزخوازی دەکات. هەر بۆیە، پارێزەران دەبێ لەم چاکسازیی و دەرفەتە پەنگراوەکان کە لە یاسای نوێدا دەبینرێ بـۆ پشـتیوانی لە کەسانی ناهاوسان ئاگادار بن بۆ ئەوەی ڕێگری لە گـرتن یـان مـەحکووم بوونیان بە تاوانی هاوڕەگەزخوازبوون بکرێت.[1]

داعەش لــە کــاتی دەرکەوتنیــەوە، لــە ڕووی دادەوە دەســتی کــرد بــە ڕاوەدوونانی کەمینە ئایینییەکان، ژنان و ئەو کەسانەی کە شووناس یا شێوازی ژیانیان لەگەڵ باوەڕە وشک و دەمارگرژییەکانی ئەم تاقمە هاوئاراستە نەبوو.[2] هـەر ئێسـتاش ڕێـژەی جیـاوازیی تونـدوتیژی، گۆشـەگیری زۆر و لەقـەمی کۆمەڵایەتی بە ئەنقەست وێرانکەرن؛ بەڵام لە چەمکی دەوڵەتی ئیسـلامی، دۆخەکە بە لای ڕووخێنەریدا شکاوە. لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی دەوڵـەتی ئیسـلامی، جیهادیسـتەکان لـە دژی هـەڵسـووکەوتـی هاوڕەگەزخوازانـە و مۆدێلی قژی ئاڵاو واڵا کۆمەڵێ فەرمانیان دەرکرد و هـەر کەسـیان لـە کـاتی کردەوەی نێربازیدا بگرتبایە، سزای کوشتن بوو. تـەنیا لـە ڕۆژێکـی مـانگی سێپتێمبەر، دەوڵەتی ئیسلامی 9 پیاو و کوڕێکی تەمەن 15 ساڵانی بە هۆی هاوڕەگەزخواز بوونەوە لە شارێکی سـووریا کوشـت. دادگـا فۆرماڵیتـەکانی داعەش پەیوەنـدی سێکسـی گەیـەکانی بـە تـاوانی شـیاوی سـزای مـەرگ ڕاگەیاند، سزای دڕندانـەی هاوئاراسـتە لەگـەڵ خوێندنـەوەی توندڕەوانـەی شەریعەتیان بۆ ئەم کارە دیاری کرد.

---

1. "Lesbian, Gay, Bisexual and Transgender Rights in Iran Analysis from Religious, Social, Legal and Cultural Perspectives" by "INTERNATIONAL GAY AND LESBIAN HUMAN RIGHTS COMMISSION

2. Sources: ARA News, Iraqi News, Daily Mail

ئەم نموونە تەنیا یەکێک لە نموونە خراپ بە کارهێنانەکانی داعەش لە دەمارگرژی کۆمەڵایەتی و ئایینییە کە پێشتر لە بارەی کەسانی گەی بوونی هەبوو و ئێستا بۆ پاساوی کردەوەی خۆی سوودیان لێ دەبینێت. ئەم ڕەواڵە هەتا ساڵی 2017 سەرەڕای چەندین پاشەکشێ درێژەی هەبوو. سزاکان توندوتیژانە، وەحشییانە و ماوەرای تێگەیشتنی مرۆڤن. یەکێک لە باوترین سزاکان خستنە خوارەوەی کەسێک لە سەر بینای باڵاخانەکان بوو. ئەو کەسانەی کە لەم کەوتنە خوارەوە نەمردایەن لە لایەن کۆمەڵێ کەسەوە بەردباران دەکران کە لە ناویاندا منداڵیش دەبینرا. لە مانگی ژانقییەی ساڵی 2015، دوو پیاو لە شاری پالمیرای سووریا بەم چارەنووسە حوکم دران. شاری پالمیرا ئەو کات لە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتی ئیسلامی بوو. ئەوان پاش ئەوەی بەرپرسێک لە دەوڵەتی ئیسلامی بە تاوانی هاوڕەگەزخوازی فەرمانی لە سێدارە دانیانی دەردەکرد، لە سەر هەورە بانی میوانخانەیەک فڕێ دەدرانە خوارەوە.[1]

لە مانگی ژانقییەی ساڵی 2017، داعەش کوڕێکی تەمەن 17 ساڵانی لە مووسڵی عێراق بە فڕێدانی لە سەر بینایەک کوشت. پیاوێکی گەنجی نەناسراوی دیکە لە مانگی مارس لە سەر هەورە بانی بینایەک خرایە خوارەوە. دیارە کۆمەڵێ کەسی چاوەڕێ لە خوارەوەی بیناکە پیاوەکەیان بەردباران کرد و کوشتیان. بۆ پەرە پێدانی ترس، داعەش وێنەی هەر دوو

1. The Islamic State's shocking war on gays. The Washington Postwww .washingtonpost.com/news /worldviews/wp/2016

کوشتنەکەی لە ڕێگەی هەژماری بەکارهێنەری گرێدراو بـە خـۆی لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان بـڵاو کـردەوە. لـە ژانڤییـەی سـاڵی 2015، گرووپێکـی ڕادیکاڵ وێنەگەلێکی بڵاو کردەوە کە شەڕکەرانێکی پیشـان دەدا کـە پیـاوانی تۆمەتبار بە هاوڕەگەزخوازی لە بینایەک لە شاری مووسڵ لە عێراق دەخەنـە خوارەوە.

تۆڤی بچووکی گۆڕان لە درێژەی چەندین دەیەی درێژخایەن بەدی دێـن. لە ساڵی 2002، هەرێمی کوردستانی عێراق یاسـاکانی سـەردەمی سـەدام حوسەینی هەڵوەشاندەوە کە بە توندی مافی بەرپرسـانی بـۆ گرتنـی یاسـایی کەسانێک کە توندوتیژی ناموسیان دەکـرد، سـنووردار کـردەوە. لـە سـاڵی 2007، سەرۆک وەزیرانـی هـەرێمی کوردسـتان، بـارزانی، کۆمسـیۆنێکی تایبەتی بە ئامـانجی جێبـەجێکردنی یاسـایەک بـۆ بەرەنگاربوونـەوە و پـێ ڕاگەیشتن بە توندوتیژی ناموسی لـە دژی ژنـان پێـک هێنـا و ڕێگـری لـە پیاوماقووڵانی گوند بۆ بڕیاردان سەبارەت بەم بابەتانەی دەرەوەی سیسـتەمی دادگـا کـرد. لـە ڕاسـتیدا ئەمـە یەکـەمین هـەنگاوە بـەرەو خـەبات لـە دژی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە زۆرێک لە بوارەکانی وەکوو ناهاوسانان. لە مـاوەی سـاڵانی ڕابـردوودا، دەوڵـەتی هـەرێمی کوردسـتان (دەسـەڵاتی سەربەخۆ لە پارێزگا باکوورییەکانی عێراق) بە تەواوەتی لە پۆلیسی نەفام کـە گەیەکان سزا دەدات، گۆڕدرا و کەمتر لەم بابەتانەدا دەستێوەردان دەکات.[1] لە

1. In ISIS' Shadow, LGBT Kurds Take A Stand | HuffPost, www.huffingtonpost.com/entry/in-isis-shadow-lgbt-kurds

بەرانبەردا، ئیسرائیل لە بەرگری لە مافی ناهاوسانان لە پێشکەوتووترین وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناڤینە. لەم وڵاتەدا، مافی ناهاوسانان بە فەرمی قبووڵ کراوە و ئەندامانی کۆمەڵگای ناهاوسان بۆیان هەیە پێکەوە پەیوەندی مەدەنییان هەبێ کە تا ڕادەیەک هاوشێوەی پەیوەندیی هاوژینە دیترڕەگەزخوازەکانە. وڵاتان یان دیکەی ناوچەکانی شایەنی ئاماژە بریتییە لە عێراق، ئۆردۆن و فەڵەستین کە پەیوەندی سێکسی لەگەڵ هاوڕەگەز بە نایاسایی نازانن.[1] لە وڵاتی لوبنان سەرەڕای ئەوەی کە هاوڕەگەزخوازی هێشتا نایاساییە، کۆمەڵگای ڕوو لە گەشەی ناهاوسانان لەم وڵاتە تا دێت زۆرتر دەکەوێتە بەر چاو و بە شێوەی تایبەت لە بەیرووت، ناهاوسانان کۆمەڵگایەکی تەندروست و هەڵبەت ژێرزەوینییان پێک هێناوە.[2]

## ئەنجام گرتن

ئەم توێژینەوە هەوڵێکە بۆ هاوکاری توێژەران و ئەکتیڤان بۆ پێداچوونەوەیەکی زیاتر سەبارەت بە شێوازە مانەوەییەکان کە لەوانەیە بتوانن ژیانی ناهاوسانان لە وڵاتی ئێران باشتر بکەن. ململانێ سەرەکییەکانی ناهاوسانان لە ئێران لە ناو بردنی ڕوانینی نەرێنی کۆمەڵایەتییە کە بە توندی ناهاوئاهەنگی، هەڵاواردن و ڕاوەدوونانی یاساییە. ئەم ڕوانگە نەرێنییە کاتێ پەیوەندیی جیدیتر دەبێ کە یاسا و ڕێساکانی ئێران نکۆڵی لێبراوەی مافەکانی

1. ILGA the International LGBTI Assoc. "Lesbian and Gay Rights in the World." IGLA. May 2010

2. Zoepf, Katherine. "What Happened to Gay Beirut?" The New York Observer, 16 Aug. 2007

ناهاوسانان پشتڕاست و بەهێز دەکـات. ئاگادارکردنـەوە و خـەبات لـە دژی بێزاری، ئامانجی سەرەکی ئـەکتیڤانی کۆمەڵایـەتیی ئێن‌جی‌ئۆکانـە. بـەڕێوە بردنی خەباتی ناهاوسانی لە کۆمەڵگای ئێران و ئامادە بوونێکی چالاکتر لـە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، تێگەشـتنێکی گشـتی باشـتر لـە ناهاوسـانان دەداتـە دەست و لە چارەسەرکردنی زۆرێک لە پرسەکانی ئەوان دەور دەبینێت.

بۆ باشتر بوونی دۆخی ناهاوسانان، کۆمـەڵێ لـەو پرسـانەی کـە پێشـتر ئاماژەیان پێ کرا، دەبێ ڕەچاو بکرێن. هـەر بـەم شـێوە دەبـێ ململانێکـانی ژیـان، پرسـە کێشـە سـازەکان پێناسـە و پۆلێنبەنـدیی بکرێـت و زمـانی بـە کارهێنراو بۆ وەسفی ناهاوسانان دەبێ بخرێنە بەر تیشکی سەرنج. سـەرەڕای هــەموو کێشــەکان تەنانــەت لــە زەختتــرین وڵاتــانی خۆرهــەڵاتی نــاڤین، ناهاوسانان هێشتا بە شێوەی ژێرزەوینی کـۆ دەبنـەوە و لـە هەمبـەر بـاوەڕی گشتی، بەها کەلتووری و ڕێکخراوە ئایینییەکان کە هێشـتا سـووکایەتیان پـێ دەکەن و ڕێگەی دەست پێڕاگەیشتنیان بە مافەکانیان نادا، درێژە بـە گەشـە و باڵاکردن دەدەن.

بەو پێیەی کە لە سەدەی بیست و یەکەمـداین، زەخـت بـۆ ڕەچـاوکردنی مـافی ناهاوسـانانی خۆرهـەڵاتی نـاڤین لـە لایـەن ژێـدەری بیـانی وەکـوو گرووپەکانی مافی مرۆڤـی نێونەتـەوەیی، دەوڵەتـە بیانییـەکان و کۆمـەڵگای ناهاوسانی نێونەتەوەیی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر دەبێت.[1] هـاواری سـەرکۆنەی نێودەوڵەتی بە هۆی هەڵسـووکەوتێـک کـە لـە خۆرهـەڵاتی نـاڤین لـە دژی

1. GME Gay Middle East." Gay Middle East. 2011.; "Amnesty International; Canada." Amnesty International. 2011

ناهاوسانان دەکرێت، چیتر بێدەنگ ناکرێت.

ئـەوەی ڕوونـە، بەتایبـەت سـەبارەت بـە گرووپێـک کە هێشـتا لەقـەم و ناونیتکەی لە دوایە، میکانیزمی بەربڵاوی کۆمەڵایەتیيە کـە لـە تێگەیشـتنی جیاوازییـەکانی ئاسـتە جۆراوجۆرەکـانی هـەڵاواردن لـە وڵاتـانی جیهـان دەورێکی گرینگی هەیە. ئەم توێژینەوە بەم ئەنجامە دەگـا کـە قبـووڵکردنی کۆمەڵایەتی پێوەرێکی گرینگە کە زۆر توێژینەوە هـەوڵی تێگەیشـتنی ڕۆڵـی ئەویان هەیە. تێگەیشتن لەم دیاردە دەستبەجێ بۆ ڕوونکردنەوەی ئاستە جیـا جیاکانی هەڵاواردنی بە ئەزموون کراو لە ناو ناهاوسـانان بـە کـەڵک دێـت. لێکۆڵینەوەی زۆر لە بواری قبووڵکردنی کۆمەڵایەتی بۆ ڕوونکردنەوەی پانتـا و کاریگەری ئەم هێمایە بەسوود دەبێت.

دوایین وتە ئەوەی کە، ئەم توێژینەوە پێویستییەکی زۆر بۆ هەوڵی تیـۆری و شێوازێکی زیاتر بۆ گۆڕانکاری و تێگەیشتن لەم پرسە گرینگە کۆمەڵایەتییە ئاشکرا دەکات. وەک لەم توێژینەوە دا پێداگری لە سـەر کـراوە، ناهاوسـانان بەردەوام ڕووبەڕووی لەقەم و ناو و نیتکە و هـەڵاواردنی زۆر دەبنـەوە کـە بـە توندی کاریگەری لە سەر تەندروستی جەستەیی و دەروونی ئەوان دادەنێت. زانینی ئەوەی کە چۆن دەتوانرێ ئەم ناو و نیتکە و هەڵاواردنە کەم بکرێتـەوە، پاژەی گرینگی باشتربوونی ژیانی ناهاوسانانە. ئـەم توێژینـەوە گرینگایـەتی تاوتوێی قبووڵکرانی کۆمەڵایـەتیی هاوڕەگـەزخوازی و بایـەخی ئاراسـتەیی سەرتاسـەری و تیۆرییتـەوەر بـۆ ڕوونکردنـەوەی ئاسـتە جیاجیاکـانی هەڵاواردنی ئەزموونکراو لە سەر ئاستی هەموو وڵاتان پیشان دەدات.

بەڵام، کردەوەی مانادار دەتوانێ لە چوارچێوەی پانتایـەکی لـەبار لەگـەڵ

سیاسەتدانەران، سیاسەتمەداران و بلیمەتە سیاسییە ڕۆشنبیرەکان ئـەنجام بدرێت. ئەم کارە گۆڕینی ئایدۆلۆژیای نەریتیی و نۆرمە سـەختگیرانەکانیش لە خۆ دەگرێت. لە ئێران، شوێنێک کە هاوڕەگـەزخوازی هێشـتا وەک تـاوان سەیر دەکرێ و سزای مەرگی بە دواوەیـە، پـرۆژەی پشـتیوانی لـە هـەڵگرتنی ئـابووری و کۆمەڵایـەتیی کەمینـە سێکسـییەکان هـەم ئەسـتەمە و هـەمیش ئەگەری کاریگەری ئەوتۆی نییە. هیواداریـن کە بتوانین بە پێداگری نواندن لە سەر ئەوەی کە بێبەشی ناهاوسانان کاریگەری لە سەر هەمووان دادەنـێ، بـۆ تێگەیشتن لەم بابەتە یارمەتی وڵاتان بدەین کە بە کۆتاییهێنان بە هەڵاواردن دەتوانن لە زۆر خاڵ سوودمەند بن.

بێبەشکردنی جڤاکی ناهاوسانان هۆکاری سەرەکیی هەژاری و کۆسـپی بەر دەم پێشکەوتنە.[1] بێبەشبوونی ناهاوسانان نە تەنیا بە هۆی ئەنجامـەکانی دواتر لە سەر ژیانی تاکـەکان و هـەژاری کـۆی گـرووپ بـەڵکوو بـە هـۆی کاریگەری نەرێنی لە سـەر ئـابووری و کۆمـەڵگا لـە ڕەهەنـدی بـەربڵاوتر، بابەتێکی پێشکەوتنییە. گەیشتن بـە پێشـکەوتنی هەمـەلایەنـە پێویسـتی بـە تێکەڵبوونی زیاتری پرسەکانی ناهاوسانان لـە پرۆسـەکان، سیاسـەتەکان و بەرنامە داڕشتانەیە کە لە ناویانـدا دەلاقەی دەرفـەتی نـوێ دەکرێنـەوە. لـەم ئاراستەدا دەتوانین کەڵک لە فێربوونی کارەکانی پێشووی ئەم بوارە وەربگرین کە بە ئابووری و تەندروستییەوە دەست پێ دەکات.[2] پتر لـە 31 لـە سـەدی

1. Hylton, E., 2011. Developing work in and with communities. Occasional Paper Volume 4, p.55.

2. Mulé, N.J., Ross, L.E., Deeprose, B., Jackson, B.E., Daley, A., Travers, A. and Moore, D., 2009. Promoting LGBT health and wellbeing through inclusive ←

حەشیمەتی هەشتا ملیۆنی ئێران تەمەنیان لە نێوان 15 بۆ 29 ساڵانە و ئەم حەشیمەتە زۆر گەنجە دەرفەتێکە بۆ گۆڕان، چالاکیی نوێی سیاسی و بە شێوەی پەنگراو ڕوانگەیەکی نوێ بۆ ڕەگەزێتی. بەرەو پێشەوە بردنی ئەم ڕوانگەی نەوەییە پێویستی بە کۆکردنەوە، گشتاندن و فرمۆلیتەکردنی بەرنامەیەکی فێرکاری سەبارەت بە تێکەڵبوونی ناهاوسانان لە هەموو ئاستەکانی ژیانە. هەر چەشنە پێشکەوتن لە تاوتوێکردنی پێویستییە بنەڕەتییەکانی جڤاکی ناهاوسانان لە ئێران بە هاوکاری ئەم هێمایانە خێراتر دەبێت؛ پڕ کردنەوەی بۆشایی زانیارییەکان، لێکۆڵینەوە لە داتاکان و کۆکردنەوەی داتای پتەو، پشتیوانی لە توێژینەوەکان، تاقیکردنەوەی ئایدیای نوێ و داهێنەرانە و بەرنامە داڕشتن بە پێی هەڵسەنگاندنی ورد. هەر کات ئەنجامەکانی وەها تێکۆشانێک بە شێوەی ڕوون، بە گشتی بکرێن، کۆمەڵگای ڕوو لە گەشە کە لەم بوارەدا ئیش دەکات، پەرە بە بژاردە سەرکەوتووەکان بدات، خۆی لە دووپاتکردنی هەڵەکان بە دوور دەگرێت.

سەرەڕای ئەمە، لە هەمبەر حەشیمەتی ناهاوسان تێبینی سەخت هەیە و بە گشتی دژی کەسانی نادیترڕەگەزخوازە. کەواتە پێویست ناکا دەوڵەت، لە خۆرهەڵاتی ناڤین بە گشتی و لە ئێران بەتایبەتی، ئیشێک بکات. گووشاری نکۆڵی لێکردن و دژایەتی لە لایەن کۆمەڵگا، ڕێکخراوە مەدەنی و بنیاتی بنەماڵە دەسەپێنرێ کە وای کردووە دەوڵەت زەحمەت نەکێشێ و بە هەندی وەرنەگرێت. ئەم بابەتە بە تەواوەتی لە بزووتنەوەکانی سەرتاسەری

→

policy development. International journal for equity in health, 8(1), p.18.

خۆرهەڵاتی ناڤین بەدی دەکرێ کە کەسەکان لە هەمبەر ناهاوسانان هیچ نەرمنوێنییەکیان نییە. لەم سیناریۆیەدا، ناوەندە دەوڵەتییەکان چێژ لە پێگەی دڵنیا و سەقامگیر دەبینن. ئەم دۆخەی ئێستا پێویستی بە گۆڕانە و مافی سەلمێنراوی ناهاوسانان دەبێ لە هەموو بەستێنە کۆمەڵایەتییەکاندا بە فەرمی بناسرێت.

**سەبارەت بە نووسەر**

کامیل ئەحمەدی، خەڵکناسی کۆمەڵایەتی و توێژەر لە دایک بووی شاری نەغەدە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، براوەی خەڵاتی «نامووس» لە زانکۆی **یاسای لەندەن** لە بنیاتی مافەکان **(IKWR)** و براوەی خەڵاتی «ئاشتی» بنیاتی جیهانیی ئاشتی **(PEACE)** بەشی ئەدەبیات و زانستە مرۆییەکان لە زانکۆی **جۆرج واشینگتۆنە**. توێژینەوەکانی کامیل ئەحمەدی سەبارەت بە گەشەی کۆمەڵایەتی و نێودەوڵەتی، ئێتنیک و پرسەکانی پەیوەست بە ڕەگەز (جێندێر) و منداڵان بووە.

کامیل ئەحمەدی، پاش چوونی بۆ بەریتانیا خوێندنی پاشناوەندی و پێش زانکۆی لەو وڵاتەدا درێژە پێ داوە و ساڵی ١٩٩٩ کارناسیی چاپ، مافەکانی چاپ و ئابووریی ئاقاریی لە کۆلێجی گواستنەوە و گەیاندنی لەندەن وەرگرتووە. ناوبراو هەروەها ساڵی ٢٠٠٣ ماستەری لە ڕشتەی مرۆڤناسی کۆمەڵایەتی و قەومنگاریی وێنەیی لە زانکۆی کێنت لە کانتێربێری بەریتانیا وەرگرتووە و پاشان خولە پسپۆڕی و تایبەتەکانی لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شێوازی لێکۆڵینەوە درێژە پێداوە و ئەم خولانەی لە زانکۆی ئابووریی و زانکۆی بێرک بەکی لەندەن تێپەڕاندووە.

وتار و توێژینەوەکانی پێشووی ناوبراو بە زمانەکانی ئینگلیزی، تورکیی ئەستەنبۆڵی، فارسی و کوردی لە ژێر ئەم ناوانە چاپ کراون:

- **سازگاری و خۆڕاگری لە ناو مێرمنداڵانی مەهاباد** "بەکارهێنانی ڕاگەیاندنەکان، جیاوازیی ڕەگەزی و خۆڕاگری - ئێتنۆگرافیی وێنەیی لە کوردستانی ئێران" لە ساڵی ٢٠٠٦ لە مە هاباد کرا کە لە ٢٠١٩ لە لایەن چاپەمەنیی مێهری لە لەندن و لە ساڵی ٢٠٢١ لە دانیمارک لە لایەن چاپەمەنیی ئاوای بووف بە هەر سێ زمانی فارسی، کوردی و ئینگلیزی چاپ کراوە.

- **ڕوانینێکی دیکە بۆ ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا** "ڕوانینێکی خەڵکناسانە بۆ دابونەریتی مزۆپۆتامیا"؛ (Etkim press (Istanbul, Turkey 2009 لە

لایەن چاپەمەنیی اتکیم بە سێ زمانی تورکی و ئینگلیزی ئیستانبوول لە چاپ کراوە.

**-بە ناوی نەریت** "توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە خەتەنەی ژنان لە ئێران"کە لە لایەن Uncut Voices Press-Frankfurt و چاپەمەنیی شیرازە لە ساڵی ٢٠١٦ و لە دانیمارک لە لایەن چاپەمەنیی ئاوای بووف فایلە ئەلکترۆنییەکانی ئەم کتێبە لەگەڵ فایلە دەنگییەکەی بە فارسی، کوردی و ئینگلیزی ساڵی ٢٠٢١ چاپ کراوە، یەکیکی دیکەی لە توێژینەوەکانی ئەم توێژەرەیە.

**- زایەڵەی بێدەنگی** (توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان لە ئێران) بڵاو بۆتەوە لە Nova Science Publisher, Inc., New York 2017؛ و چاپەمەنیی شیرازە و دیسان لە ساڵی ٢٠٢١ لە دانیمارک لە لایەن چاپەمەنیی ئاوای بووف بە هەر سێ زمانی فارسی، کوردی و ئینگلیزی فایلە ئەلکترۆنییەکانی ئەم کتێبە لەگەڵ فایلە دەنگییەکەی بە فارسی، کوردی و ئینگلیزی چاپ کراوە.

**- ماڵێک لە سەر ئاو** "توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە سیغە ۆ هاوسەرگیریی کاتی لە ئێران"کە دەقە فارسییەکەی لە ساڵی ٢٠١٨ لایەن چاپەمەنیی شیرازە بڵاو بۆتەوە و چاپەمەنیی مێهری لە لەندەنیش دەقە ئینگلیزییەکەی چاپ کراوە و لە لایەن چاپەمەنیی ئاوای بووف فایلە ئەلکترۆنییەکانی ئەم کتێبە لەگەڵ فایلە دەنگییەکەی بە فارسی، کوردی و ئینگلیزی چاپ کراوە یە کیکی لە دیکەی توێژینەوەکانی ئەم توێژەرەیە.

**- ماڵێک بە درگای ئاوەڵاوە** "توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیر یی سپی لە ئێران"بە ئینگلیزی و فارسی کە ساڵی ٢٠٢٠ لە چاپەمەنیی مێهری لە لەندەن چاپ کراوە؛ هەروەها لە لایەن چاپەمەنیی ئاوای بووف بە هەر سێ زمانی فارسی، کوردی و ئینگلیزی چاپ کراوەتەوە. فایلە ئەلکترۆنییەکانی ئەم کتێبە لەگەڵ فایلە دەنگییەکان لەبەر دەستن.

- توێژینەوەیەکی دیکە بە ناوی **تالانی منداڵی** "توێژینەوەیەک سەبارەت بە ناسین، ڕێگری و کۆنترۆڵی دیاردەی زبڵگەڕیی منداڵان لە تاران" بۆ ئەنجوومەنی پشتیوانی لە مافەکانی منداڵان ئەنجام درا کە بابەتی زبڵگەڕیی منداڵانی لە تاران تاوتوێ کردووە و لە ساڵی ٢٠١٩ ڕوونوێنی کرا؛

- دەقی ئینگلیزی، کوردی و فارسیی دەقی **شاری قەدەغەکراو** "توێژینەوەیەک سەبارەت بە ناهاوسانان لە ئێران" یەکێکی دیکە لە توێژینەوەکانی ئەم توێژەرەیە کە هەندێ وتاریشی بە زمانەکانی فارسی، کوردی و ئینگلیزی لێ دەرکێشراوە و چاپ کراوە و لەم ماوەی دواییدا لە لایەن چاپەمەنیی مێهری لە لەندەن ساڵی لە ٢٠١٩ چاپ کرا؛ فایلە ئەلکترۆنییەکانی ئەم کتێبە لەگەڵ فایلە دەنگییەکەی بە فارسی، کوردی و ئینگلیزی لە لایەن چاپەمەنیی ئاوای بووف لە ٢٠٢١ دووبارە چاپ کراونەتەوە.

- و لە ساڵی ٢٠١٨ توێژینەوەیەکی ناوبراو لە ژێر ناوی لە **سنوورەوە هەتا سنوور** "توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە شووناس و ئێتنیکایەتی لە ئێران" کە ٥ ئێتنیکی عەرەب، بەلووچ، کورد، فارس و تورکی تاوتوێ کردووە کە هەندێ وتاریشی بە زمانەکانی فارسی، کوردی و ئینگلیزی لێ دەرکێشراوە و چاپ کراوە و لەم ماوەی دواییدا لە لایەن چاپەمەنیی مێهری لە لەندەن چاپ کرا؛ دیسان لە دانیمارک لە ٢٠٢١ لە لایەن چاپەمەنیی ئاوای بووف بە هەر سێ زمانی فارسی، کوردی و ئینگلیزی چاپ کراوەتەوە. فایلە ئەلکترۆنییەکانی ئەم کتێبە لەگەڵ فایلە دەنگییەکەی هێشتا لەبەر دەستە.

کتێبی **ئاسەواری چەوساندنەوە لە جیهانی منداڵی** "توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە جۆر، هۆکار و لێکەوتەکانی کاری منداڵان" کە هاوڕێکەوت لەگەڵ ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی دژی کاری منداڵان لە ساڵی ٢٠٢٢ لە لایەن چاپەمەنیی ئاوای بووف بە شێوەی فایلی ئەلکترۆنیکی و دەنگیی بە فارسی، کوردی و ئینگلیزی بڵاو بۆتەوە و لەبەر دەستە.

ئەم نووسەرە سەبارەت بە خەتەنەی پیاوان / کوڕان، زیناکردن لەگەڵ مەحارم، و دەستدرێژیی سێکسی لە سەردەمی منداڵی چەندین توێژینەوەی ئامادەیە کە بەم زووانە دەکەوێتە بەر دەست هۆگران و خەمخۆرانی بوارە کۆمەڵایەتییەکان.

هەروەها بەڕێزیان لە گۆڤارە جیاوازە فارسی، کوردی و ئینگلیزییەکاندا چەندین وتاری بڵاو بۆتەوە. توێژینەوەکانی لە ماڵپەڕی خۆیاندا دەست دەکەوێت:
www.kameelahmady.com

# سەرچاوە کان:

## کتێبەکان / بڵاڤۆکەکان

Abbasi-Shavazi, Mohammad Jalal; McDonald, Peter; Hosseini-Chavoshi, Meimanat. (September 30, 2009). “Region of Residence”. The Fertility Transition in Iran: Revolution and Reproduction. Springer. pp. 100–101.

Adamczyk, Amy (2017). Cross-National Public Opinion about Homosexuality: Examining Attitudes across the Globe. University of California Press. pp. 3–7

Ahmady. K. 2015. In the Name of Tradition. Female Genital Mutilation in Iran.pp.49. Uncut/VOICES Press http://kameelahmady.com/fgm-in-Iran

Ahmady, Kameel. An Echo of Silence- A comprehensive research Study n Early Child Marriage (ECM) in Iran (2016). http://kameelahmady.com/wp-content/uploads/2016/10/English-final-web.pdf

*Amnesty International (2001). Crimes of hate, conspiracy of silence. Oxford, United Kingdom: The Alden Press*

Anthony Appiah and Henry Louis Gates (2010), Encyclopaedias of Africa, Volume 2 OUP, USA.

Avery, D.R., McKay, P.F, & Wilson, D.C. (2007) “Engaging the aging workforce: The relationship between perceived age similarity, satisfaction with co-worker and employee Engagement”, Journal of Applied Psychology, Vol. 25 No.9, pp. 1542-1556.

Ayatollah-e Ozma-e Syed-e ‘Abdol-e Hossein-e Dastagheib-e Shirazi, Gonāhan-e Kabīrah [nd] [own translation]; Interview with Arsham Parsi, 14 March 2017; Arsham Parsi and Marc Colbourne, Exile for love: The journey of an Iranian queer activist (Halifax and Winipeg: Roseway Publishing, 2015), 12-13.

Bagley C, Tremblay P. Suicidal behaviors in homosexual and bisexual males. Crisis. 1997;18:24–34.[PubMed]

Bailey JV, Farquhar C, Owen C: (2003) Sexual behaviour of lesbians and bisexual women. Sex Transm Infect 79:147.

Barbosa RM, Facchini R. (2009) Access to sexual health care

for women who have sex. Cad Saude Publica. 2009;25:291–300. doi: 10.1590/S0102-311X2009001400011.

Barr, Bob. “No Defending the Defence of Marriage Act.” Los Angeles Times (January 5, 2009): http://articles. latimes.com/2009/Jan/05/opinion/oe-barr5

Beemyn, Genny, and Susan Rankin. 2011. The Lives of Transgender People. New York: Columbia University Press.

Betts, P. (2008). Developing survey questions on sexual identity: UK experiences of administering questions on sexual identity/orientation. ONS (Office for National Statistics) Page. 4

Bilgehan Ozturk, M., 2011. Sexual orientation discrimination: Exploring the experiences of lesbian, gay and bisexual employees in Turkey. *human relations*, *64*(8), pp.1099-1118.

Bogaert, A.F. (2004). Asexuality: Prevalence and Associated Factors in a National Probability Sample. The Journal of Sex Research 41(3): 279-287

Bontempo DE, D'Augelli AR. Effects of at-school victimization and sexual orientation on lesbian, gay, or bisexual youths' health risk behavior. J Adolesc Health. 2002;30(5):364–374. [PubMed]

Boswell, J. (1980). Christianity, social tolerance and homosexuality. Chicago: University of Chicago Press.).

Brady, Sean. Masculinity and Male Homosexuality in Britain, 1861-1913. Houndmills, Basingstoke, Hampshire: Palgrave Macmillan, 2005. Print. Page 11, 17, & 46

Brown, Jonathan (The Independent) (16 October 2009), “BBC Unveils Drama About Gentleman Jack - 'The First Modern Lesbian'“, San Francisco Sentinel, retrieved 6 June 2010

Butler, J. (1990). *Gender Trouble: Feminism and the Subversion of Identity.*

Butrica, “Some Myths and Anomalies in the Study of Roman Sexuality,” in Same-Sex Desire and Love in Greco-Roman Antiquity

Chan, Phil C. W. (2005) ‘the lack of sexual orientation anti-discrimination legislation in Hong Kong: breach of international and domestic legal obligations’, The International Journal of Human Rights, Vol.9, No.1, pp.69-106, [Online], Available: http://www.tandfonline.com/doi/abs/10.1080/13642980500032347

[7 November 2012].HonHH

Chauncey, G., Jr. (1982/1983). From sexual inversion to homosexuality: Medicine and the changing conceptualization of female deviance. *Salmagundi*, No. 58-59, 114-146.

Chauncey, G. (1995). Gay New York: The Making of the Gay Male World 1890-1940. London, England: Flamingo.

Cheng, L. (1999), Globalization and women's paid labour in Asia. International Social Science Journal, 51: 217–228. doi:10.1111/1468-2451.00190

Christianity. *Mich. J. Gender & L.*, *4*, p.335

Christopher Brocklebank (2012) Police raid headquarters of LGBT rights group.

Cochran, S.D., V.M. Mays, and J.G. Sullivan, Prevalence of mental disorders, psychological distress, and mental health services use among lesbian, gay, and bisexual adults in the United States. Journal of Consulting & Clinical Psychology., 2003. 71(1): p. 53-61

Corbin, J. and Strauss, A. (2008). Basics of qualitative research: Techniques and procedures for developing grounded theory. *Thousand Oaks*. Page. 127

Crenshaw, Kimberlé (1991). Mapping the margins: Intersectionality, identity politics, and violence against women of color. Stanford Law Review, 43 (July), 1241–1299.

Croteau JM. Research on the work experience of lesbian, gay, and bisexual people: An integrative review of methodology and findings. Journal of Vocational Behavior. 1996;48:195–209.

Creswell, J. W., & Plano Clark, V. L. (2007). Designing and conducting mixed methods research. Thousand Oaks, CA: Sage Publications

D'Emilio, J., & Freedman, E.B. (1988). *Intimate matters: A history of sexuality in America*. New York: Harper & Row

David Halperin (2002), How to Do the History of Homosexuality

*Davis, James A. and smith, Tom w., General Social Surveys, 1992- 1991: cumulative Codebook. Chicago: NORC, 1991.*

Dean, Carolyn J. (1996) Sexuality and Modern Western Culture. Twayne Publishers. New York. Page. 22

*Dempster, Sarah (1 June 2010), "The Secret Diary of Miss Anne Lister and 30 Rock", The Guardian, Guardian Media Group, retrieved 4 June 2010*

Diamond-Friedman, Cassandra. "A multivariant model of alcoholism specific to gay-lesbian populations." Alcoholism Treatment Quarterly 7.2 (1990): 111-117.

Donn Short, (2003). Don't Be So Gay! Queers, Bullying, and Making Schools Safe, UBC Press

Donovan, J.M., 1996. DOMA: An Unconstitutional Establishment of Fundamentalist

Drescher J. Queer diagnoses: parallels and contrasts in the history of homosexuality, gender variance, and the diagnostic and statistical manual. Arch Sex Behav. 2010; 39(2):427–60.

Dunbar E. Race, gender, and sexual orientation in hate crime victimization: Identity politics or identity risk? Violence and Victims. 2006;21:323–337. [PubMed]

Dworkin, S. H., & Yi, H. (2003). LGBT identity, violence, and social justice: The psychological is political. *International Journal for the Advancement of Counselling*, *25*(4), 269-279.

Eliason, M. J. (1997). The prevalence and nature of biphobia in heterosexual undergraduate students. Archives of Sexual Behavior.

Epstein, L., Martin, A.D., Quinn, K.M. and Segal, J.A., 2007. Ideological drift among Supreme Court justices: Who, when, and how important. Nw. UL Rev., 101, p.1483.

Eve Kosofsky Sedgwick (1985), Between Men: English Literature and Male Homosocial Desire (New York: Columbia University Press, 1985), pp. 83-96.

Fassinger, Ruth E. "Lesbian, Gay, and Bisexual Identity and Student Development Theory." *Working with lesbian, gay, bisexual, and transgender college students: A handbook for faculty and administrators* (1998): 13-.

Frankowski BL(2004); American Academy of Pediatrics Committee on Adolescence (June 2004). "Sexual orientation and adolescents". Pediatrics. 113 (6): 1827–32. PMID 15173519. doi:10.1542/peds.113.6.1827.

Franke, Katherine M. (2004) "The domesticated liberty of Lawrence v. Texas." Colum. L. Rev. 104 : 1399.

Freedman, Lynn, Alice Miller, and J. Alexander. Public Health Monitoring and Accountability: A Map of Current Initiatives and Conceptual Challenges: A Briefing paper for OSI (2004) Freedman, Miller, and Alexander, 2004, pp. 7-9.

Freud, S. (1905). Three essays on the theory of sexuality. In J. Strachey (Ed. and Trans.), *The standard edition of the complete psychological works of Sigmund Freud*. (Vol. 7, pp. 123-245). London: Hogarth Press. (Original work published 1905)

*Friman, J., 2014. LGBT-rights: sexual orientation, gender identity and the human rights.*

Fone, Byrne R. S. (2000). Homophobia: a history. New York: Metropolitan Books.

Foucault, M (1981) *The History of Sexuality, Volume 1: An Introduction*, London, Pelican.

Galarza, Priscilla. "The History of Gay Rights in America." University Wire Nov 08 2013. ProQuest. Web. 24 Oct. 2014

Gall, M. D., Gall, J. P., & Borg, W. R. (2007). Educational research : an introduction (8th ed.). Boston: Pearson/Allyn & Bacon. Page 767

*Gauch, S. (2002). Egypt cracks down on gays, trumping Islamists. Christian Science Monitor, p. 7*

Gibbon, Edward (1781). The History of the Decline and Fall of the Roman Empire

Giddens, Anthony (2013). The transformation of intimacy: Sexuality, love and eroticism in modern societies. John Wiley & Sons.

Glaser, J., Dixit, S., & Green, D. P. (2002). Studying hate crime with the Internet: What makes racists advocate racial violence. *Journal of Social Issues*, 58, 177-193.

Goldstein, Anne B. "History, homosexuality, and political values: Searching for the hidden determinants of Bowers v. Hardwick." Yale Lj 97 (1987): 1073

Grey, T.C., 1997. Bowers v. Hardwick Diminished. U. Colo. L. Rev., 68, p.373.

Handbook on European non-discrimination law, European Union Fundamental Rights Agency / Council of Europe, 2010

Hare, Jan. (1994). Concerns and issues faced by families headed by a lesbian couple. Families in Society. 32. 27-35.

Hélie, Anissa. “Threats and survival: the religious right and LGBT strategies in Muslim contexts.” WOMEN IN ACTION-ROME THEN MANILA- 1 (2006): 19.

Herek, Gregory M (2000b) ‘The Psychology of Sexual Prejudice’, 9(1) Current Directions in Psychological Science 19-22.

Herek, G. M. (2002). Heterosexuals' attitudes toward bisexual men and women in the United States. Journal of Sex Research, 39(4), 264–274.

Herek, G.M. and McLemore, K.A., 2013. Sexual prejudice. Annual Review of Psychology, 64, pp.309-333.

History of Treatment/The Medical Treatment of Homosexuality. edited by Cabaj & Stein, American Psychiatric Association, 1996

Horrie, C. and Chippindale, P. (2007). What is Islam?: A Comprehensive Introduction. Virgin Books Limited.

Hubert Kennedy, Karl Heinrich Ulrichs (1997) : First Theorist of Homosexuality,” in Science and Homosexualities, ed. Vernon Rosario (pp. 26–45). New York: Routledge)

Hsueh-Hao Chiang, Howard. (2008). Effecting science, affecting medicine: Homosexuality, the Kinsey reports, and the contested boundaries of psychopathology in the United States, 1948-1965. Journal of the history of the behavioral sciences. 44. 300-18. 10.1002/jhbs.20343.

Huwiler Stronski SM, Remafedi G (1998) Adolescent homosexuality. Advances in Pediatrics, 45, 107–44. Medline

Hylton, E., 2011. Developing work in and with communities. *Occasional Paper Volume 4*, p.55.

ILGA the International LGBTI Assoc. “Lesbian and Gay Rights in the World.” IGLA. May 2010

Jacobs, Sue-Ellen, Wesley Thomas, and Sabine Lang. 1997. Two Spirit People: Native American Gender Identity, Sexuality, and Spirituality. Champaign, IL: University of Illinois Press.)

Jäckle, S., & Wenzelburger, G. (2015). Religion, religiosity, and the attitudes toward homosexuality—A multilevel analysis of 79 countries. Journal of homosexuality, 62(2), 207-241.

James, A. Cates (2007) Child and Adolescent Social Work Journal August 2007, Volume 24, Issue 4, pp 369–383, Identity in Crisis: Spirituality and Homosexuality in Adolescents

James B. DeYoung (2000), Homosexuality, claims Examined in light of the bible and Other Ancient Literature and Law By p. 322

James M. Lovelock. (2014) Using the Klein Sexual Orientation Grid in Sociological Studies. Journal of Bisexuality 14:3-4, pages 457-467.

Jaspal, R. & Breakwell, G.M. (Eds) (2014). Identity Process Theory: Identity, Social Action and Social Change Cambridge: Cambridge University Press.

Jerrold S. Greenberg, Clint E. Bruess, Sara B. Oswalt Jones & Bartlett Publishers, 2016

Jill M. Chonody, Phillip S. Kavanagh, Michael R. Woodford. (2016) Does Closeness to Someone Who Is Gay, Lesbian, or Bisexual Influence Etiology Beliefs About Homosexuality? Journal of Homosexuality 63:12, pages 1726-1748.

Jimenez, Marina. (2004) “Gay Jordanian Now ‘Gloriously Free’ in Canada.” Gay Middle East.

Johnson, B., & Christensen L. (2012). Educational Reseach: Quantitative, Qualitative, and Mixed Approaches. Thousand Oaks, CA: Sage Publications, Inc.

Jonathan Ned Katz, Gay American History: Lesbians and Gay Men in the USA (1978)

Jones, Susan R, Vasti Torres, and Jan Arminio. *Negotiating the Complexities of Qualitative Research in Higher Education: Fundamental Elements and Issues*. Routledge, 2013.

Jordans, Frank (17 June 2011). “U.N. Gay Rights Protection Resolution Passes, Hailed As 'Historic Moment'“. Associated Press.

Katz, Jonathan Ned (1995) The Invention of Heterosexuality. New York, NY: Dutton (Penguin Books).

Katz, J. N. (1976). Gay American history: Lesbians and gay men in the USA. New York: Thomas Y. Crowell Company

Katz-Wise, Sabra L. (2015). “Sexual fluidity in young adult women and men: Associations with sexual orientation and sexual identity development.” Psychology & Sexuality 6.2, 189-208.

Kelley D. Drummond, Susan J. Bradley, Michele Peterson-Badali and Kenneth J. Zucker in Developmental Psychology, Vol. 44, No. 1, pages: 34–45; 2008

Kevin L Ard, Harvey J Makadon. IMPROVING THE HEALTH CARE OF LESBIAN, GAY, BISEXUAL AND TRANSGENDER (LGBT) PEOPLE: Understanding and Eliminating Health Disparities. Page 3

Khorashad, Behzad S., et al. "Sexual orientation and medical history among Iranian people with Complete Androgen Insensitivity Syndrome and Congenital Adrenal Hyperplasia." *Journal of psychosomatic research* 92 (2017): 55-62.

Kiely, Niall (23 April 1983). "Norris to go to rights court in Strasbourg". The Irish Times. p. 8.

Kinsey, A.C., Pomeroy, W.B., & Martin, C.E. (1948). Sexual behaviour in the human male. Philadelphia: W.B. Saunders.Kinsey, A.C., Pomeroy, W.B., Martin, C.E., & Gebhard, P.H. (1953). Sexual behaviour in the human female. Philadelphia: W.B. Saunders.

Kitts, R. Adolescence. Gay adolescents and suicide: understanding the association. Adolescence, 40(159), 621-628. 2005

Klassen, A., Williams, C., & Levitt, E. (1989). Sex and morality in the U.S. Middletown: Wesleyan University Press.

Kreiss JL, Patterson DL. Psychosocial issues in primary care of lesbian, gay, bisexual, and transgender youth. J Pediatr Health Care.1997;11 :266– 274. See also Remafedi G. Adolescent homosexuality: psychosocial and medical implications. Pediatrics.1987;79 :331– 337

Koh, A.S. and L.K. Ross, Mental health issues: a comparison of lesbian, bisexual and heterosexual women. J Homosex, 2006. 51(1): p. 33-57

LaMar, Lisa, and Mary Kite. "Sex differences in attitudes toward gay men and lesbians: A multidimensional perspective." Journal of Sex Research 35.2 (1998): 189-196

Lennox, C. and Waites, M., 2013. Human rights, sexual orientation and gender identity in the Commonwealth: From history and law to developing activism and transnational dialogues

(pp. 1-59). Human Rights Consortium, Institute of Commonwealth Studies.

Lev A. I. (2004). Transgender Emergence: Therapeutic Guidelines for Working with Gender-Variant People and their Families. New York, NY: Haworth Clinical Practice Press.

Lovaas, Karen, and Mercilee M. Jenkins. “Charting a Path through the 'Desert of Nothing.'“ Sexualities and Communication in Everyday Life: A Reader. 8 July 2006. Sage Publications Inc. 5 May 2008

MacKinnon, Sexual Harassment (1979), p. 219. Aegis: Magazine on Ending Violence Against Women [July-August 1979]: 50-51).

Magnani R, et al. Review of sampling hard-to-reach and hidden populations for HIV surveillance. Aids. 2005;19(Suppl 2):S67–72.

Makarem, G. (2011) ‘The Story of HELEM’, Journal of Middle East Women’s Studies 7.3:
98–112

Maoz, Z. and Henderson, E.A. (2013). The world religion dataset, 1945–2010: Logic, estimates, and trends. International Interactions, 39(3), pp.265-291.

Marc Epprecht (2004), p180; Hungochani: The History of a Dissident Sexuality in Southern Africa . McGill-Queen's Press - MQUP

Massad, J. (2015) Islam in Liberalism, Chicago: University of Chicago Press

McCall, Leslie (2005). Te complexity of intersectionality. Signs: Journal of Women in Culture and Society, 30 (Spring), 1771–1800

McDowall, A. & Khan, S. (2004). The Ayatollah and the transsexual. The Independent (UK), p. 34

LGBT Rights in Iran by Shima Houshyar, published October 21, 2015

McConaghy, N. (1998). Paedophilia: A review of the evidence. Australian and New Zealand Journal of Psychiatry, 32(2), 252-265. p. 259

McLeod, S. A. (2007). Nature Nurture in Psychology.

Retrieved from www.simplypsychology.org/ naturevsnurture.html. Accesed November 4, 2017

McManus S (2003) Sexual Orientation Research Phase 1: A Review of Methodological Approaches, National Centre for Social Research, London.

Michael Dumper, Bruce E. Stanley. Cities of the Middle East and North Africa: A Historical Encyclopaedia

Mohamed, M.S. (2015). *Sexuality, Development and Non-conforming Desire in the Arab World: The Case of Lebanon and Egypt* (No. IDS Evidence Report; 158). IDS.

Mondimore, F.M. (2010). A natural history of homosexuality Money J. (1994). The concept of gender identity disorder in childhood and adolescence after 39 years. J. Sex Marital Ther. 20 163–177. 10.1080/00926239408403428 [PubMed] [Cross Ref]

Monro, Surya. Bisexuality: Identities, politics, and theories. Springer, 2015.

Moore LW, Miller M (1999) Initiating research with doubly vulnerable populations, Journal of Advanced Nursing, 30, 5, 1034–1040.

Mulé, N.J., Ross, L.E., Deeprose, B., Jackson, B.E., Daley, A., Travers, A. and Moore, D., 2009. Promoting LGBT health and wellbeing through inclusive policy development. *International journal for equity in health*, *8*(1), p.18.

Munt, S. R. (2000) Shame/pride dichotomies in Queer as Folk. Textual Practice, 14, 531–46.

Murrey, Melissa (2016). Obergefell.V HHodges and Nonmarriage Inequality.

Myers, JoAnne. Historical dictionary of the lesbian and gay liberation movements. Scarecrow Press, 2013

Naguschewski, D., Veit-Wild, F. (2005). *Body, sexuality, and gender.* Amsterdam: Rodopi

Najmabadi, A. (2011). Verdicts of science, rulings of faith: Transgender/ sexuality in contemporary Iran. Social Research, 78(2), 1-24.

Neel Burton M.D. ( 2015), Hide and Seek, When Homosexuality Stopped Being a Mental Disorder

*Nicholas Groth PhD, William F. Hobson MS & Thomas S. Gary Med*keley (2005): University of California Press.

Nosek BA, Greenwald AG, Banaji MR (2007) The Implicit Association Test at age 7: A methodological and conceptual review. In: Bargh JA, editor. Automatic processes in social thinking and behavior. London: Psychology Press. pp. 265–292.

Nungesser, L.G. (1983). Homosexual acts, actors, and identities. New York: Praeger

Ochs, Robyn, and Sarah E. Rowley. “Getting bi.” Bisexual Resource Center (2009).Page 249

Paris Adult Theatre I v. Slaton, 413 U. S. 49, 413 U. S. 63 (1973); see also Carey v. Population Services International, 431 U. S. 678, 431 U. S. 685 (1977).

Parnian, H. (2006). The sexual rights of women and homosexuals in Iran. In S. Seidman, N. Fischer & C. Meeks (eds.), Handbook of the new sexuality studies(pp.348-352).London: Routledge.

Pickett, Brent, “Homosexuality”, The Stanford Encyclopedia of Philosophy (Fall 2015 Edition), Edward N. Zalta (ed.), URL = https://plato.stanford.edu/archives/fall2015/entries/homosexuality/

Pile, S. and Thrift, N.J. eds. (1995). *Mapping the subject: geographies of cultural transformation*. Psychology Press.

Poasa, Kris. (1992). “The Samoan Fa’afafine: One Case Study and Discussion of Transsexualism.” Journal of Psychology & Human Sexuality 5(3):39–51

Prejudice, social stress, and mental health in lesbian, gay, and bisexual populations: Conceptual issues and research evidence. Psychological Bulletin, 129, 674-697.

Prioreschi, Plinio (1996). A History of Medicine. Horatius Press. pp. 21–23, 29

Punch, M. (1998). Politics and ethics in qualitative research. In N. K. Denzin & Y. S. Lincoln (Eds.), The landscape of qualitative research: Theories and issues (pp. 156-184). Thousand Oaks, CA: Sage Publications

Rich, Adrienne (1980). Compulsory Heterosexuality and Lesbian Existence. Only women Press Ltd. p. 32. ISBN 0-906500-07-9.

Richard Parkinson: Homosexual Desire and Middle Kingdom Literature. In: The Journal of Egyptian Archaeology (JEA), vol. 81, 1995, pp. 57–76.[1]Archaeological Sites". Wayback.archive.org. 2010-10-20. Archived from the original on 20 October 2010

Robinson, P. (1976). The modernization of sex. New York: Harper & Row

Rosario M, Schrimshaw EW, Hunter J, Gwadz M. Gay-related stress and emotional distress among gay lesbian and bisexual youths: A longitudinal examination. Journal of Consulting & Clinical Psychology. 2002;70(4):967–975. [PubMed]

Ryam, C., & Futterman, D. (1998). *Lesbian and gay youth: Care and counselling*. New York: Columbia University Press. Page 20.

Ryan, ruby, Joelle.REEL GENDER: EXAMINING THE POLITICS OF TRANS IMAGES IN FILM AND MEDIA, 2009.Page 8Spencer A. Rathus. Childhood: Voyages in Development. Cengage Learning, 2013.

*Saiz, Ignacio. "Bracketing Sexuality: Human Rights and Sexual Orientation –2004, pp. 66-67*

Sandfort, T.G., et al., Same-sex sexual behavior and psychiatric disorders: findings from the Netherlands Mental Health Survey and Incidence Study (NEMESIS). Archives of General Psychiatry, 2001. 58(1): p. 85-91

Sandra, Harding. (1935) Introduction: Is There a Feminist Methodology, Open University Press

Troiden R: Homosexual identity development. Journal of Adolescent Health Care 1988;9(2):105-13.

Scheff, T. J. (1994) Emotions and identity: a theory of ethnic nationalism. In C. Calhoun (ed.) Social theory and the politics of identity (Oxford: Blackwell), pp. 277–303

Schlatter, Evelyn; Steinback, Robert (9 December 2010). "10 Hateful Anti-Gay Myths Debunked". AlterNet. Retrieved 18 June 2013. And Halperin, David (2007). Haggerty, George, ed. "Deviant Teaching". A Companion to Lesbian, Gay, Bisexual, Transgender, and Queer Studies. Wiley-Blackwell: 146–167

Schilt, Kristen; Westbrook, Laurel (August 2009). "Doing

Gender, Doing Heteronormativity: 'Gender Normals,' Transgender People, and the Social Maintenance of Heterosexuality”. Gender & Society. 23 (4): 440–464 [461])

Siraj, Asifa (2012), ‘ “I don’t want to taint the name of Islam”: the influence of religion on the lives of Muslim lesbians’, Journal of Lesbian Studies, Vol. 16, No.4, pp.449-467, [Online], Available: http://www.tandfonline.com/doi/abs/10.1080/10894160.2012.681268 [1st November, 2012].

Spade D. (2008). Documenting Gender. Hastings Law Journal. 59:731-842. Available from: http://williamsinstitute.law.ucla.edu/wp-content/uploads/Spade-Documenting-Gender-Apr-2008.pdf

Steven Waldman(2003) , A Common Missed Conception- http://www.slate.com/articles/life/faithbased/2003/11/a_common_missed_conception.html

Strauss, A. L., & Corbin, J. M. (1998). Basics of qualitative research: Techniques and procedures for developing grounded theory (2nd ed.). Thousand Oaks: Sage Publications. Page 12

Sullivan & Wodarski (2002), Social alienation in gay youth. Journal of Human Behavior in the Social Environment, 5 (1), 1-17. Page 4

Svensson, T.K. (2004). A Bioethical Analysis of Sexual Reorientation Interventions: The Ethics of Conversion Therapy. Universal-Publishers.

Swaab, D., Chung, W., Kruijver, F., Hofman, M., & Ishunina, T. (2001). Structural and functional sex differences in the human hypothalamus. Hormones and Behavior, 40, 93-98. doi:10.1006/hbeh.2001.1682

Taylor, Yvette, Ria Snowdon. Queering Religion, Religious Queers Volume 38 of Routledge Studies in Religion. 2015. Page 45.

Tong, Rosemarie. Feminist Thoughts: A more comprehensive Introduction. Avalon Publishing, 2013

*Twenge, J.M.(2014). Generation me-revised and updated: Why today's young Americans are more confident, assertive, entitled--and more miserable than ever before. Simon and Schuster.*

UNFPA. (2010) Comprehensive sexuality education:

Advancing human rights, gender equality and improved sexual and reproductive health.

Upchurch, Charles (2009). Before Wilde: Sex between Men in Britain's Age of Reform. Berkeley: University of California, 2009. Print. Page 14 & 49

Vexen Crabtree (2014). “The Battle between Monotheism and Homosexuality: Religious Prejudice Versus Equality: Islam”

Waldo CR. Working in a majority context: A structural model of heterosexism as minority stress in the workplace. Journal of Counseling Psychology. 1999;46:218–232.

Wayne R. Dynes, Stephen Donaldson. “Encyclopedia of Homosexuality”. Garland Pub., 1990

Webb D, Wright D (2001) Count Me In: Findings from the Lesbian, Gay, Bisexual, Transgender Community Needs Assessment 2000 [online]. Available at http://www.lgbtmind.com/content/ACMI.htm (accessed 7 February 2018)

Weeks, Jeffery. (1988) Sexuality and Its Discontents Meanings, Myths and Modern Sexualities. Routledge and Kegan Paul, London. Page 192

*Wellman, C. (2000). Solidarity, the individual and human rights. Human Rights Quarterly, 22(3), pp.639-657.*

Whitaker, Brian (2006). Unspeakable Love: Gay and Lesbian Life in the Middle East. Berkeley: University of California.

Williams, Craig Arthur. Roman homosexuality: Ideologies of masculinity in classical antiquity. Oxford University Press on Demand

Wood, T, Julia “Gendered Lives: Communication, Gender and Culture”. Page 62

Yadegarfard, M., Meinhold-Bergmann, M.E. and Ho, R., 2014. Family rejection, social isolation, and loneliness as predictors of negative health outcomes (depression, suicidal ideation, and sexual risk behavior) among Thai male-to-female transgender adolescents. Journal of LGBT youth, 11(4), pp.347-363.

Zoepf, Katherine. “What Happened to Gay Beirut?” The New York Observer, 16 Aug. 2007

## ماڵپەڕەکان

American Psychological Association. (2008). Answers to your questions: For a better understanding of sexual orientation and homosexuality. Washington, DC: Author. [Retrieved from www.apa.org/topics/sorientation.pdf.]

American Psychological Association Answers to Your Questions About Sexual, www.massresistance.org/answers-to-your-questions.pdf

Defining Sex, Gender, and Sexuality - Boundless www.boundless.com

Ev Brian Whitaker 21 June 2016, Everything you need to know about being gay in Muslim ... www.theguardian.com

Institute of Medicine (IOM) (2011), The Health of Lesbian, Gay, Bisexual, and Transgender People:

Building a Foundation for Better Understanding. Washington, DC: The National Academies Press.

*James Baldwin's Giovanni's Room: The Guardian, www.theguardian.com*

http://www.nationalacademies.org/ hmd/Reports/2011/The-Health-of-Lesbian-GayBisexual-and-Transgender-People.aspx.

http://dx.doi.org/10.1007/s10508-009-9531-5. See, also O'Flaherty M, Fisher J. Sexual orientation, gender identity and international human rights law: contextualising the Yogyakarta Principles. Human Rights Law Rev. 2008; 8(2):207–48

San Francisco Human Rights Commission, LGBT Advisory Committee. "Bisexual Invisibility: Impacts and Recommendations", March 2011.

"Poet Adrienne Rich, 82, has died". Los Angeles Times. March 28, 2012. Retrieved March 29, 2012.

Recognize asexuality as its own, unique sexual orientation .www.theprovince.com/health/asexuality+needs+recognized

Valentine, G., Skelton, T. and Butler, R. (2002) the vulnerability and marginalisation of lesbian and gay youth: ways forward. Youth and Policy, 75, 4–29

To Fight Poverty, We Need to Fight Homophobia and Transphobia
http://www.worldbank.org/en/news/feature/2016/05/17/to-fight-

poverty-we-need-to-fight-homophobia-and-transphobia [Accessed November 30th, 2017]

Tollefson, Kaia. “Straight Privilege: Unpacking the (Still) Invisible Knapsack.” Online Submission (2010).

Straight but narrow | The Economist, www.economist.com/node/21546002

Victorian sexualities the British Library www.bl.uk/.../articles/victorian-sexualities,)

United States Holocaust Memorial Museum Archived 19 January 2012[1] Johnson, David K. (2004). The Lavender Scare. Chicago University Press

The Stonewall riots in June 1969, www.theatlanticwww

(https://www.theguardian.com/books/2001/sep/16/fiction.)

(Oranges Are Not the Only Fruit: the Bible | Books - the Guardian www.theguardian.com).

“The life and loves of Shibden Hall's Anne Lister”, BBC News, BBC, 25 May 2010, retrieved 6 June 2010

The Color Purple by Alice Walker, www.goodreads.com/book/show/11486

Orlando: A Biography eBook by Virginia Woolf-Rakuten Kobowww.kobo.com/gb/en/ebook/orlando-a-biography

Middlesex by Jeffrey Eugenides | Books | The Guardian, www.theguardian.com

https://www.theguardian.com/books/2013/jul/05/rereading-maurice-e-m-forster

Moonlight Review | Movie - Empire, www.empireonline.com/movies/moonlight/review

[1] www.telegraph.co.uk/science/2016/03/15/homosexuality-may Also see homosexuality may be caused by chemical modifications to DNA www.sciencemag.org/news/2015/10/homosexuality -may-be

Lesbian, Gay, Bisexual and Transgender Rights in Iran, www.iglhrc.org/.../files/LGBTRightsInIran_0.pdf

What Makes People Gay? - The Boston Globe, www.boston.com

Gay people not 'born that way,' sexual orientation not fixed. www.rt.com/news/356848-study-sexual-orientation

Razavi Khorasan (Iran): Counties & Cities - Population Statistics in Maps and Charts". www.citypopulation.de.

http://www.wahegurunet.com/gay-sikh

The Global Divide on Homosexuality Greater Acceptance in More Secular and Affluent Countries, WWW;pewglobal org. See also The Global Divide on Homosexuality Greater Acceptance in More Secular and Affluent Countries, WWW;pewglobal org)

Zimbabwe's LGBT community: why civil rights and health issues go hand in hand. https://www.news24.com/Africa/Zimbabwe/zimbabwes-lgbt-community-why-civil-rights-and-health-issues-go-hand-in-hand-20180131-2. Accessed: Feb 26th, 2018

Uganda considers death sentence for gay sex in bill before parliament", Guardian, 29 November 2009.

Uganda's President says new anti-gay laws 'not necessary'- https://www.pinknews.co.uk/2015/09/16/ugandas-president-says-new-anti-gay-laws-not-necessary/: Accessed: Feb 26, 2018

Planet, Lonely. "Gay and Lesbian travel in Africa - Lonely Planet". Retrieved 13 July 2016

Nigeria's first conference to discuss LGBT issues is here ...nostringsng.com/nigeria-conference-lgbt-attend

NY Times, Chechnya's Persecuted Gays Find Refuge in Canada September 3 2017

Straight but Narrow, The Economist www.economist.com/node/21546002

Whitakar, Brian. Everything you need to know about being gay in Muslim countries. 2016 https://www.theguardian.com/world/2016/jun/21/gay-lgbt-muslim-countries-middle-east

Everything you need to know about being gay in Muslim ... www.theguardian.com › World › LGBT rights

(The Global Divide on Homosexuality Greater Acceptance in More Secular and Affluent Countries, WWW ;pewglobal org)

https://www.voanews.com/a/australia-weeks-away-from-legalizing-gay-marriage/4122352.html

(http://www.dailymail.co.uk/news/article-5079049/Marriage-equality-results-Australia-votes-Yes.html#ixzz4zSvWAYwu)

Australia legalizes same-sex marriage – CNN, www.cnn.com/2017/12/07/asia/australia-same-sex-marriage.

*The Global Divide on Homosexuality" (PDF). Pew Research Center. 4 June 2013. Retrieved 8 December 2014*

*John Bingham, Social Affairs Editor Revolution in attitudes to homosexuality is biggest change in www.telegraph.co.uk/news/politics/10297205/Revolution-in*

*http://www2.ohchr.org/english/bodies/hrcouncil/docs/19session/A.HRC.19.41_English.pdf*

*UN Human Rights Council, Report of the United Nations High Commissioner for Human Rights on Discriminatory laws and practices and acts of violence against individuals based on their sexual orientation and gender identity, 2011, UN Human Rights Council: Geneva*

*OHCHR, LGBT Speeches and statementswww.ohchr.org/.../Pages/LGBTSpeechesandstatements.aspx( United Nations Statement on LGBT discrimination - ohchr.org; www.ohchr.org/EN/Issues/Discrimination/Pages/LGBT.aspx*

*United Nationswww.un.org/en/sections/un-charter/un-charter-full-texthttp://www.un.org/en/universal-declaration-human-rights/*

*International Covenant on Civil and Political Rights http://www.ohchr.org/EN/ProfessionalInterest/Pages /CCPR.aspx*

A/HRC/RES/32/2 S) - A/HRC/RES/17/19 and A/HRC/RES/27/32

PEW Research Center. Gay Marriage around the World. http://www.pewforum.org/2017/08/08/gay-marriage-around-the-world-2013/ Accessed: October 1st, 2017.

State Sponsored Homophobia 2016: A world survey of sexual orientation laws: criminalisation, protection and recognition" (PDF). International Lesbian, Gay, Bisexual, Trans and Intersex Association. 17 May 2016. Retrieved 19 May 2016

Goaty's News UK, Cameroon police arrest man seized by anti-gay mob. Date: November 21st, 2012. Accessed: October 1st, 2017

Whitakar, Brian. Everything you need to know about being gay in Muslim countries. 2016 https://www.theguardian.com/world/2016/jun/21/gay-lgbt-

muslim-countries-middle-east

*2017 edition, State-Sponsored Homophobia report from ILGA, the International Lesbian, Gay, Bisexual, Trans and Intersex Association*

Everything you need to know about being gay in Muslim. www.theguardian.com World › LGBT rights

http://www.nytimes.com/1986/07/01/us/high-court-5-4-says-states-have-right-outlaw-private-homosexual-acts-division.html?pagewanted=all. Accessed November 9th, 2017

Ari Ezra Waldman A Legal Analysis of the Supreme Court's Historic. Towleroadwww.towleroad.com/2015/06/obergefell-v-hodges

Yoshimo, Kenji. "A New Birth of Freedom?: Obergefell v. Hodges." Harv. L. Rev. 129 (2015): 147.

https://www.christianitytoday.com/news/2017/december/supreme-court-masterpiece-cakeshop-christians-gay-weddings.html. Accessed December 22, 2017.

Colorado Court Rules Against Baker Who Refused to Serve Same www.nytimes.com/2015/08/14/us/colorado-courtBBC News | Education| Gay bullying in schools. http://news.bbc.co.uk/2/hi/uk_news/education/6239098.stm. Accessed December 22, 2017

BBC NEWS | Education | Gay bullying in schools common' news www.bbc.co.uk/1/hi

/education/6239098.stm Accessed Dec 22, 2017

*Homosexuality and Pedophila: The False Link | HuffPost www.huffingtonpost.com/joe-kort-phd/homosexuality*

Human Rights Watch. (2010). "We are a buried generation": Discrimination and violence against sexual minorities in Iran. Retrieved September 21, 2013, from http://www.hrw.org/reports/2010/12/15/we-are-buried-generation. Page 24

LGBT Bullying Statistics - NoBullying - Bullying nobullying.com/lgbt-bullying-statistics

Pedophilia Is No Longer Always A Mental Disorder, APA Sayswww.huffingtonpost.com/2013/11/01/dsm-pedophilia-menta

Cyber bullying hits LGBT youth especially hard - CNETwww.cnet.com/news/cyberbullying-hits-lgbt-youth.

Accessed November 9th, 2017

Bullying among lesbian, gay and bisexual young people in Englandwww.cls.ioe.ac.uk/shared/get

What Makes People Gay? - The Boston Globe, www.boston.com

Iranian's Queers & Laws: http://hir.harvard.edu/article/?a=9885 {Accessed April 12, 2018}

Why Hasn't the US Ratified the UN Women's Rights ... - SSRN, papers.ssrn.com/sol3/papers.cfm?abstract_id=1900265

The world's largest cities and urban areas in 2006". City Mayors. Accessed October 6, 2017.

Tools, Free Map. "Elevation Finder". www.freemaptools.com. Retrieved October 6, 2017

[1] The Tehran Bureue.vIntimate spaces: coming out in Iran. https://www.theguardian.com/world/iran-blog/2015/jun/11/iran-gay-coming-out-intimate-spaces. Accessed October 6, 2017

Iranian teenagers from the province of Khorasan who were publicly hanged - https://en.wikipedia.org/wiki/Mahmoud_Asgari_and_Ayaz_Marhoni

The National Organization for Civil Registrations, 2014. https://www.sabteahval.ir/Upload/Modules/Contents/asset99/salnameh93.pdf

Applying for Asylum - Immigration Equality.www.immigrationequality.org/applying-for-asylum

A Rare Glimpse Into Iran's Underground Gay Community. www.towleroad.com/2014/12/when-then-presidentmahmoud..

A Same-Sex Domestic Violence Epidemic Is Silent. The Atlantic www.theatlantic.com/health/archive/2013/11/a.

Culture of Iran - history, people, clothing, traditions. www.everyculture.com

Difference between Traditional and Modern Society, www.yourarticlelibrary.com › Society

Gay and Transgender People Face High Rates of Workplace Gay and Transgender People Face High Rates of Workplace. www.americanprogress.org/issues/lgbt/news/2011/

Gay Male Relationships are Inherently Unfaithful — Joseph ...www.josephnicolosi.com/an-open-secret-the-truth-about

Growing up gay in Iran. www.theguardian.com

Iran's Battle with STDs and Cultural Taboos _ Muftah muftah.org/irans-battle-with-stds-and-cultural...

HIV in Iran - The Lancet, www.thelancet.com/journals/lancet/article/PIIS0140-6736...

Iran's persecution of gay community revealed | World news. www.theguardian.com › World › Iran

How to Find Out If Your Kid Is A Pre-Homosexual / Queerty

www.queerty.com/how-to-find-out-if-your-kid-is-a.

Is your child a “prehomosexual”? Forecasting adult sexual ...blogs.scientificamerican.com/bering-in-mind/is.

Is Your Child Gay? : Article : Scientific American Mind, www.nature.com

Denied Identity: Human Rights Abuses Against Iran's LGBT www.iranhrdc.org/english/publications/reports/1000000398

LGBT British Asians turning to sham marriages over fears. www.independent.co.uk

Between Religion and Desire: Being Muslim and Gay in Indonesia, ww.sjsu.edu/.../courses/soci172/s0/10GayMuslim.pdf

Gay Men in Iran's Military Can Seek Exemption - Al-Monitor. www.al-monitor.com/pulse/originals/2013/08/

Growing up gay in Iran As told to a Tehran Bureau correspondent, Copyright © 2013 Tehran Bureau

We are everywhere: gay and lesbian Iranians come out on Facebook. https://www.theguardian.com/world/2011/sep/11/gay-iranians-facebook-defiance. Accessed December 12, 2017

Muslim attitudes about LGBT are complex, far from universally. www.usatoday.com/.../muslim-lgbt-gay-views/86046404

Islam and Homosexuality: What does the Koran say. www.haaretz.com/middle-east-news/1.724908

Puberty stages for boys and girls. www.emedicine.com

Being Lesbian and Trans in Iran | OutRightwww.outrightinternational.org/being-lesbian-and.

Negative Attitudes Slow Acceptance of Bisexuality, psychcentral.com/news/2016/11/01/negative

Sessions's claim that 'dirty immigration lawyers' encourage. www.washingtonpost.com/news/fact-checker/wp/2017/

Situation of human rights in the Islamic Republic of Iran: Report of the Secretary-General," UN General Assembly, Human Rights Council, A/HRC/28/26, (February 20, 2015), page 7, available at: p://www.ohchr.org/EN/HR, Bodies/HRC/RegularSessions/Session28/Documents/A_

HRC_28_26_ENG.doc

We don't have any gays in Iran,' Iranian president tells Ivy. www.dailymail.co.uk/news/article-483746/We-dont-gays.

The Difficulties of U.S. Asylum Claims Based on Sexual. www.migrationpolicy.org › Migration Information Source

http://www.aswatgroup.org/en. Accessed: October 16, 2017

Facing Mirrors: The Story of Eddie a Trans Man in Iran: https://mediadiversified.org/2014/03/04/facing-mirrors-trans-marriage-and-honour/ [Accessed December 20th, 2017]

Internationalist, New. "The World Guide: An alternative reference to the countries of our planet." (2001).

"Luxembourg Approves Gay Marriage," Huffington Post, June 19, 2014. Accessed: October 16, 2017, http://www.huffingtonpost.com/2014/06/19/luxembourg-gay-marriage-_n_5511360.html

"Finnish Parliament approves same-sex marriage," Yle, Nov. 28, 2014. Accessed: October 16, 2017, http://yle.fi/uutiset/finnish_parliament_approves_same-sex_marriage/7657759.

The Islamic State's shocking war on gays - The Washington Post. www.washingtonpost.com

In ISIS' Shadow, LGBT Kurds Take A Stand | HuffPost,

www.huffingtonpost.com/entry/in-isis-shadow-lgbt-kurds

Homosexuality and Islam | Rusi Jaspal - Academia.edu www.academia.edu/6868516/Homosexuality_and_Islam

https://www.al-monitor.com/pulse/originals/2016/09/ homosexuality-lgbt-iraq-iran-muqtada-sadr.html. Accessed: October 16, 2017

Problems Faced by LGBT People in the Mainstream Society: www.ijims.com/uploads/cae8049d138e24ed7f5azppd_597.pdf

"Scotland's same-sex marriage bill is passed," BBC, Feb. 4, 2014. Accessed: October 16, 2017, http://www.bbc.com/news/uk-scotland-scotland-politics-25960225.

https://www.amnestyusa.org/reports/flawed-reforms-irans-new-code-of-criminal-procedure/ [Accessed December 20th, 2017] Oslo Conference Report, supra n 6 at 20; cf. the Asian values debate, supra n 274

Transition, and Mine - The New York Times, www.nytimes.com/2017/10/18/opinion/ireland-gay

HRW, 2013. https://www.hrw.org/sites/default/files/wr2013_web.pdf. Accessed: October 16, 2017

https://www.hrw.org/news/2013/11/21/new-pope-new-hope-lgbt-activists

The sudden intensity of Indonesia's anti-gay onslaught. http://www.bbc.com/news/world-asia-35657114. [Accessed December 27th, 2017]

PEW Research-The Global Divide on Homosexuality-Greater Acceptance in More Secular and Affluent Countries. http://www.pewglobal.org/2013/06/04/the-global-divide-on-homosexuality/. Accessed: October 16, 2017

Wolf, Richard. "Supreme Court Will Consider Hearing Gay Marriage Cases." USA Today. Gannett, 29 Sept. 2014. Web. 03 Nov. 2014.

Countries That Allow Gay Marriage Around The World | Pew. www.pewforum.org/.../08/gay-marriage-around-the-world-2013

Australia legalizes same-sex marriage - CNN www.cnn.com/2017/12/07/asia/australia-same-sex-marriage

Rede Social de Justiça e Direitos Humanos

www.social.org.br/relatorio2004ingles/relatorio028.htm

www.nytimes.comct/..Gay in japan and no longer visible .October 16, 2017 business/japan-work-gay.html

https://www.hrw.org/news/2013/11/21/new-pope-new-hope-lgbt-activists

Homosexuality and Islam | Rusi Jaspal - Academia.edu